# ماف و ئازادییه سیاسییه‌كان

# له شه‌ریعه‌تی ئیسلامدا

# ماف و ئازادییە سیاسییەکان
# لە شەریعەتی ئیسلامدا

نووسینی: ڕەحیل محەمەد غەراییە
وەرگێڕانی: تۆفیق کەریم

# ماف و ئازادییە سیاسییەکان
# لە شەریعەتی ئیسلامدا

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨٤)

- نووسینی: ڕەحیل محەمەد غەرایبە
- وەرگێڕانی: تۆفیق کەریم
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٧٩٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەڕۆک


پێشەکی وەرگێڕ.......................................................................................١١٠
پێشەکی................................................................................................١٣

**دەروازەی بەرایی چەمکەکانی: ماف، ئازادیی ڕەگەزنامە، هاولاتیبوون ٢١**

**بەشی یەکەم : مانای ماف و ئازادی ....................................................... ٢٣**

باسی یەکەم : مانای ماف.........................................................................٢٥
باسی دووهەم: مانا و ناوەڕۆکی ئازادی.........................................................٣٤
باسی سێهەم: جیاوازیی نێوان ماف و ئازادی..................................................٤٥
باسی چوارەم: پەیوەندیی نێوان ماف و ئەرکەکان...........................................٤٩
باسی پێنجەم: پۆلێنکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان.......................................٥٤
باسی شەشەم: مافە سیاسییەکان................................................................٥٦

**بەشی دووەم : ڕەگەزنامە و هاوولاتیبوون وکاریگەرییان لەسەر مافە سیاسییەکان.......٦٣**

باسی یەکەم: ڕەگەزنامە ..........................................................................٦٥
باسی دووهەم: نشینگە (الموطن):................................................................٨٥

**دەروازەی یەکەم : مافە سیاسییەکان لە نێوان شەریعەت و یاسادا ٨٩**

**بەشی یەکەم : مافی خۆپالاوتن...............................................................٩١**

باسی یەکەم: خۆپالاوتن لە زمان و زاراوەدا ...................................................٩٣
باسی دووهەم: مافی خۆپالاوتن لە شەریعەتی ئیسلامدا.....................................٩٥
باسی سێهەم : مەرجەکانی پالێوراو...............................................................١٠٣
باسی چوارەم: پالاوتنی ئافرەت بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنەکانی یاسادانان و..............١٤٥
باسی پێنجەم: پالاوتنی ئەستۆبەندان (الذمي) بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی ڕاوێژ..........١٦٨
باسی شەشەم: چۆنێتیی خۆپالاوتن..............................................................١٨٥

**بەشی دووهەم: مافی هەڵبژاردن ..................................................................٢٠٢**
باسی یەکەم: مانای هەڵبژداردن ..................................................................٢٠٤
باسی دووەم: گونجاندنی یاسایی بۆ هەڵبژاردن.........................................................٢٠٦
باسی سێهەم: بنەمای هەڵبژاردن لە شەریعەتی ئیسلامدا .............................................٢١١
باسی چوارەم: دەستەی هەڵبژاردن.................................................................٢٤٥

**بەشی سێهەم: مافی پێکهێنانی حزب و مافی ئۆپۆزسیۆنبوون................................. ٢٧١**
باسی یەکەم : پێکهێنانی حزبی سیاسی ...........................................................٢٧٣
باسی دووهەم: مافی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ........................................................... ٣١٨

**بەشی چوارەم: مافی ڕاوێژپێکردن (الشوری)........................................................٣٣١**
باسی یەکەم: مانای ڕاوێژپێکردن.................................................................٣٣١
باسی دووهەم: حوکم و بە بەڵگەبوونی ڕاوێژ...................................................... ٣٣٥
باسی سێهەم: ڕاوێژ مافی گەلە ..................................................................٣٤٠
باسی چوارەم: بوارەکانی ڕاوێژی ئەو چوارچێوەیەی کە یەکدەنگی لەسەرە .............٣٥٠
باسی پێنجەم: ئەنجامی ڕاوێژ و پابەندبوون بە ڕای زۆرینەوە .................................. ٣٥٩

**بەشی پێنجەم: ئازادی ڕا..........................................................................٣٧٩**
باسی یەکەم: مانای ئازادی ڕا.................................................................... ٣٨١
باسی دووهەم: بنەما شەرعیەکانی ئازادیی ڕا لەئیسلامدا ...................................٣٨٤
باسی سێهەم: ناموسڵمان و ئازادیی ڕادەربڕین لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ....................٤٠١
باسی چوارەم: هەڵگەڕاوە و ئازادیی ڕادەربڕین......................................................٤٠٨
باسی پێنجەم: ئامڕازەکانی دەربڕینی ڕای ئازاد ................................................. ٤١٤
باسی شەشەم: مەرج و دیسپلینی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئیسلامدا.................................٤٢١

**بەشی شەشەم: مافی گەل لە چاودێریکردن و ڕاستکردنەوە و لادانی دەسەڵاتداردا.......٤٣٣**

باسی یەکەم: مافی میللەت لە چاودێریکردن و لێپرسینەوەی دەسەڵاتداردا ................٤٣٥

باسی دووهەم: مافی میللەت لە لادانی سەرۆکی دەوڵەت..........................................٤٥٣

## دەروازەی دووەم گرەنتی ماف و ئازادییە سیاسییەکان

### لە سیستەمی سیاسی ئیسلامی و سیستەمە هاوچەرخەکاندا ٤٧١

بەشی یەکەم: چاودێری خودی، ڕێگری ئایینی و بیروباوەڕی ........................................ ٤٧٣

بەشی دووهەم: گرەنتی دەستووری........................................................................... ٤٨٣

باسی یەکەم: چاودێری دەستووری .......................................................................... ٤٨٥

باسی دووهەم: چاودێری ڕەوایەتی (المشروعية) ......................................................... ٥١٠

**بەشی سێهەم: گرەنتی دادوەری و پەیوەستەکانی ..................................................٥١٩**

باسی یەکەم: سەربەخۆیی دادوەری و گرنتییەکانی........................................................ ٥٢٢

باسی دووهەم: سیستەمی دادوەری لە شەریعەتدا و ڕۆڵی لە پاراستنی مافەکاندا ........٥٣٧

باسی سێهەم: ڕۆڵی دادوەریی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان لە یاسادا ...................٥٤٦

باسی چوارەم: ڕۆڵی دادوەری لە پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان لە ئیسلامدا ٥٤٩

**بەشی چوارەم: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان...........................................................٥٥٤**

باسی یەکەم: پەیدابوونی دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانیان ............................................ ٥٥٦

باسی دووهەم: پەیدابوونی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ... ........................٥٦٥

باسی سێهەم: بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی حوکمڕانیدا .............٥٧٠

باسی چوارەم: بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە بیری ئیسلامیدا .....................٥٨٠

**بەشی پێنجەم: ڕای گشتی ..........588**
پێشدەستی: ..........588
باسی یەکەم: پێناسەی ڕای گشتی..........591
باسی دووهەم: جۆرەکانی چاودێری ڕای گشتی ..........593
باسی سێهەم: ڕای گشتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا و ڕۆڵی لە چاودێریکردندا..........601

کۆتایی..........607
سەرچاوەکان ..........614

## به ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

**سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان.**

**درووود و سڵاویش بۆ سەر پێغەمبەری ئازیزمان.**

﴿وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾ **(طه : ١١٤).**

﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ **(العلق).**

﴿وَاللَّهُ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ **(النحل:٧٨).**

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەم کتێبە تێزی دکتۆراکەی نووسەر (دکتۆر رەحیل غەرایبە)یە، کەواتە بە نووسینێکی زانستی و ئەکادیمی ئەژمار دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش کە خوێنەر دەچێتە ناو کتێبەکەوە و سەرنجی بابەتەکان و چۆنێتی توێژینەوەکە دەدات، ئەوجا دەزانێت نووسەر چ ئاستێکی بەرزی زانستی و فیکریی هەیە، چەندە خۆی ماندوو کردووە و شەونخوونیی کێشاوە تا ئەم توێژینەوە ناوازەیەی بەرهەم هێناوە. بە خوێندنەوەی من، نووسەر لە دوو ڕووەوە هەنگاوەکانی سەرکەوتوو بووە:

یەکەم: پابەندبوون و بەڵگەهێنانەوە بە دەقە شەرعییەکان، لە یەکەم بەشی کتێبەکەوە تا کۆتایی، ئەم پابەندبوونەشی ڕێگر نەبووە لەوەی هەڵوێستە لەسەر کۆمەڵە بابەتێکی فیقهی بکات و گفتوگۆی چڕیان تێدا بکات.

دووهەم: کۆمەڵێك بابەتی نوێی وروژاندووە لە زۆر لە بەشەکاندا کە بەپێی شارەزایی من بەر لە نووسەر خەڵکی دیکە کەمتر بەلایاندا ڕۆیشتوون و باسیان کردووە، لە نموونەی مەرجی ڕەگەزنامە لە مەرجەکانی هاووڵاتیبوون، ڕای گشتی وەك گرەنتییەکی پاراستنی ماف و ئازادییەکان...

بەدڵنیاییەوە خاڵی بەهێزی دیکەی زۆر لەخۆ گرتووە، کە لە کاتی خوێندنەوەی توێژینەوەکەدا، خوێنەر پێیان دەگات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت نووسەر دەیتوانی هەندێك خاڵ تێپەڕێنێت و هێندە تیایاندا خۆپارێز نەبێت، بەڵام ڕەچاوکردنی زیاد لە پێویستی بۆ قسەی زانایان و کتێبە فیقهییە کۆنەکان، کارێکیان پێ کردووە نەتوانێت یان نەیویستبێت ئەم هەنگاوە هەڵنێت و تێیانپەڕێنێت، ئەم بابەتە لە باسی کاربەدەستێتیی ئافرەت و ناموسڵماندا بەزەقی دیارن، یان لە مەسەلەی هەڵگەڕاوەکاندا، کە دەبینین هەندێك

جار مامەڵەی لەگەڵ فەتوایەکدا کە بەتەواوی ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە بووە، کە فەتواکەی تێدا دراوە، نووسەر وەك دەقێك دەستی بۆ بردووە و بەکاری هێناوە. ئەم زیادە ڕەچاوکردنە کاریگەرییشی جێ هێشتووە لەسەر ئەندازەی ڕاشکاوی و بوێریی توێژەر لە چارەسەرکردنی بابەتە کێشەلەسەرەکان.

خاڵێکی دیکە کە سەرنجڕاکێشە، توێژەر لەسەر هەندێك بابەت زیاد لە پێویست هەڵوێستەی کردووە و تیایدا ڕۆ چووە، ڕەنگە پێویستی بە دوو بەڵگە بێت، بەڵام توێژەر چواری بۆ هێناوەتەوە، بەتایبەت لە نەقڵکردنی قسەی زانایاندا، ئەمەش قەبارەی کتێبەکەی گەورەتر کردووە، پاڵ دەنێت بە خوێنەرەوە بەشێك لە هێنانەوەی ئەو ڕاوبۆچوونانە بە زیاد بزانێت. دڵنیام نووسەر بۆ ئەم دوو خاڵە کە لای من بە لاواز ئەژمار دەکرێن، ئەو وەڵامی خۆی هەیە. هەرچۆنێك بێت، ئەم توێژینەوەیە چارەسەری زۆر گرنگی دەستنیشان کردووە بۆ بابەتێکی هەنووکەیی کە ماف و ئازادییە سیاسییەکانە، نەمبینیوە کەسی تر بەم شێوە زانستی و تێروتەسەلە ئەو بابەتەی شەنوکەو کردبێت.

بەتایبەت نووسین لەو بارەوە بە زمانی کوردی زۆر دەگمەنە، ئومێدەوارم وەرگێڕانەکەی پڕکردنەوەی کەلێنێك بێت و مەڵۆیەك بخاتە سەر خەرمانی هزر و ڕۆشنبیریی کوردی.

وەرگێڕ

٢٠١٩/١٠/١

# پێشەکی

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بانگەوازی ئیسلامەوە، بایەخدان بە ئازادکردنی مرۆڤ و ڕێزگرتنی ویست و پاراستنی کەرامەتی، پێشێلنەکردنی مافەکانی زۆر ڕوون و ئاشکرا دیار بووە، ئەمەش بە کۆمەڵە بنەما و ڕێسایەکی نەگۆڕ، کە تا ڕۆژی دوایی دەستکاری ناکرێن، داڕێژراوە، خودا دەفەرمویت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾.[1] واتە: "بە هیچ جۆریك زۆرلێكردن لە دیندا نییە (بۆ هاتنە ناو ئیسلام)، چونکە بەڕاستی لە یەك جیا بۆتەوە: ڕێنموونی و شارەزایی لە گومڕایی و سەرلێشێواوی". هاوارە مێژووییەکەی عومەریش: (کەنگێ خەڵکتان بە کۆیلە کردووە، کە ئەوان بە ئازادیی لەدایکبوون)، ڕاگەیاندنی هێڵێکی دەستووریی ڕەسەنە لە بواری ئازادی و مافەکانی مرۆڤدا، بۆیە دروشمی جیهادکردنیش بەڕوونی ئەم مەبەستەی دەگرتەوە، کە ڕەبعی کوڕی عامر یەکێك لە جەنگاوەرانی سوپای ئیسلامی بۆ فەتحکردنی وڵاتی فارس، جوانی دەربڕی، کاتێك ڕۆستەمی سەرکردەی فارسەکان لە هۆکاری هاتنیانی پرسی، بەپوختی وتی: "هاتووین تا ئەوانەی دەیانەوێت، لە بەندایەتیکردنی بەندەوە ڕزگاریان بکەین بۆ بەندایەتیکردنی خودای پەروەردگار، لە ستەمی ئایینەکانەوە بۆ دادگەریی ئیسلام، لە تەسکی و بچووکیی دنیاوە بۆ بەرینیی دنیا و قیامەت"، کەواتە جیهاد لە پێناوی پچڕاندنی کۆت و بەند و زۆرکاریدایە، کە دەبنە لەمپەری ڕێگای بژاردەی ویستی مرۆڤ.

جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەتەنها دەستەوسانە لە دەستخستنی هەموو پێویستییەکانی بژێویدا، بۆیە بە سرووشتیان کۆمەڵایەتین و بە کۆمەڵبوون نەبێت

---

[1] البقرة: ٢٥٦.

ژیان ناکەن، ئەم کۆمەڵبوونەش هەبوونی دەسەڵاتێك دەخوازێت کاروباریان ڕێك بخات، مافەکانیان بپارێزێت، ڕێگری لە دەستدرێژی بکات، یاسا جێبەجێ بکات، ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ پەیدابوونی دوو تاقم، دەسەڵاتدار و بەردەست، کە پێویست بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان دەکات، تا هەردوو لا ماف و ئەرکەکانیان بزانن، ئا ئەمەش بابەتی ماف و ئازادییە سیاسییەکانە، کە پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات بە شێوەیەکی بەردەوام، تا چارەسەر دابنرێت بۆ بابەتە نوێیەکان کە لەم ڕووەوە سەر هەڵدەدەن.

دەکرێت پاساوەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

* ترسناکیی بابەتی ماف و ئازادییە سیاسییەکان و کاریگەرییە گەورەکانی لە ژیانی هاووڵاتی و پەیوەندییەکانی لە بوارەکانی ژیاندا، وەك: ئاسایش، ئابووری، کۆمەڵایەتی و جگە لەوانەیش، ئەمڕۆ بابەتی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بەتایبەت بوارە سیاسییەکەی بووەتە پێوەری پێشکەوتوویی و گەشەسەندوویی دەستوور و توانای هاوڕاییکردنی بارودۆخە نوێیەکان و وەڵامدانەوەی پێویستییە گۆڕاوە مرۆییەکان، هەروەها ڕۆڵی کاریگەریشی لە بەدیهێنانی ئارامیی سیاسیی دەوڵەتان و سیستەمەکانی دەسەڵاتدا هەیە.

* بابەتی مافی گەل لە پێکهێنانی دەسەڵاتی حوکمڕانی و ڕۆڵی لە دەستنیشانکردنی ئەوانەی نوێنەرایەتی دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار، بووەتە سەرەکیترین داخوازیی گەلان، ئەم بابەتە لەمڕۆدا بووە بە دروشمی شۆڕش و خەباتی گەلان لە پێناو ئازادبوونیان لە دەسەڵاتە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان، دەیەوێت سنوورێك بۆ دزینی دەسەڵات و چەوساندنەوەی گەلان دابنێت و کۆتایی ململانێی چوونەسەردەسەڵات بە ڕێگای خوێنڕێژی و شەڕی ناوخۆیی بهێنێت، هەموو ئەمانەش پێویستی دەکەن بابەتەکە لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە کە ڕێککەوتنی گشتیی لەسەر بکرێت ببڕێتەوە.

هەروەها بابەتی حیزبە سیاسییەکان، مافی جەماوەرکۆکردنەوە و ئازادیی ڕادەربڕین بووەتە پایەیەکی سەرەکیی حوکمڕانیی سیاسیی هاوچەرخ و پێکهێنانی حیزبەکانیش بووەتە گرنتییەکی بەهێزی پاراستنی ماف و ئازادیی هاووڵاتیان، بە هەمان شێوە چوارچێوەیەکی کردارییشن بۆ ڕێکخستنی توانا و وزەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگە بەگشتی.

هاوڕا لەگەڵ بوونی حیزبدا ئۆپۆزسیۆنی سیاسییش سەری هەڵداوە، کە ڕۆڵی چاودێریی میللی ڕێکخراو دەبینێت بەسەر دەسەڵاتدار و حوکمڕانانەوە، لە پێناوی باشکردنی کار و گەشەپێدانی ئامرازەکان بە شێوەیەك زۆرترین بەرژەوەندی بەدی بهێنرێت. هەموو ئەمانە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی حوکمی شەرعییە لەسەریان، کە ئایا دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامی ئەم ئەزموونە نوێیانەی قبووڵە؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن لە سیاسەتی دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامیدا بوونی هەیە؟

ـ کەمیی کتێب و نووسینی زانستی و توێژینەوەی تایبەتمەند، کە تێڕوانینی ئیسلام لەم بارەوە دەربخات، ئەم کەمبوونە ڕێگرە لەبەردەم تێڕوانینێکی گشتیی تێروتەسەل لەسەر بابەتی مافە سیاسییەکان، ئەمەش پێویست دەکات هەوڵ و وزەی پێویست بخرێتە گەڕ لە پێناو داڕشتنی بیردۆزەیەکی ئیسلامیی هاوچەرخ، کە لەسەر بناغە و بنەما و پایە گشتییەکانی شەریعەت داڕێژرا بێت و بۆ هەموو کات و شوێنێك گونجاوی جێبەجێکردن بێت.

**دەکرێت گرفتەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەدا پوخت بکەینەوە:**

ـ ئایا بیردۆزەیەکی ئیسلامیی تێر و تەواو هەیە، کە لە دیدگایەکی فیقهیی ڕەسەنەوە چارەسەری بابەتی ماف و ئازادییە سیاسییەکانی کردبێت بە ڕەچاوکردنی گیان و پەرەسەندنەکانی ئەم سەردەمە؟

ـ ئایا گرەنتیی کرداری هەیە کە بتوانێت ماف و ئازادییە سیاسییەکان بپارێزێت، بە شێوەیەك ئەم ماف و ئازادییانە تەنها بە دروشمی و بیردۆزی نەمێننەوە؟

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ڕۆشنکردنەوەی بیروڕای ئیسلامە لەم بارەوە، لەپێناو بەشداریکردن لە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات و ئەو ماف و ئەرکانەش چییە دەکەونە سەر هەردوو لا، بەم شێوەیە:

أ- شێوازی ڕێگەپێدراوی شەرعیی دەسەڵاتگرتنەدەست و ڕۆڵی گەل لەم بوارەدا و مافی لە دەستنیشانکردنی دەسەڵاتدار و لێپێچینەوەیدا.

ب - ڕۆڵی هاووڵاتی لە بەشداربوونی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، لە ڕێگای بەکارهێنانی مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و ڕاوێژ و ڕادەربڕینەوە.

ج - بابەتی پێکهێنانی حزبی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا و ڕۆڵیان لە دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامیدا، ڕوونکردنەوەی ئەو دیسپلین و مەرجە شەرعییانە لەسەر کار و چالاکییان هاتوون، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی پەیوەستدار بە بوونی حزبی سیاسییەوە لە ڕووە دەستوورییەکەیەوە.

د- ڕۆڵی سیاسیی ئافرەتان لە شەریعەتی ئیسلامدا، ڕۆڵیان لە بەشداریکردن لە هەموو کاروبارە سیاسییەکان و وەرگرتنی پۆستە باڵاکان و مافیان لە خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و ڕاوێژپێکردن و لێپرسینەوە و هەڵسەنگاندنی بەرپرساندا.

هـ - مافەکانی هاووڵاتیی ناموسڵمان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، حوکمی شەرعی لە بەشداریکردنیان لە خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و ڕاوێژ و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لێپرسینەوەی دەسەڵاتدار.

و- ڕوونکردنەوەی ئەو گرنتییە گشتییانەی کە ماف و ئازادی بە سیاسییەکان و هاووڵاتیان دەپارێزن، لە چوارچێوەی بنەما شەرعی و مەبەستە گشتییەکاندا.

## ڕێبازی توێژینەوە:

دەکرێت ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا گیراوەتە بەر، بەگشتی بخرێتە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت ڕێبازی مێژوویی دیکۆمێنتکراو و تێڕامان، هاوڕێ لەگەڵ شیکاری و ئەنجامگیری بە پشتبەستن بە بەڵگەی ڕاست و درووست، بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

ـ گەڕان بەدوای وردەکاری و بەشەکییەکانی بابەتەکە لە سەرچاوە سەرەکی و ڕەسەنەکانەوە، کە لە قورئانی پیرۆزەوە دەست پێکراوە و پاشان فەرموودە درووستەکان لە کتێبە متمانەپێکراوەکان، ئەوجا کتێبە فیقهییەکان کە جێگەی بڕوان لە مەزهەبە دیارەکاندا، پاش ئەمان کتێبەکانی مێژوو و ژیاننامەکان، کاتێکیش گەیشتووینەتە باسی (ئیمامەت) و ئەو جیاوازییانەی کە لەسەری دەورووژێنرێت، پشت بە کتێبەکانی زانایانی لۆژیك (کلام) بەستراوە.

وەستان لەسەر مانای ڕاستەقینەی زاراوەکان لەم بابەتەدا لە هەردوو ڕووی زمانەوانی و زاراوەی شەرعی و یاساییەوە، ناوەڕۆکیشیان شی کراوەتەوە، تا جەوهەر و مەبەستەکەیان دەرکەون.

ــ توێژینەوە لە نووسینەکانی شارەزایانی یاسای دەستووری و نووسەر و سیاسییەکان لەم بابەتەدا، بۆ بەراوردکردنیان و پشتپێبەستنیان لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئەزموونە نوێیەکانی بواری ماف و ئازادییە سیاسییەکان.

ـ ئاگاداربوون لە بەرهەمە نوێگەرییەکان لەم بوارەدا، سوودوەرگرتن لە بۆچوون و وتووێژەکانیان لەژێر تیشکی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان و پشتبەستن بە بەڵگە، کە سوودیش لە ئاماژەکانیان بۆ سەرچاوە کۆنەکان کراوە.

ـ گفتوگۆی بۆچوونە لەیەکجیاکان لە بابەتە ئیجتیهادییەکان لەم بابەتەدا کراوە، سەرنجی بەڵگەی هەر لایەك دراوە و گفتوگۆی کراوە، پاشانیش هەوڵی ڕاساندنی

نێوانیـان دراوە، بـۆ گەیشـتنە ڕایـەك کـە زیـاتر گونجـاو بێـت لەگـەڵ بەڵگـەکان و زیاتریش ڕەچاوی ئەم دۆخ و سەردەمەی کردبێت.

- پشتبەستن بە بنەما یەکلاکەرەوە و گشتییەکان، کە کۆکبوونیـان لەسـەرە لـە ڕاساندندا، کاتی درووستبوونی جیاوازییـەکی ڕواڵـەتی لای ئەوانـەی لـەم بابەتـەیان کۆڵیوەتەوە، هـەوڵی لێکدانـەوەی ئـەو دەقانـە دراوە کـە پێچـەوانەی یـەکترن، بـە شێوەیەك لەگەڵ بنەما گشتی و هەمەکییەکاندا بگونجێـت، ئەمـەش لەسـەر ڕێبـازی ئیمامی شافیعی.

- پشتبەستن بە بنەمای بەرژەوەنـدی لـە بـەهێزکردنی مەسـەلە نوێیەکانـدا، کـە دەقی شەرعیی ڕوونیان لەسەر نییە و زانایانی کۆنیش هیچیان لەسەر نەوتووە.

- سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سیاسیی نوێ لە تەواوکردنی خاڵە سەرەکییەکانی بیردۆزەی ئیسلامی هاوچـەرخ بـۆ چارسـەرکردنی بابەتـە نوێیـەکان، ئەگـەر لەگـەڵ شەریعەت و مەبەستەکانیدا گونجان و تێکنەگیران، حیکمەتیش ونبـووی بـاوەڕدارە لە هەرکوێ دۆزییەوە ئەو لە هەمووکەس لەپێشترە بۆی.

ئەم توێژینەوەیەشم کرد بە دوو دەروازەی سەرەکی و بە دەروازەی پێشدەستی دەستم پێکرد.

**دەروازەی پێشدەستی:**

تیایـدا لـە مانـای مـاف و ئـازادی و جیـاوازیی نێوانیـان کۆڵیومەتـەوە، پاشـان پەیوەندیی نێوان ماف و ئەرکم شی کردووەتـەوە، بـە هـەمان شـێوەش بـۆ بابـەتی ڕەگەزنامە و نیشتمان و پەیوەندییان بە مافە سیاسییەکانەوە.

**دەروازەی یەکەم:**

بە ناونیشانی ماف و ئازادییە سیاسییەکان لە شەریعەتی ئیسلام و یاسادا.

کە شەش بەش لەخۆ دەگرێت:

- مافی خۆپاڵاوتن.

- مافی هەڵبژاردن.

- پێکهێنانی حیزب و مافی ئۆپۆزسیۆنبوون.

- مافی ڕاوێژپێکردن.

- مافی ڕادەربڕین.

- چاودێریی دەسەڵاتدار و لێپێچینەوە و هەڵسەنگاندن و لادانی.

**دەروازەی دووهەم:**

بە ناونیشانی: گرەنتییەکانی ماف و ئازادییە سیاسییەکان لە شەریعەتی ئیسلامی و سیستەمە هاوچەرخەکاندا، کە ئەم بەشانە لەخۆ دەگرێت:

- گرەنتیی بیروباوەڕی.

- گرەنتیی دەستووری.

- گرەنتیی دادوەری

- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

- ڕای گشتی.

کۆتایی: کە بەکورتی گرنگترین دەرئەنجامەکانم پوخت کردووەتەوە کەمێك زیاتریش درێژەم بەو بابەتانە داوە، کە نووسەر و زانایان بایەخیان پێ نەداوە، وەك: مافی خۆپالاوتن، تا ببێتە ژێدەر و بناغەی مافەکانی دیکە لە ڕووی هەندێك مەرج و مافی هەڵبژاردنەوە، پاشان لەسەر حیزبی سیاسی و پێکهێنانی حیزب وەستاوم، لە بابەتی ڕاوێژدا زیاتر لە ڕۆڵی زۆرینە و کاریگەری لەسەر پابەندکردنی دەسەڵاتدار وەستاوم، ڕەنگە مافەکانی دیکە نووسەران بە تێروتەسەلی باسیان کردبێت، بۆیە درێژەم پێ نەداون، چەندەی لە تواناشمدا بووە هەوڵم داوە ئەم بابەتە وەها تەواو بکەم کە ئەو مەبەستە بپێکێت کە بۆی نووسراوە، دانیشی پێدا دەنێم کە هەڵە و کەموکورتیی تێدایە و پێویستی بە ڕەخنە و ئاڕاستەکردنە، بەڵام هەوڵم داوە ئەو هەڵانە کەم بکەمەوە و سوودم لە ئامۆژگارییەکانی مامۆستای

سەرپەرشتیارم دکتۆر مەحموود سەرتاوی ببینم، کە بە خاکەرایی و چاکەی خۆی هەوڵ و کاری زۆری لەگەڵم کرد و جێگەی سوپاس و ستاییش و منەتبارییە.

هەروەها بەتایبەتی سوپاسی ئەو مامۆستایانەم دەکەم کە کاریگەریی ڕوونیان لەسەر دەرچوونی یەکەم گرووپی قوتابیانی دکتۆرادا هەبوو لە کۆلێژمان، لەوانە: دکتۆر موستەفا زەرخا، دکتۆر فەتحی درینی، دکتۆر محەمەد زوحێلی و سەرجەم مامۆستا بەڕێزەکانی دەستەی وانەوتنەوە لە بەشی فیقهو ئوسولّدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا قوتابییان بووین، د. محەمەد نەعیم یاسین، دکتۆر عەلی سوا.

لە پەروەردگار دەپاڕێمەوە بمانکاتە بەندەی ڕاساڵ و سەربازە کاراکانی، هێزی سوپاسگوزاریمان پێ ببەخشێت لەسەر ئەو هەموو فەزڵەی هەیەتی بەسەرمانەوە، بیشمانخاتە سەر ڕاستەڕێ و ڕێبازپاکیمان پێ ببەخشێت.

# دەروازەی بەرایی

## چەمکەکانی: ماف، ئازادیی

## ڕەگەزنامە، هاوڵاتیبوون

# بەشی یەکەم
# مانای ماف و ئازادی

# باسی یەکەم
# مانای ماف

## بەندی یەکەم: ما ف لە زماندا

ماف (الحق) پێچەوانەی بەتاڵە، لە زمانی عەرەبیدا (الحقوق) کۆیەکەیەتی، کە بە مانای چەسپاو و واجببوون دێت، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾[1] واتە: واجب بوو، چەسپاو بوو.

(الحق): یەکێکە لە ناوە جوانەکانی پەروەردگار و دەشوترێت سیفەتێتی، واتە: لەڕاستیدا و بەدڵنیاییەوە بوون و خودایەتی هەیە و حەقە.[2]

جورجانی دەڵێت: وشەی (الحق) لە زماندا: ئەو چەسپاوەیە کە ناکرێت نکوڵیی لێ بکرێت، بۆ ڕاستگۆیی و ڕاستەقینەش بەکار دەهێنرێت، (الحقیقە) شتێکی جێگیرە بەبێ دوودڵی و گومانلێکردن، هەروەها ناوی شتێکی دامەزراوە لەجێی خۆیدا.[3]

---

[1] الزمر: ٧١.

[2] ابن منظور، لسان العرب، ج١، ص٦٨، مادة حقق.

[3] الجرجاني، التعريفات، ص١١٢.

## بەندی دووهەم: ماف بە مانای زاراوە یاساییەکەی

یاساناسان لە پێناسەکردنی مافدا چەند ئاڕاستەیەکن و ئەم بابەت لەو باسانەیە کە زۆرترین قسەی لەسەر کراوە، (نامەوێت جیاوازییەکان بسڕمەوە)، بەڵام بەپوختی گرنگترین ئەو ئاڕاستانە دەخەمە ڕوو:

### ئاڕاستەی کەسێتی (بیردۆزەی ویست):

ئەم ئاڕاستەیە پێناسەی ماف لە سۆنگەی سەیرکردنی خاوەن مافەکەوە دەکات، "shavigny": (ماف توانا یان دەسەڵاتی ویستە).[1]

واتە: چوارچێوەیەکە "ویستی سەربەخۆ" سەروەری هەموو ویستەکانی دیکەیە، چوارچێوەکەش یاسا دیاری دەکات، ئەم ئاڕاستەیە بەم پێناسەکردنە پەیوەستبوونێکی بەهێزی هەیە بە ڕێبازی تاکگەراییەوە و ئەو لقوپۆپانەش کە لێی دەکەنەوە، لە بنەمای دەسەڵاتی ئیرادە، ئەو ویست و ئیرادەیەی کە خاوەنداریی پێکهێنانی مافەکانە و هەروەها خاوەنداریی گۆڕینی و کۆتاییپێهێنانیشیانە.

### ئاڕاستەی بابەتی (بیردۆزەی بەرژەوەندی):

ئەم ئاڕاستەیە لە پێناسەی مافدا سەیری بابەتەکە و مەبەستەکەی دەکات، "ئیرینج" (Ihering)ی ئەڵمانی پێناسەی ماف بەوە دەکات: بەرژەوەندییەکە کە یاسا دەیپارێزێت،[2] کەواتە مافەکان هۆیەکن بۆ گرەنتی، بەرژەوەندییەکانی ژیان و هاوکاریی پێویستی و بەدیهاتنی ئامانجەکانیان.

---

[1] محمد شكري سرور، النظرية العامة للحق، ص١٦. حسن كيرة، المدخل إلى القانون، ص٤١١. عبد الناصر العطار، مدخل لدراسة القانون، ص٣٥٩. عبد المنعم البدراوي، المدخل للعلوم القانونية، ص٤٤٠.

[2] حسن كيرة، المدخل إلى القانون، ص٤١٣. عبدالحي حجازي، الحق، ج٢، ص٨٢.

به بۆچوونی ئەمان ئەو بەرژەوەندییانە ناوەڕۆکی ماف دەگەیەنێت، چ ئەو بەرژەوەندییانە مادی بن، یان مەعنەوی، بە زیادکردنی ڕەگەزێکی دیکە لە پارێزگاریی یاسایی، کە شەرعیەت بەم بەرژەوەندییە دەبەخشێت و ڕێگای بەدیهاتن و ڕێزلێگرتنی ئاسان دەکات، لە ڕێگای ئەوەی پێی دەوترێت (داوا) (الدعوی)، جیاکردنەوەی نێوان بوونی ماف و بەکارهێنانی مافیش هەر دەدرێتە پاڵ (ئیرینج).

## ئاڕاستەی تێکەڵکردن (یەکخستنی بیردۆزی ویست و بیردۆزی بەرژەوەندی):

ئەم ئاڕاستەیە ڕەگەزی بەرژەوەندی و ویست کۆ دەکاتەوە، بەم شێوەیە (سالی)ی زانا پێناسەی دەکات: دەسەڵاتێکی بابەتییە لە خزمەتی ئەو بەرژەوەندییانەی سرووشتێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئیرادەیەکی سەربەخۆ پیادەی دەکات.[1]

پێناسەش دەکرێت کە: توانایەکی ویستە، یاسا دانی پێدا دەنێت و دەیپارێزێت، جێگاکەی لە سامانێك یان لە بەرژەوەندییەکدا دەبینین،[2] بۆیە پێشی دەوترێت تێکەڵکردن، چونکە هەوڵ دەدات هەردوو ڕێبازەکەی پێشوو پێکەوە کۆ بکاتەوە.

ئەم تێبینییانە لەسەر ئەم پێناسانە هەیە:

یەکەم: پێناسەی ماف بە توانا، جیاوازیی لە نێوان ماف و خاوەن مافدا نەکردووە، هەروەها ئێمە دەزانین هەندێك ماف هەن بۆ کەسانی ناتوانا و بێویست دادەمەزرێن، وەك شێت و منداڵ و نائامادە،[3] دەشگونجێت ماف بسەلمێنرێت بۆ

---

[1] حسن كيرة، المدخل إلى القانون، ص٤١٦. عبد المنعم البداراوي، المدخل للعلوم القانونية، ص٤٤٤.

[2] عبد المنعم البداراوي، المدخل للعلوم القانونية، ص٤٤٤.

[3] شكري سرور، النظرية العامة للحق، ص٣٣. عبدالحي حجازي، المدخل لدراسة العلوم القانونية، ج٢، ص٧٢.

خاوەنێك بەبێ دەسەڵاتی خۆی، وەك: سەلماندنی مافی میراتی بۆ میراتگر لە میراتلێگیراو، یان وەك دەسەڵاتداری باوكایەتی.[1]

دووهەم: بەڵام پێناسەی ماف بە بەرژەوەندیی ئەو تێبینییەی لەسەریەتی ئەوەیە: كە بەرژەوەندیی ئامانج و مەبەستی مافە نەك ناوەڕۆك و جەوهەری ماف، ئەوەش ورد نییە كە شتێك بە ئامانج و مەبەستەكەی پێناسە بكرێت، چونكە دەگونجێت كەسێك سوود لە شتێك وەربگرێت، بەڵام مافداریێتیی لەسەری نەسەلمێت، وەك: سوودوەرگرتنی داگیركەر و دز لە داگیركراو و دزراوەكە.[2]

سێهەم: ئەوانە ماف بە پەیوەستبوون پێناسە دەكەن، وەك هەندێك لە زانایان دەڵێن: ماف پەیوەستییەكی یاساییە.[3]

دەوترێت: كۆمەڵێك ماف هەن نەبەستراونەتەوە بە بوونی پەیوەستی لە نێوان دوو كەس یان كەسێك و شتێك، وەك: مافی مرۆڤ لە ژیانكردندا، مافی لە سەلامەتیی جەستەییدا،[4] كەواتە: پەیوەستبوون بەس نییە بۆ ڕاڤەكردنی هەموو مافەكان.

چوارەم: هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان ماف و هۆكاری پاراستنەكەیدا، لە نێوانیشیاندا پەیوەیستبوون نییە وەك: سكاڵا.[5]

پێنجەم: ئەو تێبینییانەی كە لەسەر دوو ڕێبازەكەی پێشوو هەبوون بە هەمان شێوەش لەسەر ڕێبازی تێكەڵكردنیش هەن.

---

[1] فتح الدريني، الحق ومدى سلطان الدولة في تقييده، ص٥٥.

[2] شكري سرور، سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٤. حسن كيرة، انظر المدخل إلى القانون، ص٤١٤. عبدالحي حجازي، المدخل لدراسة العلوم القانونية، ج٢، ص٨٦.

[3] حسن كيرة، انظر المدخل إلى القانون، ص٤١٧.

[4] شكري سرور، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٥.

[5] شكري سرور، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٥.

**ئاڕاستەی نوێ:**

ئەوانەی ڕەخنە لە ئاڕاستەکانی پێشوو دەگرن، کە مافیان پێناسە کردووە بە پوختی، دەڵێن ئەوان لە پێناسەکەیانندا ڕوویان لە ناوەڕۆکی ماف و بنەماکانی نەکردووە، بەڵکو ڕوویان لە شتگەلێکی دیکە کردووە لە دەرەوەی ناوەڕۆکی ماف، وەك: خاوەن ماف، یان ئامانج و مەبەستی ماف. ئەمانە وا دەبینین کە ناوەڕۆکی ماف بریتییە لە دەستخستنی بەها: "الاستئثار بما يمثله من قيم".[1]

ئا لێرەوە ڕێبازێکی نوێ لە پێناسەکردنی مافدا هاتە ئاراوە، زانا و شارەزای بەلجیکی: "جان دابان" هەوڵی دا خۆی لە پێناسەی ماف لا بدات، کە ئایا ویستە یان بەرژەوەندییە؟ یان یەکیان بخات، بۆیە دەڵێت: پێدانی بەهایەکی دیاریکراوە کە یاسا دەیبەخشێت بە کەسێك و دەشیپارێزێت".[2]

جگە لە ئەویش بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن: ناوەندێکی یاساییە ئەوەی بەدەستی دەهێنێت سەرپشك دەبێت کە بەرژەوەندییەك وەربگرێت.[3]

دەبینین ئەم پێناسەیە لەسەر دوو ڕەگەز دامەزراوە:

١ـ ڕەگەزی دەستخستن (الاستئثار)، کە مەبەست پێی تایبەتمەندبوونی کەسێکە بە شێوەی تەنها، بە وەرگرتنی شتێك یان بەهایەکی دیاریکراو، هەندێك بەمە دەڵێن ڕەگەزی ئینتیما.[4]

کەواتە ماف تەنها سوود و کەڵك وەرگرتن نییە، بەڵکو بە خاوەن بوون و تایبەتمەندبوون و دەستخستنێکە بۆ کەسێك بە شێوەی تایبەت و تەنها دەچەسپێت.

---

[1] شكري سرور، النظرية العامة للحق، ص٢٢، شمس الدين الوكيل، دروس في القانون، ص١٦٥.

[2] فتحي الدريني، الحق ومدى سلطان الدولة في تقييده، ص٥٧.

[3] شكري سرور، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٨.

[4] عبد المنعم البدراوي، المدخل للعلوم القانونية، ص٤٤٥. شمس الدين الوكيل، دروس في القانون: ص٦٦. عبد الحي حجازي، المدخل لدراسة العلوم القانونية، ج٢، ص٩٦.

٢ــ ڕەگــەزی دەســەڵاتدارێتی: دەســەڵاتدارێتی ئــەنجامێکی پەیوەســتە بــە وەدەستخستنەوە، مادام شتێك موڵکی خاوەن مافێك بوو، پێویست دەکات دان بە جۆرێــك لــە دەســەڵاتدارێتیدا بنرێــت لەســەری، جیــاوازییش هەیــە لــەنێوان دەسەڵاتدارێتی و بەکارهێناندا، چونکە ڕەنگە جگە لە خاوەن ماف ئـەو شـتە بـەکار بهێنێـت، بـەڵام دەسـەڵاتدارێتی: ئـازادیی دەسـتکاریکردنە لـە شـتێکدا، جـا ئـەو دەسەڵاتدارێتییە ڕەنگە بەکارهێنان بێت یان دەستبەرداربوون بێت لـە بـەکارهێنان یـان گواسـتنەوەی بێـت بـە ڕێکـارێکی یاسـایی.[1] جـا نیشـانەی دیـاریکراوی مـاف دەسەڵاتدارێتیی دەستکاریکردنە لە شتێکدا بە شێوەیەك کە زاڵی و دەسەڵاتدارێتی بیخوازێـت، بـەبێ سەرپێچـیکردن لـە بەنـدە یاسـاییەکان و بـێ زیانگەیانـدنیش بـە کەسانی دی.

## بەندی سێیەم: پێناسەی ماف لای زانا موسڵمانەکان:

زانایـانی موسـڵمان زۆر بایـەخیان بـە پێناسـەی مـاف بـە مانـا گشـتییەکەی لـە شەریعەتی ئیسلامدا نەداوە، چونکە وایان داناوە هێندە ڕوون و ئاشکرایە پێویستی بە پێناسەکردن نییە. هەر لەو بەکارهێنانەیاندا ئاماژە هەیـە کـە مانـای مافیـان لـە یـەك چـەمکدا قـەتیس نـەکردووە، بـەڵکو لــە چــەند مانایەکـدا، کـە ناسـاندنە زمانەوانییەکە دەیخوازێت، بەکار هێناوە، هەندێکیش لە زانایـان شـتێك پێناسـەیان گواستووەتەوە کە ئاماژەن بۆ مانای مـاف، لـە کـاتی پێناسـەکردنی مـافی موڵکـدا وەك:

- لە کتێبی (*الفتح القدیر*)دا هاتووە: موڵك: توانایەکە شەرعدانەر سەلماندوویەتی بـۆ کەسـێك دەسـتکاریی بکـات. ئـیبن نـەجیم دەڵێـت: پێویسـتە (مەگـەر ڕێگرێـك

---

[1] عبدالمنعم البدراوي، المدخل للعلوم القانونية، ص٤٤٦. عبد الحي حجازي، المدخل لدراسة العلوم القانونية، ج٢، ص٩٦.

هەبێت)ی بۆ زیاد بکرێت وەك: کەسێك (حیجر)ی لەسەر بێت کە: خاوەنە، بەڵام بێتوانایە.[1]

ـ لە کتێبی (*الحاوی*) قودسیدا هاتووە کە موڵك پێناسە دەکات: تایبەتمەندبوونی خاوەندار و حوکمی دەسەڵاتدارێتییە.[2]

لەمانەوە جۆرێك لە یەکچوونمان بۆ دەردەکەوێت لەنێوان پێناسەی زانایانی پێشووی موسڵمانان و پێناسەی یاساناساندا، لە وەسفکردنی مافدا بەوەی: توانای دەستکاریکردنە.

ـ ئەو پێناسەی قودسی کە لە (*الحاوی*)دا کردوویەتی بۆ مافی موڵك، پێشی پێناسەی نوێی ماف کەوتووە، کە وەسفیشی دەکات بە تایبەتمەندبوونی خاوەندار، یاساناسانیش بە ناوەڕۆکی ماف، کە دەستخستنە، دەری دەبڕن دەبێت ئەمە بکرێتە چەقی پێناسەکە.

ئا لێرەوە بەشێك لە زانا موسڵمانەکانی سەردەم گەشتوونەتە پێناسەی ماف بە شێوەیەکی گشتی، مامۆستا موستەفا زەرقا دەڵێت: "ماف تایبەتمەندبوونی خاوەندارە کە شەریعەت دانی پێدا ناوە بە دەسەڵاتدارێتی یان وەك ئەرك".[3]

دکتۆر موستەفا زەرقا بەم خاڵانە پێناسەکەی شی دەکاتەوە:

١ـ تایبەتمەندبوون پەیوەندییەکە ئەو مافە لەخۆ دەگرێت کە بابەتەکەی سامانە، وەك: خاوەندارێتیی قەرزی لە گەردنی کەسێکدا، ئەوەش دەگرێتەوە کە بابەتەکەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی کەسییە، وەك: کاربەدەست کە دەسەڵاتی بەکار دەهێنێت، ئەمانە هەردووکیان مافی کەسن، دەبێت پێناسەکە بیانگرێتەوە.

---

[1] ابن نجيم، الأشباه والنظائر، ص٣٤٦.

[2] ابن نجيم، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٦. فتحي الدريني، والحق ومدى سلطان الدولة في تقييده، ص١٨٦.

[3] مصطفى احمد الزرقاـ المدخل الفقهي العام – نظرية الالتزام العامة، ج٣، ص٩ – ١٠.

٢ـ ئەم پەیوەندییە بۆ ئەوەی ببێت بە ماف، دەبێت تایبەت بێت بە کەسێك یان گرۆیەکی دیاریکراوەوە، چونکە ماف مانایەکی نییە ئەگەر وەها وێنا نەکرێت بەخشراوێکی جیای خاوەنەکەیەتی و جگە لە خاوەنەکەی بۆ هەمووکەس قەدەغەیە ، نموونە: نرخ تایبەتمەندیی فرۆشیار و بەکارهێنانی دەسەلاتیش تایبەتمەندیی دەسەلاتدارە. بەمەش لەو پەیوەندییە دەردەچین کە تایبەتمەندبوونی تێدا نییە، بەلام بۆ هەمووان رێگەپێدراوە وەك: راوچێتی، دارکۆکردنەوەی دەشتودەر و گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەمانە بەو مانایەی مەبەستمانە بە ماف ناژمێردرێن، بەڵکو مۆڵەتپێدراون.

٣ـ کە مەرجی دانپێدانانی شەریعەتی بەم تایبەتمەندیەدا هێناوە، چونکە تێروانینی شەریعەت بنەمای درووستبوونەکەیە.

٤ـ کە دەشلێت بە دەسەلاتداریتی یان وەك ئەرك، چونکە ماف جارێك دەسەلاتدارێتییە و جاریش هەیە ئەرکی لەخۆ گرتووە.

٥ـ ئەم پێناسەیە هەموو جۆرە مافە مەدەنییەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها هەموو مافەکانی پەروەردگار و مافە ئەدەبییەکانیش دەگرێتەوە، مافی دەسەلاتی گشتییشی تێدایە، وەك: فەرمان بە چاکە و رێگری لە خراپە.[١]

**بەشەکانی ماف لە فیقهی ئیسلامیدا:**

کۆمەڵە دابەشکردنێك کراون بۆ ماف، بەپێی ئەو لایەنەی کە بۆی دەروانرێت دابەشکردنەکانیش جیاوازن، هەرچۆنێك بێت دەکرێت بڵێین دوو جۆر ماف هەیە: مافی خودا و مافی بەندەکان.

١ـ مافی خودا: فەرمان و رێگرییەکانیەتی و هەموو ئەوانەش کە بەندە بۆی نییە پەکیان بخات، وەك قەرافی دەڵێت.[١]

---

[١] مصطفى الزرقا، المدخل الفقهي، ج٣، ص٢٠ وما بعدها.

ئەم مافە بە بۆچوونی زانایان ئەم خالآنە لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: ئەوانەی بە نیازی پەرستش بۆ خودا بە جێبەجێکردنی ئـایین دەکرێـت، وەك: پەرستشەکان، واجبەکان، سنوورەکان (الحدود) و کەفارەت.

دووهـــەم: ئەوانـــەی مەبەســـت پێـــی پاراســـتنی کۆمەڵگـــە و بەرژەوەندییـــە گشتییەکانە، کە (شاتبی) بەهەرەوەزی دەری دەبڕێت.[٢]

سێهەم: ئەوانەی مەبەست پێی پاراستنی ئەو لاوازانەن کە خۆیان نـاتوانن مـافی خۆیان بپارێزن.[٣]

٢ـ مافی بەندە: ئەوەیش ئەوەیە کە قەڕافی بەم شێوەیە دەری دەبڕێت:

مـافی بەنـدە، بەرژەوەندییـەکانێتی و هـەموو ئەوانەشـە کـە بەنـدە بـۆی هەیـە پەکیان بخات.[٤] ئەمانەش ئەوانـەن کـە بەرژەوەنـدیی تایبـەتیی تاکێـك یـان چـەند کەسێکی تێدایە، پێشی دەوترێت: مافی تاکەکەس یان مافی تایبەت.

وەك: مافی تاك لەو موڵکەی هەیەتی، مافی لە کارەکەیدا.

**جیاوازیی مافی پەروەردگار لەگەڵ مافی بەندە ئەمانەیە:**

١ـ درووست نییە بە لێخۆشبوون یان ئاشتەوایی یان گەردنئازادی پەك بخرێت.

٢ـ هەموو موسڵمانان بەگشتی، بەتایبەت کاربەدەستانی موسڵمانان، بۆیان هەیە داوای جێبەجێکردنی بکەن و بەرگریی لێ بکەن.

٣ـ لە سزادانی گشتیدا سەرۆکی وڵات دەستکراوەیە.

٤ـ لە مافە گشتییەکاندا میراتبردن نییە.

٥ـ مافەکانی خودا لەسەر چاوپۆشیکردن بنیات نراون.[١]

---

[١] عبدالرزاق السنهوري، مصادر الحق في الفقه الاسلامي، ج١، ص٢٠.

[٢] الشاطبي، الموافقات، ج٢، ص٣١٧ — ٣١٨.

[٣] القرافي، الفروق، ج١، ص١٤٠ — ١٤١ .

[٤] القرافي، سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص١٤٠. التفتازاني، التلويح على التوضيح، ج٢، ص١٥١.

# باسی دووهەم: مانا و ناوەڕۆکی ئازادی

گرفتێکی گەورە هەیە لە دیاریکردنی مانای ئازادیدا، چونکە جیاوازی لەسەر ناوەڕۆکی ئازادی زۆر بەرین و دێرینەن، قوتابخانە و ڕێچکەی زۆریش لەم بابەتە دواون. قوتابخانەی ویست، قوتابخانەی ئاوەز، قوتابخانەی ڕیالیست، قوتابخانەی سۆزایەتی، بیردۆزەی کلاسیکی، بیردۆزەی پێشکەوتن، ڕێبازی تاکگەرایی، ڕێبازی کۆمەڵایەتی[٢] و زۆری تریش، کەواتە چوونەقووڵایی ئەم جەنگەوە، پانتایی و وزەیەکی فراوانی دەوێت کە بۆ ئەم پرۆژەیە ناشێت، بۆیە بە چەند پێناسەیەکی کورت، کە مەبەستەکە بگەیەنن، ئێمە کۆتایی پێ دەهێنین:

## بەندی یەکەم: ئازادی لە زمانەوانیدا:

لە کتێبی (*لسان العرب*)دا هاتووە: حر، یحر وحرره: المحققة. واتە: ئازادی کرد.

پەروەردگار لەسەر زمانی ژنەکەی عیمران دەفەرموێت: ﴿رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا﴾.[٣]

(محرراً) بە مانای یەکلاییبوونەوە دێت بۆ پەرستش و خزمەتی مزگەوت.

هەر لە زمانی عەرەبیدا (الحر) بە مانای باش و نەجیب و بەڕێز هاتووە.[٤]

---

[١] جمال عطية، حولية كلية الشريعة – جامعة قطر. سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٠. عبدالرزاق السنهوري، مصادر الحق، ج١، ص٤٦.

[٢] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٢٤. أحمد جلال حماد، حرية الرأي، ص١٥، آدمون رباط، الوسيط في القانون الدستوري، ج٢، ص١٣٦.

[٣] آل عمران: ٣٥.

[٤] ابن منظور، لسان العرب، ج١، ص٦٠٣، مادة "حررة".

**بەندی دووهەم : ئازادی لە تێگەیشتنی یاساییدا**

ئازادی بە مانا فەلسەفییە گشتییەکەی واتە: حاڵەتی ئەو بوونەوەرەی کە ملکەچی هیچ هۆیەکی زۆرکاری نابێت، بەڵام بەپێی ویست و سرووشتی خۆیەتی.[1]

لوك (Loke) دەڵێت: ئازادی مافی کردنی هەر شتێکە کە یاساکان ڕێگەیان پێ دابێت.[2]

ڕۆسۆ (Rousseau)ش دەڵێت: "بریتییە لە گوێڕایەڵیی ویستی گشتی".[3]

بەڵام لاسکی (Laski) مانای ئازادی بەم شێوەیە دەکات: ئازادبوونە لەو کۆتوبەندانەی کە ڕێگرن لەوەی هاووڵاتی مافی جووڵە و پێشکەوتن پیادە بکات.[4]

لە جاڕنامەی مافی مرۆڤیشدا کە لە ساڵی ١٧٨٩ دەرچووە، بەم شێوەیە پێناسەی ئازادی دەکات: مافی تاکە، ئەوەی زیان بەوانی تر ناگەیەنێت پیادەی بکات.[5]

توعەیمە جەرف پێناسەی ئازادی بەوە دەکات کە: دووپاتکردنەوەی بوونی تاکە لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆمەڵدا"،[6] زەکەریا ئیبراهیم دەڵێت: ئازادیی خاوەنداریێتیی تایبەتە کە مرۆڤ جیا دەکاتەوە کە بوونەوەرێکی ئاوەزدارە و هەڵسوکەوتی لە ویستی خۆیەوەیە، نەك لە ویستێکی دەرەکییەوە.[7]

---

[1] أدمون رباط، الوسيط في القانون الدستوري، ج٢، ص١٣٢.

[2] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٢٥. حسن صعب، على السياسة، ص٣٢٦.

[3] کشاکش، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.

[5] عبدالحميد متولي الحريات العامة، ص٩. نعيم عطية، النظرية العامة للحقوق الفردية، ص٢٢٢.

[6] طعيمة الجرف، نظرية الدولة، ص٤٧٠.

[7] زكريا إبراهيم، مشحلة الحرية، ص١٨.

**بەندی سێیەم: ئازادی لە فیقهی ئیسلامیدا:**

هەندێك لە نووسەرانی هاوچەرخ کە لە مانای ئازادییان لە ئیسلامدا کۆڵیوەتەوە، ئازادی دەبەستنەوە بە مانای: ڕێگەپێدان و درووستی، (الإباحة والجواز) کە ماناکەی زۆرنەکردن لە مرۆڤ لە کردن یان وازهێنان لە کارێك دەگەیەنێت.[1] ئازادیی تەواویش بە ئیشکردن لە بازنەیەکی فراواندا دەبەخشرێت، کە لە فیقهی ئیسلامیدا پێی دەوترێت: بازنەی لێبوردن (العفو)، یان چاوپۆشی.

جا پێش گفتوگۆ لەم ئاراستەیەدا، وا باشە لەسەر ڕێگەپێدراو و درووستی بوەستین لای زانایانی (ئوسوڵ) و بەکورتی بیروڕایان بخەیتە پێشچاو.

غەزالی دەڵێت: ڕێگەپێدراو سەرپشکبوونە لەنێوان کردن و نەکردندا بە یەکسانییان لە ڕووی شەرعەوە.[2]

شاتیبی دەڵێت: "ڕێگەپێدراو لای شەرعدانەر سەرپشککردنی بەندەیە لەنێوان کردن و نەکردندا بەبێ ستاییش و زەمکردنی".[3]

شەوکانییش بەم شێوەیە پێناسەی ڕێگەپێداراو دەکات: "ئەوەیە لەسەر کردن و نەکردنی ستاییش نەکرێت، دەشگونجێ پێی بوترێت: ئەوەی زیانی بۆ بکەرەکەی نییە".[4]

ڕازی دەڵێت: "ئەوەیە بکەرەکەی بزانێت یان ئاماژە بێت کە زیان لە کردن و نەکردنیدا نییە و لە قیامەتیشدا سوودی نییە".[5]

---

[1] أحمد جلال حماد، حرية الرأي في الميدان السياسي، ص٩١. فتحي الدريني، خصاص التشريع الإسلامي، ص٣١٠. انظر حولية كلية الشريعة، قطر، ع١٩٨٧/٥، ص١٤٣.

[2] الغزالي، المستصفى، ج١، ص٧٥.

[3] الشاطبي، الموافقات، ج١، ص١٠٩.

[4] الشوكاني، إرشاد الفحول، ص٦.

[5] الرازي، المحصول، ج١، ص١٢٨.

لەو پێناسـانەی ڕابـوردن، دەتـوانین تێبگـەین کـە ڕێگەپێـدراو ئەوەیـە کـە ئـەم خاڵانەی تێدا بێت:

١ـ یەکسانبوون لە کردن و نەکردنیدا بەپێی گوفتاری شەریعەت.

٢ـ زیانێك لە کردن و نەکردنیدا بۆ مرۆڤ نییە.

٣ـ لەلایەن شەریعەتەوە کردن و نەکردنی جێگەی ستاییش و زەم نین.

٤ـ لە قیامەتدا کردن و نەکردن سوودی بۆ مرۆڤ نییە.

ئەم ئەنجامگیرییە خێرانەی لـە مانـا ئوسـوڵییەکەی ڕێگەپێـدراو وەرمـان گـرت، وامان لێ دەکات پەلە نەکەین لەوەی کە مانای ئازادیی شەرعی لە فیقهی ئیسلامیدا بابەتی ڕێگەپێدراو و درووستی دەگرێتەوە، چونکە ئازادییەکان لە بایەخـدا پلەبەنـد و جیاوازن لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە.

ئـازادی خـودی کارەکـە نییـە، بـەڵکو ویسـتێکی هـەبووی بـەرکاری (مکلـف) کارەکەیە، کە ئەو ویستە وای لێ دەکات دەتوانێت کارەکـە بکـات یـان نـەیکات بـە یەك پلە، واتە: وەسفی ویستی بەرکارە کاتێـك هـیچ کـۆت و زۆرلێکردنێکـی لەسـەر نییە بەرەو کردن و نەکردن.

کەواتــە ئــازادی بــە چــەمکە ڕووت و ڕەهاکــەی لــە بنــەمای دارشــتنیدا وەك ڕێگەپێدراوە (مُباح)، کە کردن و نەکردنی لای شەریعەت یەکسانە، بەڵام ئازادی کە وەسفێکی بۆ زیاد کرا یان بەندێکی خرایە سەر، ئـیتر بـەپێی ئـەو وەسـف و بەنـدە بنەڕەتی دانانەکەی دەگوازرێتەوە، لەم نموونانەدا ئەمەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت:

ـ ئـازادیی بـەجێهێنانی دروشمـەکان، لێـرەدا ئـازادی حـوکمی جێبـەجێکردنی دروشمەکان وەردەگرێت لە ڕووی فەرزبوون و پێباشبووندا (استحباب).

ـ ئازادی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، لێرەدا ئـازادی حـوکمی فـەرمان و ڕێگـری وەردەگرێـت، بـەپێی دۆخ و ڕووداوەکـە و ئـەوەی لێیانـەوە دێتـە دی بـە کردنیان لە پاداشت و سوودوەرگرتن.

- ئازادیی ڕادەربڕین، لێرەدا حوکمی گرنگیی ڕادەربڕین لەخۆ دەگرێت، ئەو بەرژەوەندییەش لە ڕادەربڕین و وتنیەوە دێتە دی.

هەروەها حوکمی بەکارهێنانی ئازادی پەیوەستە بە ناخی بەرکار (المكلف)ەوە لە نیازکردندا، وەك فەرموودە دەفەرموێت: (ئیشەکان بەپێی نیازن).[1] ئەم فەرموودەیەش بنەمایەکی گشتییە بۆ ئیشی بەرکاران، پێشەوا شاتیبی ئەم مانایەی ڕێگەپێدراوی ڕوون کردووەتەوە و کردوویەتی بە چوار بەشەوە:

یەکەم: خزمەت بە ئیشێکی داواکراو بکات.

دووەم: خزمەت بە ئیشێك بکات کە داوا کراوە نەکرێت.

سێهەم: خزمەت بە ئیشێك بکات تیایدا سەرپشکبوون هەبێت.

چوارەم: هیچ لەو خاڵانەی سەرەوەی تێدا نەبێت.[2]

جا ڕێگەپێدراو لە هەر بەشێکیاندا حوکمی ئەوەی هەیە کە پێی دەگات،[3] لەسەر ئەم بنەمایانە دەکرێت ڕاساندنی (تأصیل)ی حوکمی ئازادی بکەین.

### بنەما لە شتەکاندا ڕێگەپێدانە

ئەم بنەمایە لە دارشتنی بەو ئازادییانەی کە دەقێکی ئایەت یان فەرموودە لەسەر حوکمیان نەهاتووە بایەخدارە، لە بابەتەکەی ئێمەشدا بنەمایەکە، دەشکرێت ڕوونی بکەینەوە کە ڕێگەپێدراو دەکرێت بە سیٚ بەشەوە:

بەشی یەکەم: ئەوەی بە دەق سەرپشکبوونی لیٚ کراوە یان دەقێك بە ئاشکرا ڕێگەی پیٚ داوە، یان بە بەڵگەیەك لە بازنەی قەدەغەوە گوازراوەتەوە بۆ بازنەی ڕێگەپێدراو.[1]

---

[1] صحيح البخاري بشرح فتح الباري، ج١، ص٩، حديث رقم (١).

[2] الشاطبي، الموافقات، ج١، ص١٤١.

[3] الشاطبي، سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص١١٤.

بەشی دووەم: لەلایەن شەریعەتەوە نکۆڵی لە تەنگەتاوبوون یان گوناھ و تاوان یان لۆمەکردن لەسەر کردن و نەکردنی کراوە.(٢)

بەشی سێهەم: ئەوەی لە گوتاری شەریعەتدا نە فەرمان و نە ڕێگری و ڕێگەپێدانی لەسەر هاتووە، لەوەیاندا جیاوازبوونی زانایان درووست دەبێت، لای ئوسوڵییەکان کۆمەڵێك بۆچوون دەردەکەون، دەکرێت بەم شێوە کورتیان بکەینەوە:

١ـ بنەما لە شتەکاندا ڕێگەپێدانە.

٢ـ بنەما لە شتەکاندا ڕێگری و قەدەغەکردنە.

٣ـ بنەما لە شتە بەسوودەکاندا مۆڵەت و لە شتە زیانبەخشەکاندا قەدەغەکرانە.

٤ـ بنەما لە شتەکاندا وەستانە.(٣)

دەکرێت بەم شێوەیە گفتوگۆ لەسەر ئەم بۆچوونانە بکەین:

**ڕووی یەکەم:**

بۆچوونی سێهەم کە دەڵێت بنەما لە شتە بەسوودەکاندا مۆڵەت و لە شتە زیانبەخشەکاندا قەدەغەکردنە، بۆچوونی ڕازییە،(٤) ئەمە جیاواز نییە لەگەڵ بنەمای یەکەم، کە دەڵێت بنەما لە شتەکاندا ڕێگەپێدانە، چونکە مەبەست پێی شتە بەسوودەکانە، چونکە ئەوەی زیانی تێدا بێت کەس باسی حەڵاڵیی نەکردووە و بنەمای (لا ضرر ولا ضرار)(٥) بەندی دەکات.

---

[١] عبدالكريم زيدان، الوجيز في أصول الفقه، ص٤٢. أبو زهرة، أصول الفقه، ص٤٧.

[٢] فتحي الدريني، الحق ومدى سلطان الدولة في تقييده، ص٢٠٢. عبدالكريم زيدان، الوجيز في أصول الفقه، ص٤٢.

[٣] الشوكاني، إرشاد الفحول، ص٢٨٤. ابن نجيم، الأشباه والنظائر، ص٦٦.

[٤] الرازي، المحصول، ج٦، ص١٠٢.

[٥] ابن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ص٢٨٥، هذه القاعدة هي نص حديث نبوي كريم.

**ڕووی دووهەم:**

ئـەو بۆچـوونەش کـە دەڵێـت بنـەما لـە شـتەکاندا وەسـتانە، کـە دەدرێتـە پـاڵ زاهیرییەکان، دەبێت لە دوو لایەنەوە گفتوگۆی لێ بکرێت.

یەکەم: وەستان، حوکم نییە، دەشبێت ئـەو بەڵگانـە لـە بەردەسـت بـن، حـوکم دەربخرێــت، یــان بــەپێی ئیجتیهــادکردن لەســەر بەرژوەندییــەك ئەگــەر بەڵگــە نەدۆزرایەوە، جگە لـەوەش وەسـتان لـە دوای پچڕانی وەحییـەوە هـیچ سـوودێکی نییە.

دووهەم: ئیبن ڕەجەب لەم باسـەدا جیـاوازیی خسـتووەتە نێـوان ئـەم و بابـەتی حوکمەکەی بەر لە هاتنی شەرع، دەڵێت: بزانە ئەم باسە جگە لـە باسـی شـتەکانی پێش هاتنی دەقی شەرعییە، کە ئایا قەدەغـە یـان ڕێگەپێـدراوە؟ چـونکە باسـەکە پێش هاتنی دەقی شەرعییە، خۆ پاش هاتنی دەق، هەر دەقـەکان بەڵگـەن لەسـەر ئــەوەی حوکمــە بنەڕەتییەکــە ســڕداوەتەوە، چەسپاویشــە کــە بنــەمای شــتەکان ڕێگەپێدانە بە بەڵگەی شەرعی، هەندێك کۆدەنگی لەسەر ئەم بنەمایە باس دەکەن، بۆیە ئەوە ئەو دوو بابەتەی لا یەکسانە و یەك حوکمیان بۆ دەردەکات هەڵەیە.[1]

ئەمەش دەمانبات بۆ ب لاوازدانانی ئەو بۆچوونەی باسی لە لەسەروەستان کرد، کەواتە لەو چوارە، دوو بۆچوونیان مانەوە کـە دەبێـت یـەکێکیان پەسـەند بکـەین، ئەوانەیش: بنەما لە شتەکاندا ڕێگەپێدانە یان قەدەغەکردنە.

ئەوانەی دەڵێن قەدەغەکردنە، بەم بەڵگانە دەڵێن:

١ــ ئــەو فەرموودەیــەی پــەروەردگار ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ﴾[2] واتە: "لە خۆتانەوە نەڵێن ئەوەی بە زبانتاندا دێت بە درۆ ئەوە حەڵاڵە و ئەوە حەرامە". ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت تـەنها خـودا مـافی حـەڵاڵ و

---

[1] ابن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ص٢٦٨.

[2] النحل : ١١٦

حــەرامکردنی هەیــە، لەســەر ئــەم بنەمایــەش ئێمــە حــەرام و حــەڵاڵ بــەبێ ڕوونکردنەوەیەکی خودایی لە یەك جیا ناکەینەوە.[1]

٢ـ ئەم فەرموودە درووستە: (حەڵاڵ و حەرام ڕوونن، لە نێوانیشیاندا شتگەلێکی گوماناوی هەن، زۆر کەس نایانزانێت، جا ئەوەی خۆی لێ پاراستن ئەوا ئایین و نامووسی پاراستووە، ئەوەشی تێیان کەوت، کەوتووەتە حەرامەوە).[2]

ئــەم فەرموودەیــە بەڵگەیەکــە پــەروەردگار حــەرام و حــەڵاڵی لێــك جــوودا کردووەتەوە، ئەو شتانەی دەکەونە نێوان حەڵاڵ و حەرام، بنەما تێیاندا گوماناوین، دەبێت باوەڕداران لێیان وریا بن و تێیان نەکەون، دەبینین پەروەردگار مۆڵەتی بە بنەما دانەناوە، بەڵکو قەدەغەی بە بنەما داناوە.

ئەوانەش کە دەڵێن: بنەمای شتەکان ڕێگەپێدانە، ئەم بەڵگانە دەهێننەوە:

١ـ فەرموودەی پــەروەردگار: ﴿قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا﴾.[3] واتە: "ئەی محەمەد (درووودی خودای لەسەر) بڵێ دەستم ناکەوێ لەوەی کە سرووش کراوە بۆم هیچ خۆراکێکی حەرامکراو بۆ کەسێ کە (بیەوێ) بیخوات، مەگەر مردارەوەبوو بێ یان خوێنێ ڕژێنراو". ئەم ئایەتە ڕێگەپێدانی کردووەتە بنەما و قەدەغەکردنیشی کردووە بە جوێکراو (الإستثناء)، ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە.

٢ـ فەرموودەیەکی دیکەی پەروەردگار: ﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾.[4] واتە: "بۆچی ئێوە ناخۆن؟ لە (گۆشتی) ئەو (ئاژەڵان)ەی کە ناوی خوای لەسەر هێنراوە (لە کاتی سەربڕینی دا)،

---

[1] الشوكاني، إرشاد الفحول، ص٢٨٥.

[2] ابن رجب، جامع العلوم والحكم، ص٦٣، الحديث متفق عليه.

[3] الأنعام: ١٤٥.

[4] الأنعام: ١١٩

که بێگومان خودا بۆتانی ڕوون کردۆتەوە ئەوەی حەرامی کردووە لەسەرتان جگە لەوەی کە ناچار دەبن بۆی (کە بیخۆن)".

ئەم ئایەتە هەموو حەرامکردنەکانی باس کردووە، ئەوەشی باس نەکردبێت کەواتە حەرام نییە، درووستیش نییە ئەوەی خودا حەرامی نەکردوە، حەرام بکرێت، پەروەردگار ڕەخنە دەگرێت بە دەستبەرداربوون لەو خواردنەی ناوی خوای لەسەر هاتووە، بەهۆی ئەوەی کە حەرامی بۆ ڕوون کردوونەتەوە، ئەمەش لەناویاندا نییە، ئەمەش دەبێتە بەڵگە کە بنەمای شتەکان ڕێگەپێدانە، ئەگەر نا لۆمەی ئەوانەی نەدەکرد کە شتێك دەقی لەسەر نەبێت نایخۆن.[1]

٣ـ فەرموودەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر): "خودا کۆمەڵە شتێکی فەرز کردووە مەیفەوتێنن، کۆمەڵە سنووڕێکیشی دیاری کردووە مەیبەزێنن، کۆمەڵە شتێکیشی حەرام کردووە پێشێلی مەکەن، بە ڕەحمەتی خۆیشی بۆتان نەك لەبیرچوون، لە کۆمەڵە شتێك بێدەنگ بووە بەدوایاندا مەچن".[2] فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پەروەردگار لێی بێدەنگە بەزەییەکی خودایە بۆ بەندەکان و بیرچوونەوە نییە، بۆیە ئەگەر کردیان چاوپۆشییان لێ دەکرێت بە هەمان شێوە ئەگەر نەشیانکرد.[3]

ئەو ئایەت و فەرموودانەی پشتیوانیی ئەم بنەمایە دەکەن زۆرن، دەکرێت لە کتێبەکانی ئوسوڵدا بۆیان بگەڕێینەوە، لە سۆنگەی وردبوونەوەوە لە بەڵگەکان، لاوازیی ئەو بۆچوونە دەردەکەوێت، کە وا دادەنێت بنەمای شتەکان قەدەغەکردنە، کەواتە ئایەتی: ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ...﴾ دەبێتە بەڵگە لەسەریان، چونکە ئەوانە ڕێگەپێدان لایان بنەمایە، لە خۆیانەوە نەیانوتووە، بەڵکو بە بەڵگەوە

---

[1] ابن رجب، جامع العلوم والحكم، ص٢٦٨. الشوكاني، إرشاد الفحول، ص٢٨٥.

[2] ابن رجب، جامع العلوم والحكم، ص٢٦١. الطبراني والدارقطني، وقد حسنه الحافظ أبو بكر السمعاني.

[3] ابن رجب، جامع العلوم والحكم، ص٢٧٠.

وتوویانه. ئەو فەرموودەیەش (حەڵاڵ ڕوونه و حەرامیش ڕوونه) کردوویانەته بەڵگە، بەوە وەڵام دەدرێتەوە ئەو گومانانەی مەبەستی فەرموودەکەیە ئەوانەن: سەر بەرەو حەرام دەکێشن و دەبنە هۆکاری چوونه ناو حەرام، یان بەوەش وەڵام دەدرێتەوە کە هەر شتێك هەردوو حوکم ڕایانکێشا بۆ لای خۆیان، وەك حەڵاڵ و حەرام، دەبێت بنەمای پێکدادان و ڕاساندن (قاعدة التعارض والترجيح) بەکار بهێنین.[1] بەو بەڵگانەش کە ڕابوردن، دەردەکەوێت بۆچوونی ئەوانەی دەڵێن بنەمای شتەکان ڕێگەپێدانه بەهێزترە، لەبەر بەهێزیی بەڵگەکان. جا ئەم بنەمایە گرنگییەکی بەرچاوی هەیە لەو حوکمانەی پەیوەستن بە مەسەلەی ماف و ئازادییەکانەوە بە شێوەکی گشتی، ئێمە دەبینین کە ئازادی حوکمە ڕاستەقینەکە و بایەخە شەرعییەکە لە سۆنگەی پیادەکردنی کارەوە بەدەست دەهێنێت، هەروەها لە سۆنگەی نیازی بەرکار و ئامانجی حوکمەکەی کە دەیگەیەنێتە واجب یان سوننەت، یان حەرام، یان ناپەسەند.

**دوای ئەم توێژینەوە کورتە، پێناسەی ئازادی بەم شێوەیە دەردەکەوێت:**

**ئازادی:** دەسەڵاتێکی گشتییە کە شەریعەت بۆ تاکەکانی دادەنێت، بە شێوەیەك بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و مافەکانیان وەربگرن و سەرپشك بن لە وەرگرتنی ئەوەی سوودبەخش و زیانبەخشە بەبێ زیانگەیاندن بەوانی دی.

لە سۆنگەی ئەم پێناسەوە دەبینین:

- دەسەڵاتداربوونی تاك لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا وەك: ئازادیی پەرستش و دروشمەکان.

- دەسەڵاتداربوونی تاك لە بەدەستهێنان و مومارەسەکردنی مافەکانیدا، وەك: ئازادیی هاوسەرگیری و ئازادیی کار.

---

[1] الشوكاني، إرشاد الفحول، ص٢٨٦.

ـ دەسەڵاتداربوونی تاك لە هەستان بە هەر شتێك بە سوودی دەزانێت و زیان لە خۆی و لە کۆمەڵگە لا دەدات، وەك: ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی بانگەواز و گەیاندن، بە شێوەیەکی گشتی ئازادییە سیاسییەکان.

ـ ئازادیی هەڵبژاردن لە ڕێگەپێدراوەکان وەك: پۆشاك و خواردن.

ـ بەندێکی گشتی لەسەر ئازادییە زیانگەیاندنە بەوانی دی، جا تاك بێت یان کۆمەڵگە.

## ئازادییە گشتییەکان ڕێگای بەدیهاتنی ئامانجەکانی شەریعەتن:

ئەو ئازادییانەی شەریعەت مۆڵەتی داون یان دانی پێدا ناون و پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەت نین، بە ئامانجی شەریعەت دادەنرێن، چونکە ڕێگریلێکردنیان زەحمەت و نارەحەتی بۆ خەڵکە گشتییەکە پەیدا دەکات،[1] بەڵکو ڕەنگە لە ڕێگریلێکردنیان زیان بە شتە زەرورییەکانی ژیان بگات. دەبێت تێبینیی ئەوە بکرێت کە ڕێگەپێدان ئاراستەی بەشەکییەکان دەکرێت نەك گشتییەکان، سەرپشککردنیش لە شتەکاندا ئاراستەی جۆر و کاتی دەکرێت نەك بنەما و پایەکان. ئەگەر خواردنی خۆراك ڕێگەپێدراو بێت، واتە: بەرکار بۆی هەیە هەر جۆرە خۆراکێك بخوات یان نەیخوات، بەبێ گوناه و تاوانباربوون، بۆیشی هەیە لە هەر کاتێکدا بێت، بەڵام لە بنەمادا خواردن بە پوختی پێویستە، چونکە ژیانی مرۆڤی لەسەر بەندە، پاراستنی ژیانیش پێویستە لەسەر مرۆڤ بە زەرورەت و فەرمانپێکران، هەروەها پێویستە خواردنی ڕێگەپێدراوەکان یان نەخواردنیان، فەرمانی شەریعەتی تێدا پێشێل نەکرێت و پێچەوانەی ئەوەی باشە نەبێت بە پوختی، تاوەکو لە بازنەی ڕێگەپێدراوەکان بمێنێتەوە.[2]

---

[1] الشوكاني، إرشاد الفحول، ص٢٠٣.

[2] عبدالكريم زيدان، الوجيز في أصول الفقه، ص٤٣. محمد أبو زهرة، أصول الفقه، ص٤٦.

# باسی سێهەم: جیاوازیی نێوان ماف و ئازادی

یاساناسان جیاوازیی زۆر ناکەن لە نێوان ماف و ئازادیدا، هەردوو زاراوەکەش وەك هاوتا بەکار دەهێنن و ماف و ئازادی تێکەڵ دەکەن، بەشێکیش دەبێژن: جیاکردنەوەیان هیچ گۆڕانکارییەك ناکات و ئەنجامێکی کردەیی لێ سەوز نابێت، چونکە هەردووکیان دەبێ بپارێزرێن و پێشێل نەکرێن، یەکێك لەو نووسەرە یاساییانە لەم بارەوە دەڵێت:

"مافەکانی تاك لە مانادا هاوتای ئازادییە گشتییەکانە، چونکە هەموو ئازادییەکان لە مێژوودا بە شێوەی مافێکی خودی سەریان هەڵداوە، بەپێی بیردۆزەی یاسای سرووشتی کە بیردۆزەی ئازادییەکانی لێوە هات، لە شیکاریی یاساییشدا ئازادی بە ڕواڵەتی ئەو مافەوە دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەمدایە لە مافەکانی مرۆڤدا، بەو پێیەی مرۆڤ تا لە دەروونەوە و دڵنیایی کۆمەڵایەتییەوە ئازاد نەبێت، ناتوانێت چێژ لە ماف وەربگرێت و جێبەجێی بکات، کەواتە بەم هەستەی دەستخستنی ماف حەقیقەتی ئازادییە گشتییەکان دەچەسپێت، کە لە ئەنجامدا مانای وایە ئازادییەکان تەنها مافە خودیەکانن کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە". (١)

بوونی ماف پێویستی بە هەبوونی ئەندازەیەك ئازادیی مەدەنی و سیاسی هەیە، بۆیە ئازادی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی سیستمی مافەکان، لە ڕووی داڕشتنی یاساییشەوە بنەمای هەموو مافەکانە، بۆ نموونە گرێبەستی هاوسەرگیری کە ماف و ئەرکی تیادا پەیدا دەبێت بە ئازادیی کەسەکە دەست پێ دەکات، کە هاوسەرگیری

---

[١] أدمون رباط، الوسيط في القانون الدستوري، ج٢، ص١٣٥.

دەکــات یــان نایکــات، هـــەروەها گرێبەســـتی کــڕین و فرۆشـــتن، ئـــازادیی دوو گرێبەستکارەکە لـەوەی گرێبەست دەکـەن یـان نایکـەن، زەمینـە دەسـازێنێت بـۆ ئەنجامدانی گرێبەستەکە. بۆیـە هەنـدێك نووسـەر ئـازادی وا پێناسـە دەکـەن: مـافی کردنی هەموو شتێکە کـە یاسـا قەدەغـەی نـەکردبێت، ئەمـەش ئـازادیی مەدەنیـە، دەشگونجێت ئازادیی یاسایی بەوە بکرێت: دەسەڵاتی بەدەستهێنانی مافەکانە.[1] لە بەرامبەر ئەمانەدا ژمارەیەك یاساناسی دیکە هەن، جیاوازییەکی ورد دەخەنە نێـوان مانای ماف و ئازادییەوە، کە دەتوانین جیاوازییەکان لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

یەکـــەم: نـــاوەڕۆکی بیرۆکـــەی مـــاف وەك وتمـــان دەســـتپێوەگرتنە، دەستپێوەگرتنیش لە جێگایەکی دیاریکراو یان شیاو بەدیاریکراوی دەبێـت، ئەگـەر بەم شێوەیە نەبوو، بیرۆکەی ماف پەیدا نابێت، کەواتە بیرۆکەی ماف پەیوەستە بە چەمکێکی یاسـاییەوە، کـە سـنوورێکی دیـاریکراوی هـەبێت، بـەڵام ئـازادی لەسـەر بنەمای بیرۆکەی دەستپێوەرگرتن دانەمەزراوە، بەڵکو دۆخێکی گشتییە بەنـد نییـە بە ڕێڕەوێکی دیاریکراوەوە کە دەبێت شـوێنکەوتەی بـن، وەك ئـازادیی بیروبـاوەڕ، ئـــازادیی ڕادەربـــڕین، ئـــازادیی گواســـتنەوە، ئـــازادیی گرێبەســـت، یـــان ئـــازادیی کۆبوونەوە.[2]

**جیاوازییەکە لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:**

ئـازادیی بـەخاوەنبوون و خاوەنـدارێتیمان هەیـە، ئـازادیی بـەخاوەنبوون، واتـە: دەرفەتکردنـەوە بـۆ هـەر کەسـێك، کـە بـەپێی حـەزی خـۆی مـافی بـەخاوەنبوونی هەبێت، دەشبێت ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئـەم حـەزەی نـەگیرێت ئەگـەر ویسـتی، دەشبێت زۆریشی لێ نەکرێت، بەڵام مافی خاوەنداریتی واتە: ئازادیی خاوەنـدارێتی

[1] عبدالحي حجازي، المدخل لدراسة العلوم القانونية، ج٢، ص١٣٥.

[2] محمد رمضان أبو السعود، الموجز في شرح مقدمة القانون المدني (النظرية العامة للحق)، ص٣٥. شكري سرور، النظرية العامة للحق، ص٢٨.

بوونی جێبەجێ کردووە لەمەوە بووە بە خاوەنی شتێکی دیاریکراو، بەمەش بووەتە خاوەنی شتێکی تایبەت و کەس کێبڕکێی لەگەڵ ناکات.

دووهەم: ماف سیفەتی تایبەتی هەیە، بەڵام ئازادی سیفەتی گشتیی هەیە بەرەهایی، مافەکان دەخوازن بە مەڵبەندی یاسایی جیاجیا لەناو تاکەکاندا هەبن، خاوەن ماف دەسەڵاتی هەیە کە سەرپشکی دەستکاریکردنی شتێکی دیاریکراوی هەیە کە جگە لە ئەو نیەتی.

بەڵام ئازادییەکان دەخوازێت خەڵکێکی گشتی لە هەمان مەڵبەنددا هەبن، جیاش ناکرێتەوە هەندێکیان سەرپشك بكات کە بەشێك دەسەڵاتی بەبێ ئەوانی دی هەبێت، بەڵکو هەموو خەڵکەکە بەیەکسانی ئازادییەکان بەدەست دەهێنن، کەواتە ئازادی مەڵبەندێکی گشتیی هاوبەشە.[1]

سێهەم: ماف پشت بە دەقێکی یاسایی دیاریکراو دەبەستێت، کە ڕووداوێکی یاسایی دیاریکراو تایبەت بکات، بەڵام ئازادی تەنها پشت بە بنەما گشتییەکان دەبەستێت، پێویستیشی بە دەقی یاسایی دیاریکراو نییە، ئەم بنەما گشتییانەش زۆر جار بەناوبانگ و ناسراون پێویستی بە یاسادەرکردن نییە.

هەموو خەڵك دەزانن کە ئازادیی بەخاوەنبوونیان هەیە، بەڵام ئەگەر کەسێك ویستی خاوەنداربوونی خانوبەرەیەك یان ئۆتۆمبیلێك جێبەجێ بکات، ئەوکات پێویستە بگەڕێت بۆ ئەو دەقە یاساییانەی کە یاسا خاوەنداریێتیی خانوبەرە یان ئۆتۆمبێل دیاری دەکات، دەشێت پابەند بێت بە مەرجەکانی گرێبەستەکەوە، بەڵام پێویستی بە دەقێك نییە لەسەر ڕێگەپێدانی خاوەنداربوون.[2]

ئازادی پێش ماف دەکەوێت و ڕێگایەکیشە پێی دەگات، لێرە وتراوە: ئازادی دەسەڵاتی بەدەستهێنانی مافە بە مانا زاراوەییەکەی، وتراویشە: ڕێگەپێدراوەکان

---

[1] رمضان أبو السعود، النظرية العامة للحق، ص٣٦. شكري سرور، النظرية العامة للحق، ص٢٧.

[2] رمضان أبو السعود، النظرية العامة للحق، ص٣٦.

مافێکی یاسایی دادەهێنێت ئەگەر دەستدرێژی کرایە سەر. هەندێك لە زانایان نموونەیەکی کرداری بۆ ئەم مانایە دەهێننەوە:

مافی مرۆڤ کە خاوەندار بێت، تەنها مۆڵەتێکە یان ئازادییەکە یاسادانەر دەیپارێزێت کە مرۆڤ بەو هۆیەوە دەتوانێت خاوەندار بێت، جا ئەگەر بەکردەیی بەکاری هێنا و بووە خاوەنی شتێکی دیاریکراو، ئا ئەمە مافی خاوەندارێتییە. خۆ ئەگەر ویستی خانوویەك بکڕێت، ئازادیی کڕین و نەکڕینی هەیە، ئەمەش مۆڵەتە، دوای ئەوەش بە ئیجابی لێی دەرچوو بەر لە قبووڵکردن، ئەوە پێگەیەکی ناوەندە لە نێوان مۆڵەت و مافدا.

لەمەوە دەردەکەوێت کە ماف بە چەند پلەیەکدا تێدەپەڕێت، لە هەموو قۆناغێکیشدا لە قۆناغەکەی تر جیاوازە لە ڕووی ئەو شوێنەوارە یاساییانەی کە لەسەری درووست دەبن و لە ڕووی ئەو دەسەڵاتانەشەوە کە دەبەخشرێت بە خاوەن ماف.

ئیدی گرفتەکە گرفتی زاراوەیەکی دیاریکراوە کە زانایان لەسەری ڕێك بکەون، جا ئەوانەی بایەخ بە جیاوازییە وردەکان دەدەن ئەم پلەبەندییەی ئازادییە بە مۆڵەت و ماف ناو دەبەن کە ئەو پلە باڵایە بە هێزی پارێزگاری یاسایی جیا دەکرێتەوە.

## باسی چوارەم: پەیوەندیی نێوان ماف و ئەرکەکان

پەیوەندیی نێوان ماف و ئەرك پەیوەندییەکی پتەوە، هەموو مافێك ئەرکێك بەرامبەریەتی، هەرکاتێك یاسا یان شەریعەت بڕیاری مافێکی دیاریکراو بۆ کەسێکی دیاریکراو دەدات، دەشبێت بڕیاری ئەو ئەرکانەش بدات کە دەبنە هۆی پێدانی ئەو مافە بەو کەسە.

مافناسان ئەم ئەرکەیان بەرامبەر ماف ناو ناوە پابەندی. لە ماف و پابەندییش وا دەڕوانن کە یەك شتن، چونکە دوو سەری پەیوەستێکن، ئەگەر لە ڕووی داواکراوەوە سەیری بکەیت مافە، خۆ ئەگەر لە ڕووی داوالێکراوەوە بیبینیت پابەندبوونە.[1] بەڵام بەم هاوواتا سەیرکردنەی ماف و پابەندی تەواو نییە، درووست نییە مافێکی کەسیی ببێتە هاوواتای پابەندی، چونکە لە دوو لایەنی بەرامبەرەوە هاوتایی و پێکەوەبەندی کۆیان دەکاتەوە.

سرووشتی ماف ئەرێنییە بە مانای وەرگرتنەوەیە، سرووشتی پابەندی نەرێنییە بە مانای پێدان و ئەستۆپاککردنەوە دێت.[2]

هەموو پەیوەندییەکی شەرعیی نێوان دوو کەس یەکێکیان ڕاسپێردراوە بەرامبەر ئەوی دی شتێکی بەهادار لە بەرژەوەندیی ئەو بکات، یان دەست بگرێتەوە لە ئیشێك کە لە بەرژەوەندیی ئەودا نییە، ئەمە لە زاراوەی فیقهیدا پێی دەوترێت مافی کەسی سوودوەرگر و کەسی ڕاسپێراویش پابەندیی لەسەرە.[3]

---

[1] مصطفى الزرقاء، نظرية الالتزام العامة، ص٥٠. جمال الدين عطية، الواجبات في الإسلام، في حولية كلية الشريعة – جامعة قطر، ص١٤٢.

[2] مصطفى الزرقا، نظرية الالتزام العامة، ص٥٠.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص٥٠.

بۆیه مامۆستا مستەفا زەرقا بەم شێوەیە پێناسەی پابەندی دەکات: "پابەندی ئەوەیە کەسێك لە ڕووی شەرعییەوە ئەرکبارە بە کردارێك یان نەکردنی کردارێك لە بەرژەوەندیی کەسێکی تردا".[1] ئوسولییەکانیش بەم شێوە پێناسەی ئەرك دەکەن: "ئەوەیە شەریعەت بە شێوەی پابەندکەر داوای بکات، کە وازلێهێنەرەکەی زەم بکرێت بە سزادانیشەوە، بکەرەکەشی ستاییش بکرێت بە پاداشتکردنیشەوە".[2]

ئامێدییش دەڵێت: "ئەرکی شەرعی بریتییە لە گوفتاری شەرعدانەر بە شێوەیەك دەستبەرداربوونی دەبێتە هۆی زەمکردن لە هەر حاڵەتێکدا"،[3] دەشوترێت: "ئەوەیە کە هەڕەشەی سزادان لە وازهێنانی بکرێت".[4]

بەشەکانی ئەرك:

ئەرك لە ڕووی کاتەکەیەوە دابەش دەبێت بۆ:

* ئەرکێکی کاتی پەیوەست بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە، وەك: ڕۆژووی ڕەمەزان، حەج و جگە لەوانەش.

* ئەرکی ناکاتی، کە بەجێهێنانی نەبەستراوەتەوە بە کاتێکی دیاریکراوەوە، دواخستنیشی گوناهی تێدا نییە.

بەڵام ئەرك لە ڕووی دیاریکردنی داواکراوەوە دابەش دەبێت بۆ:

* ئەرکێکی دیاریکراوە، کە ئەوەی تێدا جێبەجێ دەکرێت یەك شتی دیاریکراوە.

* ئەرکێکی سەرپشککراو، کە ئەوەی تێدا داوا دەکرێت یەکێکە لە دوو یان سێ شت وەك: کەفارەت.

---

[1] مصطفى الزرقا، نظرية الالتزام العامة، ص٨١.

[2] عبدالكريم زيدان، الوجيز في أصول الفقه، ص٢٨.

[3] الآمدي، الأحكام، ٢١٣.

[4] ابن قدامة، روضة الناظر وجنة المناظر، ص١٦.

ئـەوەی جێگـای بایەخـە لـە بابـەتی پەیوەنـدیی مـاف بـە ئەركـەوە، ئـەوەی دەگونجێت ماف ببێت بە ئەرك، دەشگونجێت ماف و ئەرك بە شێوەیەكی هاوبـەش تێكەڵ بكرێن، ئەمە لە قسەكانی ئیمامی شاتیبی لە (الموافقات)دا دەردەكەوێت:

"لەو مافە داواكراوانەدا هەیە مافی خودایە، هەیشە مافی بەندەكانە، هەیشە كـە مافی بەندەیە ماڤ خوداشی تێدایە، هەروەها هەیشە كە مافی خودایە دەگەڕێتـەوە بۆ بەندەكان، لێرەوە دەكرێـت فـەرمان و ڕێگرییـەكان بـە نموونـە بهێنرێنـەوە، لـە لایەكەوە دەكرێت لێی بڕوانین كە مافی خودا بە تەنها، دەشگونجێت لەو ڕووەشەوە وەری بگرین كە پەیوەستە بە مافی بەندەكانەوە..."[1]

كەواتـە دەگونجێـت یـەك كـار مـافی كەسـێك بێـت و لـە هـەمان كاتـدا ئـەركی سەرشانیشی بێت ، وەك: مافی كاری تاك، هەموو تاكێك مافیەتی لەسـەر كۆمەڵگـە یان دەوڵەت كە مافی كاركردنی بپارێزێت، لە سەرتاوە لـەم مافـە بێبـەش ناكرێـت، دواییش ئەم مافەی بۆ دەپارێزرێت، پلەی لەوەیش بەرزتر كارئاسانیی بۆ بكرێت كە ئەم مافەی دەست بكەوێت، كارئاسانییەكەش بـە پێـدانی سـەرمایە و ئـامڕازی كـار دەبێت لە هەمان كاتدا، تاك بۆی نییە ببێتـە بـار و بەسـەر خەڵكـەوە بـژی، ئەگـەر لەشساغ و توانای كار و كەسابەتی هەبوو، لەم حاڵەتەدا خێریشی پیێ ناشێت و لێی حەرامە، وەك فەرموودەكە دەفـەرموێت: "زەكـات بـۆ دەوڵەمەنـد و خـاوەن هێـز و توانا ناشێت". دەبینین ئەم مافە لە هەمان كاتدا بوو بە ئەركیش.[2]

نموونەیەكی دیكە مافی ڕاوێـژە، پـەروەردگار لەسـەر دەسـەڵاتداری كـردووە بـە ئەرك ڕاوێژ بكات و كردوویەتییـە مـافیش بـۆ ئومـەتی ئیسـلامی، ئەمـە مافێكـە بـە كەسـانی خـاوەن ڕا و مەشـوەرەت دراوە، بۆیـان نییـە خۆیـانی لـێ بدزنــەوە و مشوەرەت نەكەن و ڕا دەرنەبڕن، ئەگەر بەرژەوەندیی گەل و كۆمەڵگەی تێدا بوو.

---

[1] الشاطبي، الموافقات، ج٣، ص٢٤٧.

[2] جمال الدين عطية، الواجبات في الاسلام، حولية كلية الشريعة – جامعة قطر، ص١٤٢.

سەرچاوەی بڕیاردان لە ماف و ئازادی لە ئیسلامدا گوتاری پەروەردگاری پەیوەست بە کرداری ئەرکبارانە، ماف و ئازادی لە تێڕوانینی ئیسلامدا ئەرکێکی شەرعییە، جا ئەگەر ئەمە لە مانای ئازادیدا ڕوون نەبێت، کە مانای دەسەڵاتداربوونی تاکە لە سەرپشکبوون لەنێوان کردن و نەکردندا، خۆ لە هەڵسوکەوتی ئەرێنی یان نەرێنی مرۆڤدا ڕوونە کە نیازی لەو هەڵسوکەوتە بەدیهێنانی ئامانجێکی ڕەوایە، ئەو کردن و نەکردنەش زیان بە بەرژەوەندیی تاك و کۆمەڵ ناگەیەنێت، پێویستیشە هەڵسوکەوتی مرۆڤی موسڵمان لە هەڕەمەکی و بێهودەیی بڵندتر بێت، بەگشتی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بێت کە لە سەرەتاوە بۆی درووست بووە کە بەندایەتیکردنە بە مانا گشتگیرییەکەی، کە هەمووی دەرئەنجامێکی ئەرێنییە بۆ بەدیهاتنی پەیامی ئاوەدانکردنەوەی بوونەوەر و جێنشینێتیی سەر زەوی و بڵاوکردنەوەی پەیامی چاکە و دژایەتیی خراپە و ستەم و ملهوڕی، ئەمانەش تەنها بە جێبەجێکردنی ئەرك و دوورکەوتنەوە لە حەرام و خراپەکارییەکان بەدی نایەن، بەڵکو خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی پاك و ڕێگەپێدراوە ڕەهاکان دەبێت جێبەجێ بکرێن، وەك لە فەرموودەدا هاتووە سەرجێیکردنی هاوسەریی پاداشتی لەسەر وەردەگیرێت.

لە دیدگای هەموو شەریعەتەکانەوە دەردەکەوێت مرۆڤ مافی ژیانکردنی هەیە. بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەم مافە پێشێل بکرێت، بەڵکو دەبێت بپارێزرێت، بەڵام لە دیدگای شەریعەتی ئیسلامەوە مافی ژیانکردن یان پاراستنی گیانی مرۆڤ لە هەمان کاتدا ماف و ئەرکیشە، واتە چۆن مافی ئادەمیزادە کە بژی، بە هەمان شێوەش ئەرکیەتی، بە پشتبەستن بە بیروباوەڕی تاقیکرانەوە و جێنشینبوون لەسەر زەوی و هەستان بە ڕاسپاردەی ئەرکباری، ئا لێرەوە دەڵێین ژیانی مرۆڤ بەتەنها موڵکی خۆی نییە، بۆیشی نییە ئەم مافە لەناو بەرێت و حەرامە گیانی خۆی یان

پارچەیەکی ئەندامەکانی زایە بکات، مەگەر لە هەندێ کاتی تایبەتدا نەبێت کە پێی دەوترێت زەروورەتی شەرعی.[1]

پێشەوا شاتیبی بەم شێوەیە ئەم باسە دەردەبڕێت: چونکە زیندووڕاگرتنی گیان و پاراستنی ئاوەز و جەستە لە مافەکانی خودان بەسەر بەندەکانەوە، نەك مافی بەندەکان بن.[2]

پاشان دەڵێت: "مەگەر ئەرکبار بە زایەبوونی شتێك لەوانە تاقی بکرێتەوە بەبێ دەسەڵات و هۆکاربوونی خۆی، جا ئەگەر بەوە گیانی یان ژیریی یان پارچەیەکی لەدەست دا، ئەوە تەنها مافی بەندەکەیە...".[3] هەروەها بە هەمان شێوە مرۆڤ ئەگەر سەروەتێکی هەبوو، مافی تەواویشی هەبوو لە هەڵگرتن و خاوەندارێتیدا، ئەوجا ئەرکێتی کە بەباشی هەڵسوکەوتی پێوە بکات وەك ئەوەی: لە شتە شەرعییەکاندا بەکاری بهێنێت، بۆیشی نییە بە فەوتاندن یان دەستبڵاویی ناشەرعی لەناوی بدات. ئەم مانایە لە بابەتی ماف و ئازادییە سیاسییەکاندا زیاتر ڕوون دەبێتەوە، ئێمە ئەگەر ڕاوێژ بە مافی ئوممەت دابنێین، ئایا ڕاوێژکار بۆی هەیە مافەکە لای خۆی بهێڵێتەوە؟ ئایا ڕاوێژکردن مافێکی کەسیی ڕاوێژکارە بەتەنها، ئەگەر ویستی بیکات و ئەگەر نەیشی ویست نەیکات؟

ئێمە دەزانین لە ڕاوێژکار جێگەی متمانەیە، جا ئەگەر ڕاوێژکار بۆچوونێکی پێ بوو وای دەزانی لە بەرژەوەندیی گەلدایە، ئەوە ئەرکیەتی بۆچوونەکەی بڵێت و بیگەیەنێتە کاربەدەستان، خۆ ئەگەر ئەم دڵسۆزییەی بە کاربەدەست و جەماوەر نەگەیاند، گوناهبارە، ئەمەش بەسەر گشت مافە سیاسییەکاندا دەچەسپێت.

---

[1] فتحي الدريني، خصائص التشريع الاسلامي، ص٢٤٣.

[2] الشاطبي، الموافقات، ج٢، ص٣٧٦.

[3] الشاطبي، الموافقات، ج٢، ص٣٧٦، ٣٧٧ .

# باسی پێنجەم: پۆلێنکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان

چەند پۆلێنکردنێکی ماف و ئازادییە گشتییەکان هەیە، ئێمە بەتەنها هەندێکیان دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی مافە سیاسییەکان دەرکەون.

(لاسکی)[1] زانا ناوەڕۆکی ئازادیی تاکەکەسی کردووە بە سێ جۆرەوە:

یەکەم: ئازادیی کەسی.

دووەم: ئازادیی سیاسی.

سێیەم: ئازادیی ئابووری.

هەندێکی تر وا دەبینن کە ئازادیی دیموکراسی دەکرێت بکرێت بە سێ بەشەوە:

ئازادییە کەلتوورییەکان: کە ئازادیی دەربڕین و ڕۆژنامەنووسی و بیروباوەڕ و مافی فێرکردن و فێربوون لەخۆ دەگرێت.

ئازادییە سیاسییەکان: مانای ئازادبوونی گەلە لە هەڵبژاردنی حکومەت و داڕشتنی یاسا و گفتوگۆکردنی کاروبارە گشتییەکان.

ئازادییە ئابوورییەکان: کە مافی موڵکداریی تایبەت و جووڵە ئابوورییە تایبەتەکان دەگرێتەوە.[2]

دکتۆر سەروەت بەدەوەی دابەشکردنێکی گشتگیرتری کردووە، کە زۆربەی نووسەرەکانی جیهان و عەرەبی لەم بابەتەدا بۆی دەگەڕێنەوە، کە کردوویەتی بە دوو بەشی سەرەکییەوە[3]:

---

[1] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٦١.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٦١. وينسب هذا التقسيم إلى العالم "كارل" Carl . L.becker

[3] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٢٧٢.

**بەشی یەکەم: ماف و ئازادییە کلاسیکییەکان، کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:**

یەکەم: ئازادییە کەسییەکان، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

١ـ ئازادیی گواستنەوە.

٢ـ مافی ئارامی.

٣ـ حورمەتی شوێنی نیشتەجێبوون.

٤ـ ئازادیی نامەگۆڕینەوە.

**دووهەم: ئازادیی هزر، کە ئەمانە دەگرێتەوە:**

١ـ ئازادیی بیروباوەڕ.

٢ـ ئازادیی خوێندن.

٣ـ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی.

٤ـ ئازادیی شانۆ، سینەما، ئێزگە.

٥ـ ئازادیی ڕادەربڕین.

سێهەم: ئازادیی گردبوونەوە، مەبەست پێی ئەو ئازادییانەیە کە تاکەکان بەتەنها ناتوانن پیادەی بکەن، بەڵکو پێویستی بە بەشداربوونی بەکۆمەڵ هەیە، وەك: پێکهێنانی ڕێکخراو، ئازادیی کۆبوونەوەکان.

**بەشی دووهەم: مافە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمانە دەگرێتەوە:**

مافی کار، مافی پێکهێنانی سەندیکا و ناونووسین تیایدا، مافی مرۆڤ لە پشوو و حەوانەوە و مۆڵەتوەرگرتن و دیاریکردنی کاتژمێری کاتی کار.

عەبدوناسر تۆفیق عەتار پەیکەرێکی کورتی لەم بارەوە داناوە، وێنەیەکی تێروتەواوی ڕوون کردووەتەوە، ڕەنگە بەسوود بێت ئەگەر بەپوختی یەك وێنەی یەکگرتووی هەموویان وەربگیرێت.[1]

---

[1] عبدالناصر عطار، مدخل لدراسة القانون، ص٣٦٥. محمود جمال الدين زكي، مقدمة الدراسات القانونية، ص٢٦٤. البدراوي، النظرية العامة للحق، ص٤٥١. حسن كيرة، المدخل إلى القانون، ٤٢٤.

# باسی شەشەم: مافە سیاسییەکان

## بەندی یەکەم: مانای گەیاندن و بایەخی مافە سیاسییەکان:

بەشێك لە یاساناسان وەها پێناسەی دەکەن: ئەو مافانەن کە بۆ تاك دەسەلمێنرێن وەك هاوولاتییەك لە دەولەتێکی دیاریکراودا، ڕێگەشی پێ داون کە بەشدار بێت لە حوکمڕانیی دەولەتدا، وەك مافی خۆپالاوتن بۆ ئەنجومەنە نوێنەرایەتییەکان، مافی دەنگدان لە هەلبژاردنە گشتییەکاندا،[1] مافە سیاسییەکان بەوەدا جیا دەکرێتەوە نزیکە لە مانای ئەرکەوە، چونکە جێبەجێکردنی ئەم مافانە پەیوەستن بە بەرژەوەندیی وەزیفە و پێکەوەبوونی هاوبەش.

وتراویشە: مافە سیاسییەکان ئەوانەن کە یاسا بڕیاریان لەسەر دەدات بۆ کەسێك تا بەشدار بێت لە دەسەلاتی سیاسیی گرووپێکدا.[2]

بەدراوی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: مافە سیاسییەکان، ئەو مافانەن کە بۆ کەسێك دەسەلمێت بەو سیفەتەی ئەندامە لە گرووپێکی سیاسییدا، بە مەبەستی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی گرووپەکەدا.[3]

مافی سیاسی تایبەتە بە ئەندامانی کۆمەلی هاوولاتییەوە و بیانییەکان ناگرێتەوە، چونکە تەنها هاوولاتی مافی بەشداریکردنی حوکمڕانیی ولات و ئاڕاستەی سیاسیی هەیە.

---

[1] محمود جمال الدين زكي، دروس في مقدمة الدراسات القانونية، ص٢٦٥.

[2] عبدالناصر العطار، مدخل لدراسة القانون، ص٣٦٦.

[3] عبدالمنعم البدرايو، النظرية العامة للحق، ص٤٥١. حسن كيرة، المدخل إلى القانون، ص٤٢٤. هشام القاسم، المدخل إلى علم القانون، ص٢٧٤. زكريا الخطيب، نظام الشورى في الإسلام، ص٣٧٩.

هەندێك نووسەریش ئازادیی سیاسی بەم شێوە وەسف دەکەن: "بەشداریکردنی هاوولاتییە لە کاروباری گشتییدا، بۆ دەسەلاتداربوونی بەرپرسان و چاودێریی کارەکانیان، هەروەها لە حوکمگرتنەدەست و وەزیفە گشتییەکان و دامەزراندنی ڕێکخراو و حیزبدا".[١] لە یاساکانی مافی مرۆڤی جیهانییش لە مادەی (٢١: ١) بەم مانایە هاتووە[٢]:

١ـ هەموو تاکێك مافی بەشداریکردنی ئیدارەدانی کاروباری گشتیی وڵاتی هەیە، جا ڕاستەوخۆ بێت، یان لە ڕێگەی نوێنەرانێکەوە کە ئازادانە هەڵدەبژێردێن.

٢ـ هەموو تاکێك هەمان مافی ئەوانی دیکەی هەیە لە وەرگرتنی پلە و پێگەی گشتیی وڵاتدا.

مافی سیاسی هاوتەریب دێت لەگەڵ مافی کەسی و مافی کۆمەڵایەتیدا، لەناو کۆی مافە گشتییەکاندا، لە ڕووی جێکەوتە و پێگەوە لەوان کەمتر نییە. بایەخی مافە سیاسییەکان لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت:

ڕووی یەکەم: ماف و ئازادییە سیاسییەکان پەیوەستن بە بەرژەوەندیی گشتییەوە کە کێشەی هەموو هاوولاتییانە، بەرژەوەندیی گشتییش لە ڕووی پلە و بایەخە لە پێش بەرژەوەندیی کەسییەوەیە، چونکە گرنگترە و شوێنەواری فراوانترە.

ڕووی دووهەم: ماف و ئازادییە سیاسییەکان پەیوەستن بە کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵەوە، کە هەوڵی بەرگریکردنی بۆ دەدات دژی دوژمنانی دەرەکی، هەروەها هەوڵی پێکەوەگونجان و ڕێکخستنیان دەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فەوتانی مافە سیاسییەکان سەرەتایە بۆ فەوتانی مافەکانی دیکەش.

---

[١] ادمون رباط، الوسيط في القانون الدستوري العام، ج٢، ص٢٣١.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص٢٣٣.

ڕووی سێهەم: ئەگەر ئەو مافانەی پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤ و خاوەنداریێتی و کەسێتی و خێزان و کاریەوە گرنگ بن، بێگومان ئەو مافانەی پەیوەستن بە کاروباری مەعنەوییەوە گرنگییان لەوانە کەمتر نییە، ئازادیی مرۆڤ لەوەی ڕای خۆی دەربڕێت و بەشداریی بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی بکات، بەرهەمی ئازادییەکان و دەرئەنجامەکانیەتی.

ژیانی مرۆڤ ئەگەر زمان و هزری بەسترا بن و هەڵوێست و ڕایەکی نەبوو مانایەکی نامێنێتەوە.

ڕووی چوارەم: ژیان سەدای داهێنانی مرۆڤایەتییە و هەمیشە لە پەرەسەندن و گۆڕانکاریدایە لە هەموو بوارەکاندا، بەدڵنیاییەوە داهێنان و گەشەکردنیش ئەگەر ئازادیی سیاسی نەبێت و مرۆڤ هەموو مافەکانی خۆی پیادە نەکات درووست نابن.

دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیارێتیی گەورەی دەکەوێتە سەر لە ڕەخساندنی کەشی ئازاد و ڕەهاکردنی هزر لەو کۆت و بەندانەی لە جووڵەی بەرهەمداری مرۆڤ پەك دەخەن.

**ماف و ئازادییە سیاسییەکان و حوکمە شەرعییەکان:**

دەتوانین لە هەموو ئەوانەی ڕابوردن بڵێین: ماف و ئازادییە سیاسییەکان بەشێکن لە کۆی حوکمە شەرعییەکان، کە شەرعدانەر سەلماندوویەتی وەك مافەکانی دیکە بڕیاری لەسەر دراوە.

خوای مەزن ماف و ئازادییەکانی بە مرۆڤ بەخشیوە تا بە ئەرکە گەورە و بەرپرسیارێتییە مەرکەزییەکەی هەستێت، ئەویش ئەرکی جێنشینبوونە لەسەر زەوی، کە ئاوەدانکردنەوەی بوونەوەر و بڵاوکردنەوەی پەیامی چاکە لەناو خەڵکدا بەپێی بەرنامەی خودایی، بەکارهێنانی یاساکانی بوونەوەر و پشکنینی مەملەکەتی خودایی پڕ لە نهێنییە، کە پێویستی بەگەڕخستنی ئاوەز و ڕێکخستنی وزەکان و

دەستگرتنە بە هۆكارەكان لە پێناو دۆزینەوە و سوودلێوەرگرتنیان بۆ خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتی.

ئەم ماف و ئازادییانە بەپێی بەدەستهێنانی مەبەستەكانی شەریعەت لە ڕیزی حوكمە شەرعییەكان خۆ دەبیننەوە، واتە دەگونجێت واجب یان سوننەت یان ڕێگەپێدراو بن، ئەوەش زانراوە لە شەریعەت جار هەیە ڕەنگە سوننەت (مندوب) بگۆڕێت بە واجب، بە هەمان شێوە ڕێگەپێدراویش جارجار دەبێت بە سوننەت یان واجب، بەپێی ئەو بەرژەوەندییانەی بەدەستە دەهێنرێت یان ئەو زیانانەی لا دەدرێت.

## بەندی دووهەم: ئەو بناغە و بنەمایانەی كە ماف و ئازادییە سیاسییەكانی لە شەریعەتی ئیسلامدا لەسەر دادەمەزرێت

یەكەم: سەرچاوەی ماف و ئازادیی سیاسی و واجبەكان لە ئیسلامدا، شەریعەتە، جا بە دەق بێت یان بە ماناكەیاندن، ماف و ئازادیی سیاسی لە شەریعەتی ئیسلامدا بەخششی هیچ كەسێك نییە، نە بەخششی دەسەڵاتدار، نە دەوڵەت، بەڵكو كۆمەڵە حوكمێكی شەرعیی دانپێدانراوە لەلایەن خودای پەروەردگارەوە، دەبێتە بەشێك لە ئایین، درووست نییە پێشێل بكرێت یان لێی كەم بكرێتەوە، چونكە ئەوە دەبێتە گوناهباری و سزای خودایی لێ دەكەوێتەوە.[1]

جا بەم شێوەیە سام و شكۆ و پیرۆزییەك بە ماف و ئازادی دەبەخشێت، لە دەروونی موسڵماناندا بەگشتی، ئەوكات پێویستە لەلایەن خەڵك و دەسەڵاتدارانیشەوە گرنگی و بایەخیان پێ بدرێت و پارێزگاریی لێ بكەن.

---

[1] سعدى أبو حبيب، دراسة في منهاج الإسلام السياسي، ص٧٤٢.

شاتبی دەڵێت: مافی بەندە دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا، لەو ڕووەوە کە مافی خودایە، لەو ڕووەشەوە کە خودا بۆی هەبوو هەر لە بنەڕەتدا ماف بۆ بەندە دانەنێت.[1]

دووەم: ماف و ئازادی ملکەچی چاودێری و بەندی شەرعی دەبن، بە شێوەیەك پێویست دەکات سیستەمێك داڕێژرێت کە بەکارهێنانی ماف و ئازادی ڕێك بخات، جا لەلای تاکەوە بێت یان لەلای گرووپەکانەوە، ئەم بەند و ڕێکخستنە شەرعییەش دوو پێوەرن:

١ــ بەکارهێنانی ماف و ئازادی دەبێت لەپێناوی ئەو ئامانجەدا بێت کە پەروەردگار ماف و ئازادیی تیادا دیاری کردووە، خاوەن ماف یان ئازادی ناتوانێت بۆ مەبەستێك یان ئامانجێکی دیکە بەکاریان بهێنن کە ئامانجی خودا نەبوو، ئەمەش پێی دەوترێت: سازانی نیازی بەرکار لەگەڵ نیازی پەروەردگار، پێچەوانەبوونی ئامانجی خودایی بەتاڵە وەك شاتبی دەڵێت.

٢ـ بەکارهێنانی ماف و ئازادی نەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە تاك یان بەژەوەندیی گشتیی میللەت، هەروەها بەکارهێنانیان نەبێتە ئاژاوەیەك زیان بە وڵات بگەیەنێت و لاوازی بکات.[2]

سێهەم: ماف و ئازادی کە ئیسلام ڕێگەی پێ داوە، لەسەر بنەمایەکی دوانەییە لەپێناو بەدیهاتنی بەرژەوەندیی تاکی و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەش لە یەك کاتدا، شەریعەتی ئیسلامی پاراستنی هەردوو بەرژەوەندییەکەی لا مەبەستە و نابێت زیان بە هیچکامیان بگات.[3]

---

[1] الشاطبي، الموافقات، ج٢، ص٣١٦. فتحي الدريني، خصائص التشريع، ص٣٨٩.

[2] فتحي الدريني، نظرية التعسف في استعمال الحق، ص٣٤٢ بە دواوە.

[3] فتحي الدريني، خصائص التشريع، ج٢، ص٢٧٤.

مرۆڤ بـه سرووشـت بوونـهوهرێكی كۆمهڵایهتییـه، خۆڕسـكانه ناتوانێـت بهتـهنها بژی، بۆیه مافی تاك و كۆمهڵگه لێك جیا ناكرێتهوه و هاودژییش له نێوانیاندا نییه، شاتبی بهم مانایه دهڵێت: **ههموو حوكمێكی شهرعی خاڵی نییه لـه مـافی خـودایی، ههروهها ههموو حوكمێكی شهرعی مافی بهندهی تێدایه زوو بێت یان دوا بخرێت.**[(1)]

چـوارهم: مافـهكانی تـاك و ئازادییـه گشـتییهكان لـه ئیسـلامدا، ههنـدێكیان لـه بـههێزترین و بـاڵاترین ئامـانجی شـهریعهتن، وهك: مـافی ژیـان، ههندێكیشـیان لـه ئامانجه پێویسته (الحاجیة)كانن وهك ئازادییه سیاسییهكان كه بنـهمای بـڕاوهن لـه شـهرعدا و درووسـت نییـه ههڵوهشـێنرێنهوه یـان زهوت بكـرێن.[(2)] لێـرهوه دهڵـێین ئامانجـهكانی شـهریعهتی ئیسـلام بـه هه‌رسـێ پلهكهیـهوه دهبێتـه چوارچـێوهیهكی گشتیی بیردۆزهی ماف و ئازادییه سیاسییهكان له ئیسلامدا.[(3)]

---

[1] الشاطبي، الموافقات، ج٢، ص٣١٧.

[2] الدريني، خصائص التشريع، ص٤٠٤.

[3] راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٤٢.

# بەشی دووەم
# ڕەگەزنامە و هاووڵاتیبوون و
# کاریگەرییان لەسەر مافە سیاسییەکان

# باسی یەکەم: ڕەگەزنامە

## بەندی یەکەم: پێناسەی ڕەگەزنامە:

ڕەگەزنامە (الجنسية) لە عەرەبیدا لە (الجنس)ەوە هاتووە، ڕەگەزیش نموونەیە لە هەموو شتێك، لە خەڵك و لە باڵندە، ڕەگەز لە جۆر گشتگیرترە.[1]

دەبێت ئاگادار بین پەیوەندی لە نێوان پێناسەی زمانەوانی و زاراوەی یاسایی ڕەگەز و ڕەگەزنامەدا نییە، چونکە ڕەگەزنامە زاراوەیەکی یاساییە و مانایەکی دیاری یاسایی و سیاسیی خۆی هەیە، کە باسی دەکەین. دەشزانین زاراوەی ڕەگەزنامە بە زاراوەیەکی هاوچەرخ بەم مانایە دادەنرێت، چونکە ڕەگەزنامە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا پەیدا بوو، هەرچەندە مانای گەیاندنە یاسایی و سیاسییەکەی بە دێرێنیی دەوڵەتە دێرینە، چونکە دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر چەند پایەیەك بووە، یەکێکیان پایەی گەل بوو، پەیوەندیی نێوان گەل و دەسەڵات وەك لەمەودوا دەیبینین پێی دەوترا ڕەگەزنامە.

## ڕەگەزنامە لە زاراوەدا:

شارەزایانی یاسا لە ناساندنی ڕەگەزنامەدا ڕاجیان، نامانەوێت بڕۆینە قووڵایی ئەو جیاوازییەوە، ئەوەندە بەسە کە پێناسەیەکیان هەڵدەبژێرین کە مانای ناوەڕۆکی ڕەگەزنامە دەگەیەنێت بە قسەی زۆرینەی شارەزایان.

**ڕەگەزنامە:** ئەو پەیوەستبوونە سیاسی و یاساییەی نێوان تاك و دەوڵەتە کە ماف و پابەندبوونی دیاریکراو و ئاڵوگۆڕی نێوانیانی لێ پەیدا دەبێت.[2]

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، ج١، ص٥١٤. محمد فريد وجدي، دائرة المعارف، ج٣، ص١٧٩.

[2] ئەم پێناسەیە لە چەند پێناسەیەکەوە وەرگیراوە.

لەو پێناسەوە دەر دەکەوێت کە ڕەگەزنامە پەیوەندییەکە لە نێوان تاك و دەوڵەت، بەو پێیەی دەوڵەت کەسەکە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەپارێزێت، تاکیش ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەتە بەو ئیعتیبارەی یەکێکە لە ڕەعیەتەکانی، بەم ڕۆڵەی کە ڕەگەزنامە دەیبینێت دەبینین دیارترین سیفەت و نیشانەکانی یاسایی و سیاسین.

لەبەردەم یاسایەکی دیاریکراودایە کە شێوەی بەدەستهێنان و لەدەستدانیشی بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەروەها ماف و ئەرکە ئاڵوگۆڕەکان دیاری دەکات، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشدا ڕەهەندی سیاسی هەیە، کە تاك ناتوانێت مامەڵە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، لە ڕێگەی هاووڵاتیبوونیەوە نەبێت، لە دەوڵەتێکی دانپێدانراوی سیاسی و یاساییەوە، ئەم دانپێدانانەش لە کەسەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

لەناو دەوڵەتەکەشدا تاك ناتوانێت ڕۆڵی سیاسی بەبێ ڕەگەزنامە ببینێت، هەروەها پێگەیەکی یاساییشی لەناو دەوڵەتەکەدا نییە لە ڕێگەی ڕەگەزەنامەکەیەوە نەبێت.

## بەندی دووەم: شوێنەواری ڕەگەزنامە:

گرنگیی ڕەگەزنامە لەو شوێنەوارانەوە دەردەکەوێت کە لەسەری پەیدا دەبێت، ئەم شوێنەوارانەش هەردوو جەمسەرەکە دەگرنەوە، کە ماف و ئەرك لەسەر هەردووکیان دابەش دەکات، شوێنەوارانەکانیش لە ڕووی دەرەوە و ناوەوە دەردەکەوێت:

**یەکەم: ئەو شوێنەوارانەی لەسەر ڕەگەزنامە لە بوارە ناوخۆییەکە پەیدا دەبێت[1]:**

تاك کە ڕەگەزنامەی دەوڵەتی بەدەست هێنا کۆمەڵە شوێنەوارێکی یاسایی لێ دەبێتەوە کە لە تاکی بیانی جیایی دەکاتەوە لە زۆر کاروباری گرنگدا، لە ڕووی ماف و ئەرکەوە:

١ـ دەبێتە ئەندامی جڤاتی سیاسی کە لە دەوڵەت پێك دێت و دەشبێتە تاکێکی گەلەکەی، کە پایەیەکی بنەڕەتی پێکهێنەری دەوڵەتە ئەو ئەندامەش کۆمەڵە مافێکی هەیە کە لە کەسانی تردا نییە، گرنگترینی ئەو مافانەش:

مافە سیاسییەکان: کە بەشداربوونە لە ئیدارەدانی کاروباری دەوڵەت و ئیدارەدانی کاروباری حوکمڕانی بە ڕاستەوخۆ بێت یان بە ناڕاستەوخۆ، مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنەکانی یاسادانانی هەیە، مافی وەرگرتنی پلە بەرزە گشتییەکانیشی هەیە،[2] کە پێی دەوترێت: بەشداریکردنی تاك لە دەسەڵاتی سیاسیدا.[3]

بیانی ئەم مافانەی نییە، تەنها ئەوانەی خاوەن ڕەگەزنامەن ئەم مافەیان هەیە، کە پێیان دەوترێت هاووڵاتیان، بە پێچەوانەی ئازادی و مافە مەدەنییەکانەوە کە بیانییەکانیش هەیانە.

هاووڵاتی مافی هەیە بەشدار بێت لە کاروبارە گشتییەکان وەك دانانی دەسەڵاتداران، چاودێری کارەکانیان، دەسەڵاتوەرگرتن و وەزیفە گشتییەگان و توانای کۆبوونەوە و مافی دامەزراندنی ڕێکخراو و حیزب، بۆ بەکارهێنانی مافە سیاسییەکانی لە ناو دەوڵەتدا، کە ئەم لقانەی لێ دەبێتەوە:

---

[1] هشام صادق، الجنسية والموطن، ج١، ص١٩.

[2] عبدالحميد متولي، الحريات العامة، ص١٠.

[3] مصطفى أبو زيد فهمي، مبادىء الانظمة السياسية، ص٢٧٧.

١ـ مافی بەشداربوون لە سەروەریی میللی.

٢ـ مافی کۆڕ و کۆبوونەوە و دامەزراندنی ڕێکخراو و بەشداربوون تیایدا.

٣ـ مافی ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکەشی.(١)

٢ـ ئەوەی ڕەگەزنامەی دەوڵەتی هەبوو بۆی هەیە لە هەرێمێکی دەوڵەتدا بەهەمیشەیی نیشتەجێ بێت و بمێنێتەوە.(٢)

٣ـ مافی خاوەندارێتیی خانووبەرەی هەیە.

سەرەڕای مافی کار و بیمە و هاریکاریی کۆمەڵایەتی و مافی سکاڵا و جگە لەوانەش لە مافی تاکی و کۆمەڵییەکان.

ئەرکەکانیش ئەمانەن:

١ـ ئەرکی ملکەچبوون بۆ سیستەم و یاساکانی دەوڵەت و پابەندبوون بە بڕیارەکانیەوە.

٢ـ ئەرکی بەرگریکردن لە خاکی دەوڵەت و بەشداربوون لە خزمەتی سەربازی.

٣ـ ئەرکی جێبەجێکردنی داواکاریە مادییەکانی دەوڵەت، وەك باج و شتی دی.

### دووهەم: کاریگەریی ڕەگەزنامە لە بواری نێودەوڵەتیدا:

کاریگەریی ڕەگەزنامە تەنها لە ناوخۆدا کورت هەڵنایەت، بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ بواری نێودەوڵەتییش، تیایدا کۆمەڵێك ماف بە دەوڵەتەکەی دەدات و هەندێکیش پابەندی دەخاتە سەری، ڕەنگە گرنگترین مافێك کە یاسای نێودەوڵەتی لەم بوارەدا بڕیاری لەسەر دابێت مافی دەوڵەت بێت بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی، ئەگەر لەلایەن دەوڵەتێکی بێگانەوە زیانێکیان پێ بگات، ئەو کاتە بۆی هەیە دەستوەردانی دبلۆماسی بکات بۆ داواکردنی قەرەبووی ئەو کەسانەی زیانەکەیان پێ گەیشتووە،

---

[١] أدمون رباط، الوسيط في القانون الدستوري، ج٢، ص٢٣١.

[٢] هشام صادق، الجنسية والمواطن، ج١، ص٢٠.

هەروەها بۆی هەیە لە بەردەم دادگای نێودەوڵەتیدا سکاڵا تۆمار بکات لەپێناو نەهێشتنی ئەو زیانانەی گەیشتووە بەو کەسانە، چونکە ئەو زیانانە بە زیانگەیاندن دادەنرێت بە هەموو جفاتە نیشتمانییەکەی.

لە بەرامبەر ئەوەدا دەوڵەتەکە ئەرك و پابەندی بەرامبەر دەوڵەتەکانی دیکەی ئەندام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەکەوێتە سەر، دەوڵەت بۆی نییە ئەوانەی مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەییان لە وڵاتەکەیدا هەیە دەریان بکات، یان ڕێگەی گەڕانەوەیان لێ بگرێت، ڕەنگە باش بێت بزانین تاك ناتوانێت لە نێوان وڵاتاندا هاتوچۆ بکات بەبێ بوونی ڕەگەزنامەی یەکێك لەو دەوڵەتانە کە بەڵگەنامەی سەفەر و گەڕانی بۆ ئامادە بکات و دەبێتە ژێدەر لە کاتی تێکگیرانی یاسای دەوڵەتاندا، هەروەها ڕەگەزنامە پەیوەستە بە ئەرکی دبلۆماسیی نێوان دەوڵەتانەوە، لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوەدا.[1]

## بەندی سێیەم: ڕەگەزنامە لە شەریعەتی ئیسلامیدا

### یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی و ڕەگەزنامەی دامەزراندن:

بە کۆچی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بۆ مەدینە، بنیاتی دەوڵەتی ئیسلامی نرا و پایەکانیشی دامەزران کە ئەمانەن:

- دەسەڵات: لە پێغەمبەری خودادا (دروودی خودای لەسەر) خۆی دەبینێتەوە.
- هەرێم: مەدینە (یەسریب).
- دانیشتووان: کۆچەری و پشتیوانان.

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) هەنگاوە دیارەکانی بنیاتنانی هەڵنا:

[1] هشام صادق، الجحنسية والموطن ومركز الاجانب، ج١، ص٢٠.

ـــ درووســتکردنی مزگــەوت: کــە بــوو بــە شــوێنی کۆبوونــەوەی موســڵمانان و ڕاوێژپێکردنیان، جگە لەوەی یانەی خوداپەرستی بوو.

ــ پێکهێنــانی برایــەتیی نێــوان کۆچــەری و پشــتیوانان، لــەپێناو قووڵکردنــەوەی یەکێتیی نیشتمانی و تەواوکاریی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ڕیزی موسڵمانان.

ـ بنیاتنانی بازاڕێکی ئابووریی تایبــەت بــە موســڵمانان تــا قــۆرخکردنی بــازاڕ لــە لایەن جوولەکەوە بشکێنێت.

ـ داڕشتنی یەکەم پەیماننامەی دەستووری کە لە چلوحەوت مــادەی دەســتووری پێــك هــاتبوو، بــۆ ڕێکخســتنی پەیوەنــدیی نێــوان گــەل و دەســەڵات لــە لایــەك و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان چینوتوێژەکانی خودی گەلەکە لە لایەکی دیکەوە.

ئەم پەیماننامە دەستوورییە بایەخدارە، بەشێك لە مادەکانی بــە زاراوەی ئــەمڕۆ پەیوەست بوون بە بابەتی ڕەگەزنامەوە، کە پەیوەندیی یاســایی و سیاســیی نێــوان تاك و دەوڵەتە، دەکرێت ناوی بنێین ڕەگەزنامەی دامەزراندن، لەو مادانەدا وەك:

یەکەم: دیاریکردنی سیفەتی سەرەکیی هاووڵاتیبوون، کە مــەرجێکی ســەرەکیی دەستخستنی ڕەگەزنامەیــە، ئــەویش لــە مــادەی یەکــەمی پەیماننامەکەدایــە: "ئــەم نووســراوەی موحەممــەد پێغەمبــەر (درودی خــودای لەســەر) لــە نێــوان بــاوەڕدار و موسڵمانانی قوڕەیش و خەڵکی یەسریب و ئەوانەی شوێنیان دەکەون و دێنە ناویان و لەگەڵیاندا تێدەکۆشن". [١]

کەواتــە هەرکەســێکی موســڵمانی قوڕەیشــی و خــەڵکی یەســریب و ئەوانــەش موســڵمان دەبــن بێنــە ناویــان و جیهادیــان لەگــەڵ بکــەن، ســیفەتی هــاووڵاتیبوون بەدەست دەهێنن.

---

[١] ابن هشام، السيرة، ج١، ص٥٠١. أبو عبيد، الأموال، ص٢٦٠. محمد حميد الله، الوثـائق السياسـية لعهـد النبوة والخلافة الراشدة، ص٥٩.

دووهەم: خەڵکی مەدینە، گەلێکی تایبەت و سەربەخۆیە، دەسەڵاتی سیاسیی هەیە و خاوەنی مافە و ئەرك و پابەندیی تایبەتی لەسەرە، وەك لە پەیماننامەکەدا هاتووە: "ئەمان یەك ئوممەتن سەربەخۆ لە خەڵك"،[1] ئەمانە زۆربەی هەرە زۆری گەلی مەدینە و ناوجەرگە ڕاستەقینەکەی پێك دەهێنن.

سێهەم: ڕەگەزنامە تەنها لە موسڵمانانی قوڕەیش و خەڵکی مەدینەدا کورت هەڵنەهێنرا، بەڵکو ناموسڵمانەکانی جوولەکەشی گرتەوە، کە دانیشتووی مەدینە بوون لە پێش ئیسلامدا، ئەمەش لە چەند مادەیەکی گرنگدا هاتبوو: "هەر کەسێکی جوولەکە هات لەگەڵمان، بەرگری لێ دەکەین و ناچەوسێنرێتەوە و پشتیوانیی کەسیش ناکرێت دژیان"،[2] لە مادەیەکی دیکەدا هاتووە: "جوولەکەکانی بەنی عەوف گەلێکی سەربەخۆن لە موسڵمانان، جوولەکە ئایینی خۆیان و موسڵمانانیش ئایینی خۆیان هەیە، هەروەها کەسوکار و دەستوپێوەندەکانیشان".[3]

چوارەم: لە ڕێگەی ناوهێنانی تیرەکانیانەوە، دانیشتووانی مەدینە ڕێك خران، چونکە پەیماننامەکە تیرە تیرە ناویان دەهێنێت، ئەوس، خەزرەج، بەنی عەوف، بەنو نەجار، بەنو ساعیدە، بەنو حارس، بەنو جەشم،...".[4]

پێنجەم: پەیماننامەکە پرۆسەی چوونەناو و هاتنەدەرەوەی دیاری کرد، کە دەبێت بە مۆڵەتی پێغەمبەری خودا بێت، (درودی خودای لەسەر بێت)، واتە: "دەسەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوا، چونکە کەس لەناویان دەرناچێت مەگەر بە مۆڵەتی محەمەد".[5]

---

[1] ابن هشام، السيرة، ج١، ص٥٠١.

[2] ابن هشام، السيرة، ج١، ص٥٠٣.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٥٠٣.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٥٠٣.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٥٠٣.

شەشەم: هـەروەها پەیماننامەکـە هاتنـەناو مەدینـە و نیشـتەجێبوون تیایـدا بـۆ بیانییـەکانی ڕێـك خسـت، بەتایبـەت ئەوانـەی لـە حاڵـەتی جەنگـدا بـوون لەگـەڵ موسڵمانان وەك قوڕەیش.

- "پەنادانی قوڕەیش و پشتیوانانی ناکرێت".[1]

- "هەر باوەڕدارێك کە دان دەنێت بەم نووسراوەدا و باوەڕی بە خودا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، نابێت کەسێك بێپەیمان پەنا بدات یان پشتیوانیی بکات".[2]

- "هیچ نامووس و حورمەتێك بە مۆڵەتی کەسوکاری نەبێت پەنا نادرێت".[3]

حەوتەم: پەیماننامەکە شوێنەوارەکانی ڕەگەزنامەی دەستنیشان کرد، لە ئـەرك و ماف، ئەرکی بەرگریکردن و هاوبەشی لە زەویی دەوڵەتدا.

- "لە نێوانیاندا پشتیوان و بەرگریکردن هەیە دژی ئەوانـەی پـەلاماری یەسـریب دەدەن".[4]

- "هەموو خەڵکێك ئەو پشکەیان لەسەرە کە لە ڕووی ئەوانەوەیە".[5]

- "جوولەکە لەگەڵ باوەڕداران دەبەخشن مادام دەجەنگن".[6]

وەك دەبینین ئەم مادەیە جەخت لەسەر ئەرکی دارایی دەکاتەوە.

هـەروەها پەیماننامەکـە جـەخت لـە مـافی هـەموو هاووڵاتییـەك دەکاتـەوە کـە بپارێزرێت، ئارام بـژی، نیشـتەجێ بێـت و هاوبەشـی هاریکـاریی کۆمەڵایـەتی بێـت: "هەرکەس دەرچوو پارێزراوە، هەرکـەس لـە مەدینـەدا دانیشـت پـارێزراوە، مەگـەر

[1] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٥٠٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٥٠٣.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٥٠٤.

[4] ابن هشام، السيرة، السابق، ج١، ص٥٠٤.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٥٠٤.

[6] سەرچاوەی پێشوو.

کەسێك ستەم و تاوان ئەنجام بدات".[1] "هەموو تاقمێك لـەناو موسـڵمانانـدا فدیـەی ئەوا نەدەدا کە پشتیوانییانە بە چاکە و دادگەری".[2]

هەروەها پەیماننامەکە جـەختی لەسـەر گـرنگترین ئـەرك کردووەتـەوە، ئـەویش ئەرکی ملکەچبوونە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوا و پابەندبوون بە سیسـتەم و یاساکانیەوە: "ئێوە لە هەر شتێکدا جیاوازیی کەوتە نێوانتان، ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار و بۆ لای محەمەد".[3]

## بنەما سەرەکییەکانی بەخشینی ڕەگەزنامە لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا

دەتوانین بڵێین ڕەگەزنامە لە شەریعەتی ئیسلامیدا لەسەر دوو بنەمای سـەرەکی دەبەخشرێت:

**بنەمای یەکەم: مافی شوێنکەوتەی ئیسلامی (التبعیة الاسلامیة) بۆ دەوڵەتی ئیسلام:**

هەرکەسێك موسڵمان بوو و ڕۆیشتە نـاو کۆمەڵگـەی دەوڵـەتی ئیسـلامەوە، مـافی بەدەستهێنانی سیفەتی هاوڵاتیبوون و وەرگرتنی ڕەگەزنامەی دەوڵـەتی ئیسـلامی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، هەر موسڵمانێك نەڕواتە ناو دەوڵەتەکـەوە ڕەگەزنامـەی دەوڵەتی ئیسلامی نییە، بەم بەڵگانە:

**یەکەم: خودا دەفـەرموێت:** ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا﴾.[4] **واتـە: " بەڕاسـتی ئەوانـەی بڕوایـان هێنـا و**

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] سەرچاوەی پێشوو.

[4] الأنفال: ٧٢. ئایەتی تری زۆر هەن پشتیوانیی ئەم مانایە دەکەن.

کۆچیان کرد و تێکۆشان بە ماڵیان و بە گیانیان لە ڕێگای خوادا و ئەوانەی (کۆچەرەکانیان) گرتە خۆیان و کۆمەکیان کردن ئەوانە پشتیوان و دۆستی یەکترین و ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کۆچیان نەکردووە بۆ ئێوە نییە هیچ جۆرە دۆستایەتییەکیان بکەن هەتا کۆچ نەکەن".

ئەم ئایەتە باوەڕی لەو کەسانە نەسەندووەتەوە کە باوەڕدارن کۆچ ناکەن، بەڵکو دەستکەوتی مافی هاووڵاتیبوونی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لێ سەندوونەتەوە، واتە ئەوانە لە وەرگرتنی ڕەگەزنامە بێبەش دەبن، بێگومان ئەو شوێنەوارانەش کە لێی دەکەوێتەوە، هەرچەندە بەشێك لە ڕاڤەکارانی تەفسیر مانای (الولاية)ی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، بە میرات تەفسیر کردووە و دەڵێن دوایی سڕاوەتەوە.[1]

بەڵام زۆرینەی ڕاڤەکارانی قورئان و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا تەبەری دەڵێت: ئەمە مانای پشتیوانی و سەرخستنە، هیچ بەڵگەیەکیش نییە تا مانای ئایەتەکە بەو شێوە تەسکە دوورە لا دەین واتە بە – میرات –.[2]

نەیسابووری دەڵێت: (بعضهم من بعض) واتە: "لە هاوڕێیەتی و پێکەوەبوونی چوون بۆ لای خودای پەروەردگاردا".[3] ڕەنگە سەیدقوتبی شەهید لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا بوو نووسیبێتی: "ئەمانە بە ئەندامی کۆمەڵگەی ئیسلامی ناژمێردرێن، پەروەردگاریش ویلایەتی بۆ دانەناون، هەموو جۆرەکانی ویلایەت، بەڵام تەنها پەیوەستی بیروباوەڕی هەیە کە ئەمەش بەتەنها لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی پێویست ناکات بەرامبەریان ئەرك بخەنە سەر شانی خۆیان، مەگەر لەسەر

---

[1] الشوكاني، فتح القدير، ج٢٦، ص٣٢٩. السيوطي، الدر المنثور، ج٤، ص١١٣. الماوردي، التفسير، ج٢، ص١١٤. الزمخشري، الكشاف، ج٢، ص١٧٠. أبو السعود، التفسير، ج٤، ص٣٧.

[2] الطبري، التفسير، ج١٤، ص٨٧ – ٨٨. الطباطبائي، الميزان في تفسير القرآن، ج٩، ص١٤١. ابن كثير، التفسير، ج٢، ص١٢١. ابن العربي، أحكام القرآن، ج٢، ص٨٨٧.

[3] النيسابوري، تفسير غرائب القرآن، ج٦، ص٣٢.

ئایینەکــەیان دەســتدرێژی بکرێتــە ســەریان، جــا ئەگــەر لــەم حاڵەتــەدا داوای پشتیوانییان لـە موسـڵمانانی نـاو دەوڵـەتی ئیسـلامی کـرد، دەبێـت موسـڵمانان ئـا لەمەدا پشتیوانییان بکەن، بەو مەرجەی ئەم پشتیوانیکردنە پێچەوانەی پەیمانێکی موسڵمانان نەبێت کە لەگەڵ ئەوانی دەیکەدا دایانبێت". [1]

لێرەوە دەبینین بیروباوەڕ لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە مانای ڕەگەزنامـە نایـەت، بەڵکو پێویستە ئەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی هەبوو، مەرجی دیکەشی تێدا بێت، تـا بتوانێت ڕەگەزنامە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بەدەست بهێنێـت، ئـەویش کۆچـکردن و چوونە ناو کۆمەڵگەی موسڵمانان و نیشتەجێبوونە لە هەرێمی دەوڵەتی ئیسـلامیدا، ڕوویەکی دیکەی بەڵگە هەیە لە ئایەتەکەدا: ﴿وَإِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ﴾. [2] واتە: "ئەگـەر داوای یارمـەتییان لـێ کـردن لـە (پارێزگاری)ی ئایین ئەوە پێویستە لەسەرتان یارمەتیدانیان مەگـەر لـە دژی گـەلێك لە نێوان ئێوە و ئەواندا پەیمان هەبێت".

ئــەو موســڵمانانەی لــە دەرەوەی دەوڵــەتی ئیســلامیدا نیشــتەجێن مــافی پشتیوانیکردنیان هەیە لە حاڵەتێکدا لەسەر ئایین بچەوسێنرێنەوە، بەو مەرجەی لە نێـوان دەوڵـەتی ئیسـلام و دەسـتدرێژیکاراندا بـەڵێن و پەیماننامـە نەبەسـترابێت، ئەمـەش بـەڕوونی دەریـدەخات دەوڵـەتی هاوپـەیمانی بـە دەسـتدرێژیکردنە سـەر موسـڵمانانی نیشـتەجێی دەرەوەی دەوڵـەتی ئیسـلام بـە پەیمانشـکاندن هـەژمار ناکرێـت، لـە کاتێکـدا زانایـانی ئیسـلام کـۆدەنگن کـە بـە دەسـتدرێژیکردنە سـەر موسـڵمانێك یـان پـەنادراوێك کـە لـەناو دەوڵـەتی ئیسـلامیدا نیشـتەجێ بێـت بـە پەیمانشـکێن حسـێبە و پەیمانەکـە هەڵدەوەشـێتەوە، وەك ئـیبن حەجـەر دەڵێـت: "پەیماننامــەی ئاگربەســت بــە کوشــتنی موســڵمان یــان پــەنادراوێك لەناومانــدا

---

[1] سید قطب، في ظلال القرآن، ٣: ١٥٥٩.

[2] الأنفال: ٧٢.

هەڵدەوەشێتەوە".[1] ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبات کە بڵێین ئەو موسڵمانانەی کە لە نیشتەجێی دەوڵەتی ئیسلام نین، بە هاووڵاتی دەوڵەتی ئیسلام ئەژمار ناکرێن، هیچ پێگەیەکی یاساییان تیایدا نییە، ڕەگەزنامەیان پێ نادرێت، مافەکانی خاوەن ڕەگەزنامەشیان نابێت.

دووهەم: ئەوەیە کە بورەیدە دەیگێڕێتەوە: پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) کە ئەمیرێکی لەسەر سوپایەك دادەنا ڕاسپاردەی دەکرد، پاشان ئەیفەرموو: "ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمنی بتپەرست بوویتەوە بۆ سێ شت بانگیان بکە، هەرکامێکیانیان وەرگرت، لێیان قبووڵ بکە و دەستبەرداریان بە، پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام، ئەگەر وەڵامیان دایتەوە لێیان قبووڵ بکە و دەستبەرداریان بە، پاشان بانگیان بکە با لە شوێنی خۆیان بگوازنەوە بێنە شوێنی کۆچەریان، ئاگاداریشیان بکە، ئەگەر ئەمەیان کرد ئەوەی مافی کۆچەریانە دەبێتە مافی ئەوانیش و ئەوەی ئەرکی کۆچەریانە، ئەرکی ئەوانیش دەبێت.".[2]

ئەگەر لە مەبەستی فەرموودەکە سەرنج بدەین، دەبینین ئەوانەی دژی ئیسلام دەجەنگن، بە موسڵمانبوونیان شەڕیان لەگەڵ ناکرێت و وازیان لێ دەهێنرێت، بەڵام بۆ ئەوەی لە ماف و ئەرکدا یەکسان بن، دەبێت بار بکەنە ناو کۆمەڵگەی دەوڵەتی ئیسلامی و بەهەمیشەیی تیایدا نیشتەجێن.

چونکە یەکسانبوون نابێت لە نێوان ئەوەی موسڵمان دەبێت و دەگوازێتەوە ناو دەوڵەتی ئیسلامی، ئەوەی موسڵمان دەبێت، بەڵام کۆچ ناکات و لە دەرەوەی دەوڵەتەکە دەمێنێتەوە و بەشدار نابێت لە بنیاتنانی دەوڵەتدا بە توانا و دارایی و ئاوەزەوە.

---

[1] ابن حجر، تحفة المحتاج، ج٤، ص١٧٨. انظر حاشية الشرواني وابن القاسم، ج٩، ص٢٩٢.

[2] مسلم، الصحيح بشرح النووي، وقد روي الحديث بأكثر من طريقة. الصنعاني، سبل السلام، ج٤، ص٤٥. أبو عبيد، الأموال، ص٢٧١.

واتــه ئــەوەی موسـڵمان دەبێـت و دەچـێتە نـاو دەوڵـەتی ئیسـلامەوە، ئـەوە هاووڵاتییە و ڕەگەزنامـەی دەوڵـەتی ئیسـلامی هەیـە، کـە بەمـەش دەبێتـە خـاوەن پێگەیەکی یاسایی دیاریکراو و شایسـتەی مـاف بەدەسـتهێنان و ئەرکخستنەسـەری دەبێت.

**بنەمای دووەم: پەنادراوی نیشتەجێ (الذمة) لە دەوڵەتی ئیسلامیدا:**

ئەوەی لە گرێبەستی (ئەستۆبەند)ی لە فیقهی ئیسـلامیدا بکۆڵێتـەوە، لـە ڕووی یاسـایی و شـوێنەوارەکانیەوە، دەبینێـت وەك ئـەوەی ئـەمڕۆی گرێبەسـتی ڕەگەزنامەکە پەیوەستی ڕەگەزنامەی پێ دەوترێت وەهایە، ئەمەش بەکورتی باسی دەکەین.

(الذمة) لە زماندا: واتە (ئەستۆبەند) بەڵێن،[1] (الذمة) بە مانای پەنادانیش دێت، بۆیە بەو کەسەی پەیماننامەی لەگەڵ دەبەسترێت دەوترێت (ذمـي)، پـەنا دەدرێـت بەرامبەر بەڵێنی باجدان.[2]

لــە زاراوەیشــدا: "(ئەســتۆبەند) بریتییــە لــە پــەنادانی هەمیشــەیی"[3]، یـان پابەندبوون بە نیشتەجێبوونی بێباوەڕ لە وڵاتماندا و پاراستن و بەرگریلێکردن، بەو مەرجەی ئەو باجەی لەسەریەتی بیدات و بێزیانیش بێت.[4]

هەندێکیش لە فەرموودەناسان وەهایان پێناسە کردووە: بـە مانـای ئـەو بەڵێنـە دێـت، کـە ئـەهلی کیتـاب و هاوشـێوەکانیان دەیـدەن و خۆیـان بـە هاونیشـتمانیی دەوڵەتی ئیسلامی دادەنێن.[5]

---

[1] الجرجاني، التعريفات، ص٩٥.

[2] ابن منظور، لسان العرب، ج١، ص١٠٧٨.

[3] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٧، ص١١٠.

[4] ابن عليش، منح الجليل، ج١، ص٧٥٦.

[5] محمد رواس قلعتجي، موسوعة فقه عمر بن الخطاب، ص٣١٧.

شەرعیەتی (ئەستۆبەندی) لە قورئان و سوننەت و کرداری خەلیفەکاندا، چەسپاوە و پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکات، دەکرێت لە کتێبە فیقهی و مێژووییەکاندا سەیر بکرێت، بە هەمان شێوە لە کتێبەکانی تەفسیر و فەرموودەشدا.

**ـ لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی ئەستۆبەندی:**

یەکەم: گرێبەستی ئەستۆبەندی تەنها لەلایەن سەرۆکی وڵات یان نوێنەرەکەیەوە دەبێت،[1] واتە ئەو دەسەڵاتەی بەرپرسە لە گرێبەستی ئەستۆبەندی، دەسەڵاتی حوکمڕانییە لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا، وەك مامەڵەی گرێبەستی پەنادان مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، لەبەر گرنگیی ئەم گرێبەستە، کە هاتنەناو کۆمەڵگەی دەوڵەتی ئیسلامی کەسانێکی لێ دەکەوێتەوە کە ماف و ئەرکیان دەکەوێتە سەر.

دووهەم: ئەم گرێبەستە دەبێت هەمیشەیی بێت و درووست نییە بکرێتە کاتی.[2]

مەسەلەی هەمیشەییبوون لەم گرێبەستەدا، تایبەتمەندییەکی جیای پێ دەبەخشێت، چونکە ئەوەی دەچێتە ناو ئەم گرێبەستەوە دەبێتە هاووڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی بە هەموو مافێکی هاووڵاتیبوونەوە، ئەم گرێبەستە بۆ خۆی و وەچەکانی ئاییندەی دوای خۆشیەتی، بەڵام گرێبەستی پەنادان و ئاگربەست دەبێ کاتی بن.[3]

---

[1] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٧، ص١١١. المرداوي، الإنصاف، ج٤، ص٢١٧. الشربيني، مغني المحتاج، ج٤، ص٢٤٣. ابن عليش، منح الجليل، ج١، ص٧٥٦.

[2] حاشيتا الشرواني وابن القاسم، ج٩، ص٢٧٥. الزهري، السراج الوهاج، ص٥٤٩. الكاساني، مطالب أولي النهى، ج٢، ص٦٠٢. المرداوي، الإنصاف، ج٤، ص٢١٧. الكاساني، بدائع الصنائع، ج٧، ص١١٠.

[3] المواق، الجواهر والإكليل، ج٣، ص٣٨٦. ابن قدامة، المغني، ج٨، ص٤٥٩. الشربيني، مغني المحتاج، ج٤، ص٢٦٠.

سێهەم: بەپێی گرێبەستەکە ئەستۆبەندان دەبن بە هاوولاتی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، وەك زانایان دەڵێن.

چوارەم: ئەم گرێبەستە وەك هەر گرێبەستێکی مامەڵە لە ئیسلامدا، بە ئیجاب و قەبووڵ دەبێت،[1] واتە گرێبەستی نێوان دوو لایەنە و دەبێت شایەت لە بەیندا هەبێت، کەواتە گرێبەستەکە زۆرلێکردن و فشاری تێدا نییە و خۆسەپاندنی سەرکەوتوویەك نییە و مەبەست پێی چەوساندنەوە و سەرکزکردن نییە.

پێنجەم: هەندێك لە زانایان مەرجی ئەوەیان داناوە کە ئەستۆبەند دەبێ هەر ئەهلی کیتاب بن (گاور و جوولەکە) و مەجووسییەکان،[2] جیاوازبوونیش لەم مەسەلەیەدا بایەخی ئەم گرێبەستەمان بۆ دەردەخات، وەك ڕێگایەك بۆ دەستخستنی سیفەتی هاوولاتیبوون.

**گرنگترین شوێنەوارەکانی گرێبەستی ئەستۆبەندی:**

١ـ ئەستۆبەندان مافی مانەوەی هەمیشەییان هەیە لەسەر زەویی دەوڵەتی ئیسلامدا، ئەمەش مافێکی دەستوورییە و لەسەر چەند بنەمایەکی بەهێز دارێژراوە، لە قورئان وسوننەت و کاری هاوەڵان و کاروانی دەوڵەتی ئیسلامیدا بە درێژایی مێژوو.

٢ـ ئەستۆبەندان مافی تەواوی ئازادییە ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان هەیە، کتێبەکانی ئەستۆبەندی جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی ئەوان دەبێت لە خۆیان و دارایی و شوێنی پەرستش و مامەڵەدا ئازاد بن.[3]

---

[1] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٧، ص١١٠. ابن جماعة، تحرير الأحكام، ص٢٤٩.

[2] روى البخاري حديثاً ينص على جواز عقد الذمة من المجوس، انظر: صحيح البخاري بشرح فتح البارين ج٦، ص٢٥٧.

[3] انظر صلح "إيليا" وصلح "لد"، كما ورد في تأريخ الطبري، ج٤، ص١٥٩. محمد حميد الله، الوثائق السياسية، ص٦٠.

٣ـ پاراستنی گیان و ماڵیـان، چـونکە بەسـتنی ئەسـتۆبەندی واتـای پـارێزراویی ئەستۆبەندان دەگەیەنێت لەبری ئیسلام و موسـڵماناندا، کاسـانی دەڵێـت: "چـونکە گرێبەسـتی ئەسـتۆبەندی وەك جێگـرەوەی گرێبەسـتی ئیسـلامە هـەر دەبێـت هەمەیشەیی بێت، هەروەها گرێبەستی ئەستۆبەندییش، خوداش دەیزانێت".[1]

بوخاری لە ئیبن عومەرەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبـەری خـودا (درودی خـودای لەسەر) فەرموویەتی: "هەر کەسێك هاوپەیمانێکی کوشت، بـۆنی بەهەشـت ناکـات، هەرچەند بۆنی بەهەشت چل ساڵ ڕێگا دەڕوات".[2]

٤ـ ئەستۆبەندان لەسەریانە پابەندی سیستەم و یاساکانی دەوڵەت بن، لە هەموو کاروبارێکـدا حوکمـەکانی ئیسـلام بەسـەریاندا دەچەسـپێت، جگـە لـە کاروبـاری بیروباوەڕ و پەرستش و کاروبـاری کەسـیی، زانایـانیش وتوویانـە: "ئەسـتۆبەندان و موسڵمانان تیایاندا یەکسانن".[3]

٥ـ ئەستۆبەندان ئەرکیان دەکەوێتـە سـەر، ئـەرکی: دارایـی، سیاسـی، هـەروەها سەربازییش،.

هەموو ئەمانە لەم بنەمایـەدا کـۆ دەبنـەوە: "ئـەوەی بـۆ ئێمەیـە بـۆ ئەوانیشـە، ئەوەش لەسەرمانە لەسەر ئەوانیشە".

لـەم لێکۆڵینـەوە خێرایـەی ئەسـتۆبەندان و سـەرنجدانی نـاوەڕۆکی گرێبەسـت و ئامانج و تایبەتمەندی و شوێنەوارەکانی، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کـە گرێبەسـتێکی تایبەت و جیایە لە هەموو گرێبەستەکانی دیکە، گرێبەستی ئاشـتەوایی و وەسـتانی

---

[1] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٧، ص١١٠. ابن عليش، منح الجليل، ج١، ص٧٥٦. الرملي، تحفـة المحتـاج، ج٤، ص١٦٤. ابن قدامة، المغني، ج٨، ص٤٤٥. شيخ زادة، مجمع الانهـر، ج١، ص٣٠٦. الحطـاب، مواهـب الجليل، ج٣، ص٣٨٠.

[2] البخاري، الصحيح بشرح الفتح الباري، ج٦، ص٢٦٩.

[3] المواق، التاج والإكليل، ج٣، ص٣٨٦. ابن فرحون، تبصرة الحكام، ج٢، ص٢٧٢.

جەنگ نییە، هەروەها گرێبەستی پەنادان و پاراستن نییە، بەڵکو گرێبەستێکە جێگەی گرێبەستی ئیسلام دەگرێتەوە بۆ ناموسڵمانان، تاکو بە هاووڵاتیی دەوڵەتی ئیسلام بژمێردرێن، کەسێتیی یاسایی خۆیان لە ناوەوە و دەرەوی دەوڵەتدا هەیە.

ئەمەش مافێکی مرۆییە، شەریعەتی ئیسلامی نکۆڵیی لێ ناکات، بەڵکو تەواو سازە لەگەڵ گیانی شەریعەت و بنەما گشتییەکانیدا، جگە لە بوونی چەندین دەقی شەرعیی ڕوون لەم بارەوە، کە پێویستی بە زیاتر ڕوونکردنەوە نییە.

دەوڵەتی ئیسلام دەوڵەتی بانگەواز و پەیامدارییە، ئامانجی ئاوەدانکردنەوەی بوونەوەر و بڵاوکردنەوەی پەیامی چاکەیە بۆ هەموو گرۆی ئادەمیزاد، ئاراستەکردنی توانا مرۆیی و وزەکانیانە لە چوارچێوەیەکی شەرعیی درووستدا، بۆ بەدیهاتنی دادگەری و ڕامالینی ستەم لە هەرکوێ بێت، خۆشگوزەرانیی بڵاوبوونەوەی سەقامگیری لەسەر گۆی زەوی، لە چوارچێوەی ئیسلامێکی جیهانیدا کە هەموو ڕەگەز و ڕەنگ و نەتەوە و ئایینەکان لەخۆ بگرێت، دوور لە هەر زۆرەملێ و کەساسکردن و زۆرداریی ئایینی و بیروباوەڕێك.

لە ڕاستیدا کۆمەڵێك نووسەری هاوچەرخ لە بواری فیقه و یاسادا گەشتوونەتە ئەو ئەنجامەی دەڵێت: کە ئەستۆبەندان ڕەگەزنامەیان پێ دەبەخشرێت لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، لەوانەش:

عەبدولقادر عۆدە(١)، عەبدولکەریم زەیدان(٢)، وەهبە زوحەیلی(٣)، ئەحمەد موسلیم(٤)، عەبدولعەزیز عامر(٥).

---

١ عبدالقادر عودة، الاسلام وأوضاعنا القانونية، ص٢٨١.

٢ عبدالكريم زيدان، أحكام الذميين والمستامنين، ص٦١.

٣ وهبة الزحيلي، آثار الحرب في الفقه الاسلامي، ص٧٠٩.

٤ أحمد مسلم، القانون الدولي الخاص، ج١، ص٢٣٦.

٥ عبدالعزيز عامر، المدخل لدراسة القانون المقارن بالفقه الاسلامي، ص١٢٥.

جا ئا لێرەوە من وا دەبینم گرێبەستی ئەستۆبەندی بناغەیەکە کە ڕەگەزنامەی دەوڵەتی ئیسلامیی تێدا بە ئەستۆبەندان دەبەخشرێت، بەوەش ئەستۆبەندان لەگەڵ موسڵماندا یەکسان دەبن لە ماف و ئەرکباری و پابەندیدا، جگە لەو بابەتانەی پەیوەستن بە بیروباوەڕەوە و ئەوانەشی کە دەقێکی تایبەتی درووستی لەسەر هاتبێت. خوداش زاناترە.

**بەندی چوارەم: ئەستۆبەندان(أهل الذمة) و مافە سیاسییەکان:**

بۆمان دەرکەوت دانیشتووان و هاووڵاتیانی دەوڵەتی ئیسلامی لە موسڵمان و ناموسڵمان پێك دێن، ئەوانە پێکەوە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی پێك دەهێنن، هەمووشیان هاوبەشن لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی سیاسیدا، کە ئەرکی قەوارە سیاسییەکەیان و شوێنەوارەکانی ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن.

کەواتە ئەستۆبەندان مافی گوزەران، نیشتەجێبوون، پارێزراوی، سەقامگیری، ئازادیی چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە و لەبەردەم دادگا و یاسادا یەکسانن، ئەمەش جێگەی کۆدەنگییە.

بەڵام جیاوازی لەسەر مەسەلەی مافی سیاسی ئەستۆبەندان هەیە، ئایا لەمەشدا لەگەڵ موسڵمانان یەکسانن؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەم چەند خاڵەدا کورت دەبێتەوە:

یەکەم: سەلماندمان کە ئەستۆبەندان مافی هەڵگرتنی ڕەگەزنامەی ئیسلامیان هەیە، جا کە وەها بێت کەواتە ئەوانە پەیوەستن بە دەوڵەتەوە بە پەیوەندییەکی یاسایی و سیاسی، ئەوانە پێگەی یاسایی پارێزراویان هەیە لە ڕووی شەرعی و دەستوورییشەوە.

دووهەم: هەموو هاووڵاتیان لە دەوڵەتی ئیسلامدا لە ماف و ئەرکەکانیاندا یەکسانن، لەبەردەم دادگەری و دادگا و یاساشدا هەر یەکسانن، بنەماکە

یەکسانبوون دەخوازێت و ناکرێت کۆمەڵێك پلەی جیاواز لە ئاستی هاووڵاتیاندا لە دەوڵەتی ئیسلامدا دابنرێت.

سێهەم: ئەوەی هاووڵاتییەك کە هەڵگری ڕەگەزنامەیەك بێت لە بیانییەك جیای دەکاتەوە، مەسەلەی بوونی مافە سیاسییەکانە، چونکە هاووڵاتی و بیانی لە زۆربەی هەرە زۆری مافە مرۆییەکانی دیکەدا وەك یەکن، بەڵام مەسەلەی بەشداریکردنی دەسەڵات و دانانی کاربەدەستان و چاودێرییکردنیان بەشێکن لە سەروەریی ناوخۆیی دەوڵەت، کە تەنها مافی هاووڵاتیانە، جا ئەگەر ئەستۆبەند هاووڵاتی بێت، کەواتە مافە سیاسییەکان دەیگرێتەوە.

چوارەم: دەوڵەتی ئیسلام سیستەمی حوکمی لە شەریعەتی ئیسلامی وەردەگرێت، هەموو ئەو حوکمانە بەم بابەتەوە پەیوەسن نابێت پێچەوانەی بناغە و بنەمایەکی شەرعی و دەقێکی چەسپاو بن، سیستەمی سیاسییش سیستەمی خزمەتکردنی شەریعەتە کە ئامانجی بڵاوبوونەوەی بانگەواز و بەرگریکردنە لە ئیسلام و پاراستنی ئایین و بێگەردییەکەیەتی.

پێنجەم: لە هەندێك شتی بەشەکیدا جووداکردنەوە هەیە، هەروەها لە هەندێك مەسەلەی سیاسیدا وەك: مەسەلەی سەرۆکی وڵات (الإمامة العظمى) و هەندێك دەسەڵاتداریێتیی گشتی، کە هەندێکیان تایبەت بە موسڵمان و هەشیانە تەنها بۆ پیاو دەبێت نەك ژن، هەندێك دەسەڵاتداریش هەن ژمارەیەك مەرجی دیکەی پێویستە وەك: تەمەن، زانست، شایستەیی و جگە لەوانەش، هۆی ئەمانەش بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە، لەوانە:

أ- کۆمەڵە جووداکردنەوەیەك هەن پەیوەستن بە کاروباری بیروباوەڕەوە، ئەمانە بەشێکن لە کۆی بنەمای دیکەی پەیوەست بە لایەنێکی دیکەی ماف و ئازادییەکان، لەوانە: ئیسلام مۆڵەت بە ناموسڵمان دەدات دروشمە پەرستشی و ئایینییەکانیان بەبێ زۆرکاری و کەمکردنەوە بەجێ بگەیەنن، ئەمەش پەیوەستە بە لایەنەکانی

دیکەی ژیانیانەوە وەك: حوکمەکانی خێزان و ئەوانەش پەیوەندییان پێوەیە، لە هاوسەرگیری و تەڵاق و بژێوی و میرات، ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئایینی هەر خاوەن ئایینێك، لەبەردەم یاساشدا موسڵمان و گرۆکانی دیکە یەکسان نین و دەسەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوا لە بواری خێزانیدا یەکسانیان ناکات.

ب ـ ئیمامەتی مەزن سەرۆکی دەوڵەت، لە دەوڵەتی ئیسلام و بەشێك بەرپرسیارێتیی گشتیی دیکە، پەیوەستییەکی پتەویان بە مەسەلەی بیروباوەڕ و ئایینەوە هەیە، سەرۆکایەتیکردنی دەوڵەت لە یەك کاتدا پێگەیەکی ئایینی و دنیاییە، چونکە لە پێناسەی جێنشینیدا وتراوە:

جێنشینی پێغەمبەرایەتی پاسەوانێکی ئایین و بەڕێوەبردنی کاروباری دنیایە. ئا لێرەوە شتێکی لۆژیکییە کە پێگەی سەرۆکی دەوڵەت تەنها بۆ موسڵمان بێت، بە کۆمەڵە مەرجێکی ڕەچاوکراو.

ج ـ لەگەڵ ئەوەی پێگەی سیاسی و بەرپرسیارێتییە گشتییەکان لە ئیسلامدا لە ئەرکبارییەوە نزیکە تا مافی دەستکەوتن، لەبەر ئەو گشت بەرپرسیارێتییە سەختە وا دەکەن کە خەڵك لە بەرپرسیارێتی دوور بکەونەوە.

بەڵکو شەریعەتی ئیسلام قەدەغەی داواکردن و پەرۆشبوونی بۆی دەکات.

لە بەشەکانی داهاتووشدا ئەو مافانە کەمێك بەدرێژی باس دەکەین، هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلامیش لە مەسەلەی مافی سیاسیی ئەستۆبەندان و ئافرەت یەك بە یەك باس دەکەین و لەچییشدا جیا دەکرێنەوە دەیانخەینە ڕوو.

# باسی دووهەم: نشینگە (الموطن):

## بەندی یەکەم: پێناسەی نشینگە:

نشینگە لە نیشتمانەوە هاتووە، کە ئەوماڵەیە تیایدا نیشتەجێ دەبێت.[1]

لە پێناسەی نیشتمانی بنەڕەتیدا هاتووە: شوێنی لەدایکبوونی کەسێك و ئەو شارەیە کە تێیدایە.[2]

لە (البدائع)دا سەبارەت بە نیشتمان هاتووە لە بابەتی کورتکردنەوەی نوێژدا، کردوویەتی بە سێ جۆرەوە:

- نیشتمانی بنەڕەتی: نیشتمانی مرۆڤە لە شارەکەی خۆی یان شارێکی دیکە، کە کردوویەتی بە خانوو، یان لەگەڵ کەسوکاری تیایدا نیشتەجێ بووە و نیازیشی نییە لێی بڕوات و دەیەوێت تیایدا بژی.

- نیشتمانی نشینگە: ئەوەیە کە مرۆڤ دەیەوێت بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ یان زیاتر تیایدا نیشتەجێ بێت.

نیشتمانی مانەوە: ئەوەیە کە مرۆڤ دەیەوێت کەمتر لە پازدە ڕۆژ لە دەرەوەی شارەکەی خۆی تیایدا بژی.[3]

**نشینگە لە زاراوەی یاساییدا:**

بیرۆکەی نشینگە لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا پێش زاراوەی ڕەگەزنامە هاتووە، لە ڕابردوودا هەمان مانای سیاسیی ڕەگەزنامەی دەبەخشی، تا بیرۆکەی ڕەگەزنامە سەری هەڵدا و وێنای تاکێکی سیاسیی یاسایی دەکرد، کە سەر بە

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، الطبعة المعدلة، ج٣، ص٩٤٩.

[2] الجرجاني، التعريفات، ص٣٠٨.

[3] الكاساني، بدائع الصنائع، ج١، ص١٠٣.

دەوڵەتێکی دیاریکراو بێت، بەبێ ئەوەی پەیوەستبوون لە نێوان کەسەکە و زەوی و دەوڵەتەکە بە مەرج گیرابێت، ئا لێرەوە مانا سیاسییەکەی بیرۆکەی نشینگە نەما و بوو بە وەسف بۆ حاڵەتی واقیعی تاکێك کە یاسا کۆمەڵێك شوێنەواری دیاریکراوی لەسەر دادەنێت.[1]

لە یاسای فەڕەنسیدا، مادەی (٣) لە یاسای موراعاتدا هاتووە: "نشینگە مەڵبەندی ڕاستەقینەی مرۆڤە کە تیایدا ئەوەی لەسەریەتی و ئەوەی بۆ هەیە بەجێی دەهێنێت، بە هەمیشە تیایدا بوونی هەیە، با جارجارێکیش یان زۆر جار تیاشیدا ئامادە نەبێت".[2]

"نشینگەی هەر کەسێك ئەوەیە کە مەڵبەندی سەرەکیی لێیە"،[3] لەسەر نشینگەش وتراوە: "پەیوەستبوونی کەسێکە بە شوێنێکەوە"،[4] لە سیستمی ئەنگلۆ ئەمریکییشدا هاتووە: "ئەو شوێنەیە کە کاتی لە دایکبوونی کەسێك دەسەلمێنێت".[5]

لە هەموو ئەمانەوە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی نشینگە بکەین بەوەی: "پەیوەستییەکی مادی و مەعنەویی نێوان کەسێك و شوێنێکی دیاریکراوە، کە تەعبیر لە بوونی جەستەیی کەسەکە دەکات لە شوێنێکدا کە نیازیەتی بە هەمیشەیی تیایدا سەقامگیر بێت".[6]

---

[1] هشام صادق، الجنسية والموطن، ج١، ص٧٠٠.

[2] محمد كمال فهمي، أصول القانون الدولي الخاص، ص٢٥٦.

[3] هشام صادق، الجنسية والموطن، ج١، ص٧٢٨.

[4] محمد فهمي، أصول القانون، ص٢٥٢.

[5] هشام صادق، الجنسية والموطن، ج١، ص٧٢٥.

[6] المصدر السابق، ج١، ص٧٢٣.

**بەندی دووهەم: بایەخی نشینگە و شوێنەوارە یاساییەکان:**

**١- ڕۆڵی نشینگە لە بواری ڕەگەزنامەدا:**

نشینگە ڕۆڵێکی بایەخداری لە بواری ڕەگەزنامەدا هەیە لە زۆربەی یاساکاندا بە مەرجێکی گرنگی مەرجەکانی بەدەستهێنانی یان لەدەستدانی ڕەگەزنامە دادەنرێت، چونکە نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیاریکراودا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە هۆیەکی گونجاو دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە، هەروەها کۆچی کەسێك بۆ شوێنێکی دیاریکراو یان نشینگەیەکی دیاریکراو بە نیازی نەگەڕانەوە، دەکرێت ببێتە هۆی ڕاکێشانەوەی ڕەگەزنامە لێی یان پووچەڵکردنەوەی ڕەگەزنامەکەی، هەروەها نشینگە هۆیەکی گرنگی نەهێشتنی مشتومڕی ڕەگەزنامەکانە، بە هەمان شێوە نشینگە بە بناغەیەکی گرنگ دادەنرێت لە چارەسەری گرفتی نەبوونی ڕەگەزنامەدا.[1]

**٢- ڕۆڵی نشینگە لە بواری مەڵبەندی بیانییەکاندا:**

یاسا بیانییەکی نیشتەجێی دەوڵەتێك و بیانییەکی نانیشتەجێ لە یەك جیا دەکاتەوە، یاسا هەندێك ماف و تایبەتمەندی دەدات بە نیشتەجێبووان و لە بەرامبەریشدا هەندێك پابەندبوونیان دەخاتە سەر، وەك: باجدان، چونکە سوود لەو نیشتەجێبوونەی لەو خاکەدا وەردەگرێت،[2] ئەم جیاوازیکردنەش پشت بە نیشتەجێبوون وەك هاووڵاتی و نانیشتەجێبوون دەبەستێت.

**٣- ڕۆڵی نشینگە لە کێشمەکێشی یاساییدا:**

زۆربەی یاسا هاوچەرخەکان پشت بە نشینگەی کەسەکە دەبەستن لە مەسەلەی تایبەتمەندێتیی نێودەوڵەتیی دادگا نیشتمانییەکاندا.

---

[1] هشام صادق، الجنسية والموطن، ج١، ص٧٠٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٧٠٣.

**بەندی سێهەم: جیاوازیی نێوان ڕەگەزنامە و نشینگە:**

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا لامان گرنگە جیاوازیی نێوان بیرۆکەی ڕەگەزنامە و نشینگەیە:

- وەك بینیمان ڕەگەزنامە پەیوەندیی سیاسی و یاسایی نێوان تاك و دەوڵەتە، کە ئەم پەیوەندییە شوێنەواری تایبەتی بۆ هەردوو لایەنەکە لێ دەبێتەوە، کە پابەندبوونە بە ئەرك و بەدەستهێنانی مافە.

— بەلام نشینگە پەیوەندییەکی واقیعیی نێوان تاك و شوێنە، ئەم پەیوەستبوونەش هەندێك شوێنەواری یاسایی لێ دەبێتەوە.[1]

بەم شێوەیەش جیاوازییەکە دەربڕاوە: ڕەگەزنامە پەیوەستبوونی نێوان تاك و دەوڵەتە، بەلام نشینگە پەیوەستبوونی نێوان تاك و خاکی دەوڵەتە.

بەلام پەیوەستیی کەسێك بە دەوڵەتەوە: مانایەکی سیاسی دەگەیەنێت، کە یاسا مەڵبەندێکی سیاسیی موعتەبەری لێ دەخاتەوە، شوێنەواری خۆیشی دەبێت لە ڕێڕەوی ژیانی سیاسی لە دەوڵەتدا.

بەلام نابێت لەبیرمان بچێت: کە نشینگە بە ڕێگەیەك لە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە دادەنرێت، ئەم ڕێگەیەش لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بە گرنگترین ڕێگەی دەستخستنی ڕەگەزنامە ئەژمار دەکرێت،[2] کە بە مافی هەرێم و ناوچە ناوزەد دەکرێت، ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە خاوەنی ڕەگەزنامە زۆربەی جار بە هاوولاتی ناو دەبرێت، کە دەوترێت هاوولاتی زیاتر بەو کەسە دەوترێت کە خاوەنی مافی سیاسییە. ئەم وتنەش لە بابەتی عورفیدایە.

---

[1] ممدوح حافظ، القانون الدولي الخاص، ص١٩٠.

[2] هشام صادق، الجنسية والموطن، ج١، ص٧٠٠.

# دەروازەی یەکەم
# مافە سیاسییەکان لە نێوان
# شەریعەت و یاسادا

# بەشی یەکەم
# مافی خۆپاڵاوتن

# باسی یەکەم: خۆپاڵاوتن لە زمان و زاراوەدا

**خۆپاڵاوتن لە زماندا:**

(الترشیح) لە زمانی عەرەبیدا کۆمەڵێك مانای هەیە:

ـ بە مانای عارەقە، پەروەردە و ئامادەباشی دێت.[1]

**لە زاراوەی یاساییشدا:**

لـە بایەخـدارترین مافـە سیاسـییەکانی هاووڵاتییانـە، واتـە: هـەموو ئەنـدامێکی کۆمـەڵێکی سیاسـی یـان هاووڵاتییـەکی ئەسـڵی بـۆ سـەرۆکایەتیی دەوڵـەت یـان ئەنـدامێتیی ئەنجومـەنی نوێنـەران مـافی خۆپـاوڵاتنی هەیـە، ئەگـەر مەرجـە دەستوورییەکانی تێدا بێت، درووستیش نییە بەبێ پاساوێکی ڕێگەپێدراو لەم مافـە بێبـەش بکرێـت. پـاڵاوتنیش ئـەو پرۆسـەیەیە پـێش پرۆسـەی هەڵبـژاردن ئـەنجام دەدرێت، هەڵبژاردن لەنێوان ئەو کەسانەدا دەکرێت کە خۆیان پاڵاوتووە بۆ پێگـەی سەرۆکایەتی پاش دڵنیابوون لە بوونی مەرجەکان تیایدا.

نەمتوانی پێناسـەی خۆپـاڵاوتن لـە زاراوەی سیاسـیدا بدۆزمـەوە، ڕەنگـە لەبـەر ئەوە بێت وایان دانابێت بابەتەکە هێندە ڕوونە پێویست ناکات ڕوونتر بکرێتەوە.

لە کتێبی زانا موسڵمانەکانیشدا بە کۆن و تازەیانەوە، پشـکی مـافی خۆپـاڵاوتن وەك مافێکی سیاسی، زۆر دەگمەن باس کراوە، لە باسی دانانی پێگـەی جێنشـیندا نـەبێت لـە شـوێنی دیکـە بـەو شـێوەیە بـاس نـەکراوە. وا دیـارە هـەوڵی داڕشـتنی

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، ج١، ص١١٩٩، مادة رشح.

پێناسەیەکی فیقهی بۆ مافی خۆپالاوتن قورس بێت، خۆ ئەگەر بمانەوێت بەشداریی دانانی پێناسەیەکی مافی خۆپالاوتن لە فیقهی ئیسلامیدا بکەین، دەڵێین:

خۆپالاوتن ئەوەیە کە شەریعەت دانی پێدا دەنێت، بۆ هەر کەسێك کە مەرجەکانی شایستەیی وەدەستهێنانی پێگەی نوێنەرایەتیکردنی گەلی تێدا بێت، بۆ ئیدارەدانی کاروباری گشتی. ئەم پێناسەیە کۆمەڵێك خاڵ لەخۆ دەگرێت:

١ـ خۆپالاوتن مافێکە شەریعەت دانی پێدا ناوە.

٢ـ دەبێت ئەو مەرجانەی لەسەریان ڕێك کەوتوون لەو کەسەدا ببێت بۆ وەرگرتنی ئەم مافە.

٣ـ ئەم مافە تایبەتە بە نوێنەرایەتی لە کاروباری گشتیدا.

٤ـ خۆپالاوتن هەڵبژاردنی لەدوا دێت لەلایەن گەلەوە یان ئەوانەی نوێنەرایەتیی گەل دەکەن.

## باسی دووهەم: مافی خۆپاڵاوتن لە شەریعەتی ئیسلامدا

بنەمای خۆپاڵاوتن و بەکارخستنی لە بۆنە بەناوبانگەکاندا ئەنجام دراوە، ئەمە لە دیارترین ڕووداوی سیاسیی پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) بەڕوونی دەرکەوت، کاتێك موسڵمانان لە کەپرەکەی بەنی ساعیدە کۆ بوونەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێك ببێتە جێنشینی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر)، پشتیوانان (الأنصار) ئەم دەستپێشخەرییان کرد کە کتێبەکانی مێژوو و ژیاننامە شێوەیەك ئەم بابەتەیان گێڕاوەتەوە نزیکە لە کۆدەنگییەوە.

پشتیوانان خێرا سەعدی کوڕی عوبادەی برا گەورەیان بۆ ئەو پۆستە پاڵاوت، هەوڵەکانیشیان خستە گەڕ کە سەرجەم پشتیوانان بە هەردوو بەشی ئەوس و خەزرەجەوە لە دەور کۆ بکەنەوە، کۆمەڵێکیشیان هەوڵیان دا ماف و شایستەیی خۆیان بۆ ئەو پێگە ترسناکە ڕوون بکەنەوە، کە ئەوان خاوەنی چاکە و پشتیوانی و لەپێشینین و ئەمەش کەس نکوڵیی لێ ناکات.

پاشان لەلایەن کۆچەرییەکانەوە کەسانی دیکە پاڵێوران، ئەبوبەکری سدیق عومەری کوڕی خەتاب و ئەبوعوبەیدەی جەراحی پاڵاوت، هەر خێرایش عومەر و ئەبوعوبەیدە ئەبوبەکریان پاڵاوت.

پێش ئەمانە هەوڵی دیکە بۆ پاڵاوتنی کەسێکی دیکە هەبوو، وەك دەگێڕنەوە عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب، عەلیی کوڕی ئەبوتالیبی برازای پاڵاوت،[1] وەك لەمەودوا ڕووداوەکان لەم بارەوە دەگێڕینەوە.

[1] الايجي، المواقف، ص٤٠١.

ڕووداوی ئــەو کــەپرە زۆرینــەی هــەرەزۆری نووســەران و مێژوونووســان گێڕاویانەتەوە،[1] گێڕانەوەکەی ئیبن ئیسحاق کورتترین گێڕانەوەیە لەم بارەوە و جێگەی کۆدەنگییشە، بەڵام کۆمەڵێك گێڕانەوە هەن، کە لە کتێبی مێژوونووسە بەناوبانگەکاندا هاتووە، وەك: تەبەری، ئیبن سەعد، ئیبن قوتەیبە، کە ئاماژە بۆ گفتوگۆی نێوان گەورەکانی کۆچەری و پشتیوانان دەکەن، کە گفتوگۆی سیاسی و واقیعین بۆ ئەوە دەشێن وەك دێرینترین و گەورەترین ئەزموونی سیاسی و دەستووری لەو قۆناغەدا تۆمار بکرێت، بەڵکو لە سەرجەم ئەو ئەزموونە سیاسییانەی دوایی کە هاتن لە مێژووی ئیسلامی و نائیسلامییشدا پێگەیشتووترە.

ئەوا چ بڕگەیەك لەو گفتوگۆیانەی کە لەو ئەزموونەدا هاتوون دەهێنینەوە.[2]

سەعدی کوڕی عەبادە وتی: "...ئەی پشتیوانان، ئێوە پێشینەی چوونەناو ئایین و چاکەی ئیسلامتان هەیە، کە هیچ تیەرەیەکی عەرەب نیەتی، محەمەد (درودی خودای لەسەر) چەندین ساڵ لەناو قەومەکەی خۆیدا مایەوە و بانگی دەکردن بۆ پەرستنی پەروەردگار و دەستبەرداربوون لە بتپەرستی و هاوەڵبۆدانان، بەڵام جگە لە خەڵکێکی کەم، کەس بڕوای پێ نەهێنا، نەیاندەتوانی پەنای پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) بدەن و ئایینەکەی سەر بخەن، نەشیانتوانی ئەو ناڕەحەتییەی کە خۆشیانی گرتبووەوە تێیپەڕێنن. هەتا خودای پەروەردگار چاکەی بۆ ئێوە ویست و ڕێزی لێ گرتن و تایبەتمەندی کردن بەم نیعمەتە، کە ڕۆزیی باوەڕهێنان و بە خودا و پێغەمبەرەکەی و پەنادانی خۆی و هاوەڵان و سەرخستنی ئایین و جیهادکردنی دوژمنانی بوو، جا بوونە بەهێزتر لە

---

[1] ابن هشام، السيرة النبوية، ج٢، ص٦٥٨. السهيلي، الروض الأنف، ج٤، ص٢٦٠. الطبري، التأريخ، ج٣، ص١٩٩.

[2] الطبري، التأريخ، ج٣، ص٢٠٧، وما بعدها. ابن قتيبة، الإمامة والسياسة، ص١٤، ١٥. ابن هشام، السيرة النبوية، ج٢، ص٦٥٨. السهيلي، الروض الأنف، ج٤، ص٢٦٠.

دوژمنانی و سەختر لەسەر دوژمنان، هەتا عەرەب هاتنە ژێر بار و گوێڕایەڵیی پەروەردگار بە خۆشی یان ناخۆشی خۆیان و دوورەکان بەسەرشۆڕی هاتن و تەسلیمبوون تا پەروەردگار زەویی تەخت کرد بۆ پێغەمبەرەکەی و بە شمشێرەکانتان عەرەبی بۆ ملکەچ کردن، خودای گەورەش کە بردییەوە ئەو لێتان ڕازی بووە، کەواتە دڵ بە ئێوە ئاو دەخواتەوە، ئێوە بەبێ خەڵکی تر ئەم کاروبارە بگرنە دەست، مافی خۆتانە.

- پشتیوانانیش وەڵامیان دایەوە: ڕایەکی پەسەندت دەربڕی و قسەکەت پێکای، لە بۆچوونەکەت تێناپەڕین، ئەم کاروبارەت دەدەینە دەست، تۆ جێگەی متمانەی ئێمە و ڕەزامەندیی خەڵکیت.

- ئەبوبەکریش وتی: پەروەردگار محەمەدی ڕەوانە کرد بە پێغەمبەریی بۆ سەر خەڵك، تا ببێتە شایەت بەسەریانەوە، بۆ ئەوەی تەنها خودا بپەرستن، جا عەرەب لایان سەخت بوو کە ئایینی باوباپیرانیان واز لێ بهێنن، پەروەردگاریش کۆچەرییەکانی تایبەت کرد کە باوەڕیان پێ هێنا، بوونە هاوخەمی پێغەمبەر و لەگەڵیدا ئارامیان گرت لەسەر ئازار و سزای قەومەکەیان، هەموو خەڵکیش پێچەوانەی ئەم بڕە موسڵمانە بوون، کەچی ئەم کەمی و ئازادانە و کۆبوونەوە لەسەر دژایەتیکردنەیان بێزاری نەکردن، ئەوان بوون یەکەمینی خواپەرستانی سەر زەوی کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەرەکەی هێنا. کەواتە ئەوان دۆست و عەشیرەتی پێغەمبەرن و شیاوترین کەسن بۆ ئەم کارە لە دوای پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) جگە لە ستەمکار کەس مشتومڕیان لەگەڵ ناکات.

ئەی گرۆی پشتیوانان نە لە ئایین و نە لە پێشینتان بۆ ئیسلام نکوڵی لە فەزڵتان ناکرێت، پەروەردگار ڕازی بوو بتانکات بە پشتیوانی دینەکەی و پێغەمبەرەکەی، کۆچیش بۆ لای ئێوە کرا، زۆرینەی خێزان و هاوەڵانی پێغەمبەر لەناو ئێوەدایە، لەناو ئێمەدا جگە لە کۆچەریە پێشینەکان کەس ناگاتە پێگەتان،

کەواتە ئێمە دەبین بە ئەمیر و ئێوەش بە وەزیر، کە بەبێ ڕاوێژ و پرسی ئێوە هیچ بڕیارێك نادرێت.

ـ حەبابی کوڕی مونزیر هەستا و وتی: ئەی گرۆی پشتیوانان، کارەکە بگرنە دەست، خۆ خەڵکی تر لە ژێر سایە و سێبەری ئێوەدایە، کەس زاتی ئەوە ناکات پێچەوانەتان بێت، خەڵکی لە ڕای ئێوە دەرناچێت، ئێوە خاوەن سەروەری و سامانن، ژمارەتان زۆر و خاوەن هێز و بەرگری و ئەزموون و فریادڕەسن، خەڵك سەیر دەکەن بزانن چی دەکەن، کەواتە لەناو خۆتاندا ڕاجیا مەبن با ڕایەکەتان تێك نەچێت و کاروبارتان هەڵنەوەشێتەوە، ئەمانە هەر ئەوەیان دەوێت کە بیستتان، کەواتە لە ئێمە ئەمیرێك و لەوانیش ئەمیرێك.

ـ جا عومەری کوڕی خەتتاب وتی: دوورە، دوو سەر لە مەنجەڵێکدا کۆ نابنەوە، بەخودا عەرەب ڕازی نابن ئێوە گەورەیان بن و پێغەمبەرەکەیان لە خەڵکی تر بێت، بەڵام عەرەب نابنە ڕێگر کە کاروبار بدرێت بەوانەی پێغەمبەرایەتی لەناویاندا بووە، کە سەرۆکایەتییش هەر لەوان بێت، هەر عەرەبێکیش بەمە ڕازی نەبوو، ئێمە بەڵگەی ئاشکرامان دەکەوێتە سەری، کێ هەیە کێشمەکێشمان لەسەر دەسەڵات و ئیمارەتەکەی محەمەد لەگەڵ بکات، کە ئێمە دۆست و خزمی ئەوین؟ مەگەر کەسێك لە بەتاڵدا ڕۆ چووبێت، یان خۆی گوناهبار بکات، یان کەوتبێتە گومڕاییەوە.

ـ جا حەبابی کوڕی مونزیر وتی: ئەی پشتیوانان، کارەکەتان بگرنە دەست، گوێ لە قسەی ئەمە و هاوڕێیانی مەگرن، کە دەیانەوێت مافی دەسەڵاتداریێتیتان لێ بسێنن، خۆ ئەگەر هەر ڕازی نەبوون بە داواکارییەکەتان، لەم وڵاتە دەریان بکەن و کارەکە بگرنە دەست، سوێند بە خودا ئێوە لە دەسەڵاتوەرگرتندا لەوان شایستەترن، خۆ بە شمشێرەکانی ئێوە ئەو خەڵکە ملکەچی ئایین بوو، ئەگەر ئێوە نەبان ملکەچ نەدەبوون. بۆچوونەکەی من ڕاستە و قسەکانم دڵسۆزانەیە، بەخودا ئەگەر بتانەوێت دەیکەینەوە بە کۆتەرە.

ـ ئەبوعوبەیدەی جەڕاح وتی: ئەی گرۆی پشتیوانان، ئێوە یەکەم بوون لە سەرخستن و پشتیوانیدا، دەی لە گۆڕین و تێکدانیشدا مەبن بە یەکەم.

ـ جا بەشیری کوڕی سەعید هەستا و وتی: ئەی گرۆی پشتیوانان، بەخودا ئێمە کە بووینە خاوەنی فەزڵی یەکەم لە جیهادکردن دژی بتپەرستان و پێشینایەتیی ئەم دینە، جگە لە ڕەزامەندیی خودا و گوێڕایەڵیی پێغەمبەرەکەی و ڕەنجدان بۆ خۆمان، هیچی دیکەمان نەویستووە، بۆیە بۆمان درووست نییە کە زیادەڕەوی بەسەر خەڵکدا بکەین و پشکی دنیا دەست بخەین، چونکە پەروەردگار لەو بارەوە خاوەنی منەتە بەسەرمانەوە، بەڵام محەمەد (درودی خودای لەسەر) قوڕەیشییە و خزمەکانی لەپێشتر و شایستەترن، سوێند بە خودا پەروەردگار نامبینێت کە لەسەر ئەم کارە کێشمەکێشیان لەگەڵ بکەم، دەی ئێوەش لە خودا بترسن و پێچەوانەیان مەبن و کێشمەکێشیان لەگەڵ مەکەن.

ـ جا ئەبوبەکر وتی: ئەوە عومەر، ئەوەش ئەبوعوبەیدە، کامیانتان دەوێت پەیمانیان پێ بدەن.

ـ هەردووکیان وتیان: نا بەخودا ئەم ئیشە ناگرینە دەست بەسەر تۆوە، تۆ باشترینی کۆچەریان و دووهەمی دوو کەسەکەی غاریت، جێنشینی پێغەمبەریش بووی لە ئیمامەتی نوێژدا، نوێژیش باشترینی دینی موسڵمانە، دەی کێ بۆی هەیە پێشت بکەوێت یان ئەم کارە وەرگرێت بەسەر تۆوە، دەستت درێژ بکە با پەیمانت پێ بدەین.

پاشان بەشیری کوڕی سەهل پێش کەوت و چوو پەیمانی دا بە ئەبوبەکر، دوای ئەو ئوسەیدی کوڕی حوزەیر، کە یەکێك بوو لە پشتیوانە بەناوبانگەکان پەیمانی پێ دا، ئیتر ئەوس و خەڵکییش خێرا بە قەرەباڵغی کەوتنە پەیماندان.

ئەوەی لە ڕووداوی کەپرەکەی بەنی ساعیدەدا بۆ ئێمە گرنگە چەند خاڵێکە:

یەکەم: ئەوە یەکەم ڕووداو بوو کە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خـودا (درودی خودای لەسەر) ڕووی دا، یەکەم ئەزموونی سیاسیی دەوڵـەتی ئیسـلامییش بـوو لـە پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکەم سـەرۆکی سیاسـی و سـەرۆکی دەوڵەتیشـدا، کـە ببێتـە جێنشینی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر).

دووهەم: کۆبوونەوەکە کۆنگرەیەکی سیاسیی گرنگی پێك هێنا، کە دوو گرووپی ناو موسڵمانانی لەخۆ گرت، کـە پشـتیوانان و کۆچـەریان بـوون، هەرچـەند کۆمەڵـە کەسایەتییەکی ناسراو لەوێ نەبوون، کە گرنگترینیان عەلیی کوڕی ئەبو تالیبە، کە سەرقاڵی کفنکردنی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) بوو.

سێهەم: ئەم کۆنگرە سیاسییە، هەنگاوێکی گرنگە لە بـواری کـاری دەسـتووریی ئیسـلامیدا، لـە پرۆسـەی پـالاوتن و هەڵبـژاردن و ڕاگۆڕینـەوە و گوێبیسـتبوونی بەڵگەکاندا، کە لە کۆتاییدا گەشتنە ڕێککەوتنی دانانی بەرپرس و بەیعەتپێـدانی بـە کۆی دەنگ، کە جگە لە کەمێکی دەگمەن کەس لێی لا نەدا، تـەنها باسـی سـەعدی کوڕی عوبادەی پاڵێوراوی پشتیوانان هەیە کە ڕازی نەبوو پەیمان بدات.

چوارەم: ئەوەی لەم کۆبوونەوەیەدا ڕووی دا، پرۆسەی دیاریکردنی جێنشین بـە هەنگاوێکی لۆژیکی دەستی پێ کرد، کە پرۆسـەی پالاوتنـە، پالاوتنەکـەش بەسـەر هـەردوو گرووپـە مەزنـە پێشـینە موسـڵمانەکاندا دابـەش بووبـوو، کـە کۆچـەری و پشتیوانان بوون. ئەو بەڵگەیـەشمان دەسـت دەکـەوێت کـە پێغەمبـەری خـودا ئـەم کارەی بۆ موسڵمانان جێ هێشتووە.

بەناوبانگترین کەسایەتیی موسڵمانان پاڵێوران، لە ڕووی پێشینی و لەخواترسان و زۆرزەحمەتکێش لەپێناو ئایینی خودادا، ڕۆڵی مەزنیشیان لە سەرخستنی ئیسـلام و پتەوکردنی پایەکانیـدا هـەبوو، وەك: ئەبوبـەکر، عومـەر، ئەبوعوبەیـدە، سـەعدی کوڕی عوبادە، پێش ئەوەش عەباس و عەلی هەبوون.

دەگێڕنەوە کە عەباس هەوڵی دا کە عەلی ڕازی بکات بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و هەوڵیشی دا پەیمانی پێ بدات و پێی وت: دەستت بێنە با پەیمانت پێ بدەم، جا خەڵك دەڵێن مامی پێغەمبەر پەیمانی دا بە کوڕی مامی پێغەمبەر و زاوا و براشی، بەڵام عەلی بەمە ڕازی نەبوو، داوای یەکدەنگیی قوڕەیشی کرد، تەبەری لە مێژووەکەیدا دەیگێڕێتەوە: کاتێك خەڵکی کۆ بوونەوە بۆ پەیماندان بە ئەبوبەکر، ئەبوسوفیان هات و وتی: ئەی بنەماڵەی عەبدولمەناف، من بڵێسە (عجاجة)یەك دەبینم جگە لە خوێن هیچ نایکوژێنێتەوە، چۆن ئەبوبەکر دەبێتە کاربەدەستتان، ئەی کوا دوو چەوساوەکە، کوا دوو باشەکە، کە عەلی و عەباسن؟ جا وتی: باوکی حەسەن دەستت بهێنە با پەیمانت پێ بدەم، بەڵام عەلی ڕازی نەبوو، جا شیعرێکی مولتەمیسی خوێندەوە، بەڵام عەلی سەرزەنشتی کرد و وتی: سوێند بە خودا تۆ بەمە تەنها ئاژاوەت دەوێت، سوێند بە خودا تۆ خراپەی ئیسلامت دەوێت، پێویستمان بە دڵسۆزیی تۆ نییە.[1]

دیاریشە کە ئەبوسوفیان لە دڵا ئەوەی بۆ درووست بووبوو کە شیاوترین خەڵك بۆ دەسەڵات وەرگرتن بەنی هاشم و بەنی ئومەیەن، چونکە گەورەترین تیرەی قوڕەیشن، لە موسڵمانبوونیشدا دوا کەوت، لە ترسی ئەوە بوو کە بەنو هاشم پێشی کەوت لە سەرداری و دەسەڵاتوەرگرتندا، جا کە بینی دەسەڵات لە دەستی هەردوو لایان دەرچوو، تووڕەیی زیادی کرد.

لە کۆتاییدا ئەبوبەکر دەسەڵاتی بەدەستهێنا، چونکە کۆمەڵە سیفەتێکی تایبەتی هەبوو، جگە لە پێشینی و لەخواترسان و بۆچوون و حیکمەت و تەمەن، گرنگترینیان ئەمانەن:

---

[1] الطبري، التأريخ، ج٣، ص٢١٠.

ـ یەکەم پیاو بووە کە باوەڕی بە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) هێناوە و ڕاستاندوویەتی.

ـــ دووهەمینی ئەشکەوتەکە بووە وەك قورئانی پیرۆز وەسفی دەکات و لەبارەیەوە دابەزی.

ـ پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) لە کاتی نەخۆشینەکەیدا هەڵی بژارد بە پێشنوێژی خەڵکەکە.

ـ خۆشەویستیی زۆری پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) بۆی و زۆر ڕێزلێگرتن و لە زۆر شوێنیشدا فەزڵی دەدا بەسەر موسڵمانانی دیکەدا.

ئەو جیاوازییانەی کە لە سەقیفە ڕوویان دا و ئەو فرەبۆچوونی و بەڵگەهێنانەوانەی کە پێشتر هەر لایەك پێشکەشی دەکرد، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە ئەم کاروبارە مافی هەموو موسڵمانێکە.

کەسێك نکوۆیی لەوە نەکرد بۆ پشتیوانان دەست وەردەدەنە ئەم کارە، چونکە کاروبارەکە وەك چۆن کێشەی خەڵکی تر بوو، کێشەی ئەوانیش بوو، دەشمانگەیەنێتە ئەوەی کە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) کاروباری ڕاوێژی بەجێ هێشتووە بۆ موسڵمانان، کورتی هەڵنەهێناوە لە گرووپێکدا و ئەوانی دیکەی لێ بێبەش کردبێت، خۆ ئەگەر وەهای کردبا ئەم هەموو جیاوازی و کێشمەکێشمەیە ڕوویان نەدەدا و هەر لە سەرەتاوە بابەتەکە بڕابووەوە، دەشبینین هیچ کەس پەیمانێکی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) یان بەڵگەنامەیەکی بەدەستەوە نەبوو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، ئەوانەی ڕوویان دا ئیجتیهادکردنێك بوو کە خاوەنەکەی ئومێدی هەبوو لە چاکەوە نزیکتر و لە خراپە دوورتر بێت بۆ ئاییندەی موسڵمانان و ئاییندەیان و بەردەوامی و یەکڕیزی و هێزیان.

# باسی سێهەم : مەرجەکانی پاڵێوراو

## بەندی یەکەم: خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتیی دەوڵەت

"سەرۆکایەتیی دەوڵەت" کە هەندێك لە زانایان بە "الإمامة العظمى" پێشەوایەتییە مەزنەکە ناوزەدی دەکەن، لای زانایانی ئیسلام بە هەموو ئاڕاستە فیکری و قوتابخانە فیقهی و مەزهەبە جیاوازەکانیانەوە بایەخی تایبەتیی پێ دراوە، مەزهەبەکانی موسڵمانان سەرنجیان لەسەر ئەم پێگەیە جیاوازە.

ئایینزایانی شیعەی ئیمامی و زۆرینەی شیعەش زیادەڕەوییەکی زۆریان لەسەر گرنگیی ئیمامەت کردووە، تا گەیشتوونەتە ئەوەی بڵێن:

"مەسەلەی ئیمامەت گرنگترین داخوازیی حوکمەکانی ئایینە، بەنرخترین بابەتی موسڵمانانە، کە بە پێگەیشتنی پلەی کەرامەت بەدەست دەهێنرێت، یەکێکیشە لە پایەکانی باوەڕ، کە بە هۆیەوە شایستەی چوونەبەهەشتی هەمیشەیی و دووری لە غەزەبی خودایی دەبێت".[1]

شیعە لە ڕوانگەی خۆیانەوە بۆ ئەم ئیمامەتە کۆمەڵێك مەرجیان دارشتووە، کە جیاوازن لە ئەهلی سوننەت، چونکە ئەوان مەسەلەی ئیمامەتیان کردووە بە مەسەلەیەکی عەقیدەیی، هەروەها لای ئەوان ئیمام بە دەق دادەنرێت و نابێت لەلایەن خەڵکە گشتییەکەوە دەستنیشان بکرێت، مەرجیشیان بۆ پێشەوا (ئیمام) ئەوەیە دەبێت پارێزراو بێت لە هەڵە (معصوم)، دەڵێن:

---

[1] ابن مطهر الحلي، منهاج الكرامة، مقتبس من منهاج السنة لابن تيمية، ج١، ص٤٨. القسي، صوين، أخبار الرضا، ج١، ص١٧١.

"پێویستە پێشەوا پارێزراو (معصوم) بێت لە خراپە و کەموکورتی لە ئەرکدا، دەشبێت دەق لەسەر دانانی هەبێت، چونکە پارێزراوی کەس بە هەست و ڕواڵەت بینی و بەڵگەهێنانەوە و ئەزموون پێی ناگات، جگە لە خوداش کەس نایزانێت، بۆیە دەبێت خودا بە دەق دیاری بکات و لە خەڵکی دیکە جیای بکاتەوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی...".[1]

بەڵام ئەهلی سوننەت[2] پێچەوانەی شیعەن لەم زیادەڕەوی و بایەخدانە بە پێگەی سەرۆکی دەوڵەت، لای ئەوان نە پایەیەکی باوەڕ و نە بابەتی عەقیدەییە، بەڵکو لە بەرژەوەندیی گشتییە و بۆ هەموو موسڵمانان دەگەڕێتەوە و کەسیش بە دەق نەبووە بە جێنشینی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)، خۆیشی وەسیەتی نەکردووە کەس لە دوای خۆی ببێت بە ئیمام، چونکە ئەمە لە نوێژ بایەخی کەمترە، بۆیە هاوەڵان بەڵگەیان بۆ ئەبوبەکر بەمە دەهێنایەوە کە ببێتە جێنشین، چونکە ئەوی کرد بە پێشنوێژیان، دەیانوت پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) ڕازی بوو بۆ دینمان پێشەوا بێت، ئەی ئێمە بۆ دنیامان ڕازی نەبین".[3]

ئیبن خەلدوونیش جەخت لەمە دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەگەر نوێژ گرنگتر و مەترسیدارتر نەبووایە لە سیاسەت، قیاسکردنی درووست نەبوو".[4]

ئەمە لە بایەخی پێگەی سەرۆکی دەوڵەت کەم ناکاتەوە لای ئەهلی سوننەت، بەڵام ئەوەش وایان لێ ناکات کە مەرجی بوونی دەق لەلایەن خوداوە دابنێن بۆ ئیمام، واشیان لێ ناکات کە مەرجی عیسمەت بدەنە پاڵ ئیمام، بەڵکو ئەو

---

[1] الطوسي، الاقتصاد فيما يتعلق بالاعتقاد، ص٣٠٥ – ٣١٣.

[2] ابن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٤٨. مصطفى حلمي، نظام الخلافة بين أهل السنة والشيعة، ص٤١.

[3] ابن خلدون، المقدمة، ص٢١٩.

[4] سەرچاوەی پێشوو.

موسڵمانێکه وەکو هەریەك لە موسڵمانانی دیکه، بەڵام دەبێت وریایی و ئاگاداریی باش بکرێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین و شایستەترین کەس، کە زۆرترین شیاوی تێدا هەبێت، کە بتوانێت ئیدارەی کاروباری موسڵمانان بەڕێوە ببات و بشتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی بەجێ بهێنێت و بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.

ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ئەوەندەی دەکرێت هۆکارەکان بگیرێنە بەر، ئەویش بە دانانی ئەو مەرجانەی کە بەرژەوەندیی خەڵکەکە لە هەموو کات و شوێنێکدا دەیخوازن، جگە لە مەرجە سەرەکییەکان کە ئەهلی سوننەت لەسەریان کۆدەنگن.

**پێناسەی سەرۆکایەتیی دەوڵەت لای زانایانی موسڵمان**

دەمانەوێت لەسەر حەقیقەتی خەلیفە یان ئیمامەتی مەزن یاخود ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت سەرۆکایەتیی دەوڵەت بوەستین، لە سۆنگەی ئەو پێناسانەی کە لە کتێبەکانی ئەهلی سوننەتدا هاتوون:

* لە موسامەرەدا هاتووە: ئیمامەت ماف وەرگرتنی ئیدارەدانی گشتی موسڵمانانە.(1)

* خاوەنی (المواقف)یش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: جێنشینایەتی پێغەمبەری خودایە لە جێبەجێکردنی ئاییندا، کە پێویستە لەسەر هەموو ئوممەت شوێنی بکەون.(2)

* ماوەردییش دەڵێت: "ئیمامەت جێنشینایەتیی پێغەمبەرایەتییە بۆ پاسەوانی ئایین و ئیدارەدانی دونیا".(3) ئەم پێناسەیەش لەوەی ئیبن خەلدوونەوە نزیکە: "جێنشینایەتی نوێنەرایەتی خاوەنی شەریعەتە لە پاراستنی ئایین و بەڕێوەبردنی

---

[1] ابن الهمام، المسايرة بشرح المسامرة، ص٢٩٥. ابن عابدين، الحاشية، ج١، ص٥٤٨.

[2] الإيجي، المواقف، ص٣٩٥.

[3] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٥.

دونیادا". هەر ئەو مانایەشی بەم شێوەیە دەربڕیوە: "جێنشینایەتیی ڕاکێشانی خەڵکە بۆ سەر بینشی شەرعی لە بەرژەوەندیی دونیا و دواڕۆژدا".[1]

* ئەبولمەعالی جووینی پێناسەی ئیمامەت دەکات و دەڵێت: "ئیمامەت سەرۆکایەتی و گەورەیی کردنێکی گشتییە پەیوەستە بە خەڵکی تایبەت و گشتییەوە سەبارەت بە کاروباری ئایین و دونیا، ناوەڕۆکەکەی پاراستنی ئایین و چاودێریکردنی خەڵك و گەیاندنی بانگەوازە".[2]

لەو پێناسانەی ڕابوردن دەبینین کۆمەڵە ڕەگەزێکیان تێدایە کە ئەمانەن:

١ـ جێنشینایەتی یان سەرۆکایەتیی وڵات، یاخود ئیمامەتی گەورە، پوختەکەی جێنشینایەتیکردنی پێغەمبەرێتییە و هەنگاونانە لەسەر ڕێگای پەیامی ئیسلام، وەك ئەرك و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، ئەم تێڕوانینە شوێنەواری خۆی هەیە لەسەر مەرجەکانی پاڵاوتن و مەرجی شوێنکەوتنی لەلایەن خەڵکەوە، بۆیە (ئیجی) ئەم مەرجەی بۆ پێناسەکە زیاد کردووە و ڕەخنەی لەو پێناسەیەش گرتووە کە دەڵێت: "ئیمامەت سەرۆکایەتیی گشتیی کاروباری ئایین و دونیایە"، چونکە ئەمە پێغەمبەرێتی و موجتەهید و ئەو کەسەش دەگرێتەوە کە ئیمام دایناوە.[3]

٢ـ سەرۆکایەتی دەوڵەت پەیوەستە بە کاروباری ئایین و پاسەوانی و پاراستن و پارێزگاری لە بیروباوەڕ و بەرگریکردن لێی و دژی هەر کەمکردن و زیادکردنێك و ئەوەی زیانی پێ دەگەیەنێت، بە پلەی یەکەم، ئەمەش دەخوازێت کە مەرجی شارەزابوونی لە حوکمی شەرعیدا بۆ دابنرێت.

٣ـ سەرۆکایەتی پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی کاروباری دنیایی خەڵکەوە، پاشان پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و دەستخستنی خێر و دوورخستنەوەی شەڕ و خراپە

---

[1] ابن خلدون ، المقدمة، ص٢١٨.

[2] الجويني، غياث الامم، ص١٥.

[3] محمد ضياءالدين الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ص١١٠.

لە هەموو کاروبارێکیاندا، ئەمەش پێویستی بە مەرجی شایستەیی و توانای کارگێڕی و جوان هەڵسوکەوتکردن و ئاگالێبوونی زانستە دنیاییەکانە.

٤ـ ئەم پێگەیە بەرزترین پلەیە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، بۆیە بەشێك لە زانایان مەرجیان داناوە کە کەس لەم بالاتر نەبێت،[1] بەلام ئەمە مانای وا نییە چاودێری و لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرێت وەك شیعەکان دەیانەوێت، چونکە دەستی ئوممەت پێکەوە لەسەر دەستی ئەو کۆکن، لە بەشەکانی دیکەدا ئەم بابەتە بەدرێژی باس دەکەین.

٥ـ ئەم پێگەیە تایبەت نییە تەنها بە ڕێککەوتنی موسڵمانانەوە، بەڵکو موسڵمانان و ناموسڵمانیش دەگرێتەوە، ئەوانەی کە لە نیشتماندا لەگەڵیان هاوبەشن و پێکەوە ئەرك و مافیان دەکەوێتە سەر.

**مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتیی دەوڵەت:**

پرسیار ئەوەیە ئایا شەریعەت ئەم مافە بە هەموو موسڵمانان دەدات؟ پرسیارەکە وردتر بکەینەوە، ئایا شەریعەت دان بەم مافەدا دەنێت بۆ هەموو هاوولاتییانی دەوڵەتی ئیسلامی؟ وەلامی ئەم پرسیارە دوای ئاگاداربوون دێت لەو مەرجانەی بۆ پاڵێوراو دانراون، گرنگترینی ئەم مەرجانەش ئەمامەن:

**یەکەم: باڵغبوون، ئاوەزگرتن:**

ئەم مەرجە جێگەی یەکدەنگییە، پێویستیشی بە مشتومڕ نییە، چونکە پاڵێوراو بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی میللەت دەبێتە تەحەمولی بەرپرسیارێتی و ئەرکبارێتی

---

[1] القاضي عبدالجبار، شرح الأصول الخمسة، ص٧٥٠.

شـەرعییش بکـات، ئەمـەش مەرجـەکانی شایسـتەیین کـە زانایـان لـە گرێبەسـت و مامەڵەدا دایانناوە.[1]

بـەڵام ئایـا شـتێك هەیـە تەمـەنی پـاڵێوراو دیـاری بکـات لـە سـەرووی سـاڵی باڵغبوونەوە، وەك هەندێك دەستوور کە دەیکەن کە پاڵێوراو دەبێت بیستوپێنج یان سی یان چل ساڵ بێت.

لە ڕاستیدا ئەم کارە بەستراوە بە بەرژەوەندییەوە کە ئەوانـە یاسـا دادەڕێـژن و ئیجتیهاد دەکەن، بەپێی شوێن و سەردەم، خراپ نییە، ئەگەر تەمەنی پـاڵێوراو بـۆ سـەرۆکایەتیی دەوڵـەت سـیوپێنج یـان چـل سـاڵ دابنرێـت، وەك گەشـبینییەك بـۆ تەمەنی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) کاتێك وەحیـی دابەزییـە سـەری، وەك ڕاڤەکارانیش دەڵێن: ئەوە تەمەنی حیکمەت و پێگەیشتنی تەواوە.

**دووهەم: نێری:**

زۆرینەی زانایان مەرجی نێرینەبوونیان بۆ سـەرۆکایەتیی گشـتیی وڵات دانـاوە و لایان درووست نییە ئافرەت ببێتە سەرۆکی وڵات.[2]

ئیبن قودامە لەسەر دەسەڵاتداربوونی ئـافرەت دەڵێـت: "بـۆ ئیمامـەتی مـەزن و دەسەڵاتی شارەکانیش نابێت، بۆیە نە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) و نە هیچ لـە جێنشـینەکان نـە دوای ئـەوانیش نـە کاروبـاری قـەزاوەت و نـە بەرپرسـیارێتی

---

[1] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦. الفراء، الأحكام السلطانية، ص٢٠. الغزالي، فضائح الباطنية، ص١٧٩. الباجوري، شرح جوهرة التوحيد، ص٤٥٦. البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٧. انظر هذه الشروط في مغني المحتاج، ج٤، ص١٣٠. وانظر كتب المحدثين: يحيى إسماعيل، منهج السنة في العلاقة بين الحاكم والمحكوم، ص٢٦٧. محمد رأفت عثمان، رياسة الدولة في الفقه الإسلامي، ص١٢٣. عبدالرزاق السنهوري، فقه الخلافة وتطورها، ص١٢٢.

[2] مغني المحتاج، ج٤، ص١٣٠. القلقشندي، مآثر الانافة في معالم الخلافة، ص٥٣. الغزالي، فضائح ص١٨٠. ابن عابدين، الحاشية، ج١، ص٥٤٨. محمد عثمان، رياسة الدولة، ص١٣٠. يحيى إسماعيل، منهاج السنة، ص٢٦٨. السنهوري، فقه الخلافة، ص١٢١.

شارێکیان پێ دراوە، خۆ ئەگەر درووست بایە ئەم گشت سەردەم و جێگایانە ئافرەتێك دادەنرا".[1]

کەمالەدینی قودسییش لە (المسامرة)دا ڕای دەگەیەنێت: "بەمەرجگرتنی نێرینەیی بۆ ئەوەیە کە ئافرەت بۆ سەرۆکایەتی ناگونجێت"[2]. جوینی کۆدەنگی دەهێنێتەوە و دەڵێت: "زانایان کۆدەنگن کە درووست نییە ئافرەت بکرێت بە پیشەوا".[3]

زانایان بەڵگەیان بەو فەرموودە هێناوەتەوە کە ئافرەت درووست نییە ببێتە سەرۆك کە بوخاری دەیگێڕێتەوە لە ئەبو بەکرەوە کە دەڵێت: "ڕۆژانی جەنگی جەمەل، خودا بە فەرموودەیەك کەڵکی پێ گەیاندم، کاتێك هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) کە فارس کچەکەی کیسرایان کردووە بە پاشا، فەرمووی: گەلێك کاروباریان بدەنە دەست ئافرەت سەر ناکەون".[4]

ئیبن عەرەبی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: ئەمە بەڵگەیە کە دەسەڵاتدارێتی بۆ پیاوە و بۆ ژن نییە بەکۆدەنگی، جگە لە ئەبوحەنیفە کە دەڵێت: ئافرەت جگە لەوەی شایەتی دەدات دەکرێت دادوەرییش بکات، یان بەتایبەت وەك ئەوەی بۆچوونێکی وەرگیرێت یان دوو ناکۆك بیکەن بە ناوبژیوان، دەگێڕنەوە کە عومەر ئافرەتێکی لەسەر بازاڕ دانابوو، ئەمە بۆ حوکمکردن نەبوو، بەڵکو چاودێرێك بوو لەسەر ئەو خەڵکەی دەروونەخۆشن و فێڵ دەکەن.[5]

---

[1] ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٣١٨.

[2] ابن الهمام، المسايرة بشرح المسامرة، ص٣١٨.

[3] الجويني، كتاب الإرشاد، ص٣٥٩.

[4] البخاري، الصحيح بشرح فتح البخاري، ج١٣، ص٥٣. (كتاب الفتن)، وانظر أيضا ج٨: ١٢٧. (كتاب المغازي).

[5] ابن العربي، شرح صحيح الترمذي، ج٩، ص١١٩، (أبواب الفتن).

**سێهەم: ئیسلام:**

زانایان یەکدەنگن کە ئیسلام بە مەرج گیراوە بۆ کەسێك پاڵێوراو بێت بۆ سەرۆکایەتیی دەوڵەت یان ئیمامەتیی مەزن،[1] زیاد لە کەسێك کۆدەنگی لەم بارەوە هێناوە، نەوەوی لە شەرحی سەحیحی موسلیمدا دەڵێت: قازی عەیاز دەڵێت: "زانایان کۆدەنگن کە ئیمامەت نادرێت بە کافر، لەسەر ئەوەش ئەگەر کەسێك کوفرێك بکات لا دەدرێت".[2]

وا دیارە مەرجی موسڵمانبوون بۆ سەرۆکایەتی، لای زۆربەی زانایان پێویستی بە باسکردن نییە و پێویستیشی بە زیادە بەڵگەهێنانەوە نییە، چونکە تەنها بە موسڵمانبوونیشی قایل نین، بەڵکو زۆر لە زانایان دەڵێن دەبێت زانا و موجتەهید بێت لە ئوسولّ و فروعیشدا لە بابەتەکانی ئاییندا زانا بێت.[3] جوینی دەڵێت: "مەرجێکی ئیمام ئەوەیە دەبێت توانای ئیجتیهادی هەبێت، بە شێوەیەك پێویستی بە فەتوای جگە لە خۆی نەبێت".[4]

گرنگترین بەڵگەش کە زانایان کردوویانەتە بەڵگە بۆ موسڵمانبوونی ئەو کەسە پاڵێوراوە بۆ سەرۆکایەتیی دەوڵەت، ئەمانەن:

یەکەم: خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾.[5] واتە: "ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، پاشانیش گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانی خۆتان بن". بە

---

[1] مغني المحتاج، ج٤، ص١٣٠. الغزالي، فضائح الباطنية، ص١٨٠. القلقشندي، مآثر الأناقة، ص٥٦. الإرشاد إلى قواطع الأدلة والاحكام، ص٣٥. ابن الهمام، المسايرة بشرح المسامرة، ص٣١٨. الباجوري، شرح جوهرة التوحيد، ص٤٥٦. محمد رأفت عثمان، رياسة الدولة في الفقه الاسلامي، ص١٢٢.

[2] النووي، شرح صحيح مسلم، ج٢، ص٢٢٩ (كتاب الامارة).

[3] العضد عبدالرحمن الإيجي، الموقف، ص٣٩٨. البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٧.

[4] الجويني، الإرشاد، ص٣٥٨. ويقول إن هذا الشرط محل اتفاق.

[5] النساء: ٩٥. عبدالكريم زيدان، أصول الدعوة، ص٢١٣.

بەڵگـەبوونی ئـەم ئایەتـە وشـەی (مـنكم) واتـە: لـەناو خۆتـان ئـەی موسـڵمانان وەلیئـەمریش ئەوانـە حوكمـداری و سـەرۆكایەتییان پـێ دەسـپێردرێت و مـافی گوێڕایەڵیكردنیان هەیە لەلایەن سەرجەم موسڵمانانەوە.

دووەم: خـودای دەفـەرموێت: ﴿وَلَن يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا﴾.[1] واتە: "هەرگیز خودا (بەڵگـەی) كـافران بەسـەر ئیمانـداران (ی ڕاسـتەقینە)دا سـەر ناخات (لەم جیهان)ەدا". هیچ (سبیل)ێكیش لە دەسەڵاتبەسەردابوون مەزنتر نییە، ئەوانەی كـە دەڵـێن درووسـت نییـە ئەسـتۆبەندان دەسـەڵاتی تایبـەتیش وەرگـرن، هـەروەها ببنـە ئەنـدام لـە ئەنجومەنـە یاسـاییەكاندا ئـەم ئایەتانـەیان بـە بەڵگـە هێناوەتەوە، لە دواییدا لەم كتێبەدا توێژینەوەی تێروتەسەلی لەسەر دەكەین.

## چوارەم: زانست و ئیجتیهادكردن:

زۆرینەی زانایان پێیان وایە ئـەو كەسـەی پـاڵێوراوە بـۆ سـەرۆكایەتیی دەوڵـەت مەرجە توانای ئیجتیهادكردنی هـەبێت، ئـەلئیجی دەڵێـت: زۆرینـەی زانایـان لەسـەر ئـەوەن ئـەو كەسـەی شایسـتەی پێشـەوایەتییە دەبێـت لـە بابەتـە بنـەڕەتی و لقەكانیشیاندا موجتەهید بێت، تا بتوانێت بە كاروباری ئایینی هەستێت.[2]

بەڵام جوینی دەڵێت: مەرجی ئیجتیهادكردن كۆدەنگیی لەسـەرە، لـەم مەرجـەدا ڕاجیایی كاریگەریی نییە".[3]

بەغدادی دەڵێـت: هاوەڵانمـان دەڵـێن: ئـەوەی بـۆ پێشـەوایەتی دەسـت دەدات، دەبێت چوار سیفەتی تێدا بێـت، یـەكێكیان زانسـتە، كـەمترین شـتیش لـە زانسـت ئەوەیە لە حەرام و حەڵاڵ و سەرجەم حوكمەكانی دیكە شارەزا بێت.[1]

---

[1] النساء: ١٤١. عبدالكريم زيدان، أصول الدعوة، ص٢١٣.

[2] الإيجي، المواقف، ص٣٩٨.

[3] الجويني، الإرشاد، ص٣٥٨. وانظر: الجويني، غياث الأمم، ص٦٥.

ماوەردییش هەر بەم ئەنجامە گەیشتووە: "ببێتە خاوەنی زانستێك بیگەیەنێتە ئیجتیهادکردن لەسەر داوا و حوکمەکاندا".[٢] هەروەها ئیبن خەلدوونیش دەڵێت: "زانست بەس نییە هەر دەبێت موجتەهید بێت، چونکە تەقلید خەوشە، ئیمامەتیش بێخەوشی دەخوازێت، لە هەموو سیفەت و حاڵەتێکدا".[٣]

بەڵام پێرێك لە زانایان دەڵێن مەرجە بە شێوەیەکی گشتی شارەزای زانست بێت بەو ئەندازەیەی بشێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار، با موجتەهیدیش نەبێت، وەك غەزالی دەڵێت: "پلەی ئیجتیهاد بۆ پێشەوایەتی پێویست نییە، بەڵکو بەسە ئەوەندەی لە خودا بترسێت (الورع) کە بگەڕێتەوە بۆ لای زانایان".[٤]

ڕاڤەکاری (المسايرة) بەم شێوەیە بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە: بەڵام زانست نووسەر تیایدا شوێنکەوتەی غەزالییە، قسەکانی لەمەودواشی ئەوە دەگەیەنن کە زانستی موقەلیدی لە لق و ئەسڵەکانی فیقهدا هەبێت بەسە".[٥]

لەم دەقەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئیبن هەمام ئیجتیهاد بە مەرجێکی پێیوست نازانێت، لەبەر ئەستەمیی کۆبوونەوەی لەگەڵ سیفەتەکانی دیکەدا پێکەوە لە یەك کەسدا. دیارە ئەمە ڕای حەنەفییەکانە، خوداش زاناترە.[٦]

---

[١] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٧.

[٢] الماوردي، الأحكام السلطانية، ونقله القلقشندي في مآثر الأناقة، ج١، ص٥٧.

[٣] ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٣.

[٤] الغزالي، فضائح الباطنية، ص١٩١، هذه عبارة الغزالي المشتبة. وقد ذكر بعض الكتاب أن الغزالي نقل الإجماع على صفة الإجتهاد. انظر: ضياء الدين الريس، اللنظريات السياسية، ص٢٢٠. نقلاً عن كتاب الرد على الباطنية.

[٥] ابن الهمام، المسايرة، بشرح المسامرة، ص٣١٩.

[٦] ابن الهمام، المسايرة بشرح المسامرة، ص٣٢٢. ابن عابدين، الحاشية، محمد عثمان، رياشة الدولة في الفقه الاسلامي. ص١٣٤.

لــە قســەی حەنبەلییەکانیشــدا لەســەر زمــانی ئــەبو یــەعلی دەردەکــەوێت، دەردەکەوێت: کە ئەوان ئیجتیهاد بە مەرج نـازانن، تـەنها باسـی زانسـت دەکـەن.[1] مەبەســتیش لــە زانســت ئەوەنــدە شــارەزاییە کــە خاوەنەکــەی بکاتــە خــاوەن هەڵسوکەوتێکی پەسەند لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتـدا، لـە شـوێنێکی دیکـەدا وتـراوە: زانیاریی پێویست لە شەرعدا.

مەبەستی ئەو زانایانەش کە توندن لە دەسـتگرتن بـە مـەرجی ئیجتیهـادەوە لـە پێناوی بەدەستهێنانی سیفەتە تێروتەسەلەکانە بۆ کەسی یەکـەمی وڵات، تـا ببێتـە پێشـەنگ بـۆ موسـڵمانان و پێویسـتی بـە کـەس نـەبێت بـۆ لـە وەرگرتنـی حـوکمی شـەرعی لـە مەسـەلەکاندا، وەك ئـیبن خەلـدوون دەڵێـت کـە تەقلیـد خەوشـێکە بـۆ کەسایەتیی خەلیفە، هەروەها ئەبولمەعالی جوینیش ڕای وایە پێویستیی خەلیفە بۆ وەرگرتنــی فــەتوا لــە ئــەم و ئــەو کاریگــەریی لەســەر ســەربەخۆبوونی بڕیارەکـانی دەکات، کە دەڵێت: "ئەگەر پێشەوا سەربەخۆیانە زانستی شەرعی نەبێت پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ لای زانایان لە وردەکاریی کاروبارەکانیاندا، ئەمەش ڕەئیەکانی پــەرت دەکـات و لــە پلــەی ســەربەخۆ بــوون دایدەبــەزێنێت، جـا ئەگــەر ئیمامــەت ســەرکردایەتیکردنی دیــن و دنیایــە، کەواتــە پێویســت دەکـات لــە خــودی خۆیــدا ســەربەخۆ بێـت لـە ڕێکخسـتنی کاروبـاری دنیـایی و دینییشـدا، ئەمـەش بـە مانـای سەربەخۆبوونی تەواو دێت.[2]

بەمەرجگرتنی سیفەتی ئیجتیهاد لـەم سـەردەمەدا بـۆ سـەرۆکی وڵات لیسـتێکی دووردرێژی زانستی دەوێت کە دەبێت بیانزانێت، چونکە لە زانسـتەکانی قورئـان و تەفسـیر و زمـان، زانسـتەکانی فـەرموودە و سـەنەد و بنـەماکانی فیقـه و ئوسـوڵ، پاشان زانستی ناسیخ و مەنسوخ و زانینی قسەی زانایـان و جیاوازییەکانیشـیان لـە

---

[1] أبو يعلي الفراء، الاحكام السلطانية، ص٢٠.

[2] الجويني، غياث الأمم، ص٦٦.

ئوسـول و لقەکانیشـیاندا، جگـە لەمانـە زانسـتەکانی زەروورەتـی سەردەمیشـی پێویسـتە وەك: شـارەزایی لـە زانسـتی سیاسـەت و هونـەرەکانی، شـارەزایی لـە زانستەکانی کارگێڕی، زانستەکانی ئابووریی نوێ، بابەتەکانی جەنگ، زۆری دیکەش کە هەر تـەواو نـابن و پێویستیشـن لـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری دەوڵەتـدا، ئەمـەش ئەستەمە لە کۆمەڵە کەسێکدا کۆ بکرێنەوە چ جای تاکە کەسێك.

بۆیە پێویستە لـەم مەرجـەدا ئاسـانکاری بکرێـت و ڕێککـەون لەسـەر نـاوەڕۆکی بەمەرجبوونی زانست بۆ ئەم سـەردەمە، کـە بەشـێك لـە زانسـتی فیقـه و ئوسـول و زانستی زمـان و جۆرەکـانی دیکـەی زانسـتە نوێیـەکان دەگرێتـەوە لـە سیاسـەت و کارگێڕی، ئەوەندەی ئیدارەی دەوڵەتی پێ بدرێت، لە سەرجەم ئـەو کاروبارانەشـدا سەرۆکی وڵات پشـت بـە پسـپۆڕانی زانسـتەکان دەبەسـتێت، ئـەمڕۆ هـیچ کەسـێك، چەندە پلەی زانستی و شارەزایی بەرز بێت، ناتوانێت پشت بە پسپۆڕ و شارەزایانی لقەکانی زانست نەبەستێت.

## پێنجەم: دادگەری:

دادگـەری ئـەو دەسـتەواژەیەیە کـە زانایـانی فـەرمووده لەسـەری کـۆکن و بـە گرنگترین مەرجی دادەنێن بۆ کەسێك کە گێڕانەوەکانی وەربگرن، زانایانی فیقهـیش بە مەرجی دادەنێن بۆ کەسێك شایەتی وەربگیرێت.

دادگەری لە زماندا واتە: ڕاستڕۆیشتن، لە شەریعەتیشدا واتە: ڕاستڕۆیشتن لەسەر ڕێگای هەق بە لادان لە قەدەغەکان.

لە زاراوە فیقهییەکانیشـدا: خۆلادانـە لـە گوناهـە گـەورەکان و بەردەوامنەبوونـە لەسەر بچووکەکان و زاڵبوونی چاکە و دوورکەوتنەوە لە کردارە سووکەکان.[1]

---

[1] الجرجاني، التعريفات، ص١٩٢.

بەغدادی دەڵێت: "کەمترین شت کە لەم سیفەتەدا پێویستە بۆ ئەو کەسە لەوانە بێت کە شایەتی درووست بێت لە ڕووی بەرپرسیارێتی و جێبەجێکارییەوە".[1]

دادگـەری، وەك مـاوەردی ڕوونـی دەکاتـەوە: دەبێـت خاوەنەکـەی قسـەی ڕاستگۆیانە بێت، دەستپاك بێت، خۆپارێز بێت لە حەرامەکان، خۆی دوور بگرێت لە تاوان، دوور بێت لە گومان، لە تـووڕەیی و ئارامیـدا متمانـەپێکراو بێـت، پیـاوەتیی کەسانی دیی بۆ دین و دنیای بەکار بهێنێت.[2]

زۆربەی هەرە زۆری زانایان دادگەرییان بـە مـەرج دانـاوە بـۆ سـەرۆکایەتیکردنی دەوڵەت، دادگەرییان بـە هـەموو حوکمەکانیـەوە بـاس کـردووە یـان تـەنها تـەقوا و وەرعیان باس کردووە.[3]

هەنـدێك لـە زانایـانیش دادگـەری بـە مـەرج نـازانن، ئـیبن عابـدین دەڵێـت: "لای حەنەفیەکان دادگەری مەرجی درووستی نییە، درووستە فاسقێکیش بکرێتە سەرۆك، هەرچەندە مەکرووهە، بەڵام وا باشە ئەگەر ئاژاوە بـەرپا نـەبێت لا درێـت".[4] ئـەبو یەعلای فەڕائییش ئەم مانایە لە ئەحمەدەوە باس دەکـات.[5] بـەڵام غـەزالی دەڵێـت چاوپۆشیکردن لەم سیفەتە لە مەسەلەی ناچارییە، ناچارییەکانیش ڕێگە دەدەن بە قەدەغەکان.[6]

---

[1] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٧.

[2] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦٦.

[3] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦٦. ابن الهمام، المسايرة بشرح المسامرة، ص٣١٨. الإيجي، المواقف، ص٣٩٨. الغزالي، الإقتصاد في الاعتقاد، ص١٢٠. غياث الأمم، ص٦٨.

[4] ابن عابدين، حاشية، ص٥٤٩.

[5] أبو يعلي الفراء، الأحكام السلطانية، ص٢٠.

[6] الغزالي، الاقتصاد في الاعتقاد، ص١٢١.

ئەم سیفەتە بۆ ئـەمڕۆ پێویسـتە و نابێـت تیایـدا نـەرمی بنوێنرێـت، چـونکە بـۆ وەرگرتنـی شـایەتی یـان گێڕانـەوەی فـەرموودە کـراوە بـە مـەرج، کەواتـە بـۆ پێشەواتیکردنی مەزن، چۆن بە مەرج وەرنەگیرێت؟

**شەشەم: شایستەبوون (مەبەست شایستەبوونی جەستەیی و دەروونییە)**[1]

شایسـتەبوونی جەسـتەیی مەبەسـت پێـی سـەلامەتی پارچـەکانی جەسـتە و هەستەوەرەکانە، سەرۆك پێویستە ئەندامەکانی لەشی تەواو بن، واتە قاچ و دەست پەڕیو و خـاوەن پێداویسـتیی تایبـەت نـەبێت، هەسـتەوەرییەکانی سـەلامەت بـن، نابێت کوێر و کەڕولاڵ بێت، بە شێوەیەك بتوانێت ئەوەی پێویستییەتی هەستی پێ بکات و تێی بگات، بەڵام ئەگەر بزوتنـی خـاو و درەنـگ هەسـتایەوە نابنـە ڕێگـر.[2] هەندێکیشیان دەڵێن کەموکووڕییشیان سام لە دەرووندا کەم دەکاتەوە، کە دەبێتە لاوازبوونی گوێڕایەڵیکردنی.[3]

شایسـتەیی دەروونـی فـراوانترە و لـە کـاتی بـەکارهێنانی دەسـتەواژەی شاییستەییش مەبەست پێی ئەمەیە، کە چەند مانایەك لەخۆ دەگرێت، دەوترێت لە ئـازایی گشـتگیرترە، دەبێـت سـەرۆك خـاوەن ڕا و ئـازا بێـت بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی تۆڵەکردنەوە و بەجێهێنانی (حدود) سـنوورە شـەرعییەکان و جـەنگ و ڕادەبـڕین و ئامادەسازیی سوپا، ترسـنۆك نـەبێت.[4] بۆیـە زانایـان زۆر دەسـتەواژەی بـۆ بـەکار دەهێـنن، وەك: ئازایـەتی و فریادڕەسـییەك ببێتـە هـۆی پاراسـتنی دەوڵـەت، جیهادکردنی دوژمن.

---

[1] یحیى إسماعيل، منهج السنة في العلاقة بين الحاكم والمحكوم، ص٢٨١.

[2] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦.

[3] أبو يعلى الفراء، الأحكام السلطانية، ص٢١.

[4] الجويني، غياث الأمم، ص٦٥. الجويني، الإرشاد، ص٣٥٩. الباقلاني، التمهيد، ص١٨٣. ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٣.

جوینی دەڵێت: کەسی ترسنۆك بۆ لابردنی چەوساوان و ڕێکخستنی هێز و سوپا و دانانی پێگەی باڵا ناشێت، چونکە هەرکەس لەسەر ترسنۆکی و هەست بە خۆپارێزی ڕاهاتبێت، تەنها ترسنۆکی بەرهەم دەهێنێت، شەهامەت و ئاوەزیش ڕەچاو دەکرێن.[1] لە شوێنێکی دیکەدا پاش باسکردنی ئەم سیفەتانە دەڵێت: شایستەیی ئەمانەی باسمان کرد لەخۆ دەگرێت، کە بە کۆدەنگیی زانایان مەرجە.[2]

بەغدادی ئەم سیفەتە بەم شێوەیە باس دەکات: تێگەیشتنە لە هەموو ڕووەکانی سیاسەت و پلانی باش، وەك ئەوەی سرووشتی خەڵك بناسێت، ئەرکەکانیان بۆ بپارێزرێت و ئیشی گەورەکان ڕادەستی بچووکەکان نەکات، پلانی جەنگ و سەربازییش بزانێت.[3]

### حەوتەم: قوڕەیشی بوون

ئەم مەرجە شایانی لەسەروەستانێکی زۆرە، دەبێت توێژینەوەی تێروتەسەلی لەسەر بکرێت، چونکە بەمەرجگرتنی قوڕەیشیبوونی سەرۆکی دەوڵەت دەخوازێت بڵێین ئەم مافە لە چوارچێوەی ڕەچەڵەکی قوڕەیشدا کورت هەڵهاتووە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە موسڵمانان بە شێوەیەکی گشتی لەم مافە سیاسییە گەورەیە بێبەش دەبن، ئا لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە داننان بەم مەرجەدا ترسناك و بایەخدارە، هەموو گەلانی موسڵمان دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت لە حوکمداندا بەکاوەخۆ بین، قسەی زانایان لەو بارەوە بهێنینەوە و لەسەر بەڵگەکانیان ڕاوەستین:

---

[1] انظر حاشية رد المختار، ج١، ص٥٤٨. ابن الهمام، المسايرة شرح المسامرة، ص٣١٩. وقال: هذا رأي الجمهور.

[2] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٧.

[3] المصدر السابق، ص٢٧٧.

مەبەست لە ڕەچەڵەكی قوڕەیشی ئەوەیە: لە ڕۆڵـەكانی نـەزری كـوڕی كینانـەی كوڕی خوزەیمەی كوڕی مەدرەكەی كـوڕی ئیلیاسـی كـوڕی مـوزەڕی كـوڕی نـزاری كوڕی مەعدی كوڕی عەدنان بێت.(1)

قوڕەیش نازناوی نەزرە و تیرەكانی قـوڕەیش دەچـنەوە سـەر ئـەو،(2) نـەزریش دوازدەهەم باپیرەی پێغەمبەری خودایە (درودی خودای لەسەر).

هەندێك لە زانایان مەرجەكە بەم شێوەیە دەڵێت: لە ناوجەرگەی قوڕەیش بێـت، واتـە: بـۆ ڕۆڵـەی ڕاسـتەوخۆی ئـەو ڕەچـەڵەكە نـەبێت نابێـت، ئەمـە بـۆ بەنـدەی قوڕەیشی یان كەسێك دایكی قوڕەیشی بێـت و بـاوكی قوڕەیشـی نـەبێت نابێـت.(3) ئەمە هەموو خێڵەكانی قوڕەیش دەگرێتەوە و تایبەت نییە تەنها بە یەكێكیانەوە.(4) بەڵام شیعە لەمەدا پێچەوانەن و لە بنەماڵەی هاشمدا كورتیان هەڵهێناوە، هەشـیانە كورتی كردووەتەوە لە بنەماڵەی عەلیی كـوڕی ئـەبو تالیـب نـەك بنەماڵـەی هاشـم، هەیشە دەڵێت تەنها بۆ كوڕەكانی عەلییە كە لە فاتیمەی كچی پێغەمبـەری خـودان (دروودی خودای لەسەر).

### هەڵوێستی زانایان لە مەرجی قوڕەیشیبوون:

پێـڕی یەكـەم: كـە زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەهلی سـوننەت و سـەرجەم گرووپـە شـیعییەكان و بەشـێكی موعتەزیلـە و زۆرینـەی مورجیئـەن، ئـەوان وا دەبیـنن كـە

---

1 البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٣٤٩. أصول الدين، ص٢٧٦.

2 المقدسي، المسامرة بشرح المسايرة، ص٣١٩. أبو يعلي الفراء، الاحكام السلطانية، ص٢٠.

3 أبو يعلي الفراء، الاحكام السلطانية، ص٢٠.

4 النسفي، كتاب التمهيد، ص٣٩٧.

پێشــــەوا هـــەر دەبێـــت لـــە قـــوڕەیش بێـــت، مـــەرجی دروســـتیی پێشـــەوا قوڕەیشیبوونیەتی.[1]

زۆر لە زانیان کۆدەنگی لەسەر ئەمـە دەگێڕنـەوە، وەك: مـاوەردی لـە (*الاحکـام السلطانیة*)[2] و نەسەفی لـە کتێبـی (*التمهیـد*)[3] و نـەوەوی لـە شـەرحی سـەحیحی موسـلیمدا دەڵـێن: ئـەم فەرموودانـە و هاووێنـەکانیان بەڵگەیـەکی ئاشـکران کـە جێنشینایەتی تایبەتە بە قوڕەیشەوە، بۆ کەسی دیکە دانامەزرێت و درووست نییە، کۆدەنگیی هاوەڵان و دوای ئەوانیش لەسەر ئەمە دامەزراوە، هەرکەسێك لـە ئـەهلی بیدعە پێچەوانە بێت، یان شتێکی پێچەوانەی ئەمە بڵێت، بە کـۆدەنگیی هـاوەڵان و شـوێنکەوتووان و دوای ئـەوانیش بەڵگـەی لەسـەر دەهێنرێتـەوە بـە فـەرموودەی درووست، قازییش دەڵێت: بەمەرجگرتنی قوڕەیشـیبوون مەزهـەبی گشـت زانایانـە، ئەبوبەکر و عومەر ئەمەیان کرد بە بەڵگە بەسەر پشتیوانانەوە لـە ڕۆژی سـەقیفەدا، کەسیش نکخڵیی لێ نەکرد، قازی دەڵێ: زانایان لە بابەتـەکانی کـۆدەنگی ئـەژماری دەکەن، لە هیچ کەسێکی پێشین نە بە قسە و نە بە کردەوە نەبیستراوە پێچەوانەی ئەمە بێت، کە باسمان کـرد لـە هـەموو شـارەکاندا. دەشـڵێت: حیسـاب بـۆ قسـەی (النظام) و هاوئاوازەکانی لە خەواریج و بیدعەچیەکان ناکرێت، کە دەڵێن دەشکرێت قوڕەیشی نەبێت، هەروەها حیساب بۆ قسە بێجێیەکانی زراری کوڕی عەمر ناکرێـت کە دەڵێت: ناقوڕەیشییەکانی (نەبـەت) و جگـە لـەوانیش بەسـەر قوڕەیشـیدا پـێش

[1] ابـن حـزم، الفصـل في الملـل والأهـواء والنحـل، ج٤، ص٨٩. البـاقلاني، التمهيـد، ص١٨٢. ابـن همـام، المسـايرة بشـرح المسـامرة، ص٣١٩. البغـدادي، أصـول الـدين، ٢٧٥. الاقتصـاد في الاعتقـاد، ص١٢٠. القـرطبي، التفسـير، ج١، ص١٠٧. الإيجـي، المواقـف، ص٣٩٨. الفـراء، الأحكـام السـلطانية، ص٢٠. ابـن عابدين، الحاشية، ج١، ص٥٤٨.

[2] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦.

[3] أبو المعين النسفي، التمهيد لقواعد التوحيد، ص٣٩٧.

دەخـرێن، چـونکە لادانیـان لـە دەسـەڵات سـووکترە، ئـەم قسـەیەی بـەتاڵ و جوانناماییشکردنە، چونکە پێچەوانەی کۆدەنگیی موسڵمانانە، خوداش زاناترە".[1]

**پێڕی دووهەمی ئەهلی سوننەت:**

کۆمـەڵێك لـە زانایـان وا دادەنـێن مـەرجی ڕەچـەڵەکی قورەیشـیبوون جیـاوازیی لەسـەرە، واتـە: دان نـانێن بـەوەی کـۆدەنگی لەسـەر بێـت، لەوانـە خـاوەنی (*المواقف*)[2]، قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا[3]، جـوینی لـە (*الإرشـاد*)دا، کـە دەڵێـت: "مەرجێکی لای هاوڕێیانمان ئەوەیە پێشـەوا قورەیشـی بێـت، چـونکە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) دەفـەرموێت: (پێشـەوایان لـە قورەیشـن). دەشفەرموێت: "قورەیش پێشبخەن و پێشیان مەکەون". خـەڵکانێك پێچـەوانەی ئەمـەن، لای مـن دەرفـەت هەیـە بـۆ قورەیشـیبوون یـان نـەبوون، خـوداش بـە درووستییەکەی زاناترە".[4]

کۆمەڵێك لە زانایان، لەپێشیشیانەوە ئیبن خەلدوون، وا دەبینن کە ئـەم مەرجـە لە ڕۆژی سـەقیفەدا کـۆدەنگیی هـاوەڵانی لەسـەر بـوون و فـەرموودەی درووسـتیش پشتیوانی دەکات، کە هۆکەی دەمارگیریی توندی قورەیشییەکان بوون، کە پشـتی جێنشینایەتی بوون بەو هێز و پێگـەی کـە هـەیانبوو لـەناو عەرەبدا، بـەڵام کاتێـك کاروبـاری قورەیشـییەکان لاواز بـوو دەرمارگیرییەکـەیان ڕەوییـەوە بـە هـۆی ئـەو خۆشگوزەرانی و نیعمەتە زۆرەی دەسـتیان کـەوت، ئـیتر توانـای هـەڵگرتنی کـۆڵی

---

[1] النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٠٠، (كتاب الامارة).

[2] الإيجي، المواقف، ص٣٩٨.

[3] القرطبي، التفسير، ج١، ص١٧٠.

[4] الجويني، الإرشاد، ص٣٥٩.

جێنشـینایەتییان نـەما، خـەڵکی زۆریـش هاتنـە ناویـان ئـیتر ئـەو بەرژەوەندییـە دڵنیاکارە نەما لە بەجێهێنانی ئەم مەرجەدا.[1]

سەیر لەوەدایە کە ئیبن خەلـدوون لـە (*المقدمة*)دا لـە بـاقلانی دەگێڕێتـەوە کـە وتوویەتی: قورەیشیبوون مەرج نییە، چونکە دەمارگیرییەکەی قورەیش پەرت بووە و تواوەتـەوە.[2] ئەمـەش هەنـدێك لـە فەرموودەناسـان وەك محەمـەدی زیائـەدین ڕەئیس[3] و محەمەد ڕەئفەت عوسمانیش[4] لێیان دەگێڕنەوە.

کەچی باقلانی لـە کتێبەکەیـدا (*التمهيـد*) دەڵێـت: یەکـەم مـەرجی پێشـەوابوون دەبێت لە ناوجەرگەی قورەیشەوە بێت، کۆمەڵێك فەرموودەشی کردووەتە بەڵگە کە دەڵێت: زۆر زۆرن و تەواتور لەسەر ماناکانیان هەیە، ئەوجا ڕووداوەکەی سەقیفە بە ئیجماع ئەژمار دەکات و دەشڵێت ئەوەشـی وەك زیـرار و جگـە لـەویش پێچـەوانەی بوونەتەوە حیسابێکیان بۆ ناکرێت.[5] بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەم ڕاستییە بن.

پێـــڕی ســـێهەم: خەواریجـــەکانن و زۆرینـــەی موعتەزیلـــەکان و بەشـــێکی مورجیئـــەکانیش دەڵـــێن پێشـــەوایەتی بـــەبێ قـــورەیش درووســـتە، قورەیشـــی و ناقورەیشـی درووسـتە ئەگـەر دادگـەر بـوو و دوور بـوو لـە سـتەم. وەك دەوترێـت پێشەوایەتیی عەبدێکیش درووستە پێشەوا بێت ئەگـەر پێویسـتیان پێـی بـوو، هـەر وەك چۆن پێشەوایەتیی نەبـەت (ناقورەیشـی)[6] درووسـتە، ئەمـە قسـەی گـەیلانی دیمەشقییە، کە مورجیئەیە، هەروەها پێڕی (الضـرارية) و (النظاميـة)ش وا دەڵـێن،

---

[1] ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٤، وما بعدها.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٤.

[3] محمد الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ص٢٢٨.

[4] محمد عثمان، رياسة الدولة، ص١٧٥.

[5] أبو بكر الباقلاني، التمهيد، ص١٨٢.

[6] الشهرستاني، الملل والنحل، ١: ١٥٧.

پێشەوایەتی بۆ ناقورەیشییەکان درووستە و هەر کەسێك کە بە قورئـان و سـوننەت کار بکات ئەوە شایستەیەتی، بەڵام بە کۆدەنگیی میللەت دادەمەزرێت.[1]

کەعبی وا گومان دەبات کە بـۆ قورەیشـییەکان لەپێشـترن بـۆ ناقورەیشـییەکان بەڵام (زیرار) دەڵێت ئەگەر حاڵی قورەیشی و ناقورەیشییەك وەك یەك بوو، ئەوە بۆ ناقورەیشییەکە لەپێشترە، بەندەکە لـەوەی لـە ناوجەرگـەی قورەیشـە لەپێشـترە، ئەمـەش لەبـەر ئاسـانبوونی لادانـی ئەگـەر شـتێکی لـێ دەرکـەوت لادانـی پێویسـت بکات.[2]

**بەڵگەکانی ئەهلی سوننەت و ئەوانەی لەگەڵیدان:**

یەکـەم: شـارەزا و زانایـان بـە کۆمـەڵێك فـەرموودە بەڵگـە دەهێننـەوە، لـەو فەرموودانە:

١ــ بوخـاری دەیگێڕێتـەوە لـە موعاویـەی کـوڕی ئـەبو سـوفیانەوە کـە دەڵێـت: گوێبیسـتی پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) بـوو دەیفـەرموو: "ئـەم دەسەڵاتەی لەناو قورەیشـییەکاندایە، هەرکـەس لێیـان تێپـەڕێنێت خـودا بـە ڕوودا فڕێی دەداتە ئاگرەوە، بەو مەرجەی بەرگری لە ئایین بکەن".[3]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١٩٠. البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٣٤٩. الضرارية من فرق المرجئة وهم أتباع ضرار بن عمرو الذي ظهر في أيام واصل بن عطاء. (الفرق بين الفرق، ص٢١٣).

ـ النظامية من فرق المعتزلة: وهم أتباع أبي إسحق بن سيار المعـروف بالنظـام، ظهـر عـام ٢٢٠هــ، وسمـي كذلك لأنه كن ينظم الخرز في سوق البصرة، وهو من رؤوس المعتزلة (الفرق بين الفرق، ص١٣١).

[2] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٥. النووي، شرح على مسلم، ج١٢، ص٢٠٠. ابن حجر، فتح الباري، ج١٣، ص١١٨.

[3] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٣، ص١١٤. (كتاب الأحكام/ باب الأمراء من قريش).

لـه گێڕانەوەیـەکی تـردا لـە ئیبنـو عومـەرەوە (ڕەزای خودایـان لـێ بێـت)، کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر) فەرموویـەتی: "هەمیشـە ئـەم دەسـەڵاتە بـە دەست قوڕەیشەوەیە تا دوو کەسیان بمێنن".[1]

٢ــ موسـلیم لـە سـەحیحەکەیدا لـە ئـەبی هـورەیرەوە دەگێڕێتـەوە دەڵێـت: پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) فـەرمووی: "خـەڵك لـەم کاروبـارەدا شـوێنکەوتەی قوڕەیشـن موسـڵمانەکانیان بـۆ موسـڵمانەکانیان و کافرەکانیـان بـۆ کافرەکانیـان".[2] لـە گێڕانەوەیـەکی دیکـەدا لـە جـابیری کـوڕی عەبـدوڵڵاوە کـە پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر) فەرموویـەتی: "خـەڵك لـە چـاکە و خراپــەدا شوێنکەوتەی قوڕەیشن".[3]

٣ـ موسلیم لە جـابیری کـوڕی سـەمورەوە دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) فەرموویەتی: "ئەم کاروبارە کۆتـایی نایـەت هـەتا دوازدە جێنشـین دێن، پاشان قسەیەکی فەرموو کە لە من پەنهان بـوو، وتم بـە بـاوکم چـی فـەرمووی؟ وتی: هەموویان قوڕەیشین".[4]

٤ـ تیرمزی لە عەمری کـوڕی عاسـەوە دەگێڕێتـەوە کـە لـە پێغەمبـەری خـودای بیستوە (دروودی خودای لەسەر) فەرموویەتی: "قوڕەیش گەورەی خەڵکن لە چاکە و خراپەدا تا ڕۆژی قیامەت"، تیرمزی دەڵێت: حدیث حسن غریب صحیح.[5]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ج١٣، ص١١٤. مسلم، الصحیح بشرح النووي، ج١٢، ص٢٠١.

[2] مسـلم، الصـحیح بشـرح النـووي، ج١٢، ص٢٠٠. (کتـاب الامـارة). فـتح البـاري، ج٦، ص٥٢٦، (مناقـب القریش).

[3] مسلم، الصحیح بشرح النووي، ج١٢، ص٢٠٠.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ج١٢، ص٢٠١.

[5] ابن العربي، شرح صحیح الترمذي، ج٩، ص٧٢، (أبواب الفتن).

دووەم: کۆدەنگییش بە بەڵگـە دادەنـێن: وەك پێشـتریش هێنامـان نـەوەوی لـە شـەرحی موسـلیمدا قسـەی عـەیازی هێنـا: بـە مـەرجگرتنی قورەیشـییبوون بـۆ دەسەڵاتداری، مەزهەبی هەموو زانایانە، بە کۆدەنگییش ئەژماریان کردووە، قسەی پێچەوانەی ئەمە نەگێڕدراوەتەوە.[1]

بە هەمان شێوە ماوەردی لە (*الاحكام السلطانية*)[2]، عەبـدلقاهیری بەغـدادی لـە کتێبی (*أصول الدين*)[3]، نەسەفی لە کتێبی (*التمهيد*)[4] و ئەبوبەکری بـاقلانیش لـە (*التمهيد*)دا ئاماژەی پێ داوە.[5]

### بەڵگەی خەواریج و ئەوانەی کەلەگەڵیاندان:

خەواریج و ئەوانەی هاوڕان لەگەڵیان بەڵگەیان ئەم فەرموودانەن:

١ــ ئـەبو زەڕ دەڵێـت: دۆسـتەکەم فـەرمانی پـێ کـردم کـە گوێڕایـەڵ بم بـا بـۆ بەندەیەکی (چوارپەلبڕاویش بێت).[6]

لە گێڕانەوەیەکی دیکە نزیکە لەوە دەڵێت: ئەگەر بەندەیەك بۆ کاربەدەستان بە کتێبەکەی خودا پێشەوایەتیکردن گوێبیست و گوێڕایەڵی بن، چەند گێڕانەوەیـەکی دیکە بە هەمان ماناوە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە.

---

[1] النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٠٠.

[2] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٦.

[3] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٥.

[4] أبو المعين النسفي، التمهيد لقواعد التوحيد، ص٣٩٧.

[5] الباقلاني التمهيد، ص١٨٢.

[6] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص٢٢٥، (كتاب الإمارة).

٢ـ ئـەو فەرموودەیـەی کـە ئەنەسـی کـوڕی مالیـك دەیگێڕێتـەوە: گوێبیسـت و گوێڕایـــەڵ بـــن بـــا بەندەیـــەکی حەبەشـــیی ســـەر وەك مێـــووژیش بکرێـــت بـــە کاربەدەستتان.[1]

٣ـ ئەو گێڕانەوەیەش لە عومەری کوڕی خەتابەوە دەکەن بە بەڵگە، کاتێك داوای لـێ کـرا کەسـێك بکاتـە جێنشـینی خـۆی، وتـی: ئەگـەر سـالمی خزمـەتکاری ئـەبو حوزەیفە زیندوو بایە دەمکردە جێنشین.[2]

زانراویشە کە سالم بەندە بووە و قوڕەیشی نەبووە، سالم بە زانست و خۆپارێزی و زۆر قورئان خوێنی ناسراو بـوو، پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) لـە بارەیەوە دەیفەرموو: قورئان لای چوار کەس بخوێنن، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود، سالمی خزمەتکاری ئەبو حوزەیفە، ئوبەی کوڕی کەعب و مەعازی کوڕی جەبەل.[3]

دەشگێڕنەوە کە عومەر ویسـتوویەتی مـەعازی کـوڕی جەبـەل بکاتـە جێنشـین، زانراویشـــە مـــەعاز لـــە پشـــتیوانانە و قوڕەیشـــی نـــەبووە، بەڵگەشـــیان بـــە عـــەقڵ هێناوەتەوە کە پـەروەردگار ڕەچـەڵەکی بـە کاروبـاری ئـایین دانـەناوە، هـیچ ڕێـز و گەورەییـــەك بـــە کـــردەوە نـــەبێت نییـــە، خـــودا دەفـــەرموێت: (إِنَّ أَكرَمَكمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكمْ)[4]، واتە: "بەڕێزترینتان لای خودا پارێزگارترینتانە". عەرەب فەزڵی بەسـەر عەجەمەوە نییە و سپییش نیەتی بەسەر سوورەوە بە لەخواترسی و کردەوەی چاك نەبێت، هەشیانە قوڕەیشینەبوونی بۆیە پـێ باشـە، لەبـەر ئاسـانی و لادانـی ئەگـەر پێویستی کرد.

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٣، ص١٢١، (كتاب الاحكام/ باب السمع والطاعة للأمير).

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٣، ص١١٩.

[3] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص١٠١.

[4] الحجرات: ١٢.

## وتوویژ لەسەر بەڵگەکان:

### وتوویژی بەڵگەکانی خەواریج:

ـ یەکەم: سەبارەت بە بیستن و گوێڕایەڵیی بەندەیەکی حەبەشی، ئیبن خەلدوون دەڵێت، ئەمە نابێتە بەڵگە لەو بارەوە، چونکە بە نموونە هێنراوەتەوە و مەبەست پێی پێداگرتنە لەسەر واجبێتیی بیستن و گوێڕایەڵی.[1]

لە لایەکی دیکەوە دەوترێت مەبەست پێی سەرکردایەتیکردنی سوپا و دەسەڵاتی تایبەتە نەك خیلافە و سەرۆکایەتیی دەوڵەت، دەشوترێت ئەمە لە کاتێکدایە بەندەیەك دەسەڵاتی بەزۆر گرتە دەست و زەوتی کرد و ترسان بە لادانی ئاژاوە بەرپا ببێت.[2]

ـ دووهەم: سەبارەت بە قسەکەی گەورەمان عومەر، عومەر ئەمەی پێش درووستبوونی کۆدەنگی وتووە، بەڵام ئیجتیهادەکەی عومەر لە دوای ئەوە گۆڕا، ئەمە قسەی ئیبنو حەجەری عەسقەلانییە.[3]

سەبارەت بە بەڵگەکانی ئەهلی سوننەت، دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە وتوویژ بکرێت:

ڕووی یەکەم: بەشێك لە زانایان ڕەخنە دەگرن لەو وەسفەی کە دەڵێت فەرموودە لەبارەی تایبەتکردنی قوڕەیشەوە بۆ پێشەوایەتیکردن زۆر فراوانە، گەشتووەتە ئاستی تەواتور، دەڵێن ئەمە قابیلی قسەلەسەرکردنە و ئەوەندە زۆریش نین و نەشگەشتوونەتە ئاستی تەواتور.

یەکێك لەو ڕەخنەگرانە ئیمامی حەرەمەینە، کە دەڵێت: هەندێك لە پێشەوایان دەڵێن ئەم فەرموودەیە حوکمی ئەو زۆرییەی هەیە کە جێگیربوونی بڕاوەتەوە و

---

[1] ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٤.

[2] المقدسي، المسامرة بشرح المسايرة، ص٣٢٠ . الإيجي، المواقف، ص٣٩٨.

[3] ابن حجر، فتح الباري، ج١٣، ص١١٩. شرح الاحاديث السابقة المتعلقة بشرط القرشية.

هەموو ئوممەت قبوولْیان کردووە، ئەم ڕێڕەوە لەپێش نییە، چونکە گوێزەرەوانی ئەم فەرموودە دیاریکراون و ناگەنە ئاستی تەواتور، کە هەقی پێ دەردەکەوێت، ئێمە دڵمان پێی ئاو ناخواتەوە و لە جێگیربوونی دڵنیا نین کە فەرموودەی پێغەمبەری خودا بێت (دروودی خودای لەسەر) وەك هەموو فەرموودەکانی دیکەی ئاحادن، جا لەسەر ئەمە ئەم فەرموودە نابێتە زانست کە ڕەچەڵەکی پێشەوایەتی بکات بە مەرج.[1]

ڕووی دووەم: ئەو فەرموودانەی کە دەڵێن: ئەم کارە بەدەست قوڕەیشەوە دەبن، بە دەستەواژەی هەواڵدانی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) هاتوون کە لە مەودا دەبێت، نابێتە بەڵگەی حوکمێکی دیاریکراو، ئەمەش پشتیوانیی ئەوە دەکات کە هەموو گێڕانەوەکان یەك مانا دەگەیەنن، دەبێتە بەڵگە لەسەریان، چونکە گێڕانەوەکە دەڵێت: (خەڵك شوێنکەوتەی قوڕەیشن، موسڵمانیان بۆ موسڵمان و کافریان بۆ کافریان).

خۆ ئەمە ناکرێتە بەڵگە کە واجبە کافر شوێنی کافر بکەوێت، ئەمە نابێتە حوکمی شەرعی، بەڵکو لە بابەتی هەواڵدانە بۆ سەرکردایەتیکردنی قوڕەیش بۆ عەرەب لە سەردەمی کوفر و ئیسلامدا، چونکە پێگە و ڕێز و شایستەیی دیکەیان تێدا بوو.

فەرموودەکەی دیکە دەڵێت: خەڵك شوێنکەوتەی قوڕەیشن لە چاکە و خراپەدا، ماقوولیش نییە حوکمی واجببوونی شوێنکەوتنی قوڕەیش لە چاکە و خراپەدا بدرێت، خۆ ئەگەر حوکمی شوێنکەوتنی لە خێرەکەدا هەبێت، ئەدی چۆن لە شەڕەکەدا دەبێت؟ ئەمەش پشتیوانیی ئەوە دەکات، ئەم فەرموودانە هەواڵدانە.

---

[1] الجويني، غياث الأمم، ٦٣.

ڕووی سێهەم: ئەو فەرموودانەی لە بوخاری و موسلیم و سونەنەکانی دیکەدا بە دروستی هاتوون، کەس ناتوانێت نکوڵییان لێ بکات، بەڵام ئەوانەی لە بوخاری و موسلیمدا دروستییان جێگیرە، تیایاندا نییە کە ئەبوبەکر بەڵگەی هێنابێتەوە بۆ دەسەڵاتوەرگرتنی قورەیش لە ڕۆژی سەقیفەدا، جگە لە یەك فەرموودە کە ئەحمەد گێڕاویەتیەوە و لە سەنەدەکەیدا بچڕان هەیە وەك ئیبن حەجەر دەیگێڕێتەوە.(١)

ئەوەش کە کتێبەکانی ژیاننامە دەیگێڕنەوە کە لە سەقیفە ڕووی دا باسی ئەوەی تێدا نییە کە ئەبوبەکر بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) هێنابێتەوە، ئەوەش لەسەر زمانی ئەبوبەکر دەگێڕنەوە وتوویەتی: عەرەب ئەم کاروبارەی ناداتە دەستی جگە لە قورەیش، کە شیاوترینی عەرەبن بە ڕەچەڵەك و بنەماڵەشەوە.(٢)

ئەوەی تەبەری دەیگێڕێتەوە سەبارەت بە کۆچەرییەکان وتوویەتی: "ئەوانە یەکەمن لە بەندایەتیکردنی خودا لەسەر زەوی و باوەڕهێنان بە خودا و پێغەمبەرەکەی، ئەوان دۆست و خزمی پێغەمبەرن و لە هەموو کەس شیاوتری ئەم کاروبارەن لە دوای ئەو جگە لە ستەمکار کەس کێشمەکێشیان لەگەڵ ناکات".(٣)

قسەکانی عومەریش کە موناقەشەی پشتیوانانی پێ دەکرد، لە بەڵگەکانی ئەبو بەکرەوە نزیك بوو: تێبینی دەکرێت ئەوان سەیری هەموو عەرەبیان دەکرد و ملکەچبوونی هەموویان دەویست بۆ جێنشینی داهاتوو لە دوای پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر)، ئەوەشی کە لە ئەنجامی ئەوەوە دەبێت بۆشاییەکی ترسناك و دۆخێکی ئەوپەڕی سەخت و دژوارە، بۆیە عەرەب جگە لەم هۆزە ملکەچی کەسی دیکە نابێت کە ئەبوبەکر بە (أوسط العرب داراً ونسباً) باسی کرد و

---

[1] ابن حجر، فتح الباري، ج١٣، ص١١٤.

[2] ابن هشام، السيرة، ج٢، ص٦٥٨.

[3] الطبري، التأريخ، ج٣، ص٢٠٧.

وتیشی کەسوکاری پێغەمبەر و خزمینی، جا خۆ ئەگەر کارەکە بڕابایەتەوە بە دەقێکی یەکلاکەرەوە لە پێغەمبەرەوە، ئەم مشتومڕە ڕووی نەدەدا.

ڕووی چوارەم: هەروەها دەرفەتی ئەو دەرئەنجامەشی تێدایە کە بوترێت ئەم فەرموودانە تایبەتن بە کۆچەرییە پێشینەکانی قوڕەیشەوە، کە یەکەم جار نیگا بۆ سەر ئەوان دابەزی، یەکەم کەسیش بوون لەناو عەرەبدا کە باوەڕیان بە بە خودا هێنا، هەر ئەوانیش بانگەوازیان گەیاندە خەڵك، لەژێر کۆڵی قورسی ڕاسپاردەکەدا ئارامگر بوون و ساڵانێکی دووردرێژ تەحەمولی ئازار و ئەشکەنجەیان لە پێناودا کرد، کە ئەوان شیاوترینی عەرەبن بۆ سەرکردایەتیکردنی خەڵك، هەروەها لە هەموو کەس زیاتر لە قورئان و حوکمە ئیسلامییەکان تێدەگەیشتن، چونکە قورئان ئایەت بە ئایەت لەناو ئەواندا و بە زاراوە و زمانی ئەوان دابەزی.

ئەوەی پشتیوانیی ئەم ڕایە دەکات ئەو مشتومڕە بوو کە لەنێوان کۆچەری و پشتیوانان لە سەقیفەدا ڕووی دا سەبارەت بەوەی کێ شایستەیە؟ گرووپی سێهەمیش لەو کاتەدا نەبوو مەبەستیش لە قوڕەیش هەموو کۆچەرییەکان بوو، لە قسەکانی ئەبوبەکر لە سەقیفە وەها دەفامرێتەوە، دوای ئەوانیش بە پلەی دوو پشتیوانان دێن، بۆیە وتی: ئەمیر لە ئێمە و وەزیر لە ئێوە.[1]

ڕووی پێنجەم: ئەوەیە کە ئیبن خەلدوون هێناویەتی، کە تێڕامانە لە مەبەستی شەرعدانەر، کە قوڕەیشیبوونی بە مەرج گرتووە، دەڵێت[2]: "هەموو حوکمە شەرعییەکان دەبێت مەبەست و حیکمەتیان تێدا هەبێت، کە لەو پێناوەدا حوکمەکە هاتبێت، جا ئەگەر ئێمە سەرنجی حیکمەتی بەمەرجگرتنی قوڕەیشیبوون و مەبەستی شەرعدانەر بدەین، دەبینین تەنها لەبەر موبارەکبوون پەیوەستبوونیان لە پێغەمبەرەوە نەبووە، وەك وا بڵاوە، هەرچەندە ئەم پەیوەستبوونە هەیە و

---

[1] محمد ضياء الدين اللريس، النظريات السياسية، ص٢٣٢.

[2] ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٥، ١٩٦.

موبارەکیشە، بەڵام وەك دەزانین موبارەکێتی لە مەبەستەکانی شەریعەت نییە، کەواتە دەبێت بەرژەوەندییەك لەو بەمەرجگرتنەی ڕەچەڵەکەدا هەبێت کە مەبەستەکەش ئەوەیە، ئەگەر لێی ورد بینەوە دەبینین حیسابی خزمایەتی پشتی (العصبية) کراوە کە بەهۆیەوە پارێزگاری و داخوازی پەیدا دەبن، بە بوونی جیاوازی و پەرتبوونی هەڵدەگیرێت، بەم حیسابکردنە میللەت ئۆقرە دەگرێت و ئولفەت بڵاو دەبێتەوە، وەك دەزانین قورەیش میراتگر و پشت و بنەچەی (مضرّ)ن، زۆرینەشیانن، ئەوان باڵادەستی هەموو (مضرّ) بوون لە ڕووی دەسەڵات و زۆری و ڕێزیشەوە، هەموو عەرەبیش دانیان بەمەدا دەنا، جا ئەگەر دەسەڵات بە جگە لەوان بدرایە ئەگەری پەرتەوازەیی و گرفت پەیدا دەبوو.

پاشان دەڵێت: "دەشزانین ئەو حوکمانەی شەرع دایدەنێت تایبەت نییە بە نەوەیەك یان چەرخ و گەلێکەوە، دەزانین ئەم قورەیشیبوونە بۆ شاییستەبوونیان دەگەڕێتەوە، کە پشتن، بۆیە ئەو مەرجە دادەنێن کە هەرکەسێك کرا بە گەورەی موسڵمانان دەبێت لەو هۆزە بێت کە دەمارگیر و پشتی بەهێزی هەیە لە هەموو چەرخێکدا".

خەڵکێکیش ڕەخنە لەم بۆچوونەی ئیبنو خەلدوون دەگرن کە پشت و دەمارگیری بە حیکمەتی ئەم حوکمە شەرعییە دادەنێت، چونکە ئیسلام بۆ ڕیشەکێشکردن و دژایەتیی دەمارگیری هاتووە. ئێمە دەتوانین لەو ڕێبازەی ئیبن خەلدوون بگەینە مەبەستە ڕاستەقینەکە، ئەویش گەڕانە بەدوای حیکمەت و مەبەستی شەرعدانەردا، چونکە شەرعدانەر بێگەردە و دوورە لە حوکمی بێهودە، کەواتە دەتوانین بڵێین مەبەستەکە بوونی شایستەییە لەو کەسەدا کە دەکرێتە سەرۆکی دەوڵەت کە ڕێکخستنی کاروباری وڵات لە ئەستۆ دەگرێت و دەبێت هەموو خەڵکی موسڵمان پێی قایل بن و گوێڕایەڵی بن.

ڕووی شەشـەم: ئـەو کۆدەنگییـەی کـە زانایـانی ئـەهلی سـوننەت دەیڵـێن کـە قوڕەیشیبوون مەرجە، لە ڕاستییدا کۆدەنگییە لەسەر جێنشـینێتیی ئەبوبـەکر، کـە کۆدەنگییە لەسەر بەرژەوەندییەك کە لەو وەختەدا دڵنیا بوون لـە بـەدیهاتنی، وەك ئیبن خەلـدوون دەیڵێـت، بۆیـە بەڵگەهێنانـەوە بـە کـۆدەنگی جێگـەی تێبینییـە،[1] هەندێکیش هەر نکوڵیی بوونی کۆدەنگی دەکەن.[2]

ڕووی حەوتەم: ئەم فەرموودانە لە بابەتە بەشیەکییەکانی شـەریعەتن، هـەروەها لە بابەتە گومانـاوییـە (الظنیـات)ەکـانن، پێچـەوانەی بنـەما گشـتی و یەکلاکـەرەوە شـــەرعییەکانن، هـــەر کـــاتێکیش گومانـــاوی و یەکلاکـــەرەوە (الظـــني والقطعـــي) پێچـەوانەی یـەك بـوون، ئـەوا یەکلاکەرەوەکـە پـێش دەخرێـت و وەردەگیرێـت، هەرکاتێیکش بەشەکی و گشتی (الجزئـي والکلـي) پێچـەوانە بوونـەوە، ئـەوا گشـتی بەسەر بەشەکیدا پێش دەخرێت،[3] ئـەو بنەمایـەش کـە پێچـەوانەی بەمـەرجگرتنی قوڕەیشـیبوونە، ئەوەیـە دەڵێـت: "موسـڵمانان هـەموویان یەکسـانن، بنەچـەیان یەکێکە، کەسـیان لـە کەسـیان چاکتر نـین، مەگـەر بـە لەخواترسـان و چاکەکاری نەبێت، بنەمای بژاردەبوونیش توانـاداری و دەسـتپاکییە". ئـەم بنەمایـەش لەسـەر بەڵگـەی چـەندین ئایـەت و فـەرموودە داڕێـژراوە و گیـانی شـەریعەت و کـرداری خەلیفەکان و قسەی زانایانیش پشتیوانیی دەکات.

لەو دەقانەش کە پشتیوانیی ئەم بنەما دەکەن:

- خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾[4]. واتە: "ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە درووستمان کردوون لە

---

[1] ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٤.

[2] الإيجي، المواقف، ص٣٩٨. القرطبي، التفسير، ج١، ص٧٠. ابن نجيم، الاشباه والنظائر، ص٣٨٨.

[3] الشاطبي، الموافقات، ج٣، ص٢٦١.

[4] الحجرات: ١٣.

نێر و مێیـەك و كردومـانن بـە چـەند گـەل و هـۆزەوە تـا یـەكتری بناسـن". كەواتـە بنەچەی پەیدابوونی هەموو خەڵكە بە هەموو تیرە و هۆز و نەتەوەكانەوە یەكێكە.

- پێوەری باشبوون لە خواترسییە، نەك بنەچـە و ڕەگـەز ، خـوای دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾.(1) واتە"بەڕێزترینتان لای خودا پارێزگارترینتانە".

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە حـەجی ماڵئاواییـدا فـەرمووی: خەڵكینـە، پەروەردگارتان یەكە، باوكتان یەكە، هەمووتان لە ئادەم بوون و ئادەمیش لـە گـڵ، بـەڕێزترینتان لـە لای خـودا لەخواترسـاوترینتانن، هـیچ عـەرەبێك چـاكەی بەسـەر عەجەمێكەوە نییـە مەگـەر بـە لەخواترسـی نـەبێت، خوایـە تـۆ بەشـایەت بـە، ئایـا گەیانـدم، وتیـان: بـەڵێ، فـەرمووی: كەواتــە ئـەوەی ئامادەیـە بـا بیگەیەنێتـە ئامادەنەبووان.(2)

ئـەبو زەڕ دەڵێـت: دۆسـتەكەم ڕایسـپاردم كـە ببیسـتم و گوێڕایـەڵ بم، بـا بـۆ بەندەیەكی چوارپەلبڕاویش بێت.(3)

پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر) دەفـەرموێت: "هەركـەس لـە ژێـر ئالآیـەكی كوێرانە بجەنگێت، كە بانگ بكات بۆ دەمارگیری یان لەسـەر دەمـارگیری هەڵچێت، ئەوا كوشتنەكەی نافامییە".(4)

---

[1] الحجرات: ١٣.

[2] خطبة الوداع، رواها البخـاري، ج٣، ص١٥٧٣. (كتـاب الحـج) مسـلم، الصـحيح، ج٨، ص١٨٢. (الحـج). الترمذي، الصحيح، ج١١، ص٢٢٤. (أبواب التفسير). ابن ماجة، السنن، ج٢، ص٩٠٥. (الوصايا) ولكن هـذا الجزء من الخطبة لم أعثر عليه فيها، انظر تحقيق هذه الخطبة محمـد حميـد الله، الوثـائق السياسـية للعهـد النبـوي والخلافـة الراشـدة، ص٣٦٠. ابـن هشـام، السـيرة، ص٦٠٣. البـاقلاني، إعجـاز القـرآن، ص١٨٠. المقريزي، (إمتاع الأسماع)، ج١، ص٥٢٢. الواقدي، المغازي، ص٤٣٣. اليعقوبي، التأريخ، ج٢، ص١١٠.

[3] مسلم، الصحيح، ج١٢، ص٢٢٥.

[4] ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٠٢ (كتاب الفتن والعمية من الضلالة). النسائي، السنن، ج٧، ص١٢٣.

ـ قورئانی پیرۆز بنەمای بۆ بژاردەکردنی دارشتوە، کە لەسەر پایەی بەتوانایی و ئەمانەتپەروەری دارێژراوە، خودا لەسەر زمانی کچەکەی پیاوە باشەکە دەفەرموێت: ﴿يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾.(1) واتە: " ئەی باوە گیان بە کرێی ڕابگرە (بۆ شوانی)، چونکە بەڕاستی چاکترین کەسە کە بە کرێی بگری، بەهێز و ئەمینە، دەسوداوێنپاکە".

ـ فەرموودەیەکی دیکەیش لە پێغەمبەری خوداوە (درودی خودای لەسەر) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: "هەرکەس کابرایەکی کرد بە کاربەدەست بەسەر خەڵکێکەوە، لەناو ئەو خەڵکەشدا لەو کابرایە باشتر هەبوو، ئەو کەسە خیانەتی لە خودا و خیانەتی لە پێغەمبەرەکەی و خیانەتی لە باوەڕداران کردووە".(2)

سەرجەم ئەم دەق و بەشەکیانە ئەو بنەمایەی پێشوو دەکرێن بە بنەمایەکی گشتی و هەمەکییەك (کلية) لە هەمەکییە یەکلاکەرەوەکانی شەریعەت، کە پێچەوانەی ئەو فەرموودانەیە قوڕەیشیبوون بە مەرج دادەنێن، بۆ لابردنی پێچەوانەبوونەکەش پێویستە بە بنەما یەکلاکەرەوەکە کار بکرێت و دەقە بەشەکییەکانیش تەئویل بکرێن بەو شێوەیەی لەگەڵ بنەماکەدا دەگونجێت، بەدوای ئەو ڕێگایەدا بگەڕێین کە یەکلاکەرەوە شەرعییەکان هەڵناوەشێنێتەوە، ئەمەش بەو ڕووانەی کە ڕابوردن دەکرێت.

جا ئەگەر بمانەوێت ئەمڕۆ ئەوە بکەین بە کردار، بەوە دەکرێت ئەو کەسەی دادەنرێت بە سەرۆکی دەوڵەت شایستەیی و مەرجەکانی سەرکردایەتیکردنی تێدا بێت و بە شێوەی هەڵبژاردنی گشتی لەلایەن گەلەوە دادەنرێت، ئیدی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، وەك ئەوەی لای نوێنەران و زانایان و کاربەدەستانی ڕاوێژکار

---

1 القصص: ٢٦.

2 رواه الحاكم في المستدرك، ج٤، ص٩٢، وقال هذا حديث صحيح الإسناد. ابن تيمية، السياسة الشرعية، ص١١.

لەم سەردەمەدا هەڵبژێردرێت، ئەمەش باشترین گەرەنتییە بۆ کۆدەنگی و تەبایی و یەکڕیزی.

بۆیــە میللــەتی ئیســلامی هێشــتا پێویســتی بــە داڕشــتنەوەی یاســایی و بەدەستووریکردنی ئەم بابەتەی هەیە، دەبێت بەپێی بەرژەوەندیی گشتی لە هەموو دۆخێکدا زیاتر گەشەی پێ بدات، بۆ ئەوەی کەلێنـەکان پـڕ بکاتـەوە و چارەسـەری هەڵـەکان بکـات، تـا میللـەت دەگاتـە نموونەیـەکی کـرداری کـە هـەموو خـەڵك بـە کۆدەنگیی زانایان و پسپۆڕان لەسەری یەکدەنگ بن، هەتا ئیتر پەرتبوون نامێنێت و ئاژاوە لەناو دەبرێت، بۆ ئەوەش ئـیتر ئـەم بابەتـە وەك سەرچـاوەی دووبـەرەکی و پشێوی نەمێنێتەوە.

ئێمە دەبینین زۆر لە میللەتان توانییـان جیاوازبوونیـان لـەم بابەتـەدا ببڕنـەوە و ڕێك بکەون لەسەر شێوازێکی ڕوون لە هەڵبژاردنی سەرۆکیاندا، ئەوەی یارمەتی بـەم ئەنجامگەشتنەی داون ڕازیبوونە بە ڕای زۆرینەی هاووڵاتیانیان.

دەی موسـڵمانان شایسـتەترن لـەم بـارەوە توانـای بڕینـەوەی جیاوازییـەکانیان هەیە، چونکە سەرچاوەی ڕوونیان لە قورئان و سـوننەت ئـەو بنەمایانـەش لـەم دوو سەرچاوە هەڵدەهێنجرێن هەیە، دەتوانن لە هەموو کات و شوێنێکدا بە بیرکردنـەوە و گەنگەشەکردن ئەو هۆکارانەی پێچەوانەی گیانی شەریعەت و بنەما گشتی و هێڵـە سەرەکییەکان نین هەموو گرفتەکانیان چارەسەر بکەن.

ئا لێرەوە لە ئێستادا بەرژەوەندیی گشتی وا دەخوازێت بەدوای باشترین هۆکاردا بگەڕێین کە ئەو بەرژەوەندییەی پەروەردگار مەبەستیەتی بهێنێتە دی، کـە ویسـتی زانایانی پێشین بە جێگیرکردنی پایەکانی حوکمی دەوڵەتی ئیسلامی و سـەقامگیری و گوێڕایەڵیی خەڵك و بنەبڕکردنی پشێوی بێتـە دی. باشـترین ڕێگـەش هەڵبـژاردنی گشتی بـەپێی دەسـتوور و کارنامـە و یاسـایی کـە لـە قورئـان و سـوننەت و قسـەی

زانایان هەڵگۆڕزابن و هیچیشی تێدا نییە کە سوود لـە ئـەزموونی گـەلانی دیکـە کـە دژی شەریعەت نین وەربگیرێت.

**هەشتەم: ڕەگەزنامە:**

دەکرێت مەرجێکی دیکە دابنـێین کـە زۆر گرنگـە، ئـەویش ئەوەیـە کـە پـاڵێوراو دەبێت خاوەن ڕەگەزنامەی دەوڵەتی ئیسلامی بێت، تەنها موسڵمانبوون مەرج نییە، بەڵام پێویستە گرنگیی ئەم مەرجە و شەرعیەتی بخەینە ڕوو، بەم بەڵگانە:

**یەکەم: قورئان:**

ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا﴾.[1] (مالكم من ولايتهم) وشەی (ولايـتهم) واوەکـە سـەری هـەبێت یـان ژێر، ماناکانیان جیاوازە و مەبەست هەردوو ماناکەشە.

ـ ئەگەر سەری هەبێت: بە مانای هاوکاری و پشتیوانی و دۆسـتایەتییە، کـە ڕای زۆرینـــەی ڕاڤـــەکاران و زانایانـــە.[2] ئـــەم مانایـــەش دەبێتـــە بەڵگـــە کـــە کـــۆچ و پەیوەنـدیکردن بـە کۆمەڵگـەی دەوڵـەتی ئیسـلامییەوە مەرجێکـە لـە مەرجـەکانی دەستخستنی ڕەگەزنامە تا هەموو مافەکانی هاووڵاتیبوون بەدەست بهێنێت.

ــ بـەڵام خوێندنـەوەی کـە ژێـری هـەبێت: کـە شـوێنی بـە بەڵگەهێنانەوەکەیـە، بێگومـان ئـەم خوێندنـەوە موتـەواتیر و بەناوبانگیشـە، یـەحیای کـوڕی وەسـاب و ئەعمەش و حەمزەش[3] بە ژێر خوێندوویانەتەوە، کە بە مانای : ئیمارەت دێت.[1]

---

[1] الأنفال: ٧٢.

[2] الطبري، التفسير، ج١٤، ص٨٧، ٨٨. محمد حسين الطباطبائي، الميزان في تفسير القرآن، ج٩، ص١٤١. الـرازي، التفسـير، ج١٥، ص٢١٢. ابـن كـثير، التفسـير، ج٢، ص١٢١. ابـن العربـي، أحكـام القـرآن، ج٢، ص٨٨٧. النيسابوري، تفسير غرائب القرآن، ج٦، ص٣٢.

[3] القرطبي، التفسير، ج٨، ص٥٦.

بۆیه دەتوانین ئەم ئایەتە بکەینە بەڵگە و ڕێگری بکەین بە پاڵاوتنی ئەوانەی ئەندام نین و لە کۆمەڵگەی دەوڵەتی ئیسلامیدا نیشتەجێ نین، بۆ سەرۆکی دەوڵەت یان ئەندامێتیی پەرلەمان خۆیان بپاڵێون.

**دووهەم**: لە فەرموودەیەکی درێژدا، کە بوریدە دەیگێڕێتەوە تیایدا هاتووە: "ئەگەر ئیسلامیان وەرگرت، تۆش لێیان قبووڵ بکە و دەستبەرداریان بە، پاشان داوایان لێ بکە لە شوێنی خۆیان بگوازنەوە بۆ شوێنی کۆچەریان، ئەگەر ئەمەشیان کرد، ئاگاداریان بکە ئەوەی مافی کۆچەریانە هی ئەوانیشە، ئەوەش لەسەر کۆچەریانە لەسەر ئەوانیشە".[٢]

ئەم فەرموودە دەبێتە بەڵگەی ئەوەی موسڵمانان لە ماف و ئەرکدا یەکسان نین، مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە هەموویان ئەندامی یەك کۆمەڵگە بن، یەکسانی لە نێوان ئەوانەی کە کۆمەڵگەی دەوڵەتی ئیسلامی پێك دەهێنن و ئەوانەی لە وڵاتی کوفردان نابێت.

موسڵمانانی دەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامی مافی پشتیوانیلێکردن و هاوکاریکردنیان هەیە کاتێك لە ڕووی ئایینییەوە چەوسێنرانەوە، بەو مەرجەی دژی پەیمانبەستنێك نەبێت، بەڵام هیچ مافێکی سیاسییان نییە، کە هاووڵاتیانی دەوڵەتەی ئیسلامی هەیەتی، کە دیارترینی ئەو مافانە خۆپاڵاوتنە بۆ سەرۆکایەتیی وڵات، یان ئەندامێتیی ئەنجومەنەکانی ڕاوێژ و خواش زاناترە.

**سێهەم: عەقڵ:**

- لە ڕووی عەقڵییەوە ماقوڵ نییە موسڵمانێك کە لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا نەبێت و هاووڵاتیی ئەو وڵاتە نەبێت و پێگەیەکی یاسایی دیاریکراوی نەبێت، ئەرکێك

---

[١] القرطبي، التفسير، ج٨، ص٥٦. الزمخشري، الكشاف، ج٢، ص١٧٠. الطبري، التفسير، ج٦، ص٤٠.

[٢] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص٣٧.

هەڵنــەگرێت و خــاوەن مافێــك نــەبێت، لای کــەمی مــەزنترین و مەترســیدارترین بەرپرسیارێتیی بخرێتە ئەستۆی.

ــ هــەروەها ئــەو لــەناو گێروگرفتــی موســڵمانانـدا نــاژی، دووره لــه بــارودۆخ و ئازارەکانیانەوە، بەشێك نەبووە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیسـلامی، بـە پێچـەوانەوە خشـتێکە لـە دیـواری کۆمەڵگـەی بیـانی، بـە عـەقڵ و هێـز و توانایـەوە خزمـەتی کۆمــەڵگای بیــانی دەکــات، کەواتــە چــۆن دەســەڵاتدارێتیی پرۆســەی بنیاتنــانی کۆمەڵگەی موسڵمانان لە ئەستۆ بگرێت.

ـ هەروەها جێنشین یان سەرۆك دەبێت هەڵقوڵاوی بنکەی فراوانی جەماوەر بێت، ئەوان ناتوانن بیناسن و شارەزای توانای سیاسی و کارگێڕی و سیفەتەکانی دیکـەی وەك: دینداریّتی، خۆپارێزی، پاکێتی، ئازایەتی و سیفاتەکانی دادگەری نین، مەگەر ئـەو کەسـە لەناویانـدا بێـت، زۆرینـەی جـەماوەر بوونـە شـایەتی ئاکـار و ڕەفتـار و سەرجەم ئەو سیفەتانەیە کە شایستەی ئەوەیە هەڵبژێردرێت.

ـ هەروەها وەك باو و نەریت، هەڵبژاردنی کەسـێك لەسـەر ئەوەیـە کـە کۆمـەڵێك بەشداری و چالاکی هەبووە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا، مێژوو بۆی تۆمـار کردبێـت لـە قوربانیدان لە پێناوی خاك و نیشتماندا، ئەو خزمەتە گشتییەی بە کەسوکار و گەلی کردووە، ئەم بابەتانە متمانەی ئاڵوگۆڕ بنیـات دەنێـت کـە ئـەم سـیفەتانە ئـەوەیان لەسەر پەیدا بێت ئایا ئەو کەسە توانای بنیاتنان و جوانگەیاندن و یـەکڕیزیی هەیـە یان نا؟

**بەندی دووهەم: پاڵاوتن بۆ ئەندامێتیی پەرلەمان و ئەنجومەنەکانی یاسادانان:**

ئەنجومەنەکانی ڕاوێژ یان ئەنجومەنەکانی یاسادانان ناوێکی تازەن بۆ ئەو ناوەی زانایانی ئیسلامی پێیان دەوت (أهل الحل والعقد)، جا پێش ئەوەی لە مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ ئەندامێتیی ئەم ئەنجومەنانە بکۆڵینەوە، وا باشە لەسەر هەندێك قسە و پێناسەی زانایان بۆ زاراوەکە بوەستین:

- خاوەنی (الدر المختار) ئەهلی حەل و عەقد پێناسە دەکات بە: "کەسایەتییە بەڕێز و دیارەکان"، دەڵێت: "پێشەوا بە پەیمانپێدانی کەسایەتییە بەڕێز و دیارەکان دەبێتە پێشەوا".[1]

- کەسانی تر دەڵێن: "ئەوانە زانایان و سەرۆك و خەڵکە دیارەکانن".[2] (ئەمە قسەی نەوەویە)، قەلقەشەندی قسەیەکی رافیعیی بۆ زیاد دەکات: دەبێت موجتەهیدیشیان تێدا بێت.

- ئیبنو هومام لە حەنەفیەکان بەم شێوەیە وەسفیان دەکات: "ئەوانە زانایان و خاوەن بۆچوون و پلانەکانن".[3]

- لە قسەکانی ئەبو یەعلا ئەوە دەفامرێتەوە کە ئەهلی حەل و عەقد: "ئەوانەن ئیجتیهاد دەکەن و دەتوانن بژاردە بکەن".[4]

- ماوەردی: بە ئەهلی ئیختیار ناویان دەبات و پاشان دەڵێت: "ئەوانەن کە بەڵگە بەوان درووست دەبێت و بە پەیماندانیان خیلافەت دادەمەزرێت".[5]

---

[1] الحصكفى، الدر المختار بشرح تنوير الأبصار مع حاشية رد المختارن ج٤، ص٢٦٣.

[2] القلقشندي، مآثر الأناقة فيث معالم الخلافة، ص٦٣. الرملي، نهاية المحتاج، ج٨، ص٢٩٠.

[3] المقدسي، المسامرة بشرح المسايرة، ص٣٢٦. ابن عابدين، الحاشية، ج١، ص٥٤٩، ج٤، ص٢٦٣، ج١، ص٥٤٩.

[4] الفراء، الاحكام السلطانية، ص١٩. البغدادي، أصول الدين، ص٢٨١.

[5] الماوردي، الأحكام، ص١٥.

ـ ئەبوبەکری باقلانی دەڵێت: ئەوانە باشەکانی موسڵمانانن، کە جێگەی متمانەیانن لەم کاروبارەدا، چاکەکانی گەلن بەوان گرێبەستی پێشەوایەتی دادەمەزرێت".[1]

ـ یەکێك لە فەرموودەناسان دەڵێت: "ئەوانە نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتن کە براگەورەیی و گوێڕایەڵییان بۆ دادەمەزرێت".[2]

شارەزایانی فیقهی سیاسیی شەرعی و زانا موسڵمانە پێشینەکان ئەرکی ئەهلی حەل و عەقدیان لە دەستنیشانکردنی خەلیفەدا کورت هەڵهێناوە، بەشێکیشیان ئەرکی لادانیشیان پێ داون، ئەگەر پێویستی کرد.[3]

هەروەها شێوەی دەستنیشانکردنی ئەمانە و سرووشتی کارەکانیان نەورووژاندوە، زۆر جیاوازیشن لە چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی خەلیفەدا، هەندێکیان وتوویانە بە کۆبوونەوەی ئەوانە دەبێت کە لە شاری جێنشینایەتیی خەلیفەدان و ئەوەندەی دەکرێت ئامادە دەبن.[4] هەندێکیش دەڵێن نابێت لە چل کەس کەمتر بن، کە ئەمە ڕێژەی نوێژخوێنانە لە نوێژی هەینیدا لە لای شافیعییەکان.[5] هەشیانە دەڵێت شەش کەس یان پێنج یان چوار کەس بەسە،[6] بەڵکو هەیانە دەڵێت یەك کەس بەسە کە دادگەر بێت، ئەمە قسەی ئەبو حەسەنی ئەشعەرییە، باقلانیش پێی ڕازییە و جوینیش لای پەسەندە،[7] بەلام ئەبوبەکری ئەسەم، کۆدەنگیی میللەت بە ڕەزامەندیی خۆیان

---

[1] الباقلاني، التمهيد، ص١٧٨.

[2] سعدي أبو جيب، دراسة في منهاج الإسلام السياسي، ص٢٣٩.

[3] القلقشندي، مآثر الأناقة في معالم الخلافة، ص٨٩.

[4] البغدادي، أصول الدين، ص٢٨١.

[5] الجويني، غياث الأمم، ص٥٣.

[6] المقدسي، المسامرة بشرح المسايرة، ص٣٢٧. ابن تيمية، منهاج السنة، ١: ٣٦٥.

[7] الجويني، غياث الأمم، ص٥٣. جوینی دەڵێت: تەحقیقمانکرد کە کۆدەنگی مەرج نییە، کەواتە کۆدەنگی بە کۆدەنگی هەڵوەشایەوە، ژمارەکەشی بە نەبوونی بەڵگە هەڵوەشایەوە، کەواتە یەك

به مەرج دادەنێت، هەرچەندە زانایانی ئوممەت ئەم بۆچوونە بە هەڵە دەزانن، چونکە یەکەم ئەمە ئەستەمە دووهەمیش ئەمە دەبێتە تانەدان لە جێنشینایەتیی پێشەوا عەلی.[1] ئیمامی ماوەردییش مەیلی بە لای ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت پەیماندان بە زۆرینەی دەنگی خاوەن ئیختیارەکان دادمەزرێت. لە سۆنگەی دیاریکردنی ئەرکی ئەهلی حەل و عەقدەوە، ئەو مەرجانەش دەردەکەون کە زانایان بە پێویستی دادەنێن کە تیایاندا بن. کەواتە لەمانەی ڕابوردن دەردەکەوێت کە ئەهلی حەل و عەقد لەناو میللەتدا خاوەن دەسەڵاتن و ئەوانەن بەرپرسیارێتیی گەورە دەکەوێتە ئەستۆیان لە پارێزگاریکردنی یەکڕیزیی گەل و نەهێشتنی پەرتەوازەیی و ڕێکخستنیان لە دوای پێشەواکەیانەوە.

ماوەردی و زانایانی ئوممەت کردوویەتی بە ئەرکی سەر شانیان پێشەوایەتیی میللەت دەستنیشان بکەن و دەڵێت: "ئەگەر کەس پێی هەڵنەستا ئەوە دوو گرۆی خەڵك دێنە دەر، یەکێکیان ئەهلی حەل و عەقدە هەتاکو پێشەوایەك بۆ میللەت هەڵدەبژێرن، گرۆی دووهەمیش ئەوانەن شایستەی پێشەوایەتین، هەتاکو یەکێکیان دادەنرێت، جگە لەم دوو گرۆیە، دواکەوتنی هەڵبژاردنی پێشەوا تاوان و سزاکەی لەسەر کەسی تر نییە".[2] خۆ ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە سەر هەڵدەدات: کەواتە لەم سەردەمەدا ئەهلی حەل و عەقد کێن؟ دەبینین وەڵامدانەوەی وەهاش سانا نییە، دەبێت زۆرینەی زانایان و هزرمەندانی میللەت بەرەو ڕووی ئەم پرسیارە ببنەوە، لە ڕێگەی توێژینەوە و کۆنگرەی پسپۆڕایەتییەوە، بۆ ئەوەی بگەنە شێوازێکی فیقهی سەردەمیانە کە پێویستیی

---

گرێبەست بەسە. انظر المقدسي، المسامرة بشرح المسايرة، ص٣٢٦. البغدادي، أصول الدين، ص٢٨٠. الباقلاني، التمهيد، ص١٧٨.

[1] الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ص١٩٠.

[2] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٥.

ئەمڕۆ دەربکات، لەسەر بنەمای شەرعی و قسەی زانایان دابمەزرێت، هەر پێش وەلامدانەوە دەکرێت نیشانەکانی ئەهلی حەل و عەقد لەم چەند خاڵەدا باس بکەین:

یەکەم: ئەوانەن نوێنەرایەتیی گەل دەکەن، جا بەو ئەرکە هەڵدەستن کە پەروەردگار لەسەر موسڵمانانی بەگشتی واجب کردووە، دەربارەی پاراستنی ئیسلام و جێبەجێکردنی حدودی شەرعی، بەرگریکردن لە سنووری خاکی موسڵمان بە جیهادکردن و پلاندانان بۆ کاروباری موسڵمانان.

دووهەم: ئەوانە خاوەن هێزەکانی ناو ئومەتی ئیسلامین، کە بە گوێڕایەڵیکردنیان بۆ پێشەوا ئامانجی بەدی بێت، ئەو خاوەن تواناییانەن کە جەماوەری گەل شوێنکەوتەیانن و پێیان ڕازین.[1]

سێهەم: زانایان و موجتەهید و خاوەن ڕا و پلانەکان، ئەوانە کەسایەتییەکانی ناو خەڵك و برا گەورە و ناودارەکانیشیان لەگەڵدان، هەروەها خاوەن تایبەتمەندییەکانیش، کەواتە ئەمانە سەرکردەکانی خەڵك و جێگەی متمانەیانن.

چوارەم: ئەوانەن کە قورسترین کاروبار و مەترسییان لە ئەستۆ دەگرن، کە دەستنیشانکردنی جێنشین یان پێشەوای میللەتە، کە ئەوانیش لای خۆیانەوە نوێنەرایەتیی سەرکردایەتیکردنی موسڵمانان لەئەستۆ دەگرن، هەر ئەمانەش ڕاجیایی لەم بارەوە یەکلا دەکەنەوە، پێشەوا تەنها بە پەیمانداني ئەمان دەستنیشان دەکرێت، ئەمانە خاوەن مافن لە چاودێریکردن و لێپرسینەوە و لادانیشدا، ئەگەر شایستەی لادان بوو.

پێنجەم: دەبێت مەرجەکانی دادگەری و زانست و بیروبۆچوون و لێزانییان تێدا بێت، هەندێکیشیان مەرجی ئیجتیهاد و فەتوادانیان بۆ زیاد کردوون، هەروەها لەوانە بن کە شایەتیی شارەزایی و وریایی و ئەزموونیان بۆ دەدرێت.

---

[1] ابن تيمية، منهاج السنة، ج١، ص٣٦٥ بەدواوە.

شەشەم: ئەهلی حەل و عەقد نزیکەکان و پشتیوان و ڕاوێژکاری پێشەوان لە کاتی سەختیدا کۆیان

دەکاتەوە و لە کاروباری نوێدا پرسیان پێ دەکات، ئەوانیش لە کاروباری وڵاتبەڕێوەبردندا هاوکاری دەبن لە هەردوو حاڵەتی جەنگ و ئاشتیدا.

ئەم تایبەتمەندییانە دەبێت لە ئەهلی حەل و عەقدی ئەم سەردەمەماندا هەبێت، چونکە بەرپرسن، گوفتاری شەرعدانەر کە ئاڕاستەی گەل کراوە، ئەمانە نوێنەرایەتیی بیروبۆچوونی هەموو گەل دەکەن بە جیاوازیی چینوتوێژ و شوێنیانەوە، ئەمانە سەرۆکی دەوڵەت دەستنیشان دەکەن و دەتوانن لێی بپرسنەوە و لایشی بدەن، کەواتە ئەمانە سەرکردە و میر و برا گەورە و سەرۆکی میللەتن. ئەمانە ئەمڕۆ پێیان دەوترێت (ئەنجومەنی میللەت) یان (ئەنجومەنی گەل) یان (ئەنجومەنی ڕاوێژ)، یاخود (دەسەڵاتی یاسادانان).

لە زۆربەی دەستووری وڵاتە گەورەکاندا وا هاتووە کە بەشی زۆری ئەمانە لەلایەن هاووڵاتییانەوە هەڵدەبژێردرێن و بە (ئەنجومەنی نوێنەران) ناو دەبرێن. بەشێکی دیکەیان کە هەڵبژاردن نایگرێتەوە بۆ تەواوکردنی لایەنەکانی دی، ئەوا بە دەستنیشانکردنیان لە لایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە دادەنرێن، کە تیایدا ڕەچاوی توانا و شارەزایی دەکرێت، دەشبێت لە دەوڵەتدا پلەباڵا و کەسایەتیی ناو خەڵك و خاوەن پسپۆڕیەك بن کە لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، سەربازی، جگە لەوانەش پێویستیان پێیان بێت. ئەم ڕێوشوێنگرتنەبەرە پێچەوانەی مەبەستەکانی شەریعەت و قسەی زانایان نییە، خۆ ئەگەر ویستمان کۆمەڵێك پەیدا بکەین ئەم سیفەتانەیان تێدا بێت، دەبێت پەنا بۆ هەڵبژاردنی گشتی لەو گەلەدا ببەین، بۆ دەرچوونی ئەو کەسانەی سیفەتی نوێنەرایەتیکردنی گەلیان تێدایە، کە گرنگترین سیفەتەکانە، دەبێت تیایاندا بێت، هەر ئەمانەش ئەوانەن کە زۆرینەی دەنگ بەدەست دەهێنن.

دەشکرێت ئەنجومەنێکی دیکە پێك بهێنرێت لە خاوەن توانا و تایبەتمەندەکان، کە دەبنە دەستەیەك نوێنەرایەتیی ڕای گەل دەکەن و بەرپرسیارێتی لە هەموو کاروبارە سەخت و مەترسیدارە یاسایی و دەستوورییەکاندا هەڵدەگرن، کە بە دەق و بڕگەی ڕوون کە لە شەریعەتی ئیسلامی وەرگیرابن و پێچەوانەی مەبەستەکانی شەریعەت و بنەما گشتییەکان نەبن. کەواتە ئێستا دەتوانین لەسەر ئەو مەرجانە بوەستین کە زانایان جەختیان لەسەر کردووەتەوە و دەکرێت لە مەرجەکانی پاڵێوراوی ئەنجومەنی ڕاوێژدا لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دابنرێت.

**مەرجەکانی ئەهلی حەل و عەقد:**

ماوەردی سێ مەرجی داناوە بۆیان:

یەکەم: دادگەری بە گشت مەرجەکانەوە:

دووەم: زانستێك کە بە هۆیەوە بگەینە ئەوە کە کێ شایستەیە بۆ پێشەوایەتی بەو مەرجانەی حیسابیان بۆ دەکرێت.

سێیەم: بۆچوون و لێزانی کە بەهۆیانەوە دەگەینە هەڵبژاردنی کێ بۆ پێشەوایەتی باشتر و بەتواناتر و شارەزاترە.[1] وا دیارە ئەم مەرجانە ڕێکەوتنی زانایانی لەسەرە و ئەوەندەش ڕوونن کە پێویست بە ڕاڤەکاری و بەڵگەهێنانەوەی زیاتر ناکات. جوینییش چەند مەرجێکی دیکەی بۆ زیاد دەکات و دەڵێت ئەمانە جێگەی کۆدەنگین، پێچەوانەبوونی کاریگەری جێ ناهێڵێت، ئەمەش مەرجەکانە:

ـ **نێرێتی:** کە مەبەست پێی ئەوەیە ئەهلی حەل و عەقد هەر دەبێت لە پیاواندا بن، چونکە ئەمە لە کاروبار و تایبەتمەندیی ئافرەت نییە، دەڵێت: ئەوەی بەدڵنیاییەوە دەیزانین کە ژنان بۆ دەستنیشانکردنی پێشەوا نابن، تەنها پرسیاریان لێ دەکرێت، خۆ ئەگەر ڕاوێژیان پێ کرابایە لەم بارەوە، ئەوا لە هەموو کەس شایستەتر فاتیمە و

---

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٦، وقد نقل هذا الرأي أبو يعلي في الاحكام، ص١٩.

خێزانەکانی پێغەمبەری خودا بوون.[1] ئەم بابەتە لە باسی ئەندامێتیی ئافرەت بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژ شی دەکەینەوە.

ـ **موسڵمانێتی:** جوینی دەڵێت: ئەستۆباران (أهل ذمة) **هیچ** قسەیەکیان نابێت لە دانانی پێشەوایاندا، نەبوونی ئەمانە لەناو ئەهلی حەل و عەقددا شاراوە نییە. لەم بابەتەش دەکۆڵینەوە بە شێوەیەکی دوورودرێژ لە باسی ئەندامێتیی ئەستۆباران لە ئەنجومەنەکانی ڕاوێژدا.

ـ **ئیجتیهاد**: ئەم مەرجە جێگەی ڕاجیاییە، چەند گرۆیەکی ئەهلی سوننەت ڕایان وایە جگە لە موجتەهیدەکان کەسی تر ناشێت بۆ هەڵبژاردنی پێشەوا، کە دەبێت مەرجەکانی فەتوادانیان تێدا بێت، جوینییش هەر وای بۆ چووە.[2] بەڵام باقلانی و هاوەڵانی گەیشتن بەو پلەی کە ئیجتیهاد بە مەرج وەرناگرن، بەڵکو بەلایانەوە کەسەکە ئاوەزدار و ژیر و وریا بێت بەسە، بشزانێت بۆ چارەسەری کاروبارە گرنگەکان هەنگاو بنێت.[3] وا دیارە بۆچوونەکەی باقلانی بۆ ئەم سەردەمە باشتر بەدی بێت، کە موجتەهیدەکان زۆر دەگمەنن، مەرجی موجتەهیدییش ناڕەحەتییە، وەك پێشتر لە بابەتی جێنشینیدا لێیمان کۆڵیوەوە و گەشتینە پەسەندکردنی بۆچوونی ئەوانەی مەرجی ئیجتیهادیان نییە بۆ جێنشین.

ـ **ڕەگەزنامە:** ئەوەی خۆی دەپاڵێوێت بۆ ئەندامێنتیی ئەنجومەنی ڕاوێژ، دەبێت خاوەنی ڕەگەزنامەی دەوڵەتی ئیسلامی بێت و هاووڵاتی تەواو بێت، ئەو بەڵگانەش کە پێشتر هێنامانەوە بۆ پاڵاوتن بۆ سەرۆکایەتیی گشتی، دەکرێت ببنە بەڵگەش بۆ مەرجدانانی ڕەگەزنامە بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی ڕاوێژ.

---

[1] الجويني، غياث الأمم، ص٤٨.

[2] الجويني، غياث الأمم، ص٤٩.

[3] المصدر السابق، ص٤٩. المقدسي، المسامرة بشرح المسايرة، ص٣٢٦. يقول المقدسي تنعقد الإمامة ببيعة جماعة العلماء او جماعة من أهل الرأي والتدبير.

# باسی چوارەم: پاڵاوتنی ئافرەت بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنەکانی یاسادانان و ئەنجومەنەکانی ڕاوێژ

بینیمان زانایان کۆدەنگی لەسەر درووستنەبوونی خۆپاڵاوتنی ئافرەت باس دەکەن، بەڵام ئەو حوکمە هەموو کاربەدەستی و پلە سیاسی و ئیدارییەکان ناگرێتەوە، چونکە درووستە ئافرەت بپاڵێورێت بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنەکانی یاسادانان، بابەتەکەش جێگەی ڕاجیاییە کە دەتوانین بە سێ ئاڕاستەدا کورتی بکەینەوە:

**ئاڕاستەی یەکەم:**

وا دەبینێت کە دەبێت ئافرەت بێبەش بکرێت لە هەموو کاربەدەستییەك، بەڕەهایی، بەڵکو هەندێك لەمانە بێبەشیشی دەکەن لە هەموو مافێکی سیاسی و بۆی نییە بەشدار بێت لە پاڵاوتن و هەڵبژاردن و ڕاوێژیشدا.

ئەوانەی خاوەنی ئەم بۆچوونەن زۆرینەی زانا کۆنەکانن وەك: ماوەردی، جوینی، ئیبن عەرەبی، ئیبن قودامە.[1] لە زانا نوێیەکانیش: شێخ محەمەد مەدەنی لە زانایانی ئەزهەر، جەمالەدینی ئەفغانی، شێخ محەمەد ئەبو زەهرە، ئەبو ئەعلای مەودودی.[2]

**ئاڕاستەی دووهەم:**

وا دەبینێت ئافرەت هەموو کاربەدەستییەکی تایبەت و گشتیی بۆ هەیە، جگە لە سەرۆکایەتیی دەوڵەت یان پێشەوایەتیی مەزن.

---

[1] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦٥. الجويني، غياث الأمم، ص٤٨. ابن العربي، شرح على صحيح الترمذي، ج٩، ص١١٩. ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٣٩.

[2] نقل عنهم عبدالحميد الشواربي هذا الرأي في كتابه الحقوق السياسية للمرأة في الإسلام، ص٥٥ وما بعدها. وانظر المودودي في كتابه نظرية الإسلام وهديه، ص٢٦١.

لەوانەی ئەم ڕایەیان هەیە زاناكانی مەزهەبی حەنەفین، كە بە درووستی دەزانن ئافرەت بەرپرسیارێتیی قازییەتی و دارایی و هەموو ئەوانەی بۆی هەیە شایەتییان تێدا بدات.[1] هەندێك لە زانایان بە درووستی دەزانن بەڕەهایی ببێتە قازی، وەك پێشەوا تەبەری و پێشەوا ئیبن حەزم.[2] لە زانا هاوچەرخەكانیش شێخ شەلتوت، موستەفا سوباعی، شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزا، عەبدولقادر عۆدە.[3]

## ئاڕاستەی سێیەم:

وا دەبینن ئافرەت بۆی درووستە هەموو دەسەڵاتەكان وەرگرێت بە دەسەڵاتی گشتییەوە هاووێنەی پیاو، لەناویشیاندا پێشەوایەتیی گەورە یان سەرۆكایەتیی دەوڵەت، لەوانە بەشێك لە خەواریجەكان،[4] لە هاوچەرخەكانیشدا عەبدولحەمید مەتەوەلی[5] و زافر قاسمی[6].

## بەڵگەكانی گرۆی یەكەم:

ئەم ئاراستەیە بەڵگە بەو دەقە گشتییانە دەهێننەوە كە لە قورئان و سوننەتدان سەبارەت بە دۆخی ئافرەت و پەیوەندییان لەگەڵ پیاودا:

---

[1] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٧، ص٣. ابن عابدين، الحاشية، ص١٤٤. ابن الهمام، فتح القدير، ج٥، ص٤٨٦.

[2] الصنعاني، سبل السلام، ج٤، ص١٢٣. ابن حزم، المحلى، ج٩، ص٤٢٩.

[3] الشيخ شلتوت، من توجيهات الاسلام. السباعي، المرأة بين الفقه والقانون، ص١٥٦. رشيد رضا، نداء الجنس اللطيف، ص٢١٦. عبدالقادر عودة، التشريع الجنائي، ج١، ص٢٧.

[4] البغدادي، الفرق بين الفرق، ص١١٠.

[5] عبدالحميد متولي، مبادئ نظام الحكم في الإسلام، ص٢١١.

[6] ظافر القاسمي، نظام الحكم، ص٣٤٢.

**أ ـ قورئان:**

١ــ خـودای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى﴾.[1] واتـە: "لـە ماڵـەکانی خۆتانـدا بمێننـەوە وە زینـەت و جـوانیی خۆتـان دەرمەخـەن وەکـو خۆدەرخسـتنی ئافرەتـانی سـەردەمی نـەفامی یەکـەم (پـێش ئیسلام)". ئەم ئایەتە فـەرمان بـە ژنـان دەکـات لـە ماڵدا بمێننـەوە و بـەزەرورەت نــەبێت نەچــنە دەر، ئەمــەش پێچــەوانەی بــەجێهێنانی کاروبــاری سیاســی و سەرکردایەتیکردنە، کە چوونەدەرەوە و ناو خەڵك و تێکەڵیی پیاوانی تێدەکەوێت.

٢ـ خودا دەفـەرموێت: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾[2]، واتـە: "پیـاوان سەرپەرشـتیارن (کاربەدەسـتن) بەسـەر ئافرەتانــەوە بــەهۆی ئــەوەوە خــودا بــاوی هەنــدێکیانی داوە بەســەر هەندێکیاندا، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە (پیاوان) لە سامانەکانیان خەرج دەکەن". پـەروەردگار هـەواڵ دەدات کـە پیـاو دەسـەڵاتدارە (القوامـة) بەسـەر ژنانـەوە، کـە ئافرەتیش چووە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتییەوە لەگـەڵ ئـەم بنەمایـەدا پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە دەسـەڵاتداری بـە ئـافرەت دەدرێـت بەسـەر کۆمـەڵگادا، چـونکە بەشدار دەبێت لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا.[3]

**ب ـ سوننەت:**

١ــ ئـەبو سـەعیدی خـودری دەگێڕێتـەوە، پێغەمبـەری خـودا (درووودی خـودای لەسـەر) لـە جـەژنی قوربـان یـان ڕەمەزانـدا دەرچـوو بـۆ نوێژگـە و بـەلای کۆمەڵـە ئافرەتێکدا تێپەڕی، فەرمووی: "ئەی ئافرەتینە، کەسـی وەك ئێـوە ئـاوەز و ئـایین

[1] الأحزاب: ٣٣.

[2] النساء: ٣٤.

[3] المودودي، نظرية الاسلام وهديه، ص٢٦١، ٢٦٢.

نوقسانم نەدیوە، کە هۆشی پیاوی زرنگ ببات".[1] ئەوەی لە فەرموودەکەدایە کە ئافرەت بە عەقڵ نوقسان وەسف دەکات، کردوویانەتە بەڵگە بۆ درووستنەبوونی دەسەڵاتوەرگرتن لە کۆن و نوێدا، چونکە بەم لاوازیە ناکرێت حوکمڕانی بگرێتە دەست.[2]

٢ـ فەرموودەکەی پێشوو: "گەلێك ئافرەتیان کردبێت بە کاربەدەست سەر ناکەون"،[3] ئەم فەرموودەیە هەواڵ دەدات بە دۆڕاوی و سەرنەکەوتنی ئەوانەی ئافرەت دەکەنە کاربەدەستیان، ئەمەش ناڕازێتیی دەسەڵاتداران بە ئافرەت دەگەیەنێت، چونکە گومانی زیانگەیاندنی لێ دەکرێت.

٣ـ ئەوەی لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خودای لەسەر) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: "ئەگەر خراپەکانتان بوون بە دەسەڵاتدارانتان، ڕەزیلەکانتان بوون بە دەوڵەمەندەکانتان، کاروبارتان کەوتە دەست ژنانتان، ئەو کاتە ناو زەوی لە سەر زەوی باشترە بۆتان"[4]، ئەم فەرموودەیە ئاماژە بۆ تێکچوونی بارودۆخ و بڵاوبوونەوەی پشێوی بە شێوەیەك کە ژیانی لە مردن باشترە بۆ موسڵمانان لە کاتێکدا دەسەڵات دەکەوێتە دەست ئافرەتان. پاشان بەڵگەیان بە کۆمەڵێك فەرموودە و سوننەتی دیکە هێناوەتەوە کە سەحیح نین یان دانراون یاخود لاوازن، یان سەنەدەکەی خەوشێکی زیانبەخشی تێدایە و پێویست بە موناقەشەکردنیان ناکات.[5]

---

[1] ابن حجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج١، ص٤٠٥، (كتاب الحيض).

[2] ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٣٩. المقدسي، المسامرة بشرح المسايرة، ص٣١٨.

[3] فتح الباري ابن حجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج١٣، ص٥٣، كتاب الفتن. سنن النسائي ـ أدب القضاة مع شرح السيوطي، ج٨، ص٢٢٧.

[4] الترمذي، الصحيح، ج٩، ص١٢١، وقال أبو عيسى: هذا حديث غريب لا نعرفه إلا من حديث صالح المري وصالح المري في حديثه غرائب ينفرد بها ولا يتابع عليها، وهو رجل صالح.

[5] الانصاري، حقوق المرأة في الإسلام، ص٣٠٢. — حولية كلية الشريعة، ع١٩٨٢/٢.

ج ـ کۆدەنگی:

هـەروەها کـۆدەنگی و واقیعـی مێـژووییش دەکـەن بـە بەڵگـە، چـونکە هـەر لـە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بە درێژایی مێژوو نەهاتووە کە ئافرەت دەسـەڵاتی گشـتیی وەرگرتبێت، کە هۆکار بۆ بەشداربوونیان لە کاروباری گشتیدا هەبوو.

مێژوو بۆمان ناگێڕێتەوە کە ئافرەت لە کۆبوونەوەکەی سەقیفەدا بەشدار بووێت، لـە پەیمانـدان بـە جێنشـینەکاندا، لـەو دادوەرییانـەی دەوڵەتـداری سـەردەمی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسـەر) و سـەردەمی هـاوەڵان و دوای ئـەوانیش ڕۆڵیان نەبووە[1].

## گفتوگۆ لەسەر بەڵگەی گرووپی یەکەم

## سەبارەت بەو ئایەتانەی کە کراون بە بەڵگە

ئایـەتی ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾ ئـەم ئایەتـە و پـێش و دوای ئـەم ئایەتـە دوانـدنی خێزانەکانی پێغەمبـەری خـودان (دروودی خـودای لەسـەر)، ئەمـەش ئـیبن حەجـەر جـەختی لەسـەر دەکاتـەوە: "ئەمـە ڕاسـتەقینەیە کـە هاوسـەرەکانی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەر) دەدوێنێـت، لەبـەر ئەوەیـە ئـوم سـەلەمە دەڵێـت: پشـتی حوشتر نامله‌خشێنێت تا دەگەمە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر)".[2]

ئـەوەش کـە دەیسـەلمێنێت ئـەم ئایەتـە تایبەتـە بـە هاوسـەرەکانی پێغەمبـەر (دروودی خـودای لەسـەر) ئەوەیـە عومـەری کـوڕی خـەتاب ڕێگریـی لـێ کـردن بـۆ ڕۆشتنەحەج، لەبەر ئەم ئایەتە، عومەر زۆر بەم بابەتەدا دەچووەوە کە پێچـەوانەی چوونەحەجیان نەبێت، هەتا لە کۆتایی جێنشینییەکەیدا بـواری چـوونەحەجی دان،

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص٣١٩.

[2] ابن حجر، فتح الباري، شرح صحيح البخاري، (كتاب فضائل الصحابة)، ج٧، ص١٠٨.

بەڵام هەندێکیان لەسەر ڕواڵەتی ئایەتەکە وەستان و ڕازی نەبوون بچنە حەج، وەك سەودە (ڕەزای خودای لێ بێت).[1]

تەنانەت ئەگەر واش دابنێین ئەم ئایەتە دواندنێکی گشتیی هەموو ژنە موسڵمانەکانە، ئەوا پێویستە لە دەستەواژەی مانەوە لە ماڵ ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾ بکۆڵینەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دەقە درووستە زۆرانەی کە ڕێگرییان نەدەکرد لە ئافرەت بەشداریی ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن و ئامادەی بۆنە گشتییەکان بن و دەرچن بۆ جیهاد و غەزاکردن.[2]

**سەبارەت بە ئایەتی** ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾

ئەو قەوامەیە لە ئایەتەکەدا هاتووە لە بواری خێزان و ماڵدایە، چونکە ئایەتەکە لەو سیاقەدا هاتووە، دەبینین هەر لەو ئایەتەدا هاتووە: ﴿وبما أنفقوا من أموالهم﴾، ئەمە ئەوە ناگرێتەوە کە ئافرەت هەندێك بەرپرسیارێتیی بگرێتە ئەستۆ، پێچەوانەش نییە لەوەی ئافرەت بچێتە ئەنجومەنی نوێنەرایەتییەکان یان مافە سیاسییەکانی بەدەست بهێنێت.

خۆ ئەگەر بشوترێت عیبرەت بە گشتی دەقەکەیە نەك بە تایبەتمەندیی هۆکارەکە، ئەو کاتە هەڵدەوەشێتەوە بە دەسەڵاتدارێتیی ئافرەت لەسەر دەسەڵاتە تایبەتەکان کە ئیتیفاقی درووستبوونی لەسەرە، وەك ڕاسپێردراوی لەسەر هەتیو،

---

[1] ابن حجر، فتح الباري، شرح صحيح البخاري، ج٤، ص٧٢ – ٧٤، (كتاب الحج، باب حج النساء).

[2] کۆمەڵێك فەرموودە هەن لە بوخاری و موسلیم و کتێبەکانی فەرموودەدا کە سەحیحن، ئافرەتان دەچوون بۆ جیهاد و غەزا، بەشداریی برینپێچی و ئاودانی موجاهیدانیان دەکرد، بوخاری دەگێڕێتەوە لە ڕەبیعی کچی مەعویزەوە دەڵێت: "لەگەڵ پێغەمبەری خودا غەزامان دەکرد، ئاومان بە جەنگاوەران دەدا و خزمەتمان دەکردن، کوژراوەکانمان دەگواستەوە بۆ مەدینە". (البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٦، ص٨٠، (كتاب الجهاد)، ج٦، ص٨٠. عبدالحليم أبو شقة، تحرير المرأة في عصر الرسالة، ج٣، ص١٨ وما بعدها...

سەرپەرشتی سەروەتی وەقفکراو، بەتەنها حوکملێوەرگرتنی ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بوو بە مەسەلەی ژنانەوە.

ئا لێرەوە پێویستە و دەبێت دەقەکان هەڵنەگرینە سەر بابەتگەلێك کە لە دەرەوەیانن، ناشبێت هێندە لە توونديدا ڕۆ بچین کە زیان بە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بگەیەنێت، کە بەشداربوونی ئافرەتە لە هەستانەوەی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەدا، بە پشتئەستوور بە هۆشیاریی فیکری و پێگەیشتوویی شارستانی ئالاو بە ئەدەبی ئیسلام و بێگەردیی ئیمان و خاوێنیی دەروونەوە.

ئەوەش دەزانین کە ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە پیاو و ژن پێکەوە بدوێنێت بە هەموو ئەرکبارییە شەرعییەکانەوە، هەر لە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەوە هەتا ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بڵاوکردنەوەی خێر بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتیی هەردوو لایان و دابەشکردنی ڕۆڵ بەسەر هەردووکیاندا، بەو شێوەیە کە لەگەڵ سرووشت و تەبیعەتیاندا دەگونجێت.

سەبارەت بە بەڵگەهێنانەوەیان بە فەرموودەکان

ئەو فەرموودەیەی کە لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خودای لەسەر) گێڕاویانەتەوە سەبارەت بە نوقسانیی عەقڵ و دینی ئافرەت و هەندێك لە زانایان کردوویانەتە بەڵگە بۆ بێبەشکردنی ئافرەت لە گرتنەدەستی بەرپرسیارێتی، وا دەبینم بۆ بەڵگە ناشێت لەبەر ئەم هۆیانە:

١ـ دەبێت سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ ئەو موناسەبەیەی فەرموودەکەی تێدا وتراوە و لە مەبەستی فەرموودەکە ڕامێنین، موناسەبەکە وەك بوخاری دەیگێڕێتەوە ڕۆژی جەژن بووە و پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ویستویەتی لەم بۆنە خۆشەدا ئامۆژگاری ژنان بکات، عەقڵ نایگرێت پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لەم بۆنە خۆشەدا ڕێزی ئافرەتان بشکێنێت و بڕیاری نوقسانی عەقڵ و دینیان بداتە پاڵ، بەڵکو شێوازی دەربڕینی فەرموودەکە ئەو ناگەیەنێت: "ما رأيت من ناقصات

عقل ودين اذهـب للـب الرجـل مـن إحـداكن"، شـێوازەكە سەرسـوڕمانەە لـە توانـای ئافرەتـان كـە دەتـوانن عـەقڵی پیـاوی كـامڵ ببـەن، ئەمـە وەسـفكردنی زاڵبـوون و سۆزدارییە بەسەر ئاوەزدا.[1]

٢ـــ خـــاڵێكیتر، فەرموودەكـــە بەشـــێوازی بڕیـــاردانی حوكمێـــك نـــەهاتووە، فەرموودەكەش مەبەستی قەدەغەكردنی ئافرەت نییە لە وەرگرتنـی بەرپرسـیارێتی لەبەر ئەو هۆیە، بەڵكو فەرموودەكە لە دەرخستنی ئەو قسەیەدا بووە كە عومەر بە پێغەمبەری وتووە، كە ژنانی پشتیوانان زاڵن بەسەر پیاوەكانیاندا، دەڵێت: "ئەمان خەڵكێكن ژنەكانیان زاڵن بەسـەریاندا، ژنـەكانی ئێمـەش چـاو لـە ژنـانی پشـتیوانان دەكەن".[2] كەواتە ڕاست نییە بكرێتە بەڵگە و ئەو حوكمەی پێ دەربكرێت.

بۆیـە دەكرێـت لـە فەرموودەكـە وا بفامرێتـەوە كـە شـۆخیكردنی پێغەمبـەرە (دروودی خودای لەسەر) لەگەڵ ژناندا لە ڕۆژی جەژندا، بۆ ئەوەی ئاگاداریان بكـات و هانیان بدات ئەم ئازاییە ژنانەیان لە بواری چاكەدا بەكاربهێنن، بۆیە تەنها یەكجار وتراوە و لە سیاقی ئامۆژگاریشدا بووە، نەك لە سیاقێكی سەربەخۆی بڕیاندان دا.

ئەو فەرموودەیەش: "خەڵكێك ئافرەتیان كردە دەسەڵاتداریان سەرناكەون".

وا دیارە ئەم فەرموودەیە ڕاشكاوترین فەرموودە بێـت، سـەبارەت بـە ئـافرەت و دەسەڵاتدارێتی، ڕەنگە تاكە فەرموودەش بێت لەم بارەوە بەو ڕاشكاوییە هاتبێـت، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێك نووسەر لە فەرموودەكەیان كۆڵیوەتەوە لە ڕووی مەبەست و بۆنە و سەنەدەكەیەوە.

لە ڕووی سەنەدەوە ئەم فەرموودە لە فـەرموودە درووسـت (صـحیح)ەكانە، كـە بوخاری لە ئـەبوبیكرەوە دەیگێڕێتـەوە، ئـەبو بیكـرە لـەو كەسـانەیە كـە داركـاری (حـد)ی قـەزفی لـە سـەردەمی عومـەردا لەسـەر جێبـەجێ كـرا، لـە دوای ئـەوە

[1] عبدالحليم أبو شقة، تحرير المرأة في عصر الرسالة، ج١، ص٢٧٥.

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، كتاب النكاح، ج٩، ص٢٧٨.

فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە، فەرموودەکەی لە سەردەمی عەلیی کوڕی ئەبو تالیبدا گێڕاوەتەوە، بە بۆنە و هەرا و شەڕی جەمەلەوە، بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگەی شەرعیی بوونی دەرنەچوونی خۆی لەگەڵ سوپای عائیشەدا، ئێمەش دەزانین سوپاکەی عائیشە تەڵحە و زوبێریان تێدا بوو، کە لە زانایانی هاوەڵانن و مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە.[1]

لە ڕووی موناسەبە و بۆنەشەوە، فەرموودەکە وەك هەواڵێکی مژدەئامێز هاتووە سەبارەت بە تیاچوونی پاشای فارس،[2] ئەویش کاتێك بوو کە کیسرا نامەکەی پێغەمبەری دڕی، کە داوای مسوڵمانبوونی لێ کرد، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دوعای کرد موڵك و پاشایەتییەکەی ئەویش بەو شێوەیە بدڕێت، جا فەرموودەکە هەواڵ بەو ئاژاوەیە دەدات کە لەناو بنەماڵەی پاشایەتییاندا بەرپا بووە و کەسیان دەست نەکەوت لە بنەماڵەی ئەنەوشیروان دەسەڵات وەربگرێت جگە لە ئافرەتێك، کاتێکیش پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) هەواڵەکەی بیست فەرمووی: "خەڵکێك ئافرەتێکیان کرد بە دەسەڵاتداریان سەر ناکەون".

گرووپێکی تری زانایان دەڵێن: ئەمە دەقێکی تایبەتە بە ئافرەت بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتیی دەوڵەت یان پێشەوایەتیی مەزن، بەسەر وەرگرتنی دەسەڵاتەکانی تردا ناچەسپێت، ئەمە کارکردنە بە دەقەکە و بە کارکردنیش بە گیانی شەریعەت کە وەکو پیاو ژنیش دەدوێنێت لە بوارەکانی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە،

---

[1] ابن سعد، الطبقات الكبري، ج٧، ص١٥ – ١٦. ما اورده ابن حجر العسقلاني في تقريب التهذيب: أبوبكرة هو بن الحارث بن بكرة بن عمرو الثقفي وهو صحابي مشهور بكنيته، وقيل اسمه مسروح، أسلم بالطائف، ثم نزل بصرة ومات بها سنة ٥١هـ.

[2] ظافر القاسمي، نظام الحكم في الشريعة والتأريخ الإسلامي، ص٣٤٢.

هــەڵگرتنی بەرپرســیارێتی و ڕاســپاردەی گشــتی، هــەردووکیان لەیــەك ئاســتی یەکساندان، مەگەر لە بابەتێکدا نەبێت کە بە دەقێکی تایبەت جیا بکرێتەوە.[1]

فەرموودەکەی دیکە کە تیرمیزی گێڕاویەتیەوە فەرموودەیەکی (غەریب) نامۆیە، دەشڵێت گێڕەرەوەکەی گێڕانەوەی نامۆی هەیـە، کـە خـۆی بـە تەنهایـە و لەگـەڵی ناڕۆین،[2] نامۆییەکەیش لە دەربڕین و ماناکەشیایە، تەنانەت ئەگەر فەرموودەکەش ڕاســت بێــت، ناکرێتــە بەڵگــە بــۆ بێبەشــکردنی ئــافرەت لــە بــەجێهێنانی مافــە سیاسییەکاندا، چونکە فەرموودەکە مانای گێڕانـەوەی کاروبارەکانـە بـە شـێوەیەك ئـافرەت لـە جێگـەی پیـاو لـە کۆمەڵگـەدا ڕۆڵ دەبینێـت، دەبنـە کاربەدەسـت و قسەڕۆیشتوو، پیاوان هیچیان بەدەست نییە، کەواتە ئەمە پەیوەندیی نییـە بـەوەی ژنــان بەشــداری پیــاوان بــن لــە ئیــدارەدانی هەنــدێك کاروبــار و لەئەســتۆگرتنی بەرپرسیارێتیدا.

**ئەوەشی کە واقیع و مێژوو دەکەنە بەڵگە :**

ئەمـە هـەر بـە واقیـع خـۆی هەڵدەوەشـێتەوە، چـونکە سـەلماوە کـە ئافرەتـان ئامـادەی کۆبوونـەوە گشـتییەکان و جـەنگ و غـەزاکان دەبـوون، چ لـە سـەردەمی پێغەمبەر (دروودی خـودای لەسـەر) و چ لـە سـەردەمی هـاوەڵان و دوای ئـەوانیش، بەڵکو هیچ سەردەمێك نەبووە کۆمەڵە ئافرەتێك دەرنەکەون لە مەیدانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیدا، لە کاتی بەڵگەکانی گرووپی دووهەمدا لەم بارەیەوە بەڵگـە دەهێنینەوە.

ژیاننامەی پێغەمبەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) بۆمـان دەگێڕێتـەوە کـە ژنان لە گرنگترین گرێبەستی سیاسی لە ژیانی پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسەر) بەشدار بـوون، کـە پەیماننامـەی عەقەبـەی دووهـەم بـوو، کاتێـك کۆمـەڵێك

---

[1] محمد قطب طبلية، الوسيط في النظم الاسلامية، ص١٧٢ – ١٧٣، ط١، ١٩٨٢م.

[2] ابن العربي، شرح صحيح الترمذي، ج٩، ص١٢١.

خەڵکی یەسریب پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر بەست حەفتاوسیٚ پیاو و دوو ژن بوون، کە نوسەیبەی کچی کەعب (أم عمارة) ژنێکی بەنی نەجارِ بوو، هەروەها ئەسمای کچی عومەری کوڕی عودەی کە لە بەنی سەلەمە بوو، نازناوی (أم منیع) بوون. ئەم پەیمانەش بە نهێنی و لەوپەڕی مەترسی و پەنامەکیدا بەسترا، گێڕەرەوە دەڵێت: پاش تێپەڕینی سیٚ_یەکی شەو پشیلەئاسا بەنهێنی دەچوون تا لە عەقەبە کۆ بوونەوە، ئەم پەیمانبەستنە سەرەتای سەردەمێکی نوێی ئافرەتان و سەرەتای وەرگێڕانێکی جیاوازی شارستانی بوو.

**بەڵگەکانی گرووپی دووهەم:**

ئەوانەی دەڵێن ئافرەت جگە لە پۆستی سەرۆکایەتیی دەوڵەت درووستە هەموو پۆستەکان وەربگرێت، لە ناویشیاندا درووستە بچێتە ئەنجومەکانی یاسادانان و ڕاوێژەوە.

**بەڵگەی یەکەم:** بنەمایەکی گشتییە کە دەقەکانی قورئان و سوننەتی درووست و کرداری هاوەڵانیش پشتڕاستی دەکەنەوە، ئەوەیە: پیاو و ژن لە پێکهاتەی ئادەمیزادی و ڕێزلێگیراندا یەکسانن، هەروەها لە ئەرکباری پەروەردگاری و دواندنی شەرعیی گشتیدا هەر یەکسانن، بەڵگەش کە ئەم بنەمایە پشتڕاست دەکاتەوە ئەمانەن:

**لە قورئان:**

١ـ خودا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾.(١) واتە: **"ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە دروستمان کردوون لە نێر و مێیەك و کردومانن بە چەند گەل و هۆزەوە تا یەکتری بناسن، "بەڕێزترینتان لای خودا پارێزگارترینتانە".**

[1] الحجرات: ١٣.

**٢ــ خــودا دەفــەرموێت:** ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً﴾.[١] **واتــە: "ئــەی خەڵکینــە خۆتــان بپارێزن لە (سزای) پەروەردگارتان ئەوەی کە درووستی کردوون لـە یـەك کەسـەوە، هەر لە ئەویش هاوسەرەکەی دروست کردووە و بڵاوی کردۆتەوە لەو دووانە پیـاوانی زۆر، هەروەها ئافرەتان".**

**ئایەتی دیکەش هەن کە بڕیویانەتەوە ژن و پیاو یـەك ڕەچـەڵەکن، لـە خیلقـەتی ئادەمیزادیدا یەکسانن، هەروەها لە ڕێزگرتنی خودایشدا یەکسانن.**

**ـ خودا دەفەرموێت:** ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾.[٢] **واتە: "بێگومان ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرت".**

**ــــ هـــەروەها دەفـــەرموێت:** ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾.[٣] **واتە: "پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار هەندێکیان یارمەتیدەر و خۆشەویستی هەندێکی تریانن، فەرمان دەدەن بە چاکە و جڵەوگیری دەکەن لە خراپە و بەڕێکوپێکی نوێـژ جێبەجێ دەکەن و زەکات دەدەن وە گوێڕایەڵی خودا و پیغەمبەرەکەی دەکەن".**

**ئەم ئایەتانە بەئاشکرا دەبنە بەڵگە لەسەر واجبێتیی هاوبەشیکردنی ژنان لەگەڵ پیاوان لە دەسەڵاتوەرگرتن و هاریکاری و پشتیوانیی یەکتر بـۆ تـەواوکردنی هـەموو پێویسـتییەکانی ئـایین و پتـەوکردنی پایـەکانی، ئـەم دوو ڕەگـەزە هاوبەشـن لـەم دواندنانەدا لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و گوێڕایەڵیی پەروەردگاریاندا.**

---

[١] النساء: ١.

[٢] الإسراء: ٧٠.

[٣] التوبة: ٧١.

ـ خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾[1]. واتە: "بۆ ژنان هەیە بەسەر مێردیانەوە وەکو ئەوەی کە بۆ پیاوان هەیە بەسەر ژنانەوە بەپێی باو و نەریتی (پەسەند)".

مانای ئایەتەکە ئاشکرایە کە ئافرەت کۆمەڵێك مافی هەیە بەرامبەر ئەو ئەرکانەی لەسەریەتی: پێویستە جۆرێك لە هاوسەنگی هەبێت لە نێوان مافە وەرگیراوەکان و ئەرکە پێویستکراوەکاندا.

ـ خودا دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[2]. واتە: "هەرکەس لە نێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێت و بڕواداریش بووبێت، ئەوە بە ژیانێکی خۆش دەیانژیەنین و پاداشتیشیان دەدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد".

ـ خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا﴾[3]. واتە: "کەسێکیش کردەوە چاکەکان جێبەجێ بکات لە نێر یان لە مێ لە هەمان کاتدا ئەو کەسە بڕوادار بێت، ئەوە ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە و بچووکترین ستەمیان لێ ناکرێت هێندەی توێکڵی ناوکە خورمایەك".

ـ ئەم ئایەتانە و زۆر دیکەش هەن بڕیاری بەرپرسیارێتی مرۆییانەی ئافرەت دەدەن، بنەماش ئەوەیە کە پیاو و ژن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی جێبەجێکردن و پاداشت و سزادا لە هەموو کارێکی گەورە و بچووکدا یەکسانن.

---

[1] البقرة: ٢٢٨.

[2] النحل: ٩٧.

[3] النساء: ١٢٤.

ـ **خودا دەفەرموێت:** ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾[1]. **واتە: " بۆ هیچ پیاو و ئافرەتێکی باوەڕدار نییە کاتێك خودا و پێغەمبەرەکەی بڕیاری هەر کارێکیان دا کە سەرپشك بن لە کارەکەیاندا".**

**کەواتە ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نییە، ئەرك و بەرپرسیاریێتیی بەرامبەر پەروەردگاری و پابەندبوون و جێبەجێکردندا کەمتر نییە، ئافرەت لە ئاستی ئەرکباریی گشتییدا بەبێ جیاوازی هاوبەشە.**

**قورئانی پیرۆز دەربارەی پێگەی ئافرەت زۆر بابەتی لەخۆ گرتووە و نموونەی جۆربەجۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ڕۆڵی ئافرەت و بەشداریکردنی کرداریمان لە زۆر کاروبار و ئەرکدا بۆ دەردەخات، لەو نموونانە:**

**ـ هەر لە درووستبوونی مرۆڤەوە ڕۆڵی هاوسەرەکەی ئادەم دیارە، دواندنی خوداییش ئاراستەی هەردووکیان دەکرا لە زۆربەی ڕووەوە کە پەیوەست بوو بە هەردووکیانەوە.**

ـ **خودا دەفەرموێت:** ﴿فَقُلْنَا يَا آدَمُ إِنَّ هَذَا عَدُوٌّ لَكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَى﴾[2]. **واتە: "ئینجا وتمان ئەی ئادەم بەڕاستی ئەم (ئیبلیسە) دوژمنی تۆ و هاوسەرەکەتە، کەواتە (ئاگادار بن) لە بەهەشت دەرتان نەکات، چونکە دووچاری ناخۆشی و زەحمەت دەبیت".**

ـ **خودا دەفەرموێت:** ﴿وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾[3]. **واتە: "وتمان: ئەی ئادەم خۆت و ژنەکەت نیشتەجێ بن لەم بەهەشتەدا و لە هەموو خواردەمەنییەکی بخۆن بەتێر و**

---

[1] الأحزاب: ٣٦.

[2] طه: ١١٧.

[3] البقرة: ٣٥.

تەسەلیی لە هەر شوێنێك كە حەز دەكەن و نزیكی ئەم درەختە مەكەون تا لە ستەمكاران نەژمێردرێن".

ــ جا ڕۆڵی دایكی موسا باس دەكات و چۆنیەتیی پەروەردەكردنی ئەم پێغەمبەرە: ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾[1]. واتە: "بە دایكی موسامان ڕاگەیاند كە شیر بدە بە موسا، ئینجا هەر كاتێك ترست لێی هەبوو ئەو كاتە بیخەرە ڕووبارەوە، مەترسە و خەفەتیش مەخۆ، بەڕاستی ئێمە دەیگێڕینەوە بۆ لات و دەیكەین بە یەكێك لە پێغەمبەران".

ـ ڕۆڵی پاڵەوانانەی هاوسەری فیرعەون لە پابەندبوون بە عەقیدە و باوەڕەوە و سەرپێچیكردنی فەرمانی پاشای ستەمكار كە خۆی بە خودا كردبوو (فیرعەون)، ڕۆڵیشی لە چاودێریكردن و ئاگاداربوونی لە موسا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر).

﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِنْدَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِنْ فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾[2]. واتە: "هەروەها خودا نموونەیەكی تری هێنایەوە بۆ ئەوانەی كە بڕوایان هێناوە، ژنی فیرعەون كاتێك كە وتی پەروەردگار ماڵێكم لەلای خۆت لە بەهەشتدا بۆ دروست بكە و ڕزگارم بكە لە فیرعەون و كردەوەكانی و ڕزگارم بكە لە گەلی ستەمكاران".

ــ ڕۆڵی هاوسەرەكەی عیمرانیشمان بیر نەچێت كە چۆن مەریەمی پیرۆزی پێگەیاند، خودا دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَتِ امْرَأَتُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾[3]. واتە: "بێنەوە بیر كاتێك كە ژنی عیمران

---

[1] القصص: ٧.

[2] التحریم: ١١.

[3] آل عمران : ٣٥.

وتی ئەی پەروەردگارم بێگومان من نەزرم کردووە بۆ تۆ ئەوەی کە لە سکمدایە ئازادکراو بێت، دە تۆش لێم گیرا بکە بەڕاستی تۆ بیسەری زانایت".

**لە سوننەت:**

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "ژنان لەتی پیاوەکانیانن"[1]. ئەم فەرموودەیە بنەمایەکی گرنگە لە پتەوکردنی مەبدەئی یەکسانیی ئەرك و مافی ژنان و پیاوان، دەستەواژەی لەت (شقائق) مانای یەکسانبوونی تیر و تەواوی بێ کەموکورتییە لە هەموو ئەرك و مافەکاندا.

لەگەڵ ئەوەی موسڵمانان تازە لە سەردەمی نەفامی هاتبوونە دەر، کە مافی ئافرەتی زەوت کردبوو، پێگە و ڕێزی خستبووە ژێر پێ، کەچی گرفتێکیشیان نەبوو لە داننان بە پێگە و مافەکانیاندا، دەرفەتیان پێ دان تا بەشداری بکەن لە ڕادەربڕین و ڕاوێژکردن و جیهاد و غەزا و بڵاوکردنەوەی بانگەوازدا.

لە سەردەمی پێغەمبەری خودادا (دروودی خودای لەسەر) ئافرەت لە گرنگترین ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداریی کردووە، بەم بەڵگانە:

١ـ ئافرەتان بەشدار بوون لە کۆچکردن لە مەککەوە بۆ مەدینە:

**خودا دەفەرموێت:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ﴾[2]. **واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆ لاتان بە کۆچکەری، تاقییان بکەنەوە، خودا بە باوەڕی ئەوان زاناترە، ئینجا ئەگەر زانیتان باوەڕدارن، ئەوە مەیانگێڕنەوە بۆ لای (مێردە) بێبڕواکانیان".**

---

[1] أبو داود، صحيح سنن المصطفى، ج١١، ص٣٧، (كتاب الطهارة). الترمذي، الصحيح، ج١، ص١٧٢، (أبواب الطهارة).

[2] الممتحنة: ١٠.

تاقیکردنەوەکەی ئافرەتی کۆچەرییش بە سوێندانی بوو بە خودا کە تەنها لەبەر خاتری ئیسلام و خۆشەویستیی خودا و پێغەمبەرەکەی کۆچی کردووە.

ئوم سەلەمە دەگێڕێتەوە: کاتێك ئەبو سەلەمە خۆی کۆ کردەوە بۆ کۆچکردن بۆ مەدینە، حوشترێکی هێنا و من سواری بووم و سەلەمەی کوڕمی کردە کۆشم، پاشان ڕەشۆی حوشتری ڕاکێشا و دەری کردین، کەچی کۆمەڵە پیاوێکی بەنی موغیرە هاتن و وتیان: ئەوە بۆ خۆت هیچمان پێ ناکرێت! ئەی ژنەکەت؟ چۆن دەهێڵین بیبەیت بە وڵاتاندا، دەڵێت: ڕەشۆی حوشترەکەیان لە دەست سەند و منیان برد، دەڵێت: جا بەنو عەبدولئەسەد بەمە تووڕە بوون کە کەسوکاری ئەبو سەلەمە بوون، وتیان: دەی بە خودا کوڕی خۆمان لای ئەمانە ناهێڵین، ئەگەر ئەو پیاوە مافی دەستێنین، ئیتر سەلەمەیان کێشمەکێش پێ کرد تا بەنوعەبدولئەسەد لێیان سەندن، بەو شێوە من و هاوسەر و منداڵەکەمیان لە یەك جیا کردەوە، دەڵێت: ئیتر دەچوومە دەر و لە ئەبتەح دادەنیشتم و دەگریام تا ئێوارەی نزیکەی ساڵێك یان نزیکەی لە ساڵێك ئاوها بووم، داوی ئەوە وتیان ئەگەر دەتەوێت خۆت بگەیەنە مێردەکەت، دەڵێت: ئیتر ئەو کاتەش بەنو عەبدولئەسەد منداڵەکەمیان دامەوە و منیش سواری حوشترەکە بووم و منداڵەکەم کردە باوەشم، پاشان دەرچووم بۆ لای مێردەکەم لە مەدینە، دەڵێت: هیچ درووستکراوێکی خودام لەگەڵ نەبوو.[1]

**٢ـ ژنان بەشداریی پەیماندانیان بە پێغەمبەر کردووە**

**خودای گەورە دەفەرموێت:** ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ

[1] ابن هشام، السيرة النبوية، ج١، ص٤٦٨.

رَحِيمٌ﴾[1]. واتە: "ئەی پێغەمبەر هەر کاتێك ئافرەتانی ئیماندار هاتن بۆ لات کە پەیمانت لەگەڵ ببەستن لەسەر ئەوەی کە دان نەنێن بە هاوبەشی خودا هیچ شتێك و دزیی و داوێنپیسی نەکەن و منداڵانی خۆیان نەکوژن هیچ جۆرە بوختانێك هەڵنەبەستن لە نێوان دەست و پێیاندا و بێفەرمانیت نەکەن لە کاری چاکدا ئەوسا پەیمانیان لەگەڵ ببەستە، لە خودا داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە بەڕاستی خودا لێخۆشبووی میهرەبانە".

ئەمە فەرمانێکی خوداییە کە پەیمان لەگەڵ ژنان ببەسترێت ئەگەر مەرجە پێویستەکانیان تێدا بوو، ئەمەش لە سەردەمی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) ڕووی داوە و لە پیاودا کورت هەڵنەهێنراوە.

بوخاری دەگێڕێتەوە کە پەیماندانی پیاوان جارجار وەك پەیماندانی ژنان دەبوو، عوبادەی کوڕی سامت دەڵێت: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) کە کۆمەڵێك لە هاوەڵانی لەدەور بوون فەرمووی: "وەرن پەیمانم پێ بدەن کە هاوەڵ بۆ خودا دانەنێن، دزی و زینا مەکەن و منداڵەکانتان مەکوژن، بوختان مەکەن و لە چاکەدا بێگوێیم مەکەن".[2]

ژیاننامەش دەگێڕێتەوە: کە ژنانیش پشکیان لە بەشداریکردنی عەقەبەی دووەمدا هەبووە، حەفتاوسێ پیاوی پشتیوانان بەشدار بوون و دوو ژنیشیان لەگەڵ بوو، کە نویسیەبی کچی کەعب (أم عمارة) لە تیرەی نەجاڕ و ئەسمای کچی عومەری کوڕی عەدی لە بەنی سەلەمە (أم منیع) بوو، ئەم پەیماندانەش بە گرنگترین گرێبەستی سیاسی لە ژیانی موسڵماناندا دادەنرێت، کە بووە هۆی

---

[1] الممتحنة: ١٢.

[2] البخاري، الصحيح شرح فتح الباري، ج٧، ص٢١٩، (باب وفود الانصار).

دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی ئیسلام کە لەوپەڕی مەترسی و نهێنییشدا بوو وەك ژیانامەنووسان دەیگێڕنەوە.[1]

٣ـ ژنان لە خزمەت پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر) بەشداریی جیهاد و غەزایان کردووە

ـ بوخاری و موسلیم لە هەردوو صەحیحەکەیاندا دەروازەیەکیان ناو ناوە: غەزا و کوشتاری ژنان لەگەڵ پیاواندا، لەو فەرموودانەش کە لەو بارەیەوە هاتوون:

ـ دایکی عەتیە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بەشداریی حەوت غەزام کردووە، لای کۆڵ و بارەکانیان دەمامەوە و حەرەسیاتییانم دەگرت، خواردنم بۆ درووست دەکردن، بریندارەکانیانم بۆ تیمار دەکردن، ئاگاداری نەخۆشەکانیان دەبووم.[2]

ـ ڕەبیعی کچی معەویز دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خودادا (دروودی خودای لەسەر) غەزامان کرد، ئاومان بە خەڵکەکە دەدا، خزمەتمان دەکردن، کوژراو و بریندارەکانمان دەهێنایەوە بۆ مەدینە.[3]

ـ لەو فەرموودەدا کە ئەنەس دەیگێڕێتەوە هاتووە: دایکی سولەیم لە ڕۆژی حونەیندا خەنجەرێکی هەڵگرت، ئەبو تەڵحەی بینی، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە دایکی سولەیمە، خەنجەری هەڵگرتووە، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بینی، فەرمووی: "ئەم خەنجەرە چییە؟" وتی: "بۆ ئەوە هەڵم گرتووە

---

[1] ابن هشام، السيرة النبوية، ج١، ص٤٤١.

[2] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص١٩٤، (كتاب الجهاد والسير)، باب: النساء الغازيات.

[3] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٦، ص٨٠، حديث رقم ٢٨٨٢٠، (كتاب الجهاد).

ئەگەر بتپەرستێك لێم نزیك بووەوە سكی هەڵدڕم." جا پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) كەوتە پێكەنین.(1)

ـ ئەنەسی كوڕی مالیك دەڵێت: لە ڕۆژی ئوحوددا خەڵك هەڵهاتن لەدەوری پێغەمبەر، من عائیشەی كچی ئەبوبەكر و ئوم سولەیمم بینی، خۆیان پێچابووەوە پاوانەی قاچیانم دەدی، كونە ئاویان بە پشت هەڵدەگرت و ئاویان دەكرد بە دەمی خەڵكەوە.(2)

ـ ئیبن حەجەر دەڵێت: ئافرەتان لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر) بەشداریی جەنگەكانیان دەكرد، ئاویان بە جەنگاوەران دەدا، برینداره‌كانیان تیمار دەكرد، لە گێڕانەوەكەی ئەبوداود دا هاتووە: كە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) ڕۆژی حونەین لەو بارەوە لێی پرسین، وتیان: "هاتوین هانیان بدەین، لە پێناوی خودادا هاوكاریانین و تیماری بریندارەكان بكەین و تیریان بدەینێ و تینووان ئاو بدەین".(3)

### ٣ـ بەشداریی ژنان لە چالاكیی سیاسی و كۆمەڵایەتیی گشتی و ڕاوێژپێكردنیدا

ـ موسلیم لە حەفسەی كچی عومەرەوە دەگێڕێتەوە سەبارەت بە جێنشینایەتیی دانانی عومەر، كە ئیبن عومەر دەڵێت: "چوومە لای حەفسە وتی: ئایا وا دەزانی باوكت جێنشین دادەنێت؟ دەڵێت وتم: نایكات، وتی: دەیكات، دەڵێت: سوێندم خوارد كە لەو بارەوە قسەی لەگەڵ بكەم".(4)

---

[1] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص١٨٧ – ١٨٨، (غزوة النساء مع الرجال)، والحديث يشير إلى انهزام الناس يوم الحنين، وثبات أم سليم مع القلة التي ثبتت حول الرسول صلى الله عليه وسلم.

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص٣٦١، (كتاب المغازي)، ج٦، ص٧٨، كتاب الجهاد.

[3] ابن الحجر، فتح الباري، ج٦، ص٧٨، (كتاب الجهاد) – باب غزو النساء وقتالهن مع الرجال.

[4] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص٢٠٥، كتاب الإمارة، باب الاستخلاف وتركه.

ـ موسلیم دەگێڕێتەوە کە ئەسمای کچی ئەبوبەکر ناڕەزایەتیی لە حەجاج دەربڕی بۆ ئەوەی لە حوکمدا ستەم دەکات و بەرهەڵستکارانی توند سزا دەدات، ئەبو نەوفل دەڵێت: "حەجاجی کوڕی یوسف پاش کوژرانی زوبێر چووە لای ئەسمای کچی ئەبوبەکر و وتی: چۆنم کرد بەو دوژمنەی خودا؟ ئەسما وتی: تۆ دنیات لێ شێواند و ئەویش ئاخیرەتی لە تۆ شێواند، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بۆی باس کردین کە لە بنەماڵەی سەقیفدا درۆزنێك و ستەمکارێك هەڵدەکەون، درۆزنەکەمان بینی، بەڵام ستەمکارەکە کەس نابێتە هاوڕێی تۆ تیایدا، دەڵێت: جا لای هەستا و ئیتر نەهاتەوە لای".[1]

ــ لە بەشێك لە هاوەڵە ژنەکان دەگێڕنەوە کە بەشداریی کۆبوونەوە گشتییەکانیان لە مزگەوتدا دەکرد، فاتیمەی کچی قەیس دەڵێت: "بانگی خەڵك کرا کە کۆ ببنەوە، منیش وەك ئەو خەڵکە ڕۆیشتم، لە ڕیزی پێشەوەی ژنەکان بووم، کە دەکەوتە دوای پیاوانەوە"[2].

ڕەنگە ئەوەی بوخاری دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لە ڕووداوی حودەیبییەدا ڕاوێژی ئوم سەلەمەی وەرگرتووە، لە هەموو بەڵگەکان زیاتر پەیوەست بێت بە بابەتەکەمانەوە، دەبینین هەندێك ژن خاوەنی ڕا و ڕاوێژی جوانن، بەڵکو ئوم سەلەمە لەم ڕوداوەدا پێشی پیاوان کەوتووە، کە پێغەمبەری (دروودی خودای لەسەر) وا لێ کرد ڕایەکەی ئەو وەربگرێت.

ـ میسوەرەی کوڕی مەخرەمە و مەروان دەڵێن: لە کاتی حودەیبییەدا کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لە نووسینی سوڵحەکە بووەوە، هاتەدەر و بە هاوەڵانی فەرموو: هەستن و قوربانییەکانتان بکەن و پاشان سەرتان بتاشن،

---

[1] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٦، ص٩٩، (كتاب فضائل الصحابة). النسائي، ج٩، ص٦٤، (أبواب الفتن).

[2] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٨، ص٨٠، كتاب الفتن وأشراط الساعة.

دەڵێت: سوێند بە خودا یەك پیاو هەڵنەستا، تا سێ جاریش وتیەوە، کە کەس هەڵنەستا چووە ژوورەوە بۆ لای ئوم سەلەمە و ئەوەی خەڵکەکەی بۆ گێڕایەوە، ئوم سەلەمە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) حەز دەکەیت بەقسەت بکەن؟ بچۆ دەرەوە لەگەڵ کەس یەك قسە مەکە تا حوشترەکەت دەکەیت بە قوربانی، سەرتاشەکەت بانگ بکە با سەرت بتاشێت، ئەویش چووە دەر و لەگەڵ کەس قسەی نەکرد تا بەو شێوەی کرد، حوشترەکەی کردە قوربانی و سەرتاشەکەی بانگ کرد و سەری تاشی، جا هاوەڵان کە ئەوەیان دی قوربانییان کرد و سەری یەکتریان تاشی.[1]

## بەڵگەی گرووپی سێهەم:

گرووپی سێهەم سەرجەم ئەو بەڵگانەی گرووپی دووهەم دەکەن بە بەڵگە، واش دەبینن کە بنەمای یەکسانیی ژن و پیاو لە هەموو ئەرکبارییە شەرعییەکاندایە، لە بەردەم گوتاری شەرعییشدا وەك یەك وەهان، جیاوازییشی لە نێوان ئەرك و مافدا نییە، واش نابینن کە جیاکاری لەم بنەمایەدا بکرێت، ئەو کەمە فەرموودە و دەقانەش لەم بوارەدا هاتوون کۆمەڵە ڕووداوێکی دیاریکراون پەیوەستن بە دۆخی ئەو کات و شوێنەی خۆیانەوە، هەندێك لە ڕاکان وا دەبینن ئەم باسە لە بابەتی یاسای دەستوورییە کە یاسا کارگێڕییە دنیاییەکان پەیوەست دەکات بە کرداری خەڵکەکەوە و بەپێی بەرژەوەندیی گشتی بڕیاری لەسەر دەدەن.

لەو زانا کۆنانەی کە بە درووستی دەزانن ژنان پێشەوایەتیی مەزن وەربگرن، گرووپێکن لە کۆتایی سەردەمی ڕاشیدیندا پەیدا بوون بەناوی خەواریجەوە، ئەمانە لایان درووستە ژن سەرۆکایەتیی گشتی وەربگرێت، هیچ ڕێگرییەکی شەرعی لەوەدا

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٥، ص٣٢٩، (كتاب الشروط، باب الشروط في الجهاد)، جاء ذلك في حديث طويل.

نابینن، خۆیشیان لە زیاتر لە ڕووداوێکدا ئافرەتیان دەکرد بە دەسەڵاتداری خۆیان و کاروباری بۆ بەڕێوە دەبردن یان پێ دەسپاردن.

یەکێك لە گرووپەکانیان کە ناوی (الشبیبة) بوو ناوەکەیان لەوەوە لێ ناوە کە سەر بە شەبیبەی یەزیدی شەیبانین، کە دژی حەجاجی والیی عێراق لە موسڵەوە دەرچوو لە سەردەمی خیلافەتی عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا، پێشەوایەتیی ژنانیان بە درووست دەزانی و پەیمانیان دا بە غەزالەی دایکی شەبیب بۆ پێشەوایەتی پاش کوژرانی شەبیب[1] ساڵی (٧٧)ی کۆچی.

بەناوبانگترین زانای هاوچەرخیش کە ئەم بۆچوونەی لا پەسەندە، دکتۆر عەبدولحەمید متەوەلییە، کە پسپۆڕی یاسای دەستوورییە، وا دەبینێت کە فەرموودەی (ئاحاد) ناکرێت بە سەرچاوەی دەستووری، هەروەها کۆندەنگییش ناکرێت، تەنها قورئان و سوننەت وەك دوو سەرچاوەی دەستووری تەماشا دەکرێن.[2]

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا و دوای سەیرکردنی بۆچوونە جیاوازەکان لەم مەسەلەیەدا و وردبوونەوە لە بەڵگەکانیان، ئەو ڕایە پەسەند دەکەین کە دەڵێت: ئافرەت هەموو مافێکی سیاسیی هەیە و لەگەڵ پیاودا یەکسانە، جگە سەرۆکایەتیی مەزن (سەرۆکایەتیی وڵات)، ئەمەش وەك ئیشکردنێك بە بنەما یەکلاکەرەوەکەی شەریعەت، کە بڕیویەتییەوە پیاو و ئافرەت لە کار و ئەرکباریدا یەکسانن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو جیاکارییەی کە لە دەقی درووستدا هاتووە و کۆدەنگییش پاڵپشتیەتی.

[1] البغدادي، الفرق بين الفرق، ص١١٠. تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد، دار المعرفة – بيروت.

[2] عبدالحميد متولي، مبادئ الحكم في الإسلام، ص٨٨٦، وقد بحث المسألة بشيء من التفصيل، وقد تم بحث المسألة في بحث الضمانة الدستورية في هذا الكتاب.

# باسی پێنجەم: پاڵاوتنی ئەستۆبەندان (الذمي) بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی ڕاوێژ

مەسەلەی پاڵاوتنی ئەستۆبەندان بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی ڕاوێژ یان ئەنجومەنەکانی یاسادانان دەبێت بە دوو بۆچوونی سەرەکییەوە:

**بۆچوونی یەکەم:** قبووڵیەتی ئەستۆبەندان ببنە ئەندامی کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەوانە هاووڵاتییەکی دەوڵەتی ئیسلامین و هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتەن، ئەوەش خاوەنی ڕەگەزنامە بێت هەموو مافێکی سیاسیی دەبێت دەستەبەر بکرێت، ئەوەش هاووڵاتی لە بیانی جیا دەکاتەوە بوونی مافی سیاسییە، بنەمایەکی بڕاوەی زانراویشە لە شەریعەتی ئیسلامدا، کە خاوەن ماف و ئەرکەکان پێکەوە یەکسانن.

بەدڵنیاییەوە ئیسلام بڕیاری یەکسانی داوە لە نێوان ئەوانەی هەڵگری ئەرك و مافیان دەستەبەرە لە موسڵمانان و ئەستۆبەندان، کە زانایان دەری دەبڕن بە: "ئەوەی بەر ئێمە کەوت، بەر ئەوانیش دەکەوێت، ئەوەشی لەسەرمانە، لەسەر ئەوانیشە"، ئەم بنەمایە لە قسەکانی جێنشینان و ڕاسپاردەیان بۆ سەرۆکی سوپاکان وەرگیراوە، لە عەلیی کوڕی ئەبوتالیبەوە دەگێڕنەوە: "بۆیە ئەوانە ئەستۆبەندییان قبووڵ کردووە تا سەروەت و سامانیان وەك سەروەت و سامانی ئێمە و خوێنیان وەك خوێنی ئێمەی لێ بێت".[1] هەر وەك لە شەرحی (السیر الکبیر)دا هاتووە: "لەبەر ئەوەی گرێبەستی ئەستۆدارییان قبووڵ کردووە تا سەروەت و مافیان وەك سەروەت و مافی موسڵمانانی لێ بێت".[2]

---

[1] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٧، س١١١.

[2] الشيباني، السير الكبير، ج٣، ص٢٥٠.

بۆچوونی دووهەم: درووستکردنی هەندێك جیاكاری له بنەمای یەكسانیی ماف و ئەركی پەیوەست بە هەندێك بەرژەوەندی، كە لە دەقی درووستدا هاتووە، ئەم جیاكارییانەش پاڵ دەدەن بە هەندێك كاروباری پەیوەست بە بیروباوەڕ و ئایینەوە، بۆ نموونە كۆمەڵێك ئەرك هەن پەیوەستن بە بواری ئایینەوە، وەك سەرۆكایەتیی دەوڵەت، كە بەم شێوەیە پێناسە دەكرێت: "جێنشینایەتیكردنی پێغەمبەرێتییە لە پارێزگاریكردنی ئایین و ئیدارەدانی ژیان"[1]. كەواتە مەرجە هەركەس جێنشینایەتیی هەڵگرت موسڵمان بێت، لە ڕاستیدا ئەم جیاكردنەوەیەش پێشێلكردن و هەڵوەشاندنەوەی بنەماكە ناگەیەنێت.

سەبارەت بە پاڵاوتنی ئەستۆبەندان بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی ڕاوێژ، دەكرێت لە ڕوانگەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە لە بابەتەكە بكۆڵینەوە: ئایا درووستە پرس بە ئەستۆبەندان بكرێت و لە كاروباری دەوڵەتی ئیسلامیدا پشتیان پێ ببەسترێت؟ زانایان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دوو ئاڕاستەن:

ئاڕاستەی یەكەم: ڕێگریكارانن، كە وا دەبینن درووست نییە پشت بە ئەستۆبەندان ببەسترێت لە كاروباری موسڵماناندا، درووستیش نییە ڕاوێژیان پێ بكرێت، ئەمە ڕای حەنبەلییەكانە[2] و ڕای پەسەندە لای مالیكییەكان.[1]

---

[1] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٥.

انظر بحث هذه المسألة لدى عبدالكريم زيدان، في كتاب أحكام الذميين والمستأمنين، ص٧٠. عبدالحميد الأنصاري، الشورى وأثرها في الديمقراطية، ص٣٢٠. محمد سلام مدكور، معالم الدولة الإسلامية، ص١٠١. محمد فتحي عثمان، أصول الفكر السياسي في الإسلام، ص٢٧٤. صبيحي محمصاني، أركان حقوق الإنسان، ص١٩٠. عبدالحكيم حسن عبدالله، الحريات العامة، ص٣١.

[2] ابن القيم، أحكام أهل الذمة، ج١، ص٢٠٨. بابەتێكی لە كتێبەكەیدا بە ناونیشانی (قەدەغەكردنی جوولەكە و گاور لە كاربەدەستێتی و برا گەورەیی موسڵمانان)، كە لە شوێنێكدا دەڵێت: "لە هیچ شتێكدا پشتیان پێنابەسترێت". بەڵام ڕای دروست لای حەنبەلیەكان لە كاتی پێویستدا پشتیان پێدەبەسترێت. انظر المرداوي، الإنصاف، ج٤، ص١٤٣. ابن قدامة، المغني، ج٨، ص٤٤٥.

ئاڕاستەی دووهەم: مۆڵەتپێدەرەکانن، ئەوانیش ئەوانەن کە پشتبەستن بە ئەستۆبەندان بە شێوەیەکی گشتی لە کاروباری موسڵماناندا بە دروست دەزانن، بەپێی ئەم بۆچوونەش درووستە پشتیان پێ ببەسترێت بۆ ڕاوێژکاری، ئەگەر بەرژەوەندیی موسڵمانان و دەوڵەتەکەیانی تێدا بوو، ئەمەش ڕای حەنەفییەکان[٢] و شافیعییەکانە[٣].

دەکرێت لەم توێژینەوەماندا سەبارەت بە پشتبەستن بە ئەستۆبەندان لە بواری ڕاوێژکاری و مەسەلەی بەشداربوونیان لە ئەنجومەنەکانی یاساداناندا، پشت بە ڕا و بۆچوونی زانایان ببەستین. ئێستا بەڵگەی هەردوو گرووپەکە دەخەینە ڕوو و گفتوگۆیان دەکەین تا دەگەینە دەرخستنی ڕای پەسەند.

### بەڵگەکانی گرووپی یەکەم، کە ڕێگریکارانن

### أ- لە قورئانی پیرۆزدا:

١- خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ﴾[٤]. واتە: " ئەی کەسانێك کە بڕواتان هێناوە، دۆستی گیانیبەگیانی مەگرن بۆ خۆتان جگە لە خۆتان درێغیتان لێ ناکەن لە هیچ شەڕ و خراپەیەك ئاواتەخوازی ناخۆشیتانن بێگومان دەرئەکەوێت خەشم و قین لە

---

[١] هذا رأي ابن القاسم، انظر الإمام مالك، المدونة الكبرى، ج٢، ص٤٠. أما الفقيه المالكي ابن عبدالبر فإنه يرى جواز الاستعانة بهم. ابن عبدالبر، الكافي، ج١، ص٤٨٤.

[٢] انظر حاشية رد المختار، ج٤، ص١٤٨. محمد بن الحسن الشيباني، السير الكبير، ج٢، ص١٨٠.

[٣] انظر مغني المحتاج، ج٤، ص٢٢١. حاشيتا الشرواني وابن القاسم، ج٩، ص٢٣٨. الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٢٧.

[٤] آل عمران: ١١٨.

دەمیانەوە و ئەوەی لە دڵیاندا شاردوویانەتەوە گەورەترە، بەڕاستی بەڵگەکانمان بۆ ڕوون کردوونەتەوە ئەگەر ئێوە ژیر بن".

زۆرینـەی ڕاڤـەکاران وای بـۆ دەچـن کـە ئـەم ئایەتـە ڕێگـرە لـە پشتبەسـتن بـە ناموسڵمان و ڕێگریشە لە ڕاوێژپێکردنیان، قورتوبی دەڵێـت: "خـودای پـەروەردگار جەخت لـە نـاڕازێتیبوون دەکاتـەوە لـە پشتبەسـتن بـە کـافران"، پاشـان دەڵێـت: "(البطانة) کەسی نزیکـی کەسـێکە کـە کاروبـاری وەردەگرێت، پاشـان خـودا بـەم ئایەتـە ڕێگریـی کـردووە کـە بـاوەڕداران، کـافر و گـاور و جوولەکـە و هەوەسـباز خۆهەلقورتێننە ناو کاروباریان و ڕاسپێردرێن و ئیشیان بدرێتە دەست"[1].

ئـەمیش گێڕانەوەکـەی لـە حەسـەنی بەسـریەوە هێنـاوە، کـە جەختکردنەوەیـە لـەوەی زانایـان کردویانەتـە بەڵگـە لـە ڕێگریکـردن لـە ڕاوێـژپێکردنیان لـە هـیچ کاروبارێکی موسڵماناندا.[2]

زۆرینەی ڕاڤەکاران دەڵێن: ئەم ئایەتە تایبەتە بە دووڕووەکـان، وتراویشـە هـۆی دابەزینی ئەوە بووە، هەندێك موسڵمان دۆستایەتیی هەنـدێك جوولەکـەیان دەکـرد، وەك پەیمانبەستنەکانی سەردەمی نەفامی، فەخری ڕازی لەم مەسەلەیەدا سـێ ڕای هێناوە:

**ڕای یەکەم: لێرەدا مەبەست جوولەکەیە.**

ڕای دووەم: مەبەست دووڕووەکانە، چونکە ئایەتەکانی دوایی ئەمە دەردەخەن.

ڕای سێیەم: مەبەست پێی هەموو لایەکە جگە لە باوەڕداران، خاوەنی ئـەم ڕایـە بەڵگە بەوە دەهێنێتەوە کە عومەر ڕێگەی نەداوە کە گاورێك ببێتە نووسەر.[3]

---

[1] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ج٤، ص١٧٨. الزمخشري، الكشاف، ج١، ص٤٥٨.

[2] الطبري، التفسير، ج٤، ص٤٠. الالوسي، روح المعاني، ج٤، ص٣٧.

[3] الإمام الفخر الرازي، التفسير الكبير، ج٨، ص١٩٧. وهو يرجح عموم الآية بمعنى لا تتخذوا بطانة من دون أهل ملتكم، والتي تقتضي منع مصاحبة الكفار على الإطلاق.

**٢ـ خودای گەورە دەفەرموێت:** ﴿لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ﴾.[1] **واتە: " نابێ بڕواداران بێباوەڕان بگرن بە دۆستی خۆیان لەجیاتی بڕواداران، هەر کەسێك وا بکات ئیتر پەیوەستیی لەگەڵ خودادا نامێنێت". دەشفەرموێت:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُمْ مِنَ الْحَقِّ﴾[2]. **واتە: "ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە دوژمنانی من و خۆتان مەکەن بە دۆستی خۆتان، دۆستایەتیی خۆتانیان بۆ دەنێرن لە کاتێکدا دڵنیاشن ئەوان بێباوەڕن بەو ئایینە ڕاستەی کە بۆتان هاتووە". دەشفەرموێت:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾[3]. **واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جوولەکە و گاور مەکەن بە پشتیوان و خۆشەویستی خۆتان، ئەوانە هەندێکیان دۆستی یەکترن".**

**هەموو ئەم ئایەتانە هەمان مانای پەیوەست بە مەسەلەی دۆستایەتی (الولاء)ەوە لەخۆ دەگرن، باوەڕداریش کە دۆستایەتیی بێباوەڕێکی کرد سێ ڕووی هەیە:**

**ڕووی یەکەم: یان ڕازییە بە بێباوەڕییەکەی بەم هۆیەوە دۆستایەتی دەکات، ئەمەش قەدەغەیە، چونکە ڕازیبوون بە بێباوەڕی بێباوەڕبوونە، ئەمەش لەگەڵ باوەڕداردا پێك نایەتەوە.**

**ڕووی دووەم: تێکەڵکردنێکی جوان و باش لە دنیادا ئەمەیان قەدەغە نەکراوە.**

---

[1] آل عمران: ٢٨.

[2] الممتحنة: ١.

[3] المائدة: ٥١.

ڕووی سێهەم: ئەمەیان ناوەندگیری دووەکەی دییە، واتە پشتبەستن و هاوکاری و یارمەتی و سەرخستنیان، لەگەڵ باوەڕبوون بەوەی ئاینەکەیان بەتاڵە، ئەمەیان باوەڕداری پێ کافر نابێت، بەڵام ڕێگریی لێ کراوە.[1]

گرووپی یەکەم دەڵێن کە ڕاوێژ و پشتبەستن و دۆستایەتی دەگەیەنێت، دۆستایەتییش بەم ئایەتانە ڕێگریی لێ کراوە.

٣- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾[2]. واتە: "ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە، گوێڕایەڵی خودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، پاشانیش گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانی خۆتان بن". ئەم ئایەتە فەرمان بە باوەڕداران دەکات کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار و کاربەدەستی موسڵمانان بن، ئەوانیش ئەوانەن کە کاروباریان دەدرێتە دەست، وەك: فەرمانڕەوا و ئەمیر و زاناکان، ڕاوێژپێکراوانیش دەبێت هەر لە موسڵمانان بن بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی خودا (منکم) واتە لە خۆتان ئەی موسڵمانان.

پێشەوا مەحموود شەلتوت و ڕەشید ڕەزا و محەمەد عەبدە لە مانای (أولي الأمر)دا تەفسیرەکەی پێشەوا ڕازییان هەڵبژاردووە، کە مەبەست پێی ئەهلی حەل و عەقدن لە موسڵمانان، ئەوانیش: فەرمانڕەوا و زانایان و سوپاسالار و سەرجەم برا گەورەکانی دیکەن، ئەمانە ئەوانەن لە کاتی پێویستی و بەرژەوەندیی گشتییدا دەگەڕێنەوە لایان، جا ئەگەر لەسەر ئیشێك یان حوکمێك ڕێك کەوتن، پێویستە گوێڕایەڵی بکرێن بەو مەرجەی لە خۆمان بن و پێچەوانەی فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی نەبن.[3]

---

[1] الإمام الفخر الرازي، التفسير الكبير، ج٨، ص١١.

[2] النساء: ٥٩.

[3] الإمام شلتوت، الإسلام عقيدة وشريعة، ص٣٧٣. رشيد رضا، الخلافة، ص١٥.

وتراویشــه (أولــى الأمــر): ئــەهلی قورئــان و زانایــانن، ئەمــە بــژاردەی مالیکــە و زەحاکیش نزیك لەوەی وتووە، دەڵێت: فەقیھ و زانایانی ئایینن، موجاهید دەڵێت: بەتایبەت هاوەڵانی پێغەمبەرن، عیکرەمە دەڵێت: ئاماژەیە بۆ ئەبوبەکر و عومەر،[1] وتراویشــە: مەبەســت لــە (أولــى الأمــر) ئــەمیرە ڕاســتەقینەکانە، چــونکە ئــەمیرە ستەمکارەکان خودا و پێغەمبەر لێی بــەرین، بۆیــە خــودا فــەرمان بــە گوێڕایــەڵییان ناکات.[2] تەبەرییش دەڵێت: سوڵتان و ئەمیرەکانن.[3]

**ب ـ لە سوننەت:**

ئەو فەرموودەیەی موسلیم لە عائیشــەوە دەیگێڕێتــەوە ڕەزای خــوای لــێ بێــت: "پێغەمبــەر (دروودی خــودای لەســەر) بــەرەو بــەدر ڕۆیشــت کاتێــك گەیشــتە (حــرة الوبرة) گەیشتە کابرایەك، باسی ئازایی و فریاکــەوتنی دەکــرا، هــاوەڵانی پێغەمبــەر (دروودی خــودای لەســەر) کــە بینییــان دڵخــۆش بــوون، کــە پێــی گەیشــت وتــی بــە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) هاتووم شوێنت بکــەوم و شــەڕت لەگــەڵ بکەم، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) پێــی فــەرموو: بــاوەڕ بهێنــە و بــە خودا و پێغەمبەرەکەی، وتی: نەخێر، فەرمووی: بگــەڕێرەوە پشــت بــە بتپەرســتان نابەستم"[4].

فەرموودەکە ڕاشکاوە بــە پشتبەســتنی ڕەهــا بــە بتپەرســتان، جــەنگ و ڕاوێــژ و جگــە لەوانــەش دەگرێتــەوە، چــونکە عیــبرەت بــە گشــتی بێژەکەیــە نــەك تایبــەتی هۆیەکەی.

---

[1] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ج٥، ص٢٥٨.

[2] الزمخشري، الكشاف، ج١، ص٥٣٥.

[3] الطبري، التفسير، ج٤، ص٩٢.

[4] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص١٩٨، (كتاب الجهاد).

دەشگێڕنەوە لە غەزای ئوحوددا خەڵکێکی پشتیوانان داوایان لە پێغەمبەر کرد (دروودی خودای لەسەر) کە پشتیوانیی هاوپەیمانە جوولەکەکان قبوولّ بکەن، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) ڕازی نەبوو.[1]

پێشەوا ئەحمەد و نەسائی دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: لە ئاگری بتپەرستان ڕووناکی وەرمەگرن، لە موسیلەکانیشتاندا مۆری (محمد رسول الله) هەڵمەکۆڵن"[2].

سیوتی دەڵێت: مەبەستی لە ئاگر لێرەدا (ڕاوەرگرتنە) واتە ڕاوێژیان پێ مەکەن، (ڕا)ی وەك ڕووناکی داناوە لە کاتی سەرسووڕماندا. حەسەنی بەصری دەڵێت: واتە لە هیچ کاروبارێکتاندا ڕاوێژیان پێ مەکەن.[3] ئیبن قەییمیش هەر ئەم مانایە لە مالیکی کوڕی ئەنەسەوە دەگوازێتەوە: بە ئاگری بتپەرستان ڕووناکی وەرمەگرن، واتە: ئامۆژگارییان وەرمەگرن و پشت بە ڕا و بۆچوونیان مەبەستن.[4]

ج ـ گوفتار و ڕەفتاری هاوەڵان و جێشینان:

عومەر ڕێگریی کرد لە ئەبو موسای ئەشعەری کە لە یەمەن بوو، پشت بە ئەستۆبەندێك ببەستێت بۆ نووسین و فەرمانی لادانی دەرکرد.[5] جا ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ﴾[6].

دەگێڕنەوە کە موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان نامەیەکی نارد بۆ عومەری کوڕی خەتاب: "لە پاشان، ئەی گەورەی باوەڕداران، لەناو کارمەندەکانمدا نووسەرێکی

---

[1] ابن القيم، زاد المعاد، ج٢، ص٩٣. ابن حزم، جوامع السيرة النبوية، ص١٢٦.

[2] السيوطي، شرح سنن النسائي، ج٨، ص١٧٦، ١٧٧.

[3] الطبري، التفسير، ج٤، ص٤٠. السندي، حاشية على سنن النسائي، ج٨، ص١٧٧.

[4] ابن القيم، أحكام أهل الذمة، ج١، ص٢١٠.

[5] ابن القيم، أحكام أهل الذمة، ج١، ص٢١٠.

[6] آل عمران: ١١٨.

گاور هەیە، ئیشی خەراج بەو نەبێت ناکرێت، حەزم نەکرد بەبێ فەرمانی تۆ بیکەمە کاربەدەست، عومەریش بۆی نووسی: خودا ئێمەش و تۆش سەلامەت بکات، نامەکەتم خوێندەوە دەربارەی گاورەکە، پاشان، گاورەکە مردووە، والسلام علیکم". [1]

دەشگێڕنەوە کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نامەی بۆ هەموو کاربەدەستانی لە هەموو لایەك نووسی، "...پێم گەیشتووە کە لەمەوبەر خەڵکێکی موسڵمان کە چوونەتە شاران، بتپەرستان هاتوون بۆ لایان، ئەوانیش بۆ کار و نووسین پشتیان پێ بەستوون، لەبەر شارەزایی و تەکبیر و پارەکۆکردنەوەیان، نەخێر، نە شارەزایی و نە تەکبیر هەن لەو شتانەی خودا و پێغەمبەرەکەی تووڕە دەکەن، ئەوانە لەو ئیشەیاندا ماوەیەکیان بۆ هەبوو، ئەگەر لەمەودوا بینیم هەر کاردەستێك لە کارەکانیدا کەسێکی غەیرە دینی کردووە بە کاربەدەست، سزای دەدەم. [2]

ئیبن قەییم بەسەرهاتی زۆر دەگێڕێتەوە لە ئەبوجەعفەری مەنصور و هاروونە ڕەشید و مەئموون و مەهدییەوە، کە ئەوە دەگەیەنن ڕێگرییان کردووە لە کاربەدەست و ئەمیرەکان کە ئەستۆبەندان لە کاروباری موسڵماناندا بەکار بهێنن. [3]

گرووپی ڕێگریکاران بەڵگەش بە عەقڵ دەهێننەوە:

دەڵێن: ڕاوێژپێکردن پشت دەبەستێت بە دەستپاکی و متمانە و قوربانیدان، وەك وتراوە: ڕاوێژپێکراو جێگای متمانەیە. زۆربەی جار ئەم سیفەتانە لە ناموسڵماناندا نین، چونکە جیاوازیی ئاین ئەگەری دوژمنایەتی و نادڵسۆزی تێدەکەوێت.

---

[1] ابن القیم، أحكام أهل الذمة، ج١، ص٢١٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٢١٣.

[3] ابن القیم، أحكام أهل الذمة، ص١، ص٢١٣ وما بعدها.

هەروەها هەندێك جار ڕاوێژپێكردن دەتبات بۆ ئاشكراكردنی نهێنی و پەردەلادان و دەرخستنی هەندێك كاروباری تایبەت، ئەمەش ئەنجامی خراپی لێ دەكەوێتەوە.[1]

محەمەد ئەسەد زیاد لەمەش دەڵێت: ئیسلام سیستەمێكی ئایدۆلۆجییە، لە سیستەمی ئایدۆلۆجییشدا نییە كە ڕازی بێت كاروبار بدرێتە دەست كەسێك لەو ئایدۆلۆجیایەدا نەبێت كە سیستەمەكە لەسەری بنیات نراوە.[2]

دكتۆر عەبدولوەهاب شیشانی دەڵێت: دیارە پێگەی شوورا پێگەیەكی ترسناكە، لە هەموو كاروبارێكی گرنگدا بەشدار دەبێت وەك: دانانی كاربەدەستان، ڕاگەیاندنی جەنگ، جووڵەپێكردنی سوپا، ئەمانە كۆمەڵە كارێكن جگە لە خواترسان نابێت كەسی لێ ئاگادار بێت، بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتیش بنەماكەی بیروباوەڕی خودایییە و شەریعەتەكەشی ئیسلامە، دەستوورەكەشی قورئانە، جوولەكە و گاوریش واز لە هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی موسڵمان لە ئایینەكەیان ناهێنن، دژیشیان پیلان و ناپاكی دەگێڕن، ئەمەش وا دەكات ڕاوێژپێكردنیان یان بەشدارییان لەناو شوورادا كارێكی یەكجار مەترسیدارە لەسەر موسڵمانان و دەوڵەتی ئیسلامی.[3]

**ئاڕاستەی دووەم: ڕێگەپێدەران:**

زۆرینەی زانایان بۆ ئەوە چوون كە پشتبەستن بە ناموسڵمان بە شێوەیەكی گشتی درووستە، لەسەر ئەوەش پشتبەستن بەو ڕاوبۆچوونانە دروستە كە خێری

---

[1] محمد الزحيلي، بحث: اشتراك غير المسلمين في مؤسسات الشورى، كتاب الشورى في الإسلام، المجمع العلمي الملكي لبحوث الحضارة الإسلامية، مؤسسة آل البيت، ج٣، ص١١٢٣.

[2] محمد أسد، منهاج الاسلام في الحكم، ص٨٤.

[3] عبدالوهاب الشيشاني، حقوق الإنسان وحرياته السياسية في النظام الإسلامي والنظم المعاصرة، ص٦٧٥.

ص٦٧٥.

موسڵمانان و بەرژەوەندیی گشتیی میللەتی تێدایە، ئەمە قسەی زانایانی مەزهەبە جیاوازەکانە بەم شێوەیە:

**حەنەفیەکان:** خاوەنی (الدرر المختار) دەڵێت: "مانای وایە درووستە پشت بە کافر ببەسترێت لە کاتی پێویستدا، پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) پشتی بە جوولەکە لە دژی جوولەکە بەستوو بەقسەشی کردن"[1].

لە (*السير الكبير*)دا لە بەشی (النفل لأهل الذمة والعبيد والنساء)دا هاتووە: "ئەگەر ئەمیر وتی هەرکەس کەسێکی کوشت کەلوپەل و تفاقی بۆ خۆی، ئەوکات ئەستۆبەندێك کە لەناو موسڵماناندا دەجەنگا کەسێکی کوشت، ئەوا کەلوپەلەکەی هەقی خۆیەتی"،[2] ئەمە بەڵگەیە کە درووستە پشتبەستن بە ئەستۆبەندان لە جەنگدا.

**مالیکییەکان:** ئیبن عەبدولبیر زانای مالیکییەکان دانی بە درووستیی پشتبەستن پێیان هێناوە و دەڵێت: "ئەرکی پێشەوا (سەرۆك)ە جەنگ بکات بۆ بەرگریکردن لێیان، لەو جەنگەشدا پشتیان پێ ببەستێت و بەشداریان بکات".[3] بەڵام ئیبن قاسم دەڵێت: "وا نابینم پشتیان پێ ببەستن و جەنگیان لەگەڵ بکەن، مەگەر خزمەتکاریان بن، ئەوە بە خراپ نازانم".[4]

**شافیعییەکان:** زانایانی شافیعی پشتبەستن پێیان بە درووست دەزانن بەم مەرجانە:

---

[1] حاشية رد المختار على الدر المختار، ج٤، ص١٤٨.

[2] محمد بن حسن الشيباني، السير الكبير، ج٢، ص١٨٠.

[3] ابن عبدالبر، الكافي، ج١، ص٤٨٤.

[4] المدونة الكبرى، ج٢، ص٤٠.

یەکەم: دڵنیا بن لە خیانەتنەکردنیان.

دووەم: ژمارەیان ئەوەندە بێت کە چوونە ناو کافران بتوانرێت ڕووبەڕوویان ببەنەوە.

سێهەم: بەوە بناسرێن کە ڕایان لەسەر موسڵمانان باشە.[1]

ماوەردی مەرجێکی دیکەی بۆ زیاد دەکات: پێچەوانەی بیروباوەڕی دوژمن بن.

نەوەوی دەڵێت: شافیعی و ئەوانی دیکە دەڵێن: ئەگەر بێباوەڕەکە ڕای باش بوو بەرامبەر موسڵمانان و پێویست بوو، پشتی پێ ببەسترێت، ئەگینا باش نییە.[2] ئەمەش ڕای پەسەندکراوی مەزهەبی حەنبەلییەکانە.[3]

## بەڵگەکانی گرووپی دووهەم "ڕێگەپێدەران":

ئەمانە کە لایان درووستە کۆمەڵێك بەڵگە لە قورئان و سوننەت و قسەی هاوەڵان و کرداری جێنشینان دەهێننەوە.

### یەکەم: قورئان:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٨) إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾.[4] واتە: "خودا ڕێتان لێ ناگرێت لەگەڵ ئەوانەی کە جەنگیان لەگەڵ نەکردوون لەسەر ئەم دینە، دەریان نەکردوون لە جێگە و شوێنەکانتان کە چاکەیان لەگەڵ بکەن و دادیان لەگەڵ بنوێنن، بەڕاستی خودا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە دادگەرن. بێگومان خودا ڕێگریتان لێ دەکات تەنها

---

[1] انظر مغني المحتاج، ج٤، ص٢٢١. حاشيتا الشرواني وابن القاسم، ج٩، ص٢٣٨.

[2] النووي، شرح على مسلم، ج١٢، ص١٩٩.

[3] المرداوي، الإنصاف، ج٤، ص١٤٣. ابن قدامة، المغني، ج٨، ص٤٤٥.

[4] الممتحنة: ٨ ، ٩.

لەوانەی کە جـەنگیان لەگـەڵ کـردوون لەسـەر دیـن و دەریـان کـردوون لـە جێگـە و شوێنەوارتاندا، یارمەتییان داوە لەسەر دەرکردنتان لەوەی کە دۆستایەتییان لەگەڵ بکەن و بـە دۆسـتیان دابنـێن، هەرکەسـێك دۆسـتایەتییان بکـات ئـا ئەوانـە خۆیـان ستەمکارن".

ئەم ئایەتانە ڕێگری دەکەن لە دۆستایەتیی ئەوانەی دژی باوەڕدارانن و لەگەڵیان دەجـەنگن و لـە وڵاتـی خۆیـان دەریـان کـردوون، بـەڵام ئەوانـە دژی بـاوەڕداران نەجەنگاون و دژایەتییان ڕانەگەیاندووە، هیچی تێدا نییە لەگـەڵیان چاکە بکرێت و هاوکارییـان بکرێـت لـەو کاتـەدا دەکرێـت پشـتیان پـێ ببەسـترێت و سـوودیان لـێ وەربگیرێـت.[1] خـودا دەفـەرموێت: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾.[2] واتە: "پرسیار بکەن لەزانایان ئەگەر ئێوە نازانن".

پـەروەردگار فـەرمان دەکـات پرسـیار لـە پسـپۆڕ و شـارەزا و زانایـانی هـەموو بوارەکان بکرێت، هەرچەندە ئەم ئایەتە گشتییە بۆ پشتبەستن بە پسپۆڕ و زانایـان لە هەموو بوارێکدا، بەڵام زۆرینەی ڕاڤەکاران ئاماژە دەکەن کـە مەبەسـت لـە (أهـل الذكر) گاور و جوولەکەن یان خاوەنی کتێبە پێشووەکانن.[3]

**دووهەم: سوننەت:**

ئەبو داود لە سونەنەکەیدا دەگێڕێتـەوە: لەمـەودا ئاشـتەواییەکی ئـارامی لەگـەڵ ڕۆمدا دەکـەن و پێکـەوە هـەردووکتان غـەزای دوژمنێـك دەکـەن و سـەر دەکـەون و دەستکەوتتان دەبێت.[4]

---

[1] محمد الزحيلي، بحث اشتراك غير المسلمين في مؤسسات الشورى، كتاب الشورى في الإسلام، المجمع الملكي لبحوث الحضارة الإسلامية. مؤسسة آل البيت.

[2] النحل: ٤٣.

[3] مختصر تفسير ابن كثير، ج٢، ص٣٣٢.

[4] أبو داود، السنن، ج١٢، ص٢٠٩. كتاب الملاحم، باب ملاحم الروم.

بەشێکی زانایان ئەم فەرمودە دەکەنە بەڵگە کە درووست پشت بە ناموسڵمان ببەستیت و هاوبەشی بکەی لە جەنگدا دژی دوژمنان.

کتێبەکانی فەرموودە دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) پشتی بەست بە هاوکاریکردنی سەفوانی کوڕی ئومەییە ڕۆژی حونەین، کە بێباوەڕیش بوو، هەروەها پشتی بەست بە جوولەکەکانی بەنی قەینوقاع و بەقسەی کردن.[1] هەروەها پشتی بەست بە کابرایەکی خوزاعە و کردی بە هەواڵگر لەسەر قورەیشییەکان.[2]

کتێبی ژیاننامەکان دەگێڕنەوە: کابرایەکی بتپەرست ناوی (قەزمان) بوو، لەگەڵ پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دژی بتپەرستان لە ڕۆژی ئوحوددا جەنگا و زۆریش ئەزیەتی بوو، حەوت کەسی ناوداری بتپەرستانیشی کوشت، ئەم هەواڵە گەیەنرایە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: "ئەو دۆزەخییە". هەر لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خودای لەسەر) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: "خودا بە کەسێکی خراپەکار ئەم ئایینە سەر دەخات". دەوترێت کاتێك ئێش و ئازار تەنگی پێ هەڵچنی تیرێکی لە کۆڵەکەی دەرهێنا و دەمارەکانی خۆی بڕی بەو شێوە خوێنی بەر بوو هەتا مرد.[3]

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) کاتی کۆچکردنی، عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقیتی بە کرێ گرت تا ڕێپیشاندەریان بێت، کە کابرایەکی بێباوەڕ بوو،

---

[1] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص١٩٨. الصنعاني، سبل السلام، ج٢، ص٤٩.

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح البارين ج٧، ص٤٥٣ (باب المغازي).

[3] ابن حزم، جوامع السيرة النبوية، ص١٣٣. كما روى ابن اسحق في سيرته، كانت خزاعة مسلمهم ومشركهم عيبه نصح لرسول الله صلى الله عليه وسلم، ج٢، ص٣١٨.

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) متمانەی پێی هەبوو، دەوترێت: ڕێنیشاندەرێکی کارامە بوو.(١)

یەکەم بەڵگەنامە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لە دوای کۆچکردن بۆ مەدینە نووسی، دەڵێت: "جوولەکە لەگەڵ باوەڕدارانـدا پێکەوە دەجەنگن، سوپا ڕێك دەخەن، جوولەکەکانی بەنی عەوف و دۆستانیان میللەتێکن لەگەڵ باوەڕداراندا، جوولەکەکان ئایینی خۆیان و باوەڕدارانیش ئایینی خۆیان، لە نێوانیاندا هاوکاری و سەرخستنی یەکدی هەیە دژی هەر لایەك دژایەتیی ئەم نووسینە بکات".(٢)

**سێهەم: گوفتار و ڕەفتاری هاوەڵان و جێنشینەکان**

بەلازەری لە (فتوح البلدان) دا دەگێڕێتەوە: کە ئەبوعوبەیدەی جەڕاح ئاشتەوایی لەگەڵ سامیرییەکانی ئوردون و فەلەستیندا کرد، ئیتر بوون بە هەواڵگر و ڕێنیشاندەری موسڵمانان لەسەر باجی خەڵکەکەیان و زەوییەکانیان پێ دان.(٣)

هەر بەلازەری دەگێڕێتەوە ئەبو عوبەیدە کاتێك ئەنتاکیەی فەتح کرد و حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فەهری لەسەر دانا، دوای ئەوە ڕووی کردە (جەرجومە) بۆ غەزاکردنیان، بەڵام ئەوان جەنگیان لەگەڵ نەکردن و داوای دڵنیابوون و ئاشتەواییان کرد، ئاشتەواییان لەگەڵ کردن کە ببنە پشتیوانی موسڵمانان و هەواڵگر و چەکدار بن لە شاخی (لەکام)، سەرانەیان لێ نەسێنن و ئەو کەلوپەلەی لەو جەنگەی بەشدار دەبن لەگەڵ موسڵمانان دژی دوژمنانیان و دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان بێت.(٤)

---

١ البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص٢٣٢. ابن حزم، جوامع السيرة النبوية، ٧٣. خريتاً: ماهراً.

٢ ابن هشام، السيرة النبوية، السهيلي، الروض الأنف، ج٢، ص٢٤١.

٣ البلاذري، فتوح البلدان، ص١٦٢.

٤ البلاذري، فتوح البلدان، ص١٦٤.

**ڕای پەسەند:**

لە کۆتایی ئەم باسە و دوای لێکۆڵینەوەی بەڵگەی هەردوو گرووپەکە دەگەین بەم دەرئەنجامانە:

أ- دەکرێت ئەو ئایەتانەی کە گرووپی یەکەم هێناویانەتەوە وەك بەڵگە، بکەین بە ترساندن و هەڕەشە لە موسڵمانان کە نابێت دۆستایەتیی ئەو بێباوەڕ و بتپەرست و دوژمنانەی دەوڵەتی ئیسلام بکەن کە کینەلەدڵن بەرامبەر ئیسلام و موسڵمانان.

هەندێك لەو ئایەتانەش بۆ ئەوە دابەزین پەیوەندیی بەشێکی پشتیوانان لەگەڵ جووەکان ببڕێت کە پێش هاتنی ئیسلام بەستبوویان، ئەم ئایەتانە هاتن جەخت بکەنەوە لەوەی شوێنکەوتنی سەرکردایەتیی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) و هاوەڵان ئەوە باوەڕهێنانی تەواوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا کۆمەڵێك ئایەت دابەزین داوای چاکەکاری و هەڵسوکەوتکردنی باش دەکەن لەگەڵ ئەوانەی دژایەتیی موسڵمانان ناکەن و ئەزیەتیان نادەن و دەریان ناکەن.

ب ـ سەبارەت بەوەی لە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەگێڕنەوە کە ڕێگریی کردووە لە پشتبەستن بە بتپەرستان، فەرموودەش هاتووە جەخت دەکاتەوە کە پشتبەستن بە هەندێك ناموسڵمانەوە کراوە، دەکرێت ئەم فەرموودە پێچەوانانە وەها ڕێك بخەین: ئەگەر پشتبەستن بە کەسانێك بێت دڵنیا بین لە دڵسۆزی و هاوەڵێتییان لەم پشتبەستنەدا چاکەی ئیسلام و موسڵمانانی تێدا بوو، گرفتی تێدا نییە، خۆ ئەگەر پشتبەستنیان ببێتە مایەی زیانگەیاندن بە موسڵمانان و وڵاتیان ئەمەیان درووست نییە. ئەم مەزەنەکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن ڕا و دەسەڵاتداران بەپێی کات و شوێن و حاڵیش دەگۆڕێت.

ج ـ ئەو ناموسڵمانانەی کە ڕازین نیشتەجێی دەوڵەتی ئیسلامی بن، جیاوازن لەو ناموسڵمانانەی نیشتەجێی دەوڵەتی ئیسلامی نین، وەك موسڵمانان هاووڵاتی نین،

دەی ئەم دۆخە جیاوازە، دەبێت شوێنەوار و کاریگەری لە ڕاڤەکردنی ئەو دەق و بەڵگانەی پێشوودا هەبێت.

دـ پێشتر بڕیارمان دا کە ناموسڵمانان هاووڵاتیبوون لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بەدەست دەهێنن، ئەمەش دۆخێکی یاسایی دەهێنێتە پێشەوە کە دەبێت شوێنکەوتەی یاسایی هەبێت، گرنگترینی ئەو شوێنەوارانەش : یەکسانبوونە لە ماف و ئەرکدا، هەروەها مافە سیاسییەکان، سەرجەم ئەو دەقانەی پێشوو ڕێگر نین لەوەی ناموسڵمان مافە سیاسییەکانی هاووڵاتی بەدەستبهێنن، بەڵکو پشتیشی دەگرێت.

هـ ـ ئەنجومەنی شوورا لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ئەرکی بەرپرسیارێتیی بەشدارییپێکردن لە ئیدارەدانی دەوڵەت لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئەستۆ دەگرێت، ڕێگرییەکیش نییە لە بوارە جیاوازە دنیاییەکاندا پشت بە ناموسڵمانان ببەستێت.

لەوانەوە کە ڕابورد دەردەکەوێت: بەشداریکردنی هاووڵاتیی ناموسڵمان لە وڵاتی ئیسلامیدا کە ببێت بە ئەندامی ئەنجومنی ڕاوێژ یان ئەنجومەنەکانی یاسادانان لە پێناو ڕاوێژکاری لە کاروباری گشتییدا و بۆ بەدیهاتنی بەرژەوەندیی گشتی لە بوارەکانی سیاسی و ئیداری و ئابووری و جگە لەوانەش، کارێکی ڕێگەپێدراوە، نە دەقە شەرعییەکان و نە مەبەستە گشتییەکانیش نابنە ڕێگر.

# باسی شەشەم: چۆنێتیی خۆپاڵاوتن

ئەوە بڕاوەتەوە لە یاساکانی بەربژێری لـە زۆربـەی وڵاتـانی دنیـادا، ئەوەیـە کـە خۆبەربژێرکردن مافێکی سیاسیی پـارێزراوە بـەپێی دەسـتوور بـە هـەموو تـاکێکی هاووڵاتی، ئەمەش پێویست بەوە دەکات ئەو کەسە لای دەسـەڵاتە تایبەتمەنـدەکان خۆی بەربژێر بکات، ئەگەر مەرجە یاساییەکانی تێدا بوو.

پێشـتر وتمـان بنـەمای بەربـژێری لـە سیسـتەمی ئیسـلامدا جـێگیرە، ئەزموونـە مێژووییەکانیش مامەڵەی لەگەڵ ئـەم بنەمایـەدا کـردووە، بەتایبـەت لـە سـەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکاندا، بەڵام باسمان لە چۆنیەتیی بەربژێری نەکرد، ئایا شەریعەتی ئیسـلام ڕێگـە دەدات کـە هـاووڵاتی بـڕوات خـۆی بـۆ جێنشـینی یـان ئەنـدامێتیی ئەنجومەنەکانی ڕاوێژ بەربژێر بکات؟

بە سەرنجدانی شێوەی بەربژێری لە سـەردەمە ئیسـلامییەکاندا وا دەردەکـەوێت کە بەربژێری بـە ڕێگـای خۆبەربـژێرکردن نـەبووە، بـەڵکو لـە ڕێگـەی بەربـژێرکردن لەلایەن کەسێکی دیکەوە بووە، وەك ئەوەی پشتیوانان سەعدی کـوڕی عوبادەیـان بەربژێر کرد و عومەر و ئەبو عوبەیدە ئەبوبەکریان بەربژێر کرد.

ئێمەش دەزانین کە هەستی ئیسـلامی جیـاواز لـە سیسـتەم و ڕێچـکەکانی دیکـە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم بابەتـەدا دەکـات، وەهـاش دیـارە خۆبەربـژێرکردن و حوکمـە شەرعییەکەی لەلایەن زانا و بیریارانەوە لە کۆن و تـازەدا، بایـەخێکی زۆریشـی پـێ دراوە کە دەکرێت جیاوازییەکانیان بۆ دوو ڕای ئاشکرا پوخت بکەین.(1)

---

[1] عبدالحميـد الانصـاري، الشـورى وأثرهـا في الديموقراطيـة، ص٣٢١. زكريـا الخطيـب، نظـام الشـورى في الإسلام، ص٣٨١. محمود المردواي، الخلافة بين النظرية والتطبيق، ص٢٠١. قحطان الدوري، الشورى بـين

**ڕای یەکەم:** کە ڕێگریکارانن، ئەوانەی خۆکاندیدکردن بۆ پۆستە جیاوازەکان بە درووست نازانن، چونکە ئەمە پێچەوانەی ڕێبازی ئیسلامە و خۆبەپاکدانانە، هەروەها لە بابەتی خۆپێشخستن و پەرۆشبوونە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی.

**ڕای دووهەم:** لایەنگرەکانن، ئەوانەی خراپەیەك لە مەسەلەی خۆبەربژێرکردندا نابینن، ئەگەر بۆ بەرژەوەندیی گشتی بوو کەسەکەش خۆی بە شایستەی ئەو پۆستە زانی.

**بەڵگەکانی گرووپی یەکەم:**

گرووپی یەکەم کۆمەڵێك بەڵگە لە قورئان و سوننەت و قسەی هاوەڵانیان کردووەتە بەڵگە:

**أ- قورئان:**

خودای گەوره دەفەرموێت: ﴿فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَىٰ﴾[1]. واتە: "خۆتان بە چاك و پاك دامەنێن، خودا زاناترە بەو کەسەی پارێزکارە". جا خۆبەربژێرکردن بۆ وەرگرتنی پۆستێکی باڵا لە ناوەڕۆکدا خۆبەپاك و شایستە زانینە، شایەتیدانیشە بۆ خۆی کە دەستپاك و شایستەیە، ئەمەش بە دەقی ئایەتەکە ڕێگری لە خۆبەپاکژزان دەکات قەدەغەیە.

**ب ـ سوننەت:**

ئەوەی لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمرە دەڵێت: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) پێی وتم: ئەی عەبدوڕەحمان داوای

---

النظرية والتطبيق، ص٢٣٨. منير البياتي، الدولة القانونية والنظام السياسي الإسلامي، ص٤٧٢. عبدالقادر عودة، الإسلام وأوضاعنا السياسية، ص٢٣٧.

[1] النجم: ٢٢.

کاربەدەستی مەکە، چونکە ئەگەر بە داواکردن بتدرێتێ دەدرێتە دەست خۆت، بەڵام ئەگەر بەبێ داواکاری بتدرێتێ ئەوە پشتیوانی دەکرێیت.(١)

فەرموودەکە بەڕوونی ڕێگری لە هەوڵدان و داواکردنی بەرپرسیارێتی دەکات، خۆبەربژێریکردنیش هەوڵدان و داواکردنیەتی.

ئەوەی ئەبو موسای ئەشعەری لە فەرموودەیەکی درووستدا دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: "من و دوو ئامۆزام چووینە لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) یەکێکیان وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لەو کارەی خودا پێی داویت بمانکە بە کاربەدەست، ئەوی دیکەشیان هەمان قسەی کردەوە، ئەویش فەرمووی: سوێند بە خودا ئێمە ئەم ئیشە نادەین بەوانەی داوای دەکەن و ناشیدەین بەوانەی بۆی پەرۆشن".(٢)

ئەم فەرموودەیەش بنەمایەکی ئیسلامی پێك دەهێنێت لە بێبەشکردنی ئەوانە داوای بەرپرسیارێتی دەکەن، ئەوانەش کە پۆشینی حەزەکەیان جێبەجێ ناکرێت، بۆیە وتراوە: داواکاری دەسەڵاتدارێتی ناکرێت بە کاربەدەست.(٣)

## گفتوگۆی بەڵگەی ڕێگریکاران:

گرووپی دووەم بەڵگەهێنانەوەکانی گرووپی یەکەم ناسەلمێنن، دەڵێن بەڵگەهێنانەوەکان ڕووی دیکەیان هەیە و پشت بە زانینی بۆنە و هۆکاری دابەزینی بەڵگەکان دەبەستن.

---

١ البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٠، ص٢٤٢ (كتاب الأحكام)، مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص٢٠٦ (النهي عن طلب الإمارة).

٢ البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٠، ص٢٤٢ (كتاب الأحكام)، مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص٢٠٦ (النهي عن طلب الإمارة).

٣ عبدالقادر عودة، الإسلام واوضاعنا السياسية، ص٢٣٧. محمد أسد، منهاج الإسلام في الحكم، ص٩١–٩٢، محمود المرداوي، الخلافة بين التنظير والتطبيق. ص١٦٧.

یەکـەم: سـەبارەت بـە ئایەتەکـە ﴿فَلَا تُزَكُوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى﴾، ئەمـە تایبەتە بە خۆپاکژکردن لە ڕووی لەخواترسی و نزیکی لە خودا، کـە ئەمـەش تـەنها خودا دەیزانێت، چونکە لەخواترسـان پەیوەنـدیی نێـوان بەنـدە و خودایـە و خـەڵك نایزانێـت، هـەروەها لەخواترسـانی ڕاسـتەقینە بـواری جـاڕدان و حۆپێدەرخسـتن و شانازیکردن نادات.

لە کاتی گەڕانەوەش بۆ لای ڕاڤەکارانی قورئـان دەردەکـەوێت ئـەوانیش جـەخت لەم مانایە دەکەنـەوە، ڕازی لـە تەفسـیری (الکـبیر)دا دەڵێـت: "بـاوەڕداران خـودا زانـاترە پێیـان، لـە سـەرەتای درووسـتبوون تـا کۆتـا ڕۆژیـانی زانیـوە، کەواتـە بـە ڕیابازی و خۆهەڵکێشان خۆتان پاکژ مەنوێنن، بەوی تر مەڵێن من لە تۆ باشترم، من لـە تـۆ پـاکترم و لەخواترسـترم، چـونکە کارەکـە لای خودایـە". ڕوویـەکی تـری ئایەتەکە: ئاماژەدانە بۆ ترس لە دواڕۆژ، واتە دڵنیا مەبن لە قوتاربوونتـان، چـونکە خودا دەزانێت کێ لە دواڕۆژدا لەسەر خواناسییە".[1]

بـەڵام قورتـوبی سـێ مەسـەلە لـە تەفسـیری ئایـەتی ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنْفُسَهُمْ﴾[2] واتـە: "ئایـا سـەیری ئەوانـەت نـەکردووە کـە خۆیـان بـە پـاك و چـاك دەزانن". باس دەکات.

یەکەم: ڕاڤەکاران جیاوازییان نییە، کە مەبەست پێـی جوولەکەیـە کـە دەیـاوت: (نحن ابناء الله وأحباؤه) یان دەیانوت: (لن يدخل الجنة إلا من كان هوداً أو نصارا)، یـان دەیانوت: ئێمە گوناهمان نییە، ئەوەی بە ڕۆژ دەیکەین بە شـەو خـودا لێـی خـۆش دەبێت، ئەوەیشی شەو دەیکەین خودا بە ڕۆژ لێی خۆش دەبێت.

---

[1] الإمام الفخر الرازي، التفسير الكبير، ج٢٩، ص١٠.

[2] النساء: ٤٩.

دووهەم: (فلا تزكوا انفسكم) پێویست دەكات كەسەكە بە زمانی خوداوە پاكژیی خۆی دەربڕێت، كەواتە پاكـژبوون بـە شـایەتی خـۆت نییـە، بـەڵكو بـە پاكـژكردنی خودایە.

سێهەم: ڕێگریكردنە لەوەی كەسێك پاكانە بۆ كەسێك بكات، بـەوەی كـە تیایـدا نییە، چونكە بەوە خۆ بە گرنگ و گەورەزانینی تێدا درووسـت دەبێـت، وا دەزانێـت هەر بەڕاستی ئەو وەهایە، ئەمەش بۆ ئەوەی دەبات ئـیش و چـاكەی زیـاد نـەكات، بۆیە تیرمزی لە ئەبوهورەیەرەوە دەگێڕێتـەوە كـە وتوویـەتی: "پـێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) فـەرمانی پـیێ كـردین كـە خـۆڵ بكـەین بـە دەموچـاوی پیاهەڵدەراندا"[1].

دەبینین ڕاڤەكارانی قورئان كۆدەنگن لەسەر تەفسیرەكە نابێت كـەس خـۆی بـە نزیك لە خودا بناسێنێت و پاكانە بۆ خۆی بكات و دڵنیایی بدات لە عاقیبەت خێـری خۆی، وەك جوولەكەكان كە خۆیـان بـە خۆشەویسـتی خـودا دادەنـا و خۆیـان بـەو منداڵانە دەچواند كە بێگوناهن و هەرچیەكیش بكەن چارەنووسیان هەر بەهەشتە.

**دووهەم: سەبارەت بە فەرموودەكان:**

نەوەوی دەڵێت: زانایان دەڵێن: حیكمەت لەوەی هەركەس داوای كاربەدەسـتیی كـرد پێـی نادرێـت و دەخرێتـە سـەر خـۆی و پشـتیوانی لەگـەڵ نابێـت وەك لـە فەرموودەكەدا هاتووە، ئەوەیشی پشتیوانی نەكرێت شایسـتە نییـە و ناشایسـتەش ناكرێت بە كاربەدەست، چونكە تۆمەتباركردن و گومانبردنی بۆ ئـەو كەسـە تێدایـە كە داوای دەكات و پەرۆشیەتی.[2]

[1] الترمذي، الصحيح، ج٩، ص٢٤٠ (أبواب الزهد).

[2] النووي، شرح هلى صحيح مسلم، ج١٢، ص٧٢٠٧ — ٢٠٨.

ئەم ڕێگریکردنە مەبەستی پێی شانەخڕەنەکردن و پاڵپاڵێنە لەسەر دەسەڵات بۆ دەستخستنی پێگە و خۆنواندن و تەماحی دنیایی، بەدڵنیاییەوە داواکردن و پەرۆشبوون بۆ دەسەڵات جێگەی گومانی خەڵکە.(1)

هەر کەسێکیش هەستی توانا و شیاوێتیی لە خۆی کرد بۆ دەسەڵاتگرتنەدەست و مەبەستی تەنها بەرژەوەندیی گشتی بوو، ئەو ڕێگرییانەی لە فەرموودەکاندا هاتوون نایانگرێتەوە.

دەگونجێت وەڵامی ئەم بۆچوونە بەوە بدرێتەوە کە فەرموودەکان ڕوونن لە ڕێگریکردنی داوای کاربەدەستیدا، پێغەمبەری خوداش (دروودی خودای لەسەر) مکوڕ بووە لەسەر پێنەدانی بەو کەسانەی داوای دەکەن، هەر لەو فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) پرسیاری ئەوانەی لە ئەبو موسای ئەشعەری کرد، ئەویش سوێندی خوارد کە نەیزانیوە ئەمە لە مێشکی هاوڕێکانیدایە و لەبەر ئەوە لەگەڵیان نەهاتووە وەك بڵێی پاکانەی خۆی کردووە لەوەی داوای کاربەدەستی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبو موسا کەسێکی بەتوانا و شایستە بووە بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەمی کرد بە کاربەدەستی یەمەن نەك دوو هاوڕێکەی.

لە گێڕانەوەیەکی درووستدا هاتووە ئەبو موسا دەڵێت: چوومە لای پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دوو پیاوی ئەشعەری لە ڕاست و چەپیەوە دانیشتبوون، هەردووکیان داوای ئیشیان لە پێغەمبەر کرد (دروودی خودای لەسەر) ئەویش سیواکی دەکرد، فەرمووی: ئەبو موسا تۆ چی دەڵێیت؟ دەڵێت: وتم: سوێند بەو زاتەی تۆی بە هەق ناردووە قسەی دڵی خۆیانیان نەکردبوو بۆم، هەستیشم نەکرد داوای ئیش دەکەن، دەڵێت وەك بڵێی سەیری سیواکەکە دەکەم بە

---

[1] عبدالحميد الأنصاري، انظر النوويوأثرها في الديمقراطية، ص٤٣٩. زكريا الخطيب، نظام الشورى في الإسلام، ص٣٨١. منير البياتي، الدولة القانونية والنظام السياسي الإسلامي، ص٤٧٢.

لێوەکانیەوە کورت دیار بوو، فەرمووی: ئێمە کەسێك ناکەین بە کاربەدەست کە خۆی داوای بکات، بەڵام ئەبو موسا تۆ بڕۆ، جا ناردی بۆ کاربەدەستی یەمەن و پاشان مەعازی کوڕی جەبەلی نارد.[1]

وا دیارە بەڵگەبوونی فەرموودەکە لەسەر ڕێگری لە پێدانی دەسەلات بۆ کەسێك داوای بکات و هەوڵی بۆ بدات تەئویل هەڵناگرێت، بەڵام ئەو فەرموودەیەی لە ئەبوزەڕەوە دەگێڕنەوە و ماناکەی ڕوونە و بەڵگەیە کە لەبەر نەشیاوی و لاوازیی دەسەلات نادات بە ئەبوزەڕ، کەسی لاواز ناتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت. لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا کە سەحیحە، هاتووە: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: "ئەبو زەڕ وا دەتبینم تۆ لاوازیت، من ئەوەی بۆ خۆم پێم خۆشە بۆ تۆش پێم خۆشە، مەبە بە ئەمیری دوو کەس و سەروەتی هەتیوو لای خۆت ڕامەگرە".[2]

نەوەوی دەڵێت: ئەم فەرموودە بنەمایەکی مەزنە بۆ خۆلادان لە دەسەلاتوەرگرتن، بەتایبەت بۆ کەسێك لاوازیی تێدا بێت لە بەجێهێنانی ئەرکی دەسەلاتداریدا.

### گرووپی دووهەم: لایەنگران:

لایەنگران گفتوگۆی بەڵگەکانی قەدەغەکاران دەکەن و هەوڵی پووچەڵکردنەوەیان دەدەن، پاشان کۆمەڵێك دەق لە قورئان و سوننەت و کرداری هاوەڵان دەکەن بە بەڵگەی ڕێگەپێدان:

---

[1] مسلم، الصحیح بشرح النووي، ج١٢، ص٢٠٨.

[2] مسلم، الصحیح بشرح النووي، ج١٢، ص٢١٠.

**أ ـ لە قورئان:**

**ئەم ئایەتەی لەسەر زمانی یوسف دەکەنە بەڵگە: ﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾[1] واتە: "لەسەر خەزنە و دارایی زەوی (میسر) دامنێ بەڕاستی من پارێزەرێکی شارەزام". ئایەتەکە ڕوونی دەکاتەوە کە یوسف پێغەمبەر داوای دەسەڵاتدارێتی لە عەزیزی میسر کردووە، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو یوسف جەخت دەکاتەوە کە توانای دەسەڵاتداری هەیە، چونکە دەستپاك و شارەزایە، کە ئەم دوو سیفەتە هۆی شایستەیی هەڵگرتنی ئەرکە.**

**هەروەها ئەم ئایەتەش دەکەن بە بەڵگە کە لەسەر زمانی سولەیمان دەفەرموێت: ﴿قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَا يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِنْ بَعْدِي﴾[2]. واتە: "وتی ئەی پەروەرگارم لێم خۆش بە و دەسەڵات و پاشایەتییەکم پێ ببەخشە کە دوای من دەس نەدا بۆ کەسی تر".**

**سولەیمان پێغەمبەر (سەلامی خودای لەسەر) داوا لە خودا دەکات بیکات بە پاشا، موڵکێکی هێندە مەزنیشی پێ ببەخشێت کە هەرگیز لە دوای ئەو بە کەسی دیکەی نەبەخشیبێت، نزاکەشی وەرگیرا و پێغەمبەرایەتی و پاشایەتیی هەردووکی پێ درا.**

**ب ـ لە سوننەت:**

**ـ لایەنگران فەرموودەیەکیش دەکەن بە بەڵگە لە فەرموودەی صەحیح، سەهلی کوڕی سەعد دەڵێت پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) ڕۆژی خەیبەر فەرمووی: ئەم ئاڵایە ئەدەم بە پیاوێك خودا فەتحی خەیبەر لەسەر دەستی ئەودا بکات، خودا و پێغەمبەری خۆش دەوێت و خودا و پێغەمبەریش ئەویان خۆش دەوێت، دەڵێن: خەڵك کە شەو داهات دەیانوت دەدرێت بە کامیان؟ کە ڕۆژ بووەوە**

---

[1] یوسف: ٥٥.

[2] ص : ٣٥

ڕۆشتن بۆ لای پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر)، هەمووشیان ئاواتەخواز بوون بیاندرێتێ، فەرمووی: کوا عەلیی کوڕی ئەبو تالیب؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا هاواری چاوی دەکات، ناردیان بەدوایدا و هات، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) تفی کردە چاوی و بۆی پاڕایەوە، ئیتر بە شێوەیەك چاك بووەوە وەك بڵێی هەر نەئێشابێت، جا ئاڵاکەی دایە دەستی، عەلی وتی: ئەی پێغەمبەری خودا لەگەڵیان دەجەنگم هەتا وەکو ئێمەیان لێ دێت؟ فەرمووی: لەسەرخۆ بڕۆ تا پێیان دەگەیت، پاشان بانگیان بکە بۆ سەر ئیسلام، پێیان ڕاگەیەنە کە خودا چ مافێکی خستوەتە سەریان، سوێند بە خودا ئەگەر خودا یەك کەس بەهۆی تۆوە هیدایەت بدات لە کۆمەڵێك حوشتری ڕەسەن بۆ تۆ باشترە.[1]

ئەم فەرموودەیەی لە سەهلەوە دەگێڕنەوە بەئاشکرا دەڵێن شەو موسڵمانان خەوتن و هەموویان بە ئاواتەوە بوون کە بکرێن بە ئەمیر، کە لە فەرموودەی بورەیدەیشدا هاتووە: "هەر پیاوێك لە ئێمە لای پێغەمبەری خودا (درووودی خودای لەسەر) پێگەیەکی هەبوو، ئومێدەوار بوو ئەو کەسە بێت ئاڵاکەی پێ دەدرێت، هەتا منیش خۆم بۆ ڕاکێشا، تا عەلیی بانگ کرد..."[2]. ئەبو هورەیرەش لە سەحیحی موسلیمدا دەڵێت: "هەرگیز حەزم لە دەسەڵات نەکردووە جگە لەو ڕۆژە"[3].

عومەری کوڕی خەتابیش دەری دەبڕێت لەو ڕووداوەدا حەزی لە دەسەڵاتوەرگرتن بوو، خۆیشی بۆ دەرخست بەو ئومێدەی پێغەمبەری خودا هەڵی بژێرێت، جا ئەگەر ئەم کارە خراپ بووایە عومەر و هاوەڵانی دیکە بۆی پەرۆش نەبوون.

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص٤٧٦. للحديث عدة روايات، ونقلته كل كتب الحديث.

[2] فتح الباري، ج٧، ص٤٧٧.

[3] نقله ابن حجر في فتح الباري، ج٧، ص٤٧٧.

**د ـ كۆدەنگی:**

ئەوەش دەكەن بە بەڵگە كە لە هاوەڵانەوە سەبارەت بە جێنشینی دەگێڕنەوە، چونكە هەندێكیان بەئاشكرا، یان ئاماژە، داوای جێنشینییان دەكرد، تەبەری دەگێڕێتەوە كە عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف داوای لە عەلی و عوسمان كرد كە كامیان بۆ هاوەڵەكەیان سازش دەكات؟ هەردووكیان بێدەنگ بوون، چونكە هەردووكیان ڕەغبەتیان لە جێنشینایەتی هەبوو.(1)

بەناوبانگترین لایەنگری ئەم بۆچوونە پێشەوا ماوەردییە كە دەڵێت: ئەوەی ڕای زۆرینەی زانایانی لەسەرە، ململانێ نابێتە تۆمەتباركردنێكی ڕێگرپیكار لە داواكردنی پێشەوایەتی، هەرچەندە ناپەسەندە (مەكروه)، چونكە ئەوانەی ئەهلی شوورا بوون ململانێیان كرد، كەچی نە داواكەیان ڕەت كرایەوە و نە ئەوەش ڕەغبەتی لێی هەبوو ڕێگریی لێ كرا.(2)

**گفتوگۆی بەڵگەكانی لایەنگران**

ئاڕاستەی بەڵگەكانیان بەرەو لای ئەو ئایەتە دەچێت كە یوسف پێغەمبەر داوای كاربەدەستی كردووە، داوای كرد هەڵبژێررێت، هەڵیش بژێردرا بۆ كاربەدەستی، بۆ مەبەستێك كە دەیویست، ئەویش قوتاركردنی میسر و دەوروبەری بوو لە برسیەتییەكی چاوەڕوانكراو كە خودای دانا و زانا ئاگاداری كردبووەوە، لە ڕاستیدا ئەو بە دۆخێكی جیاوازدا تێدەپەڕی لە كۆمەڵگەیەكدا بوو كە شەرعی خودا فەرمانڕەوا نەبوو تیایدا، بۆیە خۆهەڵبژاردنەكە ناخرێتە ژێر پێوەرە شەرعییەكانەوە، جگە لەوەش یوسف پێغەمبەر بووە، پارێزگاری و سەرپەرشتیی خودایی لەگەڵ بووە و گەشتبووە قۆناغی كەماڵی مرۆیی و ئەم ڕاستییەی لا ئاشكرا بوو.

---

1 الطبري، تأريخ الأمم والملوك، ج٥، ص٣٣ وما بعدها.

2 الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٧.

ئەوەی سولەیمانیش کە دەکەن بە بەڵگە، ڕاستییەکەی ئەوە داواکەی ئەوە بوو لە خودا پاڕایەوە، پەروەردگاریش پێی بەخشی، کەواتە داخوازییەکەی ئەو لە خودا بوو، نەك لە خەڵك، هەروەها ئەو پێبەخشینەش بەڵگەیەك بوو لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی و موعجیزەیەکی خودایی بوو.

وەڵامی ئەم ڕەخنانە بەوە دەدرێتەوە، کە مەبەست لەوەی کراونەتە بەڵگە، ڕێگەدانە بە داواکردنی کاربەدەستی و هەوڵدانە بۆی، تەنانەت بۆ پێغەمبەرایەتییش، ئەوەش سولەیمان دەری بڕی هەستی حەزکردنە بە دەسەڵات و موڵکداری.

**ڕای هەڵبژێردراو:**

پاش خستنەڕووی بۆچوونی هەردوو گرووپ و بەڵگەکانیان، ئەم خاڵانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

یەکەم: جەختکردنەوە لە ڕێگریکردنی داخوازیی کاربەدەستی بە دەقی ئەو فەرموودانەی لە بوخاری و موسلیم و کتێبەکانی سوننەتدا هاتوون و هاوەڵانیش لەسەری ڕۆیشتوون، ئەمەش لەگەڵ ئەدەبی ئیسلامی و هەستی باوەڕداریی گشتییدا پێك دێتەوە، هەروەها لەگەڵ زەمکردنی پەرۆشبوونی بۆ بەرپرسیارێتیوەرگرتن و حەزکردن لە دەسەڵات، لەخواترسیش دەخوازێت مرۆڤ پاکانە بۆ دەروونی خۆی نەکات.

دووهەم: کۆمەڵێك دەقی سەحیحیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەندێك لە پێغەمبەران داوای دەسەڵاتدارییان کردووە، هەندێك لە هاوەڵانیش بۆ بەرپرسیارێتیان ڕوانیوە و هەوڵیشی بۆ داوە و لە ناخەوە حەزی لێ کردووە، نکۆڵی لەوەش نەکراوە و تانەی لێ نەدراوە.

**کەواتە هەڵوێستی بژاردە چییە؟**

دەتوانین بگەینە ئەنجامی پێکەوەگونجاندنی دەقەکان و نەهێشتنی پێچەوانەبوونیان، ئەویش بە وەستانە لەسەر ئامانج و مەبەستی حوکمەکە، چونکە دەزانین بەدڵنیاییەوە حوکمی شەرعی ئامانجدارە و بێگەردە لە بێهودەیی.

کەواتە داواکاریی کاربەدەستێتی درووستە، کاتێك مەبەستی بەرکار لەگەڵ مەبەستی شەرعدانەر یەك بوو، واتە مەبەستی کەسەکە ڕازیکردنی خودا و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی ئاین و موسڵمانانی بێت، مەبەستی بەرژەوەندیی خۆی نەبێت هەر لە سەرەتاوە، هەوڵی دەستخستن بۆ دەرخستن و خۆسەپاندن نەبێت بەسەر خەڵکدا و مەبەستیشی زیانگەیاندن نەبێت بە کەسێك یان گرووپێك داواکردنیشی نادرووستە ئەگەر هاودژ بوو لەگەڵ ئامانجی شەرعدانەردا، واتە: تەنها مەبەستی باڵادەستبوون و گەندەڵی و خۆتێرکردن و حەزی خۆدەرخستن و عیشقی دەسەڵاتداریی بێت. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خۆبەربژێرکردنی تاك بۆ هەر پێگەیەکی دەوڵەتی ئیسلامی بەپێی نیازی کەسەکە حوکمەکەی دەگۆڕێت و چەند حوکمێك وەردەگرێت، دەگونجێت واجب یان پەسەند یان ناپەسەند یان حەرام یاخود ڕێگەپێدراو بێت، لە هەندێك ڕووەوە دەگونجێت قیاسی ئەم مەسەلەیە بە قیاسی داخوازیی قازێتی بکەین،[1] کە زانایان لە حوکمەکەی کۆڵیویانەتەوە و دەکرێت بەم شێوەیە کورتی بکەینەوە:

**یەکەم: لەم حاڵەتانەدا داخوازییەکە واجبە**

١ـ کاتێك قازێتی تایبەت دەبێت بۆی: واتە لەو دۆخەدا کەسی تر بۆی ناشێت و تەنها ئەو مەرجەکانی بەقازیبوونی تێدایە.[2]

---

[1] هذا ما ذهب إليه قحطان الدوري في كتابه: الشورى بين النظرية والتطبيق، انظر ص٢٣٨ وما بعدها.

[2] انظر حاشية رد المختار على الدر المختار، ج٥، ص٣٦٦. مجمع الانهرن ج٢، ص١٥٥. منح الجليـل، ج٤، ص١٤٣. المهذب، ج٢، ص٢٩٠. مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٣. ابن جزي، القوانين الفقهية، ص١٩٤.

٢ـ وەختێك بترسێت ئەگەر وەری نەگرێت پشێوی لەناو خەڵكدا پەرە بسەنێت و بشترسێت بە وەرنەگرتنی ستەم لە موسڵمانان بكرێت و مافەكانیان بفەوتێت.[١]

٣ـ كاتێك دڵنیا دەبێت ئەو كەسەی وەری دەگرێت شایستەی ئەو جێگەیە نییە و ئەگەر وەری گرت خراپە ڕوو دەدات.[٢]

دووەم: داخوازییەكە پەسەندە لەم حاڵەتانەدا:

١ـ ئەگەر مەبەستی فەرمان بە چاكە و ڕێگریكردن بێت لە خراپە و ماف و پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵك بێت.[٣]

٢ـ ئەگەر خۆی بە شایستە و گونجاو زانی و وا تێگەیشت لە كەسەكەی تر بەسوودترە بۆ موسڵمانان.[٤] جیاوازیی نێوان حاڵەتی دووەم و یەكەم لە حاڵەتی دووەمدا دڵنیایە خراپە و ستەم ڕوو دەدات، بەڵام وا گومان دەبات كە خۆی باشتر و بەسوودترە، بەڵام لە حاڵەتی یەكەمدا ستەم و ئاژاوەكە بەهۆی دەسەڵاتوەرنەگرتنەوە ئاشكرا بووە، ئەمەیان بەدڵنیایی و یان گومان زاڵی.

٣ـ داخوازی قەزاوەت پەسەندە لەپێناو بڵاوكردنەوەی زانست و سوودپێگەیاندنی.[٥]

سێهەم: داخوازییەكە لەم حاڵەتانەدا ناپەسەندە:

١ـ مەبەست پێی خۆهەڵكێشان و شانازیكردن و خۆدەرخستن بێت، ئەگەر بەتوانا و شایستەش بێت.[٦]

---

[١] انظر مواهب الجليل للحطاب، ج٦، ص١٠١. حاشية رد المختار، ص٣٦٦. منح الجليل، ج٤، ص١٤٣.

[٢] حاشية رد المختار، ج٥، ص٢٦٦. الحطاب، مواهب الجليل، ج٦، ص١٠١، ١٠٢.

[٣] المهذب، ج٢، ص٢٩١. مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٤.

[٤] الماوردي، الاحكام السلطانية، ٧٤. مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٤. مواهب الجليل، ج٦، ص١٠٢.

[٥] المهذب، ج٢، ص٢٩١. حاشية رد المختار، ج٥، ص٣٦٧. مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٤٣. مجمع الانهر، ج٢، ص١٥٥. مواهب الجليل، ج٦، ص١٠٢. منح الجليل، ج٤، ص١٤٣.

[٦] الماوردي، الاحكام السلطانية، ٧٤، وبعضهم يقول يقتضي الحرمة هنا، انظر مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٤.

٢ـ کەسێك گومان بە خۆی ببات کە ناتوانێت ئەو ڕاسپاردەیە هەڵگرێت و بەرپرسیارێتییەکە بەتەواوی جێبەجێ بکات.[١]

٣ـ کەسێك زانی ئەگەر ئەو لەو پێگەدا دانەنرا، کەسی دیکەی شیاو هەن بۆی.[٢]

**چوارەم: داخوازییەکە لەم حاڵەتانەدا حەرامە:**

١ـ ئەگەر مەبەست پێی زیانگەیاندن بەوانی دیکە و تۆڵەسەندنەوە بێت لە ناحەز یان ئاژاوەنانەوە بێت لەگەڵ حاکمەکەی تر یان بۆ دەستخستنی قازانجی شەخسی بێت، بەهۆی ئەم پلەوپایەوە.[٣]

٢ـ داخوازییەکە حەرامە بۆ کەسێك دڵنیا بێت لە بێتوانایی وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی خۆی و نەتوانینی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و گومانی زاڵ بوو کە ستەم ڕوو دەدات.[٤]

٣ـ داواکردنیشی حەرامە بۆ کەسێك مەرجە ڕەچاوکراوەکانی تێدا نەبێت، کە زانایان بۆ وەرگرتنی ئەم پێگەیان داناوە.[٥]

**پێنجەم: لەم حاڵەتانەشدا داخوازییەکە ڕێگەپێدراوە:**

١ـ کەسێك مەبەستی ژیان و گوزەراندنی پێ پەیدا بکات و پێویستیشی بێت، پاش ئەوەی مەرجەکانی قازێتیی تێدا بێت.[٦]

---

[١] الدر المختار مع الحاشية رد المختار، ج٥، ص٣٦٧. وبعضهم يقول ينبغي التحريم هنا. مواهب الجليل.

[٢] ابن جزي، القوانين الفقهية، ص١٩٤. ئیبن جەوزی دەڵێت: کەس بۆی نییە داوای قازێتی بکات، ئەگەر داواشی لێکرا باشتر وایە نەیکات، چونکە قازێتی بەڵایەکە قوتاربوون لێی سەختە. المهذب، ج٢، ص٢٩١. حاشة رد المختار، ج٥، ص٣٦٧، وقيل يحرم. انظر مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٣.

[٣] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٧٤. مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٤، مواهب الجليل، ج٦، ص١٠٢.

[٤] حاشية رد المختار، ج٥، ص٣٦٧. مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٤، مواهب الجليل، ج٦، ص١٠٢.

[٥] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٧٤. حاشية رد المختار، ج٥، ص٣٦٧. مواهب الجليل، ج٦، ص١٠٢.

[٦] المهذب، ج٢، ص٢٩٠. مغني المحتاج، ج٤، ص٣٧٤، مواهب الجليل، ج٦، ص١٠٢.

٢ـ بۆ کەسێك مەبەستی زیانلادان بێت لە خۆی.[1]

زانایان لە مەسەلەی قازێتی و هەوڵدان بۆ دەستخستنی، لە بابەتی داخوازی دەسەلات و کاربەدەستیدا کۆڵیوەتەوە، بۆیە ئەم حوکمە بەسەر هەموو کاربەدەستییەکی دیکەدا دەچەسپێت لەو ڕووانەوە کە مەبەستی حومەکە تیایاندا بەدی دێت. لەوەی کە تێپەڕی دەتوانین لەبارەی خۆبەربژێریکردنەوە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا حوکم دەربکەین و بڵێین، دەگونجێت حەرام یان ناپەسەند یان پەسەند یان واجب، یاخود ڕێگەپێدراو بێت، بەپێی نیاز و مەبەستی کەسەکە، هەروەها بەپێی توانا و شایستەیی و حاڵ و بارودۆخیش. جا ئەگەر ناچار بین ئەم حوکمە داڕشتنەوەیەکی یاسایی بۆ بکەین و ڕێکی بخەینەوە بە شێوەیەك نەیبەستین بە هەڵسەنگاندنی کەسەکەوە بۆ خۆی، حوکمەکەش تەنها ئاینی نەبێت، واتە تەنها پاداشت و سزای قیامەتی نەیگرێتەوە، کەواتە شێوازی داڕشتنی یاساییی ئەم بابەتە چۆنە؟

یەکەم: سەبارەت بە نیاز و مەبەست، ئەمە تایبەتە بە خودی کەسەکەوە و جگە لە خودا کەس پەی پێ نابات، بەڵام دەکرێت لەسەر نیشانەکان بوەستین. نیشانەکانیش جیاوازن لە ڕووی بەهێزییەوە لەنێوان دڵنیابوون و گوماندا، دەشکرێت لە وردەکاری و بەڵگە و حوکمدا ئیش بە نیشانەکان بکرێت.

دووهەم: سەبارەت بە بارودۆخ و هەڵبژاردنی چاکترین و چاکتر ئەمە بابەتێکی ڕێژەییە و دەگەڕێتەوە بۆ دۆخ و قۆناغی هەر بابەتێك .

ڕوویەکی دیکەشی هەیە لە بابەتی بەربژێری بۆ پلەوپایەیەکی سیاسی دەبێت ئاگادار بین لە هەڵبژاردندا، جیاوازی هەیە لە نێوان پلە جێبەجێکارییەکان کە دادەنرێن و پلەی ئەندامێتی پەرلەمان کە بە هەڵبژاردن دەبێت.

---

[1] مواهب الجليل، ج٦، ص١٠٢.

بەربژێری بۆ ئەو پێگەی کە بە هەڵبژاردن بەدەست دێت، کەسەکە خۆی دەخاتە بەردەم جەماوەرەوە تا هەڵی بژێرن و خەڵك بڕیاری شایستەترین و نوێنەرایەتییان بۆ دەدات. پێگەی شوورا یان پەرلەمان پەتاکانی پێگەی ڕاپەڕاندنی تێدا نییە، چونکە ڕۆڵی تەنها یاسادارشتن چاودێریکردنە و ڕۆڵی زیانگەیاندن بەوانی دیکە و تۆڵەسەندنەوە لە ناحەزی تێدا نییە، ئەمەش دەخوازێت کە تێڕوانینێکی هاوچەرخیانەمان بۆ حوکمی شەرعی هەبێت، کە دەمانبات بۆ ئەوەی دەستداگرتن لە حەرامکردن و ناپەسەندبوون کەم بکەینەوە.

بەڵام بابەتەکە خاڵی نییە لە حەزکردن لە ناوداربوون و خۆهەڵکێشان و خۆدەرخستن، خاڵییش نییە لە سودمەندبوونی دنیایی بە شێوەیەك لە شێوەکان، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەنجامەکەی ناگاتە ئەنجامی وەرگرتنی پێگەی حاکمی و پێگەکانی دیکەی دەسەڵاتداریێتیی ڕاپەڕاندن.

بابەتێکی دیکە پەیوەستە بەم مەسەلەیەوە، بابەتی ڕیکلام و هەڵمەتی هەڵبژاردنی ماوەی پرۆسەی بەربژێربوونە.

ئێمە دەزانین ئەم سەردەمە سەردەمی بەهێزی و دەسەڵاتداریێتیی ڕاگەیاندنە، سەردەمی کاریگەریێتیی میدیایە لەسەر جەماوەر، دەشزانین لەم سەردەمەدا زۆر ئاڵۆزە تا لە توانا و شایستەیی پاڵێوراوان بگەین، لەبەر زۆریی خەڵك و دابەشبوونیان بەو وڵاتە فراوانەدا، بۆیە دەبێت تێڕوانینێکی سەردەمیانە بۆ ئەم مەسەلەیە هەبێت، بوار بڕەخسێت بۆ بەربژێرانی ئەنجومەکانی ڕاوێژ و ئەنجومەنەکانی یاسادانان کە بڕۆنە ناو جەماوەرەکەیانەوە و لەگەڵیان بئاخەفن و کۆ ببنەوە و موناقەشەی بۆچوون و بەرنامەکانیان بکەن، لەمەدا لە دوو لایەنەوە قازانجی دەبێت:

أـ تا خەڵکەکە بەگشتی بەربـژێران ببیـنن و لێیـان نزیـك ببنـەوە و کەسـایەتی و توانایـان بناسـن، لـە بەرنامـەیان بگـەن، تـا لـە کۆتاییـدا بـەراورد بکـەن لـەنێوان بەربژێران و هەڵبژاردنی گونجاوترینیان.

ب ـ دادگەری ئەوەیە دەرفەت بۆ هەموو پاڵێوراوان بڕەخسێت، تا بتوانن بەرنامە و بیرۆکەی خۆیان بخەنە ڕوو لەگەڵ جەماوەردا موناقەشەی بکەن.

ئەمەش لە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان دەخوازێت پرۆسەکە ڕێك بخەن، دەکرێت چەند خاڵێك لەم بارەوە بخرێتە ڕوو:

**یەکەم:** لە خۆبەربژێرکردندا ڕەچاوی هەستی ئیسلامی و ئاکاری ئیمانی بکرێت، بەوەی پاڵاوتنەکە بە تەزکیەی دوو شایەتی دادگەر بێت کە بە باشی و لەخواترسـی ناسراو بن.

**دووهـەم:** دەسـەڵاتی پەیوەندیـدار کـاتێکی گونجـاو بڕەخسـێنێت بـۆ هـەموو بەربژێرەکان لە ڕێگـەی کەناڵـە فەرمییـەکانی ڕاگەیاندنـەوە تـا بەرنامـە و بیرۆکـەی خۆیان دەربڕن.

**سێیەم:** پرۆسەی هەڵمەتی ڕیکلامی هەڵبـژاردن دیسـپلین بکرێـت و بخرێتـە ژێـر چـاودێرییەوە، بـە شـێوەیەك نەبێتـە زیانگەیانـدن بـەوانی دیکـە و ناوزڕانـدن و هەراوهوریایەك زیان بە تاکو کۆمەڵگە بگەیەنێت قەدەغە بکرێت.

**چوارەم:** پێویستە جەماوەر ڕۆشـنبیر بکرێـت و ئاسـتی هۆشـیاریی هەڵبـژاردنی گشتی بەرز بکرێتەوە، چونکە ئەمە گرەنتیی ڕاستەقینەی جێبەجێکردنی ئەم مافـە سیاسییە مەترسیدارەیە بە شێوەیەکی درووست.

# بەشی دووهەم
# مافی هەڵبژاردن

# باسی یەکەم: مانای هەڵبژاردن

## بەندی یەکەم: هەڵبژاردن لە زماندا

هەڵبژاردن واتە ئیختیارکردنی شتێك.[1]

(النخبة): ئەوانەی کە هەڵبژێردراون، هەڵبژێردراوانی گەل: واتە چاکەکانیان.

ئەسمەعی دەڵێت: دەوترێت:(نخبة القوم) واباشە کە بە فەتحی خایەکە بیخوێنیتەوە، ئەبو مەنسور: بە سکونی خا خوێندویەتەوە.

(الإتخاب) واتە هەڵبژاردن و پاڵفتەکردن، وشەی (نخبة)ش لەوەوە وەرگیراوە، ئەوانیش بریتین لە ئەو کۆمەڵە هەڵبژێردراوەی کە لە پیاوان هەڵبژێردراون.

## بەندی دووهەم: هەڵبژاردن لە زاراوەی یاساییەکاندا

خەڵکی یاسایی هەڵبژاردن بەوە دەناسێنن: هۆکارێکی دیموکراسییە بۆ پێدانی دەسەڵاتی سیاسی، کە بەهۆیەوە دەستەی نوێنەرایەتیەکان پێك دەهێنرێت.[2]

پێناسەیەکی دیکەی نزیك لەمە کراوە: هەڵبژاردن هۆکاری دەسەڵاتپێدانە لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا.[3]

سەنهوریش دەڵێت: هەڵبژاردن ڕێگایەکی ئاساییە بۆ دانانی ئەوانەی پێگەی سەرۆکایەتییان دەدرێتێ.[1]

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، الطبعة المعدلة، ج٣، ص١٠١. مادة نخب، الرازي مختار الصحاح، ص٦٥٠.

[2] إبراهيم شبحا، انظر مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٥.

[3] محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص٤٢٧. عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢١٦.

هەڵبژاردن ڕێبازی دانانی حوکمڕانانە کە پێچەوانەی ڕێگاکانی حوکمی بنەماڵەیی و خۆسەپاندنە.[٢]

د. کەمال غالی دەڵێت: هەڵبژاردنی سیاسی ئەو دەسەڵاتەیە کە بە یاسا دراوە بە بەشێکی گەل و ئەو هاووڵاتییانەی کە دەستەکە پێك دەهێنن، بە بەشداریکردن لە ژیانی گشتیدا، جا ڕاستەوخۆ بێت یان بە نوێنەرایەتیی لە ڕێگەی دەرفەتدان بە ویستیان و دیاریکردنی حوکمڕان و کاروباری حوکمڕانیدا.[٣]

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانە، دەکرێت بیرۆکەی هەڵبژاردن لە شەریعەتی ئیسلامیدا بەم شێوە بناسێنین: ئەو ڕێگەیە کە میللەت دەیگرێتە بەر لە دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی نوێنەرایەتییان دەکەن لە جێبەجێکردنی گوتاری یاسادانەردا کە پەیوەستە بە پاراستنی دین و کاروباری دنیاییەوە.

---

[١] عبدالرزاق السنهوري، فقه الخلافة وتطورها، ص١١٧.

[٢] محمود عاطف البنا، النظم السياسية، ص٣٤٣. كموريس دوفرجيه، المؤسسات الدستورية، ص٥٨.

[٣] كمال غالي، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص١٩٧.

## باسی دووەم: گونجاندنی یاسایی بۆ هەڵبژاردن

زانستی یاسا سەبارەت بە چییەتی هەڵبژاردن جیاوازیی تێدایە، چوار ئاراستەی جیاواز لەم بابەتەدا سەریان هەڵداوە:

ئاراستەی یەکەم: وا دەبینێت هەڵبژاردن مافێکە لە مافە خودیەکانی تاك.

**ئاڕاستەی دووهەم:** وا دەڕوانێت کە هەڵبژاردن ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە.

**ئاڕاستەی سێیەم:** وا سەیر دەکات هەڵبژاردن تایبەتمەندییەکی دەستوورییە، ئەرك و ماف پێکەوە کۆ دەکاتەوە.

**ئاڕاستەی چوارەم:** دەڵێت هەڵبژاردن دەسەڵاتێکی یاسایی بڕیاردراوی هەڵبژێردراوە.[1]

قسەی هەریەك لەم ئاراستانەی، بینشێکی تایبەت و جیاواز جێ دەهێڵێت بۆ سرووشتی هەڵبژاردن و شوێنەوارە یاساییەکانی وەك دەبیبنین:

**ئاڕاستەی یەکەم:**

وا دەبینێت هەڵبژاردن مافێکی خودی یان کەسیی هەموو هاووڵاتییانی دەوڵەتە، لەو مافە سرووشتییانەشە کە ناکرێت لە تاکەکان بسەنرێتەوە، چونکە پەیوەستە بە ئەندامێتییانەوە لەناو کۆمەڵگە وەك مرۆڤێك.

ئەم بۆچوونە لەگەڵ بیردۆزەی سەروەریی گەل پێك دێتەوە، کە وا دەبینێت دەکرێت سەروەری بەش بەش بکرێت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، هەچ تاکێك

---

[1] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٩٤. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٥.

مافی پیادەکردنی ڕواڵەتییەکانی سەروەریی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تەعبیرە لە مافی بەشداریکردن لە سەروەریی گەلدا.(1)

ئەم قسەیەی ئاراستەی یەکەم ئەم خاڵانەی لەسەر پەیدا دەبن:

١ـ مافی هەڵبژاردن موڵکی خاوەنەکەیەتی و بڕیاردانە بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆی، بەو پێیە خاوەنی ئەم مافە دەکرێت سازش لە مافەکەی بکات یان دەستکاریی بکات بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت، وا دیارە ئەم ئەنجامە درووست نەبێت، چونکە ئەم مافە جێگای گرێبەستن یان سەرپشککردن یان سازشی تێدا نییە.(2)

٢ـ ناوەڕۆکی ئەم مافە لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، چونکە مافە کەسییەکان بە ویستی تاکەکان پەیدا دەبن، ئەمەش لەگەڵ واقیعدا نەسازە، لەبەر ئەوەی مافی هەڵبژاردن بە شێوازی فەرمیکردن ڕێك دەخرێت، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە مەرجەکانی بەکارهێنانی بۆ هەموو تاکەکان وەك یەکی لێ دەکات.(3)

٣ـ هەڵبژاردن چەقێکی تایبەتیی خودیی بەدی دێنێت، لەوێدا ناکرێت هەموار یان دەستکاریی بکرێت، بە ئیشکردن بە بنەمای ڕێزگرتن، لە مافە بەدەستهێنراوەکان، ئەمەش دەکرێت قبووڵ بکرێت، چونکە یاسادانەر مافی هەمووارکردنی مافی هەڵبژاردنی هەیە، هەروەها مافی گۆڕینی ناوەڕۆکەکەی و مەرجەکانی بەکارهێنانی هەیە.(4)

---

[1] إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ١٥٦. عبدالغني بسيوني، النظم السياسية، ص٢١٨. محمود عاطف البنا، الوسيط في النظم السياسية، ص١٧٠.

[2] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٩٨. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٦.آدومن رباط، الوسيط في القانون الدستوري العام، ج٢، ص٣٨٢.

[3] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٩٨.

[4] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٩٩. عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢١٨.

٤ـ تەنها لە هەڵبژاردنی گشتیدا پێویستە تاك سەروەر بێت، پێویستیشە کەس لە مافی هەڵبژاردن بێبـەش نـەکرێت، بـە هـۆی سـامان یـان خوێندەوارییـەوە، کـە لـە هەڵبژاردنی سنووردارادا ئەمان دەبن.(١)

**ئاراستەی دووەم: هەڵبژاردن ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە:**

ئەم ئاراستەیە وا دەبینێت هەڵبژاردن ئـەرکێکی کۆمەڵایەتییـە، جـا لەسـەر ئـەم بنەمایە دەسەڵات ئـەم ئەرکـە لەسـەر گرووپێکـی دیـاریکراو کـورت دەکاتـەوە، بـە سیفەت و مەرجگەلێکی سنووردار بە گرەنتیی دیاریکراو، جا ئەو تاکانەی پرۆسـەی هەڵبژاردن پیادە دەکەن ئەوە بەکارهێنانی مافێك نییە لە مافەکان، بـەڵکو ئـەرکێك یان خزمەتێکی گشتیی میللەتە.

ئەم بۆچوونە لەگەڵ بیردۆزەی (سەرورەیی گەل) ڕێکە، کە گشت سەروەرییەکان دەداتەوە بە گەل، لێرەشـەوە هەڵبـژاردن بـۆ کەسـانێکە شایسـتەیی و دەسـەڵات و توانای هەڵبژاردنی هەبێت، بەپێی ئەم بیردۆزەیەش سەروەری پارچە پارچە ناکرێت و بەسەر تاکەکاندا دابەش نابێت.(٢)

**ئەم بۆچوونەش چەند خاڵێك بەدوای خۆیدا دەهێنێت:**

١ــ یاسـادارێژەر بـۆی هەیـە (هەڵبـژاردن) ببەسـتێتەوە بـە کۆمـەڵێك مـەرج و دیسپلینی دیاریکراوەوە، بە شێوەیەك بێت کە پیادەکردنی هەڵبژاردن لـە چـینێکی دیاریکراودا قەتیس بکات.(٣)

٢ـ ئەنجامدانی هەڵبژاردن کارێکی زۆرەملێ و پێویستە، دەنگدەر ناتوانێـت ئـەم ئەرکە بەجێ نەهێنێت.(١)

---

[١] محسن جليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص٤٢٨. عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢١٦.

[٢] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٩٥. إبـراهيم شـيحا، مبـادئ الأنظمـة السياسـية، ص١٥٦. عبـدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢١٩. محسن جليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص٤٢٩.

[٣] إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٦. عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢١٩.

٣ـ لەسەر دەنگدەر حەتمیە لە پێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتیی گەلدا بەشداریی هەڵبژاردن بکات، نەك لە پێناوی بەرژەوەندیی شەخسیی خۆی.[٢]

وا دیارە ئەم ئاراستەیە بۆیە پەیدا بووە تا ئەو قسەیە تێپەڕێنێت کە دەڵێت هەڵبژاردن مافێکی کەسییە، چونکە نەرێنی گەورەی لێ کەوتەوە، کە بریتییە لە دەنگنەدان و کەس بۆی نییە زۆر لە تاکەکان بکات لەم دەنگنەدانەدا، چونکە لەگەڵ چەمکی مافی کەسیدا تێك دەگیرێت، بە هەمان شێوە بۆ ڕێگەگرتن لە بەشداربوونی ناشایستەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، کە ئەمەش کاریگەریی لە ئەنجامی کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت.

جا لەو پێناوەدا دەبوو کۆمەڵێك مەرج دابنرێت. بەڵام ئاڕاستەی دووهەمیش نەیتوانی چارەسەری کێشەکان بکات، چونکە هاووڵاتیان لە ئەرك و مافدا یەکسانن، لەم بوارەدا نابێت هەڵاوێردە لە نێوانیاندا بکرێت، درووستیش نییە چارەنووسی هەموو هاووڵاتییان لە دەستی تاقمێکی کەمدا قەتیس بکرێت، چونکە بەکارهێنانی ئەم ئەرکە لەلایەن ئەو تاقمەوە کاریگەریی ئاشکرای لەسەر ئەوانی دیکە دەبێت، جا کاتێك کەمینە کاروباری زۆرینەی کەوتە دەست، پێویستی بە چارەسەر هەیە، ئا لەم سۆنگەوە ئاڕاستەی پێکەوەگونجان پەیدا بوو، ئەویش ئاڕاستەی سێهەمە.

### ئاڕاستەی سێهەم: هەڵبژاردن ماف و ئەرکیشە لە هەمان کاتدا:

هەڵبژاردن دەبێتە تایبەتمەندییەکی دەستووری، ماف و ئەرك پێکەوە کۆ دەکاتەوە، هەڵبژاردن تەنها ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕوون نییە، بەڵکو پێویستە

---

[١] إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٦. محمود عاطف البنا، الوسيط في النظم السياسية، ص٢١٩.

[٢] إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٦. آدومن رباط، الوسيط في القانون الدستوري العام، ج٢، ص٣٨٨.

سیستەمێکی تێکەڵ وەرگرین، بە شێوەیەك قەتیسی نەکەین لە یەکێك لەو وەسفەدا بەبێ ئەوی دیکەیان.[1]

پشتیوانانی ئەم ئاڕاستەیە وا دەبینن کە هەڵبـژاردن مـافێکی تاکییـە، بـەڵام بـە ئەرکێکیش دادەنرێت کە پێویستە لە هەمان کاتدا بەجێ بهێنرێت.

کۆمـەڵێکی دیکـە وای بـۆ دەچـن کـە ناکرێـت مـاف و ئـەرك لـە یـەك کاتـدا کـۆ بکرێتـەوە، بـەڵکو درووسـت ئەوەیـە هەڵبـژاردن بـە مـافێکی کەسـی دادەنرێـت لـە سەرەتاوە دەعوای قەزایی دەیپارێزێت ئەویش کاتێك دەنگدەر ناوی خۆی لە خشتە هەڵبژاردنەکانـدا تۆمـار دەکـات، بـەڵام بەشـداریکردن لـە پێکهێنـانی دەسـتە گشتییەکاندا کە ئەم ڕۆڵە گرنگە دەبینێت دەبێتە ئەرك.[2]

## ئاڕاستەی چوارەم:

ئەوەیـە کـە مامۆسـتا سـەروەت بـەدەوی دەڵێـت: گونجانـدنی لەسـەر ئـەوە دەوەستێت کە هەڵبژاردن دەسەڵاتێکی یاسایی بڕیارلەسەردراوی دەنگدەرە، نـەك لەبەر بەرژەوەندیی کەسـی، بـەڵکو لەبـەر بەرژەوەنـدیی هـەموان، نـاوەڕۆکی ئـەم دەسەڵاتە و مەرجـەکانی و بەکارهێنانیشـی بـە یاسـا دیـاری دەکرێـت و بـۆ هـەموو دەنگدەرانیش دەبێت یەك شێوە بێـت، ئەمـەش زۆرینـەی هـەرە زۆری نووسـەرانی یاسا پەسەندی دەکەن و لە فیقهی هاوچەرخدا بە باشـترینی دادەنـێن، لای ئێمـەش ئەمە پەسەندە.[3]

---

[1] عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢١٩. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٧.

[2] عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢٢٠.

[3] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٩٩. عبدالغني البسيوني، النظم السياسـية، ص١٩٩. إبـراهيم شـيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٧. محسن جليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص٤٣٠.

## باسی سێهەم: بنەمای هەڵبژاردن لە شەریعەتی ئیسلامدا

بیرۆکـەی هەڵبـژاردن لەسـەر مانـای ئیختیـارکردن و بەشـداربوونی گـەل لـە دەستنیشـانکردنی ئـەو کەسـەی کاروبـاری بـەڕێوە دەبـات و بەرژەوەندییـەکانی دەپارێزێت وەستاوە، جا ئایا شـەریعەتی ئیسـلامی ئـەم بنەمایـەی تێدایە؟ ئایا بیرۆکـەی هەڵبـژاردن وەك ئـامڕازێکی گونجـاو لـەم بـارەوە دانپیـادانراوە؟ بـۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە لە شێوازەکانی دەستنیشـانکردنی جێنشـین بکۆڵینەوە و شێوەیەکیان پەسەند بکـەین و پاشـان مەسـەلەی پەیمانـدان (البیعـة) موناقەشە بکەین.

### بەندی یەکەم: ڕێگاکانی دەسەڵاتپێدان لە شەریعەتی ئیسلامیدا[1]

### ڕێگای یەکەم: دەستەبژێری (الإختبار):

بیرۆکەی هەڵبـژاردن لـە ناوەڕۆکدا لەسـەر مانـای دەسـتەبژێریی ڕاسـتەقینە لـە شەریعەتدا ڕاوەستاوە و زانراوە، بەڵکو دەبینین ڕێگایـەکی کۆدەنگییـە بـۆ پێـدانی دەسەڵاتی سیاسی، کە پێی دەوترێت پێشەوایەتیی مەزن یان جێنشینایەتی.

ئوممەتی ئیسلامی بە هەموو گرۆکانیەوە جگە لە شیعەی ئیمامی، کۆدەنگن کـە ڕێگای پێدانی دەسەڵاتی باڵای سیاسی لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە دەستەبژێرییە.

لەم بارەشەوە قسەی بەشێکی پێشەوا و زانایان دەهێنینەوە کە بابەتەکـە ڕوون دەکەنەوە:

---

[1] لقد بحثت هذه المسألة باسهاب في كتاب الفقه الاسلامي المعاصر. محمد رأفت عثمان، رسـاية الدولـة في الفقه الاسلامي، ص٢٣٣. حسـن صـبحي، الدولـة الإسـلامية وسـبطتها التشـريعية، ص١٤٣. صـلاح الـدين دبوس، انظـر الخليفـة توليتـه وعزلـه، ص١٠٠. ومـا بعـدها. سـعدي أبـو جيـب، دراسـة في منهـاج الإسـلام السياسي، ص٢٤٥. محمد ضياء الدين الريس النظريات السياسية الإسلامية، ص١٥٨.

ـ بەغدادی دەڵێت: زۆرینــەی هــەرەزۆری هاوەڵانمـان و موعتـەزیلـە و خــەواریج و نەجاریە وا دەبینین کە شێوەی چەسپاندنی ـ پێشەوایەتی ـ بە هەڵبژاردنـە لەلایـەن گەلەوە.[1]

ـ جوینی دەڵێت: "...پاشان کە دەق بەتاڵ بـووەوە جگـە لـە هەڵبـژاردن هـیچ نامێنێتەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە کۆدەنگییـە، هەڵبـژاردن لـە هـەموو چـەرخەکاندا جێبەجێ کراوە و هیچ زانایەکیش نکۆڵی لە ئەسڵی هەڵبژاردن دەر نەبڕیوە...".[2]

ـ خاوەنی (المواقف)یش دەڵێت: "ئەگەر پێشەواتی بە هەڵبژاردن و پەیمانپێـدان چەسپا، ئیتر بزانە کە لە کۆدەنگی بەدەر نییە".[3]

ـ ئەبو یەعلا دەڵێت: "پێشەوایەتی لە دوو ڕووەوە دادەمەزرێت: بـە هەڵبـژاردنی ئەنـدامانی ڕاوێـژ (أهـل الحـل و العقـد) و دووەمـیش بـە پەیمانـدان بـە پێشـەوا، لـە مەسەلەی دامەزراندنی بە هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕاوێژ تەنها لـە هەڵبـژاردنی لەلایـەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژەوە دادەمەزرێت، قسەیەکی ئەحمـەدی کـوڕی حەنبەلی لەم بابەتەدا هێناوە: (پێشەوا (سەرۆك) ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژ هەموویان لەسەری کۆ بن ئەوە: پێشەوایە)".[4]

ـ پێشتریش لەم بارەوە قسەی ماوەردیمان هێناوە.[5]

ـ ئەبوبەکری باقلانیش جەختی لەمە کردووەتەوە و دەڵێت: "... پێشـەوا بـەوە دەبێتە پێشەوا چاکانی ناو موسڵمانان کە ئەنـدامانی ڕاوێـژن و جێگـای متمانـەیانن لەم بارەوە پەیمانی پێ بدەن، چونکە هیچ ڕێگایەك بۆ پێشـەوایەتی نییـە جگـە لـە

---

[1] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩. البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٣٤٩.

[2] الجويني، الإرشاد، ص٣٥٦. غياث الأمم، ص٤٢.

[3] الإيجي، المواقف، ص٤٠٠٩.

[4] أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢٣.

[5] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٦.

دەق یان هەڵبژاردن، لە نەبوونی دەقیشدا بەڵگە دەبێتە چەسپاندنی هەڵبژاردن کە ئێمە وای بۆ دەچین". [1]

ـ غەزالی دەڵێت: "پێشەوایەتی لای ئێمە بە دەسەڵاتدارێتی دادەمەزرێت، دەسەڵاتدارێتییش بە پەیمانپێدان دەبێت". [2]

ـ ئیبن تەیمیە دەڵێت: "پێشەوایەتی بە ڕەزامەندیدەبڕینی دەسەڵاتداران دادەمەزێت، کەس نابێت بە پێشەوا تا دەسەڵاتداران بە گوێڕایەڵیکردنیان مەبەستەکە بەدی دەهێنن و لەسەری ڕەزامەند بن". [3]

مەبەستی غەزالی و ئیبن تەیمیە لە دەسەڵاتدار (أهل الشوكة): ئەندامانی ڕاوێژی ناو ئومەتن، کە نوێنەرایەتیی گەل دەکەن و گوێیان لێ دەگیرێت و بەقسەیان دەکرێت. دەتوانین دڵنیایی دەربڕین کە ڕێگەی پشتپێبەستراو لای ئەهلی سوننە و تاقمەکانی دیکەش جگە لە شیعە، [4] لە بابەتی دەسەڵاتدان بە جێنشینایەتی یان سەرۆکی وڵات هەڵبژاردنە کە بە مانای ڕازیبوونی گەل دێت، هەرچەندە دانیان بە ڕێگەی دیکەشدا ناوە، کە لەمەدوا بەکورتی باسیان دەکەین.

---

[1] الباقلاني، التمهيد، ص١٧٨.

[2] الغزالي، فضائح الباطنية، ص١٧٩.

[3] ابن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٣١٥.

[4] شیعەی ئیمامی دەڵێن: تاکە ڕێگا بۆ دانانی پێشەوا دەقە، دەقیش هەیە کە جێنشینایەتی بۆ عەلیی کوڕی ئەبوتالیبە، هەموو پێشەوایەکیش پێشەوای دوای خۆی دادەنێت، لەمەشدا پشت بە چەند فەرموودەیەك دەبەستن کە ئەهلی سوننەت هەموویان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام شیعەی زەیدی دەڵێن پێشەوایەتی بە دەق دادەمەزرێت بەوەش دادەمەزرێت پێشەوا خۆی بە شایستەیی خۆی داوای بکات، بەڵام لە نەوەی عەلی و فاتیمەدا قەتیسیان دەکەن، کەواتە هەموو نەوەیەکی فاتیمە کە زانا و زرنگ و سەخی بوو، شمشێری بەرامبەر ستەمکاران هەڵکێشا و بانگەوازی حەقی کرد، ئیتر دەبێتە پێشەوا و گوێڕایەڵی واجبە. البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩. الشهرستاني، الملل والنحل، ١: ٣٥١.

**ڕێگای دووهەم: ڕێگای ڕادەستگرتن و بەجێنشیندانان**

مەبەست پێی ئەوەیە پێشەوا کاروبار ڕادەستی کەسێکی دوای خۆی بکات، زانایان ئەمەشیان بە ڕێگایەك داناوە کە بەهۆیەوە پێشەوایەتی دادەمەزرێت، هەندێکیشیان کۆدەنگییان لەسەر ئەمە بە بەڵگە هێناوەتەوە.(1)

هەروەها بەڵگەیان بەوە هێناوەتەوە کە ئەبوبەکر دەسەڵاتی ڕادەستی عومەر کرد لە دوای خۆی، عومەریش شەش کەسی دەستنیشان کرد کە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر بێت) هەتا وەفاتی کرد لێیان ڕازی بوو، کە بریتیبوون لە: عەلی، عوسمان، تەڵحە، زوبێر، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص.

ئەبوبەکری باقلانی دەڵێت: "بەڵگە لەسەر ئەمە کۆدەنگیی ئەندامانی هەڵبژاردنە، کە ئەوانە خاوەن مافن لە دیاریکردنی پێشەوادا، کە پێشەوا بۆی هەیە دەسەڵات ڕادەستی پێشەوایەکی دوای خۆی بکات، نەشمانزانیوە کەسێك نکۆڵیی لەوە کردبێت.(2)

ئیبن خەلدوون سەبارەت بە ڕادەستکردنی دەسەڵات بە جێنشینکردن دەڵێت: ئەمە لە شەرعدا کۆدەنگیی ئومەتی لەسەرە، کە درووستە و دادەمەرزێت، چونکە ئەبوبەکر ڕادەستی عومەری کرد بە ئامادەبوونی هاوەڵان، ئەوانیش مۆڵەتیان پێ دا و گوێڕایەڵیی عومەریان لەسەر خۆیان واجب کرد ڕەزای خودا لە هەموویان.(3)

---

[1] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦. الفراء، الأحكام السلطانية، ص٢٢٣. النسفي، المواقف، ص٣٩٩. النسفي، التمهيد، ص٤٠٤. الباجوري، شرح جوهرة التوحيد، ص٤٦٤. الغزالي، الاقتصاد في الاعتقاد، ص١٢٠. المقدسي، شرح المسامرة شرح المسايرة، ص٣٢٦. الجويني، غياث الأمم، ص١٠٠.

[2] الباقلاني، التمهيد، ص٢٠١.

[3] ابن خلدون، المقدمة، ص٢١٠.

ئیبن حەجەر لە (فتح الباری)دا دەڵێت: نەوەوی و جگە لەویش دەڵێت: کۆدەنگن لەسەر درووستیی بەجێنشیندانان و بە دامەزراندنیشی لە ڕێگەی ئەندامانی شووراوە، هەروەها لەسەر درووستیی ئەوەی ڕاوێژ لە نێوان کۆمەڵێکی دیاریکراو یان جگە لەوەش بکرێت.[1]

بەڵام ئەگەر زانایان دامەزراندنی جێنشینایەتی لە ڕێگەی دەسەڵاتڕادەستکردن و بەجێنشین دانان بە درووست دەزانن مانای وا نییە کە ڕادەستکردن و جێنشینایەتی بەبێ مەرج بێت، بەڵکو بە کۆمەڵێك مەرج ئەو مۆڵەتەیان داوە کە گرنگترینیان:

یەکەم: جێنشیندانەر دەبێت سەرۆکی ڕاستەقینەی شەرعی بێت دەسەڵاتداریێتی بە شێوەیەکی کرداری پیادە بکات واتە: دەبێت جێنشینەکەی تەواو بێت و نوقسان نەبێت و بە شێوەیەکی درووستیش بوو بێتە جێنشین.[2]

دووهەم: دەبێت مەبەست لەو بەجێنشیندانانە بەرژەوەندیی گشتیی موسڵمانان بێت، هیچ بەرژەوەندییەکی کەسی و بنەماڵەیی تێدا نەبێت، بەڵکو لەسەریەتی کە ئیجتیهاد بکات کە باشترین هەڵبژێرێت و ئەوەی کە زۆرترین مەرجی جێنشینایەتیی تێدایە دەستنیشان بکات.[3]

سێهەم: کەسی دەستنیشانکراو شایستەی جێنیشینایەتی بێت مەرجە سەرەکییەکانی جێنیشینایەتیی تێدا بێت و باشترین و بەتواناترینی موسڵمانان بێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارییاندا.[4]

---

[1] ابن حجر، فتح الباري، ١١: ٢٠٨، (كتاب الأحكام)، باب الاستخلاف. مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص٢٠٥.

[2] الجويني، غياث الأمم، ص١٠١. انظر في ذلك السنهوري، فقه الخلافة وتطورها، ص١٥٣، وما بعدها.

[3] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص١٠، غياث الامم، ص١٠٢.

[4] أبو يعلي ، الأحكام، ص٢٥. الجويني، غياث الامم، ص١٠١. القلقشندي، مآثر الأناقة، ص٧٢.

چوارەم: دوورخستنەوەی خزمان، چونکە پەیوەندیی خزمایەتی جێگەی گومانە و نیشانەی پاڵنەری دەمارگیرییە لە دەستنیشانکردنەکەیدا، ئەمەش قیاس دەکرێت بەو شایەتە یان ئەو قازییەی کە شایەتی دەدات یان دادوەری دەکات لە بەرژەوەندیی خزم و کەسوکاری لە هەردوو حاڵەتەکەشدا کارەکەیان بەتاڵە.(١)

پێشەوای حەرەمین دەڵێت: "خۆ ئەگەر لە شتێکی ئاوها بچووك و کەمنرخدا شایەتی قبووڵ نەکرێت، بێگومان بۆ کارێکی باڵا و پێگەیەکی بڵندتر قبووڵنەبوونی لەپێشترە".(٢)

پێنجەم: هەندێك لە زانایان ڕاوێژپێکردنی ئەندامانی ڕاوێژ و گەڕانەوە بۆ ڕاوبۆچوونیان بە مەرج داناوە.(٣)

**موناقەشەی ڕێبازی ڕادەستکردن و بەجێنشینداندان:**

زانایان دامەزراندنی جێنشینایەتی بە ڕێگای ڕادەستکردن و بەجێنشینداندان بەم بەڵگانە بە درووست دەزانن:

**یەکەم: بە کردەوەی جێنشینەکان:**

ئەبوبەکر جێنشینایەتیی لە دوای خۆی ڕادەستی عومەر کرد، لە پاش ئەوەی کە ڕاوێژی بە عوسمانی کوڕی عەفان، سەعدی کوڕی زەید، ئوسەیدی کوڕی حوزەیر و جگە لەوانیش لە کۆچەری و پشتیوانان کرد، ئەوانیش پێیان وت: ئەم کاروبارە ئەو بەهێزترینە بەڕێوەی ببات.(٤)

---

١ الجويني، غياث الامم، ص١٠٢. القلقشندي، مآثر الأناقة، ص٧٢.

٢ الجويني، غياث الامم، ص١٠٤. الماوردي، الاحكام السلطانية، ص١١.

٣ الجويني، غياث الامم، ص١٠٢.

٤ انظر السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص٨٢. القلقشندي، مآثر الأناقة، ص٦٩.

ئیبن عەساکیر لە یەساری کوڕی حەمزەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبوبەکر ناڕەحەت بوو، لە دەلاقەیەکەوە ڕووی کردە خەڵکی و وتی: من پەیمانێکم بەستووە ئایا پێی ڕازین؟ خەڵکەکە وتیان: ئەی جێنشینی پێغەمبەری خودا بەڵێ ڕازین، جا عەلی هەستا و وتی: مەگەر عومەر بێت، ئەگینا ڕازی نابین، وتی: دەی عومەرە.[1]

هەر وەك بوخاری لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: وترا بە عومەر ئایا جێنشین دانانێیت؟ وتی: "ئەگەر جێنشین دانێم ئەوا لە من چاکتر کە ئەبو بەکرە جێشنینی دانابوو، خۆ ئەگەر وازی لێ بهێنم و داینەنێم، هەر لە من چاکتر وازی لێ هێنابوو کە پێغەمبەری خودا بوو (دروودی خودای لەسەر)".[2]

هەروەها بە کردەوەی عومەریش بەڵگە دەهێننەوە کە جێنشینایەتی لە دوای خۆی لەناو ئەهلی شوورادا دانا.[3]

بەڵگەشیان بە کۆدەنگیی هاوەڵان و هەموو موسڵمانان هێناوەتەوە بە جێنشینایەتیی عومەر و ڕازیبوونیان لە پەیمانپێدان واتە ڕادەستکردنی دەسەڵات، کەسیان نکوڵییان نەکردووە.[4] دەکرێت لە سۆنگەی ئەم بەڵگانەوە بگەینە کۆمەڵێك دەرئەنجام:

یەکەم: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دوای خۆی کەسی ڕانەسپارد، بەڵگەش لەسەر ئەم ڕانەسپاردنە کۆمەڵێك فەرموودەی درووستە کە لە بوخاری و موسلیمدا هاتوون و ئەبوبەکر و عومەر گێڕاویانەتەوە. کاروبارەکەی بۆ ڕاوێژی نێو موسڵمانان جێ هێشت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دەستنیشانکردنی جێنشین

---

[1] انظر السيوطي، تأريخ الخلفاء، ج٢، ص٨٣.

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ١١٣: ٢٠٥، (كتاب الأحكام – باب الاستخلاف).

[3] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص١١، ١٢.

[4] نقل الإجماع عدد من العلماء، انظر المسايرة بشرح المسامرة، ص٣٢٦. البافلانى، التمهيد، ص٢٠١. الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦. الجويني، غياث الأمم، ص١٠٠. النوي، شرح على مسلم، ١٢: ٢٠٥.

کارێکی ئیجتیهادییە بۆ ئـەهلی ڕاوێـژ لـەناو ئوممەتـدا جـێ هێڵـراوە، هـەر ئەمـەش بنەمایە و کەس مشتومڕی لەسەر ناکات.

دووهـەم: ڕاسـپاردن و بەجێنشـینکردنی عومـەر لەلایـەن ئـەبو بـەکرەوە تاکـە ڕووداوی ڕاست و درووستە لەم بوارەدا بۆ بەڵگەهێنانـەوە دەشـێت، چـونکە نـە لـە پێش ئەوەوە و نە لە دوای ئـەوەوە ڕووداوێـك نـەبووە بـۆ بەڵگەهێنانـەوە بشـێت و چاوی لێ بکرێت.

ئەم ڕاسپاردنەی ئەبوبەکر کۆمەڵێك خاڵی تێدایە نابێت فەرامۆش بکرێن:

أـ ئەبوبەکر بۆ دانان و دانەنانی جێنشین، پرسی بە موسڵمانان کـرد و ئـەوانیش ڕازی بوون بە دانانی جێنشین، خۆ ئەگەر بیانوتایە دایمەنێ، ڕازی دەبوو.

ب ـ ئەبوبەکر پرسی بە خاوەن ڕا و پرسپێکراوانی هـاوەڵان کـرد بـۆ ڕاسـپاردنی کاروبار بە عومەر، وەك: عوسمان، سەعیدی کوڕی زەید، ئوسەیدی کوڕی حوزەیر و کۆمەڵێك لە کۆچەری و پشتیوانان، هەموویان بە چاکە و ئەرێنی وەڵامیان دایەوە.

ج ـ ئـەم ڕاسـپاردنەی عومـەر لەلایـەن ئـەبو بـەکرەوە، نـەبووە جێگـرەوە و پێویسـتنەبوونی پەیمانـدانی خەڵکەکـە بەگشـتی، پەیمانـدانیش لـە دامەزرانـدنی جێنشینایەتیدا بنەمایە.

سێیەم: بابەتی دەستنیشـانکردنی چـوار جێنشـینەکە، جێگـەی بەبەڵگـەبوون و چاولێکردنە بۆ موسڵمانانی دوای خۆیان، کە شـێوەیان جیـاواز بـووە، چـونکە وەك وتمان بابەتی ئیجتیهادی عەقڵە بۆ گەڕان بەدوای بەرژەوەندیدا.

چوارەم: ڕاسپاردنی شەش کەس لەلایەن عومەر و ئەندامانی ڕاوێژی دوای خۆی، دەسەڵات ڕادەستکردن و جێنشینایەتیکردن نەبوو، بەڵکو جۆرێك بوو لە جۆرەکانی پاڵاوتن، ئەو شەشە کە مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە و پێغەمبـەری خـودا (دروودی خودای لەسەر) تا وەفاتکردنی لێیـان ڕازی بـوو، هـەر شەشـیان پـاڵێوراو بـوون بـۆ

جێنشینایەتی، کە مەرجەکانی پێشەوایەتییان تێدا بوو، لەناو موسڵماناندا لەوان باشتر نەبوو، ئەمەش ڕاسپاردن و بەجێشینکردنی کەسێکی دیاریکراو نییە.

پێنجەم: بنەمای بەجێنشیندانان کە کۆدەنگی لە درووستییدا هەیە، داننان ناگەیەنێت بە نەمای میراتگرێتی جێنشینایەتی و قەتیسکردنی لە بنەماڵەیەکدا، ئەمە واتە بابەتەکە لە هەڵگرتنی ئەمانەت دوور دەخاتەوە و لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام لە هەڵبژاردن و بەرپرسیارێتیی لەئەستۆگرتن پێك نایەت.

ئەوەی پشتیوانیی ئەم قسەیەمان دەکات جێنشینە ڕاشیدینەکان منداڵی خۆیان بۆ جێنشیذایەتی ڕانەسپاردووە، لە کاتێکدا منداڵەکانیان لە باشترینی هاوەڵان بوون، لە عومەرەوە دەگێڕنەوە کە وەختێك کەسێك پێی وت جێنشینایەتی ڕادەستی عەبدوڵڵای کوڕی بکات، وتی: خودا بتکوژێت، سوێند بە خودا مەبەستت پێی بۆ خودا نەبووە.[1]

مێژووش پڕە لە قسەی هاوەڵان لە بەرهەڵستیکردنی معاویە کاتێك ویستی یەزید ڕاسپێرێت و بەیعەتی بۆ وەربگیرێت، بەڵکو ئەم کارە بووە هۆی زۆر لە شۆڕشەکان و جەنگی ناوخۆیی.

قسەی زانایانیش لەم بارەوە بۆ بەرژەوەندییەکی کاتی بووە لە دۆخێکی کاتیدا تا خوێن نەڕژێت و ئاشووب و ئاژاوە کپ بکەنەوە، ئەمەش مانای وا نییە کە شەریعەت بخرێتە ژێر لە پێناوی لادانێکی سیاسیدا لەسەر شەقامە ڕاستەقینەکەی ڕادەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە شەریعەتی ئیسلامیدا.

ئەمەش بە کۆدەنگیی ئومەت دەمێنێتەوە لە ڕابردوو و ئێستاشدا و جیاوازیی لەسەر نییە، ڕێگای هەڵبژاردنە لەلایەن گەلەوە و دەشبێت هیچ جێگرەوەیەکی هەڵبژاردن قبووڵ نەکرێت.

---

[1] ابن سعد، الطبقات الکبری، ٣ : ٢٤٨، رجاله ثقات.

ئیمامی حەرەمین دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە، ڕوونی بکەینەوە کە هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنی ڕاوێژەوە (أهل الحل و العقد) ئەوە پشتپێبەستراوی باوەڕپێکراوە، پاشان دەڵێت: هەموو ئەهلی ئیسلام بە جیاوازیی مەزهەب و بۆچوونیانەوە ڕێکن لەسەر دامەزراوێتی ئیمامەت، پاشان بۆ شێوەی چەسپاندن و دامەزراندنی دەق و هەڵبژاردنیان پەیڕەو کردووە، بە ڕێگای یەکلاکەرەوە و بەڵگەی ڕوون ئاشکراش بەتاڵی مەزهەبی بوونی دەق دەرکەوتووە و لە پاش ئەم دابەشکردنە جگە لە حوکمی درووستی هەڵبژاردن هیچی دیکە نەماوەتەوە،[1] بەڵگەی ئەمەش وەك ئیمامی حەرەمەین دەڵێت کۆدەنگییە.

عەبدوڕەزاق سەنهوری شارەزای یاسایی بابەتی ڕاسپاردن و بەجێنشینکردنی لە دامەزراندنی جێنشینایەتیکردن لە ڕووی یاساییەوە چارەسەر کردووە کە گەشتووەتە ئەم دەرەنجامە: "ئەو ڕێچکەیەی لای ئێمە پەسەندە، بەجێنشیندانان لە پاڵاوتنی کەسەکە تێناپەڕێت، ئازادیی دەنگدەرانیش زەوت ناکرێت لە قبووڵکردن یان نەکردنی، واتە: بەجێنشینکردن گرێبەستێکە لەنێوان جێنشیندانەر و ئەوانەی هەڵی دەبژێرن، بەڵام پابەندیکار نییە و شوێنەواریشی نابێت هەتا گەل قبووڵی نەکات.[2]

ئەم بۆچوونە لۆژیکیتر و قبووڵترە لە ڕابردووەکان، بۆشمانی شی کردووەتەوە کە گەل چۆن بەم گرێبەستەوە پابەند دەبێت و دەبێتە لایەنێك تیایدا بە قبووڵکردنی گرێبەستەکە.

---

[1] الجويني، غياث الأمم، ص٣٤ – ٤٢.

[2] السنهوري، فقه الخلافة و تطورها، ص١٦١.

له قسەکەی ئەبو یەعلاشەوە ئەم مانایە دەفامرێتەوە کە دەڵێت: "چونکە ئیمامەت بە ڕاسپاردن دانامەزرێت، بەڵکو بە پەیماندانی موسڵمانان دادەمەزرێت".[1]

له شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "ئەو ئیمامەتەی ڕادەست کراوە پاش مردنی جێنشین بە هەڵبژاردنی خەڵکی سەردەمەکە دادەمەزرێت"،[2] ئیبن تەیمیەش جەخت لەم مانایە دەکاتەوە بە ڕوون و ڕاشکاوی: هەروەها عومەر کە ئەبوبەکر ڕایسپارد کاتێك بوو بە ئیمام، پەیمانی پێ درا لەلایەن خەڵکە دەستڕۆیشتوو و بەتواناکەوە، خۆ ئەگەر وارێکەوتایە ڕاسپاردنەکەی ئەبوبەکریان جێبەجێ نەکردبا و پەیمانیان پێ نەدایە، نەدەبوو بە پێشەوا، ئیتر ئەمەی ئەبوبەکر درووست بایە یان درووست نەبووایە.[3]

له شارەزایانی فەرموودەشدا محەمەد ڕەفئەت عوسمان لە کتێبەکەیدا (*رئاسة الدولة في الفقه الإسلامي*) هەمان ڕای هەیە.[4]

هەروەها شەهید عەبدولقادر عۆدە جەختی لە هەمان بۆچوون کردووەتەوە، لەژێر ناونیشانی: ئەنجامێك کە گومان لە درووستییدا نییە، دەڵێت: ئەم ڕووداوە مێژووییانەی پەیماندان بە چوار خەلیفە ڕاشیدینەکان کاتێك لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییانەیان لەسەر دەکرێت، یەك ئەنجام دەگەیەنن، کە گومان لە ڕاستییدا نییە، ئەویش ئەوەیە کە پەیماندان بە جێنشین تەنها بە هەڵبژاردن لەلایەن خاوەن ڕا و بۆچوونەکان یان زۆرینەیان دادەمەزرێت دەستنیشانکردنی خەلیفەش بۆ کەسی دوای خۆی تەنها بە پاڵاوتن ئەژمار دەکرێت و لەسەر قبووڵکردنی ئەهلی شوورا

[1] أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢٥.

[2] أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢٦.

[3] ابن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٣٦٧.

[4] محمد رأفت عثمان، رياسة الدولة في الفقه الاسلامي، ص٢٨٤، وما بعدها.

وەستاوە، ئەگەر پاڵاوتنەکەیان قبووڵ بوو پەیمان بە پاڵێوراوەکە دەدەن، ئەگەر نا ڕەتی دەکەنەوە و کەسێکی دیکە دەپاڵێون.(١)

### ڕێگەی سێهەم: زۆر کاری و خۆسەپاندن و دەستبەسەرداگرتن

زۆر لـە زانایـان ئـەم ڕێگەیـەیان ڕێگـە پـێ داوە و بـە ئامڕازێکیـان دانـاوە بـۆ دامەزرانـدنی ئیمامـەت، ئـەبو یـەعلای حەنبـەلی دەڵێـت: لـە پێشـەوا ئەحمـەدەوە گێڕاوەتـەوە کـە ئاماژەیـە بـۆ ڕەوایـەتیی دامەزرانـدنی ئیمامـەت بـە زۆرکـاری و خۆزاڵکردن، پێویستیش بە گرێبەست ناکات، لە گێڕانـەوەی عەبدوسـی لـە مـالیکی کوڕی عەتارەوە وتوویەتی: هەرکەس بە زەبری شمشێر زاڵ بوو تا بوو بە جێنشـین ئەوە پێی دەوترێت گەورەی باوەڕداران (سەرۆك)، بۆ هیچ کەسێك نییە کە بـاوەڕی بە خودا و بە ڕۆژی دوایـی هـەبێت شـەو بکاتـەوە و ئـەو بـە پێشـەوا نـەزانێت، جـا (پێشەوا)یەکی چاك بێت یان خراپ.(٢)

ئیمـامی حەرەمـەین دەڵێـت: "ئەگـەر خۆسـەپێنەکە بـۆ پێشـەوایەتی دەشـیا و کەسی دیکەش سەرۆکی خەڵکە گشتییەکە نەبوو، دەبێت بە پێشەوا دابنرێت".(٣)

هەندێکیش لە زانایان لەبەر ناچاری بە ڕەوایان زانیوە، خـاوەنی (الـدر المختـار) دەڵێت: "دەسەڵاتدارێتیی خۆسـەپێن بەناچـاری درووسـتە".(٤) پێشـەوا غـەزالییش هـەر بـەم شـێوەیەی ڕوون کردووەتـەوە وەك خـواردنی مردارەوەبـوو لـە ناچـاریدا وەسفی کردووە.(٥)

---

١ عبدالقادر عودة، الإسلام وأوضاعنا السياسية، ص١٢٥.

٢ أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢٣. وقال الغزالي كلاما مشابها في كتابه الاقتصاد في الاعتقاد، ص١٢٠.

٣ الجويني، غياث الأمم، ص٢٤٠.

٤ ابن عابدين حاشية رد المختار على الدر المختار، ص١، ص٥٤٩.

٥ الغزالي الاقتصاد في الاعتقاد، ص١٢٠.

پەرۆشـیی زانایـان بـۆ بەرژەوەنـدیی گشـتی و لادانـی خراپـە و هەڵبـژاردنی سووکترین زیان بە فەتواکانیانەوە دیارە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت بـەم شـێوازە ڕازی نین و بە شێوازی پشتپێبەستراوی شەرعیی نازانن بۆ دەسەڵاتگرتنەدەست لـە دەوڵەتی ئیسلامیدا، ئـەو فەتوایانەشـیان لـە پێنـاوی نـەڕژانی خـوێن و ڕێگـرتن لـە پاشـاگەردانی و سـنووردانانێك بـۆ پشـێوی لـە حاڵـەتی نـەتوانینی گۆڕانکـاری و دەسەڵاتپێدانی ئاسایی دوور لە چەکهەڵگرتن و خوێنڕێژی.

ئەمە پێویسـت دەکـات کـە ئومـەت لـە هـەوڵی بەردەوامـدا بێـت بـۆ گێڕانـەوەی کاروبار بۆ جێگەی درووستی خۆی و ناڕازی بن بە سـتەم و دان نـەنێن بـە شـێوازی زەوتکردنی دەسەڵات و چەوساندنەوەی میللەت بە هێز و توندوتیژی.[1]

**بەندی دووەم: ئەو بەڵگە شەرعییانەی کە پشتیوانیی بنەمای هەڵبژاردن دەکـەن لـە شەریعەتی ئیسلامیدا و بە ئامرازی پشتپێبەستراوی دادەنێن لە دەسەڵاتپێدانی سیاسیدا**

پێشتر وتمان ناوەڕۆکی بیرۆکەی هەڵبژاردن لەسەر کۆمەڵە خاڵێك وەستاوە، کـە ئەمانەن:

- بنەمای ڕازیبوون و خۆویستیی ئارەزوومەندانە.
- بنەمای نوێنەرایەتیکردنی میللەت.
- بنەمای بەشداریکردنی میللەت لە پێدانی دەسەڵاتی سیاسییدا.

خۆ ئەگەر لەناو دەقە شـەرعییەکان و ئیجتیهـادی زانایانـدا بـۆ ئەمانـە بگـەڕێین دەبینین زۆرن و ژماردنیان زەحمەتە.

**یەکەم: گوتاری شەرعی:**

هەموو دەدوێنێت لە ئەرکە گشتییەکاندا، بەتایبەت ئەوانەی فەرزی کیفایەن.

---

[1] رشيد رضا، انظر الخلافة، ص٤٥. وما بعدها. محمد رأفت عثمان، رياسة الدولة، ص٢٩٤.

**ـ خودای گەورە دەفەرموێت:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾.[1] **واتـە: "ئـەی کەسـانێك کـە باوەڕتـان هێنـاوە، گوێڕایـەڵی خـودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، پاشانیش گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانی خۆتان بن".**

**ـ دەشفەرموێت:** ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ﴾.[2] **واتە: "جەنگتان لەسـەر پێویست کرا کە لاتان ناخۆشە".**

**ـ هەروەها دەفەرموێت:** ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾.[3] **واتە: "کاروباری نێوانیـان بـە پرس و مەشۆرەتە".**

**ـ دیسان دەفەرموێت:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾.[4] **واتە: "ئەی بڕواداران بەڵێنەکانتان ببەنە سەر".**

**ـ بە هەمان شێوە دەفـەرموێت:** ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾.[5] **واتە: " ئێوە (موسڵمانان) باشترین گەلێك بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی، فەرمان دەدەن بە چاکە و جڵەوگیری دەکەن لە خراپە وە بڕوا دەهێنن بە خودا ".**

**جگـە لەمانـەش گوتـاری خـودایی زۆرن لـەم بـارەوە، ئـەم واجبانـەش میللـەت ناتوانێت بە هەموو تاکەکانیـەوە پێکـەوە سـەرقاڵیان بـن، بـەڵکو پێویسـت دەکـات کۆمەڵە خەڵکێك پێوەی خەریك بـن بـە شـێوەیەك بەرژەوەنـدیی موسـڵمانان بـەدی بهێنێت.**

---

[1] النساء : ٥٩.

[2] البقرة : ٢١٦.

[3] الشورى: ٣٨.

[4] المائدة : ١.

[5] آل عمران: ١١٠.

کۆدەنگی لەسەر واجبێتیی بوونی پێشەوا (سەرۆك) هەیە، وەك لە کتێبەکانی عەقیدەی ئەهلی سوننەدا هاتووە و پێشەوایانیان دەریان بڕیوە، ئەم گوتارەش ڕووی لە هەموو موسڵمانان کردووە، بەڵام دوو تاقم لەبری ئەواندا بەرپرسیارێتییەکە هەڵدەگرن وەك زانایانی سیاسەتی شەرعی دەیڵێن کە (ئەوانەن شایستەی پێشەوایەتی (سەرۆکایەتی)ن و ئەوانەن شایستەی هەڵبژاردنی پێشەوان).[1]

جا ئەگەر زانیمان زانایان یەکدەنگن لەسەر بوونی پێشەوایەتی کە فەرزێکی کیفایەیە، فەرزی کیفایەش ئەوەیە جێبەجێکردنی لەسەر هەموو میللەت پێویستە، ئەگەر بەجێ نەهێنرا هەمووان گوناهبارن، کەواتە دەبێت میللەت سەرۆکایەتیی دامەزرێنێت و بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی ئەودایە، خۆ ئەگەر بەشێکی خەڵك لەبری هەموان جێبەجێیان کرد، ئەمە لە سۆنگەی چۆنێتیی جێبەجێکردنەوە دێت لە ڕووی کردارییەوە نەك نەمانی بەرپرسیارێتییەکە.

زانایانیش ئاماژە بە بەرپرسیارێتیی میللەت دەدەن لەم بارەوە (الإيجي) دەڵێت: "میللەت بۆی هەیە لەبەر هۆکارێکی پێویست سەرۆك لا بدات"،[2] چونکە میللەت خاوەن مافە دیاریکردنی و لادانیشیدا ئەگەر پێویستی کرد، بەغدادی دەڵێت: "زۆرینەی هەرە زۆری هاوەڵانمان و موعتەزیلە و نەجارییەکان پێیان وایە شێوەی چەسپاندنی سەرۆکایەتی، بە هەڵبژاردنی گەلە".[3]

شێخ عەبدولسەلام دەڵێت: "دانانی سەرۆك (پێشەوا) ڕوو لە هەموو میللەت دەکات و لێی بەرپرسیارن، هەر لە وەفاتی پێغەمبەری خوداوە (دروودی خودای لەسەر) هەتاکو ڕۆژی قیامەت دێت، جا ئەگەر ئەنجومەنی ڕاوێژ (أهل الحل و العقد) پێی هەستان لەسەر خەڵکی دەکەوێت، جیاوازییش نییە لە سەردەمەکەدا

---

[1] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٥. أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص١٩.

[2] الإيجي، المواقف، ص٤٠٠.

[3] البغدادي، اصول الدين، ص٢٧٩.

سـەردەمی ئاشـووب بێـت یـان نـا، ئەمـەش مەزهـەبی ئـەهلی سـوننەت و زۆرینـەی موعتەزیلەن". [1]

جا ئەگەر میللـەت داواکـراو بێـت بـۆ بـەجێهێنانی ئـەم کـارە، هـەر ئـەویش لـەم بارەوە خاوەنی ماف بێت، کەواتە دەبێت لەسەر چۆنیەتیی ڕەزامەنـدی وەرگرتنـی بۆ دانانی سەرۆك بوەستین، دەبێت لێکۆڵینەوە و وردەکاری بکرێت بـۆ دۆزینـەوەی باشـترین ڕێگـا بـۆ وەرگرتنـی ئـەو ڕەزامەندییـە، هەمیشـەش هەڵوێسـتی زۆرینـەی میللەت بە مانای هەڵوێستی میللەت دێت. زانایـان بـۆ زانینـی ڕای میللـەت پشـتیان بەسـتووە بـە ڕای زانایـان، کەسـایەتییەکان، خەڵکـە دیارەکـان، خـاوەن ڕاوبۆچوونەکان، کە پێیان وتراوە (أهل الحل و العقد) یـان ئەوانـەی خەلیفـە دیـاری دەکەن. بێگومان ئەمەش ناوەڕۆك و مەبەستی هەڵبژاردنـە، کـە دەکرێـت ئەمـە بـە شـێوەی هەڵبـژاردنی گشـتی لەلایـەن میللەتـەوە لـەمڕۆدا ئـەنجام بـدرێت، پـاش گرتنەبەری ڕێوشوێن و دیسپلینی یاسایی دەستەی دەنگدەران، کـە لەمـەوداو لێـی دەکۆڵینەوە.

**دووەم: لە سوننەتی پێغەمبەرەوە (دروودی خودای لەسەر):**

لە ژیاننامەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) کۆمەڵێك ڕووداو ڕوویان داوە، کە پێویستی بە بنەمای نوێنەرایەتی و هەڵبژاردن هەبووە، پێغەمبەری خـودا (دروودی خودای لەسەر) پشتی بە بیرۆکەی هەڵبژاردن تیایاندا دەبەست.

بوخاری لە عورووەی کوڕی زوبێرەوە دەگێڕێتەوە کـە مـەروانی کـوڕی حەکـەم و میسوەری کوڕی مەخرەمە پێیان وتـووە، کـە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسەر) کاتێك موسڵمانان مۆڵەتیاندا کە کەنیزەکانی هەوازن ئازاد بکرێن، فەرمووی: "من نازانم کێتان مۆڵەت دەدەن و کێتان مۆڵت نادەن، بگەڕێنەوە با نوێنەرەکانتان

[1] الباجوري، شرح جوهرة التوحيد، ص٤٥٧. انظر الحاشية.

(العرفاء) قسەکانتانم بۆ بهێنن، جا خەڵکەکە گەڕانەوە، نوێنەرەکانیان قسەیان لەگەڵ کردن و پاشان گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) پێیان ڕاگەیاند کە خەڵکەکە پێیان خۆشە و مۆڵەتیان داوە". [1]

ئەم فەرموودەیە لە پاش جەنگی حونەین و تێکشکانی سەقیف و هەوازنەوەیە، کاتێك هەوازن هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) داوای گەڕاندنەوەی کەنیزەکانیان کرد.

ئیبن حەجەر دەڵێت: (عەریف) ئەوەیە بە کاروباری تاقمێکی خەڵك هەڵدەستێت، سەرپەرشتیی سیاسەتییان دەکات و کاروبارییان دەپارێزێت، بۆیە پێی دەوترێت عەریف واتە شارەزا، تاوەکو لە وەختی قسەکردندا ڕای خەڵك بە سەرووی خۆی بناسێنێت، وتراویشە عەریف لە خوار ئەمیرەوەیە. [2] ئیبن بەتاڵ دەڵێت: ئەم فەرموودە دروستیبوونی نوێنەرایەتی دەگەیەنێت، چونکە سەرۆك پێی ڕاناگات ڕاستەوخۆ بۆ خۆی هەموو کاروبارەکان بەڕێوە ببات، بەڵکو پێویستی بە یاریدەدەرە تا ئەرکەکانی بۆ ڕاپەڕێنێت. [3]

پاشان ئیبن حەجەر دەڵێت: بەرژەوەندییش ئەمە پێویست دەکات، چونکە ئەمیر یاریدەدەری بۆ جێبەجێبوونی ئەرکەکانی پێویستە، ئەوەندەش بەڵگە بەستە کە لە سەردەمی پێغەمبەرێتیدا هەبووە وەك لە فەرموودەی بەشەکەدا هاتووە. [4]

دەلالەتی فەرموودەکەش ئاشکرایە کە پشت دەبەسترێت بە کۆمەڵە خەڵکێك کە هەریەکەیان نوێنەری تاقمێکن، جا ئەو تاقمە تیرە بن، یان هۆز، یان گوند، یان جگە لەوانە.

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٣، ص٦٨. (كتاب الاحكام/ باب العرفاء للناس).

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٣، ص١٦٩.

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ج١٣، ص١٦٩.

[4] سەرچاوەی پێشوو ، ج١٣، ص١٧٠.

ئەمەش لە پەیمانی عەقەبەی دووهەمدا هاتووە و کتێبەکانی مێژوو و سیرەت و فەرموودە دەیگێڕنەوە: کاتێك پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لەگەڵ وەفدێکی ئەوس و خەزرەج بە شەو بۆ بەیعەتلێوەرگرتنیان لە عەقەبە کۆ بووەوە.

ئیبن ئیسحاق دەگێڕێتەوە: کەعبی کوڕی مالیك وتوویەتی: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) فەرموویەتی: دوازدە نوێنەر (نەقیب)م بۆ دەرکەن، تا بەسەر قەومەکەیانەوە بن، ئەوانیش دوازدە نوێنەریان دەرکرد کە نۆیان لە خەزرەج بوون و سیانیان لە ئەوس بوون.[1]

لەم دابەشکردنەی نێوان خەزرەج و ئەوسدا تێبینی دەکرێت حساب بۆ ڕێژەی ژمارەیان کراوە، هەروەها ئەو نوێنەرانە کەسە باشەکانی ناویان بوون، کە لەناویاندا ئەمانە هاتوون: ئەسعەدی کوڕی زرارە، کە گەورەی نوێنەرەکان بوو، سەعدی کوڕی ڕەبیع، عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە، رافیعی کوڕی مالیك، بەڕائی کوڕی مەعرور، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام، عوبادەی کوڕی صامت، سەعدی کوڕی عوبادە، مونزیری کوڕی عەمر.

لە ئەوسیەکانیش: ئەسیدی کوڕی حەزیر، یەعدی کوڕی خەیسەمە و رەفاعەی کوڕی مونزیر.

لەم ڕووداوەوە دەردەکەوێت کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) لەم ڕێوشوێنگرتنەبەریدا دەیویست بزانێت چی لە دڵی خەڵکیدایە تا کاروبار و قسەکانیان ئاسان بکرێن و ڕەزامەندی لە نوێنەرەکانیان وەربگرێت، دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بە نوێنەرەکانی فەرمووە: ئێوە

---

[1] ابن هشام، السيرة النبوية، ج١، ص٤٤٣. الطبري، تأريخ الأمم والملوك، ج٢، ص٢٣٩.

ئەستۆبەند (کەفیل)ی ناو خزمـەکانتانن وەك: ئەسـتۆبەندی حەوارییـەکانی عیسـای کوڕی مەریەم وتیان: بەڵێ.[1]

زانراویشه که ڕووداوی پـەیماندانی عەقەبە لـە ڕووداوە سیاسـییە بایەخـدارەکانی ژیانی دەوڵەتی ئیسلامییە، بەڵکو هۆی گەیشتن و بەدەوڵەتبوون بوو، ئەمـەش لـەو ئاماژە زۆرانەیە کە بنەمای هەڵبژاردن لە شەریعەتی ئیسلامیدا ڕیشەدارە و هـەر لـە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا زانراوە و ئیشی پێ کراوە.

ئەوەش دەربارەی غەزای موئتە هاتووەن کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) زەیدی کـوڕی حاریسـەی کـرد بـە فەرمانـدەی سـوپاکە، فـەرمووی: ئەگـەر کـوژرا، جەعفـەری کـوڕی ئـەبوتالیب، ئەگـەر ئـەویش کـوژرا، عەبـدوڵڵای کـوڕی ڕەواحە.[2]

کاتێك سەیری ڕیوایەتەکانم کرد دەبینم باس لە دوای عەبدوڵڵای کـوڕی ڕەواحـە ناکەن، ئەوەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە: ئەگەر زەید کـوژرا بـا جەعفـەر بێـت، خۆ ئەگەر جەعفـەریش کـوژرا بـا عەبـدوڵڵای کـوڕی ڕەواحـە بێـت، بـەڵام لـە پـاش کوژرانی هەر سێ فەرماندەکە ئیبن ئیسحاق دەڵێت: پاشـان سـابتی کـوڕی ئـەقرەم ئاڵاکەی هەڵگرت و وتی: هۆ موسڵمانان لەسەر پیاوێك لەناوتاندا ڕێك بکەون، وتیان: تۆ، وتی: من نایکەم، جا خەڵکەکە لەسەر خالیدی کوڕی وەلید ڕێك کەوتن.[3]

---

[1] انظر فتح الباري، ج٧، ص٢٢١ (كتاب مناقب الأنصار). انظر محمد حميد الله، نص البيعة أيضاً في الوثائق السياسية، ص٤٩.

[2] حديث غزوة مؤتة اورده البخاري، انظر البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص٥١٠. (كتاب المغازي).

[3] ابن هشام، السيرة النبوية، ج٢، ص٣٧٩. ثابت بن أقرم بن ثعلبة بن عدي بن عجلان، أنصاري، قتل سنة سنة إحدى عشرة في حروب الردة.

ئەم ڕووداوە ئەوە دەگەیەنێت کە موسڵمانان لە نەبوونی ئەمیردا ئیجتیهادیان کردووە و لەسەر ئەمیرێك ڕێك کەوتوون، بەو مانایە کە سەیری خۆیانیان کردووە و بینیویانە کە شایستەترین و بەتواناترینیان بۆ ئەم کارە خالیدی کوڕی وەلیدە، بۆیە لەسەری ڕێك کەوتن، باشترین هەڵبژاردنیش بوو.

ئیبن حەجەر دەڵێت: لەم فەرموودەدا درووستیی مەرج بۆ پۆستپێدانی تێدایە، هەروەها دانانی چەند ئەمیرێك یەك لەدوای یەك، بەڵام لەسەر دامەزراندنی پۆستی دووهەم خیلاف هەیە، وتراوە ئەوەی دووهەم بە هەڵبـژاردن دادەمـەزرێت. تـەحاوی دەڵێت: ئەمە بنەمایەکە لێوەی دەفامرێتەوە کە ئەرکی موسڵمانانە ئەگەر ئەمیر دیار نەما کەسێکی تر بخەنە جێگەکەی، هەر لەم فەرموودەدا درووستی ئیجتیهادکردنی تێدایە لە ژیانی پێغەمبەردا.(1)

ئەوەی لەم ڕووداوەدا بۆ ئێمە گرنگە: ئەو شێوە و چۆنیەتییەیە کە موسڵمانان گرتیانە بەر لە دیاریکردنی ئەمیردا، کە گێڕاوەکان ئاشکرای دەکەن بە شێوەی هەڵبژاردن بووە لەناو گشت ئەو موسڵمانانەی بەشداریی غەزاکە بوون.

**سێهەم: کرداری خەلیفەکانی ڕاشیدین:**

بایەخدارترین ڕووداوی ژیانی خەلیفەکان بەرەهایی ڕووداوی دەستبەکاربوونی ئەبو بەکرە خودا لێی ڕازی بێت، لەبەر ئەوەی یەکەم ڕووداوی پاش وەفاتی پێغەمبەری خودا بوو (دروودی خودای لەسەر)، لە بابەتێکی مەزنی بایەخداری ترسناك کە بابەتی دانانی دەسەڵاتی باڵای سیاسی بوو.

موسڵمانان لە کەپرەکەی بەنی ساعیدە بۆ ئەم بابەتە کۆ بوونەوە، کە پێشتر بە کەمێك بە تێروتەسەلی باسمان لێوە کرد، کە پاش مشتومڕ و بێنەوبەردە، ئەوجا لەسەر هەڵبژاردنی ئەبو بەکر کۆ بوونەوە و پەیمانیان پێ دا، کۆدەنگییش لەسەر

---

(1) ابن حجر، فتح الباري، ج٧، ص٥١٣.

ئەوەیە کە پەیماندان بە ئەبو بەکر بۆ جێنشینایەتی بە شێوەی هەڵبـژاردن بـوو ە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوەی زیاتر نییە.

پەیمانی عومەریش بە هەمان شێوە بە ڕەزامەنـدیی ئـەهلی شـوورا و هەڵبـژاردن بوو، کە پاش دەستنیشانکردنی و لەلایەن ئەبو بەکرەوە، سەنهوورییش ئەمـەی بـە پالاوتن ژماردووە،(١) چونکە دەستنیشانکردنەکەی ئـەبو بـەکر نـەبووە جێگـرەوەی بەیعەتپێدانی، هەروەها ئەبو بەکر پـێش دەستنیشـانکردن و دوای ئـەوەش ڕاوێـژی دەکرد، لەمەشدا پشتی بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی ڕاوێژ بەست.

ئیبن تەیمیە ئەمە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: هەروەها عومەر کە ئـەبو بـەکر ڕای دەسپێرێت، کاتێك بوو بە پێشـەوا، کـە بەیعـەتیان پـێ دا و گوێڕایـەڵی بـوون، خـۆ ئەگەر ڕێك کەوتبا ڕاسپاردنەکەی ئەبو بەکریان جێبەجێ نـەکردبا و بەیعـەتیان پـێ نەدایە، نەدەبوو بە پێشەوا، جا درووستبایە یان نا.(٢)

پاشان دەڵێت: "ئەگەر وا ڕێك کەوتبا کە تاقمێك بەیعەتیان پـێ بـدابا و لەگـەڵی بوونایە، بەڵام هاوەڵان بەگشتی بەیعەتیان نەدایە، نەدەبوو بـە پێشـەوا، بـەڵکو بـە پەیمانپێدانی زۆرینەی هاوەڵان کە بەتوانا و پرسپێکراو بوون بوو بە پێشەوا، لەبـەر ئەمەیە کە دواکەوتنی سەعدی کـوڕی عوبـادە لـە پەیمانـدان زیـانی نـەبوو، چـونکە مـەرامی دەسـەڵاتدارێتی بـوونی هێـز و دەسـەڵاتە کـە بەهۆیانـەوە بەرژەوەنـدیی دەسەڵاتدارێتی دێتە دی، ئەمەش بە ڕەزامەندبوونی زۆرینەی هاوەڵان هاتە دی، جا ئەوەی دەڵێت کەسێك بە ڕەزامەندیی کەسێك یان دوان یان سێ و چوار کە توانادار و بەهێز بن جێنشینایەتی دادەمەزرێنێت هەڵەیە، بە هەمان شێوە کەسێك وا گومان

---

(١) عبدالرزاق السنهوري، فقه الخلافة وتطورها، ص١٦١.

(٢) ابن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٣٦٧.

ببات بە پەیماننەدانی کەسێك یان دوو یان دە، زیان بە جێنشینایەتی دەگەیەنێت، ئەویش هەڵەی کردووە".[1]

پەیمانپێدانی عوسمانییش هەر بە هەڵبـژاردن بوو، پرۆسەی دانانی عوسمان ڕەزای خوای لێ بێت، بە خەلیفە، نموونەیەکی نایابە لە بابەتی هەڵبژاردندا، چونکە شەش کەس لە باشترینی هاوەڵان کە مژدەی بەهەشتیان پێ درابوو، پاڵێوران بۆ جێنشینایەتی، کاتێکیش بەشێك لە کاروبارەکە درایە دەست عەبدوڕحمانی کوڕی عەوف، سەلامەتترین و باشترین ڕێگای گرتە بەر بۆ زانینی ڕا و ویستی خەڵك.

بوخاری لە فەرموودەیەکی درێژی چیرۆکی شەهیدبوونی عومەری کوڕی خەتاب و چیرۆکی پەیماندان بە عوسمان دەگێڕێتەوە، کە تیایدا دەڵێت: "...لەم خەڵکانە شایستەتر نازانم کە تا پێغەمبەری خودا کۆچی دوایی کرد لێیان ڕازی بوو، ئیتر ناوی عەلی، عوسمان، زوبێر، تەڵحە، سەعد و عەبدوڕەحمانی برد و وتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش شایەتتان بێت، بەڵام هیچ کاروبارێکی لا نەبێت، کاتێك لە ناشتنی بوونەوە، ئەو تاقمە کۆ بوونەوە، عەبدوڕەحمان وتی: کاروبارەکە بدەن بە سێ کەستان، زوبێر وتی: ئەوەی خۆم دا بە عەلی، تەڵحە وتی: ئەوەی خۆم دا بە عوسمان، سەعدیش وتی: ئەوەی خۆم دا بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، جا عەبدوڕەحمان وتی: کامتان لەم ئیشە دەردەچن، بیدەین بە ئەو، کە خودا و ئیسلام بکات بە شایەت کە سەیر بکات لە لای خۆیەوە بزانێت کام لەم دووە باشترینە؟ هەردووکیان (عوسمان و عەلی) بێدەنگ بوون، وتی: ئایا دەیدەن بە دەستی من کە خودا بە شایەت بکەم کە باشترینتان هەڵبـژێرم؟ وتیان: بەڵێ، جا دەستی یەکێکیانی گرت وتی: خزمی پێغەمبەری خودایت لە پێشینەکانی ئیسلامیت وەك دەزانیت، سوێندت دەدەم بە خودا ئەگەر کاروبارم ڕادەست کردیت دادپەروەر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ج١٢، ص٣٦٦.

دەبیت یان ئەگەر عوسمانم کرد بـە کاربەدەسـت گـوێی بـۆ دەگریـت و گوێڕایـەڵیی دەکەیت؟ پاشان ئەویشـی تـەنیا کـردەوە و هـەمان قسـەی لەگـەڵ کـرد، ئـیتر کـە پەیمانی لێ وەرگرتن، وتی بە عوسمان دەستت بەرز کەرەوە و بەیعەتی پێ دا، جـا عەلییش بەیعەتی دا، ئیتر خەڵك هاتنە ژوورەوە و بەیعەتیان دا.[1]

دەشـگێڕنەوە کـە عەبـدوڕەحمانی کـوڕی عـەوف سـێ ڕۆژ بـەناو کۆچـەری و پشـتیواناندا دەسـووڕایەوە و پرسـیاری لـێ دەکـردن، بەپـەنهانی شـەو و ڕۆژ دەردەچوو، لە گەورە و بچووکی دەپرسی. سیوتی لـە (تـأریخ الخلفـاء)دا دەڵێـت: ئەو ڕۆژانە خـەڵك دەهاتنـە لای عەبـدوڕەحمانی کـوڕی عـەوف ڕاوێـژی بەتـەنها پـێ دەکردن، خەڵکە دیارەکان لە عوسمان لایان نـەدەدا، کـاتێکیش عەبـدوڕەحمان بـۆ بەیعەتـدان دانیشـت، سـوپاس و ستاییشـی خـودای کـرد و لـە قسـەکانیدا وتـی: خەڵکەکەم بینی تەنها بە عوسمان ڕازین.[2]

میسوەر دەڵێت: "کەسی وەك عەبدوڕەحمانم نـەدیوە، سـوێند بـە خـودا، لـەناو کۆچـەری و پشـتیوانان و جگـە لـەوانیش کەسـێکی خـاوەن ڕای نەهێشـتەوە لـەو شەوەدا پرسی پێ نەکات".[3]

ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: "لەناویاندا لە بەیعەتپێدانی عوسمان بەهێزتر نەبوو، کە بە کۆدەنگیی هەموویان بوو".[4]

ئەو ڕۆڵە هاوەڵی جێگەی متمانە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف پێـی هەسـتا، کـە خۆی لە حەزی دەروونی هێنایە دەر و هیچ بەشی خۆی تێدا نەهێشت، کە بریتبـوو

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص٦١.

[2] السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص١٥٣. ابـن العربـي، العواصـم مـن القواصـم، ص٥٢. البدايـة والنهايـة، ج٤، ص١٥١.

[3] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص٦١.

[4] ابن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٣٨٠.

له زانینی ڕای خەڵك سەبارەت بە خەلیفەی داهاتوو، لە ڕاستییدا لـە هـەمان کاتـدا بریتییــە لــە کاکڵــەی بیرۆکــەی هەڵبــژاردن، لــەو ڕووداوەدا نــاوەڕۆکی ویســت و ڕەزامەندیی خەڵکی بەدی هێنا.

پەیمانی پێشەوا عەلییش بە هەمان شێوە بە ویست و ڕەزامەندیی خەڵك بوو، کە پاش بە ستەم کوژرانی پێشەوا عوسمان و کرانەوەی دەرگـای ئـاژاوە بـەپانوپۆڕی، دەبوو میللـەت جێنشـینێکی هـەبێت کاروباریـان بگرێتـە دەسـت، لـەو دەریـای پـڕ شەپۆلەدا بەرەو لێواری ڕزگاری بیانبـات، عـەلی لـە سـەرەتاوە ویسـتی کاروبارەکـە ڕەت بکاتەوە و داوای بەخشینی کرد، بـەڵام هـاوەڵان مکوڕییـان کـرد، ئـیتر زانیـی مەردایــەتی و فریادڕەســی و هــەڵگرتنی بەرپرســیارێتی و پێویســتییەکانی بــاوەڕ ئەوەیە، کاروبارەکە لەئەستۆ بگرێـت، هەرچـەندە پـڕە لـە ناخۆشـی و ناڕەحـەتی، دەشــیزانی کــارێکی ئاســان و دەســتکەوتێك نییــە، بۆیــە پــەیمانوەرگرتنی لــەو هەلومەرجە سەختەدا قبووڵ کرد و مکـوڕ بـوو لەسـەر بەیعەتپێـدانی بەشـداربووانی جەنگی بەدر و پرسی: کوا تەڵحە و زوبێر؟

هـاوەڵانی نـاو شـاری مەدینـە حـازر بـوون پـەیمانیان پـێ دا، بـەڵام هـەموومان دەزانین چی ڕووی دا و ئاژاوە چۆن درێژەی کێشا و موعاویـەی والیـی شـام هـات و داوای سەندنی خوێنی عوسمانی کرد، ئەو جەنگە ناوخۆییەی نێوانیان ڕووی دا.[1]

**چوارەم: قسەی زانایان دەربارەی دەستنیشانکردن:**

پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسـەر) جیـاوازی لەسـەر دانانی پێشەوا پەیدا بوو، جا ئەگەر زانیمان هیچ ڕێگایەك نییە بـۆ زانینـی جگـە لـە

[1] الطبري، التاريخ، ج٥٢، ص١٥٥ – ١٥٧. السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص١٧٤.

ڕێگای دەق یان هەڵبژاردن وەك زۆر لە زانایان دەڵێن،[1] کەواتە دەبێت یەکێکیان بسەلمێنین.

شیعە وای بۆ دەچن پێشەوایەتی لە کاروبارە گشتییەکان نییە تا بە بیروبۆچوونی خەڵکی دابنرێت، بەڵکو پایەیەکی ئایین و بنەمایەکی ئیسلامە، بۆ پێغەمبەر نییە فەرامۆشی بکات یان بیداتە دەستی میللەت، بەڵکو ئەرکیەتی خۆی پێشەوایان بۆ دیاری بکات، پێشەواش دەبێت لە گوناهی گەورە و بچووك پارێزراو بێت، پێغەمبەری خوداش عەلیی دەستنیشان کردووە بە کۆمەڵە دەقێك، ئەوان دەقەکان بەپێی پێویستی مەزهەبەکەیان دەگوازنەوە و ڕاڤەی دەکەن.[2]

زۆرینەی هەرە زۆری ئەهلی سوننەت و موعتەزیلە و خەواریج و نەجاریە لەسەر ئەوەن کە ڕێگای دامەزراندنی پێشەوایەتی بە دیاریکردنی دەبێت لەلایەن میللەتەوە، ئەویش بە ئیجتیهاکردنی ئەوانەی ئەهلی ئیجتیهادن کەسێکی شایستەی بۆ دەستنیشان دەکەن.[3]

زانایانی ئەهلی سوننەت و ئەوانەی هاوڕایانن بۆچوونی ئەوانەی پێیان وایە پێشەوا بە دەق دانراوە موناقەشە کردووە و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەیان داوە، خولگەی لێکۆڵینەوەکەشیان لەسەر دوو پایەیە[4].

---

[1] الجويني، غياث الأمم، ص١٩. البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩. الإرشاد، ص٣٥٣. المواقف، ص٤٠٠. الباقلاني، التمهيد، ص١٦٤.

[2] ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٦.

[3] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩.

[4] يمكن الرجوع في هذا الموضوع إلى معظم كتاب الإيمان وأقوال المتكلمين، انظر الإرشاد، ص٣٥٣. المواقف، ص٤٠٠. البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩. الجويني، غياث الامم، ص١٩. وما بعده. المسامرة شرح المسابرة، ص٣٠٠. النسفي، التمهيد، ص٣٩٩. الباقلاني، التمهيد، ص١٦٤ وما بعدها. ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٦ وما بعدها.

**پایەی یەکەم**: ئەو دەقانەی کە شیعە پشتیان پێ دەبەستن، لاوازن و هەواڵی تاکن و تانەلێدراون، کە پێشەوایانی فەرموودە و شارەزایانی سوننەت و زانایانی شەریعەت دانیان پێدا نەناون، هەندێکیشیان هاودژن کە بووە هۆی ڕاجیایی خودی شیعەی ئیمامییش لەناو خۆیاندا لە چۆنیەتیی دیاریکردنی پێشەوادا، بە شێوەیەك زیاتر لە سی تاقمیان لەم بابەتەدا لێ پەیدا بووە، دەشزانین ئەم پەرتبوونە و هاودژیەیان مەزهەبەکەی تێك داون، لە هەمان کاتدا دەقی درووست هەیە دەیسەلمێنێت کە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) کەسی بە جێنشین لە دوای خۆی دیاری نەکردووە.[1]

**پایەی دووهەم**: کۆدەنگی، هاوەڵان کۆدەنگ بوون و کۆدەنگییەکەشیان لەسەر جێنشیانەیەتیی ئەبوبەکر چەسپاند، هەواڵی کۆدەنگیی موسڵمانان و پەیماندانیان تەواتورە و گومان هەڵناگرێت. کۆچەری، پشتیوانان، هاشمییەکان، ئەمەوییەکان و جگە لەوانیش پەیمانیان پێ دا بە عەلی و عەباس و منداڵەکانیشیانەوە.

کۆدەنگییش بەڵگەی یەکلاکەرەوەیە، خۆ ئەگەر دەق لەسەر پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) واجب بووایە، ئەوا بە شێوەیەك ڕوونی دەکردەوە کە ئوممەت هەمووی بەڕوونی و بێ ڕاجیایی لێی تێبگەن، چونکە پێویستیی پێشەوایەتی پەیوەستە بە هەمووانەوە و زانینی وەك زانینی قیبلە و ژمارەی ڕکاعەتەکانی نوێژ وەهایە، جا ئەگەر دەق هەبووایە وەك بەغدادی دەیڵێت: ئەوا ئوممەت بە تەواتور دەیانگێڕایەوە و بە زەروورەت و درووستیان دەزانی.[2]

---

[1] بەشێك لە فەرموودەکانمان لە بابەتی جێنشینایەتی گواستووەتەوە، سیوتییش فەرموودەکانی کۆ کردووەتەوە لە کتێبی: تأريخ الخلفاء، ل٧ بەدواوە.

[2] البغدادي، أصول الدين، ص٢٨٠.

ئەم کۆدەنگییە لە هەموو سەرچاوەکانی ڕابردوودا هاتوون، لە کتێبەکانی: عەقیدە، ئیمان، فیقهو مێژوو و ژیاننامە و سیاسیەتی شەرعی. النسفي، التمهيد، ص٤٠٠. المسامرة شرح المسايرة، ص٣٠٠. الجويني،

لۆژیکیش نییە ئوممەت لەناویشیاندا هاوەڵان کۆدەنگ بن بۆ پێچەوانەکردنی فەرموودەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) یان کۆدەنگ بن بۆ شاردنەوەی فەرموودەی ئەو. لۆژیکیش نییە کە لافی ترسانی عەلی و عەباس بدرێت لە ئەبوبەکر و عومەر و ئەوانەی لەگەڵیان بوون و داوای مافی خۆیان نەکەن، ئەمە دوورە لە ئاکاری عەلی و عەباس و هاوەڵان و موسڵمانانەوە، هیچ بیانوویەکیش نییە کە ترسەکەیان بە باش بزانرێت. بۆیە هەرەزۆری زانایان بوونی دەق بۆ دیاریکردنی جێنشینیان لا بەتاڵە و هەڵبژاردنیان پێ درووستە و کۆدەنگییش لەو بارەوە دەگێڕنەوە.

بەغدادی دەڵێت: لەسەر شێوەی دامەزراندنی پێشەوایەتی جیاوازی هەیە، کە دیاریکردنە لەلایەن ئوممەتەوە یان بە بوونی دەقە هەرەزۆری هاوەڵانمان و موعتەزیلە و خەواریج و نەجاریە لەسەر ئەوەن بە دانانی لەلایەن ئومەتەوە دادەمەزرێت، بە ئیجتیهادکردنی ئەوانەی ئەهلی ئیجتیهادن و دیاریکردنی کەسی شاییستە بۆ پێشەوایەتی، بەڵام دەق کەسێکی دیاریکراوی دەستنیشان نەکردووە، بۆیە میللەت کەسەکەیان دیاری کردووە.[1]

ئیمامی حەرەمەین دەڵێت: پاشان کە دەق هەڵوەشایەوە، تەنها دیاریکردن دەمێنێتەوە، بەڵگەش لەسەری کۆدەنگییە، دیاریکردنیش لە هەموو سەردەمەکاندا کراوە، هیچ زانایەکیش لەسەر بنەمای دیاریکردنەکە ناڕەزایەتی دەرنەبڕیوە.[2]

باقلانی دوای ئەوەی گوتەی بوونی دەق هەڵدەوەشێنێتەوە دەڵێت: خۆ ئەگەر بڵێین: ئەگەر دەق نەما کە کەسێکی دیاریکراو دابنێت کەواتە شێوەی دامەزراندنی

---

الإرشاد، ص٣٥٤. الإقتصاد في الإعتقاد، ص١٢٢. الإيجي، المواقف، ص٤٠٠. الباقلاني، التمهيد، ص١٦٨. السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص٦٦.

[1] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩.

[2] الجويني، الإرشاد، ص٢٥٦.

پێشـەوایەتی چـۆنە و بـە چـی دەبێتـە پێشـەوا؟ پێیـان دەوترێـت: پێشـەوا بـەو گرێبەسـتە دەبێتـە پێشـەوا کـە باشـەکانی موسـڵمانان لـە ئەنجومـەنی شـوورا و باوەڕپێکراوەکان لەم بارەوە لەگەڵی دەبەستن، چونکە بۆ دامەزراندنی پێشەوایەتی تەنها ڕێگای دەق یان دیاریکردن هەیە، کە دەقیش هەڵوەشایەوە دەبێتە بەڵگە بۆ چەسپاندنی دیاریکردنەکە بەپێی مەزهەبی ئیمە". [1]

ئـەبو یـەعلاش دەڵێـت: "پێشـەوایەتی بـە دوو شـێواز دادەمـەزرێت: یـەکێکیان هەڵبژاردنیەتی لەلایەن ئەنجومەنی شووراوە، دووهەمیشیان: بەڕاسـپاردنی لەلایـەن پێشـەوای پێشـووەوە، جـا دامەزرانـدنی بـە هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی ڕاوێـژ بـە ڕای زۆرینەی ئەنجومەنەکە دەبێت". [2]

پێشەوا ماوەردییش جەخت لەم بۆچوونە دەکاتەوە و دەڵێـت: پێشـەوایەتی بـە دوو شێوە دادەمەزرێت، یـەکێکیان هەڵبژاردنیـەتی لەلایـەن ئەنجومـەنی ڕاوێـژەوە، دووهەمیان ڕاسپاردنیەتی لەلایەن پێشەوای پێشووەوە، سـەبارەت بـە دامەزرانـدنی بە هەڵبژاردنی لەلایەن ئەنجومەنی ڕاوێژەوە، زانایانی مەزهەبە جیاوازەکان ڕاجیـان لە ژمارەی ئەوانەی پێشەوایەتییان پێ دەدامەزرێت. [3]

ئیبن هومام لە (المسايرة)دا دەڵێت: پێشەوای ڕاستەقینە پاش پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لای ئیمـە و لای موعتەزیلـە و زۆرینـەی تاقمـەکانی دیکـە: ئەبو بەکرە، بە کۆدەنگی هاوەڵان لە پەیمانپێدانی، زۆرینەش کە هـاوەڵانی ئیمـە و موعتەزیلە خەواریجن لەسەر ئەوەن کە پێغەمبەری خودا (دروودی خـودای لەسـەر) بە دەق پێشەوایەتیی کەسی دیاری نەکردووە لە دوای خۆی. [4]

---

[1] الباقلاني، التمهيد، ص١٧٨.

[2] أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢٣.

[3] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٦.

[4] ابن الهمام، المسايرة بشرح المسامرة، ص٣٠٠.

خاوەنی (المواقف) دەڵێت: پێشەوایەتی بە دەقێك لەلایەن پێغەمبەری خوداوە (دروودی خودای لەسەر) یان لە پێشەوای پێشووەوە بە کۆدەنگیی زانایان دادەمەزرێت، بە پەیمانپێدانی ئەنجومەنی ڕاوێژ (أهل الحل و العقد)یش دادەمەزرێت، بە پێچەوانەی ڕای شیعەوە، ...جا ئەگەر پێشەوایەتی بە دانان و بەیعەتپێدان دامەزرا، بزانە کە بێ کۆدەنگی نییە".[1]

ئیبن قودامە دەڵێت: "هەر کەسێك موسڵمانان لەسەر پێشەوایەتی ڕێك کەوتن و پەیمانیان پێ دا، ئیتر پێشەوایەتییەکەی چەسپاوە و پشتیوانیکردنی واجبە، هەموو ئەمانەش پشتی بەستووە بە بنەمای ڕاوێژ، کە بە شێوەیەکی گشتی هەموو موسڵمانان دەگرێتەوە، هەروەها پشتی بەستووە بە بنەمای بەرپرسیارێتی کۆمەڵ بۆ ڕاپەڕاندن و ئیدارەدانی کاروبارەکانی بە حوکمی شەرعی، ئەم بەرپرسیارێتییەش پێویستی دەکات کە کۆمەڵگە خۆی خاوەن دەسەڵات بێت تا بەرپرسیارێتیی خۆی جێبەجێ بکات، کە ڕاپەڕاندنی حوکمی شەرعی و ئیدارەدانی کاروباری خۆیەتی بەپێی ئەو حوکمانە.[2]

## بەندی سێیەم: پەیماندان و هەڵبژاردن

لە فیقهی سیاسیی ئیسلامیدا زاراوەی پەیمان (البيعة) هەیە، پەیماندانیش پایەیەکی بنچینەیی پایەکانی ڕادەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی بوو، پەیماندانیش نەریتێکی سیاسیی حەتمی بوو بۆ هەموو شێوەکانی وەرگرتنی دەسەڵات، ئیتر شێوەی هەڵبژاردن بێت یان ڕاسپاردن یان بەجێنشیندانان، یاخود بە خۆسەپاندن و زۆرەملێ، جا لە حاڵەتی دانانی لەلایەن خەڵکەوە، وەك لە وەرگرتنی جێنشینایەتی لەلایەن ئەبو بەکر و عوسمان و عەلییەوە بووە ڕووی دا، جێنشین لە مزگەوتدا

---

[1] الإيجي، المواقف، ص٣٩٩ — ٤٠٠.

[2] ابن قدامة، المغني، ج٨، ص١٠٦.

دادەنیشت بۆ پەیمانوەرگرتنی گشتی، پەیماندانیش دوو پەیماندان بوو، پەیماندانی گشتی، پەیماندانی تایبەت، پەیماندانی تایبەت لەلایەن ئەنجومەنی ڕاوێژەوە دەبوو، گشتییەکەش لەلایەن جەماوەر و خەڵکە گشتییەکەوە دەبوو لە مزگەوتدا.

## پێناسەی پەیمان (البیعة):

ئیبن مەنزوور چەند مانایەکی بۆ پەیمان (البیعة) هێناوەتەوە، کە لە (البیـع)ەوە هاتووە، کە ئەو گرێبەستەیە پەیمان و گوێڕایەڵیی پێ قبوڵ دەکرێت.

لە فەرموودەشدا هاتووە: ئایا لەسەر ئیسلام پەیمانم پێ نادەن؟ کە بریتییـە لـە گرێبەست و بەڵێن بەیەکتریدان، وەك ئەوەی: هەردوو لا ئەوەی هاوەڵەکەی کڕیبێت و ئەوەی تایبەتی خۆیەتی و گوێڕایەڵی دەستوەردانی کاروباری بەو بەخشیبێت.[1]

ئیبن خەلدوون دەڵێت: بزانە پەیمان بەڵێندانـە لەسـەر گوێڕایـەڵی، وەك ئـەوەی پەیمانـدەر بـەڵێن بـە گەورەکـەی دەدات کـە لـە کاروبـاری خـۆی و موسـڵماناندا تەسلیمی ببێت و بەربەرەکانێی نـەکات، گوێڕایـەڵی بێـت بـە هـەر شـتێك کـە پێـی دەسپێرێت لە خۆشی و ناخۆشیدا.[2]

هەر ئەو دەڵێت: کـە پـەیمانیان بـە ئەمیرەکـەیان دەدا دەسـتیان دەخسـتە نـاو دەستی وەك جەختکردنەوەیەك لە پەیمانەکە، وەك کـاری فرۆشـیار و کڕیـار، بۆیـە ناونراوە (البیعة) فرۆشتن، کە سەرچاوەی (باع)ەیە، تا وای لێ هات پەیماندان بـوو بـە دەستخستنەناودەسـت، جێشـنینەکان سـوێندنیان لەسـەر پـەیمان دەخـوارد دەیانبەست بە سوێندخواردنەوە، بۆیە ناو نرا سوێندخواردنی پەیماندان.[3]

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، ج١، ص٢٩٩. الطبعة المعدلة (مادة بيع).

[2] ابن خلدون، المقدمة، ص٢٠٩.

[3] ابن خلدون، المقدمة، ص٢٠٦.

**چۆنییەتیی پەیمانبەستن:**

دوو بۆچوون لە چۆنیەتیی بەستنی پەیماندا هەیە:

**بۆچوونی یەکەم:** پەیمانبەستن داننانە بە دەسەڵاتدا، واتە کاتێك خەڵك پەیمان بە جێنشین دەدەن، بەو کارەیان دانی پێدا دەنێن کە جێنشینە و دان بە دەسەڵاتیدا دەنێن، نەك دەسەڵاتی پێ ببەخشن بەو مانایە پەیمانبەستن دەرخەریەتی.[1]

**بۆچوونی دووهەم:** پەیمانبەستن گرێبەستی دەسەڵاتپێبەخشینە، پەیمانی جەماوەر بە جێنشین وا دەکات کە ببێتە خاوەن دەسەڵات و پێی دەبەخشن، واتە: پەیمان بەستن گرێبەستی درووستکردنی دەسەڵاتە نەك دەرخەری.[2]

جیاوازیی ئەم دوو بۆچوونە گەورەیە و شوێنەواری لێ دەکەوێتەوە و دەرئەنجامی هەیە. چونکە بۆچوونی یەکەم: ئەوە دەگەیەنێت پەیمانبەستن هەڵسوکەوتێکی ڕواڵەتییە و تەنها چاولێکەرییەکی نەریتییە، بۆ هەردوو لایەنی گرێبەستەکە هیچ شوێنەوارێك جێ ناهێڵێت، سوودی تەنها ئەوەیە بە خەڵك ڕادەگەیەنرێت کە ئەو کەسەی پەیمانی پێ درا جێنشینە، ئەم بۆچوونە ئەوەشی داناوە کە دەبێت ئەو کەسە باشترین کەسی ناو میللەت بێت بەوەی زۆرترین مەرجی پێویستی جێنشینایەتیی تێدا بێت، ئەو شایستەترینی ئەو پاڵێوراوانەیە بۆ جێنشینایەتی، بۆیە پێویست ناکات هەموو جەماوەر پەیمانی پێ بدەن، بەڵکو چەند کەسێکی کەمی بەسە، وەك: پێنج کەسی سەرڕاست یان کەمتریش، ئەوەی لەسەر ئەم بۆچوونە درووست دەبێت ئەگەر پەیماندانەکە بە باشترین کەسی ناو میللەت نەدرا بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت و دانامەزرێت.

[1] عبدالرزاق السنهوري، فقه الخلافة والتطورها، ص١٤٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٣.

بەڵام بۆچوونی دووهەم: کە پەیماندەران پەیمانیان بە کەسێك دا ئەوجا بەو پەیماندانە دەبێتە جێنشین، تا پەیمانی نەدەنێ نابێت بە جێنشین، با باشترینی میللەتیش بێت، خاوەنانی ئەم بۆچوونە دەڵێن ئەرکی پەیماندەرانە باشترین کەس دیاری بکەن، دەشبێت پەیماندەران ئاراستە بکرێن کە باوەڕیان بکەن بە حەکەم بۆ گەڕان بەدوای دانانی باشترین و بەتواناترین پاڵێوراوان بۆ ئیدارەدانی جەماوەر و زۆرترینیش مەرج و سیفەتی داواکراوی هەبێت.

ئەوەی پەیمانی پێ دەدرێت دەبێتە جێنشین با لەو باشتریش لەناو خەڵکدا هەبێت، لێرەوە جیاوازیی نێوان دوو بۆچوونەکە دەردەکەوێت سەبارەت بە پێشەوایەتی لەو چاکتر (المفضول) کە لەناو زانایاندا جیاوازی لە درووستی و نادرووستیی جێنشینایەتیدا هەیە.

**پێشەوایەتی لە ئەو باشتر (المفضول):**

ئەبو حەسەنی ئەشعەری وا دەبینێت کە دەبێت پێشەوا باشترینی سەردەمەکەی خۆی بێت لە بوونی مەرجی پێشەوایەتی تیایدا، پێشەوایەتی بۆ هیچ کەسێك دانامەزرێت لە کاتێکدا لە ئەو باشتر هەبێت، خۆ ئەگەر خەڵکێك دایانمەزراند بۆ کەسێك ئەوە بە پاشا دادەنرێت نەك پێشەوا.[1] کۆمەڵێك لە خەواریج و موعتەزیلەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە، بەناوبانگترینی زانای موعتەزیلە کە ئەم بۆچوونەیان هەیە: نیزام و جاحیزە.[2]

---

[1] البغدادي، أصول الدين، ص٢٩٣.

[2] جاحز: عەمری کوڕی بەحری جاحزە، لە سەرکردەکانی موعتەزیلەیە، ساڵی ٢٥٠ی کۆچی مردووە، کەسێکی ڕەوانبێژی زمانپاراو بووە، دانراوی زۆری هەن، لەوانە: الحيوان، البيان والتبين. (الأعلام، ج٥، ص٧٤).

نزام: ئەبو ئیسحاقی ئیبراهیمی کوڕی سەیارە، مامۆستای جاحز بووە، لە سەرکردەکانی موعتەزیلەیە، ساڵی ٢٢٠ کۆچی دەرکەوت، لە بابەتی قەدەردا ڕێچکەی فەیلەسوفەکانی لا پەسەندە. (الأعلام، ج١، ص٤٣).

مەزهەبی شیعەیش دەڵێن پێشەوا لە ڕواڵـەت و ناخیشـدا باشـترینی خەڵکـە، ئـا لێرەشەوە دەیکەنە بەڵگە کـە پێویسـتە لەلایـەن خـوداوە بـە دەستنیشـان ئاشـکرا بکرێت، چونکە جگە لە خـودا کـەس نازانێـت کـێ باشـترینە، هەرچـەندە تـاقمێکی زەیدییــەکان پێچــەوانەی ئــەم بۆچــوونەن.[1] بــەڵام زۆرینــەی زانــا و شــارەزایان پێشەوایەتی لە ئەو باشتر (المفضول) لە کاتی بوونی باشتردا، بە درووست دەزانن، مادام مەرجەکانی پێشەوایەتیی تێدا بێـت،[2] وە بیانوویـەکیش هـەبێت بـۆ دانـانی، چونکە لەسەر میللەت پێویستە بگەڕێت بەدوای باشتریندا.

ئیمامی حەرەمین دەڵێـت: "ڕاجیـایی نییـە کـە ئەگـەر دانـانی پێشـەوای باشـتر سەخت بوو، بەرژەوەنـدیی موسـڵمانانیش پێویسـتی کـرد کـە ناباشـتر (المفضـول) پێش بخرێت لەبەر ئارامی، خەڵکو حەزی دەسەڵاتدار و بەتواناکان لە ناباشترەکە و ئەگەر باشترەکە پێش خرا پشێوی و ئاژاوە بەرپا دەبوو، خەڵکی زۆر پشـتیوانییان نەدەکرد و سوپا تێك دەچوو، ئا لەم حاڵەتە پێویستی دەکرد ناباشتر پێش بخرێـت بێ دوودڵی پێش دەخرێت، چونکە مەبەست لە دانانی پێشەوا چاکسـازیی میللەتـە، جا ئەگـەر دانـا نی باشـترەکە تێکـی دا و شـپرزەی کـرد، بـەڵام دانـانی ناباشـترەکە پێکەوەی بەستن و ڕێکی خستن، پێویست دەکات ئەوەی چاکەی جێنشینی تێدایـە هەڵبژێردرێت بە وردەکاریی خەڵکە ژیرەکە".[3]

خاوەنـانی ئـەم بۆچـوونە کـۆدەنگن ئەگـەر پـەیمان بـە پێشـەوا درا ئـیتر ئـەو پێشەوایە جا چاکترینی سەردەمی خۆی بێت یـان لـەو چـاکتر هـەبێت، بـەو مانایـە

---

[1] البغدادي، أصول الدين، ص٢٩٣. غياث الأمم، ص١٢١.

[2] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٨. البغـدادي، أصـول الـدين، ص٢٩٤. الإيجـي، المواقـف، ص٤١٢ — ٤١٣. أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢٣.

[3] الجويني، غياث الأمم، ص١٢٣.

پەیمانــدانی گــەل کــە ئەنجومــەنی ڕاوێــژ نوێنەرایــەتییان دەکــات، دەســەڵات دادەمەزرێنێت و دەیبەخشێت بە جێنشین.

ئیبن تەیمیەش هەر ئەمەی ڕوون کردووەتەوە کە دەڵێت: "ئەبوبەکر شایستەی پێشەوایەتی بوو، بەڵام بە پەیماندانی خەڵکە بەتواناکە بوو بە جێنشین، خۆ ئەگەر وا ڕێك کەوتبا عومەر و تاقمێکیش لەگەڵیدا پەیمانیان پێ بدایە، بەڵام هاوەڵان بەگشتی پەیمانیان نەدایە نەدەبوو بە پێشەوا، بەڵکو بە پەیماندانی زۆرینەی هاوەڵان ئەوانەی خاوەنی هێز و توانان بە جێنشین.[1]

قسەکەی ئیبن تەیمیە ڕاشکاوە کە پەیماندان درووستکەری دەسەڵاتە و دەستخەری پێشەوایەتییە، واتە: هەڵبژاردن و دانان لەلایەن نوێنەرانی میللەتەوە ئەوە دەسەڵات بە سەرۆکی دەوڵەت دەدات، دکتۆر سەنهوریش هەر دەیەوێت بەم ئەنجامە بگات ڕەحمەتی خودای لێ بێت.

[1] ابن تیمیة، منهاج السنة النبویة، ج١، ص٣٦٧.

# باسی چوارەم: دەستەی هەڵبژاردن

دەستەی هەڵبژاردن ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە مافی پیادەکردنی هەڵبژاردنیان هەیە، چوارچێوەی ئەم دەستەیەش بە کۆمەڵە مەرجێك ڕوون دەکرێتەوە، کە دەستوور و یاساکانی هەڵبژاردنی دەوڵەتان دیاری دەکەن.(١) جا لەسەر بنەمای ئەم مەرجانە هەڵبژاردنی سنووردار و هەڵبژاردنی گشتی پەیدا دەبن.

## بەندی یەکەم: دەنگدانی سنووردار

ئەو سیستەمەیە کە کۆمەڵێك مەرجی دیاریکراو بۆ دەنگدەر دادەنێت، مافی هەڵبژاردن بە ڕەهایی و یەکسانی بۆ هاووڵاتیان ناهێڵێت، گرنگترین ئەو مەرجانەی یاساکانی هەڵبژاردن بەخۆیانەوە بینیوە کە دەنگدان دەکات بە دەنگدانێکی سنووردار، ئەمانەن:

**یەکەم: مەرجی سەروەت و سامانی پێویست:**

بەپێی ئەم مەرجە ئەو کەسە دەبێت موڵکیەتی خانووبەرە لە زەوی‌وزار و بینا و ماڵی هەبێت، یان سەرچاوەیەکی دارایی دیاریکراوی هەبێت یان لەوانە بێت کە باج بە دەوڵەت دەدات، جا باجەکە هەرچەندێك بێت. ژمارەیەکی زۆری دەستوورە جیهانییەکان ئەم مەرجەیان دانابوو، لەوانە:

- ئینگلتەرا لە دەستووری ساڵی ١٩١٩ز.
- ئیتالیا لە دەستووری ساڵی ١٩٤٨ز.
- هەروەها میسر لە دەستووریدا کە ساڵی ١٩٣٠ز دایناوە.(٢)

---

[1] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٢٠٣. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٨.

[2] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٢٠٣. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٩.

کۆمەڵێك لە نووسەرانی یاسا کە پشتیوانیی ئەم مەرجەن بەم شـێوەیە بـەرگری لە بۆچوونەکەیان دەکەن:

١ـ چینی خاوەن موڵك و سەروەت و سامان بایەخ بـە کاروبـاری گشـتی دەدەن، ئەوانەی هەژارن کەمتر بایەخ بە کاروباری گشتی دەدەن، هەروەها دەکرێت دەنگـی هەژاران بە پارە بکڕدرێت، بەڵام کڕینـی دەنگـی خواپێـداوان و خـاوەن سـەروەت و سامان قورسە.(١)

٢ـ دەشڵێن دادگەری ئەوەیە ئەم مەرجە هـەبێت، چـونکە دەوڵەمەنـد و خـاوەن سـەرمایەکان بـە سیاسـەت و بڕیارەکـانی حکومـەت کاریگـەر دەبـن و هـەر ئـەوان ئـەنجامی هەڵـەکانی لـە ئەسـتۆ دەگـرن، کـە لـە هـەرکوێ بەرپرسـیارێتی هـەبوو دەسەڵاتیش دەبێت.

٣ـ دەشڵێن بوونی دەرامەت و دەوڵەمەندی نیشانەی شایسـتەیی و مەعریفـەت و توانای ئیدارییە، بەڵگەشە لەسەر ئامادەگیی سیاسی.(٢)

٤ـ مەرجی بوونی دارایی پێویست دەنگدەران لە منداڵبازاڕی و بێسـەروبەرەیی و جەنجاڵی و ئەوانە پاك دەکاتەوە کە بایەخ بە کاروباری گشتی و سیاسی نادەن.(٣)

دیـارە ئـەم مەرجـە ئەندازەیـەکی زۆر سـتەم و نادیـدەگرتنی لـەخۆ گرتـووە، ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە مافی سرووشتی و مرۆیی بێبەش دەکات، لەبـەر هـیچ نـا تەنها لەبـەر ئـەوەی لـە چـینی خـاوەن موڵـك و سـامان نـین، ئـەو بیانووانـەش کـە خاوەنانی ئەم بۆچوونە دەیهێننەوە ڕوویەکی بەهێزیان نییە، بـەڵکو هـیچ بابـەتی و زانستی نین.

---

[١] إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٩. عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢٢٢.

[٢] سەرچاوەی پێشوو.

[٣] إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٥٩.

بێگومـان هەڵوێسـتی شـەریعەت لـەم بۆچـوونە بەرهەڵسـتیکردنیەتی خـوداش دەیزانێت، چونکە زانایان گوژمەی داراییان بۆ وەرگرتنی هـیچ پێگەیـەکی بـاڵا یـان بچووکی سەرکردەیی بە مەرج نەگرتووە، تەنانەت زانایان بۆ جێنشین یـان پێشـەوا یان سەرۆکایەتیی گشتی یان تایبەت ئەم مەرجەیان دانەناوە، کەواتە بـۆ موسـڵمان بەگشتی دانەنانی لەپێشـترە، چـونکە گوتـاری ئـەرکباری ڕووی لـە هەمووانـە، خـۆ ئەگەر دانانی جێنشین و پێشەوا لەو ئەرکانـە بێـت کـە پێویسـتە ئاراسـتەی هـەموو ئەرکباران بکرێت، کەسێك بەهۆی نەبوونیی داراییەوە لـەم ئەرکـە نابەخشـرێت، بـە هەمان شێوەش کەس بە هۆی نەبوونییەوە لەم مافە بێبەش ناکرێت.

**مەرجی دووهەم: شایستەیی زانستی و خوێندەواری:**

داخـوازی مـەرجی شایسـتەیی زانسـتی ئەوەیـە کەسـەکە پلەیـەکی زانسـتیی دیاریکراوی هەبێت، یان بەلای کەمەوە بتوانێت بخوێنێت و بنووسێت.[1]

خاوەنانی ئەم بۆچوونە دەڵێن: داننان بە مافی سیاسیی ئەوانـەی نـە زانسـتیان هەیە و نە وریایی زیادەڕەوییە، کۆمەڵێك بیانووش بەرگری لەم بۆچوونەیان دەکەن کە گرنگترینیان:

١ـ هەڵبژاردنی نوێنەر کارێکە ئەندازەیەك زیرەکی و وریایی سیاسیی پێویسـتە، کەسـێك نـەتوانێت بخوێنێـت و بنووسـێت ئـەم وریاییـەی نییـە، هـەروەها پـاش هەڵبژاردن پێوستی بە ئەندازەیەك ڕۆشنبیری و کەمێك خوێندەواری هەیە.

٢ـ نهێنیبوون لە هەڵبژاردندا، کە یەکێکە لە گرەنتییەکانی بێگەردیی هەڵبژاردن، ئەگەر دەنگدەر نەخوێندەوار بوو نایەتە دی.

---

[1] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٢٠٤. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٦٠.

٣ــ هــەروەها دەكرێــت نەخوێنــدەوار بەئاســانی هەڵخەڵــەتێت، بەتایبــەت لــە هەڵمەتەكانی ڕاگەیاندنی چەواشەكاریدا، بەڵام هەڵخەڵەتاندنی خوێندەوار و ڕۆشنبیر قورسە.

وا دەردەكەوێت ئەم مەرجە زانستیبوونی تێدا نییە، ئەو هۆكارانەی خاوەنی ئەم بۆچوونە دەیڵێن بەهێز نییە، چونكە ئەو كەسەی بڕوانامەی زانستیی نەبێت یان توانای خوێندن و نووسینی نەبێت ناتوانایی هەڵبژاردن نییە، هەموو خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەكانیش توانای باشهەڵبژاردنیان نییە، ڕاستیش نییە كە بوترێت ناڕۆشنبیر و نەخوێندەوارەكان خەڵەتاندنیان ئاسانە، هەرچەندە زانست و ڕۆشنبیری هۆشیاری زیاد دەكەن و كەسێتی پتەوتر دەكەن و توانای مرۆڤ بۆ هەڵبژاردن زیاد دەكەن، بەڵام دەكرێت خەڵك هۆشیار بكرێتەوە و بگەیەنرێتە ئەم پلەیە، با خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەش نەبن.

دەستووری پرتوگالی ساڵی ١٩١١، هەروەها دەستووری ئیتاڵی ساڵی ١٩١٨، دەستووری میسرییش تا ساڵی ١٩٣٠ ئەمەیان بە مەرج دەگرت.(١)

بەڵام ویلایەتە باشوورییەكانی وڵاتی ئەمریكا كردبووی بە مەرج كە دەنگدەر دەبێت بتوانێت دەستوور بخوێنێتەوە و ڕاڤەشی بكات، بە مەبەستی دورخستنەوەی هاووڵاتییە ڕەشپێستەكان كە زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتووانی ئەم ویلایەتانەیان پێك دەهێنا.(٢)

هەندێك یاسای هەڵبژاردن مەرجی بۆ دەنگدەر ئەوە بوو تاقیكردنەوەیەكی تایبەت بەم مەبەستە تێپەڕێنێت، وەك لە ئیتاڵیا ڕووی دا.(٣) هەندێك لە

---

١ عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢٢٣.

٢ سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٣.

٣ إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٦٠.

دەستوورەكانیش خاوەن ماڵیان لە مەرجی شایستەیی زانستی دەبەخشی.[1] بەڵام یاسای هەڵبژاردنی بەلجیكی مافی دەنگدانی دەدا بە هەمووان، كەچی مافی دوو دەنگی دەبەخشی بۆ ئەوانە بڕوانامەی مامناوەندی و باڵای خوێندنیان هەلگرتبوو.[2]

## بەندی دووەم: هەڵبژاردنی گشتی:

كۆمەڵێك مەرج هەن نابێتە خەوش بۆ بنەمای هەڵبژاردنی گشتی، كە پێویستە لە هەموو حاڵەتێكدا هەبن، لەو مەرجانەش:

### یەكەم: تەمەن

خەریكە هەموو دەستوور و یاساكانی هەڵبژاردنی دەوڵەتان كۆدەنگ بن لە دانانی مەرجی تەمەندا، مەبەستیش لە تەمەن ئەوەیە كەسەكە بگاتە تەمەنی هۆشیارییەكی سیاسی كە شایستەی پیادەكردنی مافە سیاسییەكانی بێت لە ناویشیاندا مافی هەڵبژاردن.[3]

### دووهەم: ڕەگەزنامە

مەرجی ئەو كەسەی مافی هەڵبژاردنی هەیە دەبێت هەڵگری ڕەگەزنامەی دەوڵەتەكە بێت، واتە بیانی بۆی نییە ئەم مافە پیادە بكات، پیادەكردنی مافە سیاسییەكان تایبەتە بە هاووڵاتییان.

هەندێك دەوڵەت هەن جیاوازی دەكەن لە نێوان هاووڵاتیی ڕەسەن و هاووڵاتیی ڕەگەزنامەیی، لەسەر هاووڵاتیی ڕەگەزنامەیی پێویست دەكات ماوەیەك بەسەر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٠.

[2] محمود عاطف البنا، النظم السياسية، ص٣٤٩.

[3] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٢٠٦. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٦٢.

هەڵگرتنی ڕەگەزنامەکەیدا تێپەڕێت ڕەنگە بگاتە پێنج ساڵ یان زیاتر، لەپێناوی دڵنیابوون لە دۆستایەتی و دڵسۆزی بۆ نیشتمانە تازەکەی.[1]

**سێهەم: شایستەیی ژیریی:**

بە مەرجگرتنی سەلامەتی و درووستیی ژیریی بۆ ئەوانەی مافی هەڵبژاردن پیادە دەکەن جێگەی مشتومڕ نییە، بێبەشکردنی شێت و گەمژە لە هەڵبژاردن ستەمکردن نییە، ئەم مەرجە لەناو دەستوور و یاساکانی هەڵبژاردنی جیهان کۆدەنگیی لەسەرە، ئەو کەسەی شێت دەبێت مافی هەڵبژاردن لەدەست دەدات، بەڵام کە چاك بووەوە مافەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، یاساکانیش دەڵێن: سەلماندنی شێتبوون دەبێت بە حوکمی متمانەپێکراوی دادگا بێت، بۆ ئەوەی غەشی تێدا نەکرێت.[2]

**چوارەم: شایستەیی ئەدەبی**

مەرجە دەنگدەر خاوەنی شایستەیی ئەدەبی بێت، واتە حوکمێکی لەسەر دەرنەچووبێت ناموسی لەکەدار بکات، بە شێوەیەك ئیعتیباری نەهێڵێت.

هەندێك لە دەوڵەتان بەلای ئەوەدا دەڕۆن لەم مەرجەدا زیادەڕۆیی نەکرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانن تاوانەکان دیاری و دەستنیشان بکەن، وەك: تاوانی بەرتیل، دزی، ساختەکاریی، خیانەت.[3]

---

[1] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٢٠٧. عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢٢٤. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٦١.

[2] عبدالغني البسيوني، النظم السياسية، ص٢٢٦. ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٢١٣. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٦٣. محمود عاطف البنا، النظم السياسية، ص٣٥٤.

[3] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٢١٤. إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٦٣. محمود عاطف البنا، النظم السياسية، ص٣٥٦.

**پێنجەم: تۆمارکردن لە لیستی دەنگدەراندا**

ئەمە بە مەرجێکی زیادکراوی دڵنیاکار دادەنرێت، ئەویش ئەوەیە دەوڵەتان ناوی ئەوانەی مافی هەڵبژاردنیان هەیە و مەرجە یاساییەکان دەیانگرێتەوە لە تۆمارێکی تایبەتدا ڕێکی دەخەن، لە پێناوی پێداچوونەوە و پوختکردنی و پیشاندانی بە خەڵك بەگشتی، تا ڕێوشوێنە یاساییەکان تەواو بکەن و لە سەلامەتییان دڵنیا بن، ئەو کەسەشی لە لیستەکەدا نەنووسرابێت مافی هەڵبژاردنی نییە.[1]

**بەندی سێهەم: دەستەی هەڵبژاردن لە شەریعەتی ئیسلامدا**

ئەوانە مافی هەڵبژاردنیان هەیە لە شەریعەتی ئیسلامیدا کێن؟ ئایا سەرجەم هاووڵاتیان لەم مافەدا یەکسانن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ماوەی پیشاندانی مەرجی خاوەن مافی هەڵبژاردن لە سیستەمی سیاسیی ئیسلامیدا دەدەینەوە.

زانایانی پسپۆڕی ئەم بوارە لە شەریعەتی ئیسلامیدا، تەنها باسیان لە جێنشین کردووە، مافی ئەم هەڵبژاردنەشیان تایبەت کردووە بەوەی کە پێی دەوترێت ئەنجومەنی ڕاوێژ (أهل الحل و العقد) یان ئەنجومەنی یاسادانان، ئەم مەرجانانەشیان داناوە:

یەکەم: دادگەرییەك کە هەموو مەرجەکانی دادگەری لەخۆ بگرێت.[2]

دووەم: زانستێك کە بەهۆیەوە ئەو کەسە بناسێت کە شایستەی پێشەوایەتییە بەو مەرجانەی کە پێویستە تیایدا بێت.[3]

---

[1] إبراهيم شيحا، مبادئ الأنظمة السياسية، ص١٦٣. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٤٣٥.

[2] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٦، لقد تقدم شرح هذا الشرط في بحث شروط الخلافة يمكن الرجوع إليها.

[3] سەرچاوەی پێشوو. ص٦.

لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکرێت ئەم مەرجە مەبەستی ئەو زانستە نییە کە ئیجتیهادی پێ دەکرێت، وەك لە مەرجی خەلیفەدا هاتووە، کە ماوەردی بەو دەقەی سەرەوە هێناویەتی، واتە: شارەزایی، مەرجەکانی بوونبەجێنشین و سیفەتەکانی بزانێت، بشزانێت ئەرك و مافی چییە و توانای هاوسەنگکردن و بەراوردکردنی کەسەکانی هەبێت بزانێت کێ باشترە.

سێهەم: بۆچوون و حیکمەتێك لە پاڵنەری هەڵبژاردنی ئەو کەسە بن کە بۆ پێشەوایەتی شایستەتر و بەتواناترە لە ئیدارەدانی بەرژەوەندییەکاندا، واتە: مەعریفەت و شارەزایی هەبێت لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و ناسینی کەسەکان و زانینی کێ گونجاوترینی هەموو دۆخ و ئەرکەکان بێت.[1]

بابەتی کورتهەڵهێنانی دەستەی هەڵبژاردن تەنها لەم کۆمەڵە خەڵکەدا، کە ئەم مەرجانە ژمارەیان لە قاڵب دەدات، ئەمەیان بە قیاسکردن وەرگرتووە لەسەر ئەهلی حەل و عەقدی سەردەمی جێنشینە ڕاشیدینەکان، کە پێك هاتبوون لە پێشینە موسڵمانەکان کە پێیان دەوترا کۆچەر و پشتیوانان، یان بەدرییەکان، یاخود پیرانی هاوەڵان و ئەوانەی لە پێشتردا موسڵمان بوون و بەشداریی هەموو جەنگەکانیان کردووە لەگەڵ پێغەمبەری خودادا (دروودی خودای لەسەر) هەر لە سەرهەڵدانی پەیام و بانگەوازەوە.

بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکان و ئەو سەردەمە مێژووییەی کە ڕوویان دا و لەنێوان ئەمڕۆماندا.

بۆیە دەبێت لە کاتی قیاسکردن لەسەر ئەو ماوەیە و هەڵێنجانی ئەو حوکمانە پێیانەوە و سەبارەت بە بابەتی جێنشینایەتی و هەڵبژاردن ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

---

[1] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٦.

یەکەم: کۆچەرییە قورەیشییەکان هەر لە سەرەتای بانگەوازەوە یەکەم کەس بوون باوەڕیان بە پێغەمبەری خودا هێنا، پاشان پشتیوانان پێیانەوە نووسان، ئەمانە بوون بە یەکەم کاروانی هاوەڵان کە لەگەڵ هاتنی بانگەواز و پەیدابوونی پەیامەکەوە بوون و لەگەڵ دابەزینی ئایەت و سورەت بە سورەتی قورئاندا بوون، قورئانی پیرۆز وەڵامی پرسیارەکانیانی دەدایەوە، حوکمی ئەو بۆنە و ڕووداوانەی تیایاندا دەژیان ڕوون دەکردەوە، هەروەها پێغەمبەری خودایان (درودی خودای لەسەر) لەناودا بوو، خۆی پەروەردەی دەکردن و بەرەو ڕاستی و چاکی ئاڕاستەی دەکردن، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا سەرکردایەتیی کرداریی واقیعی دەکردن.

کەواتە ئەوان شارەزاترین خەڵکی سەرزەوین بە ئیسلام، لە هەموانیش زیاتر لە ئایەتەکان و هۆکاری دابەزین و بۆنەکانیان تێدەگەن، زیاتریش لە مەبەست و نیازی خودای مەزن حاڵی دەبن، بۆیە لەگەڵ ئەو خەڵکە زۆرەی سەردەمی فتووحات و دوای ئەوانیش یەکسان نابن.

دووهەم: پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) شایەتیی باشترین و جودایی لەوانەی دوای خۆیان بە چاکە دێن بۆ داون، بۆیە کەس زماندرێژیی لەسەر نەدەکردن و شانەخڕێی لەگەڵ نەدەکردن لەسەر سەرکردایەتیکردنی موسڵمانان و گرتنەدەستی کاروباریان، ئیتر جێگەی کۆدەنگی و وێستگەی ڕێککەوتن بوون، کەواتە ئەوان بەڕاستی ئەهلی حەل و عەقدێکی واقیعی بوون، بەبێ ئەوەی دابنرێن و هەڵبژێررێن، بۆیە لە نموونەی ئەوەی لەو ماوە مێژووییە تاقانەیەدا هەبوو پێویست ناکات دووبارە بکرێنەوە.

بەڵام ئەگەر بمانەوێت لەبارەی ئەنجومەنی ڕاوێژ (أهل الحل و العقد) بکۆڵینەوە و چۆنیەتیی دانانیان بزانین، پێویستە ڕێگایەکی شەرعیی چوارچێوەڕوون بگرینە بەر بۆ چۆنیەتیی گەیشتن بە پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاوێژ.

**پایەکانی ئەم ڕێگایەش بەم خاڵانە دەستنیشان دەکرێن:**

**یەکەم**: ئەنجومەنی ڕاوێژ ئەوان نوێنەرایەتیی هەموو موسڵمانان دەکەن، لەبری ئەوان کۆمەڵێك واجباتی کیفایی جێبەجێ دەکەن، بەتایبەت پەیوەستن بە بابەتی پێویستیی دۆزینەوەی ئەو کەسەی کە جێنشینایەتی یان سەرۆکایەتیی گشتی بۆ دادەمەزرێت، هەموو موسڵمانان لەسەر ئەمە یەکدەنگن جگە لە کەمێکی دەگمەن کە حساب بۆ بۆچوونیان ناکرێت، گوتاری ئەرکباریش ڕووی لە هەموو ئوممەتە بەگشتی، ئوممەتیش ئەنجومەنی ڕاوێژ نوێنەرایەتیی دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبات کە ئەرکی ئوممەتی ئیسلامییە ئەنجومەنی ڕاوێژ دیاری بکات و بڕیاریش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، جا بینا لەسەر ئەمە پێویستە ئەم بەرپرسیارێتییە بدرێتە دەست هەموو ئوممەت.

**دووهەم**: کە ئوممەتی ئیسلامی ئەرکباری شەرعی بێت تاکەکانیشی ئەرکبار بن بە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، کەواتە دەبێت مافی دانانیان بدرێتێ و ئازادیش بن تیایدا.

باشترین ڕێگا و ڕێباز بۆ دەربڕینی ئازادی دیاریکردنی گشتی لەئەمڕۆدا هەڵبژاردنی ئازادانەی بێگەردە، کە لەسەر مەرجە شەرعییەکان بکرێت.

**سێیەم**: پێویستیشە لەمەدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا یەکسان بن، خەڵکی پایتەخت شوێنەکانی دیکە جیاواز نین، ناکرێت تاقمێك لەوانی دیکەی زەوت بکات ئەو تاقمە هەرچییەك بن.

**مەرجەکانی هەڵبژاردن لە شەریعەتی ئیسلامدا:**

زانایان مەرجی جێنشین یان پێشەوایان خستوەتە ڕوو، لۆژیکناسان و زانایانی فەرموودەش قسەیان لەم بابەتەدا کردووە، شارەزایانی حوکم و سیاسەتیش وەك

ماوەردی و ئەبو یەعلا و جگە لەوانیش مەرجەکانی ئەنجومەنی ڕاوێژیان خستووەتە ڕوو.

بەڵام بابەتی مەرجەکانی دەنگدەر بە شێوەیەکی گشتی لای زانایان باس نەکراوە، تەنها لە سەردەمی نوێدا نەبێت، دەکرێت بۆ بابەتی مەرجەکانی دەنگدەر لە دەروازەی چۆنیەتیی پێگەی جێنشین لە شەریعەتی ئیسلامیدا و چۆنیەتیی هەڵبژاردندا بچینە ژوورەوە، لەوانەوە مەرجە بنەڕەتییەکانی کەسی دەنگدەر دیاری بکەین.[1]

دەکرێت بابەتەکە لە دوو ڕووەوە پوخت بکەینەوە:

**ڕووی یەکەم: جێنشینایەتی گرێبەستێکی نێوان میللەت و حوکمڕانە**

قسەی پەسەند لای زۆرینەی زانانیانی کۆن و نوێی ئەهلی سوننەت ئەوەیە: پێشەوا نوێنەری میللەتە و وەکیلیەتی، بۆ ئیدارەدانی کاروبار و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە گشتییانەی کە لەسەر هەموو میللەتە جێبەجێی بکات، بەو شێوە کارەکانی فەرمانڕەوا تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکو لەبری هەموو موسڵمانانە، بۆیە بە مردنیشی کۆتایی نایەت و شوێنەواری هەر دەمێنێت.[2] (حلیمی) جەخت لەوە دەکاتەوە کە بنەمای شەرعیەتوەرگرتنی پێشەوا گرێبەستە نەك شایستەیی: "ئەگەر شایستە بوو نابێتە پێشەوا، بەڵکو بەو گرێبەستەی دەبەسترێت دەبێتە پێشەوا، چونکە گرێبەست شایستەیی نییە پێگەیەکی دوای ئەوە، جا ئەگەر بە گرێبەستی ئەنجومەنی دەستنیشانکردن و پەیمانپێدانی موسڵمانان بەگشتی بوو بە پێشەوا، ئیتر ئەوە جێنشین و گەورەی باوەڕدارانە با لاواز و کەمتوانایش بێت".[3]

---

[1] قحطان الدوري، الشورى بين النظرية والتطبيق، ص١٠٤.

[2] منير البياتي، الدولة القانونية والنظام السياسي الإسلامي، ص٣٣٧.

[3] رضوان السيد، الأمة والجماعة والسلطة، ص١٣٧.

ئیبن تەیمیە دەربارەی کاربەدەستان دەڵێت: "ئەوانە وەکیلی خەڵکەکەن بەسەر خۆیانەوە، کە پلە هاوبەشێکن لە نێوان دوو هابەشدا، چونکە لەواندا مانای دەسەڵاتداری و وەکیلی هەیە".[1]

ئیبن تەیمیە دەگێڕێتەوە کە ئەبو موسلیمی خەولانی چووە لای موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و وتی: "ئەی کرێگرتە (أجیر) سڵاوت لێ بێت، وتیان: بڵێ ئەی ئەمیر سڵاوت لێ بێت، وتی: ئەی کرێگرتە سڵاوت لێ بێت، جا موعاویە وتی: واز لە ئەبو موسلیم بێنن خۆی باشتر دەزانێت چی دەڵێت".[2]

زاراوەی ئەمانەت لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بەرامبەر کاربەدەستی هاتووە، لە فەرموودەیەکی درووست کە موسلیم لە ئەبو زەڕەوە دەیگێڕێتەوە دەربارەی کاربەدەستی هاتووە: "ئەمە ئەمانەتە و لە ڕۆژی قیامەتدا سەرشۆڕی و پەشیمانییە، مەگەر کەسێك بە مافی خۆی وەری بگرێت و ئەوەی لەسەریەتی جێبەجێی بکات".[3]

لە فەرموودەکان و دەستەواژەی زانایاندا دەبینین وەسفی جێنشینایەتی، یان کاربەدەستی بە شێوەیەکی گشتی بە وەکیلی یان نوێنەرایەتی (نیابە) یان ئەمانەت (ڕاسپاردە) دەکەن، کە هەموو ئەمانە ناوی جۆرێکی دیاریکراوی گرێبەستن، ئەم گرێبەستانەش پێویستیان بە کۆمەڵە مەرجێکە بۆ سرووشتی گرێبەست و شوێنی گرێبەست و گرێبەستکاران. پەیماندانیش لە خودی خۆیدا گرێبەستی نێوان حوکمڕان و جەماوەرە، وەك بینیمان ئیبن خەلدوون پەیمانی بەم شێوەیە پێناسە

---

الحليمي: هو أبو عبدالله تلميذ الإمام الأشعري، وضع كتاب (المنهاج في شعب الإيمان) توفي سنة (٤٠٣هـ). شهد عصر الحكم البويهي في بغداد.

[1] ابن تيمية، السياسة الشرعية، ص١٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٨.

[3] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص٢١٠.

کرد: "بزانە پەیمان بەڵێندانە لەسەر گوێڕایەڵی"[1]، عەبدوڕەزاق سەنهوری شارەزای یاسایی لە بابەتی پەیمان کۆڵیوەتەوە و ئەو گوتەیەی پەسەند کردووە کە دەڵێت: گرێبەستی پەیدابوونی دەسەڵاتە.[2] ئەو بابەتەمان لە لاپەڕەکانی پێشوودا باس کرد، لێرەوە دەڵێین کە سەرۆکایەتیی گشتی لە ئیسلامدا دەرەنجامی گرێبەستی نێوان حوکمڕان و جەماوەرە و کۆمەڵێك ماف و ئەرکی بۆ هەردوو لایان لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش پێویست دەکات کە هەردوو گرێبەستکار مەرجیان هەبێت وەك هەر گرێبەستێك.

پێویستە چۆنیەتیی گرێبەستی پەیماندان لە ئیسلامدا بە گرێبەستی ئۆباڵبەندی (وکالة) نەچوێنرێت، مەرجەکانی وەکیل و وەکیلدانەر لەسەر دوو لایەنی گرێبەستی پەیماندان جێبەجێ نابن، ناشکرێت لێرەدا قیاس بکرێت، هەروەها مەرجەکانی نوێنەر و نوێنەرایەتی بەسەر دوو لایەنی گرێبەستی پەیماندانداندا ناچەسپێت، چونکە ئۆباڵبەندی و نوێنەرایەتی (الوكالة و النيابة) لە گرێبەستە ئارەزوومەندییەکانە، کە دەکرێت گرێبەستەکە بە لایەنێك یان هەردوو لا بەبێ هۆ هەڵوەشێنرێتەوە، ئەمە بەسەر مەسەلەکەی ئێمەدا ناچەسپێت، هەروەها لە وەکیل و وەکیلدانەر و نوێنەر و نوێنەردانەر ئەو مەرجانە لە ئیسلامدا دانەنراون کە لە گرێبەستی پەیماندانـدا پێویستن کە ئیسلام و دادگەری و زانست و جگە لەوانیشە.

دەکرێت ئەوە پەسەند بکرێت کە دەڵێت: پەیماندان گرێبەستێکی تایبەتە بە خۆیەوە مەرجی تایبەت و دەرئەنجامی تایبەتیشی هەیە، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە لێکچوون هەیە لە نێوان گرێبەستی پەیماندان و گرێبەستی ئۆباڵبەندی و نوێنەرایەتیدا، بەتایبەت لە بواری دەستێوەرداندا، چونکە ئەمیر یان سەرۆك وەك وەکیل لەبری میللەت لەو شتانەی بۆی درووستە دەستوەردان دەکات.

---

[1] ابن خلدون، المقدمة، ص٢٠٩.

[2] عبدالرزاق السنهوري، فقه الخلافة وتطورها، ص١٤٣.

ئـەوەی لـەم بابەتـەدا لامـان گرنگـە بەمـەرجگرتنی شایسـتەیی هـەردوو لای گرێبەستکارن لە گرێبەستەکەدا و گرێبەستی پەیمانـدانیش پەیـداکاریی دەسـەڵاتە، بۆیە پێویستە شایستەیی تەواو بۆ بەجێهێنانی بە مەرج بگیرێت.(١)

شایستەیی تەواوی بەجێگەیاندنیش پێویستی بە:

١ـ باڵغبوونە: مەبەست پێی گەیشتنی مرۆڤە بە ئەندازەیـەکی پێویسـتی توانـای جەسـتەیی و گەشـەی ئـاوەز و عـەقڵ بـە شـێوەیەك بتوانێـت ئەرکـە شـەرعییەکان جێبەجێ بکات، زانایانی شەریعەت لەسەر ئـەوە ڕێکـن کـە مـرۆڤ بـاڵغ بـوو گوتـاری ئەرکباری شەرعی ڕووی تێدەکات وەك خەڵکی تر و کەسی باڵغ ئیتر ئەرکبار دەبێت بەو ئەرکانەی لەسەر خەڵکە بـە مەرجـە شـەرعییەکانەوە، وەك: باوەڕهێنـان، کـار، جیهـاد، مـاڵ بەخشـین، بەشـداریکردن لـە بنیاتنـانی بەرژەوەندییـە کۆمەڵایەتییـە گشتییەکان بەپێی توانا، هەروەها مرۆڤی باڵغ حوکمە شەرعییەکان دەیگرێتەوە کە دەقەکانی شەریعەت و بنەما گشتییەکان دیارییان کردووە.(٢)

بـاڵغبوونیش بـە دەرکـەوتنی نیشـانە سرووشـتییەکان دەناسـرێتەوە و سـاڵێکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشـان نـەکراوە، بـەڵام بەشـێکی زانایـان کۆتاییـان بـۆ سـاڵی باڵغبوون دیاری کردووە، ئەمەش جێگەی ڕاجیاییـە، ئـەبو حەنیفـە دەڵێـت بـۆ نێـر هەژدە ساڵ و بۆ مێ حەڤدە ساڵە، ئەوەی لـە مەزهـەبی ئـەبو حەنیفەشـدا فـەتوای لەسـەر دراوە بـۆ کەمیەکـەی دوازدە سـاڵ بـۆ نێـر و نـۆ سـاڵ بـۆ مێیـە، لایـەنی سەرەوەشی بە پازدە ساڵ دیاری کردووە.(٣)

---

١ مصطفى الزراقاء، المدخل الفقهي العام، ج٢، ص٧٤٣.

٢ مصطفى الزرقاء، المدخل الفقهي العام، ج٢، ص٧٧٧.

٣ مصطفى الزرقاء، المدخل الفقهي العام، ج٢، ص٧٧٩. مجلة الاحكام العدلية (م٩٦٨).

٢ـ پێگەیشتن (الرشد): ڕەنگە مرۆڤ باڵغ ببێت، بەڵام نەگاتە پلەی شایستەیی تەواو، کە مەرجی ڕاپەڕاندنی دەستوەردانە مەدەنییەکانیەتی، ئەمەش بەستراوە لەسەر سیفەتێکی دیکە لە سەروو باڵغبوونەوە کە پێگەیشتنە.

پێگەیشتنیش بە مانای گونجاوی زانینی ڕاستەڕێگرتنی کردارە، پێگەیشتنی ڕاستەقینەش پێگەیشتنی ژیرییە، زانایان پێگەیشتن بەوە دەردەبڕن کە دەبێتە خاوەن دیدێکی دارایی کە دەتوانێت بەو داراییەوە هەڵسوکەوت بکات، ئەمەش پاڵپشت بەو ئایەتە کە دیاری دەکات کەنگێ سەروەت و سامان ڕادەستی هەتیو دەکرێتەوە: ﴿فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ﴾.[1] واتە: "ئەگەر هەستتان کرد لەواندا ژیری و (پێگەیشتن) هەیە، ئەوە سامان وماڵەکانیان پێ بدەنەوە".

بەم پێگەیشتنە —نەك باڵغبوون— شایستەیی تەواوی مەدەنیەت بە کەسەکە دەدرێت، بەم تەواوبوونە دەرکەوتەکانی دیکەش دێتە دی، وەك ئازادکردنی لە هەڵسوکەوتی دارایی و پێدانەوەی سەروەت و سامانەکەی. لەسەر ئەم بنەمایەش مرۆڤ کە پێگەیشت ئیتر هەر لە دوای باڵغبوونیەوە شایستەیی تەواوی دەبێت و لە بیروڕای خەڵکی قوتاری دەبێت، خۆی هەڵسوکەوت و بڕیارەکانی بەجێ دەهێنێت و ماڵ و موڵکی تەسلیم دەکرێت. مەسەلەی دیاریکرنی تەمەنی پێگەیشتن، شەریعەتی ئیسلام جێی هێشتووە بۆ کاربەدەستان بەپێی بارودۆخ و بەرژەوەندیی گشتی و سیاسەتی شەرعی دیاری دەکەن، هەندێك لە یاسا مەدەنییەکان بە (بیست ساڵ)[2] دیارییان کردووە، هەیانە بیستویەك ساڵە، هەشیانە هەژدە یان نۆزدە ساڵە،[3] ئەوانەی ڕێگری شایستەیین گەمژەیی و شێتی و ناکامڵییە.

---

[1] النساء: ٦.

[2] حددت ذلك الإدارة السلطانية العثمانية عام (١٢٨٨هـ)، انظر المدخل الفقهي، ج٢، ص٧٩١.

[3] القانون المدني المصري، القاون المدني السوري مادة (٤٦) حددته بثماني عشرة سنة. مصطفى الزرقاء، المدخل الفقهي، ج٢، ص٧٩٢.

## **ڕووی دووهەم: هەڵبژاردن جۆرێکە لە شایەتیدان**

دەکرێت لە ڕوویەکی دیکەوە بەوە سەیری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین، کە دەنگدەر دەنگ دەدات، ئەوە شایەتیدانە بە شایستەیی ئەو کەسەی هەڵی بژاردووە بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی، لە شەریعەتی ئیسلامییشدا شایەت دەبێت کۆمەڵە مەرجێکی دیاریکراوی تێدا بێت تا شایستەی شایەتیدان بێت.[1]

دەکرێت سەرنجی مەرجەکانی شایەت بین تا بیکەینە دەلاقەیەك لێوەی بڕوانینە مەرجەکانی دەنگدەریش لەگەڵ هەوڵی جیاکردنەوەیان لە چەند ڕوویەکەوە.

ئەو مەرجانەی کۆدەنگییان لەسەرە لای زانایان بۆ شایەتی[2]

**یەکەم: باڵغبوون:** بە دەرکەوتنی نیشانەی سرووشتییەکانیدا دەناسرێتەوە، ئەویش توانستی جەستەییە بۆ لەئەستۆگرتنی ئەرکە شەرعییەکان کە لە زۆر کاتدا نیشانەی توانستی ژیرییشە.

**دووهەم: ئاوەز (عەقڵ):** دەبێت ژیرییش هاوشانی باڵغبوون بێت، تا لە ڕووی شەرعییەوە ئەرکبار بێت و بەرپرسیارێتی گوفتار و ڕەفتار لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە شایەتی شێت و نابەکام و گەمژە وەرناگیرێت.

**سێیەم: نەخەڵەفان:** ئەو کەسە بە لەبیرچوونەوە و سەهووی بێئەندازە نەناسرابێت، کە نەتوانێت قسەکانی لەبەر بکات یان بە هەڵەکردنی زۆر نەناسرابێت.

---

[1] قحطان الدوري، الشورى بين النظرية والتطبيق، ص١٠٨.

[2] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٦، ص٢٨٠. ابن فرحون، تبصرة الحكام، ج١، ص١٩٣. الشربيني، مغني المحتاج، ج٤، ص٤٢٧. البهوتي، كشاف القناع، ج٤، ص٢٥٢. ابن حزم، المحلى، ج٩، ص٤٠٥. القوانين الفقهية، ص٢٠٢. الاختيار، ج٢، ص١٤١. ابن قدامة، المغني، ج٩، ص١٦٤. بداية المجتهد، ج٢، ص٣٤٦. ابن عبدالبر، الكافي، ج٢، ص٨٩٢.

**چوارەم: دادگەریی:** کۆمەڵێك پێناسەی دادگەریی کراون، کە دەسووڕێنەوە لە چوارچێوەی پابەندبوون بە حوکم و ئادابە ئیسلامییەکان و خۆلادان لەوانەی لە شەرع و نەریتدا لەکەداری دەکەن.

**پێنجەم: ئیسلام:** شایەتی ناموسڵمان لەسەر موسڵمان وەرناگیرێت، چونکە شایەتی مانای دەسەڵاتداریێتی دەگەیەنێت، بەڵام شایەتی لە کاتی پێویستدا لەمە جیا کراوەتەوە، کاتێك کارەکە فەوتانی مافی تێدا بوو، مافەکەش بەو شایەتییە نەبێت نەدەگەڕایەوە، وەك شایەتیی وەسیەتکردن لە سەفەردا.[1]

### ئەو مەرجانەی ڕاجیاییان لەسەرە:

زانایان لەسەر کۆمەڵە مەرجێکی دیکە ڕاجیان، بەشێکیان بوونیان لا پەسەندە و هەندێکیشیان نەبوونیان، لەو مەرجانەش:

**یەکەم: بگۆ:** واتە بتوانێت بە قسە شایەتی بدات، حەنەفییەکان و حەنبەلی و شافیعییەکان بە مەرجی دادەنێن،[2] مالیکیەکان و مەزهەبەکانی دیکە شایەتیی لاڵ ئەگەر لێی تێگەیت بە درووست دادەنێن.[3]

**دووهەم: بینین:** ڕای پەسەند لای حەنەفیەکان بەمەرجگرتنی بینینە، بەڵام زوفەر پێچەوانەیانە، مالیکی و حەنبەلی و شافیعیەکان وەرگرتنی شایەتیی کوێر بە درووست دەزانن.[4]

---

[1] قحطان الدوري، الشورى بين النظرية والتطبيق، ص١٠٨. عبدالكريم زيدان، أحكام الذميين والمستأمنين، ص٥٧٧.

[2] الاختيار، ج٢، ص١٤١. ابن قدامة، المغني، ج٩، ص١٩٠. الشربيني، مغني المحتاج، ج٤، ص٤٢٧.

[3] ابن عبدالبر، الكافي، ج٢، ص٨٩٩.

[4] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٦، ص٢٨٠. ابن فرحون، تبصرة الحكام، ج١، ص١٩٣. الشربيني، مغني المحتاج، ج٤، ص٤٢٧. البهوتي، كشاف القناع، ج٤، ص٢٥٢. ابن حزم، المحلى، ج٩، ص٤٠٥. القوانين

**سێهەم: تۆمەتبارنەبوون:** هەندێك لە زانایان تۆمەتبارنەبوو بە مەرج دادەنێن، بە شێوەیەك نەبێت پەیوەندیی نزیکی خزمایەتی هەبێت یان دوژمنایەتی لە نێوانیان ببێت،(1) هەندێکیش ئەگەر شایەتەکە دادگەر بێت بە درووستیان زانیوە.(2)

وا دیارە ئەم مەرجانەی کە ڕاجییان لەسەرە حوکمدان تیایاندا بۆ هەر حاڵەتێك بەتایبەت دەبێت، واتەك حاکم بۆچوونی تایبەتی خۆی دەبێت لە هەڵسەنگاندنی مەسەلەکەدا، دەسەڵاتی ئەندازگیریی لەلایەن حاکمەوە بەقورسایی شایەتییەکە و نیشانەکانی دەدرێت.

ئەم مەرجە لە بابەتی مەرجەکانی دەنگدەردا بۆ ئێمە گرنگ نییە، چونکە دەنگدەر با نابینا و لاڵیش بێت، هەر مافی هەڵبژاردنی بەرپرسی و نوێنەری میللەتی هەیە، ئەوەندەش دەزانێت بتوانێت هەڵبژێرێت، بینا لەسەر ئەوانەی ڕابورد دەکرێت پشت ببەسترێت بە باڵغبوون، ژیریی، هۆشیاری، دادگەری.

دەتوانین بڵێین هەڵبژاردن مافێکی گشتیی هەموو هاووڵاتییەکە مەرجەکانی شایستەیی بەجێهێنانی تەواوی تێدا بێت لە پیادەکردنی گرێبەستە مەدەنییە تەواوەکاندا، کە باڵغی و ژیری و پێگەیشتوویی دەخوازێت و تاك لەم حاڵەتەدا بەرپرسیارێتیی تەواو لەئەستۆ دەگرێت، گوتاری شەرعیی ئەرکباری دەیگرێتەوە و ملکەچی سیستەمی گشتی دەبێتەوە و شایستەی مەزننەکردنی بەرژەوەندییە.

---

الفقهية، ص٢٠٢. الاختيار، ج٢، ص١٤١. ابن قدامة، المغني، ج٩، ص١٦٤. بداية المجتهد، ج٢، ص٣٤٦. ابن عبدالبر، الكافي، ج٢، ص٨٩٢.

(1) ابن قدامة، المغني، ج٩، ص١٩١، بداية المجتهد، ج٢، ص٣٤٥. الاخيار، ج٢، ص١٤٧.

(2) الشربينى، مغني المحتاج، ج٤، ص٤٣٤، انظر بحث القضية بشيء من التفصيل. قحطان الدوري، الشورى بين النظرية والتطبيق، ص١٢١.

جگە لەوانە مەرجی دادگەرییشی بۆ زیاد دەکەین، کە پێویستە لەو کەسەی شایەتی لێ وەردەگیرێت هەبێت، ئەمەش دەکردنی حوکم و سەلماندنی مافەکانی لێ دەکەوێتەوە، لەم بوارەشدا پێویستە لە چوار بابەت بکۆڵینەوە:

**بابەتی یەکەم: مەرجی دادگەریی:**

زانایان و فەرموودەناسان ئەم زاراوەیەیان بەکار هێناوە، دادگەرییان بە مەرج داناوە بۆ کەسێك شایەتیی لێ وەربگیرێت، هەروەها مەرجی قبوولکردنی گێڕانەوەی فەرموودەشە، هەروەها ئەم مەرجە بۆ ئەوانەی دەچنە سەرۆکایەتیی گشتی بە هەموو پلەکانیەوە دانراوە، کاتێکیش بۆ مانای دادگەری دەگەڕێتەوە دەبینین چەند پێناسەیەك کراوە:

- ئیبن عەبدولبیڕ دەڵێت: مەرجی دادگەریی دەبێت کەسەکە جێگەی ڕەزامەندی و دڵنیایی بێت و حاڵی مامناوەند بێت، بەوە ناسراو بێت لە شتە سووك و بێکەڵکەکان دوورگیر و خاوێنە، خۆی لە تێکەڵی کەسانی بێخێر دەپارێزێت لە مامەڵەکردندا.(١)

- نەخەعی دەڵێت: دادگەر کەسێکە گومانی لێ دەرنەکەوتبێت.(٢)

- ئیبن قودامە دەڵێت: دادگەری بە پوختی ئەوەیە لە ئایین و ئاکاریدا ڕاست بێت.(٣)

- نەوەوی دەڵێت: مەرجی دادگەری خۆلادانە لە گوناهە گەورەکان و بەردەوامنەبوونە لەسەر گچکەکان.(٤)

---

١ ابن عبدالبر، الكافي، ج٢، ص٨٩٢.

٢ ابن قدامة، المغني، ج٩، ص١٦٧.

٣ سەرچاوەی پێشوو، ج٩، ص١٦٧.

٤ مغني المحتاج، ج٤، ص٤٢٧.

ـ ئیبن جەزەری دەڵێت: دادگەر کەسێکە لە گوناهی گەورە لا بدات و خۆی بپارێزێت لە بچووکەکان و پارێزگارییش لە کەسایەتیی خۆی بکات.[1]

ـــ ئیبن ڕوشد دەڵێت: دەبێت پابەند بێت بە ئەرکە شەرعی و پەسەندکراوەکانیەوە، خۆپارێزیش بێت لە حەرامکراو و ناپەسەندەکان.[2]

ـ ماوەردی دەڵێت: دادگەر ئەوەیە قسەی ڕاست بێت، بە ڕواڵەت ئەمین بێت، لە حەرامەکان دوورەپەرێز بێت، لە گوناهەکان خۆپارێز بێت، دوور بێت لە گومان، لە ڕەزامەندی و تووڕەییدا جێگای متمانە بێت، کەسایەتیی دینی و دنیایی بپارێزێت.[3]

ــ جورجانی دەڵێت: خۆلادان لە تاوانە گەورەکان و مکوڕنەبوون لەسەر بچووکەکان، چاکەی زاڵ بێت و خۆی لە ڕەفتارە سووکەکان لا بدات.[4] دەکرێت لەم مەرجانەوە، دادگەریی دەنگدەر هەڵێنجێنین کە پێویستە، بە سەرپێچیکردنی ئاشکرا نەناسرابێت، کەسێکی لادەر نەبێت، تۆماری دادگای نەبێت و لە تاوان پارێزراو بێت، بەتایبەت تاوانی شایەتی درۆ و ناوزڕاندن.

هەروەها بنەما لە هەموو کەسێکدا دادگەرییبوونە، هەتاکو دژەکەی دەسەلمێت، بۆیە بریندارکردنی هەرکەسێك پێویستی بە بەڵگە و سەلماندن هەیە، سیفەتی دادگەری پێوستی بە سەلماندن نییە، خاوەنی (الأختیار) لەم بابەتەدا دەڵێت: "دادگەری خۆی بنەمایە، فاسقکردنیش هەڵتۆقیوە، دورست نییە دەستبەرداری بنەما ببین بۆ هەڵتۆقیو".[5] جا ئەگەر لەمڕۆدا ویستمان مەرجی دادگەریی بۆ

---

[1] القوانین الفقهیة، ص٢٠٣.

[2] بدایة المجتهد، ج٢، ص٣٤٦.

[3] الأحكام السلطانیة، ص٦٦.

[4] الجرجاني، التعریفات، ص١٩٢.

[5] الاختیار، ج٢، ص١٤٢.

دەنگدەر دابنێین، پێویستە مەرجەکە وا نەبێت کە زۆر لە هاووڵاتییان بێبەش بکات لـە مـافی دەنگـدان، مەرجـەکان وەهـا نـەبێت خێـرا دەنگـدەر تۆمـەتبار بکـات و پەیوەندیی هاونیشتمانییان تێك بدات، بەڵکو مـەرجێکی دیـاریکراو بەسـە، ئـەویش ئەوەیە نابێت دەنگدەر حوکم درابێت لەسەر تاوانێك کە نامووس و ئـایینی لەکـەدار بکات.

## بابەتی دووەم: ڕەگەزنامە و هاووڵاتیبوون

بەمەرجدانانی بوونی ڕەگەزنامە پێویست و حەتمییە بۆ ئەوەی هاووڵاتی هـەموو مافە سیاسییەکانی پیادە بکات، ئەم مەرجانەمان لە بەشی یەکەمدا باس کـردووە، بۆیـە دەتـوانین ئـەو بەڵگانـەی لەوێـدا هێناومـانن لـە ڕووی شـەرعییەوە، بـۆ مـافی هەڵبژاردنیش بینای لەسەر بکەین، کە بەکورتی ئەمانە بوون:

یەکەم: خودا دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا﴾.(1) واتە: "ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کۆچیان نـەکردووە بـۆ ئێـوە نییـە هـیچ جـۆرە دۆسـتایەتییەکیان بکـەن هـەتا کـۆچ نەکـەن". ئێمـە لـە مافـە دەستوورییەکانی گەلانی دەوڵەتی ئیسلامی زۆر پشتمان بـەم ئایەتـە بەسـتووە، کـە بنەمایـەکی مەزنـە لـە بەخشـینی سـیفەتی ڕەگەزنامـە و هاووڵاتیبوونـدا، هـەروەها بنەمایەکی سەرەکییشە بۆ بەخشینی مافە سیاسییەکان، ئەم ئایەتـە بێبەشـبوونی موسـڵمان دەگەیـەنێت لـە هـەموو مـافێکی سیاسـی، ئەگـەر نەهاتـە نـاو سـنووری دەوڵـەتی ئیسـلامییەوە و ڕازی بـوو لـە ڕووی یاسـایی و سیاسـییەوە سـەر بـە دەوڵەتێکی دیکە بێت. یەکێکیش لەو مافانە هەڵبژاردنە کە ناوەڕۆکەکەی دەنگدانـە بە پێدانی دەسەڵاتی سیاسی و سەرۆکایەتیی مەزن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. جا ئـەو موسـڵمانەی کـە هـاووڵاتی نییـە، ئەگـەر بێبـەش کـرا لـە مـافی خۆپـاڵاوتن بـۆ

---

(1) الأنفال: ٧٢.

سـەرۆکایەتی یـان ئەنـدامێتیی ئەنجومـەنی ڕاوێـژ، بێگومـان لـە بەشـداریکردنی هەڵبژاردنیشیاندا هەر بێبەش دەبێت، ئەمە بە پشتبەستن بە هەمان بەڵگە و زانینی چەمکی (الولاية)، واوی (الولاية) سەری هەبێت، یـان ژێـر، بـە هـەردوو خوێندنـەوە درووستە بەناوبانگەکەی، هەر بێبـەش دەبێـت.[1] لـە هەنـدێك حاڵـەتی دیـاریکراودا نەبێت کە ئایەتەکە ڕوونی کردووەتەوە، ئەمانە پاڵپشت و هاوکاری نـاکرێن، مەگـەر وەختێـك پاکتـاوی ئەسـنی بکـرێن لەلایـەن دەوڵەتێکـەوە کـە هـیچ پـەیمان و ڕێککـەوتنێکی لەگـەڵ دەوڵـەتی ئیسـلامیدا نـەبێت، بـە خوێندنەوەکـەی دیکـەی ئایەتەکە بەشدار ناکرێن لە کاروباری وڵاتبەڕێوەبردندا و حوکمڕانی و دەسەڵاتدا.

دووهەم: فەرموودەکەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لـە بورەیـدە دەیگێڕێتەوە "...ئەگەر ئیسلامیان قبووڵ کرد، تۆش لێیان وەرگرە و دەستیان بۆ مەبە، پاشان بانگیان بکە کە لە شوێنی خۆیـان بـار بکـەن بـۆ شـوێنی کۆچـەریان، ئاگاداریشیان بکەن ئەگەر قبووڵی بکەن ئـەوەی بـۆ کۆچـەریانە هـەمان شـتیش بـۆ ئەوانیشە، ئەوەشی لەسەریانە لەسەر ئەوانیشە".[2]

فەرموودەکە ڕوونی دەکاتەوە کە لە ئەو موسڵمانانەی هاووڵاتی بن لـە دەوڵـەتی ئیسلامی و موسڵماناندا و ئەوانەی کە لە ڕووی یاسایی و سیاسـییەوە لـەناو ئەوانـدا نەبن یەکسان نین، دیارترینی ئەو نایەکسانییە لە بواری مافە سیاسییەکاندایە، بۆیە مافی هەڵبژاردن و بەشداریکردنیان نییە لە وەرگرتنی دەسـەڵاتی سیاسـی و دانـانی سەرۆکی وڵات و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژ.

سێهەم: لۆژیك دەڵێت: هەڵبژاردن نموونەی ڕۆڵبینینی کۆمەڵـە هاووڵاتییەکـە بـۆ گەیاندنی ڕای خۆیان لە دەستنیشانکردنی سەرۆکیاندا، کەواتە لۆژیك نییـە کەسـێك

---

[1] القرطبي، التفسير، ج٨، ص٥٦. الزمخشري، الكشاف، ج٢، ص١٧٠. الطبري، التفسير، ج٦، ص٤٠. الفخر الرازي، التفسير الكبير، ج١٥، ص٢١٠. الآلوسي، روح المعاني، ج١٠، ص٣٨.

[2] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص٣٧.

ئەندامی ئەم کۆمەڵگە سیاسیە نەبێت بەشداریان بێت، چونکە لەوان جیاوازە لە ڕووی بیروبۆچوون و دنیابینی و بەرژەوەندیی تایبەتی هەردوو لا، دیسان شتێکی لۆژیکییە ئەو موسڵمانەی کە لە وڵاتدا نیشتەجێ نییە، بەتەواوی پاڵێوراوانی ئەو وڵاتە ناناسێت، ناتوانێت شایەنی شایستەییان بۆ بدات بۆ وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسی.

**بابەتی سێهەم: ئافرەت و هەڵبژاردن**

جیاوازی لە بابەتی مافە سیاسییەکانی ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی، هەمان جیاوازییە لەسەر وردەکاریی مافەکانی ئافرەت و لە ناویشیاندا مافی بەشداریکردنی هەڵبژاردن.

بۆیە کۆمەڵێك لە زانایان وا دەبینن کە درووست نییە ئافرەت مافی هەڵبژاردنی بدرێتێ لەسەر ئەوەی کە درووست نییە بپاڵێورێت بۆ پێشەوایەتی یان سەرۆکایەتی و ئەندامێتیی ئەنجومەنی ڕاوێژ، چونکە هەڵبژاردن هۆکاری دەستخستنی سەرۆکایەتی و ئەندامێتیی ئەنجومەنی ڕاوێژە، هۆکاری هەر شتێکیش هەمان حوکمی شتەکەی هەیە، فەتواکەی زانایانی ئەزهەر لەسەر ئەم بابەتە لەم ڕووەوەیە.[(١)] بەڵام زۆرینەی زانایان و بیرمەندان و وا دەبینن کە ئافرەت مافی هەڵبژاردنی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هەیە، بە پشتبەستن بەو بەڵگە شەرعییانەی کە ئافرەت خاوەنی هەموو مافێکی سیاسییە، وەك پێشتر باسمان کرد.[(٢)]

ـ ئافرەتیش تاکێکی کۆمەڵگە ئیسلامییە، کە گوتاری شەرعی ئەرکباری بەگشتی ئاڕاستەی ئەویش دەکرێت لە هەموو فەرمانپێدان و ڕێگریلێکردنێکدا، مەگەر

---

[١] عبدالحميد الشواري، الحقوق السياسية للمرأة في الإسلام مع المقارنة مع الانظمة الدستورية الحديثة، رسالة دكتوراه، ص٢٢٠ – ٢٢١.

[٢] انظر: حق المرأة في الترشيح سابقاً.

بابەتێکی تایبەت کە بە دەقێکی درووست یان کۆدەنگیی زانایان ئەویان لێ هەڵاوێر بکەن، بابەتی بەشداربوونی هەڵبژاردنیش هیچ دەق و هەڵاوێردەکردنی تێدا نییە.

ـ هەروەها ئافرەت هەر لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامەوە هاوبەشی پیاو بووە لە هەموو ئەرکباریە شەرعییەکاندا، بەشداریی لە پەیمانە گشتییەکانی سەردەمی پێغەمبەری خودا کردووە (دروودی خودای لەسەر) لەسەر پوختەی حوکمە ئیسلامییەکان، هەروەها بەشداریی پەیمانی عەقەبەی دووهەمیان کردووە،[1] کە یەکەم گرێبەستی سیاسی بوو، بووە هۆی پەیدابوونی دەوڵەتی ئیسلامی، هەروەها بەشداریی جەنگ و غەزاکانیان دەکرد، لە سەردەمی پێغەمبەر و جێنشینەکانی دوای ئەویش.[2]

ـ دەگێڕنەوە کە عەبدوڕەحمانی عەوف لە بابەتی جێنشینایەتیی عوسماندا ڕاوێژی بە ئافرەتان دەکرد لە ژووری خۆیاندا.[3]

ـ هەموو ئەمانە دەبنە بنەمای درووستیی بەشداریکردنی ئافرەت لە هەڵبژاردندا و نادرووستی بێبەشکردنیان لەم مافە شەرعییە.

ـ هەروەها هەڵبژاردن لە خودی خۆیدا بەرجەستەکردنی هەڵبژاردنی نوێنەرانی میللەتە بۆ کاروباری یاسادانان و چاودێریی دەسەڵاتی حوکم، دەکرێت بە پرۆسەی هەڵبژاردن بوترێت پرۆسەی ئەستۆبەندکاری، لە ئیسلامیش هیچ ڕێگرییەك دانەنراوە

---

[1] حديث مبايعة النساء ورد في صحيح البخاري، انظر فتح البخاري، انظر فتح الباري، ج٧، ص٢١٩. حديث وفود الانصار، أو بيعة العقبة الثانية، ابن هشام، السيرة، ج١، ص٤٤١.

[2] أحاديث اشتراك النساء في الغزو صحيحة وعديدة، انظر البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٦، ص٨٠. (كتاب الجهاد). وانظر مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج١٢، ص١٩٤. (كتاب الجهاد والسير).

[3] ابن تيمية، منهاج السنة، ج٣، ص٢٢٣. ابن كثير، البداية والنهاية، ج٧، ص١٥١.

که ئافرەت وەکیل یان نوێنەر بۆ خۆی دیاری بکات تا بەرگری لە مافەکانی بکات و تەعبیر لەو سیستەمە بکات لەو بابەتانەی کە پەیوەندیی پێوەیەتی.(1)

- ئەوانەی وا دەبینن کە هەڵبژاردن بریتییە لە شایەتیدان، چونکە دەنگدەر بە دەنگدانەکەی شایەتیی لێوەشاوەیی بۆ پاڵێوراو دەدات تا بگاتە ئەو پێگەیە، کە وا بێت شایەتیی ئافرەت بەپێی ئەم ئایەتە درووستە: ﴿فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ﴾.(2) واتە: "ئینجا ئەگەر دوو پیاو نەبوو، ئەوە با پیاوێك و دوو ژن بن". کەواتە درووستە ئافرەت دەنگ بدات و ئەوانەی ڕێگریی لێ دەکەن بەڵگەیان بەدەستەوە نییە.(3)

- بەشێکی زانایان بۆچوونیان وایە کە پرۆسەی هەڵبژاردن جۆرێکە بە ئیجتیهاد و فەتوادان، ئافرەتیش لەو دوو بوارەدا ڕێگریی لێ ناکرێت. ماوەردی دەڵێت: "خۆ ئەگەر ئافرەت هەڵبژاردنی قازیی بۆ گەڕێنرایەوە درووستە، چونکە هەڵبژاردن ئیجتیهادە و ڕێگری لە ئافرەت ناکرێت تیایدا وەکو فەتوا".(4)

لە کۆتایی ئەم باسەدا: وا دەبینین هەڵبژاردن مافێکی سیاسیی هەموو هاووڵاتییانی دەوڵەتە، هیچ بەڵگەیەك نییە ڕێگری لە بەشداریکردنی ئافرەت بکات لەم مافەدا، بۆیە هەڵبژاردن درووستە و بۆی هەیە داوای ئەم مافەی بکات.

## بابەتی چوارەم: هەڵبژاردن و هاووڵاتییانی ناموسڵمان

پێشتر بنەما شەرعییەکەی وەرگرتنی هاووڵاتیبوونی ناموسڵمانان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا باس کرا، هەروەها باسمان لە درووستیی پێدانی ڕەگەزنامە کرد لەسەر

---

1 مصطفى السباعي، المرأة بين الفقه والقانون، ص١٥٥. عبدالحميد الشواربي، الحقوق السياسية للمرأة، ص٢٣٢.

2 البقرة: ٢٨٢.

3 قحطان الدوري، الشورى بين النظرية والتطبيق، ص١٢٨.

4 الماوردي، أدب القاضي، ج١، ص٦٢٨ .

بنەمای درووستیی گرێبەستی ئەستۆبەندی کە لە قورئان و سوننەت و کرداری هاوەڵان و جێنشینandا هاتووە، ئەوی هاوولاتی کە بیانی لە هەر ولاتێکدا جوودا دەکاتەوە: بابەتی مافە سیاسییەکان و لەئەستۆگرتنی ئەرکی دەوڵەتییە لەم بارەوە.

ئەمەش پێویستی دەکات کە هاوولاتیی ناموسڵمان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هەموو مافێکی هاوولاتیی موسڵمانی بەیەکسانی هەیە، مەگەر شتێك پەیوەندیی بە بیروباوەڕەوە هەبێت یان بابەتێك بە دەق یان کۆدەنگیی تایبەت کرابێت، بۆیە لەم بارەوە زانایان بنەمایەکیان دارشتووە کە دەڵێت: ئەوەی لەسەر ئێمەیە لەسەر ئەوانیشە، ئەوەی مافی ئێمەیە مافی ئەوانیشە.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا درووستیی ڕاوێژکردن و پشتبەستنمان بە ئەستۆبەندان باس کرد لەو کاروبارانەی بەرژەوەندییان تێدایە، لەسەر ئەو بنەمایە، هیچ ڕێگەیەك نییە جگە لە درووستیی پالاوتنیان بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژ لە دەوڵەتی ئیسلامیدا،(1) بۆشیان هەیە بەشداریی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت بکەن.(2)

ناموسڵمانانێك کە ڕازی دەبن ڕۆڵەیەکی دەوڵەتی ئیسلامی بن، ڕازییش دەبن دۆست و دڵسۆزی بن و گوێڕایەڵی سیستەم و حوکم و پایەکانی ئیسلام بن و لەگەڵ موسڵماناندا کار بکەن بۆ بەهێزکردن و شکۆمەندیی ولات، توانا و دڵسۆزیی خۆیان لەو پێناوەدا بەگەڕ بخەن، کەواتە شایستەی ئەوەن یەکسان بن لە مامەڵەکردن و مافپێدان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیدا، کە یەکێکیان مافی هەڵبژاردنە، کە هاوولاتیان هەوڵی دەستنیشانکردنی باشترین کەس دەدەن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار و پاراستنی ولات بەپێی مەرج و پرەنسیپی و سیستەمی شەرعی.

---

[1] انظر الذمي وحق الترشيح في الفصل الأول.

[2] عبدالكريم زيدان، أحكام الذميين والمستأمنين، ص٨٤.

# بەشی سێهەم

# مافی پێکهێنانی حزب و مافی ئۆپۆزسیۆنبوون

# باسی یەکەم : پێکهێنانی حزبی سیاسی

## بەندی یەکەم: مانای حیزب و مەوداکانی لەمڕۆدا

**ـ حزب لە زماندا:**

حزب : واتە کۆمەڵە خەڵکێك، هەموو کۆمەڵە خەڵکێك کە ناخ و کرداریان لەیەك چوون، ئەوان حزبن.(١)

کە دەشوترێت: حزب الرجل واتە: هاوڕێکانی.(٢)

**ـ حزب لە زاراوەدا:**

کۆمەڵە پێناسەیەکی حزب کراون، لە ناوەڕۆکدا نزیکن لە یەکدی، ئەندریە هوربو دەڵێت: "حزبی سیاسی ڕێکخستنێکی هەمیشەییە لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی دەبزوێت، لەپێناو دەستخستنی پشتیوانیی جەماوەردا، بە ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات بۆ پیادەکردنی جۆرە سیاسەتێکی دیاریکراو".(٣)

ئەدمون بیرکیش پێناسەی حزب بەم شێوەیە دەکات: "یەکگرتنی کۆمەڵە تاکێکە بە ئامانجی پێکەوەکارکردن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەپێی کۆمەڵە بنەمایەکی دیاریکراو کە لەسەری ڕێك دەکەون".(٤)

دەزرائی دەڵێت: "حزب کۆمەڵە خەڵکێکی پێکەوەپەیوەستە، بەرەو ئامانج و بنەماگەلێکی دیاریکراو هەنگاو دەنێت".(٥)

---

[١] ابن منظور، لسان العرب، الطبعة المعدلة، ج١، ص٦٢١، مادة: حزب.

[٢] الرازي، مختار الصحاح، ١٣٣.

[٣] أندرية هوربو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ص٢٤١.

[٤] نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٢٠.

[٥] رمزي الشاعر، النظرية العامة للقانون الدستوري، ص٦٠٥.

سولەیمان تەماوی بەپوختی لە پێناسەی حزبدا دەڵێت: "حزب کۆمەڵە کەسێکی یەکگرتوون، بە ئامرازە جیاوازەکانی دیموکراسیەت ئیش دەکات، تا دەسەڵات بەدەست بهێنێت بەنیازی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی سیاسیی دیاریکراو".[1]

ڕەمزی شاعیر[2] و نوعمان خەتیبیش[3] ئەم پێناسەیەیان هەڵبژاردووە. تاریق هاشمی دەڵێت: حزب کۆمەڵە خەڵکێکە ڕێکخستنێکی دیاریکراو ڕێکیان دەخات و کۆمەڵێك بنەما و بەرژەوەندیی دیاریکراو کۆیان دەکاتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات یان بەشداریتێداکردنی.[4]

دەشوترێت حزب ئامرازێکە یان دەستەیەکە بۆ نوێنەرایەتیکردنی جەماوەریی، داخوازییەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەردەبڕێت.[5]

لە سۆنگەی ئەو پێناسانەوە دەبینین هەموویان ماناکانیان تا ئەندەزیەك لەیەکچووە، کە لەم ڕەگەزانە پێك هاتوون:

یەکەم: گردبوونەوەی کۆمەڵێك خەڵك یان تاقمێکە، کە کۆمەڵ یان تاقمێتیان پێوە دیار بێت و لەوانی تر جیایان بکاتەوە.

دووهەم: ئەمانەی کۆ بوونەتەوە فیکر و مەبدەئو بیروباوەڕ و مەیلیان لێکچووە، ئەم لێکچوونەش بووەتە هۆکاری گردبوونەوە و ڕێکەوتنیان.

سێیەم: ئەم خەڵکە کۆبووەوە بەرەو بەجێهێنانی مەبەستێکی بەکۆمەڵ کە لەسەری ڕێك کەوتوون هەنگاو دەنێن، ئەم مەبەستەش ئامانج و ناونیشانی گردبوونەکەیان پێك دەهێنێت.

---

[1] سلیمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢١.

[2] رمزي الشاعر، النظرية العامة للقانون الدستوري، ص٦٠٥.

[3] نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٢٤.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ص٢١.

[5] أسامة الغزالي حرب، الأحزاب السياسية في العالم الثالث، ص١٤.

چوارەم: ئەم گردبوونەوەیە پێی دەوترێت گردبوونەوەیەکی سیاسی، ئەگەر مەبەستی گەیشتنەدەسەڵات یان بەشداریکردن بێت تیایدا.

پێنجەم: ئەم گردبووانە پێکەوە ڕێك خراون و خاوەنی سەرکردایەتین و بەرپرسیارێتیی دیاریکراویان هەیە.

بە سەرنجدانی ئەم ڕەگەزانەی ڕابورد، دەبینین ئەمانە چوارچێوەی هەموو پێناسەیەکی حزبیە بە شێوەیەکی تێر و تەواو، بۆیە دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیری حزبی سیاسی بەم شێوەیە بکەین: گردبوونەوەیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵە کەسێکە کە لەسەر کۆمەڵێك بیرۆکە و بنەما ڕێك کەوتبن و هەوڵی بەدەستهێنان یان بەشداریکردنی دەسەڵات بدەن، لەپێناو بەجێهێنانی بەرژەوەندییەکی گشتیی هاوبەشدا بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو.

## بەندی دووهەم: جۆرەکانی حزب و پۆلێنکردنیان

موریس دوفورجیە حزبی بۆ دوو تاقم پۆلێن کردووە:

أ ـ حزبە چوارچێوەدارەکان، کە دوو شێوەن:

ـ چوارچێوە کلاسیکییەکان: ئەوانەن چینە خاوەن بەرژەوەندییە باڵاکان لەخۆ دەگرن و خاوەن دارایی و کارن، وەك: حزبی پارێزگاران یان ئازادیخوازان، ئەم جۆرە حزبانە پشت بە ژمارە زۆری ئەندام نابەستن، بەڵکو بایەخ بە وەرگرتنی کەسانی دەسترۆیشتوو و کاریگەری ناو کۆمەڵگا دەدەن، یان ئەوانەی لە دەوڵەتدا کاریگەریی هەیە، ئەم جۆرە حزبە بایەخ بە جۆرێتیی ئەندام و کەسەکان دەدات، لە ڕێکخستنی مرونەت دەنوێنێت و دیسپلینیشی فشەڵە.[1]

[1] موریس دوفورجية، الأحزاب السياسية، ترجمة علي مقلد وعبدالمحسن سعد، ص٧٩.

ـ چوارچێوەی ناڕاستەوخۆ: ئەمانە لەسەر شێوازی هەڵبژاردن و چۆنیەتیی ڕاکێشانی کۆمەڵە گرووپێکی دیاریکراو کۆ دەبنەوە، ڕەگەزی بنەماڵە کاریگەری لە پێکهێنانیدا هەیە، پاش ئەوە هەوڵ دەدات بەرنامە و بنەمای تایبەت بە خۆی داڕێژێت.[1] دەتوانین حزبە سوودانییەکان لێرەدا بە نموونە بهێنینەوە، ئەوەتا حزبی (الأمة) نوێنەرایەتیی تاقمی مەهدیەکان دەکات و ڕابەرایەتیی حزبەکە میراتییە بۆ بنەماڵەیەکی دیاریکراو.

حزبی (الاتحادی) کە تاقمی خەتمییەکان پێکی دەهێنن، بە هەمان شێوە بە شێوەی میراتی ڕابەرایەتیی دەکرێت

**ب ـ حزبە جەماوەرییەکان:**

ئەوانەن کە هەوڵی لەخۆگرتنی زۆرترین ژمارەی ئەندام دەدەن بە ڕێگای قەناعەتپێکردنی جەماوەریی بە بەشێك لە بیروباوەڕ و بیرۆکە و دروشمەکانیان.[2]

ئەم پۆلێنکردنە وەك پۆلێنکردنەکەی ئەندریە هوربوە کە ناوزەدی دەکات بە:

١ـ حزبی کادران یان حزبی خانەدانەکان.

٢ـ حزبی جەماوەری، کە حزبی خەباتگێڕان و دەنگدەرانن.[3]

دکتۆر تەماوی حزبە نوێیەکان لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی دیکە پۆلێن دەکات، ڕەچاوی ئەو فەلسەفە دەکات کە حزبەکەی لەسەر بنیات نراوە، دەڵێت: دوو جۆری سەرەکی حزب هەیە:

جۆری یەکەم: ئەو حزبانەن لەسەر ڕێچکەیەکی دیاریکراون و خاوەنی بناغە و بنەمای دانراوی خۆیانن، کە لە داڕشتنی چارەسەری کێشەکان و بابەتە بایەخدارەکانی ژیاندا پشتیان پێ دەبەستێت، ئەم جۆرە حزبە لەسەر

---

[1] المرجع السابق، ص٧٩ — ٨٠.

[2] موريس دوفورجية، الأحزاب السياسية، ترجمة علي مقلد وعبدالمحسن سعد، ص٧٩.

[3] أندرية هوربو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ص٢٤٢.

فەلسـەفەیەكی دیـاریكراو دامـەزراوە، كـە ئەندامـەكانیان باوەڕیـان پێیـەتی و لـە ناخیاندا دەگاتە ئاستی بیروباوەڕی ئایینی، لە نموونەی حزبە شـیوعییەكانی دنیـا، كە پشت بە فەلسەفەی ماركسیەت دەبەستێت بۆ چارەسەری گرفتەكانی ژیان.

سیاسییەكان ئەم جۆرە حزبانە بە مەترسیدار دادەنێن، كـە ئەگـەری زیـادبوونی دەمارگیری لەناو ئەندامانیدا بەهێزە، ئەمەش سەر دەكێشـێت بـۆ دژایـەتیكردنی ڕا پێچەوانەكانیان بە توندوتیژی، كـە زۆر جـار دەبێتـە هـۆی پەیـدابوونی سیسـتەمی یەكحزبی و ڕێگە بە درووستبوونی حزبی دیكـەی ئۆپۆزسـیۆن نـادات، ئەمـەش وەك حزبە شیوعییەكان، فاشییەكان، نازییەكان.[1]

جۆری دووهەم: ئەو حزبانەی لەسەر فەلسەفەیەك یـان بیروبـاوەڕێكی دیـاریكراو دادەمـەزرێن، بـەڵام پشـت بـە چارەسـەركردنی بابـەتێكی بایەخـدار یـان كۆمەڵـە بابــەتێكی دیــاریكراو دەبەســتێت كــە ســەرنجی جــەماوەر ڕابكێشــێت، وەك: بەرزكردنەوەی دروشمی چارەسەری هەڵاوسانی ئـابووری، یـان چارەسـەری گرفتـی بێكاری، یان هاواری چاكسازیی دەستووریی، یان داوای سەربەخۆیی هـەرێمێك یـان ناوچەیەكی دیاریكراو دەكات.

ئەم جۆرە حزبانە لە ڕێی سۆزی ئەندامانیەوە خۆی بەهێز دەكات نەك لە ڕێگەی بیروباوەڕەكەیـەوە، هـەروەها لـە ڕێگـەی دەسـتبردن بـۆ پێویسـتییەكی واقیعیـی جەماوەرێكی بەرفراوانی خەڵكی.[2]

زۆر لەم جۆرە حزبانە ئەگەری نەمان یان جێگۆڕكێ یان گۆڕانیان هەیە، ئەمە بۆ كاتێك كە دۆخەكە دەگۆڕێت یان ئامانجەكە بەدی دێت، وەك ئەو حزبانـەی هـەر لـە سەرەتاوە لەسەر ئامانجێكی دیاریكراو بنیـات نـران، وەك: چەسـپاندنی سیسـتەمی كۆمـاری، یـان سـەربەخۆیی، جـا ئەگـەر سیسـتەمی كۆمـاری بـەدی هـات، یـان

---

[1] سلیمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢١.

[2] سلیمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢٢.

سەربەخۆیی جێبەجێ کرا، ئیتر ئەو حزبە شەوقە جەماوەرییەکەی لەدەست دەدات و ڕۆڵی تەواو دەبێت.

هەندێك حزبیش هەن هەمیشە لە دووی دیارترین کێشەی خەڵك دەگەڕێن، لە هەموو قۆناغێکدا هەوڵ دەدەن چارەسەری کردەیی بۆ بخەنە ڕوو، ئیدی پێشبڕکێ لەنێوان حزبەکاندا بۆ قەناعەتپێکردنی جەماوەر بەرپا دەبێت.

لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا دەسەڵات لەنێوان ئەم حزبانەدا ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت لە ئەنجامی سەرکەوتوویی دەسەڵاتدار و بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی یان بە شکستهێنانی، یاخود لە ئەنجامی حەزکردنی جەماوەر بە ئاڵوگۆڕکردن یان گۆڕانکاری یان ئەزموونێکی نوێ.

ئەمانە لە دەوڵەتانی ئێستادا بەدی دەکەین، وەك: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێوان حزبی کۆماری و حزبی دیموکراسییەکان، کە لە سۆنگەی دیدێکی ئابووری یان چارەسەری کێشەیەکی ناوخۆیی، یان ئەنجامی شکستی حزبی دەسەڵاتدار لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی دەرەکیدا، یان تێوەگلانی لە گرفتێکی دیاریکراودا.

## بەندی سێهەم: نەرێنیی حزبەکان و گرنگترین ڕەخنە کە ئاڕاستەی سیستەمی حزبەکان دەکرێت

بیریار و نووسەرە سیاسییەکان لەوەدا لە یەك نزیکن کە حزبی سیاسی پێکهێنەری پایەی سەرەکیی سیستەمی نوێنەرایەتیی نوێیە، کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی تاکڕەوی و دەسەڵاتی سەربازیدا.

بەڵام کۆمەڵێك نەرێنی و ڕەخنە ڕووبەڕووی سیستەمی حزبی دەبێتەوە کە دەبێت بە هەند وەرگیرێت و لە هەڵسەنگاندنی سیستەمی حزبیدا ڕەچاو بکرێن، گرنگترین ئەو ڕەخنانە:

١ـ حزبی سیاسی بـه هۆكـارێكی بەشبەشـێن و پـەرتكردنی ڕیزەكـانی جـەماوەر دادەنرێت و دەبێتە هۆی پشێوی و لێكترازانیش لە دەوڵەتـدا، كـە جـەماوەر دەبنـە تـاقم و گرووپگـەلێك هەریەكـەیان پـەلاماری ئـەوی دیكـە دەدات بـۆ لاوازكـردن و بەڕەلەژێرپێدەرهێنانی لەناو جەماوەردا، بەو هۆیەشەوە دووبـەرەكی و پـەرتبوون و دوژمنایەتی زیاد دەكات و پێكەوەژیان و یەكگرتوویی لاواز دەبن.[1]

درووستیی ئەم تۆمەتە لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكانـدا بـەدی دەكـەین، كـە تـازە هەوای ئازادی هەڵدەمژن و لەسەر ڕەخنە و ڕاشكاوی و بەرهەڵستكردنی بیرۆكـە بـە بیرۆكە و لۆژیك بە لۆژیك ڕانەهاتوون، ئەمەش پاڵ دەنێـت بـە هەنـدێك حزبـەوە بـۆ سەپاندنی بۆچوونی خۆی پەنا بۆ هێز ببات، كە ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵگیرسـانی جەنگی ناوخۆیی و خوێنڕشتن، وەك دەبینین لە بەشێك لە وڵاتانی ئەمریكای لاتینی و ئەو دەوڵەتانەی پێیان دەوترێت جیهانی سێهەم.

٢ـ حزبی سیاسی هەوڵی پەرتەوازەكردنی توانـا و بێهێزكردنـی دەوڵـەت دەدات، لـەبری بـەهێز و پتـەوكردن و ئاڕاسـتەكردنی بـۆ یـەك ئامـانج، ئـەمیش بـەهۆی دابەشبوونی تاكەكان بەسەر بەرهەڵستكار و پشتیوانیكردندا، هەروەها بـەهۆی ئـەو ڕووبەڕووبوونەوانەی كە لەنێوان حزبەكان ڕوو دەدەن بـۆ لاوازكردنـی كارەكانیـان و هەوڵدانیان بۆ نەگەیشتنی یەكدی بە دەسەڵات و گەشەكردنی.

٣ــ حزبایـەتی بـەرەو لەقاڵبـدانی ژیـانی سیاسـی دەچـێت بـەپێی بەرنامـەی پێشوەختەی خۆی، بەشدار دەبێت لە وشككردنی ژیانی سیاسی و سـنووردارکردنی ئازادیی تاكدا، كە پایەی سەرەكی بواری داهێنان و دۆزینەوەیە، ئەمیشە لە ڕێگەی شێوازە حزبییە باوەكە كە ئەندامان ڕام دەكەن بۆ گوێڕایەڵیی بۆچـوونی حـزب، بـا بە ڕاستیشی نەزانن، بەم شێوەیە نوێنەرێك كە دەچێتە پەرلەمان ئازادیی لەدەسـت

---

[1] نعمان الخطیب، الأحزاب السیاسیة، ص٨١. عاصم عجیلة ومحمد رفعت عبدالوهاب، النظم السیاسیة، ص٥٨. نبیلة كامل، الأحزاب السیاسیة، ص٣٦. عبدالحمید الأنصاري، الشوری، ص٣٧٣.

داوە، پێشوەخت دەرك بەوە دەكات لەكوێوە دەنگەكانی بەدەست هێناوە، بۆیە وتووێژە پەرلەمانییەكان دەبنە گوتاری بێكردار و ڕووبەڕووبوونەوەی نەزەری و نابنە ڕەنگدانەوەی دەنگدان و ئەنجامەكانی.

ئەندامێكی ئەنجومەنی گشتیی بەریتانی دەڵێت: لە ئەنجومەنی گشتیدا گوێم لە زۆر وتار بووە كە ڕای دەگۆڕیم، بەڵام تاقە وتارێكم نەبیست كە دەنگەكەم بگۆڕێت.[1] بەم شێوەیە نوێنەر نوێنەرایەتیی حزبەكەی دەكات نەك ئەو گەلەی كە دەنگیان پێ داوە، ناشتوانێت پێچەوانەی ڕای حزبەكەی بێت، مەگەر نیازی وازهێنانی هەبێت. ڕەنگە ئەم ڕەخنەیە مەترسیدارترین ڕەخنە بێت كە ئاڕاستەی سیستەمی حزبی دەكرێت، بەتایبەت ئەو حزبانەی كە مەبدەئی و عەقیدەیین و لەسەر فەلسەفەیەكی دیاریكراو بنیات نراون و ئەگەری گۆڕانكاری و ئیجیتیهادیان تێدا نییە، ئەندامەكانی لە هەموو شتێكی گەورە و گچكەدا پێوەی پابەندن، ئەویش لەودیوی پەردەوە و لە ژوورە تاریكەكاندا بڕیاریان بۆ دەدات.

دەكرێت ئەم ڕەخنە ڕاستەقینە و مەترسیدارە بەوە تێپەڕێنرێت كە بەشێك ئازادی بە نوێنەران ببەخشرێت، مەگەر لەو بابەتانەی كە پەیوەستن بەو بنەما سەرەكیانەوە كە فەلسەفەی حزبی لەسەر بنیات نراوە.[2]

بەڵام دەبێت بە ئەندازەیەكی دیاریكراو پابەندی بە سیاسەتی گشتیی حزبی و هێڵی سەرەكیی كاریەوە ببێت، چونكە دەنگهێنانی پەرلەمانتار لەلایەن جەماوەرەوە بە پشتبەستن بە ئەندامێتیی لەو حزبەدا بووە كە بەو مەبدەئو فەلسەفانە پێشتر ناسراو بووە. ڕەنگە ئەم ڕەخنەیە لەوێدا كاڵ ببێتەوە و بگاتە ئەندازەی بزربوون، كە ئەو حزبە بیروباوەڕێك پیادە بكات كە هەموو جەماوەر یان زۆرینەی باوەڕیان پێی بێت، ئەو كاتە بۆچوونی حزب و بۆچوونی گشتیی جەماوەر

---

[1] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢٥. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٤٦.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢٥.

یەکانگیر دەبن بە شێوەیەکی سرووشتسرووشتی، لە سیاسەتی گشتی و چوارچێوە بەرینەکەیدا کەلێنی جیاوازیی تەسك دەبنەوە و دەگوازرێنەوە بۆ جیاوازیی لاوەکی و بەشەکییەکان، لەم بوارەشدا ئەندازەیەك ئازادییان پێ دەدرێت.

٤ـ پێشخستنی بەرژەوەندیی حزبی بەسەر بەرژەوەندیی گشتییدا،[1] چونکە بە شێوەیەکی گشتی حزبەکان بۆ بەجێهێنانی بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی حزبی هەوڵ دەدەن و بەرژەوەندیی گشتی نەتەوەیی لەبیر دەکەن، بەڵکو هەیانە لە گەیاندنی پەیامە ڕاگەیەندراوەکەی لا دەدات و دەکەوێتە دووی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، جاری واش هەیە پێوەری چاك و خراپ بە تەرازووی بەرژەوەندیی حزب هەڵدەسەنگێنرێت.

ئەم ڕەخنەیە لەو ڕووداوە گاڵتەجاڕییەدا دەردەکەوێت نووسەرە سیاسییەکان دەیگێڕنەوە کە یەکێك لە سیاسییە ناسراوەکانی ئینگلتەرا ڕاگەیەندراوێکی ڕەخنەگرانەی دژی شیوعییەکان دەربڕی کە دەڵێت: "شیوعییە بەریتانییەکان بایەخدانیان بە بەرژەوەندیی ڕوسیا زیاترە تا بایەخدانیان بە بەرژەوەندیی بەریتانیا".[2] ڕەنگە ئەم تۆمەتبارکردنە ئەندازەیەك ڕاستی لەخۆ بگرێت، بەڵام ئەمە بەسەر هەموو حزبەکاندا ناگشتێندرێت، بەڵکو پەیوەستە بەو حزبانەوە کە وابەستەی دەرەکین، یان فەلسەفەی دەوڵەتە بیانییەکان هەڵدەگرن، لەم کاتانەدا پێوەری بەرهەڵستکاریی لە سۆنگەی بەرژەوەندی و نیشتمانی و دیدگای ئەو لایەنە یان ئەو دەوڵەتەوە بینیات دەنرێت.

٥ـ لە دیدی ڕەخنەگرە سیاسییەکانەوە حزبی سیاسی بوونەتە هۆکاری شێواندن و جاری واش هەیە بێنرخکردنی ڕای گشتی، کاتێك هەڵمەتی گەورەی پڕوپاگەندە بەرپا دەکەن لەپێناو بردنەوەی هەڵبژاردنەکاندا. حزبە سیاسییەکان لەو کاتەدا

---

[1] نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٧٩. نبيلة كامل، الأحزاب السياسية، ص٤٨.

[2] نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٧٩. عبدالحميد الأنصاري، الشورى، ص٣٧٥.

هەوڵی شێواندنی وێنەی ڕکابەرەکەیان دەدەن بە پڕوپاگەندەی درۆ و ناوزڕاندنی کاتیی تا دوای لەدەستچوونی هەموو شتێك بێبنەمای ئەو پڕوپاگەندانە دەرناکەوێت، لەم کاتانەشدا حزبەکان نابنە ئاوێتەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە و ڕای گشتی.[1]

## بەندی چوارەم: گرنگترین ئەو هۆیانەی داخوازیی درووستبوونی حزبن "ئەرك و ئەرێنییەکان"

گومانی تێدا نییە کە ژیانی سیاسیی هاوچەرخ بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە حزبی سیاسی بووەتە پێویستییەکی سیاسی لەبەر ئەم هۆکارانە:

١ـ حزبی سیاسی قوتابخانەی جەماوەرە، چونکە بە ئامرازە جیاجیاکانی هەوڵی دەستخستنە سەر گرفتی گەلان دەدات و هەوڵی لێکۆڵینەوە و پێشنیاز و هۆکارەکانی چارەسەر دەخاتە ڕوو، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕووناکبیرکردنی جەماوەر و هۆشیاریی سیاسیی جەماوەر بەرامبەر زۆر بابەتی سیاسی.[2]

هەروەها پەیوەستبوونی ئەندامانی حزب بە کۆمەڵە جیاوازەکانی هاووڵاتیانەوە و بەشداربوون لە چالاکییە جەماوەرییەکان و وتووێژی بەردەوام لەسەر خەون و خەیاڵیان، ڕاگۆڕینەوە و جیاوازبوون لەسەریان دەبنە هۆی پێگەیشتنی پێشنیاز و داواکارییەکانی جەماوەر، هەروەها دەبنە هۆی دەرخستنی ناڕوونی و تێگەیشتن لە باکگراوندی زۆرینەی بڕیارە سیاسییەکان.

---

[1] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٤٧. عبدالحميد الأنصاري، الشورى وأثرها في الديموقراطية، ص٣٧٢.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢٦. نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٩١. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٤٠.

٢ـ حزبـەکان پـردی بەیەکگەیشـتنی جـەماوەر و دەسـەڵات پێك دەهێـنن، لـەو کاتانـەدا کـە لـە ڕێگـەی هەڵبژاردنـەوە حزبـەکان دەگەنـە دەسـەڵات لـە کـاتی بەیەکگەیشتنی بەردەوامی پەرلـەمانتار و خەڵکـە دەنگدەرەکـە، کـە هـەوڵ دەدەن بەرژەوەندییـە جەماوەرییـەکان بگـۆڕن بـۆ سیاسـەتی تەشـریعی و ئیـداری، حزبیەکانیش کێبڕکێ لەسەر بەجێهێنانی زۆرترین ئەنـدازەی بەرژەوەنـدیی خـەڵکی دەکەن، لەپێناو دووبـارە هەڵبژاردنـەوەیان لـە جـارانی داهـاتوو، هـەروەها لـەپێناو جوانکردنی دەموچاویان لای جەماوەر هـەوڵی بـە کردەییکـردن و چەسـپاندنی ئـەو بەڵێنانە دەدەن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دابوویان.[1]

٣ـ حزبی سیاسی بە ڕەگەزێکی ئارامی ژیانی سیاسی دەوڵەت دادەنرێت، چونکە پلانی دوورمەودای خۆی دادەڕێژێت، بەپێی تێڕوانینی ستراتیجی بۆ چەندین ساڵ و نەوەی داهاتوو، بەڵام تاکـەکان کـە خۆیـان تـەواو بـوون کاریشـیان تـەواو دەبێـت، دەسـتکەوتەکەیان بەسـتراوە بـە ژیـانی تاکـەوە، هـەروەها لـەم سـەردەمەدا حکومەتـەکان تەمـەنکورتن، پێویسـتیان بـە پلانـە تـا پێـی بـەردەوام بـن و بگەنـە جێبەجێکردنی ئامـانج و خەونـەکانیان، حـزبیش ئـەو کۆمەڵەیەیـە کـە دەشـێت بـۆ بینینی ئەو ڕۆڵە.[2]

٤ـ زۆر لە ئەرکە گەورە و پرۆژە زەبەلاحەکان پێویستیان بە هەوڵدانی کۆمـەڵیی ڕێکخراوەیین، هەوڵی تاکەکەسی بەس نییە، گەشتنی حزبیش بـە دەسـەڵات مانـای گەشتنی تاك نییە بە دەسەڵات، بەڵکو گەشتنی دامەزراوەیەکی تێـر و تـەواوە، کـە توانای چارەسەری کاروبار و ئیدارەدانی ئیشـەکانی بـە شـێوەیەکی سـەرتاپاگیری هەیە و پشت بە ئاوەزی بەکۆمەڵ و شارەزایی و پسپۆڕی لە هەموو بوارە کردارییـە

[1] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٤٢. نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٩٣. نبيلة كامل، الأحزاب السياسية، ص٩٧.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢٧.

ئیدارییەکاندا دەبەستێت، دەشتوانێت کات کورت بکاتەوە و ڕۆڵەکانی دابەش بکات و هاوبەش بێت لە ئەستۆگرتنی قورسایی و بەرپرسیارێتی.[1]

هەروەها حزبەکان دەتوانن ئامادەباشیی پێشوەخت بکەن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و ئەزموونی پێگەیشتوویی، توێژینەوە لە گرفت و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان بکەن، لە سۆنگەی ڕاهێنانی ئەندامانیەوە بۆ پلاندارشتن و پێشبینکردنی ئایندە بە دەستخستنی زانیاری و شیکردنەوە و پۆلێنکردینان.

٥- حزبی سیاسی بە دەزگای چاودێری کارەکانی حکومەت ئەژمار دەکرێت، چونکە بوونی حزب بە واتای بوونی ئۆپۆزسیۆنی هەمیشەیی و وریایی بەردەوامی حکومەت دێت، چاودێری بڕیار و کارەکانی و کاریگەرییان لەسەر ژیان دەکات، هەروەها بوونی حزب پاڵ دەنێت بە خاوەن بڕیارەکانەوە کە توێژینەوەی قووڵ و ورد بکەن، هەتاوەکو نەکەونە هەڵەی گەورەوە و ئۆپۆزسیۆن نەیقۆزێتەوە.[2]

هەروەها بەشداری حزبەکان لە لێکۆڵینەوە کێشە گەورەکاندا دەبێتە هۆی کولێن و پێگەیشتنی باشی چارەسەر و گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان، دیسان دەبێتە هۆی نەمانی تاکڕەویی حکومەت لە ڕاوبۆچوون و ڕێگریش دەبێت لە ستەمکردنی دەسەڵات و کەمکردنەوەی لادان و نەقۆستنەوەی پلە و پێگەی حکومی.

٦- حزبی سیاسی ئامرازێکی گرنگی ئاراستەکردنی ڕای گشتییە و دەشبێتە پاسەوانی و ڕێگریکارێك لە گێلاندنی جەماوەر، دەتوانێت جڵەوی بگرێت لە ئارەزووکاری تاکڕەوی و دەسەڵاتداری بە ئاگادارکردنەوەی لە زۆر بابەتی سیاسیی بایەخدار، هەروەها بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی ویستی هەڵبژاردنی گشتی،

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ٤٢٧.

[2] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٤٢. نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٩٣. نبيلة كامل، الأحزاب السياسية، ص٩٧.

بەشداریش دەبێت لە خستنەڕووی جێگرەوە و بژاردەی جۆراوجۆر لە بەردەم جەماوەردا، تا دۆش دانەمێنێت لەبەردەم تاکە بژاردەی دەسەڵاتدا.

٧ـ حزبەکان بەشدار دەبن لە درووستکردنی سەرکردە و بنیاتنانی کەسایەتیی گشتی و ئامادەکردنی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنەکان و پێدانی بەرنامەی سیاسیی پێیان،[1] هەروەها حزب ڕێگای گەیشتن یان بەشداربوونە لە دەسەڵاتدا، بۆیە هەوڵ دەدات خەڵکی تایبەتمەند و پسپۆڕ بۆ گشت بوارەکان پەیدا بکات، بۆیە ئامادەسازیی پێشوەختەی ئەو کەسایەتییانە دەکات کە بتوانن هەڵگری بەرپرسیارێتیی گشتی بن، بێگومان ئەو ئامادەکراوانەش ڕۆڵەی ئەو گەلەن جگە لەوەی ئەندامن لە حزبەکانیان. هەروەها پرۆسەی پلانڕێژی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوانی دەبێت، پێش هەموو شتێك بۆ سەرکەوتنی خۆی، پاشان بۆ مسۆگەرکردنی بوونی کەسانی پسپۆڕ لە پەرلەماندا، کە شایستەی بەرپرسیارێتی بن و سیاسەتی حزب پیادە بکەن و ئامادە بن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، ئەم پەرۆشییەش ئەنجامەکەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوی باش و بەتوانا دەبێت، لە کاتێکدا پرۆسەی تاکەکان ملکەچی بۆچوونی کەسی و خۆبەپاکناساندنە.

## بەندی پێنجەم: سیستەمی حزبی

### سیستەمی یەکەم: سیستەمی فرەحزبی

لەم سیستەمەدا بەپێی دۆخەکە ژمارەی حزبەکان زیاد دەکەن، ئەمە سیستەمی ئاسایی ئەو دەوڵەتانەیە کە سیستەمی دیموکراسی جێبەجێ دەکەن، ئەم سیستەمە پشت بەوە دەبەستێت هەموو خەڵك ئازاد بکەن بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بەوەی شوێنی هەر بیروباوەڕێك دەکەوێت، هەموو ڕێگایەکی یاساییش بگرێتە بەر بۆ بەرگریکردن لە بیروباوەڕەکانی، بۆیشی هەیە چەند دەتوانێت دۆست و

---

[1] نبيلة كامل، الأحزاب السياسية، ص٩٩. خليل هيكل، الاحزاب السياسية، ص٣٠.

لایەنگریی جەماوەر لە خۆی کۆ بکاتەوە و هەوڵ بدات بگاتە کورسیی دەسەڵات، تێبینی کراوە هەر کاتێك دەوڵەت سیستەمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی گرتە بەر، حزبەکان زیاد دەکەن، چونکە ئەم سیستەمە دەستەبەری نوێنەرایەتیی کەمایەتییەکان لە پەرلەمان دەکات بە قەبارەی ئەو دەنگانەی کە دەیهێنن.(١)

**ئەو ڕەخنە و خەوشانەی ئاڕاستەی سیستەمی فرەحزبی دەکرێن**

ژیانی سیاسی کە سیستەمی فرەحزبی پیادە دەکات دوو مۆرکی ئاشکرای پێوەیە:

یەکەم: دیاردەی لاوازیی حکومەت و کەمتەمەنییان، چونکە نارەحەتە هیچ لەم حزبانە زۆرینەیەك بەدەست بهێنێت کە بتوانێت بەتەنها حکومەت پێك بهێنێت، ئەمە ناچاری دەکات حکومەتی هاوپەیمانی پێك بهێنێت، کە زۆر جار لەنێوان ئەوانەدا دەبێت کە بیروبۆچوونیان لەیەکتر نزیکە، جاری واش دەبێت هاوپەیمانێتییەکەیان لەسەر ڕێکەوتنێکی قۆناغبەندییە و بارودۆخ و بەرژەوەندیی پێویستی کردووە، هەرچەندە لە ڕێباز و بیروباوەڕیشدا لێك نزیك نەبن.(٢)

حکومەتی هاوپەیمانی پێی دەوترێت حکومەتی دووسەرە، کە ناتوانێت بەبێ وتووێژی قورس و ئاڵۆز بڕیاری گرنگ بدات، جا ئەم جۆرە حکومەتە لە دۆخی سەختدا ئەگەری هەرەسهێنانی لێ دەکرێت.

دووهەم: ڕێك دەکەوێت ئەم سیستەمە ببێتە گەورەکردنی ڕۆڵی کەمایەتییەکان کە حزبە گەورەکان بۆ متمانەپێدان ناچارن بەشی زیاتریان پێ بدەن.

ڕەخنەیەکی دیکەی سیاسییەکان ئەوەیە ئەم سیستەمی فرەحزبییە تۆمەتبار دەکەن کە حزبەکان خەڵك سڕ دەکەن، بەو مانایە دەسەڵاتی توندی خۆی بەسەر

---

١ سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢٧. أندرية هوربو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ص٢٤٩.

٢ سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢٧. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٥٥.

ئەندامەکانیدا دەسەپێنێت و سەرۆکایەتیی حزب و دەسەڵاتی باڵای بەسەر هەموو کاروبارەکاندا زاڵن و بەنهێنی حزبیان کۆنترۆڵ کردووە، چونکە ئەوان خۆیان دەستنیشانی دەکەن کێ بەشداریی پەرلەمان و وەزارەتەکان بکات، بێگومان ئەم دەستەیەش لە سەروو چاودێری و لێپرسینەوەی جەماوەرییەوەیە.(١)

دەکرێت ئەم ڕەخنانە چارەسەر بکرێن بە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ڕای گشتی و چاودێریی دەسەڵاتەکان و کاراکردنی ئەو گرەنتیانەی دەبنە هۆی بەردەوامنەبوون لەسەر هەڵە، پێویستیش ناکات کە نەبوونی سەقامگیریی سیاسی هاوشانی بوونی تاکحزبی یان سیستەمی تاکی بێت، لە سۆنگەی واقیعەوە دەبینین زۆر لەو دەوڵەتانەی کە پشت بە فرەحزبی دەبەستن، سویسرا وەك نموونە، باشترین سەقامگیریی سیاسیی تێدا بەرقەرارە، کە لەسەر حکومەتی هاوپەیمانی هەموو حزبە سویسرییەکان بە چەندێتی و چۆنێتییەوە پێکەوە بەشدارن.(٢)

لایەنگرانی سیستەمی فرەحزبی بە چەند خاڵێك بەرگری لەم سیستەمە دەکەن:

١ـ ئەم سیستەمە زیاتر ڕەنگدانەوەی ئازادیی هاووڵاتیی لەخۆ گرتووە، زیاتریش وەلامگۆی مافی هاووڵاتییە لە ڕادەربڕیندا بە هەڵبژاردنی هەریەك لەو حزبانە، ئەمەش دیاردەیەکی ئازادییە گشتییەکانە.(٣) ئازادیی تەواو و مافی هاووڵاتی لەژێر سایەی تاکحزبیدا پارێزراو نابێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی نەتوانینی هاووڵاتی کە بژاردەی ڕاستەقینەی دەستنیشان بکات.

٢ـ سیستەمی فرەحزبی زیاتر دەتوانێت بیروبۆچوونەکان دەربخات و قورسایی ڕای کەمینەش بپارێزێت، نەك تەنها بیروبۆچوونی زۆرینە، هەروەها بەشدار دەبێت

---

١ سلیمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٣٠. کریم کشاکش، الحریات العامة، ص٥٥٦.

٢ کریم کشاکش، الحریات العامة، ص٥٥٥– ٥٥٦.

٣ سەرچاوەی پێشوو، ص٥٥٦.

له هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر بە خستنەڕووی چەندین بەرنامە و بیرۆکەی جیاجیا.

٣ـ سیستەمی فرەحزبی وردتر و سەرتاپاگیرتر نوێنەرایەتیی چین و توێژەکانی گەل دەکات، چونکە مۆڵەت بە گشت ئاراستەکان دەدات کە دەرکەون لە ئاڕاستەیەك یان دووانذا قەتیسی ناکات. دەرفەتی کێبڕکێش فراوانتر دەکات لە نێوان بیروبۆچوونەکاندا بۆ گەیشتن بە باشترین ئامانج.

**سیستەمی دووەم: سیستەمی دووحزبی**

دووحزبی لە بنەڕەتدا لە سیستەمی فرەحزبییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە پراکتیکی کرداریدا هێزە سیاسییەکان لە دوو حزبی گەورەدا دەردەکەون و هەریەك لەو دوو حزبە دەتوانێت زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت و بەتەنها حکومەت پێك بهێنێت. نووسەرانی یاسا سیستەمی دوو حزبی دەبەستنەوە بە سیستەمی زۆرینەی ڕێژەیی هەڵبژاردنەوە کە ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی کورسی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت ڕێژەکەی هەرچەند بێت ئەو براوەیەتیەوە، ڕێگەش بە کەمینە نادرێت کە بەپێی قەبارەی دەنگەکانیان ببنە خاوەنی کورسیی پەرلەمانی، ئەمەش حزبە گچکەکان ناچار دەکات بچنە ژێر باڵی ئەو حزبە گەورانەی ئاڕاستەیان لێیانەوە نزیکە.[1]

نموونەی بەرچاوی چەسپاندنی سیستەمی دووحزبی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ئینگلیزە، دیارە کە هەرچی هەوڵ درا لە ئەمریکادا تا حزبی سێهەم پەیدا ببێت، بێئاکام دەرچوو، لە بەریتانیاشدا حزبی (کرێکاران) لەسەر حسابی حزبی (ئازادیخوازان) نەبووایە نەدەبوویە حزبی سەرەکی.[2]

---

[1] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٣٠. أندرية هوربو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ص٢٤٥.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٣١.

**نەرێنییەکانی سیستەمی دووحزبی**

١ـ ئەم سیستەمە جار هەیە ستەمی تێدەکەوێت، چونکە لۆژیکی تیا نییە ئەو حزبەی پلەی دووهەمی کورسیی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت لە بەشداریکردنی دەسەڵاتدا بێبەش بکرێت.(١)

ئەگەر وای دابنێین یەکێك لەو حزبانە ٥١٪ی کورسییەکانی دەباتەوە و ئەوی دیکە ٤٩٪ی کورسی بەدەست دەهێنێت، ئەم جیاوازییە کەمە دەبێتە هۆی بێبەشکردنی حزبی دووهەم لە بەشداریکردندا و دەبێتە ئۆپۆزسیۆن.

٢ـ سیستەمی دوو حزبی ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ڕای گشتی نییە، چونکە سەختە هەموو خەڵك تەنها لە دوو ئاڕاستەی سیاسییدا قەتیس بکەیت، ئەمە دەبێتە هۆی بێبەشکردنی بیروبۆچوونەکانی دیکە لە دەربڕینی دەنگی خۆیاندا.(٢)

**ئەرێنییەکانی سیستەمی دووحزبی:**

١ـ زۆربەی کات ئەو حکومەتەی پێك دەهێنرێت پێکەوە گونجاوە، چونکە لە تەنها حزبێك پێك دەهێنرێت، بە سەرۆکایەتیی ڕابەری حزبەکە، بۆیە سەقامگیرە و ماوەیەکی درێژ لە حوکمدا دەمێنێتەوە و دەتوانێت پرۆژە درێژخایەنەکانی جێبەجێ بکات.(٣)

٢ـ حزب لەم سیستەمە دوانیەدا مروونەتێکی زۆری دەبێت، چونکە حزب لە ناوەڕۆکیدا لە کۆمەڵە ئاراستەیەکی جیاواز پێك دێت، بۆیە شتێکی نامۆ نییە کە

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ص٤٣١.

(٢) سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٣١.

(٣) أندرية هوربو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ص٢٤٠.

دەبينيت هەندێك نوێنەری حزبی حوكمڕان لەگەڵ ئۆپۆزسيۆن دەنگ دەدات، يان هەندێك نوێنەرانی ئۆپۆزسيۆن لەگەڵ دەنگەكانی حوكمڕاندان.[1]

**سيستەمی سێيەم: سيستەمی يەكحزبی**

سيستەمی يەكحزبی بەندە لەسەر مۆنۆپۆڵكردنی تەواوی دەسەڵات و تەواوی نوێنەرايەتيكردنی گەل لە ڕێگەی حزبی حوكمڕانەوە، ڕێگا بە درووستبوونی حزبی ديكە نادرێت، بە هيچ شێوەيەكيش ڕێگە بە ئۆپۆزسيۆن نادرێت، ديارترين نموونەی ئەم سيستەمەش دەوڵەتانی شيوعی بوو، كە حزبی شيوعی بەتەنها حوكمی دەكردن و لەسەر بنەمای فەلسەفەی ماركسيەت ڕاڤەی هەموو ژيانی ماددی دەكردن بنيات نراوە.[2] بە هەمان شێوە حزبە فاشی و نازييەكان كە لە دۆخێكی بێئومێدی و تێكشاندا درووست بوون كە دەركەوتەی جەنگی جيهانی يەكەم هێنايە ئاراوە، ئەم سيستەمە لەسەر پيرۆزكردنی سەرۆك دادەمەزرێت، ديموكراسيەت و ئازاديی تاكی ڕەت دەكاتەوە، ئەمەش نموونەيەكی ديكەی سيستەمی يەكحزبيە.[3] نموونەی ديكەی پراكتيكی يەكحزبی لە دەوڵەتانی تازەگەشەكردوودا هەيە، لەوانەش دەوڵەتە عەرەبييەكان، وەك ئەو دەوڵەتانەی حزبی بەعس تيايانـدا حوكمڕانن.

ئەم وێنايە هەرگيز هيچ وێنايەكی ديموكراسی ناگەيەنێت، با خۆشيان لافی ديموكراسی لێ بدەن، بەڵكو جۆرێكە لە حوكمی خۆسەپاندن و زۆرەملێ، لەگەڵ حوكمڕانيی تاك جياوازييان نييە، بەڵكو ئەميش حوكمی تاكێكە دەستەودائيرەيەكی هەيە و زاڵە بەسەر هەموو ژێدەر و دامودەزگاكانی حوكمڕانيدا، خۆ ئەگەر لە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٤٠.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٣٢.

[3] أدمون رباط، الوسيط في القانون الدستوري، ج٢، ص٦٣٣.

سیستەمی حوکمی تاکڕەویدا حوکمڕان هەموو دەسەڵات قۆرخ دەکات، بە هەمان شێوە لە سیستەمی یەکحیزبدا هەموو حوکمڕانی و دامەزراوە ئابووری و سەربازی و پەروەردەیی و ئەوانی دیکەش قۆرخ دەکرێن.

## سیستەمی چوارەم: سیستەمی حزبی باڵا

سیستەمی حزبی باڵا لە سیستەمەکانی دیکە بە جیاوازتر دادەنرێت، چونکە جۆرێکە لە سیستەمی فرەحزبی، ئەو ڕێگر نابێت لە درووستبوونی حزبی دیکە و گەیشتنیان بە دەسەڵات، بەڵام یەکێك لە حزبەکان گەورە و قەبە دەکات و زۆرینەی دەنگدەران قەناعەت پێ دەکات، کە ئەو حزبە نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتە و هەر ئەو سەربەخۆیی بەدەست هێناوە و درووستکەری سەروەریەکانە، جگە لەمەش پشتیوانێکی بنەماڵەیی و ئەتنی لەگەڵدایە.[1]

قەبەکردنی ئەم حزبەش لە دەسەڵاتگرتنەدەستی پێشوەختەوە دەست پێ دەکات، پاشان قۆرخی هەموو ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و نوێنەرایەتییە میللییەکان دەکات، کۆمەڵێك لەمپەریش دادەنێت تا نەهێڵێت ئەوانی دی حوکم بگرنە دەست.

لە نموونەی ئەم سیستەمە، حزبی کۆنگرەیە لە هیند، کە لە سەردەمی سەربەخۆییەوە حوکمی بەدەستە، هەندێك دەوڵەتیش هەن هەوڵی پیشاندانی نموونەیەکی دیموکراسیی ڕووکەش دەدەن، کە حوکمڕان حزبی دەسەڵات یان حزبی حوکمڕان پێك دەهێنێت یان کە پیاوانی دەسەڵات دەچنە ڕیزەکانیانەوە و دامەزراوەکانی حوکمڕانی قۆرخ دەکەن، وێنەی ئەم حزبە باڵایانە وەك وێنەی هەر یەکحزبییە، لە وڵاتانی ئەفریقا بوونیان هەیە، وەك میسر، کامیرۆن، گامبیا و سەنیگال و جگە لەوانیش.[2]

---

[1] أندرية هوربو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ص٢٤٩.

[2] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٧٩.

**بەندی شەشەم: حزبی سیاسی لە سیستەمی سیاسیی ئیسلامیدا**

**لقی یەکەم: حزبی سیاسی لە مێژووی ئیسلامیدا**

ئەگەر ناو کرۆکی حزب کۆبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێك بێت بە مەبەستی ئامانجێکی دیاریکراو بە کۆمەڵە ئامرازێك کە لەسەری ڕێك دەکەون، کەواتە بیرۆکەی حزبی کۆن خەریکە بڵێین لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە هەبووە، چونکە سرووشتی مرۆڤ لەسەر گردبوونەوە لەسەر بیرۆکەیەك یان مەبەستێك ڕاهاتووە لە مێژووی دووروودرێژی مرۆڤایەتیدا گردبوونەوەی مرۆڤەکان هەمیشە بوونی هەبووە کە لە ململانێدا بوون، بەسەر یەکدا زاڵ بوون و شکستیان بە یەکدی هێناوە، واقیعی وەها بووە سەرۆك و کەسایەتییەکان دەرکەوتوون و خەڵك لە دەوریان کۆ بووەتەوە و پشتگیری بوون بۆ جێبەجێکردنی بەشێکی ئامانجەکان، هەروەها ناوبەناو بیروباوەڕ و هزر پەیدا بوون کە لایەنگر و پشتیوانیان کۆ بوونەتەوە بۆ بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی.

هەروەها پەروەردگار بەڵێنی بە مرۆڤەکان داوە پەیامبەرانیان بۆ ڕەوانە بکات تا ڕێنیشاندەریان بن و بیانگێڕنەوە سەر بیروباوەڕی درووست و بانگەوازی خودایی و جێنشینکردنی سەرزەوی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خێر و چاکە و وەلانانی ستەم و ئازادکردنی مرۆڤەکان لە یەکترپەرستن بۆ خوداپەرستی.

هەموو پێغەمبەرێکیش کە دەستی بە بانگەواز کردووە هەوڵی قەناعەتپێکردنی کۆمەڵە خەڵکێکی داوە بۆ هەڵگرتنی بانگەوازەکەی و تێکۆشان لەپێناویدا، تا بەسەر بانگەوازە بەتاڵەکاندا سەرکەوێت بانگەوازی حەق بچەسپێت، ئەم کۆمەڵە خەڵکە خودا ناوی ناون (حزب الله)، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ﴾.[1] واتە: "هەر کەس خودا و پێغەمبەر و ئیمانداران

---

[1] المائدة: ٥٦.

بكات به پشتیوانی خۆی ئەوە بێگومان هەر کۆمەڵی خودا زاڵ و سەرکەوتوون".

**هەروەها دەفەرموێت:** ﴿أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[1]. واتە: " ئەوانە خودا باوەڕی لە دڵیاندا چەسپاندووە و پشتیوانی کردوون بە گیانێك لەلایەن خۆیەوە و دەیانخاتە بەهەشتانێکەوە کە جۆگە ئاوی زۆر دەڕوات بەژێر درەختەکانیاندا بەهەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، خودا لێیان ڕازی بووە ئەوانیش لە خودا ڕازی بوون، ئەوانە حیزبوڵڵان ئاگادار بن کە تەنها حیزبوڵڵا ڕزگار و سەرفرازن".

ئەوانەی کە دژی ئەمانن و ڕووبەڕوویان دەبنەوە بە (حزب الشیطان) ناویان دەبات وە دەفەرموێت: ﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنْسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُولَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾[2]. واتە: "شەیتان بە سەریاندا زاڵ کە یادی خودای لەبیر بردوونەتەوە، ئەوانە حیزبی شەیتانن، با بزانن بەڕاستی هەر حیزبی شەیتان زەرەرمەندە".

دەبینین قورئان زاراوەی (حزب) بە مانای گردبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێك بەکار هێناوە کە لەسەر بیروباوەڕێکی دیاریکراو هەوڵی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو دەدەن، وەسفی حیزبەکە لەسەر مەبنای ئەو مەبەستە دەردەبڕدرێت کە لەپێناویدا گردبوونەتەوە، بەڵام دەربڕینە قورئانیە و بەکارهێنانی زاراوەکەی لەو سۆنگەیەوەیە کە خەڵکی کردووە بە دوو بەشەوە، تاقمی ئیماندار و تاقمی بێباوەڕ، کەواتە هەموو باوەڕداران حیزبە و بەرامبەرەکەشیان هەر حیزبە کەواتە دابەشکردنە گشتییە پوختەکەی خەڵك بەم شێوە دەبن حیزبی خودا و حیزبی شەیتان، جا ئایا ئەمە بۆ جگە لەم دابەشکردنە دەشێت؟ باوەڕداران درووستە ببنە چەند حیزبێك،

---

[1] المجادلة: ٢٢.

[2] المجادلة: ١٩.

دەكرێت (حزب الله) كۆمەڵە حیزبێكی لێ پێك بێت؟ لە ڕاستیدا بابەتەكە زاراوەییە، پێویست ناكات ئەو زاراوەیەی لەوێدا هاتووە بۆ مانایەكی دیاریكراو كورت هەڵبهێنین، بەڵام ئەو زاراوە قورئانیەمان بۆ گەیاندنی مانای ڕاستەقینەی حیزب بەكار هێنا، كە پێشتر لە چەند ڕەگەزێكدا پوختمان كردەوە كە ئەمانەن: گردبوونەوەیەكی مرۆیی، نزیكی لە بیروبۆچوون، هەوڵدان بۆ گەیشتنە ئامانجێكی دیاریكراو، ڕێكخستن. دەكرێت ڕیزی موسڵمانان كە یەك بیروباوەڕ كۆیان دەكاتەوە و بۆ ئامانجێكی دیاریكراو هەوڵ دەدەن لە هەندێك لقی بەشەكیدا جیاواز بن كە لە مانای ئیسلام و ئیمان ناچنە دەر، مێژووی ئیسلامیش ئەم جۆرە جیاوازی و كۆمەڵە جۆرەی بەخۆوە بینیوە وەك:

كاتێك پێغەمبەری خودا وەفاتی كرد، هاوەڵانی لەدوای ئەو بۆ دەستنیشانكردنی دەسەڵات و سەركردایەتیكردن لە جێگەی پێغەمبەری خودا ڕایان جیاواز بوو، مێژوونووسان دەڵێن هاوەڵان بوون بە سێ بەشەوە: پشتیوانان، كۆچەریان، ئالوبەیتی پێغەمبەری خودا.

## تاقمی یەكەم: پشتیوانان

ئەوان مەدینەییەكان بوون، كە زیاتر لە ئەوس و خەزرەج پێك هاتبوون، هەر ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خودا وەفاتی كرد لە سەقیفەی بەنی ساعیدە كۆ بوونەوە و قسەیان یەك خست بۆ دەستنیشانكردنی خەلیفەیەك لە خۆیان[1] دەكرێت لەو كۆبوونەوەیاندا لەسەر سێ ئاماژە بوەستین:

أـ خێرایی دەستپێشخەری، كە ئەوان یەكەم كەس بوون گردبوونەوە و بۆ ئەو كارە و پێش هاوەڵانی دیكە كە ڕووداوەكە تاساندبوونی و بەشێكیان سەرقاڵی كفنودفنی پێغەمبەری خودا بوون كەوتن.

---

[1] الطبري، التأريخ، ٣: ١٩٩، ابن قتيبة، الأمامة والسياسية، ص١٤. ابن هشام، السيرة، ج٢، ص٦٥٨. السهيلي، الروض الأنف، ج٤، ص٢٦٠.

ب - پرۆژەیـەکی ڕوونیـان پێشـکەش کـرد، کـە ئـەوان پشـتیوان و پێشـوازیی پێغەمبەری خودا و هاوەڵـە دەرکراوەکـانی بـوون، بـە زەوی و مـاڵ و موڵکیانـەوە، بـەرگرییان لـێ کـردون، هۆکـارێکی گرنگـی سەرخسـتنی بانگـەواز و دامەزرانـدنی دەوڵەت بوون، پاشان سەرکردەی ناسراوی خۆیان سەعدی کوڕی عوبادەیـان هێنـا بـۆ پێسـپاردنی کاروبارەکـە، خۆیشـیان بـۆ ئـەم کـارە کـۆ کـردەوە و هەڵمـەتی قەناعەتپێکردنیشیان دەست پێ کرد.

ج - وا دیارە ئەم گردبوونەوە لە بۆشاییەوە نەهاتبێت و بەڕێکـەوت و لەخۆیـەوە پەیدا نەبووبێت، بەڵکو بەرهەمی وتووێژی ڕابردوو و کۆمەڵـە ڕاگۆڕینـەوە بـووە، تـا ئەو ڕێکەوتنەیان لە نێوان دوو ڕکابەرە مێژووییەکە (ئەوس و خەزرەج) ئەنجام داوە و بوونەتە خاوەنی یەك ڕا و یەك بیرۆکە.

**تاقمی دووهەم:**

کە بـە سـەرکردایەتیی ئـەبو بـەکر و عومـەر و ئـەبو عوبەیـدە بـوو، ئـەم تاقمـە ئامادەباشییان بۆ ئەم بابەتە نەکردبوو، دوای ئەوە نەبێت کە ئەم هەواڵە لەناکاوەی کۆبوونەوەی پشتیوانانیان بیست، بۆیە بڕیاریان دا پێش ئەوە گردبوونەوەکە بڵاوە بکات پێیان بگەن و پەیمانیشیان بـۆ یـەکێکیان بەسـت، بەمـەش کارەکـە سـەختتر بوو، کۆچەریەکانیش پشتیان بە چەند کارێك بەستبوو:

أ- ئـەوان عەشـیرەت و کەسـوکاری پێغەمبـەری خـودان، بۆیـە لـەناو دەروونـی عەرەبـدا پارێزگـاری لـە پێگـەی پێغەمبـەری خـودا دەکـەن، خـەڵکیش چـاوەڕوانی ئەمانن.

ب - ئــەمان لــەو قورەیشــەن، کــە خــاوەنی ڕێگەیــەکی بــاڵا و ڕابەرایــەتیی پشتاوپشتی ئایینی بوون لە دەروونی هەموو هۆز و تیرەکانـدا، بۆیـە بەرژەوەنـدیی ئیسلام وا دەخوازێت کە ئەم کارە تەسلیمی ئەوان بکرێت.

ج ـ پشتیان به ئاماژەی پێغەمبەری خودا بەستبوو لەم بارەوە، کە لە چەند فەرموودەیەکدا هاتووە کە دوای خۆی قورەیش ئەم کارە بگرێتە دەست.

ئەوان بەم شێوە توانییان لایەنگریی خەڵك و بەشێکی گەورەی پشتیوانانیش بۆ بیروبۆچوونەکەی خۆیان کۆ بکەنەوە[1].

**تاقمی سێهەم: کەسوکاری پێغەمبەری خودا**

بە سەرۆکایەتیی عەلیی کوڕی ئەبو تالب و عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب کە تەلحە و زوبێریشیان لەگەڵ بوو لە گەورە پیاوانی هاوەڵان.

ئەم تاقمە و وایان دەبینی لە پاش پێغەمبەری خودا ئەمان لەپێشترن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، چونکە لە هەمووان نزیکتری پێغەمبەر و میراتبەری ئەون، هەمان ئەو بەڵگانەی کە کۆچەریەکان بۆ پشتیوانان دەیانهێنانەوە ئەمانیش بۆ ئەوانیان دەهێنانەوە[2].

ئەم تاقمە باشیشیان دەزانی کە پێغەمبەری خودا لەسەر شایستەیی ئەمان بۆ دەسەڵات هیچی نەفەرمووە، هیچ وەسیەتێکیشی بۆ نەکردوون، خۆ ئەگەر جگە لەمەیان لە پێغەمبەری خوداوە زانیبا بێگومان سازشیان لەسەر نەدەکرد وەك شیعە دەڵێت.

خۆ ئەگەر بە دیدێکی شیکارانە لەم واقیعە ڕامێنین، دەتوانین ئەم تاقمانە بەم شێوە وەسف بکەین:

١ـ گردبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێکن کە بیرۆکەیان یەکە.

٢ـ هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش، لەپێناو بەجێهێنانیدا کۆ بوونەوە.

---

[1] الطبري، التأريخ، ج٣، ص٢٠٧، وما بعدها.

[2] ابن قتيبة، الأمامة والسياسة، ص٢٠. الايجي المواقف، ص٤٠١.

٣ـ هەوڵی گەیشـتن بـە دەسـەڵات یـان بەشـداریکردنیان دەدا تیایـدا بەشـێکیان لەوی دیکەیان ڕوونتر بووبێت.

هـەر بـەم ڕەگەزانـەش حیزبـی سیاسـی پێـك دەهێنرێـت، ئـا لێـرەوە دەکرێـت بوترێـت: وەفـاتی پێغەمبـەری خـودا هۆیـەکی لـەدایکبوونی ئـەم جـۆرە حیزبـە سیاسییانە بوو، کە هەر لایەك خۆی بە شایستەی دەسەڵاتوەرگرتن دەزانـن، ئەمـە بـۆ حـەزکردن لـە دەسـەڵات و کێبرکێـی سـەرۆکایەتی نـەبوو، بـەڵکو لـەوەوە کـە سەرکردایەتیکردن شایسـتەی کەسـانی خـاوەن ئـەزموون و ڕابردووپاکـە، هـەروەها ئاماژەیشـە بـۆ ڕەنجـی گـەورە و زەحمـەتی زۆریـان لـەپێناو سەرخسـتنی حـەق و چەسپاندنی ئاییندا، پێشبڕکێکردنی چاکە و بەخشین و پاداشتیش و قەناعەتیشیان بە درووستیی بۆچوونەکانیان هەبوو کە لەپێناو بەرژەوەندیی باڵادایە و پەیوەنـدیی بە موسڵمانان و دەوڵەتەکەیانەوە هەیە بە شـێوەیەکی گشـتی، کـە لـە سـەرنجدانی وردی ئایینەوە هەڵدەقولاٚ، بێگومان ناشلێین هیچ هۆکارێکی لاوازی کە جاروبـار ڕوو دەکاتــە دەروونــی مرۆیــی تێــدا نــەبووبێت وەك: دەمــارگیری یــان حــەزکردن لــە سەرۆکایەتی.

کاتێکیش ئەم تاقمانە کۆ بوونەوە و بەڵگـە و بیروبۆچـوونیان ئـاڵوگۆڕ کـرد، لـە کەشێکی ئازادانە و برایانە و پەرۆشبوون لەسەر بەرژەوەندیدا، کە بێگومـان تونـدی و قسەی زبری هەندێکیشی تێدەکەوێت، هەروەها دەنگبەرزکردنەوەی تێدا دەبێت، کە ئەمانە پێچەوانەی سرووشت و دەروونی مرۆیی نین کە لەسەر لاوازی ڕاهاتووە.

بـەڵام ئەزموونەکـە بەگشـتی سـەرکەوتوو و بەرهەمـدار و ئـەرێنی بـوو، جێگـای چاولێکردنە، پاشان هەندێك هەڵسەنگاندن لەنێوان کەسە پێشنیازکراو و بەڵگەکاندا کـران، لــە کۆتاییــدا کەســێتیی ئەبوبــەکر یەکــەم و دووهــەم بــەهێزی بەڵگــەی کۆچەرییەکان پەسەند کرا، ئـەم پەسـەندکردنەش قەناعـەتی زۆرینـەی هـەرە زۆری خەڵکەکە بوو، بەو حسابەی کە ئەمە نـزیکترین بژاردەیـە بـۆ بـەجێهێنانی دەوڵەتـە

ئیسلامییە نوێیەکە و سەقامگیریی سیاسی لە دورگەی عەرەبیدا، لەبەر ئەو پێگە و قورسایییەی قورەیش کە لای عەرەب هەیانبوو، پاشان بە تێپەڕبوونی کات و پەرەسەندنی گیانی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، سەرەتای تارمایی حیزبی نوێ دەرکەوت، ڕەنگە حیزبی بەنی ئەمەوییەکان ڕێکخراوترین و کاریگەرترینیان بێت، شەهیدبوونی خەلیفەی سێیەم (عوسمانی کوڕی عەفان) بەهێزترین هۆکار بوو یارمەتیی دەرکەوتنی ئەم حیزبەی بە سەرکردایەتیی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دا، کە سەرکردایەتیی هەڵمەتی داواکردنی خوێنی عوسمانی دەکرد و وڵاتی شامی لە جەستەی دەوڵەت کردەوە لە سەردەمی خەلیفەی چوارهەم عەلیی کوڕی ئەبو تالیبدا خودا لە هەموویان ڕازی بێت.

پاش شەهیدبوونی خەلیفە عەلی، ئومێدی معاویە بۆ دەستخستنی دەسەڵات بەتەواوەتی فراوان بوو، پاش سازشکردنی حەسەنی کوڕی عەلی بۆ معاویە، کە پێی دەوترێت ساڵی کۆمەڵبوون، ئیتر معاویە بوو بە خەلیفەی هەموو موسڵمانان، ئەمەش دوای وەرگرتنی بەیعەتی خەڵکی لەلایەن معاویەوە بۆ یەزیدی کوڕی بەڕۆشنی دەرکەوت[1].

تا لەو کاتەدا و دوای ئەوەش حیزبی دیکە دەرکەوتن کە ئاڕاستەی هزری و ئیجتیهادی سیاسی و فیقهی، جارجاریش عەقیدەی خۆیان هەبوو، گرنگترین ئەو حیزبانە:

**خەواریجەکان:** تاقمێکن لە موسڵمانان، لە پێشەوا عەلی هەڵگەڕانەوە دوای ڕازیبوونی ناوبژیوانی کە لەپێناو وەستاندنی جەنگی نێوان عەلی و معاویەدا لە ناوچەی سەفیندا درووست بوو کە لە مێژوودا بەناوبانگە و بە نموونەی جەنگی ناوخۆیی و ئاژاوەی ناو دەوڵەت دەهێنرێتەوە.

---

[1] الطبري، تأريخ الأمم الملوك، ج٦، ص١٦٨.

خەواریجەکان عەلی و معاویە و هاوەڵەکانیان و هەردوو ناوبژیوانەکە و ئەوانەشی گوناهی گەورە دەکەن بە کافر دادەنێن، داوای هەڵگەڕانەوە دەکەن لە دەسەڵاتداری ستەمکار، ئەمانە لە کۆمەڵە بابەتێکی فیقهی و عەقیدەیی و سیاسیدا پێچەوانەی ئەهلی سوننەن و چەندین تاقمن کە بەناوبانگترینیان: (المحکمة الأولى)، (الزارقە)، (النجدات)، (العجاردة) کە ئەمانەش بەشی دیکەیان لێ جیا بووەتەوە و دەگەنە بیست تاقم.[1]

پەیوەندیی خەواریج لەگەڵ دەسەڵاتدا بە درێژایی مێژوو بە دژایەتیکردن ماوەتەوە، لە سەردەمی ئەمەوی و دوای ئەوانیشدا مێژوو کۆمەڵێك سەرکەوتن و پاڵەوانێتی دەگێڕێتەوە، تۆماریان پڕە لە بەرهەڵستکاری ئازایانە لە بواری سیاسەت و حوکمدا.

**شیعە:** ئەوانەن کە بۆ ئالوبەیتی پێغەمبەری خودا کۆ بوونەتەوە و وا خەیاڵ دەکەن کە پێشەوایەتی لە بنەماڵەی عەلی قەتیس دەبێت و واش دادەنێن کە پێشەوایەتی پایەیەکە لە پایەکانی ئایین و بە دەقی خودایی بڕاوەتەوە، لای ئەوان پێشەواکان پارێزراون لە هەڵە و هەموو گوناحێکی گەورە و بچووك و بیرچوونەوە، پێگەشیان لە پێگەی پێغەمبەران و فریشتەکان باڵاترە.

هەروەها کۆمەڵێك بیروبۆچوونی فیقهی و سیاسی و عەقیدەییان هەیە کە لە تاقمەکانی دیکە جیایان دەکاتەوە، دیارترین شت کە لە ئەهلی سوننە جیایان دەکاتەوە لەبارەی پێشەوایەتییەوەیە، کە کۆمەڵێك بابەتی سیاسی و یاسایی و داڕشتن و ئیداری و دەسەڵاتداری لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش لای خۆیانەوە بەسەر زیاتر لە بیست تاقمدا دابەش دەبن کە بەناوبانگترینیان زەیدی و ئیمامی و کیسانییە.[2]

---

[1] البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٧٢.

[2] البغدادي، الفرق بين الفرق، ص٢٩.

**موعتەزیلە:** کۆمەڵێکن لە موسڵمانان دەوترێت بۆیە پێیان دەوترێت موعتەزیلە (گۆشەگیر) ڕابەرەکەیان کە واسیلی کوڕی عەتایە لە سەردەمی ئاژاوەی ئەزاریقەکاندا لە مەجلیسی حەسەنی بەصری گۆشەگیر بوو و لە قسەکانیان دەڵێن: (باش ئەوەیە عەقڵ بە باشی بزانێت خراپیش ئەوەیە عەقڵ بە خراپی بزانێت) دەشڵێت: (پلەیەك هەیە لەنێوان دوو پلەکەدا بۆ تاوانبار و گوناهکاران) لە عەقیدەشدا هەندێك بۆچوونی خۆیان هەیە بەناوبانگترینیان: ئەو بابەتەیە کە بە خەلقی قورئان ناسراوە لە سەردەمی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا[1] موعتەزیلەکان توانییان کاریگەریی مەزهەبی درووست بکەن لەسەر بەشێك لە خەلیفەکانی عەباسی و لە دەسەڵاتی حوکمڕانی نزیك ببنەوە بەتایبەت لە سەردەمی مەئموون و موعتەسەم و دوای ئەوانیش.

**ئەشعەرییەکان:** پێشەوا ئەبو حەسەنی ئەشعەری لەنێوان دوو ڕەوتی فیکریدا دەرکەوت کە موعتەزیلە و ئەهلی فەرموودە بوون، لە نێوانیاندا بەرنامەیەکی مامناوەندی ڕاگەیاند کە مامناوەند بوو لە نێوان بێگەردانان (التنزیە) و بەرجەستەکردن (التجسیم) ناوزەد دەکرێت، دوای بیرۆکەکە لە مەزهەبی ئەشعەریدا زیاتر پێگەشتوو قوتابییەکانی ڕۆشنتریان کردەوە تا ئەوەی ئەم مەزهەبە هەموو عێراق و شامی گرتەوە و لە مەغریبی عەرەبیشدا پەیڕەو دەکرێت، لەتەنیشت ئەوانیشەوە (ماتوردی) لەوبەری ئاوەوە دەرکەوت تا وای لێ هات هزری ئەشعەری و ماتوردییەکان لە بیروباوەڕدا بە مەزهەبی هەموو ئەهلی سوننە و جەماعەت ئەژمار دەکرا و توانییان تەنگ بە موعتەزیلە هەڵچنن لە سەروو هەمووشیانەوە سەرکردە و بیریاری موعتەزیلە ئەبولجەباری هەمەدانی، کە وەزیری بووەیهییەکان لە بەغدا ساحی کوڕی عوباد پشتیوانی بوو.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١١٤.

مێــژوو شــایەتی ململانێیــەکی بــەردەوامی ئــەم حیزبانەیــە لــە هەوڵــدانیان بــۆ دەسبەسەراگرتنی دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەی ململانێی ئەم تاقمانە زۆر جار خوێناوی بووە، بەڵام ناکرێت چاو لەوە بپۆشین لە مەیـدانی دیکەشـدا جـەنگیان هـەبووە کـە مشـتومڕ و گفتوگـۆ بـووە لەسـەر کۆمـەڵێك بۆچـوون و بابـەتی فیکـری، کۆشـکی خەلیفەکان بوون بە هۆڵی سیاسی و فکری ئەم گفتوگۆ گرنگانـە، بـە ئامـادەبوونی جەماوەری زانایان و بە سەرپەرشتیی خودی خەلیفەکان[1].

لەگەڵ بوونی جیاوازیی گـەورە لـەنێوان ئـەم حیزبانـەدا کـە زۆر جـار دەگەشـتە بابەتی عەقیـدەیش، بـەڵام ئـەم تاقمانـە توانیـان لـە بوارەکـانی فیکـر و سیاسـەت ئیزافـەی بایەخـدار بکـەن، کـە مەوداکـەی بـواری ڕاسـاندنی زۆر بابـەتی داهێنـراوی گرتەوە.

جا ئەگەر بتوانین بەم تاقمانە بڵێین حیزبی سیاسی، چونکە پێناسە یاسـاییەکە دەیانگرێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەمانە ڕۆڵی نوێی حیزبە هاوچەرخەکانیان نـەدەبینی، ئەوان لەسەر دەستوورێکی هاوبەش، کە ئیشەکانیان ڕێك بخات لـە ڕووی چـالاکی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە و کۆ نەبووبوونەوە، هەروەها ئەوان توندوتیـژییان بەکار دەهێنا و هەوڵی دەسـتگرتنیان بەسـەر دەسـەڵاتدا لـە ڕێگـەی هێـزەوە دەدا لەبری شێوازی دەستنیشانکردنی جەماوەری لەپێدانی دەسەڵاتدا.

---

[1] عبد المجيد بدوي، التأريخ السياسي والفكري لمذهب السني، ص٢٦.

**لقی دووهەم: هەڵوێستی زانا و نووسەری ئیسلامییە هاوچەرخەکان لە بابەتی حیزبی سیاسیدا**

هەڵوێستی نووسەر و بیریارە ئیسلامییەکان لەم بابەتانەدا لە دوو ئاڕاستەدا کورت دەبێتەوە:

ئاڕاستەی یەکەم: بەرهەڵستکاران، ئەمانە بوونی حیزبی سیاسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا کە سیستەمێکی سیاسیی ئیسلامی حوکمکارە بە درووست نازانن بەم بەڵگانە:

یەکەم: حزبە ئیسلامییەکان دەبنە هۆی پەرتکردنی میللەتی ئیسلامی و دابەشبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکان و فەرمانەکانی ئایینی ئیسلامییە، کە داوای یەکڕیزی و دەستگرتنی کۆمەڵیی دەکات بە بەرنامەی خوداوە ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾[1]، واتە: "بەڕاستی ئەوانەی ئایینەکەیان بەشبەش کرد و بوون بە چەند دەستە و تاقمێکەوە تۆ لە هیچ شتیکدا لە ئەوان نیت". مەترسیی ئەم دابەشبوونەش کاتی هەڵبژاردنە سیاسییە گشتییەکان دەردەکەوێت، کە دەبێتە هۆی پەتا و دوژمنایەتی و خوێنڕشتن.[2]

دووەم: ئومەتی ئیسلامی بۆ جێهێنانی مەبەستێکی هاوبەش هەوڵ دەدات، یەك فیکری ئیسلامی کۆیان دەکاتەوە وە پابەندییەك بیروباوەڕیەتی، کەواتە با بەهەموویانەوە یەك حیزب پێك بهێنن بۆیە بوار بە فرە حیزبی نادرێت کە دەبێتە هۆکاری فرەئامانجی و پەرتکردنی ئەم کۆمەڵە[3].

---

[1] الأنعام، اية (١٥٩).

[2] عاصم عجيلة و محمد رفعت عبد الوهاب، النظم السياسية، ط٥، ١٩٩٢، ص٨٥. نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٣٤١.

[3] عاصم عجيلة، النظم السياسية، ص٨٦. عبد الحميد الأنصاري، الشورى وأثرها في الديموقراطية، ص٤٢٨.

سـێههم: پێغهمبـهری خـودا (دروودی خـودای لهسـهر) دهفـهرموێت: هاوپهیمانیبهستن له ئیسلامدا نییه، ههر هاوپهیمانیهکیشمان له سهردهمی نهفامیدا بهسترابێت ئیسلام بـههێزتری دهکات.[1] کهواتـه موسـڵمانان لهنێوانیانـدا یـهك گرێبهست و پهیماننامـه ههیـه کـه گرێبهسـتی ئیسـلامه، کهواتـه درووسـت نییـه موسـڵمانان بهشـبهش بکـرێن بـۆ کۆمهڵـه کۆمهڵـه و هاوپـهیمانیی دیکـه بـهبێ بهشداربوونی ههموو موسڵمانان، خۆ گشت موسڵمانان پێکـهوه یـهك حیـزبن دژ بـه ناموسڵمان، خودا دهفهرموێت: ﴿وَمَنْ يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ﴾[2].

چوارههم: سیستهمی حیزبه سیاسییهکان، لهگهڵ دهقـه ڕاشکاوهکانی قورئانـدا ناکۆکه، که داوای یهکڕیزی و پهرتنهبوون دهکـهن، خـودا دهفـهرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا...﴾.[3] واتـه: " هـهمووتان دهسـت بگـرن بـهرهۆی پهیوهستیتان بـه خـوداوه (کـه قورئانـه) چـهند بهرهکـه (و لێـك جیـا) مـهبن". دهشـفهرموێت: ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾[4] واتـه: "جیـاواز مـهبن و دووبـهرهکی مهکـهن بههۆیـهوه بشـکێن و لاواز بـبن و هێزتـان بـڕوا و نـهمێنێ ". دهشفهرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾[5].

پێنجهم: ئهندامانی میللـهتی ئیسـلامی کـه دهچـنه نـاو حیزبـه جیاوازهکانـهوه، دهبێته مایهی ڕاهێنانی میللهت لهسـهر جیـاوازی و دابهشـبوون، لـهبری ڕاهێنانیـان

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٠، ص٥١٠. الأمام أحمد، المسند، ج١، ص١٩٣.

[2] المائدة، الاية (٥٦) مصطفى وصفي، النظم الأسلامية السياسية، ص٣٦. مصطفى وصفي، النظام الدستوري في الأسلام، ص٧٥.

[3] آل عمران : ١٠٣.

[4] الأنفال، اية (٤٦).

[5] الأنعام : ١٥٩.

لەسەر یەکێتی و یەکڕیزی، هەروەها پــەروەردە دەبـن و پــڕ دەکـرێن بــە بەرنامــەی جیاواز و ناکۆك، کە بنــەمای پــەروەردەی ئەنـدامانی میللــەتی دەبێـت لەسـەر یـەك بەرنامەی گشتگیر و سەرتاپایی دەبێت[1]، لەوانەی ئەم ئاڕاستەیان هەیە: موسـتەفا کەمال وەسفی[2] و ئەبو ئەعلای مەودودین[3].

لایەنگرانی حیزبایەتی لە چەند ڕوویەکەوە قسە لەگەڵ بەرهەڵستکاران دەکەن و دەڵێن:

ـ سەبارەت بەو دەقانەی داوای یەکڕیزی و پەرتنەبوون دەکەن، چـەند دەقێکـی دیکــەش هــەن جــەخت لــە مــافی بەرهەڵســتکاری و جیــاوازبوونی بیروبۆچــوون دەکەنەوە، دەشبێت ئەم دوو جۆرە دەقە ناکۆکە پێکەوە بگـونجێنین بـەم شـێوە: ڕێگریکردنەکە لەو جیاوازییانەیـە کـە لەسـەر بیروبـاوەڕ و بنـەماکانی ئـاینن، بـەڵام جیاوازی لە لقەکان و چۆنیەتیی ئامرازەکاندا درووستە، بەڵکو لە شەرع و عەقڵیشی دەیخـوازن و نابێتــە نــاکۆکی و دووبــەرەکی و لاوازبــوون، بــە پێچــەوانەوە دەبێتــە هۆکـاری بــەهێزی و گەشەســەندن و داهێنــان لــە ئامرازەکـانی ژیـان و شـێوازەکانی بەجێهێنانی ئامانجە گەورەکە[4].

ـ ئەو هاوپەیمانیەتانەی پێغەمبەری خودا ڕێگریی لێ کـردووە ئەوانــەن کـە نیـاز پێیان زیانگەیاندنە بە موسڵمانان و بەرژەوەندیی گشتی، یـان نیـاز پێیـان ئـاژاوەی نـاوخۆیی و لاوازکردنــی دەســەڵات و نانــەوەی پشـێوییە، بــەڵام ئەگـەر نیـاز پێـی

[1] عاصم عجيلة، النظم السياسية، ص٨٧. محمد سعيد رزاز، البعد الأخلاقي في الأسلام، مجلة الأمـة، سـنة ١٤٠٣ ه.

[2] مصطفى كمال وصفي، النظم السياسية، ص٣٦.

[3] أبو الأعلى المودودي، نظرية الأمس السياسية، ص٥١.

[4] عبد الحميد الأنصاري، الشورى ٤٢٧ وما بعدها.

بەجێهێنانی بەرژەوەندیی گشتی و خزمەتی گەل و دەروازەکانی چاکە بوو ئەوا درووستە[1].

ـ فەرموودەی (هاوپەیمانێتی لە ئیسلامدا نییە) دەقی فەرموودەکە لە بوخاریدا بەم شێوەیە (عاسم بۆی گێڕاینەوە وتی: بە ئەنەسی کوڕی مالیکم وت: ئایا پێت گەشتووە کە پێغەمبەری خودا فەرمویەتی: هاوپەیمانێتی لە ئیسلامدا نییە؟ وتی: پێغەمبەری خودا لە ماڵەکەی مندا هاوپەیمانیی لەنێوان قورەیش و پشتیواناندا بەست)، بەڵام موسلیم فەرموودەکەی وەك پرسیار نەهێناوە: (هاوپەیمانیەتی لە ئیسلامدا نییە هەر هاوپەیمانیەتیەکیش لە سەردەمی نافامیدا بووبێت ئیسلام بەهێزتری دەکات)[2]، دەبینین فەرموودەکە نکۆڵی لە هاوپەیمانێتی دەکات پاشان دانی پێدا دەنێت، کەواتە گونجاندنەکە چۆنە؟ ئیبن حەجەر دەڵێت: گونجاندنەکە بەوە دەبێت، ئەوە نکۆڵی لێ دەکرێت ئەوانەیە پشتیوانۆی هاوپەیمانەکەت بکەیت با ستەمکاریش بێت، هەروەها تۆڵەسەندنەوە لە هۆزێك یان میراتبردن، داوی دەگێڕێتەوە کە شەشیەکیان بە میرات دەدا بە هاوپەیمان.

نەوەوی دەڵێت: ئەوەی نکۆڵیی لێ کراوە هاوپەیمانی میراتبردن و ئەوانە کە شەرع قەدەغەی کردوون، بەڵام هاوپەیمانێتی لەسەر گوێڕایەڵیی پەروەردگار و سەرخستنی ستەملێکراو و برایەتیدرووستکردن لەبەر خودا ئەمان باشن.[3]

ـــ نەرێنییە حیزبییەکان و خراپقۆستنەوەی لەلایەن کەسانێکەوە و خراپبەکارهێنانی ئەمانە لە ناوەڕۆکی بیرۆکەکەدا نین، بەڵکو دوایی پەیدا دەبن و دێنە ناوی، کەواتە دەبێت ڕێگرییەکە لە خراپبەکارهێنانی بیرۆکەکە بکرێت، دادگەرییش لەوەدا نییە حەقێك هەڵبوەشێتەوە بەهۆی زیادەڕۆیی کەسێك لە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص٤٢٨.

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٠، ص٥٠١، ٥٠٢ (متاب الاداب).

[3] النووي، شرح صحيح المسلم، ج١٦، ص٨٢، (فضائل الصحابة).

خراپبەکارهێنانیدا، جا بەکارهێنانەکە لە نیازخراپییەوە بێت یان بە ڕێگەی پێچەوانەکردنەوەی مەبەستە شەرعییەکەوە بەکار بهێنرێت.

**ئاڕاستەی دووهەم: لایەنگرانی**

ئەم ئاڕاستەیە وا دەبینن کە سیستەمی سیاسیی ئیسلامی لە دروستبوونی حیزبی سیاسی نکۆڵیی نییە، چونکە بووەتە پێویستییەکی سیاسی و ڕاکردن لێی نییە، هەروەها کۆمەڵێك ئامانج و مەبەست بەجێ دەهێنێت کە بە نەبوونیان بەجێ نایەن، ئەم ئاڕاستەیە کۆمەڵێك بەڵگە دەهێننەوە گرنگترینیان:

یەکەم: حزبی سیاسی باشترین هۆکارە کە میللەت مافی خۆی تێدا بەکار بهێنێت بۆ لێپرسینەوەی حوکمڕان، چونکە میللەتی ئیسلامی تاك تاك ناتوانێت بەم ئەرکە هەستێت، حزبە سیاسییەکان ئەو فەرزە کیفایە لەم بارەوە بەجێ دەهێنن کە لەسەر شانی میللەتە بەگشتی و ئیتر لەسەریان دەکەوێت.

خودا دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[1] واتە: " ئەبێ لە ناو ئێوەدا کۆمەڵێك ببێت، بانگەواز بکەن بۆ چاکە فەرمان بدەن بە هەموو چاکەیەك و بەرگری بکەن لە هەموو خراپەیەك ئەوانە خۆیانن سەرکەوتوو". ئەم ئایەتە میللەت هان دەدات کە کۆمەڵێکی تایبەتمەند لە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە و بانگەوازکردن بۆ چاکە درووست بکەن، دەی حزبە سیاسییەکان دەکرێت وێنەیەکی ئەم کۆمەڵە داواکراوە بن.

کەواتە پێویستە کۆمەڵێکی تایبەتمەند بە کاروباری چاودێریی دەسەڵات و حوکمڕانان هەبێت، لەم ڕۆڵەدا شارەزا بێت بتوانێت زانیاری بەدەست بهێنێت و

[1] ال عمران، اية (٤٦).

شیکاری بکات، ئەمەش تەنها بە دەستەیەکی ڕێکخراوی بەتوانای کارا دەبێت، کە مرۆڤ بەتەنها ناتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت.(١)

دووهەم: جیاوازبوون لە سرووشتی مرۆڤە و سوننەتی ژیانە، ناتوانرێت بسڕێتەوە، بەڵام دەکرێت ئەرێنییانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەڵبگیرێت ئاڕاستە بکرێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی و کێبڕکێکردن بۆ خزمەتکردنی میللەت، حزبی سیاسییش نموونەیەکی جوانی ئەم جیاوازییە سرووشتییەیە.

خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾ (٢). واتە: "گەر پەروەردگارت بیویستایە گشت خەڵکی دەکرد بە یەك ئایین، بەڵام ئەوان بەردەوام جیاواز دەبن".

سێهەم: کۆدەنگییەکی میللەت هەیە کە لە شتە لاوەکییە فیقهییەکاندا بوونی جیاوازی گرفت نییە، مەزهەبە فیقهییە جیاواز و جۆراوجۆرەکانیش لێرەوە سەریان هەڵداوە، وەك: مەزهەبی ئەبو حەنیفە، شافیعی، مالیك، ئەحمەد، لەیسی کوڕی سەعد، ئەوزاعی، داودی زاهیری، جەعفەری صادق و... جگە لەوانیش(٣).

وەهاش سەیری ئەم مەزهەبانە دەکرێت کە ڕاجیایی و درووستن و بەرژەوەندیی گشتی بەجێ دەهێنن، بووشنەتە هۆی پەرەسەندنی فیقە و تێروتەسەلبوونی چارەسەرە فیقهییەکان لە زۆر بابەتی تازەکاردا، هەروەها بە ڕەحمەت بۆ گەل دادەنرێن.

کەواتە بوونی مەزهەبی سیاسییش گرفتی نییە، کە ببنە خاوەنی ئیجتیهادی سیاسی و بەرنامەی کرداری و دیدی تایبەتیان هەبێت بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی

---

١ عاصم عجيلة، النظم السياسية، ص٨٤. نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٢٣٧. محمد سليم العوا، النظام السياسي، ص٧٥.

٢ هود، اية (١١٨).

٣ طه جابر العلواني، أدب الأختلاف في الأسلام، ص٨٧، نفس المرجع، ص١٠١ وما بعدها.

ڕووبەڕووی میللەت دەبنەوە، ئەمە پێچەوانە نییە لەگەڵ یەکڕیزیی میللەت و دەستگرتن بە بیروباوەڕی و هەوڵدان بۆ بەجێهێنانی ئامانجی بەندایەتی کە مرۆڤ لەپێناویدا درووست کراوە.

چوارەم: حزبی سیاسی دەبێتە ئامرازێکی جێبەجێبوونی ئازادی تاك لە پیادەکردنی مافە ڕەواکانیدا، ئامرازێکیشە بۆ بیستنی دەنگەکانی کەمایەتی و چەوساوەکان، هەروەها کەشێکی لەباری گفتوگۆ و بیستن بۆ خەڵك فەراهەم دەهێنێت.

بیستنی بیروڕا جیاوازەکان و ڕامان لە هێزی ئەو بۆچوونانە، هەروەها حزبەکان جۆرێکن لە گرەنتی بۆ پارێزگاری لە ڕاوێژ و دادگەری و یەکسانی[1].

پێنجەم: حزبە سیاسییەکان کە هەڵدەستن بە ئەرکی پاڵاوتن بۆ پێگە سیاسی و ئیدارییە جیاوازەکان، ئەمەیان گونجاوە لەگەڵ ئەو بنەما ئیسلامییەی کە ڕێگرە لەبەردەم خۆپەسەندکردندا، حزبەکان پاکانە بۆ ئەو کەسانە دەکەن شایستەی ئەو پێگەیەن ئەویش بە ڕاوبۆچوونی زۆرینەی ئەندامانی حزب، ئەوکات پاڵاوتنەکە بڕیارێکی تاکانە نییە هەرکەس بۆخۆی بیدات، بەڵکو بڕیاری پاڵاوتنەکە بەکۆمەڵ دەدرێت و بۆچوونی کۆمەڵێك عەقڵ و ئیجتیهادە.[2]

شەشەم: پشتیوانان و کۆچەریەکان ڕۆژی سەقیفە کێبڕکێیان کرد لەسەر شایستەترینیان بۆ جێنشینایەتی، هەر تاقمێکیش بەڵگە و نیشانەی خۆی دەهێنایەوە ئەمەش بووە هۆی گفتوگۆ و باسوخواس کە لە کۆتاییدا گەیشتنە پەیماندان بۆ جێنشینایەتی ئەبو بەکر لەنێوان کۆمەڵێك پاڵێوراودا، کە بە زۆرینەی هەرە زۆر، بەڵکو بە کۆدەنگی کرا بە جێنشین کە جگە لە چەند کەسێکی کەم

---

[1] عبد الحميد الأنصاري، الشورى، ص٤٢٩. نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٣٣٦، محمد فتحي عثمان، من أصول الفكر السياسي الأسلامي، ص٢٦٠.

[2] نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٣٣٨.

نەبێت کەس نکۆڵی نەکرد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر درووستیی جیاوازبوون لە کاروبارە ئیجتیهادییەکاندا و دانانی حوکمڕاندا، دەی حیزبە سیاسییەکانی ئەمڕۆ ئەو جیاوازییە بەرجەستە دەکەن لەم کاروبارە ئیجتیهادییەدا ئەویش بە کێبڕکێ لە ڕێگەی بەرنامەی هەڵبژاردنەوە بۆ گەیشتن بە قەناعەتپێکردنی زۆرینەی دەنگدەر بەو بەرنامەیە بۆ گەیشتنە دەسەڵات.

کۆمەڵێك بیریار و نووسەری هاوچەرخ هەن، کە درووستکردنی حزبی سیاسی و فرەحزبییان لە دەوڵەتی ئیسلامی لا درووستە، بەڵام بوونی سیستەم و یاسا و دیسپلین کە پرۆسەکە ڕێك بخات ئەوانەش هەڵقوڵاوی شەریعەتی ئیسلامی و مەبەستە گشتییەکانی بن، لەو نووسەر و بیریارانە:ـ

ـ وەفیق شاوی لە کتێبی (فقه الشورى والاستشارة).[1]

ـ ئەحمەد شلبی (الساسة في الفكر الاسلامي).[2]

ـ قەحتان عەبدوڕەحمان دوری لە کتێبی (الشورى بين النظرية والتطبيق).[3]

ـ محەمەد سەلیم عەوا لە کتێبی (النظام السياسي للدولة الأسلامية).[4]

ـ محەمەد فەتحی عوسمان لە کتێبی (من أصول الفكر السياسي الأسلامي).[5]

ـ فەهمی شناوی لە کتێبی (نحو اسلام سياسى).[6]

ـ محەمەد ئەسەد لە کتێبی (منهاج الاسلام فى الحكم).[7]

---

[1] توفيق الشاوي، فقه الشورى والأستشارة، ص٣٤٩.

[2] أحمد شلبي، السياسة في الفكر الأسلامي، ص١٠٠.

[3] قحطان الدوري، الشوري بين نظرية والتطبيق، ص٢١٧، ط١ – ١٩٧٤، بغداد.

[4] محمد سليم عوا، النظام السياسي للدولة الأسلامي، ص٧٦.

[5] محمد فتحي عثمان، من أصول الفكر السياسي الأسلامي، ص٢٦٠.

[6] فهمي شناوي، نحو اسلام السياسي، ص١٢.

[7] محمد أسد، منهاج الأسلام في الحكم، نقله الى عربية منصور ماضي، ص١١٦، دار العلم للملايين، ط١٩٨٧.

ـ قوتب محەمەد قوتب تەبەلیە لە کتێبی (النظم الأسلامية – الخلافة).[1]

ـ عەبدولحەکیم حەسەن محەمەد عەبدوللّا لە کتێبی (الحريات العامة في الفكر والنظام السياسي في الأسلام).[2]

**هەڵوێستی هەڵبژێردراو:**

بابەتی حزبی سیاسی بووەتە کۆڵەکەی سیاسەتی هاوچەرخ، هەروەها بووەتە یەکێك لە پێویستییەکانی سیستەمی سیاسی ئارام و سەقامگیری، لەگەڵ ئەو نەرێنییانەی بەدڵنیاییەوە لەخۆی گرتووە، بەڵام زۆر ئەرێنییش هەن کە بە بوونی حزبی سیاسی جێبەجێ دەبن.

ئەم بابەتە پێویستی بە دیدێکی یاسایی هەیە، کە پشت ببەستێت بە بنەما شەرعییە گشتییەکان لە ئیسلامەوە، کەواتە با هەڵوێستەیەك لەسەر درووستبوونی حیزبی سیاسی لە سیستەمی سیاسیی ئیسلامی هاوچەرخدا بکەین.

دەکرێت لە سۆنگەی چەند خاڵێکەوە لەم بابەتە بڕوانین:

**یەکەم**: لەو کارە بەڵگەنەویست و بەئاوەز سەلمێنراوانەیە، مرۆڤ بە سرووشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و خەڵك و پێویستیان بە یەکتر هەیە ناتوانن بەتەنها بمێنن دوور لەوانی دیکە بژین، چونکە پەروەردگار سرووشتی مرۆڤی لەسەر حەزی بەکۆمەڵبوون ڕاهێناوە لەوەوە چێژ وەردەگرێت، هەروەها مرۆڤ بەتەنها ناتوانێت پێویستییەکانی بە تێروتەسەلی جێبەجێ بکات، پێویستی بە هاوکاریی

---

[1] القوطب محمد قوطب طبلية، النظم الأسلامية، ص٣٠٨.

[2] عبد الحكيم حسن عبدالله، الحريات العامة في الفكر والنظام السياسي في الأسلام، ص٦٦٦.

هاوڕەگەزەکەی خۆی دەبێت، ئەمە قسەی فەلسەفە کۆن و نوێیەکانە بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە.[1]

فارابی دەڵێت: هەموو کەسێك وا ڕاهاتووە بۆ گەیشتن بە مەرامی و بابەتە زۆر و تێروتەسەلەکانی (کە بەتەنها بۆی ناکرێت) پێویستی بە کەسانێکە هەریەکەیان ئەوەی پێویستییەتی پێی هەستێت، چونکە مرۆڤ ناگاتە کاملّی کە سرووشتی دەیخوازێت مەگەر بە گردبوونەوەی کۆمەڵێك خەڵکی هاوکار...)[2].

ئیبن سیناش دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئادەمیزاد خۆی بەتەنها ناتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت مەگەر بە هاوبەشیی کەسی دیکەی ڕەگەزی خۆی، کە بەرهەڵستکاری لەنێوانیاندا ڕوو دەدات، هەریەکەیان ئەرکێکی هاوەڵەکەی دەکات کە ئەگەر تەنها خۆی کردبای جەنجاڵیی زۆری لەسەر کەڵکە دەبوو...)[3].

کەواتە حزبەکان وەڵامدانەوەیەکی واقیعی و سرووشتیی مرۆڤن هەروەها وەڵامدانەوەی پێویستی مرۆڤن بۆ کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستی و ئارەزووەکانیدا.

جا ئەگەر چوارچێوەی ئەم گردبوونەوانە زۆر بن و لایەنەکانیان جۆراوجۆر بێت وەکو: گوند و شار و عەشیرەت و تیرە و هۆز، کە زۆر جار لەسەر دەمارگیری یەك دەگرن، دەی حیزبی سیاسییش دەکرێت یەکێك لەو چوارچێوە فیکرییانە بێت کە گردبوونەوەکەی ئەم بالاتر و شارستانیترە.

[1] رضوان السيد، الأمة والجماعة والسلطة، ص١٧٩ وما بعدها، فقد نقل طائفة من أقوال الفلاسفة في هذا المجال مثل أفلاطون في الجمهورية، و ثامسطيوس في رسالته السياسية، و الفارابي في المدينة الفاضلة، و يحيى بن عدي، و ابن سينا و غيرهم.

[2] أبو نصر الفارابي، اراء أهل المدينة الناضلة، ص٥٦، تحقيق، البير نصري، ط١ ١٩٥٩، بيروت.

[3] ابن سينا، الأشارات والتنبيهات.

ئەگەر ئیسلام لەگەڵ ئەم چوارچێوانەدا مامەڵەیەکی سیاسی لەخۆگرتنی ئەرێنی کردبێت، بەئاڕاستەکردنێکی بنیاتنەری ئەرێنی بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی میللەت، بێگومان دژایەتی دەمارگیریشی کردووە وە هەرگیز نەیکردووەتە پێوەر بۆ چاك وخراپی مرۆڤەکان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾[1]. **واتە: "ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە دروستمان کردوون لە نێرو مێیەك و کردومانن بە چەند گەل و هۆزەوە تا یەکتری بناسن، "بەڕێزترینتان لای خودا پارێزگارترینتانە"**.

لە نمونەی مامەڵەی ئەرێنی لەگەڵ دەمارگیریەکاندا سەرکردەکانی فتوحاتی ئیسلامی و هۆزەکانیان کردووە بە یەکەی جەمگاوەری سەربازی، چونکە یەکتر دەناسن و توانایی یەکدی دەزانن، دەبێتە ڕێگریش لە هاتنە ناوەوەی کەسی نامۆ بۆ ناویان، هەروەها کێبرکێیەکیشی لە جەنگ و زیاتر چونە پێشەوەی بەرگریکردن دروست دەکات[2].

**دووەم**: پێکهێنانی حزبی سیاسی ئامرازێکی گرنگی کاڵکردنەوەی دەمارگیریە لە دەروونی خەڵکدا، **هەروەها** کاڵکردنەوەی شوێنەواری پەیوەستی خوێن و هۆزە لە پرۆسە سیاسیە گشتییەکاندا.

ئەمەش لەوەدا دێت کە دانبنرێت بە تیرە و هۆزەکاندا بۆ هەوڵی بەکارهێنانی ئەرێنیان، نەك لە سۆنگەی هەڵوەشانەوە و دژایەتیکردنەوە، چونکە ئەوانە پێکهێنەری ڕاستەقینەی گونجاو و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتین، وەکو چۆن پێغەمبەری

---

[1] الحجرات، اية (١٣).

[2] أحمد عادل كمال، الطريق الى المائن، ص٢٢٣. محمود المرداوي، الخلافة بين النظرية والتطبيق، ص١٩٨.

خودا ئەمەی بەجێهێنا بە درووستكردنی برایەتی لەنێوان كۆچەری و پشتیوانەكاندا لە سەرەتای یەكەم دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینەدا[1].

چوارچێوەی فكری جەماوەری لەم بابەتەدا جۆرێك دەبێت لە جۆرەكانی یەكتر ناسین و پێكەوە ژیان، كە لە شێوزای هۆز و تیرە بالاتر و بایەخدارتریشە بۆ لەیەككەشتن و هەستان بەئەركی بە كۆمەڵی ئامانجدار.

**سێیەم**: حزبی سیاسی ئامرازێكی كرداری فەرمانی خودایی پێكدەهێنێت كە فەرمان بە گردبوونەوە دەكات لە پێناو فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە، دەفەرمویت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾[2] واتە: " ئەبێ لە ناو ئێوەدا كۆمەڵێك ببێت، بانگەواز بكەن بۆ چاكە فەرمان بدەن بە هەموو چاكەیەك و بەرگری بكەن لە هەموو خراپەیەك". بەسەرنجدانی دەقە قورئانیەكە دەستەواژەی (الأمة) واتە كۆمەڵێك دەبێت ئەم ئەركە ڕاپەڕێنن، هەرچەندە ئەمە ڕێگرنابێت لەبەردەم ئەركی تاك لە فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە كردن، چونكە ئەمە ئەركی تاك و كۆمەڵیشە، پێغەمبەری خودا دەفەرمویت:هەر كەسێك خراپەیەكی بینی با بە دەست بیگۆڕێت خۆ ئەگەر نەیتوانی بە زمان وە ئەگەر ئەوەشی نەتوانی بە دڵ كە ئەوە لاوازترین باوەڕە[3].

ئەم فەرموودەیە فەرمانێكی ڕاشكاوە بەئەركباركردنی هەموو موسڵمانێك لە گۆڕینی خراپەدا بەوەی دەتوانێت، هەروەها بێدەنگی تیایدا درووست نییە، با بەدڵیش بێت، ئایەتەكە كە دەستەواژەی (الامة)ی بەكارهێناوە نیشانەی ئەوەیە كۆمەڵێك ئەركی گەورەی گشتی هەن، مرۆڤ بە تەنها پێی جێبەجێ نابێت، هەروەها كۆمەڵێك خراپەی گەورەی گشتی هەن بەتەنها مرۆڤ ڕێگری بۆ ناكرێت، بەڵكو

---

[1] أبن هشام، السيرة، ج٢ ، ص٥٠٤.

[2] ال عمران، اية (١٠٤).

[3] مسلم، الصحيح، ج١، ص٦٩، (كتاب الأيمان).

پێویسته تاقمێك یان كۆمەڵێكی چاپوك پێكەوە هاوكار بن لەپێناو بەجێهێنانی ئەم چاكە یان گۆڕینی ئەو خراپەدا، ئا بەو شێوە ئەوانە لەبری هەموو میللەت پێی هەڵدەستن، كە ئەگەر نەكرێت هەموو تاكەكانی كۆمەڵگە پێی گوناهباردەبێت.

**چوارەم**: دەكرێت سەرنجی حزبی سیاسی بدەین كە دەرەنجامی ئەزونی كەڵەكەبوی قۆناغەكانی مێژووی مرۆڤایەتیە، كە بە شێوازێكی پێشكەوتوو دادەنرێت لە مامەڵەكردنی لەگەڵ ئاكاری مرۆڤیدا لە چوارچێوەی سیستەمێكی كۆمەڵایەتی سیاسی، لە ڕاستیدا وەڵامدەرەوەی پێویستی گەشەكردووی خەڵكە لە بوارە سیاسیەكەدا.

دەتوانین بڵێین هەموو میللەتان بە ئەندازەیەك بەشداربوون لە گەشەسەندنی ئەم ئەزمونە ناكرێت بۆ گەلێك لە گەلان لەسەر زەویدا قۆرخ بكرێت، بەڵكو دەكرێت ئاماژە بۆ ئەندازەی سەركەوتن و شكستی مامەڵەكردن بكرێت لەگەڵ ئەم چوارچێوەیە.

خۆ ئەگەر هەندێك كەس مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم ئەزمونە ڕەتدەكەنەوە لەبەرئەوەی بەرهەمی گەلانی ڕۆژئاوایە لە دۆخە جیاجیاكانیاندا كە جیاوازن لە دۆخی گەلانی ئیسلامی، ە ئەمەش بە بۆچوونی ئەوان نەشیاوێتی ئەم ئەزمونە دەردەخات بۆ ناو میللەتانی ئیسلامی، وەڵامی ئەم قسەیە بەوە دەدرێتەوە كە قسەكە لە بنەڕەتدا ڕاست نییە، چونكە كرۆكی بیرۆكەی گردبوونەوەی مرۆیی لەسەر بیرۆكەیەكی دیاریكراو و هەوڵدان بۆ جێبەجێكردنی بە ئامرازی جیاجیا، لەو ئامرازانەش گەیشتن بە دەسەڵات، ئەمە ئەزمونێكی دێرینە و هەموو گەلانی پێدا تێپەڕیوە و لەناویشیاندا گەلانی ئیسلامی، بەڵام دەبێت دانبەوەدا بنرێت كە گەلانی ڕۆژئاوا كە مامەڵەكردنی لەگەڵ ئەم ئەزمونەدا سەركەوتووانە گەشەپێدا، كە یارمەتیدا لەسەر بەرقەراربوونی سیاسی و پێشخستنی سیستەمە سیاسییەكانی بۆ

پارێزگاریکردن له ئازادی گەلان و كەرامەتی مرۆڤ، ئەمەش كردی بە نمونەیەكی هاوچەرخی پێشكەوتوو، لەگەڵ بوونی كەلێن و كەمو كورتی و هەڵە و پەلەی لە مامەڵەكردن لەگەڵ هەندێك بابەتدا، كە پێویستی بە دەرخستن و چارەسەركردنە لە دیدی ئیسلامەوە.

ئەم كەلێنانە لەسەر بنەما و ناوەڕۆكی بیرۆكەكە كاریگەریی نییە، بەڵكو كاریگەرییەكەی لەسەر فەلسەفەی ڕۆژئاوایە كە هەموو سیستەمە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی لەسەر بنیاتنراون.

بەشێكی وەڵامەكەش فەرموودەیەكی پێغەمبەری خودایە كە بە ڕێبازێكی تێر و تەسەل دادەنرێت لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەزمون و شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا بە كۆن و نوێوە فەرموودەكەش ئەوەیە (حیكمەت بزربووی باوەڕدارە، لە هەركوێ دیتیەوە، لە هەموان لەپێشترە بۆی).[1]

**پێنجەم**: لە كێشانەكردنی نەرێنی و ئەرێنی حزبی سیاسی دەبینین تای تەرازوی ئەرێنی قورسترە و بوەتە پێویستییەكی سیاسی سەردەم، خۆ ئەگەر ترس لە پەرتەوازەیی میللەت و لێكترازانی یەكڕیزیی بكرێت بەهۆی بوونی حزبەوە یان حزب بە هۆكار دەستخستنی دەستكەوتی شەخسی و گرووپی دابنرێت لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی، یاخود حزب بە ئامرازێكی سەرلێشێواندنی ڕای گشتی دابنرێت، دەكرێت وەڵامیان بە چەند خاڵێك بدرێتەوە:-

---

[1] أبن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٩٥. الترمذي، السنن بشرح ابن العربي، ج١٠، ص١٥٩.

١ـ لـه حالـّەتی نـەبوونی حزبـدا وەك چوارچـێوەیەكی فكـری بـۆ لـه خـۆگرتنی جیاوازیه سرووشتیەكان بەرەو بەجێهێنانی ئامانجەكان، بێگومـان چـێوەی دیكـەی ناشارستانی پەیدا دەبن وەك: تیرەگەری و ڕەگەزپەرستی و....جگه لەوانەش.

٢ـ قۆستنەوەی حزب بۆ بەرژەوەندی كەسـی و پێڕەكـان بـه هۆشـیاركردنەوەی میللـــەت و بەرزكردنـــەوەی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و فیكـــری چارەســـەر دەبێـــت، سەلێشێواندنی میللەت بە حزب و جگە لە حزبیش دەكرێت، چارەسەر بۆ ئەمەشیان چاودێری گشـتی میللـی، هـەروەها لـه ڕێگـای كێبڕكێـوە دەبێـت لـه دەستخسـتنی متمانەی جەماوەریی.

ئەرێنیەكانیش زۆرن دەكرێت لـه بەنـدی ڕابـردووە بگەڕێنـەوە بـۆی خـۆ ئەگـەر بەراوردكردن لە ڕێگای كۆدەنگی سیاسییەكانی سەردەم بێـت كـه ئەرێنیـەكانیان لا پەسەندە، هەروەها بەڕێگای سنوردار كه نەرێنیەكان بێت، ئەمـه ئاشـكرای دەكـات چەندە پێویسته فەتوا بـه شـەرعیەتی بـوونی حـزب بـدرێت، دەریشـیدەخات ڕۆڵـی كاریگەریان چەندە لە مەیدانی كردەیی سیاسیدا.

**شەشەم**: لە سـۆنگەی سـەیركردنی بەرژەوەندیـه ڕەهاكـان (المصـالح المرسـلة) دەبینین كه حزبه سیاسییەكان ژمارەیەك ئامانجی شەرعی بەجێدەهێنن لەوانە:

١ـ كاتێك ئومەتی ئیسلامی لە هەندێك قۆناغەكانیدا بەهۆی پەرتەوازەیی ناخۆیی و لاوازی دەسـەڵاتەوە، توشـی كۆمەڵـه قـەیرانێك هـات و دوژمنـان پەلاماریانـدا و داگیركـاران زۆربـەی وڵاتـەكانیان داگیركـرد، حزبـه سیاسـییەكان توانیـان توانـا دڵسۆزەكان و عەقڵـه كاراكـان كۆكاتـەوە بـۆ خەبەركردنـەوەی گـەلانی موسـڵمان و زیندووكردنـەوەی گیـانی بـەرگری و بزوانـدنی سـۆزی خـەڵك لـەپێناو مەبەسـتی و

ڕزگاربوون لەژێر چەپۆکی بێگانە، تا ئێستاش هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ژیانی ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا.

٢ـ ئەو ململانێ خوێناویەی دوچاری جیهانی ئیسلامی هات لەسەر دەسەڵات، بوو بەهۆی کوشتنی دەرون و شپرزەبوونی تواناکان و بڵاوبوونەوەی بشـێوی، دەکرێـت بە دەستاودەسـت کردنـی دەسـەڵات بـە هێمنانـە و دەنگدانی زۆرینـە ئـەو کەلێنـە پڕبکرێتەوە، ئەمەش میللەتان لە تونـدو تیـژی سـەرلەنوێ و پـەرتبوونی بـەردەوام لەسەر پرۆسەی وەرگرتنی دەسـەڵات دەپارێزێـت، دەکرێـت ئەمـەش بـە ڕاسـاندنی شەرعی و دەستووری بێت.

٣ـ دەکرێت سیستەمێکی شەرعی نوێ پەیدا ببێت ئەزمونی حزبـە سیاسـییەکان وەرگرێت و پرۆسەی کارپێکردنی ڕێکخات و لە نەرێنی و خراپیەکانی خـۆی لادات و زۆرترین بەرژەوەنـدی ڕەچـاوکات، وەك: هۆشـیارکردنەوەی جـەماوەر، کـامڵکردنی پرۆژەکانی کێبڕکێ لە بەرنامەی پێشکەوتووخواز و ڕاڤەکردنی لە ئەنجومەنە گشتی و کۆبوونەوە فراوانەکاندا، لەپێناو بە گەیشتن بە باشترین و پێشکەوتوترین شێوازی حوکمڕانی کە لەگەڵ شەریعەت بەریەککەوتن و دژایەتیان نەبێت.

# باسی دووهەم: مافی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی

## بەندی یەکەم: پێناسەی ئۆپۆزسیۆن (بەرهەڵستکاری)

(المعارضة)ئۆپۆزسیۆن: لە زمانی عەرەبیدا بە مانای پیشاندان و بەرەو ڕوو دێت[1]، هەروەها بە مانای ڕێگری و بەرهەڵستکاریش دێت[2]

**ئۆپۆزسیۆن لە زاراوەی سیاسیدا**

هەندێك لە توێژەران دەڵێن: ناوەڕۆکی ئۆپۆزسیۆن بە کورتی لە دەربڕینی مافی بە کۆمەڵ بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی ئاکاری دەسەڵاتی سیاسی چڕدەبێتەوە، فەلسەفەکەشی لەبەر قبووڵکردنی جیاوازی ڕا و بۆچوون دادەمەزرێت و بە مافێکی شەرعی دادەنرێت[3].

ئەم تێگەیشتنە بە بۆچوونی ئەوان جیاوازە لە چەمکی ئۆپۆزسیۆن بە مانا ڕۆژئاواییەکەی، کە ڕەوتی ئۆپۆزسیۆن قەتیس دەکات لە ئازادی کەمینە لە بەرەوڕوو بوونەوەی مافی زۆرینە لە حوکمڕانیدا[4] کە ناوەڕۆکی ئەمیش لەسەر بوونی دوو گرووپ دامەزراوە کە لە ململانێدان بۆ گەیشتن بە تەختی دەسەڵات، ئەویش بە ناوبژیوانی دەنگی دەنگدەران، کە ماف دەدات بە زۆرینە زاڵبێت بەسەر کورسی دەسەڵات و حوکمڕانیدا، گرووپەکەی دیکە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بوون دەبینێت هەتاوەکو دەرفەتی سەرکەوتنی بۆ دێتە پێش، ئامانجیش لێرەدا گەیشتنە بە دەسەڵات.

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، الطبعة المعدلة، ج٢، ص٧٣٦، مادة (عرض).

[2] السيد الشريف الجرجاني، التعريفات، ص ٢٧٤.

[3] نيفين عبدالخالق، المعرضة فى فكر السياسي السلامي، ص٢٥.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩.

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی مەرج نییە هەمیشە بەمانای دژایەتی ڕەها بێت، بەڵکو ئۆپۆزسیۆن بوون بووەتە نازناوی ئەو ڕۆڵە سیاسییەی کەمینە دەیبینێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆرینەی حوکمڕاندا.

بابەتێکی بایەخدار لە مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن بووندا کە دەبێت هەر لە سەرەتاوە ڕۆشنبێت ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی سیستەم و دەرەوەی یاسا نییە، بەڵکو بەشێکە لە سیستەمە گشتییەکەوە و شەرعیەت لە پابەندبوون بە یاسا و بنەماکانی دادوەریی گشتییەوە وەردەگرێت کە هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵە سیاسیە پێوەی پابەند دەبن، ئەوانیش هاووڵاتین و ئەرکی چەسپاندنی حوکم و بەرقەراربوونی ئاسایشیان لە ئەستۆدایە و هەموو مافە سیاسییەکانیان هەیە، واتە ئەوانە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بوون دەبینن کۆمەڵە تاکێکی هاووڵاتین.

ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی چاودێر بەسەر دەسەڵاتی حوکمڕانییەوە دەگێڕێت و تا بزانێت چەندە پابەندی بەڵێنەکان و جێبەجێکاری یاسایە.

بەزۆری ئۆپۆزسیۆن تێڕوانینی جیاوازە لە تێڕوانینی دەسەڵات، بەڵام لە سنورێکدا کە دەستوور و سیستەمی گشتی ڕێگەی پێبدات.

ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیەتی کە تێڕوانینی خۆی لە بابەتە جیاوازە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان کە لای هاووڵاتیان بایەخدارە شیبکاتەوە و تا بگاتە ڕایەکی ڕاست و هەڵوێستێکی ژیرانە کە لە بەرژەوەندی میللەتدا بێت.

بۆیە پێویستی گیانی دوژمنایەتی لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا نەبێت، بە گومانیشەوە سەیری ڕۆڵ و کار و چالاکی ئۆپۆزسیۆن نەکرێت.

**بەندی دووەم: ئەو بنەما شەرعیانەی کە بــوونی ئۆپۆزســیۆن دەســەلمێنێت لــە سیستەمی سیاسی ئیسلامیدا**

پاش ڕاوەستان لەسەر چەمکی ئۆپۆزسـیۆن و ناوەڕۆکـە سیاسـیەکەی دەبیـنین لەسەر چەند بنەمایەکە:

- ڕۆڵی تاکی تاکەکانی خەڵك پێـی هەڵدەسـتن بـە فەرمانبـە چاکە و ڕێگـری لـە خراپە، کە پەیوەستن بە پیاوانی حوکمڕان و دەسەڵاتەوە دەبێت ئامۆژگاری بکرێن و لـە هەڵـەو فەرامۆشـیەکانیان ئاگـادار بکرێنـەوە، ئەمـەش ئیشـکردنە بـە ئـازادی ڕادەربڕین و پشتبەستنە بە بنەما شەرعیە گشتییەکان.

- ڕۆڵی بە کۆمەڵی ڕێکخراو، ئەمە لایەنە گرنگەکەی ئۆپۆزسـیۆنی سیاسـیە، کـە حزبـە سیاسـییەکان و ڕێکخـراو و دەسـتە جەماوەریـەکان پێـی هەڵدەسـتن، ئـەم ڕۆڵبینینەش پشت دەبەستێت بە بنەما شەرعیە گشتییەکان.

لەسەر ئەم بنەمایانە ئیشی ئۆپۆزسیۆن پوخت دەبێتەوە لە بینینی ڕۆڵی حزبـی سیاسی و پیادەکردنی ئازادی ڕا دەربڕین، جا بۆ ئەوەی دوبارە و درێژنەبێتەوە ئەو بنــەما شــەرعییانەی کــە پێکهێنــانی حــزب و ڕێکخــراوی سیاســی لــە شــەریعەتی ئیسلامیدا پشـتی پێدەبەسـتێت، لـە بەشـێکی سـەربەخۆدا بـە درێـژی باسـکران[1]، هــەروەها بــە زیـادکردنی ئــەو بنــەما شــەرعیانەی کــە ئــازادی بـیر و ڕا دەربــڕین لــە شەریعەتی ئیسلامیدا پشتی پێدەبەسرێن کـە ئـەویش لـە بەشـێکی سـەربەخۆدا بـە درێـژی باسـکرا[2]، ئەوانــە هــەمان بنــەمان کــە مـافی ئۆپۆزسـیۆن بـوون پشـتیان پێدەبەستێت.

گرنگترین ئەو بنەمایانەش: فەرزبوونی فەرمان بە چاکە و ڕێگـری لـە خراپەیـە، ئامۆژگاری، مافی ڕاوێژ، لەگەڵ مافی میللەت لە دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەوڵەت

---

[1] يمكن رجوع الى موضوع الاحزاب السياسية من كتاب نفسه.

[2] يمكن الرجوع الى موضوع حرية الراي من الكتاب نفسه.

و دەستنیشانکردنی نوێنەرانی لە ئەنجومەنی شورادا، هەروەها مافی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن و لادانی حوکمڕان ئەگەر پێویستی کرد.[1]

**ئۆپۆزسیۆن بوون لەسەر شەرعیەتی ڕاجیایی دادەمەزرێت:**

جیاوازی لە شتەکاندا ئەسڵە و شتێکی خواکردە لە مرۆڤ و هەموو درووستکراوەکانیشدا، خودا دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ (٢٧) وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ﴾[2] واتە: "ئایا نەتدی کە بەڕاستی خودا لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە ئینجا ڕواندمان بەو بارانە هەموو جۆرە میوەیەك کە شێوە و ڕەنگەکانیان جیاوازە و لە چیاکاندا چەند ڕێگا هەیە کە ڕەنگیان سپی و سورە، جیاوازن و هەشیانە ڕەشێکی تۆخە. لە ئادەمی و زیندەوەر و ئاژەڵ و ماڵاتیشدا ڕەنگی جۆراو جۆر هەیە بە وێنەی جیاوازی میوەهات، بەڕاستی لەناو بەندەکانی خودا تەنیا زانایان لەخوا دەترسن، بێگومان خودا زاڵی لێبوردەیە". ئەم جیاوازییە بەڵگەی موعجیزەی و مەزنی و دەسەڵاتی خوداییە و جێگای پەندوەرگرتن و ئامۆژگاری و تێفکرینە.

جیاوازی لە درووست بوون و ئاوەز و سرووشتی مرۆڤدا خوداکرد، بۆ ئەوەی مانای تاقیکرنەوە و حەقیقەتەکە کامڵ بێت، چونکە ئەگەر پەروەردگار مرۆڤەکانی وەك یەك و لەیەکچوو درووستکردبا لە ڕووی خیلقەت و ئاوەز و سرووشت و تواناوە، ئەوکات جیاوازبوون نەدەبوو لە وەڵامدانەوە و ئیشکردندا مانایەك بۆ تاقیکردنەوەی دنیایی نەدەماوە.

---

[1] یمکن رجوع کذالك الی فصل حق الامة فی مراقبة الحاکم و تقویمە و عزلە من الکتاب نفسه، ص٢٧.

[2] فاطر: (٢٧ ـ ٢٨).

خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ﴾[1] واتە: "بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان درووست کرد لە دڵۆپێك ئاوی تێکەڵ لە گەلێ توخم تا تاقی بکەینەوە". دەشفەرموێت: ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾،[2] واتە: "ئەو زاتەی کە مردن و ژیانی داهێناوە تا تاقیتان بکاتەوە کە کردەوەی کامتان چاکترە". جا ئەم جیاوازیە سرووشتیە ئەسڵیە لە مرۆڤدا دەبێتە هۆی جیاوازبوون لە وەڵامدانەوە و وەرگرتن و جیاوازبوون لە بیروڕا و هەڵوێست و ڕەنج و بەخشیندا، ئەمانەش دەبنە هۆی جیاوازبوون لە پاداشت و لێپرسینەوەدا.

خودای پەروەردگار کۆمەڵە بنەمایەکی گەورە و بناغەی گشتی داڕشتووە لە ئایندا، کە ڕاجیایی تیایاندا درووست نییە، لقەکان و کاروبارەکانی دیکە لەسەر ئەو بنەمایانە دەسوڕێنەوە، لە دیندا بە زەرورەت زانراون، کە ئیجتیهاد و فرە ڕایی هەڵناگرێت، کە ئەوانەی دەقی درووستی یەکلاکەرەوەیان لەسەر هاتووە، جگە لەوانە بوارێکی فراوان ماوەتەوە بۆ ئیجتیهاد، شەریعەت ئازادی بە ئاوەز داوە بیریانلێبکاتەوە و مۆڵەتی فرەبۆچوون و ڕاجیایشی داوە لەسەریان، بەڵام بە پشتبەستن بە ڕۆحی شەریعەت و ئامانجە گشتییەکانی، کە دەستخستنی بەرژەوەندی و لادانی خراپە و زیانە، بەشێوەیەکی گشتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئەنجامی ڕاجیاییە، کە مەبەست پێی دەستخستنی بەرژەوەندی و لادانی زەرەر و زیانە لە بوارەکانی دادوەری و سیاسەت و وابەستەکانیانەوە.

بەڵام پێویستە ئاگاداربین ئۆپۆزسیۆن کە ڕایەکی جیاواز لە بڕیارەکانی دەسەڵات هەڵدەبژێرێت، لەسەری پێویستە هەوڵی شکستهێنانی ئەو بڕیارە نەدات و ئاژاوە بۆ دەسەڵات بەرپا نەکات، بەڵکو ئۆپۆزسیۆنکردن لە کاتی خۆیدا دەکرێت و

[1] الانسان: (٢).

[2] الملك: (٢)

له چوارچێوەی دەستووردا دەبزوێت، بەپێی ئەو کارنامە یاساییانە کە کاروباری ڕا جیایی ڕێکیدەخات و دەیپارێزێت لە بشێوی و ئەنجام خراپی.

ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە ئیسلامدا لەسەر دڵسۆزی دادەمەزرێت[1]، دامەزراندنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە ئیسلامدا لەسەر بنەمای دڵسۆزی (النصيحة) دادەمەزرێت، کە ئەمە تایبەتمەندیەکی تایبەت و ناوازەیە جیایە لە گشت جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمە سیاسییەکانی دیکەدا، دڵسۆزیش زاراوەیەکی سیاسی ئیسلامیە کە پڕە لە مانای ئیمانی و ڕەفتاری جوان، ئیبن ئەسیر لەبارەیەوە دەڵێت: ناتوانرێت بە دەستەواژەیەك مانایەك دەربڕێت کە هەموو ماناکانی لەخۆبگرێت.[2]

ئۆپۆزسیۆنبوون دڵسۆزی نواندنە بۆ دەسەڵاتداران[3] کە بە مانای ڕێنمایی کردنیان و ئاگادارکردنەوەیانە لەو شتانەی فەرامۆشیانکردووە، هەروەها پشتیوانیکردنیانە لەسەر حەق فەرمانپێکردنیان و ئاگادارکردنیانە لە دوژمنان، دەشێت بە ئاشکرا و نهێنی پشتیوانیان بکرێت، لەکاتی پێویستدا کەلێنیان بۆ پڕبکرێتەوە، بۆ یەکڕیزیش هاوکاری بکرێن، ئەمە ئەو ڕوونکردنەوەییەی خەتابی بوو کە لە شەرحی ئەو فەرموودەی باسی کرد "انما النصيحة.."[4] ڕوونیکردوەتەوە.

ماوەردی دەڵێت: پاشاکان لە هەموو کەس لەپێشترن کە ئامۆژگاری و دڵسۆزیان بۆ بکرێت، چونکە باشبوونی ئەوان باشبوونی خەڵکە و تێکچونیشیان تێکچونی خەڵکە، لێرەوەیە کە وتراوە: باشبوونی دەسەڵاتدار لە خێروبێری زەمانە باشترە،

---

[1] لقد تم بحث النصيحة في موضوع حرية الرأي.

[2] ابن منظور، لسان العرب، ج٢، ص ٦٤٣، الطبعة المعدلة. (مادة نصح)

[3] نەوەوی دەڵێت: ئوممەت جێنشینی موسڵمانان و ئەوانی دیکەیە کە کاروباری موسڵمانان بەڕێدەکەن وەك والیەکان ئەمە لە خەتابییەوە دەگێڕێتەوە. انظر النووي، شرح على مسلم، ج٢، ص٣٧.

[4] انظر النووى، شرح على مسلم، ج٢، ص٣٧. ابن جماعة، تحرير الأحكام، ص٦٣، الطرطوشي، سراج الملوك ص٢٤٧.

ئەوەی ناپاکی لە پێشەوا کرد ئەوا ناپاکی لە هەموو خەڵك کردووە، با واشبزانێت دڵسۆزی بۆ خەڵك ئەنجامداوە ...).[1]

مالیك دەڵێت: دڵسۆزی بۆ خودا لە مولکەکەیدا کاکڵەی پەیامی ناردنی پێغەمبەرانە[2]. کەواتە دڵسۆزی و ئامۆژگاری دەبێت دووربێت لە فرۆفێڵ و سەرلێشێواندن و تێکدان، خودپەسەندیشی پێوە دیار نەبێت، تا نیاز پێی ناوزڕاندنی دەسەڵاتدار نەبێت بۆ ئەوەی شکست بهێنێت لە کارەکانیدا.

ئۆپۆزسیۆن بوون ڕێگەپێدراوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە و ڕێڕەو پڕکردنەوەی کەلێن و دەستخستنی خێر و بێر بۆ میللەت و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بە نیازێکی پاك و ڕاستگۆیانە بە ئومێدی گەیشتنی حەق بە شوێنی خۆی و بەتاڵکردنەوەی بەتاڵ.

ئەم مانایانە دەمانگەیەنێتە ڕاساندنی ئەدەبیاتی ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆز، کە هاوکاری سامالکردنەوەی دۆخی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنە لە هەر لەکە و خڵتەیەکی بەدگومانی، هەروەها لادانی پەیوەندیەکانی نێوانیان لە کەمیندانان و چاڵ بۆ یەکهەڵکەندن و لەمپەردانان کە دەبنە مایەی تێکچون و پشێوی هەموو جەماوەر.

هەردولا دەبێت هەوڵدەن پەیوەندییەکانیان لەسەر هاوکاری لە چاکە و تەقوا بنیاتبنێن خودا دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾[3]، واتە: "کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر چاکە و پارێزگاری، کۆمەکی یەکتر مەکەن لەسەر تاوان و دەستدرێژی". ئەمەش پێویست دەکات دەسەڵاتی حوکمڕان ئەوپەڕی توانای بەکاربهێنێت لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیدا و

---

[1] الماوردي، نصيحة الملوك، ص٣٤.

[2] الطرطوشي، سراج الملوك، ص٢٤٨.

[3] المائدة: (٢).

خۆی ڕابهێنێت لەسەر بیستنی قسەی حەق و قبوولّکردنی ڕەخنە با تفت و تـاڵیش بن، تەرتوشی دەڵێت: بزانە چەشتنی ژەمـی ڕەخنـە تفتـە تـەنها ئـیرادە بـەرزەکان دەتـوانن بینۆشـن)، لـە مـەیمونی کـوڕی مەهرانـە دەگێڕنـەوە کـە عومـەری کـوڕی عەبدوالعەزیز پێی وتـوە: شـتێکم ڕووبـەڕوو بڵـێ کـە پێمناخۆشـە، چـونکە کەسـێك ناتوانێت دڵسۆزبێت بۆ براکـەی، تـاوەکو ڕووبـەڕووی قسـەیەکی پێنـەڵێت کـە پێـی ناخۆشە)[1] چونکە دەرونـەکان ڕەخنـەیان لەسـەر قورسـە و حـەزیان لـە ڕەخنـەگر نییـە، حـەزیان لـەو شـتانەیە کـە لەگـەڵ ئارەزویانـدا دەگونجێـت، قسـەیەکی حەکیمانیش دەڵێت: دۆستم ئەوە بمگریەنێت، دوژمنم ئەوە بمکەنێنێت، وتراویشـە: براکەت ئەوەیە قورسایی ڕەخنەکانت هەڵگرێت.[2]

ئەمەش پێویست دەکات لەسەر ئۆپۆزسیۆن کە قسەی حەق بـە ئاشـکرا بکـات، بەڵام لە چوارچێوەی بنەما شەرعی و دەستووریەکان کـە ئـەم بابەتـە ڕێکدەخـەن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی شێواز و ئاکاری ڕەخنەگرتن کە لەباری و نەرمی و هێدی بـوون لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە قسەی بەڵگەدار و وردەکار پێویستە و دەشێت پـڕۆژە و چارەسەرەکانیش زانستی بن و بە شێوازێکی جوان داڕێژرابن.[3]

---

[1] الطرطوشي، سراج الملوك، ص٢٨٤.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨٤.

[3] انظر ضوابط حرية الرأي فی الكتاب نفسه.

## بەندی سێهەم: ئۆپۆزسیۆن و یاخیبوون

دەبێت جیاوازی بخەین لە نێوان ئۆپۆزسیۆن بوون و یاخیێتیدا، ئۆپۆزسیۆن بوون مافێکی سیاسی ڕێگەپێدراوی گەلە، کارنامەی یاسایی ڕێکیدەخات لە چوارچێوەی دەستووردایە و نابێت دژ یان پێکدادانیان هەبێت، بەڵام یاخیێتی تاوانێکی سیاسیە و یاسا سزای بۆ داناوە و پێچەوانە و دژی دەستوورە.

بۆیە پێویستە کەمێك لەسەر تاوانی یاخیبوون لە فیقهی ئیسلامیدا بوەستین و پەیوەست بوونی بە ئۆپۆزسیۆنەوە دیاریبکەین.

یاخیبوون (البغي) لە زمانی عەرەبیدا: دەستدرێژییەو هەر شتێکە سنووری خۆی بەزاندبێت، هەروەها بە مانای ستەم و نیازخراپیش هاتوە، تاقمی یاخیبوو ئەوەن کە لە ڕاستەڕێ لایانداوە.[1]

**یاخیەکان (البغاة) لە زاراوەی فیقهیدا:** ئەو پێڕە موسڵمانانەن کە لە بڕیاری کۆمەڵی موسڵمانان دەردەچن و بە تەنها ڕێڕەوێك دادەهێنن و جاڕی دەرچوون لە ژێر دەسەڵاتی پێشەوا و حوکمڕانی موسڵمان دەدەن، خوێن و ماڵ و کوشتار حەڵاڵ دەکەن بە تەئویلێکی گونجاو، ئەمانە خاوەنی توانا و هێزیشن.[2]

لە سۆنگەی ئەو پێناسەوە، دەردەکەوێت تاوانی یاخیبوون بە چەند شتێك تەواو دەبێت:

یەکەم: دەرچون لە ژێر دەسەڵاتی پێشەوا و یاخیبوون لە سیستەمی گشتی.

دووەم: دەبێت تەئویل و بۆچوونێکیان هەبێت پشتی پێببەستن.

---

[1] لسان العرب، مادة بغي، انظر النظم المستعذب فی شرح غریب المهذب، بذیل صحائف المهذب، ج٢، ص٢١٨.

[2] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٥٨. المهذب ،ج٢، ص٢١٨، مغني المحتاج، ج٤، ص١٢٣. بدائع الصنائع، ج٧، ص١٤٠. كشاف القناع، ج٦، ص١٥٨. مجمع الأنهر، ج١، ص٥٦٩. تحرير الأحكام، ص٢٤٠.

سێهەم: توانای هێز و بەرگرییان هەبێت.

چوارهەم: چوبنە ناوچەیەکی دیاریکراو.

پێنجەم: جاڕی کوشتار یان جەنگ و شۆڕش بدەن.[١]

ئەم خاڵانە یاخیبووان لە ئاژاوەچیان (المفسدون) جیادەکاتەوە، کە جۆری سزاکەیان جیاوازە.

دەبینین زانایان بەشێوەیەکی تایبەت لە تاوانی یاخیبوونیان ڕوانیوە کە لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی فەقیهیە و لە هەڵگەڕاوە و ئاژاوەچی لە شێوەی مامەڵەکردن لە گەڵیاندا جیایاندەکاتەوە، یا بشگاتە ڕێگەدان بە کوشتاریان.

## حوکمی یاخیبوان:

یاخیبوان ئەوانەن ئەو مەرجانەی پێشویان تێدابێت، ئەوانە بە کۆڕای دەنگی زانایان هەر موسڵمانن و بەو یاخیبوونە کافر ناکرێن، بەڵام دەبێت جەنگیان لەگەڵ بکرێت تا دەگەڕێنەوە سەر فەرمانی خودایی[٢]، بەڵگەکانیش ئەمانەن

١ـ خودا دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ﴾.[٣]

٢ـ کۆدەنگی هاوەڵان.[٤]

زۆرینەی زانایانی مالیکی و شافیعی و حەنبەلی بە درووستی دەزانن جەنگیان لەگەڵ بکرێت لەپێناو وازهێنان و تەوبەکردنیاندا، (ئەوانەی ڕووبەڕوو دەبنەوە و پشتهەڵناکەن شەڕیان لەگەڵ دەکرێت پەلاماری بریندارەکانیان نادرێت، ژن و

---

[١] عبد القادر عودة، التشريع الجنائي الأسلامي، ج١، ص١٠٢.

[٢] ابن قدامة، المغني، ج٨، ص١٠٤. كفاية الأخيار، ج٢، ص١٢٢. مغني المحتاج، ج٤، ص١٢٣.

[٣] الحجرات، اية (٩).

[٤] نقل الأجماع النووي، كفاية الأخيار، ج٢، ص١٢٢. كشاف القناع، ج٦، ص١٥٨.

منالّیـان ناكرێـت بـه كـەنیزەك، دیلیـان ناكوژرێـت، مالّیـان بەسـەردا ناسـوتێنرێت، دارخورما و باخیان نابڕدرێت و مالّیان تالاّنی ناكرێت).[1]

بەلاّم حەنەفیـەكان پێچـەوانەی زۆربـەی زانایـانن و دەلّـێن: درووسـتە پـەلاماری برینـدارەكانیان بـدرێت، ئەوانەشـیان پشـتیان هـەلّكردووە و ناچـەنگێن دەكـوژرێن ئەگەر تاقم و پێڕ بوون، نوێژیان لەسەر ناكرێت، بەلاّم دەستپێشـخەری ناكرێـت لـە جەنگكردن لەگەلّیان، بەلّكو لە سـەرەتاوە داوای گوێڕایـەلّی و پەشـیمانبوونەوەیان لێدەكرێت[2]

پێچەوانەبوونی حەنەفیەكان لە زۆرینەی زانایان بەندە بە بوونی تاقم و پێڕەوە، ئەگـەرنا ئـەوانیش هـەمان ڕای زانایانیـان هەیـە لـەو بابەتـەدا، هەلّسـەنگاندنی دۆخەكەشیان سپاردووە بە پێشـەوا و سـەركردە، كـە لـە بەرژەوەنـدی موسـلّمانان بڕیـار دەركـات، هـەموو زانایـانیش كـۆدەنگن كـە جەنگانـدن لەگـەلّیان بـۆ گەڕاندنەوەیانە بەرەو ڕاستەڕێ نەك بۆ كوشتنیان بێت.

شتی گرنگ لە مامەلّەكردن لەگـەلّ یاخیبوانـدا ئەوەیـە كـە سـەركردەی دادگـەر هەتا لاشەڕ بن و چەك هەلّنەگرن و خەلّك نەچەوسێننەوە جـەنگیان لەگـەلّ ناكـات، ئازادیشن بانگەواز بۆ بیروباوەڕی خۆیان بە وتن بكەن و كۆبوونەوەی خۆیان بكەن، بـە مـەرجێك ڕێگـری لـە حـەق نەكـەن و لـە گوێڕایـەلّی دەرنەچـن[3]، ئـەوە بڕیـاری خەلیفەی چوارهەم عەلی كوڕی ئەبو تالیب بوو، كە بە خەواریجەكانی گوت لـە هـەر

---

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٦٠. المهـذب، ج٢، ص٢١٩. كشـاف القنـاع، ج٦، ص١٦٠. ابـن عبـد البر، الكافي، ج١، ص٤٨٦. ابن جزي، القوانين الفقهية، ص٢٣٩. ابن جماعة، تحرير الأحكام، ص٢٤٤.

[2] مجمع الأنهر، ج١، ص٧٠٠. بدائع الصنائع، ج٧، ص١٤٠.

[3] عبد القادر عودة، التشريع الجنائي الأسلامي، ج١، ص١٠٤.

کویَ ئەبن بڕن، ئەوەی لە نێوانماندایە خوێنی بە ناهەق مەڕێژن، ڕێگا مەبڕن، ستەم لە کەس مەکەن، ئەگەر ئەمانەتان کرد جەنگتان لەگەڵ دەکەم[1].

کاتێك بەشێك لە خەواریج لە نەهرەوان لەوانی دیکە جیابوونەوە و گۆشەگیر بوون، ئیمامی عەلی کاربەدەستێکی بۆ ناردن و ئەوانیش ماوەیەك گوێڕایەڵیان کرد، لەگەڵیان بێکێشە بوو هەتاکو کوشتیان، عەلی جوابی بۆ ناردن کە بکوژەکە تەسلیم بکەن کە ڕازینەبوون بە تەسلیم کردنی و لە گوێڕایەڵی دەرچون ئیتر جەنگی لەگەڵ کردن.[2]

پوختەی دەرەنجامی ئەم باسە کورتە لەسەر یاخی بوان ئەوەیە: حوکمی ڕاستەقینەی جەنگان دژیان مەرجدارە بە چەند مەرجێك کە زانایان لەسەری کۆدەنگن گرنگترینیان: جاڕدانی جەنگ دژی ئەوانەیانە لە گوێڕایەڵی ئیمام دەردەچن، بەهێزەوە و خوێن و ماڵی خەڵك حەلاڵ دەکەن پاش بەهێزبوونیان، ئەمەش بەسەر ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا ناچەسپێت چونکە ئۆپۆزسیۆن بیروبۆچوونی پێچەوانەی خۆی دەخاتەڕوو ئەوەندەی مۆڵەتی ئیجتیهادکردن تێدایە، لە چوارچێوەی یاساو دەستووردا، بەبێ بەکارهێنانی هێزو پەنابردن بۆ توندوتیژی بێ ئەوە کە لە حوکمڕان دەرچێت و لێی یاخی بێت، ناشبێت ئاژاوە و بشێوی و هەرا بنێتەوە، یاخود خوێن و ناموس و سەر و ماڵ حەلاڵ بکات.

---

[1] سبل السلام، ج٣، ص٢٥٨، و هذا حديث ثابت عم أمام علي بألفاظ مختلفة، أخرجه أحمد والطبراني والحاكم عن طريق عبدالله بن شداد.

[2] ابن قدامة، المغني، ج٨، ص١٠٦. الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٥٨.

# بەشی چوارەم

# مافی ڕاوێژپێکردن ( الشورى )

# باسی یەکەم: مانای ڕاوێژ پێکردن

## بەندی یەکەم: ڕاوێژ لە زماندا

ئیبن مەنزور دەڵێت ڕاوێژ (الشوری) دەرهێنان یان جوانی قیافە و جلوبەرگ یان دەرخستن هەروەها بەمانای پرسپێکردن و ئاماژەبۆکردن دێت.[1]

دەبینین ماناکانی ڕاوێژ لە دەوری دەرکەوتن، دەرهێنان، پیشاندان، ئاڕاستەکردن، جوانی، ئاشکراکردن دەسوڕێتەوە هەمووشیان مانای مەبەستدارن بۆ بابەتەکەی ئێمە دەستدەدەن. چونکە ڕاوێژ مەبەستی دەرخستنی بیروبۆچوون و گەڕانە بە دوای بۆچوونی ساغ و سەلیمدا، هەروەها بۆ ئەوەیە ئیشی خەڵك بەرەو ڕوویەکی باش ئاڕاستە بکرێت لە سۆنگەی دەرخستن و ئاشکراکردنی پەنهانی و شاراوەیی کاروبارێك بۆ گەیشتن بە هەڵوێستێکی بژاردەی درووست.

## بەندی دووهەم: ڕاوێژ لە زاراوەناسیدا

ڕاوێژ زاراوەیەکی قورئانی ئیسلامی ڕەسەنە، بەکارێك و بنەمایەکی سیاسی گشتی و ڕێبازێکی ئیداری دادەنرێت، لە چارەسەرکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، هەروەها مانای مافی میللەت دەگەیەنێت لە بەشداربوونی لە بەڕێوەبردنی کاروباردا. ئەگەر مانای زاراوەیی ڕاوێژیشمان بوێت، پێویستە لەسەر قسەی بەشێك لە زانایان و ڕاڤەکاران بوەستین:

- راغیبی ئەسفەهانی دەڵێت: ڕاوێژ دەرخستنی بیروبۆچوونە بە وتوێژ لەگەڵ یەکتری.[2]

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، الطبعة المعدلة، ج٢، ص٣٧٩. الأمام احمد بن ابي بكر الرازي، مختار الصحاح، ص٣٥٠.

[2] الراغب الأصفهاني، المفردات، ص٢٧٠. روح المعاني، ج٢٥، ص٤٦، ادارة طباعة المنيرية، القاهرة.

ـ ئـيبن قودامـەی مەقدیسـی دەڵێـت: ڕاوێـژ دەرخسـتنی بەڵگـەکان و زانینـی حەقە.[1]

ـ کاسـانی بەشـێوەیەکی دیکـە دەریـدەبڕێت: ڕا گۆڕینـەوە بـۆ گـەڕان بـەدوای ڕاسـتەقینەدا وەك هەوڵدانـە بـۆ خـودا، دەشـبێتە هۆیـەك بـۆ گەیشـتن بـە ڕێگـەی ڕاست[2]

ـ خـاوەنی (المبـدع) نووسـیویەتی: ڕاوێـژ کۆکردنـەوەی ڕاوبۆچـوونەکانە بـۆ دەستخستنی بەرژەوەندی[3].

لای فەرموودەناسان

ـ دکتۆر محەمەد سلیم عەوا ڕاوێژ بەمشێوەیە پێناسە دەکات:

بڕیاردانە لەبەر ڕۆشنایی ڕای پسپۆڕانی بابەتی و بڕیارەکە لە هەموو کاروبارێکی گشتیدا.[4]

ـ شێخ یەحیا ئیسماعیل دەڵێت: ڕاوێژ بریتییـە لـە پاکژکردنـەوەی ڕاوبۆچـوونی دەسەڵاتدارە لەو کەم و کورتی و کەلێنانەی کە تیایەتی.[5]

لە هەموو ئەمانەی کە ڕابورد دەکرێت پێناسەی ڕاوێژ بەمشێوە داڕێژین: ئەوەیە کـە شـەرع لەسـەر حـوکمڕانی موسـڵمان واجـبی کـردووە و مـافی جـەماوەرە، کـە بگەڕێتەوە بۆ ڕای شارەزا و پسپۆڕان، لەپێناو زانینی ڕاستی و وەرگرتنی بڕیـار لـە هـەموو کاروبارێـك لـە کاروبـارە گشـتییەکان، بـۆ بـەجێهێنانی بەرژەوەنـدی لـەو بابەتانەدا کە دەقی ڕاشکاویان لەسەر نەهاتوون.

---

[1] ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٥٢.

[2] بدائع الصنائع، ج٧، ص١٢، فی شأن مشاورة القاضي.

[3] المبدع شرح المقنع، ح٣، ص٣٣٩.

[4] محمد سليم عوا، النظام السياسي للدولة الأسلامية، ص١٧٩.

[5] يحيى اسماعيل، المنهج السنة في علاقة بين حاكم والمحكوم، ص٤٠٩.

## باسی دووهەم: حوکم و بە بەڵگەبوونی ڕاوێژ

زانایان و موسڵمانان لەسەر حوکمی ڕاوێژکردن دوو بۆچوونیان هەیە، لایەنگرانی هەر ڕاو بۆچوونێکیش هەوڵدەدات بەڵگە لە قورئان و سوننەت بهێنێتەوە بۆ درووستی بۆچوونەکەی خۆی.

ڕای یەکەم: بەشێك لە زانایان وای بۆ دەچن کە ڕاوێژکردن سوننەتە، دەشڵێن ئەو ئایەتانەی باس لە ڕاوێژ دەکەن بۆ باشێنی ڕاوێژکردنە، ئەمە ڕای قەتادە و ڕەبیع و ئیبن ئیسحاقە[1] ئالوسیش لە بەیهەقیەوە دەگێڕێتەوە[2] و ئیبن حەجەریش پەسەندی کردووە[3] بەم بەڵگانە:

ـ خودا دەفەرموێت: ﴿فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾[4]. واتە: "داوای لێبوردنیان بۆ بکە لە خودا و ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروباردا جا کاتێ بڕیارت دا، ئەوە پشت بە خودا ببەستە، بەڕاستی خودا ئەوانەی خۆش دەوێت کە پشت بە خودا دەبەستن".

هەرچەند ڕستەی ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ واتە: " ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروباردا". بە شێوازی فەرمانکردن هاتووە، کە ئەسڵی فەرمانیش بۆ واجب بوونە، بەڵام چەند شتێك واجب بوونەکە دەگۆڕن بە پەسەند (الندب):

---

[1] الطبري، التفسير، م٣، ح٤، ص١٠٠، وقد رجح الطبري هذا الرأي. المرجع السابق، ص١٠١. القرطبي، الجامع الأحكام القرأن، ج٤، ص٢٥٠.

[2] الألوسي، روح المعاني، ج٤، ص١٠٦، وهذا هو رأي الألوسي ايضا.

[3] ابن الحجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج١٣، ص٣٤١. و نقل ابن حجر أنه رأي أبي نصر القشيري.

[4] ال عمران: (١٥٩).

**یەکەم**: مەبەست لـەو ڕاوێـژە بـۆ دڵخۆشـکردنی موسـڵمانانە، ئـەویش وەك ئـەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودا (کچ بۆ بەشوودانی ڕاوێژی پێدەکرێت) خـۆ ئەگـەر خـاوەن بڕیارەکـەی (ولی الامـر) بـەزۆر مـارەی بـڕی ئـەو گرێبەسـتی مـارە بڕینـە دروستە، بەڵام باشترە بۆ دڵخۆشبوونی پرسی پێبکرێت.[1]

**دووهەم**: بەشێك لە زانایان دەڵێن مەبەست لە ئایەتەکە چاولێکردنی پێغەمبەری خودایە بۆ ئەوانەی دوای ئەو دێن، چونکە پێغەمبەری خودا پێویستی بە ڕاوێژکردن نـەبوە، ئـەم ڕایـە لـە حەسـەنی بەسـری گێڕاوەتـەوە[2]، بـەڵام ئـەم فەرموودەیـەی خـودای پـەروەردگار: ﴿وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ﴾[3] واتـە: "ئەوانـەی کـە گوێڕایـەڵی پـەروەردگاریان کـردووە نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام داوە وە کاروباری نێوانیـان بـە پـرس و مەشـورەتە". دەبینین لە سیاقی ڕستەیەکی خەبەریـدا هـاتووە و بەڵگـەش لەسـەر واجـب بـوونی نییە، بۆیە دەگوڕێت بۆ پەسەند[4]، قازی حسێن دەڵێت: ئەگـەر حوکمەکـە ئـاڵۆوز بوو ڕاوێژکردن واجبە ئەگەرنا پەسەندە[5].

ڕای دووهەم: واجببوون، تاقمێك لـە زانایـان وایبۆدەچـن کـە ڕاوێـژکردن لەسـەر حوکمڕان واجبە، ئـەو ئایـەت و دەقانـەش لـەو بـوارەدا هـاتوون بـۆ واجـب بـوونن، بەناوبانگترین خاوەنی ئەم ڕاوبۆچوونە لـە زانـا کۆنـەکان: ئەبوبـەکری حەسـاس لـە

---

[1] الطبري، التفسير، ج٤، ص١٠٠. الألوسي، روح المعاني، ج٤، ص١٠٦. مختصر تفسير ابن كثير، ج١، ص٣٣١، جزء من حديث صحيح متفق عليه. سبل السلام، ج٣، ص١١٩.

[2] الشيرازي، النظر المهذب، ح٢، ص٢٩٨، انظر مغني المحتاج، ج٤، ص٣٩١، الامام الشافعي، الرسالة، ج٧، ص١٠٠.

[3] الشورى: (٣٨).

[4] الماوردي، أدب القاضي، ج١، ص٢٥٥.

[5] انظر مغني المحتاج، ج٤، ص٣٩٣.

حەنەفیەکان[1]، ئیبن عەتیە و ئیبن عەرەبی لە مالیکەکان[2] ئیبن تەیمیە لە حەنبەلیەکان[3]، هەروەها ڕاڤەکارانی قورئان ئەمەیان لە حەسەنی بەسری و ئیبن موزاحیم و سوفیانی کوڕی عوەینە گێڕاوەتەوە[4]، زۆربەی نووسەرە هاوچەرخەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم کارە خەریکە دەبێتە جێگای کۆدەنگی[5] پشتیش بەم بەڵگانە دەبەستن:

خودا دەفەرموێت (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ).[6]

شەوکانی دەڵێت: وتراوە ئەو فەرمانەی لە ئایەتەکەدایە بۆ پەسەند بوون (الندب) و دڵخۆشکردنیانە، وەڵامی ئەم قسەیە بەوە دراوەتەوە: ئەم فەرمانە جۆرێکە لە تەعزیم کە واجبە، بە بەڵگە دانانی ئایەتەکە بۆ واجبێتی دوای ئەوە دێت کە بزانین ئایەتەکە تایبەت نییە بە پێغەمبەری خوداوە یان دوای تایبەتکردنی بەوەوە دەگشتێنرێت بۆ سەر هەردوو ئومەت و پێشەوایانیان[7].

ئیبن تەیمیە دەڵێت: وەلیئەمر بێدەربەست نابێت لە ڕاوێژکردن، چونکە خودا فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردووە،[8] ئەم ئایەتەشی کردووەتە بەڵگە، هەروەها

---

[1] الجصاص، أحكام القرأن، ٣:٨٨٦.

[2] القرطبي، الجامع الأحكام القرأن، ج٤، ص٢٤٩. ابن العربي، أحكام القرأن، ج٤، ص١٦٦٨.

[3] ابن تيمية، السياسية الشرعية، ص١٦٥.

[4] الطبري، التفسير، ج٤، ص١٠٠. القرطبي، التفسي، ج٤، ص٢٤٩ـ ٢٥٠.

[5] عبد الكريم زيدان، أصول الدعوة، ص٢١٧. منير البياتي، الدولة قانونية، ص٢٦٣، ضياء الدين الريس، النظريات السياسية، ص٢٦٢، محمد ابو فارس، النظام السياسي، ص٨٩، محمد سليم العوا، النظام السياسي، ص١٨٣، قحطان الدروي، الشورى، ص٥٥، عبدالقادر عودة، الأسلام و أوضاعنا السياسية، ص١٥٠، محمد محمود حجازي، التفسير الواضح، ج٤٢، ص٤٣.

[6] آل عمران: (١٥٩).

[7] الشوكاني، نيل الأوطار، ج٨، ص٤٦.

[8] ابن تيمية، السياسية الشرعية، ص١٦٥.

قورتوبی لە ئیبن عەتیەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: دەستبەرداربوونی ڕاوێژ مایەی ئەوەیە سەرۆکی دەوڵەتی پێبدرێت.

ئیبن عەتیە دەڵێت: ڕاوێژ لە بنەماکانی شەریعەتە، ئەوی ڕاوێژ بە زانایان و دینداران نەکات لادانی واجبە و ڕاجیایی لەسەر نیە[1] جا ئەگەر خودا فەرمانی ڕاوێژکردنی بە پێغەمبەرەکەی کردبێت کە پارێزراوە و وەحی خودایی پشتیوانیەتی، کەواتە بۆ جگە لە ئەو واجبتر و پێویستترە.

پەروەردگار ستایشی بەندە باوەڕدارەکانی دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ﴾[2] واتە: "ئەوانەی کە گوێڕایەڵی پەروەردگاریان کردووە نویژەکانیان بەچاکی ئەنجام داوە وە کاروباری نێوانیان بە پرس و مەشورەتە". پەروەردگار بە بالاترین ئاکاریان ستایشیان دەکات کە گوێڕاڵبوونی فەرمانەکانی خودایە پاشان ڕاوێژکردن هاوشان دەکات بە فەرزیەتی نوێژ و زەکاتدان کە دوو پایەی سەرەکی ئیسلامن، ئەم هاوشانکردنە ئاماژەیە بۆ بایەخی ڕاوێژ و دانانی بە پایەیەك لە پایەکانی حوکمی ئیسلامی[3] هەروەها بۆ واجببوونی ڕاوێژ، کرداری پێغەمبەری خوداش دەکەن بە بەڵگە: ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کەسم نەبینیوە ڕاوێژ بە هاوەڵانی بکات ئەوەندەی پێغەمبەری خودا دەیکرد[4]، پێغەمبەری خودا لە جەنگی بەدردا ڕاوێژی بە هاوەڵانی کردوو فەرموی: خەڵکینە ڕا و بۆچوونی خۆتانم پێبلێن.[5]

---

[1] القرطبي، الجامع الأحكام القرأن، ج٤، ص٢٤٦.

[2] الشورى، اية (٣٨).

[3] فتحي دريني، خصائص تشريع الأسلامي، ص٤١٩. منير البياني، الدولة القانونية، ص٢٦٢.

[4] ابن الحجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ح١٣، ص٣٤٠. وقال رجال ثقات الا انه منطق. الترمذي، الصحيح، ج٧، ص٢١٠ (أبواب الجهاد)، الشوكاني، نيل الأوطار، ج٨، ص٤٦.

[5] ابن الحجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج٧، ص٢٨٤ وما بعدها، الترمذي، الصحيح بشرح ابن العربي، ج٧، ص٢٠٩.

هەروەها لە غەزای ئوحوددا بۆ مەسەلەی دەرچوون لە مەدینە، یان مانەوە تیایدا، پرسی بە خەڵکەکە کرد، ئەوانیش داوای دەرچوونیان لێکرد و ئەویش دەرچوو[1]

وەك بوخاریش دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خودا لە حودەیبیەدا کاتێك کە قەرەوڵی نارد بۆناو خوزاعە و خەبەری بۆ هێنایەوە (.... قەرەوڵەکەی هاتەوە و وتی بە قورەیش چەندین کۆمەڵیان بۆ کۆکردویتەوە، حەبەشیەکانیان هێناوە، ئەوان لەگەڵت دەجەنگن و ڕێگریت لێدەکەن بەرەو کەعبە بڕۆیت، پێغەمبەری خودا فەرموی: خەڵکینە ڕای خۆتانم پێ بڵێن، ئایا پەلاماری ماڵ و منداڵی ئەمانە بدەین کە ڕێگەی زیارەتی ماڵی خوامان لێدەگرن، ئەگەر بۆمان بوون ئەوا خودا ڕێگەیەکی بتپەرستانی داخستووە، ئەگەرنا بەبێبەشی بەجێیاندەهێڵین، ئەبو بەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆ بەنیازی ماڵی خودا دەرچویت، نامانەوێت کەس بکوژین و جەنگ لەگەڵ کەس بکەین، کەواتە بەرەو ماڵی خودا بڕۆ، هەرکەس ڕێگری لێکردین لەگەڵی دەجەنگین، فەرموی: کەواتە ناوی خودای لێبهێنن و بڕۆن.[2]

---

[1] ابن الحجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ٧: ٢٨٤ وما بعدها (غزوة احد). الترمذي، الصحيح بشرح ابن العربي، ج٧، ص٢٠٩.

[2] ابن الحجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ح٧، ص٤٥٣.

# باسی سێهەم: ڕاوێژ مافی گەلە

فەرزبوونی ڕاوێژمان لەسەر حوکمڕان بۆ دەرکەوت، لەسەر ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایانی کۆن و نوێ، جا کە ئەم واجبە دەرکەوت کەواتە بەرامبەرەکەشی کە خاوەنی ئەم مافەیە دەردەکەوێت، واتە ڕاوێژ مافی جەماوەر و کۆمەڵی موسڵمانانە، سەرجەم ئەو بەڵگانەی هەن و ڕاوێژ واجب دەکەن لە قورئـان و سـوننەت و کرداری هاوەڵان جەختیش لەوە دەکەنەوە کە جەماوەر خـاوەنی ئـەو مافەیـە، هـەموشمان ئەو بنەمایە دەزانین کە دەڵێت: هەمو مافێك ئەرکێك لە بەرامبەریـەوە، یـان هـەموو ئەرکێك مافێك بەرامبەریەتی.[1]

- خودا دەفەرموێت : (وشـاورهم فى الامـر)[2] جـا کـە دەقەکـە بـە دەسـتەواژەی فەرمان هاتبێت و نیشانەیەکیش نییە لە فەرمانەوە بیگۆڕێت بە پەسـەند، دەبیـنین فەرمانەکە ڕاناوی (هـم) (ئـەوان)ی پێـوە لکـاوە و (مفعـول بە)یـە، ئـەو ڕانـاوی بـە کۆمەڵە (هم) دەگەڕێتەوە بۆ گشت موسڵمانان[3].

- پەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾[4] خـودا ستایشـی کۆمـەڵی موسڵمانان دەکـات کـە گوێڕایـەڵی دەبـن و نوێـژەکانیان دەکـەن و کۆدەبنـەوە بـۆ ڕاوێژکردن لە نێوان خۆیاندا بۆ بەڕێکردنی کاروباریان[5]

---

[1] مصطفى الزرقاء، نظرية الألتزام عامة، ص٥٠.

[2] ال العمران، اية (١٥٩).

[3] القرطبي، الجامع الأحكام القرأن، ج٤، ص٢٤٩. الشوكاني، نيل الأوطار، ج٨، ص٤٦.

[4] الشورى، اية (٣٨).

[5] ابن العربي، أحكام القرأن، ج٤، ص١٦٦٧.

جا كه ئەوان كاروباريان به ڕاوێژ ڕێكدەخەن و كەسيان با دەسەلآتداريش بێت تاكڕەوانه به ڕای خۆی ناكات، بەڵكو جەخت له گيانی به كۆمەڵبوون دەكەنەوە كه تايبەتمەندييەكی دياری ڕێبازی ئيسلامه له ڕەچاوكردنی مافی تاك و كۆمەڵگەدا، ئەم گيانی بەكۆمەڵبوونه، فەرزە كۆمەڵی و كيفاييەكان كه پێويستی دەكەن به كۆمەڵ ئەنجامبدرێن و جەماوەر پێكەوە بەرپرسيارێتی له ئەستۆ بگرن دووپاتی دەكەنەوە.

گرنگترين شت كه دڵنياكەرەوەيه ميللەت خاوەنی ئەم مافەيە، دەبينين وتاری تەشريعی ڕوو له هەموو ميللەت دەكات بۆ ئەركباركردنی، هەر ئەوانيش دەكاتە خاوەن بۆ جێبەجێكردنی فەرمانەكانی پەروەردگار و پاراستنی شەريعەتەكەی، ئەمەش لەم دەقانەدا دەردەكەوێت:

أ- گوتارەكان بەشێوەيەكی گشتی به دەستەواژەی كۆمەڵبوون هاتووە وەك دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾[1]، واته: "ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە فەرمانبەرداری خودا و پيغەمبەر بن". ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾[2]، واته: "ئەی ئەوانەی كه بڕواتان هيناوە ڕۆژووتان لەسەر نووسراوە". ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ﴾[3]. واته: "جەنگتان لەسەر پێويست كرا كه لاتان ناخۆشە".

ب - فەرموودەی درووستيش هاتوون جەخت لەم مانايە دەكەنەوە (ئەوەی نەنگيەكی له ئەميرەكەی ديت با ئارام بگرێت، چونكه ئەوەی بستێك له كۆمەڵ ترازا

---

[1] النساء، اية (٥٩).

[2] البقرة، اية (١٨٣).

[3] البقرة، اية (٢١٦).

و مـرد، بـه مردنێكـی نـەفامی دەمرێـت)[1] دەسـتەواژەی كۆمـەڵ لێـرەدا مانـای موسڵمانانە بەگشتی.

ئەو ڕاسپاردەیەی پێغەمبەری خـودا بـۆ حوزەیفـە لـەكاتی ئـاژاوەدا (بەكۆمـەڵی موسـڵمانان و پێشـەواكەیانەوە پابەندبـە)[2] بەڵگەیـە كـە میللـەت خـاوەنی مـافی ڕاوێژپێكردنە. میللەتیش خاوەن دەسەڵاتە، ئەمەمان لە مافی هەڵبژاردندا باسـكرد، جـا ئەگـەر خـاوەنی مـافی دانـانی دەسـەڵاتدار بێـت، كەواتـە خـاوەنی مـافی چـاودێریكردن و لێپرسینەوەشـیەتی، هـەر ئـەویش خـاوەنی مـافی ڕاوێـژپێكردن و بۆلاگەڕانەوەیە لە كاروباری گشتی و گرنگدا.

بەڵگەش بۆ دەسەڵاتداربوونی میللەت بەم فەرموودە هێنراوەتەوە (ئومـەتی مـن لەسەر گـومڕایی كۆنابێتـەوە)[3] لـە گێڕانەوەیـەكی دیكـەدا هـاتوە: دەسـتی خـودا لەگەڵ كۆمەڵە، ئەوەی ترازا دەترازێتە ناو ئاگر)، لە گێڕانەوەیەكی دیكەشدا هاتووە (تكـام لـە پـەروەردگارم كـرد كـە ئومەتەكـەم لەسـەر گـومڕایی كۆنەكاتـەوە، پێـی بەخشیم). ئالێرەوەیە كە كۆدەنگی بەبەڵگە دادەنرێت و كراوەتە سەرچـاوەیەك لـە سەرچاوەكانی شەریعەت لە فیقهی ئیسـلامیدا، هـەر كەسـیش دەسـەڵاتی لەدەسـت بێت جا تاك بێت یـان كۆمـەڵ، ئـەو دەسـەڵاتانەی لـە میللەتـەوە وەرگرتـووە و لـە جێگەی جێگر یان نوێنـەری میللەتـە[4] كـۆدەنگی ڕوواڵـەتێكی دەسـەڵاتی میللەتـە بەڵگەشە لەسەر بایەخی ڕای گشتی كۆمەڵگەی ئیسلامی كە لەبەر ڕۆشنایی ڕێبـاز و شەریعەتی پەروەردگار هەنگاو هەڵدەگرێت، هەر ئەمەیە پێگەیەكی باڵای یاسادانان دەبەخشێتە میللەت لە چوارچێوە و مەبەستەكانی شەریعەتی ئیسلامیدا.

---

[1] الترمذي، الصحيح، ج٩، ص١١. (باب الفتن). ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٠٣، (كتاب الفتن).

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١، ص٥ (كتاب الايمان).

[3] ابن ماجة، السنن، ج٣، ص١٣٠٣ (كتاب الفقه).

[4] الشيخ رشيد رضا، الخلافة، ص٢١.

بۆیه له دوای قورئـان و سـوننەت کـۆدەنگی کراوەتـه سەرچـاوە بـۆ یاسـادانان، چونکه وەحی تەنها هێڵە گشتییەکان یان بنـەما گـرنگ و گشـتییەکان دادەڕێـژێت، وردەکـاری و بەشـەکیەکانی جێبـەجێکردن وازیلێهێنـراوە تـا میللـەت ڕاوبۆچـوونی لەسەر بدات، شەریعەت بوارێکی بەرینی هێشتووەتەوە، بۆ زیادکردن و نوێکردنەوە له ڕێگای بەکارهێنانی ئاوەزی تاك و کۆمەڵ و ئیجتیهادکردن[1].

کـۆدەنگیش لەســەر ڕاوێــژکردن بنیاتــدەنرێت، چـونکه لــەدوای خســتنەڕووی بابەتەکه بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن و ڕا دەربڕین و شەن و کەوکردنی، پاشان ڕاوێژ به زانـا و شـارەزایان و خـاوەن ڕا و ئـەزمون جێبەجێـدەکرێت، خـۆ ئەگـەر بەمشـێوە لەسەر بابەتێك کۆدەنگبوون ئیتر دەبێته واجب لەسـەر میللـەت و دەبێـت پێیـوەی پابەندبن.

ڕازی له تەفسیری ئـەم ئایەتـەدا ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ دەڵێت: خودا بەشێوەی جەخت لەسەرکردنەوە فـەرمانی بەگوێڕایـەڵبوون کـردووە، ئەوەشی خودا فەرمان بکات به گوێڕایـەڵکردنی دەبێـت پـارێزراو بێـت تـا فـەرمانی بەگوێکردنەکەی له هەڵەدا نەبێت، بۆیه نابێت بەشێکی میللەت پارێزراو بێت بـەڵکو به هەموانەوە پارێزراون ئەنجومەنی ڕاوێژ (اهل الحل والعقد)یش که خۆی له زانایانی ئوممەت دەبینێتەوە که دەتـوانن ئیجتیهـاد بکـەن، ئەگـەر لەسـەر شـتێك کـۆدەنگ بوون ئەوە دەبێته بەشێکی شەریعەت[2].

بنـــەمای یەکســـانبوون کـــه شـــەریعەت بـــەکۆدەنگی بڕیـــاری لەســـەرداوە، پێویستدەکات هەموو تاکـەکانی میللـەت بـه حوکمڕانیشـەوە لەبـەردەم شـەریعەتدا وەك یەك بـن، ئەمـەش مانـای وایـه ڕاوێـژ مـافی هـەموو میللەتـه بـه دەقـی وتـاری شـەرعی، جـا ئـەو هەرکەسـی ویسـت دەیکاتـه وەکیـل، لـه زانایـان و شـارەزایان و

---

[1] راشد الغنوشي، الحريات العامة في الدولة الأسلامية، ص١٢٠.

[2] فخرالدين الرازي، التفسير الكبير، ج٣، ص٣٥٧.

خاوەن بیروبۆچوونەکان بۆ گەیشتن بە هەڵوێستێکی ساغ و سەلیم کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات و بەکەڵکیان بێت و زیانیان لێ دورخاتەوە.

شێخ محەمەد عەبدە دەڵێت : ئایەتی: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾[1] واتە: " ئەبێ لە ناو ئێوەدا کۆمەڵێك ببێت، بانگەواز بکەن بۆ چاکە فەرمان بدەن بە هەموو چاکەیەك و بەرگری بکەن لە هەموو خراپەیەك". بەڵگەیەکی بەهێزترە لە ئاماژەکردن بە ڕاوێژ لە ئایەتەکانی پێشوو، (وشاورهم فى الامر)، (وأمرهم شورى بينهم) چونکە ئایەتەکانی پێشوو فەرمان بە سەرۆك دەکات کە ڕاوێژ بکات، هەواڵی سیفەتێکی موسڵمان دەدات کە ڕاوێژە و ستایشی دەکات.

بەڵام ئەم ئایەتە لەسەر میللەتی پێویست کردووە کە کۆمەڵێکی باوەڕدار و بەهێزیان لەناودا بێت، کاروباری بانگەوازکردن بۆ چاکە بگرێتە ئەستۆ و بەرەنگاربوونەوەی ناڕەواش جاڕ بدات، ئەمەش گشتییە و حوکمڕان و جەماوەر دەگرێتەوە، هیچ چاکەیەکیش لە دادگەری باشتر نییە و هیچ خراپەیەکیش لە ستەم خراپتر نییە،[2] ئەم بەڵگەهێنانەوە درووستە، بەڵام ڕەنگە لەو درووستتر ئەوەبێت کە بیکەینە بەڵگە بۆ ئەوەی میللەت خاوەن دەسەڵاتە و بۆ یەکلاکردنەوەی کاروبار بەپێی شەریعەت بۆی بگەڕێتەوە.

ئەو فەرموودەیەی کە لە عومەرەوە دەگێڕێتەوە جەخت لە پێشبوونی شەرعیەتی دەسەڵاتدارێتی ئوممەتی ئیسلامی دەکاتەوە و شەرعیەتی دەسەڵاتدار لەسەر ئەو ڕاوێژپێکردنە بەندە.

ئیبن ئیسحاق لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە: ... بیستومە فلانکەس وتویەتی ئەگەر عومەری کوڕی خەتاب مرد پەیمان بە فلانکەس دەدەم با کەسێك لەخۆی

[1] ال عمران، اية (١٠٤).

[2] تفسير المنار، ج٤، ص٤٥.

نەگۆڕێت و بڵێت: پەیماندان بە ئەبوبەکر لەدەست دەرچوو ڕویدا، ئەوە ڕاستە وەها بوو، بەڵام خودا لە شەڕی پاراستینی، هیچ کەسێکتان نییە وەك ئـەبو بـەکر خـەڵك بۆی بڕوانێت و گوێڕایەڵی بن جا هەر کەسێك پەیمانی بە کەسـێکدا بـێ ڕاوێـژکردنی موسڵمانان، ئەو پەیمانەی بۆ نابێت و ئـەوەش پـەیمانی پێـدراوە خۆنـەخلافێنێ لـە کوشتن،[1] لێرەدا عومـەر بڕیـار دەدات کـە درووسـت نییـە کـەس بکرێتـە گـەورەی موسڵمانان بەبێگرتنەبەری ڕاوێژکردنی نێوان موسڵمانان و بە ڕازیبوونی ئەوان.

**ئەهلی حەل و عەقد و نوێنەرایەتیکردنی میللەت:**

لە فیقهی سیاسی ئیسلامیدا زاراوەی ئەهلی حەل و عەقد هەیە مەبەسـتیان لـەم زاراوەیە ئەوانەن کە خاوەنی قورساییـن لەناو میللەتـدا، ئەوانـە کـە بەرپرسـیاریەتی هــەڵگرتنی کۆمەڵــە کــارێکی گــەورە و بایەخــداریان دەکەوێتــە ئەســتۆ لەســەرو هەموشیانەوە دەستنیشانکردنی پێشەوا یان جێنشین.

ئەهلی حەل و عەقد لـە لێکۆڵینـەوەی زانـا و شـارەزایانی سیاسـەتدا بایـەخێکی زۆری پێـدراوە و هەوڵیانـداوە مانـا و مەبەسـتی ئـەم زاراوەیـە بـە شـێوازای جیـاواز دیاری بکەن[2]

نەوەوی دەڵێت: ئەوانە زانایان و سەرۆکەکان و پیاوماقولانن[3].

خاوەنی (الدر المختار) بە وەسفی: خانەدان و پیاوماقولان دەیانناسێنێت[4] واتە کەسی دیاری نـاو خـەڵك و گـەورەکانیان کـە نوێنەرایـەتی ڕاوبۆچـوونیان دەکـەن و خەڵك متمانەیان بە بیروبۆچوونیان هەیە.

---

[1] ابن هشام، السيرة النبوية، ج٢، ص٦٥٨.

[2] بحث هذه المسالة في صفحات سابقة.

[3] الرملي، نهاية المحتاج، ج٨، ص٢٩٠. القلقشندي، ماثر الأنافة في معالم الخلافة، ص٦٣.

[4] الدر المختار شرح تنوير الأبصار مع حاشية رد المختار، ج٤، ص٢٦٣.

ماوەردی و ئەبو یەعلای حەنبەلی و ئەوانەی دوای ئەوانیش لەبری ناوی حەل و عەقد، دەستەی دەستنیشانکردن (اهل الاختیار)یان بەکارهێناوە، بە واتای ئەو کەسانەی دەستنیشانکردنی جێنشینیان پێدەسپێرێت و نوێنەرایەتی میللەت دەکەن لە بەستنی پەیماندانداندا کە کەسێکیشیان دەستنیشانکرد لە بری میللەتدایە، ماوەردی دەبێژێت:ئەوانە کە دەبنە بەڵگە و بەپەیماندانیان جێنشینایەتی دادەمەزرێت.[1]

ئیبن هەمام لە حەنەفیەکان دەڵێت: ئەوانە زانایان و خاوەن ڕاو بۆچوون و مشورخۆرەکانن.[2]

ئەبوبەکری باقلانی لەم بارەوە هەوڵی وردەکاریی زیاتری داوە و دەڵێت: ئەوانە باشەکانی ناو موسڵمانانن و کە جێگای متمانەن لەم بارەوە، باشەکانی میللەتیش ئەوانەن کە گرێبەستی جێنشینایەتی لە ئەستۆ دەگرن.[3]

بەڵام نووسەرە ئیسلامیە نوێیەکان بەمشێوە پێناسەی دەکەن: ئەوانە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکن، کە میللەت دانبە برا گەورەیی و گوێڕایەڵییاندا دەنێت[4]، مامۆستا مەحمود مەرداویش دەڵێت: ئەهلی حەل و عەقد سەرۆکانی گردبوونەوە سیاسییەکانن یان گەورەی ئەو تیرە و هۆزانەن کە یەکەی سیاسی پێکدەهێنن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا.[5]

---

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص١٥. الفراء، الأحكام السلطانية، ص١٩. البغدادي، أصول الدين، ص٢٨١.

[2] المسامرة شرح المسايرة، ص٣٢٦. حاشية ابن عابدين، ج١، ص٥٤٩ و ج٤، ص٣٦٣.

[3] الباقلاني، التمهيد، ص١٧٨.

[4] سعدي ابو جيب، دراسة في منهاج الأسلام السياسي، ص٢٣٩. رشيد رضا، الخلافة، ص٢٥.

[5] محمود المرداوي، الخلافة بين التنظير والتطبيق، ص١٩٠.

لەم گشت پێناسەی زانایانی کۆن و نوێ بۆ ئەهلی حەل و عەقد دەگەینە ئەو ڕاستیە کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە بە ئەرکی هەموو میللەت هەڵدەستن بەجێهێنانی مەترسیدارترین ئەرك کە پێکدێت لە مشورخواردنی کاروباری میللەت و پارێزگاریکردن لە ئیشە بایەخدارەکانی، چونکە میللەت بە تێکڕای ئەندامانی نە لە ڕووی واقیعی نە لە ڕووی لۆژیکەوە ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت، مەگەر تەنها لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە نەبێت، ئالێرەوە کەوا ئەهلی حەل و عەقد بەم ئەرکە هەڵدەستن نوێنەرایەتی میللەت دەکەن، بۆیە میللەت بەرپرسە لە پەیداکردن و دانانی دەستەی حەل و عەقد بەپێی ئەو مەرجانەی کە زانایان کۆدەنگن تیایاندا ببێت وەك: دادگەری، زانست، بیروڕا دەربڕین، لێزانی و توانای دەستنیشانکردن.[1]

ڕێگەی نمونەیش لە پێکهێنان و دەستنیشانکردنی دەستەی حەل و عەقددا بە داهێنانی میللەت دەبێت بۆ هەر بار و دۆخێك کە بەرژەوەندی گشتی تیایدا بێتەدی، دەتوانین بڵێین شێوازی هەڵبژاردنی هاوچەرخ باشترین ڕێگا و جوانترین شێوازی کردارییە بۆ دۆزینەوەی نوێنەرایەتی ڕاستەقینە کە بتوانن ڕای میللەت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بگەیەنن[2].

مامۆستا زافر قاسمی دەڵێت: دەستەی حەل و عەقد یان دەستەی دەستنیشانکردن، ڕێکخستنی دەستووری ئیسلامیە، زانایانی سیاسەی شەرعی دایانهێناوە، دەقی ڕاشکاوم لەسەری نەبینیوە نە لە قورئان و نە لە سوننەت، هەر کەسێکیش دەق یان لە نمونەی دەق بکاتە بەڵگە بۆی ئەوە لە شێوەی تەئویلکردن یان فراوانکردنی شەرعیە.[3]

---

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٦. أبو يعلي الفراء، الأحكام السلطانية، ص١٩. الجويني، غياث الأمم، ص٤٨.

[2] تم بحث هذه المسألة في حق الأنتخاب، في الكتاب نفسه.

[3] ظافر القاسمي، نظام الحكم، ص٢٣٢.

لەگـەڵ ڕای دکتـۆر قـاسمی داپـن کـە دەقـەکان میللـەت و موسـڵمانان بەگشـتی بیردەخاتەوە، ئەگەرنا زاراوەی دەستەی حەل و عەقد داهێنانی زانایـانی ئیسـلامیە لە بواری فیقهی سیاسیدا، بـۆ دۆزینـەوەی شـێوازێکی کردەیـی دەربڕینـی بـیروڕای موسڵمانان بەگشتی ئەمەش جێگای ئیجتیهادی هەمیشەییە لە هەموو دۆخێکدا بـۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی کردەیی دەربڕینی بیروڕای موسڵمانان بەگشتی.

دەسـتەی ڕاوێـژ چـینێکی دیـاریکراوی پێشـوەختەنین وەك لـە قسـەی هەنـدێك نووسەر دەناسرێتەوە، کە دەیانەوێت دایبڕن بەسەر زانایاندا بە نمونە یان هەڵگرانی بڕوانامەیـەکی دیـاریکراو و تایبەتمەنـد لـە بوارێکـدا، بەتایبـەتی ئەوانـەی پێیـان دەوترێت بوارە شەرعیەکان، ئەمانەی وا دیاریدەکەن بێئـەوەی بـزانن ئـەوەی پێـی دەوترێـت پیـاوانی ئـاین زەق دەکەنـەوە و دەیکەنـە ڕاسـپێردراو بەسـەر حـوکم و سیستەمی ئیسلامیەوە، ئەمەش داهێنراوێکە پێشینەی نییە لای هەنـدێك ئـاین یـان هەندێك مەزهەب نەبێت کە پەیوەندی بە ئەهلی سوونەت و جەماعەوە نییە.

ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە چارەسەری هەمو لایەنەکانی ژیان بکات، هاتووە تـا بـە ئەرکی جێنشینایەتی مرۆیی هەستێت لەسەر زەویدا کە خۆی لـە ئاوەدانکردنـەوەی زەوی و بوونەوەردا دەبینێتەوە، لە چوارچێوە و فەلسەفەی ڕێبازی ئیسـلامیدا کـە لەسەر بنەمای بەندایەتیکردنی پوخت بۆ خودای تـاك و تـەنها دامـەزراوە، ئەمـەش دەخوازێـت لـە هـەموو زانسـتە دنیاییـەکانی مرۆڤایەتیـدا شـارەزایی هـەبێت بـەڵکو پەرەشـی پێبـدرێت بـۆ پێشخسـتنی ژیـانی مرۆڤایـەتی بـەرەو شارسـتانیەت و خۆشگوزەرانی و دۆزینەوەی زیاتری یاساکانی ژیان و بوونەوەر کە کۆتاییان نایەت، بێگومان ئەمانەش هەموو لە چوارچێوەی سیستەمی بـەها بـاڵا ئیسـلامیە جیهانیـە سەرتاپاگیریەکاندا.

زاراوەی شـــەریعەت و زاراوە پـەیوەســتەکانی دیکــەی (زانســتە شـــەرعیەکان) دەربڕینێکی تێر و تەواو نییە لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە دەستەواژەی شەریعەت

مانای ئەو سیستەم و یاسایانەیە کە چارەسەری جۆراوجۆری هەموو لایەنەکانی ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و زانستی و جگە لەوانەش دەکات هەروەها چارەسەری ئەو ڕووداوە کردەییانە دەکات کە پەیوەستن بەم لایەنانەوە کە پێشی دەوترێت (فیقه).

له پاش خستنەڕووی پێناسەی زانا کۆنەکان بۆ دەستەی حەل و عەقد، یەکێك له کەڵە پیاوانی سەردەم دەڵێت دەستەی حەل و عەقد وەسفێکە بەسەر سێ چیندا دەچەسپێت[1]:

١ـ ئەو زانایانەی ئیجتیهاد دەکەن و لە فەتواو حوکم وەرگرتندا پشت بە قسەکانیان دەبەسترێت.

٢ـ شارەزایانی کاروباری گشتی.

٣ـ ئەوانەی جۆرێك لە سەرکردایەتی و براگەورەییان لەناو خەڵکدا هەیە وەك گەورەی بنەماڵە و سەرۆك هۆز و سەرۆکی کۆمەڵەکان.

جا ئەگەر ئەم سیستەمە دەستووریە هاوچەرخە ڕێگایەکی هەڵبژاردنی دیاریکرد بۆ گەیشتن بە شێوازێك بۆ نوێنەرایەتی میللەت، ئەوە لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراوە، کرۆکی بیرۆکەی هەڵبژاردنیش وەك باسمانکرد لە فیقهی ئیسلامدا ئەسڵ و پشتپێبەستراوە.

---

[1] حسن البنا، مجموعة الرسائل، (نظام الحكم) ص٣٧٧.

## باسی چوارەم: بوارەکانی ڕاوێژ و لایەنە سیاسییەکانی ئەو چوارچێوەیەی کە یەکدەنگی لەسەرە

ڕاوێــژ لــەو بابەتــەدا دەکرێــت بــەدەقێکی جــێگیری قورئــان و ســوننەت دیارینەکرابێت، واتە دەبێت ڕاوێـژ بـەرەو ئـەنجامێك نـەڕوات پێچـەوانەی دەقێکـی درووسـتی چەسـپاو بێـت. ڕاوێـژ لـە هـەموو کاروبـارێکی نوێدا دەکرێت کـە دەقـی درووسـتی لەسـەر نییـە و ڕێگـەدراوە ئیجتیهـادی تێـدا بکرێـت بـۆ دەستخسـتنی بەرژەوەندی بەپشتبەستن بە گیان و مەبەستی گشتی شەریعەتەوە.

هەروەها دەرفـەتی ڕاوێـژکردن لـە بـواری جێبـەجێکردنی دەق و چۆنیەتی ئـەو جێبەجێکردنەدا هەیە، هەروەها دەرفەتی ڕاوێژکردن لەو دەقانـەدا هەیـە کـە جێـی گومانن (الظنية) و زیاد لە مانایەك دەبەخشن، بۆ پەسەندکردنی مانایەکیان، دیسان بواری ڕاوێژ حوکمی ئاینی و بەرژەوەندی دونیایی دەگرێتەوە بە ئاگاداربوون لـەوە دەبێـت خــەڵکی تایبەتمەنـد و شــارەزا ڕاوێــژیان پێبکرێـت، دەکرێـت گــرنگترین بوارەکـانی ڕاوێـژی سیاسـی کـە دەقـە شـەرعیەکان و قسـەی زانایـان جـەختیان لێدەکەنەوە لەم بابەتانەدا دیاری دەکەین:

**یەکەم: بابەتی دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەوڵەت[1]**

میللەت ئەو مافەی هەیە کە سەرۆکی دەوڵەت دیاری بکـات، ئەمـەش کـۆدەنگی ئەهلی سوننەت و هەمو مەزهەبە ئیسلامیەکانی لەسەرە جگە لـە شـیعەی ئیمـامی، کە ئەم پرسە پاڵدەدەن بەم دەقەوە[2] گرنگترین بەڵگەش لەم بارەیەوە ئەمانەن:

---

[1] تم بحث هذه المسألة في مبحث الأنتخابات بالتفصيل.

[2] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩.

ا- خودا دەفەرموێت: (وامرهم شوری بینهم)[1]، وشەی (الامر) لێرەدا گشتییە بۆ ڕۆچوونە (الاستغراق) بەڵام مەزنترین و مەترسیدارترینی ئەو کارانە دانانی جێنشینە یان سەرۆکی دەوڵەتە، کە ڕاگری بەڕێوەبردنی هەموو کارەکانە کە پەیوەستن بە دین و ژینەوە، کەواتە لە هەمووی لەپێشترە کە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ و ڕاوێژی لەسەر بکرێت لەناو موسڵمانان‌دا.

ب ـ کۆدەنگی هاوەڵان لە دانانی ئەبوبەکری صدیقدا خودا لە هەمویان ڕازی بێت بە ڕێگای ڕاوێژ، ئەمەش یەکەم دیاریکردنی سەرۆك دەوڵەت بوو پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خودا، کۆدەنگی بە تەواو بە تەواتور لە ڕوداوی سەقەفیەدا گێڕراوەتەوە،[2] ئەوجا هەموو خەلیفە ڕاشیدیەکان بە ڕێگای ڕاوێژ دانراون، کۆدەنگی هاوەڵانیش بەهێزترین کۆدەنگیە.

ج ـ چۆن کۆدەنگی فەقیە و زانایانی ئەهلی سوننەت هەیە لەسەر بەتاڵبوونی دەق لە دیاریکردنی خەلیفەدا هەیە، بەهەمانشێوە کۆدەنگیشیان لە ڕێگای دەستنیشانکردن هەیە کە لەلایەن دەستەی ئیجتیهاد و خاوەن بیروڕا و کەسە دیارەکانی ناو خەڵکەوە، بەنوێنەرایەتی میللەت کە خاوەنی مافی شەرعی ئەم بوارەیە[3]. بەغدادی دەڵێت: (ڕا جیان لە شێوازی دامەزراوی پێشەوایەتی بە دەق یان دانانە، زۆرینەی هەرە زۆری زانایان و موعتەزیلە و خەواریج و نەجارییە دەڵێن شێوەی چەسپاندنی بەدانانیەتی لەلایەن میللەتەوە و بە ئیجتیهادکردنی ئەوانە کە

---

[1] الشورى، اية (١٧).

[2] نقل هذا الأجماع في معظم كتب الفقه والحديث والموتكلمين. الجويني الأرشاد، ص٣٥٢. الايجي، المواقف، ص٤٠٠. البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩. غياث الأمم، ص١٩. المسامرة. شرح المسايرة، ص٣٠٠. النسفي، التمهيد، ص٣٩٩. الباقلاني، التمهيد، ص١٦٤. ابن خلدون، المقدمة، ص١٩٦. الماوردي، الأحكام السلطانية، ص١٠. فتح الباري، ج٧، ص٢٠. ابن هشام، السيرة، ج٣، ص٦٥٨. الروض الانف، ج٤، ص٣٦٠. الطبري، التأريخ، ج٣، ص١٩٩.

[3] تم سرد طائفة من أقوال العلماء المسلمين في بحث الأنتخابات.

شایستەی ئیجتیهادن و دەتوانن کەسێکی شایستە دیاری بکەن درووستیشبوو ئەمە بە دەق دامەزرایە بەڵام هیچ دەقێك لەو بارەوە بە دیاریکراوی نەهاتووە، کەواتە تەنها ڕێگە بە هەڵبژاردنێتی لەلایەن میللەتەوە[١].

دانانەکە شێوازی ڕاوێژیش دەگرێتەوە لە نێوان زانایان و خاوەن ڕاوبۆچوونەکان یان ئەوانەی پێیان دەوترێت دەستەی حەل و عەقد، بەڵام ئەمەش نابێتە ڕێگر بۆ پەنابردنەبەر شێوازی هاوچەرخانە کە ڕەنگدانەوەی بیربۆچوونی میللەت بێت لە دانانی سەرۆکی وڵاتدا، بۆیە دەکرێت شێوازی هەڵبژاردنی گشتی شێوازێکی گونجاو بێت بۆ دانانی خەلیفە یان سەرۆکی وڵات.

الذمة **دووهەم: دانانی دەستەی حەل و عەقد یان دەستەی دانەران**

دەستەی حەل و عەقد نوێنەرایەتی میللەت دەکەن لە جێبەجێکردنی فەرزە کیفایەکان و مافە گشتییەکاندا، ئەوانە دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی میللەتەوە وەردەگرن. لە سۆنگەی پێناسەکانی زانایان بۆ دەستەی حەل و عەقد دەبینین ئەو پێناسانە بە پوختی ئەم چین و توێژانە دەگرێتەوە.

١ـ پیاوماقوڵە متمانەپێکراوەکان لەم بابەتەدا.[٢]

٢ـ زانایان و برا گەورە و خەڵکە دیارەکە.[٣]

٣ـ ئەهلی ئیجتیهاد.[٤]

٤ـ ئەوانەی خاوەنی بیروڕا و مشورخۆرین.[٥]

---

[١] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩، انظر المراجع السابقة في الهامش رقم (٢).

[٢] الباقلاني، التمهيد، ص١٧٨.

[٣] القلقشندي، الأنافة في معالم الخلافة، ص٦٣.

[٤] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٩.

[٥] المسامرة شرح المسايرة، ص٣٢٦.

٥ــ کاربەدەســت و ئــەمیر و فەرمانــدەکانی ســوپا[1] بــەڵام زانایــان شــێوەی دەستنیشانکردن و دانانی ئەمانەیان باسنەکردوە، ئـەوەی کـە زۆرینـەی نووسـەران لایان پەسەندە کە ئـەم ئیشـە مـافی میللەتـە، لـە هـەر سـەردەمێکدا ئـەو شـێوەی دیاریکردنیان دادەنێت، بۆیە لێرەوە هەڵبژاردنی گشـتی ئەنجومـەنی ڕاوێـژ لەلایـەن گەلەوە باشترین ڕێگایە و ئامانجـەکان و مەبەسـتە شـەرعیەکان بەدەسـتدەهێنێت، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی شایستەیان بۆ زیادبکرێت.

سێهەم: داڕشتن و هـەمواری دەسـتوور و دانـانی سیسـتەم و یاسـا پـاش دانـانی جێنشـین و ئەنجومـەنی ڕاوێـژ ڕۆڵـی بنـەما دەسـتووری و یاسـاییەکان دێـت کـە ئیدارەدانی حوکم ڕێکدەخات لەگەڵ دەسـەڵاتەکاندا، هـەروەها مـاف و ئەرکیشـیان ئەو پەیوەندی نێوانیان ڕێکدەخات، کە دەبێت ڕوون و ئاشکرا بن بۆئەوەی بتوانێت ڕا جیایی یەکلاکاتەوە و پشێوی و بێسەروبەری نەهێڵێت.

ماوەی دەستوور و یاسا بنەڕەتیەکان لە دەسەڵاتی یەك کەسدا نییـە بـا کەسـی یەکەمی وڵاتیش بێت، هەروەك لە دەسەڵاتی کۆمەڵەیەکی دیاریکراویشدا نییە با زانا و موجتەهیدیش بن، بەڵکو لە دەسەڵاتی هەموو میللەتدایە، میللـەتیش بـەپێی ئـەو دۆخەی تیایدایە و بەرژەوەندی قۆناغەکەی دەیخوازێت پرۆسەی ڕێکـاری یاسـایی و داڕشتنەوەی ڕێکدەخات ئەمەش بە پشتبەستنە بە گوتاری ئەرکباری گشتی کە ڕوو لە هەموو خەڵك دەکات و وەك پێشتر باسمانکرد، خۆ ئەگەر دەستەی حەل و عەقد ئەم دەسەڵاتەیان پیادەکرد ئەوە بە نوێنەرایەتی میللەتە و ئەو مافـە بەجێـدەهێنن کە میللەت لەم بارەوە پێیداون.

ئا لێرە دەکرێت ئەوانە ئیجتیهاد دەکەن و شـارەزایان و پسـپۆڕان لـە کاروبـاری یاسـادانان و سیاسـەت و حـوکمڕانی و بوارەکـانی بـانگکرێن بـۆ داڕشـتنی یاسـای

[1] تفير المنار، ج٤، ص٤٥.

گونجـاو كـه لـه دەقـە شـەرعیەكان و بنـەما گشـتییەكان هەڵیانـدەگۆزن و پـاش قبـووڵكردنی لەلایـەن گەلـەوە بـەڕێگای نوێنـەریان لـە ڕاپرسـییەكی گشـتیدا كـاری پێدەكرێت.

چوارەم: ڕاوێژكردن بە میللەت لە كاروبارە گرنگەكاندا كە پەیوەستن بە جەنگ و ئاشتیەوە.

ڕوونترین بابـەتی ڕاوێـژ لەسـەردەمی پێغەمبـەری خـودا و سـەردەمی جێنشـینە ڕاشیدیەكان ئەوەیە لە كاروباری جەنگ و ئاشـتیدا پـەنایان بـۆ میللـەت دەبـرد، بـۆ گەیشتن بە بیروڕایەكی بەكۆمەڵ كە پاش گفتوگۆو مشتومڕی گشتی دەبوو.

ئــەوەش لەبەرئــەوەی بڕیارلــەو بــارەوە كاریگــەری لەســەر زۆرتــرین خــەڵكی كۆمەڵگەكـە دەبێـت بـەڵكو ڕەنگـە پەیوەنـدی بـە هـەموو تاكێكـەوە بێـت، چـونكە كوشـتار و جـەنگ و ئاشـتی بابـەتێكی بەشـەكی نییـە پەیوەسـت بێـت بـە كەسـی حوكمڕانەوە. بۆیە دەبینین پێغەمبەری خـودا پـێش ڕووبەڕووبوونـەوەی لـە غـەزای بەدردا، داوای كۆبوونەوەیەكی ڕاوێژی یەكلاكەرەوەی كرد، هەموو ئەنـدامانی حـازر لەگەڵی تیایدا بەشداربوون فەرمووی: بیروڕاتانم پێبڵێن[1] .

پێغەمبەری خودا پەرۆشبوو تا بیروبۆچوونی هەموو لایەنە جیاوازەكان ببیستێت بۆیە بە وەڵامدانەوەی ئەرێنی ئەبوبەكر و عومەر و میقداد كۆتـایی پێنـەهێنا، هـەتا سەعدی كوڕی مەعازی سەركردەیەكی پشتیوانان تێگەیشـت كـە مەبەسـتی ئەوانـە چـونكە ئەوانـەی پێشـتر دوان كۆچـەری بـوون و نوێنەرایـەتی هـەموو چـینەكانیان نەدەكرد بۆیە وتی: بلّێ مەبەستت ئێمەیە ئەویش فەرموی: بەڵێ.[2]

بەڵگەیەكی دیكەی ڕاوێژكردن پێغەمبـەری خودایـە بـە موسـڵمانان بـە گشـتی و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵیان لە ڕۆژی ئوحوددا، كە پێغەمبەری خودا خەونەكەی خۆشی بۆ

---

[1] ابن حجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج٧، ص٢٨٧ (الكتاب المغازي).

[2] سەرچاوەی پێشوو، ابن هشام، السيرة النبوية، ج١، ص٦١٥.

گێڕانەوە و پێی خۆشبوو دەرنەچن لە مەدینەدا بمێننەوە، کۆمەڵێك لە خەڵکی مەدینەش پشتگیریان کرد، بەڵام زۆرینەی موسڵمانان داوایان لە پێغەمبەری خودا کرد کە بچنە دەرەوەی مەدینە، پێغەمبەری خوداش بەقسەی کردن و جلی جەنگی پۆشی و چونەدەرەوەی بە خەڵکەکە گەیاند بردنیە دەرەوە کە هەزار پیاو بوون تا لە ئوحود مەنزڵی گرت.(1) ئەم فەرموودە درووستانە هەموویان جەخت لە واجببوونی ڕاوێژ دەکەنەوە لە بواری سیاسی پەیوەست بە میللەتەوە، کەواتە دەبێت لە بابەتی ئاشتی و جەنگدا پرس بە ڕاو بۆچوونی میللەت بکرێت.

پێنجەم: ڕاوێژکردن بە میللەت یان نوێنەرانی لە دانانی ئەو بەرپرسانەی کاروباری ڕاپەڕاندنیان دەدرێتە دەست.

ئەوەی سەرنجی مێژووی ڕاوێژکردن بدات لەسەردەمی پێغەمبەرایەتی و جێنشینایەتی ڕاشیدین، بەڕوونی دەبینێت یەکێك لەو بوارانەی ڕاوێژی تێداکراوە پەیوەستە بە بابەتی کاربەدەست و ئەمیرەکان و قازی و سەرکردەکانی سوپاوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ڕاساندنی مافی گەل بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون بەدانانی کاربەدەستی ڕاپەڕێنەر لەسەریان هەروەها لە دانانی دادوەریشدا، کە ئەمانە دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژ.

ئەمەش مانای وایە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەستی ڕەها نییە لە دیاریکردنی بەرپرسە مەیدانیەکاندا، بەڵکو پێویستی بە پرسی میللەتە لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە کە ئەنجومەنی ڕاوێژن.

لەپێغەمبەری خوداوە (دروودی خودای لەسەر)، دەگێڕنەوە کە لەگەڵ خەڵکی (مقنا) پەیمانێکی بەست کە تێیدا هاتووە: کاربەدەستان هەر لەخۆتان دەبێت.(2)

---

[1] ابن حجر، فتح الباري شرح صحيح البخاري، ج٧، ص٣٤٦. ابن هشام، السيرة النبوية، ح٢، ص٦٣.
[2] محمد حميد الله، مجموعة الوثائق السياسية، ص١٢٠، وثيقة رقم (٣٣).

ئەمە سودی لێوەردەگیرێت کە ڕازیبوونی میللەت بکرێتە بنەما بۆ دانانی هەر بەرپرسێك کە کاروباری ئیداری بەڕێوە دەبات.

لە مێژووی تەبەریدا ڕووداوێکی ناوازە هەیە لە دانانی کاربەدەستدا، ئەویش ئەوەیە کاتێك پەیماندرا بە مەروانی کوڕی محەمەد[1] ببێتە جێنشین فەرمانیدەرکرد ولایەتەکان (هەرێمەکان) بەرپرسی سوپا دانێن، خەڵکی دیمەشق زاملی کوڕی عەمری جیرانی، خەڵکی حیمص عەبدوڵای کوڕی شەجەرەی کەنەدی، ئوردونیەکان وەلیدی کوڕی معاویەی کوڕی مەروان و فەلەستینیەکانیش سابتی کوڕی نەعیمی جەزامیان دیاریکرد.[2]

زافر قاسمی ئەم شێوازە بە دیاریکردن ناودەبات و ڕەزامەندی جێنشینیش لەسەر ڕوداوێکی وەها ناوازە و بێپێشینەیە،[3] خۆ ئەگەر لەسەر ڕووداوی ئاژاوەی سەردەمی خەلیفە عوسمان بوەستین کە بوەهۆی شەهیدکردنی دەبینین بزیسکەی ئاژاوەکە لە تورەیی خەڵکەوە لە عوسمان کڵپەی سەند کە کۆمەڵێك کاربەدەست و ئەمیری ناشایستەی دانا، ئەمەش بنەمایەکی ڕاوێژی گرنگمان پێدەڵێت لە دیاریکردنی ئەمیر و وەزیردا کە دەبێت متمانەی ئەنجومەنی ڕاوێژ بەدەست بهێنین، لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

شەشەم: ڕاوێژکردن لە دیاریکردن و شێوەی سەروەت و سامان سەرفکردندا.

یەکێك لەو بابەتانەی کە لە یاسای ئیداری و ئیسلامیدا بایەخی پێدراوە بابەتی دابەشکردنی سامان و دادگەرییە لە دابەشکردنەکەدا، هەروەها وردەکاری لە دیاریکردنی شێوەی سەرفکردنیدا، ئەمە دەبێت پابەندی یاسایەکی بنەڕەت بێت کە

---

[1] مروان بن محمد: هو مروان بن ممحمد بن مروان بن الحكم، اخر الخلفاء بني امية، والملقب بمروان الحمار لصبره و جلده في حروب مخالفية. كان مشهورا بافروسية والاقدام الدهاء، (الأعلام، ج٧، ص٢٠٨).

[2] الطبري، تأريخ، ج٩، ص٥٤.

[3] ظافر القاسمي، الجهاد والحقوق الدولية في الأسلام، ص٢٩٦.

پشت بە ڕاوێژ ببەستێت و نوێنەرانی گەل پێشتر لەسەر دیاریکردنی شێوەی سەرفکردنەکەی ڕازیبن، دەتوانین لەمبارەوە بۆ بەهێزی ئەم بۆچوونە پشت ببەستین بە:

١- پێداگری پێغەمبەری خودا لەسەر پاراستنی سامانی گشتی کە موڵکی هەموو موسڵمانانە و بەبێ مۆڵەت کەس بۆی نییە هەڵسوکەوتی پێوە بکات، بۆیە دەبینین فەرموودەکان مەسەلەی گزیکردنیان لە هێنانی دەستکەوتدا بە خراپەیەکی گەورە وەسفکردووە.

ئەبو هورەیرە دەڵێت: پێغەمبەری خودا لەناوماندا ڕاوەستاو باسی (الغلول) گزی کرد، بە خراپەیەکی گەورەی دانا و فەرموی: با لە ڕۆژی قیامەتدا نەگەم بەکەسێکتان ئەسپێك بەسەر ملیەوەبێت و بڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا فریامکەوە، منیش بڵێم: هیچ دەسەڵاتێکم نییە تا فریاتکەوم چونکە پێشتر ئاگادارم کردبویت.[1]

٢- قورئانی پیرۆز شێوەی خەرجکردنی سامانی زەکات، غەنیمەت، خەراج، فەیئی[2] دیاریکردووە و ناتوانرێت لەو ڕوانەی دیاریکراون لابدرێت، بەڵام دەکرێت ئیجتیهاد لەو شتانەدا بکرێت کە دەقی لەسەر نییە بەپێی بەرژەوەندی گشتی و بەرێکەوتن لەگەڵ ئەنجومەنی ڕاوێژدا.

٣- جێنشینەکان دامەزراوە یەکیان دانا بەناوی (بیت المال المسلمین) ئەم ناوەش مانای بایەخداری هەیە لە خاوەندارێتی سامانەکەدا کەواتە میللەت لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە بەتەنها خاوەنی دەسەڵاتە لە خەرجکردنیدا.

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٦، ص١٨٥.

[2] ئایەت لەم بارەوە بە درێژی هاتووە، جیکمەتی ئەو درێژییەش دیارە کە بەڵگەیە لەسەر گرنگی و ڕێزی دارایی گشتی، کە موڵکی هەموو میللەتە و موڵکی کەسێکی دیاریکراو نییە، با سەرۆکیش بێت. (انما الصدقات للفقراء و المساكن) التوبة، اية (٦٠)، (يسألونك عن الانفال، قل الأنفال لله والرسول..) الأنفال، اية (١)، (ما أفاء الله على رسول من أهل القرى) الحشر، اية (٧).

حەوتـــەم: واجببـــوونی ڕاوێـــژکردن لـــە چـــاودێریکردنی جێبەجێکارانـــدا هەڵسەنگاندنیان لەکاتی ئیشدا ئەرکی بەرپرسە.

پێویستە دەستەی ڕاوێژ ئاگاداری هەمیشەیی و بەردەوامی ڕێڕەوی ئیشی بەرپرسانبن، تا بتوانن ڕاوێژکاری ڕاستەقینەبن و بەرهەمی کردەییان هەبێت.

ئەمەش پێویست دەکات:

١ـ ڕاوێژکاران پێویستە یەکلاببنەوە بۆ ئەم ئەرکە و خەریکنەبن بە کاروباری ترەوە کە دوریخاتەوە لەم کارە سەرەکیە کە ئەرکی ئاگاداربوونی هەمیشەیی و چاودێری بەردەوامی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە، میللەتیش لەسەریەتی بژێوی ژیانیان بدات و هەقی ڕەنج و زەحمەتەکەیان لەبەرچاو بگرێت.

ب ـ ئەنجومەنی ڕاوێژ پێویستە کۆبوونەوەی یەکلەدوای یەك و بەردەوامی هەبێت بەپێی پلانێکی داڕێژراو کە ئەرکەکانی سەرشانیان لە کاتی دیاریکراودا بەجێبهێنن.

ج ـ پێویستە بوار بە ئەنجومەنی ڕاوێژ بدرێت ئاگاداری ڕاستەقینەی ڕێڕەو و کارەکانبن، ئەویش بە کۆکردنەوەی ڕاپۆرت و توێژینەوە لە بوارە جیاوازەکانی کاردا.

د ـ ئەنجومەنی ڕاوێژ بۆی هەیە پشت بە ئەو شارەزا و پسپۆڕانە ببەستێت کە پێویستی پێیانە لە بوارە جیاجیاکاندا تا شتەکانی بۆ ڕوونبێتەوە، بۆیشی هەیە لیژنەی جیاوازی تایبەتمەند پێکبهێنێت لەپێناو دابەشکردنی ئەرك و ڕۆڵەکاندا.

ئەویش بە پشت بەستنە بە بنەمای بەرژەوەندی بەدیهاتوو لە چاودێریدا کە مەبەستی شەریعەتیش جێبەجێدەکات.

## باسی پێنجەم: ئەنجامی ڕاوێژ و پابەندبوون بە ڕای زۆرینەوە

ڕاوێژ فەرزێکی ئیسلامیە و لەم بارەوە پێشتر بەڵگەمان هێنایەوە، دانانی ڕاوێژ بۆ بەدیهاتنی کۆمەڵە مەبەستێکی شەرعی باڵایە گرنگترینیان: گەیشتن بە باشترین ڕاوبۆچوون، گەڕان بەدوای ڕێگا باشەکانی شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری میللەت و پێشخستنی بۆ بەرزترین ئاستی مرۆیی. ئەمەش پێویست دەکات ئەم بابەتە بەهەند وەربگیرێت و ئەوپەڕی هەوڵ بدرێت بۆ گەیشتن بە مەبەستی شەریعەت، کە بە ڕێزگرتن هۆشی میللەت دەبێت و پابەند بوون بە ڕا وبۆچوونەکانی، کەچی هێشتا ڕا جیایی لەسەر ئەم پابەندبوون و نەبوونە هەیە کە پوختەی بۆچوونەکان دەبێتە سێ بەش:

**ڕای یەکەم:** پێشەوا پابەند نییە بە ئەنجامی ڕاوێژەوە و بۆی هەیە ڕای کەمینە یان زۆرینە وەرگرێت یان تەنها ڕای خۆی جێبەجێبکات، کۆمەڵێك نووسەر و بیریار پشتیوانی لەم ڕایە دەکەن[1] و پشت بە کۆمەڵێك بەڵگە دەبەستن کە گرنگترینیان:

یەکەم: پێشەوا موجتەهیدە و موجتەهیدیش بۆی نییە چاو لەوانی دیکە بکات، ئەم بابەتە دەچوێنن بە بابەتی ئیجتیهادکردن لە زانینی ڕوگە (قبلە)دا، کە هەموو کەسێك دەبێت پایەندی ئەو ئیجتیهادە بێت کە لە زانینی ڕووگەدا پێی دەگات و نوێژەکە بەو شێوە نەبێت درووست نییە.[2]

[1] قحطان الدوري، الشورى بين النظرية والتطبيق، ص٢٨٨، وذلك في حال كون الأمام مجتهدا. عبد الكريم زيدان، أصول الدعوة، ص٢٢١. منير البياتي، الدولة القانونية والنظام السياسي الأسلامي، ص٢٧٨. عبدالله أحمد قادري، الشورى، ص٨٠. عبد الحميد المتولي، باديء نظام الحكم في الأسلام، ص٦٦٧. محمد يوسف موسى، نظام الحكم في الأسلام، ص١٨٠. أبو الأعلي المودودي، نحو الدستور الأسلامي، ص٦٣.

[2] الامدي، الأحكام، ج٤، ص١٧٧. اعلام الموقعين، ج٤، ص١١٣. ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٥٢. شرح العقيدة الطحاوية، ص٣٦٢.

**دووهەم: پێشەوا لە دنیا و قیامەتدا لە هەموو کارەکانی خۆی بەرپرسە** (وان ليس للانسان الى ما سعى)[1] **کەواتە بۆی درووست نییە پابەند بێت بە ڕاوبۆچوونی خەڵکی دیکەوە، ئەگەر دڵنیانەبوو کە ڕایەکی درووستە.**[2]

**سێهەم: زۆری نیشانەی درووستی نییە**[3]**، وەك ئـەم ئایەتـە دەفـەرموێت:** ﴿وَإِنْ تُطِعْ أَكْثَرَ مَنْ فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ﴾[4] **واتە: "ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربـەی ئەوانـە بیـت لەسەر زەویدان، لە ڕێگەی خـودا گـومڕات دەکـەن". یـان دەفـەرموێت:** ﴿وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ﴾.[5] **واتە:"زۆربەی خەڵکی هەرچەند تۆ سوور بیت (لەسەر باوەڕهێنانیان) نابنە ئیماندار".**

**چوارەم: بەڵگەش بە کرداری جێنشینەکان دەهێننەوە**

**ـ ئەبوبەکر پابەند نەبو بە ڕای زۆرینەوە لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا و مکووڕ بـوو لەسەر ڕای خۆی**[6]**.**

**ــ ئەبوبـەکر پابەنـد نـەبو بـە ڕای زۆرینــەوە لـە بابـەتی بـەڕێکردنی سـوپاکەی ئوسامەدا.**[7]

**ــ عومـەر پابەنـد نـەبوو بـە ڕای زۆرینــەوە لـە بابـەتی دابەشـکردنی زەویـەکانی عێراقدا بەسەر جەنگاوەراندا**[8]**.**

[1] النجم، اية (٣٩).

[2] قحطان الدوري، الشورى، ص٣٠١. عبدالله القادري، الشورى، ص٨٢.

[3] عبدالكريم زيدان، أصول الدعوة، ص٢٢٢، قحطان الدوري، الشورى، ص٣٠٠.

[4] الأنعام، اية (١١٦).

[5] يوسف، اية (١٠٣).

[6] عبدالكريم زيدان، أصول الدعوة، ص٢٢، منير البياتي، الدولة القانوية، ص٢٨٢.

[7] قحطان الدوري، الشورى، ص٣٠٣. أصول الدعوة، ص٢٢٢.

[8] قحطان الدوري، الشورى، ص٣٠٤.

پێنجەم: بەشێك لە زانایان و ڕاڤەكاران وا دەبینن كە ڕاوێـژ هـەر لـە سـەرەتاوە واجـب نـەبووە، ئەمـەش دەرەنجامەكـەی ئەوەیـە پێشـەوا پابەنـد ناكرێـت بـە شـوێنكەوتنی ڕای كـەس، ئـەو ڕاوێژانـەش كـە لـە ئایەتەكانـدا هـاتوون تـەنها بـۆ دڵخۆشكردنی موسڵمانانن[1]، بەشێك لە ڕاڤەكارانیش دەڵێن (فأذا عزمت فتوكل على الله) مانای پابەندبوونی ئەمیرە بە ڕاوێژكردن لەپاش ڕاوێژەوە.

قـەتادە دەڵێـت: خـودا فـەرمان بـە پەیامبەرەكـەی دەكـات كـە ئـیش ڕێكخـات دەستپێبكات و لە ئەنجامدا پشت بە خودا نەك لەسەر ڕاوێژی ئـەوان ببەسـترێت[2]. تەبـەریش دەڵێـت: ئەگـەر نیـازت تـەواوكرد بـە دامەزرانـدنت لەلایـەن خـوداوە و پشتیوانیكردنت لەو شتانەی تووشی خۆت و خەڵكەكەت هات لـە كاروبـاری دیـنی و دنیاییدا ئیتر دەستبكە بەوە كە فەرمانمان پێدایت، جا ئەوە لەگـەڵ ڕای هاوەڵانـت پێكهات یان پێچەوانەبوو[3].

**گفتوگۆی ڕاوبۆچوونی یەكەم:**

ئێمە لەسەر ئەوە وەستاین كە زۆرینـەی هـەرە زۆری زانایـان و فەرموودەناسـان ڕاوێژ بە فەرز دەزانن لەسەر سەرۆكی وڵات كە بە موسڵمانانی بكات، كەواتە دەبێت ئـەم بۆچـوونە بمانگەیەنێتـە پابەنـدبوون بـە ئـەنجامی ڕاوێژەكـە، تـا ئامـانج لـە فەرزبوونەكەی بپێكێت، ئەگەرنا هیچ سودێك نییە لەوەی ڕاوێژێكی ڕواڵەتی بكرێت، بەرپرس پابەند نەبێت بە بۆچوونی میللەت یـان زۆرینـەی میللەتـەوە، پێویستیشـە ئـاوەزی موسـڵمانان لـە هـەموو سـەردەمێكدا بـەئاگابێت و ئـەم پایـە سـەرەكیەی سیستەمە سیاسی ئیسلامی پیادە بكات، دەسەڵات بداتە دەست میللەت، نـەهێڵێت كەسێك زاڵبێت و تاكڕەوانە بڕیار لە چارەنووسی میللەتێك بدات.

---

[1] البيظاوي، التفسير، ج١، ص١٨٧.

[2] القرطبي، التفسير، ح٤، ص٢٥٢.

[3] الطبري، التفسير، ج٤، ص١٥٣.

جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو بەڵگانەی تاقمی یەکەم پشتیان پێدەبەستن، دەبینین ئەوانە ناگەنە ئاستی بەڵگەی تەواو.

خۆ ئەگەر پێشەوا موجتەهیدیش بێت، ئەوە دەبێت ئیجتیهادەکەی لەو بابەتەدا بێت کە تایبەتە بەخۆیەوە، ئەوکاتە لەسەری حەرامە چاو لەکەسی دیکە بکات لە ئیشێکدا کە باوەڕی وەهایە ڕاستە و پەیوەندی بە شەخسی خۆیەوە، وەك دەستنیشانکردنی ڕووگە، بەڵام ئەگەر کارەکە گشتی بوو پەیوەست بوو بە هەموو موسڵمانانەوە، ئەوکاتە ئیجتیهادی پێشەوا بە تاکە ئیجتیهادێك دادەنرێت لەناو چەندین ئیجتیهادی دیکەدا کە هەمووی بەدوای بەرژەوەندیدا دەگەڕێن، ئەمەی ئەو هیچی لەوان زیاتر نییە مەگەر لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنەی دەنگی ئەمیری تێدایە پەسەند بکرێت.

دەبێت ئەوەش بزانرێت کە مەسەلەی چاولێکەری موجتەهید لە موجتەهیدی دیکە مەسەلەیەکی ئوسوڵیە و ڕاجیایی لەسەرە، چونکە ئەبو حەنیفە مۆڵەت دەدات بەو موجتەهیدەی واز لە ڕاوبۆچوونی خۆی دەهێنێت بۆ ڕای لە خۆی شارەزاتر[1]. دەشبێت وریای ئەوە بین بە مەرجگرتنی ئیجتیهاد بۆ پێشەوا بابەتێکی خیلافیە و بەشێك لە زانایان مۆڵەتیانداوە کە پێشەوا مەجتەهید نەبێت بەتایبەتی لەم سەردەمەدا.

ئەو قسەیەش کە دەڵێت: پێشەوا بەرپرسە و لەبەردەم میللەتدا و بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت لە دنیا و قیامەتدا، وەڵامەکەی بەوە دەدرێتەوە ئەو لەبەردەم میللەتدا بەرپرسە و بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەکەی تەنها لە میللەتەوە گرتووە وەك پێشتر وتمان ئەو میللەتە دەتوانێت داینێت و مافی چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی هەیە، تەنانەت مافی لادانیشی هەیە ئەگەر پێویستی کرد.

[1] تیسیر التحریر، ج٤، ص٢٢٨. وهو رأي الثوري واسحق علی ما ذكر الكرخي والرازي.

کەواتە پێشەوا بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ویستی میللەت و ئەو کارە گشتیانەی پێی دەسپێرێت، بەرپرسیارێتی ئەو ئەمانەتەش دەکات.

سەبارەت بەوەی کە زۆرینە هەمیشە لەسەر حەق نییە، جاری وا هەیە کەمینە دەیپێکێت و ئەو ئایەتانەش لەو بارەوە هێناویانەتەوە دەڵێت ئەوەی کە زۆرینە هەمیشە لەسەر حەق نییە ڕاستە، بەڵام لۆژیك و شارەزایی و ئەزمون دەخوازن کە حەق زۆرجار لای زۆرینەبێت، زۆرجاریش مانای پەسەندتر دەگەیەنێت، کاروباریش لەسەر زۆری یاسای بۆ دادەنرێت وەك ئوسولیەکان دەیلێن[1]

شاتبی دەڵێت: مەبەستی خودا ڕێکخستنی خەڵکە لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی گشتی، ئەنجامەکانی سوننەتی خودایی لەسەر زۆرینەیە نەك هەموان، شەریعەتیش لەسەر ئەوە دارێژراوە، بۆیە بنەماکان لەسەر ڕێوشوێنی گشتییەکی سادە نەك گشتییەکی سەرتاپاگیر دادەنرێت[2]، سەبارەت بە ئایەتەکانیش بۆ جێگەی خۆی بەکاریان نەهێناوە، چونکە مەبەست پێی زۆرینەی خەڵکی سەر زەویە، نەك زۆرینەی موسڵمانان، هەروەها مەبەست پێی لە ڕاوێژکردندا نییە لە بابەتە ئیجتیهادیەکاندا، بەڵکو مەبەست پێی شوێنکەوتنی فەرمانی خودایە با زۆرینەی خەڵکی سەرزەویش پێچەوانەیبن.

دەربارەی بەڵگەهێنانەوە بە هەڵوێستەکانی ئەبوبەکر لە جەنگی هەڵگەڕاوەکان و بەڕێکردنی سوپای ئوسامە و هەڵوێستی عومەر لە دابەشکردنی ڕەشە زەوی عێراق بەسەر جەنگاوەران، ئەوانە زۆر لە نووسەران گفتوگۆیان لەسەر کردوون، پێویستەکات ئێمەش درێژەی پێبدەین، بەڵام بە کورتی دەڵێین:

---

[1] ناقش هذه المسألة فتحي الدريني في كتابه خصائص التشريع الأسلامي، ص٤٦٣، من وجه اخر.

[2] الأمام الشاطبي، الموافقات، ج٣، ص٢٦٥، طبعة دار المعرفة، بيروت.

**یەکەم:** کتێبە مێژوویەکان ئاماژەیان بۆ زۆرینە و کەمینەی ئەهلی ڕاوێژ لەو هەڵوێستەدا نەکردووە، تەنها ئاماژە بە هەڵوێستی عومەر دەکەن لەسەر بۆچوونەکەی ئەبوبەکر.

**دووەم:** ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) لەو هەڵوێستەیدا پشتی بە دەق بەستبوو بۆ جەنگکردن دژی هەڵگەڕاوەکان، بنەماکەش ڕوونە، کە دەڵێت لە بوونی دەقدا ڕاوێژ ناکرێت.

وەك دەگێڕنەوە، عومەر پێی دەڵێت: چۆن جەنگ لەگەڵ خەڵکێکدا دەکەین بڵێن (لا الە الا الله)؟ بەڵام ئەبوبەکر بەڵگەی بە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودا هێنایەوە کە دەفەرموێت: فەرمانم پێکراوە لەگەڵیان بجەنگم هەتا شایەتی دەدەن تەنها ئەڵا خودایە و محەمەد پێغەمبەری خودایە، نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن ئەگەر ئەمانەیان کرد ئەوە خوێن وماڵیان پارێزراوە مەگەر بە مافی ئیسلام نەبێت و لێپرسینەوەشیان لەلای خودایە[1].

جا ئەبوبەکر وتی: سوێند بە خودا هەر کەس جیاوازی بخاتە نێوان نوێژ و زەکاتەوە لەگەڵی دەجەنگم، چونکە زەکات باجی سەروەت و سامانەکەیە.

هەروەها مکووڕبوونی ئەبوبەکر لە بەڕێکردنی سوپای ئوسامەدا دەستگرتن بوو بە فەرموودەی درووستەوە، کە پێغەمبەری خودا فەرمانی بەڕێکردنی دابوو، درووستیش نییە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری خودا بیتەوە[2].

هەروەها هەڵوێستی عومەر لەسەر بەڵگەهێنانەوە بوو بەم ئایەتە: ﴿مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٧) لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١، ص٧٥.

[2] السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص٧٤.

فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ (٨) وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٩) وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ ...﴾[1] **واتە: "ئەو (دەستکەوتانە) کە خودا سەندیەوە بۆ پیغەمبەرەکەی لە ماڵی (بەنی نەزیر) ئێوە بۆ بەدەستهێنانی هیچ ئەسپ و حوشترێکیان تاو نەداوە بەلکو خودا پێغەمبەرانی زاڵ دەکات بەسەر هەر کەسدا کە بیەوێت، خودا بە سەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە. ئەوەی خودا دەست پێغەمبەری خست لە دێهاتییەکان ئەوە بۆ خودا و بۆ پیغەمبەرە (دروودی خودای لەسەر) و بۆ خزمان و هەتیوان و بۆ هەژاران و ڕێبواران تا دەست بە دەستی پی نەکرێ لەناو دەوڵەمەندەکانتاندا و بەس، ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) پێی دان وەری بگرن، ئەوەی لێتانی قەدەغەکرد وازی لێ بێنن، لەخوا بترسن، بێگومان خوای گەورە سزای سەختە. ئەو دەسکەوتەی لە بەنی نەزیر گیرا بۆ نەدارانی کۆچکەرانە ئەوانەی کە دەرکران لە ماڵیان و سامانیان هەوڵی بەهرەی خودا و ڕەزامەندی ئەو دەدەن، یارمەتی خودا و پیغەمبەری خودا دەدەن، هەر ئەوانن ڕاستگۆیان. بۆ ئەو هەژارانەی کە لەپێش کۆچکەراندا نیشتەجێ بوون لە مەدینە و کردیان بە بارەگای باوەڕ ئەوی کۆچ بکات بۆ لایان خۆشیان دەوێ شك نابەن لە دڵی خۆیاندا هیچ جۆرە حەسوودی و بەخیلیەك لەبەر ئەوەی بە کۆچکەران درا، وە باوی ئەوان ئەدەن بەسەر خۆیاندا با خۆشیان زۆر پیویست بن پێی، ئەو کەسەی خۆی لە ڕژدی دەروونی بپارێزێت، هەر ئەوانن سەرفرازان. ئەوانەش لەپاش ئەمانەوە هاتوون...". عومەر وایدەبینی ئایەتەکە باسی کۆچەری و پشتیوانان**

---

[1] الحشر: (٧، ١٠).

دەكات، بەڵام پاشان خەڵكی دیكەیان تێكەڵ بوو، بۆیە ئایەتەكە گشتییە بۆ هەموو ئەوانەشی لەدوای ئەوانەوە هاتوون كەواتە دەسكەوتەكە بۆ هەموان دەبێت[1].

لە هەموو ئەوانەوە دەگەینە ئەوەی ئەو دەقانەی كە هێنایانەوە نابنە بەڵگە بۆ تاكڕەویكردنی حوكمڕان بۆ ڕاوبۆچوونی خۆی با موجتەهیدیش بێت.

## ڕای دووەم: ناوبژیوانیكردن

هەندێك لە هاوچەرخان وا دەبینن لە كاتی ڕاجیایی سەرۆكی دەوڵەت و ئەنجومەنی ڕاوێژ و سووربوونی هەردولا لەسەر ڕای خۆیان، ئەوكاتە بابەتەكە بەرزدەكرێتەوە بۆ دەستەیەكی ناوبژیوان، كە ئەندامەكانی لە زانایان و خاوەن بیروبۆچوون و ئەزمونەكان و شارەزایانی شەریعەتی ئیسلامی پێكدەهێنرێن، ئەوانە لە بابەتەكە دەكۆڵنەوە و بڕیاری لەسەر دەدەن و بۆچوونەكەیان پابەندكار دەبێت[2].

## گفتوگۆی ڕای دووەم:

ئەم بۆچوونە هەوڵێكی بەیەكەوە گونجاندنی ڕای پابەندكردن و پابەندنەكردنە، ئەم بۆچوونە پشتی بە بەڵگەیەكی دڵنشین نەبەستوە و لە دوو ڕووەوە ڕەتدەكرێتەوە:

**ڕووی یەكەم:** ئەسڵ لە ئەنجومەنی ڕاوێژ ئەوەیە پێكدێت لە زانا و خاوەن ڕا و بۆچوون و ئەزمون و شارەزایانی فیقە و پسپۆڕان، ئەوانەش كە بۆ ناوبژیوانی دەشێن، هەروەها ئەوانەی نوێنەری گەلن، خۆ ئەگەر ئەنجومەنی ڕاوێژ لە هەندێك حاڵەت و دۆخی تایبەتدا بەشێك لە پسپۆڕی بۆ مەسەلە فیقهیەكان تێدا نەبێت، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە لە كۆڵینەوەی ئەم بابەتانەدا پشتیان پێ ببەستیت،

---

[1] أبو عبيد، الأموال، ص٧٤، ٧٥، ٧٦. أبو يوسف، الخراج، ص٢٦.

[2] منير البياتي، الدولة القانونية والنظام الأسلامي، س٢٩٠. محمد أسد، منهاج الأسلام في الحكم، ص١٢٦.

بەهەمانشێوە ئەسڵ ئەوەیە کە ئەنجومەن چەندین لیژنەی هەمیشەیی و کاتی هەبێت لە شارەزا و پسپۆڕان، ئەم بابەتە لەم سەردەمە پێشکەوتووەدا لق و پۆی لێبووەتەوە و فراوان بووە، شتێکی بەڵگەنەویستە.

**ڕووی دووهەم:** ڕاجیایی لە نێوان ئەندامانی دەستەی دادگادا کە دەبێت ببێت لە بابەتە ئیجتیهادیەکانە، کە خاوەنانی ئەم ڕایە چارەسەر بەوە دەبینن تیایدا بگەڕێنەوە بۆ ڕای زۆرینە، ئەم گەڕانەوەیە بۆ شوێنێکە خۆی جیاوازی تێدایە، کە ئەسڵ لای ئەو هەڵاتنبوو لە بنەمای ملکەچبوون بۆ ڕای زۆرینە، کەواتە ناتوانین بڵێین ئەم بۆچوونە قسەیەکی تازەی پێیە. خوداش زاناترە.

ڕای سێهەم: پابەندکردنی بەرپرس بە شوێنکەوتنی ڕای زۆرینەی ئەنجومەنی ڕاوێژەوە.

کۆمەڵێك زانای هاوچەرخ و نووسەری موسڵمان[1] جەخت لەوەکەنەوە کە سوودی ڕاستەقینەی ڕاوێژ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕا و بۆچوونەیە کە ئەنجومەنی ڕاوێژ پێیگەیشتوون، هەروەها ناوەڕۆکی ڕاوێژ مانای جەختکردنەوەیە لە دەسەڵاتدارێتی گەل و بڕیاردانە لەسەر برای کۆمەڵی موسڵمانان و جێبەجێکردنیەتی.

ڕاوێژی ڕاستەقینە دەربڕینی ئەو پێگە بڵندەیە خودای گەورە بەخشیویەتی بە موسڵمان لە چوارچێوەی شەریعەت و بنەماکانی و بەدەستهێنانی مەبەستی شەریعەت. هەروەها ڕاوێژ دەرکەوتەیەکی ڕێبازی خوداییە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکدا کە لەسەر مانای بە کۆمەڵبوونی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی وەستاوە، بەجۆرێك کە ئەرکی جێنشینایەتی دەدرێتە هەموو گەل بە هەموو چین و توێژ و ڕەگەز و

[1] عبدالقادر عودة، الاسلام وأوضاعنا السياسية، ص١٥٠. محمد أسد، منهاج الأسلام في الحكم، ص٥٩، محمد سليم العوا، النظام السياسي لدولة الأسلامية، ص١٩٨، محمد ضياء الدين الريس، النظريات السياسية الأسلامية، ص٢٩٤.

تاکەکانی، چونکە تەنها گەل ڕاسپێراوی شەریعەتی خودایە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپێدراوە، تاکەکەس یان تاقمێك نییە، ئەو تاك و تاقمانەش نوێنەری گەل نین.

بەهەمانشێوە ڕاوێژ دەرکەوتەیەکی ڕێزگرتنە لە میللەت[1] وەك چۆن خودا ڕێزی ناوە لە بەکۆمەڵبوونی، زانایانیش کۆدەنگن لەسەر بە بەڵگە ئەژمارکردنی کۆدەنگی لە پاش قورئان و سوننەت، هەروەها خودا ڕێزی لە میللەت گرتووە کە پارێزراو بێت و لەسەر بەتاڵ کۆنەبێتەوە.[2]

ئەوەی موسڵمانان بەباشی دەزانن لای خوداش باشە[3]، لە پاش پێغەمبەری خودا بە کۆدەنگی ئەهلی سوننەت و جەماعەت کەس پارێزراو نییە، ئەوانەی ڕابورد نایەنە دی بەبێ دابەزینی حوکمڕان بۆ سەر ئەنجامی ڕاوێژ و پابەندبوون بە زۆرینەوە، هەوڵیش دەدەین بۆ راساندنی ڕای زۆرینە و زەرورەتی پابەندبوونی حوکمڕان پێوەی پشت بە بەڵگەی شەرعی ببەستین، لەوانە:

**یەکەم: قورئانی پیرۆز**

خودا دەفەرموێت: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾[4] واتە: "ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروباردا جا کاتێ بڕیارت دا، ئەوە پشت بە خودا ببەستە". ئەم ئایەتە ڕاوێژ فەرز دەکات و لەسەر حوکمڕانی پێویست دەکات، مەبەستە شەرعیەکەش لەم حوکمە گەشتنە بە باشترین و درووستترین ڕاوبیر و بۆچوون و ئەوەیان کە بەرژەوەندی بەدیدەهێنێت، بێگومان ئەم گەیشتنە پاش ماندوبوون و وردەکاریکردنی زۆر خەڵکە ژیر و شارەزاکان.

---

[1] عبدالكريم الخطيب، الخلافة والأمامة، ص٢٩٧.

[2] عصمة الأمة وعد اجتماعها على ضلالة محل اتفاق، وهو مضمون حديث نبوي كريم (لا تجتمع أمتي على ضلالة) الترمذي، الصحيح، ج٩، ص١١ (أبواب الفتن). أبن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٠٢ (كتاب الفتن).

[3] ذكر هذا القول للصحابي عبد الله بن مسعود، اعلام الموقعين، ج١، ص٦٥.

[4] آل عمران: ١٥٩.

ئـەم مەبەسـتەش بـەبێ پابەنـدبوون بـەو ئەنجامـەی ڕاوێـژ و ڕاوێـژكاران پێـی دەگـەن نایەتەدی، هیچ لۆژیكێكی تێدا نییە ئەم پرس و ڕاوێژەتـەنها بـۆ دڵخۆشـكردن و ڕێزگرتنـی خەڵك بێت وەك بەشێكی ڕاڤەكاران و زانایان دەڵێن، لە كاتێكدا كـە ڕاوێـژ گەشـتوەتە ئـەو ئەنجامە چاكە، ئەم تێگەیشتنە قسەی ڕاڤەكاری حەنـەفی مەزهـەب (جەسـاس) پشـتیوانی دەكات كە دەڵێت: "درووسـتنیە ڕاوێـژكردن تـەنها بـۆ دڵخۆشـكردن و ڕێزگرتنـی هـاوەڵان بوبێت، چونكە ئەگەر ڕاوێژكار بیانزانیبا ئەم هەموو ماندووبوونەیان دەبێت بۆ گەیشـتن بـە حوكمێـك كـە ڕاوێـژیان پێكـراوە، بـەڵام كـاری پێناكرێـت، بێگومـان ڕاوێـژكاران ئـەوەیان قبووڵنـەدەكرد، چـونكە ئەمـە دڵخۆشـكردن و ڕێزگـرتن نییـە، بـەڵكو پەراوێزخسـتنە و ئاگاداركردنیانە كە (ڕا)كەیان وەرناگیرێت و ئیشی پێناكرێـت، ئەمـەش ڕاڤەیـەكی بەتاڵـە و مانایەكی نیە".[1]

بـۆ قسـەكردن لەسـەر ئایـەتی ﴿فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ لـە تەفسـیرەكەیدا هاتووە: پرسكردن بە شارەزایان و پاشان شوێنكەوتنی ڕاكانیـان، ئـیبن كەسـیر لـە تەفسیرەكەیدا لـە مـەردەوەی ئـەویش لـە عـەلی كـوڕی ئـەبو تالبـەوە دەگێڕێتـەوە دەڵێت: پرسیار لە پێغەمبەری خودا كرا سەبارەت بە (العزم) فـەرمووی: پرسـكردن بە شارەزایان (أهل الرأی) و پاشان شوێنكەوتنیانە.[2]

**دووهەم: سوننەت**

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لەو جێگایانـەی كـە نیگـای خـودایی لەسـەر نەبوو ڕاوێژی بە یارانی دەكرد، زۆریش ڕاوێژی دەكرد، پێشتریش فەرموودەكـەمان گێـڕاوە لـە ئـەبو هـورەیرەوە كـە دەڵـێن: "كەسـم نـەدیوە زیـاتر لـە پێغەمبـەری خـودا ڕاوێـژ بـە هاوەڵانی بكات".[3]

---

[1] الجصاص، أحكام القران، ج٢، ص٢٣٠.

[2] مختصر تفسیر أبن كثیر، ج١، ص٣٣٢.

[3] البخاري، الصحیح بشرح فتح الباري، ج١٣، ص٣٤٠. ابن العربـي، شـرح صـحیح الترمـذي، ج٧، ص٢١٠، (أبواب الجهاد). نیل الأوطار، ج٨، ص٤٦.

ئەوەشی بەدواداچون بکات بۆ ئەو ڕووداوانەی کە پێغەمبەری خودا تیایاندا ڕاوێژی بە یارانی کردووە دەبینێت ڕای ئەوانی وەرگرتووە و ئیشی پێکردووە، با پێچەوانەی ڕای خۆیشی بوبێت، لەم شوێنانە ئەو ڕاستیە ڕونتر دەردەکەوێت:

١ـ غەزای ئوحود: ڕای پێغەمبەری خودا دەرنەچونبوو لە مەدینە و ئەوەشی بۆ خەوپەرژێنی خەونەکەی بوو کە بۆ موسڵمانانی گێڕایەوە، ئیبن حەجەر ڕیوایەتەکەی ئیبن ئیسحاق بە پوختی دەگێڕێتەوە، کە موسای کوڕی عەقەبە دەڵێت: کاتێك قوڕەیش هەتا توانیان عەرەبەکانیان تەیارکرد و ئەبو سوفیان پێشڕەوی کردن تا لە ناوەڕاستی شیوەکەی ئوحود دابەزین، جا کۆمەڵە پیاوێکی موسڵمان کە جەنگی بەدریان لە دەستچوو بوو، ئاواتەخوازی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنیان بوو، پێغەمبەری خودا شەوی هەینی خەونێکی دیت، بۆ بەیانیەکەی فەرموی: دوێنێ لە خەونمدا گایەکم بینی سەردەبڕڕێت، خودا باشتر و باقیترە، شمشێری زولفەقارەکەشم بینی لە ناوەڕاستیدا شکا بوو، یان فەرمووی کەلی پێوە بوو، ئەوەم پێناخۆش بوو، ئەم دووە هەردوکیان بەڵان، بینیشم من لە پەنای قەڵغانێکی بتەودام و بەرانێکم پێش خۆمداوە، وتیان: چۆنت خەوبەرژین کردون؟ فەرمووی: گا یەکەم کوژرانی کەسێکی نزیکی خۆمانە، بەرانەکە بەرانی (کەتیبە)یە، قەڵغانە پتەوەکەشمان شاری مەدینەیە تا تیایدا بین، ئەگەر ئەوان بێنە ناو کۆڵانەکان جەنگیان دەکەین لە سەربانەکانەوە لێیان دەدەین، کەچی ئەو خەڵکانە (بەشداریی بەدریان نەکردبوو) وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە ئاواتەخوازی ئەم ڕۆژە بوین، زۆرینەی خەڵکەکە تەنها بە دەرچوون لە مەدینە ڕازیبوون، ئیتر کە نوێژی هەینی کرد، دەرچوو، داوای زرێی جەنگی کردو پۆشی، پاشان فەرمانی دەرچوونیدا، جا خەڵکە ژیرەکەی ناویان پەشیمانبوونەوە و وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا با بەو شێوەی فەرمانت پێکردین لە مەدینەدا بمێنینەوە، فەرمووی: پێغەمبەر

بۆی نییه كه زرێی جەنگی پۆشی لێی بگەڕێتەوە تا دەجەنگێت، ئیتر لە شار بردنیە دەر كە هەزار كەس بوون ....).[1]

٢ ـ غەزای ئەحزاب: پێشتریش باسمانكرد، كاتێك پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) ڕاوێژی بە بەشێك لە هاوەڵانیكرد سەبارەت بە پەیماننامەیەكی ئاشتەوایی كە ئەیویست لەگەڵ غەتفان بیبەستێت، جا كاتێك سەعدی كوڕی مەعازو سەعدی كوڕی عوبادە زانیان ئەم ئیشەی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) نیگای خودایی نییە بەڵكو ئیجتهادە و پرس وڕا هەڵدەگرێت بەپەلە نووسینی پەیماننامەكەیان سڕیەوە وتیان: با پەلامارماندەن، پێغەمبەری خوداش (درودی خودای لەسەر) لەسەر ڕای خۆی دابەزی و هاتە سەر ڕای ئەوان.[2]

ڕووداوی دیكە لەسەردەمی پێغەمبەردا زۆرن دەكرێت سەیریان بكرێت.

## سێهەم: گوفتارو ڕەفتاری هاوەڵان

تەنها بۆ نموونە هەندێكیان دەهێنینەوە:

١ـ ئیبن حەجەر دەڵێت لە دارولقوتنیدا لە جوەیریە دەگێڕێتەوە: "كاتێك درا لە عومەر پێیان وت: جێنشین دانێ، دەڵێت دەبینم زۆر بۆ دانانی پەرۆشن، تا وتی: ئەم ئیشە لە نێوان شەش كەسی قوڕەیشدا بێت، بە عوسمانی كوڕی عەفان دەستی پێكردن، پاشانو تی عەلی كوڕی ئەبو تالیب، عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف، زوبێر، سەعدی كوڕی ئەبو وەقاس، سێ ڕۆژیش چاوەڕوانی تەلحەی براتان بن، ئەگەر لەو سێ ڕۆژەدا گەیشتەوە ئەویش هاوبەشیانە، وتیشی: ئەی ئەو سێ كەسە خەڵك لێتان تێناپەڕێت، جا عوسمان ئەگەر تۆ بویتە كاربەدەستی خەڵكەكە لە خودا بترسە، بەنی ئومەیە و بەنی موعین مەخە سەرگەردنی خەڵك، ئەی عەلی ئەگەر

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص٣٤٦، (كتاب المغازي).

[2] ابن هيشام السيرة النبوية، ج٢، ٢٢٣.

تـۆش بوویـت لـە خـودا بترسـە، بـەنی هاشـم مەخـەرە سـەر گـەردنی خـەڵك، عەبدوڕەحمان خۆ ئەگەر تۆ بویت خزمەكانت مەخەرە سەرگەردنی خەڵك، وتیشـی: با كەمینە شوێنی زۆرینە بكەون، هەركەسێكیش بێئەوەی بكرێت بە ئەمیر، ئەمیری خۆی ڕاگەیاند بیكوژن[1]، ئەمـە ڕاگەیانـدنێكی ئاشـكرای عومـەرە لـە شـوێنكەوتنی زۆرینەداو تەنها ئاماژەپێكردنێكی نادیارنیە.

٢ـ لـە سـەحیحی بوخاریـدا هـاتووە سـەبارەت بـە پەیمانـدان بـە عوسمـان، كـە موسەوەری كوڕی مەخرەمە دەڵێت: عەبدولڕەحمانی كوڕی عەوف سێ شەو و سـێ ڕۆژ پرس وڕای بە خـەڵك دەكـرد، ڕاوێـژی بـە كۆچـەری و پشـتوانان و سـەركردەی سـوپا دەكـرد، زۆرینـەیان وەڵامیـان بـە دانـانی عوسمـان بـوو (نـاردی بەشـوێنی ئامـادەبوانی كۆچـەری و پشـتیوانانـدا، نـاردی بەشـوێن سـەركردەكانی سـوپادا كـە هاتبوون و ئەو حەجـەیان لەگـەڵ عومـەر كردبـوو، پاشـان وتـی بـە عـەلی سـەرنجی بۆچوونی خەڵكمدا دەبینم لە دانانی عوسمان لانادەن، كەواتە نەفسی خـۆت بگـرە. جا وتی بە عوسمان: پەیمانت پێدەدەم لەسـەر سـوننەتی خـودا و پێغەمبـەر و دوو جێنشـینەكەی دوای ئـەو، جـا عەبـدولڕەحمان پـەیمانی پێـدا،ئیتر كۆچـەری و پشتیوانان و سەركردەكانی ناو سوپا و موسڵمانانیش پایمانیاندا،[2] كەواتـە بابـەتی پەیمانـدان بـە عوسمـان لەسـەر ڕای زۆرینـەی كۆچـەری و پشـتیوانان بـوو كتێبـە سەحیحەكانی سوننەت و ژیاننامەكان و مێژوو پشتوانی ئەوە دەكەن.

٣ـ ڕێبازی خەلیفە ڕاشیدەكان لەهەر بابەتێكدا نیگـای تێـدا نـەبوبێت پـرس و ڕا بووە بە ئەوانەی شایستەی ڕاوێژكارین، گێڕانەوەكان زۆرن كە جـەخت لـەم ڕێبـازە دەكەنەوە، مەیمونی كوڕی میهران دەڵێت: ئەبوبەكری سـدیق ئەگـەر بابـەتێكی بـۆ بهاتبایەتە پێش سەرنجی قورئانی پیرۆزی دەدا ئەگـەر لەوێـدا هەبوایـە بـە قورئـان

---

[1] ابن حجر، فتح الباری شرح صحیح البخاری، ج١٣، ص١٩٥، (كتاب الأحكام)

[2] البخاري، الصحیح بشرح فتح الباری، ج١٣، ص١٩٤.

حوكمەكەی دەكرد، خۆ ئەگەر لە قورئاندا نەبوایە سەرنجی سوننەتی پێغەمبەری خودای دەدا، ئەگەر لەوێدا بوایە حوكمی پێدەكرد ئەگەر نەیدۆزیبایەوە لە خەڵكی دەپرسی ئایا بزانن پێغەمبەری خودا حوكمی لەم شێوەیداوە، جاری وادەبوو خەڵكێك هەڵدەستان و دەیانوت دادوەری ئاوهاو ئاوهای تێدا كردووە.

ئەگەر كەس نەبوایە، سوننەتەكەی پێغەمبەری خودای بەجێدەهێناو سەرگەورەكانی خەڵكی كۆدەكردەوەو پرس و ڕای پێدەكردن ئەگەر لەسەر شتێك كۆدەنگ بوونایە بەوشێوە دادگایی دەكرد، عومەریش هەر بەو شێوەی دەكرد ئەگەر شتێكی لە قورئان و سوننەتدا نەدۆزیبایەوە دەیپرسی: ئایا ئەبوبەكر دادگایی لەو شێوە كردووە؟ جا ئەگەر كردبوی بەو دادوەریەی ئەبوبەكری دەكرد، ئەگەرنا زانایانی خەڵكی كۆدەكردەوە و پرس و ڕای پێدەكردن، جا ئەگەر لەسەر بیروڕایەك كۆدەنگ بوونایە ڕاكەیانی وەردەگرتوو دادوەری پێدەكرد.[1]

## چوارهەم: قسەی زانایان

زانایان ڕای زۆرینەیان هەڵدەبژارد لەوبابەتانەی كە دەقی لەسەرنەبوبێت، بنەمای زۆرینەشیان لە كاتی ڕاجیاییدا هەڵدەبژارد و غەزالی دەڵێت: ئەگەر لە بابەتێكدا ڕاجیای بویایە بە زۆرینە ڕاكەیان دەسەلماند[2] دەشڵێت: ئەگەر ژمارەیەك هەمان سیفەتیان وەك یەك تێدابوو، ئەو كات پێشەوایەتی بۆ ئەوەیانە زۆرینە پەیمانی پێدەدەن.[3]

---

[1] ابن القيم، اعلام الموقعين، ج١، ص٦٢. ابن حجر، فتح الباري شرح البخاري، ج١٣، ص٣٤٢، (كتاب الاعتصام، باب المشاورة).

[2] الغزالي، الرد على الباطنية، ص٦٢.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص٦٢.

دەربڕینێکی ئاشکرای تر هەیە: زۆرینەی بابەتەکانی پێشەوایەتی و وابەستەکانی بابەتگەلێکی گوماناوین (ظنية)، بۆیە بە ڕای زۆرینە حوکمیان دەدرێن.[1]

ماوەردی لە باسکردنی حوکمی بابەتی جیاوازبوونی خەڵکی مزگەوتێك لەسەر دەستنوێژ دەڵێت: ئەگەر خەڵکی مزگەوتێك لە دیاریکردنی پێشنوێژ ڕا جیابوون ڕای زۆرینە ئیشی پێدەکرێت، خۆ ئەگەر وەك یەکبوون، دەسەڵاتدار (حوکمڕان) مشتومڕەکە دەبڕێنێتەوە، بۆ دیندارترین و بەتەمەنترین و خوێنەوارترین و شارەزاترینیان.[2]

ئەبو یەعلای فەرا لە بابەتی دانانی جێنشیندا دەڵێت: دامەزراندنی جێنشینایەتی بە دانای ئەهلی حەل و عەقدە، کە دەبێت بە ڕای زۆرینەیان بێت.[3]

دەبینین ئەبو یەعلا جەخت لە گەڕانەوە بۆ زۆرینە دەکات لە پەسەنددانی دانانی جێنشیندا، ئەمە لەکاتێکدا جیاوازی لەناو ئەهلی حەلوعەقددا پەیدا دەبێت.

ئیبن تەیمیە دەڵێت سەبارەت بە دەمەزراندنی جێنشینایەتی ئەبوبەکر: ئەوە بە پەیماندانی زۆرینەی هاوەڵان بو بە جێنشین کە تواناداروو بەهێزتربوو، بۆیە دواکەوتنی سەعدی کوری عوبادە زیانی نەگەیاند، چونکە ئەوە نابێتە تانە بۆ دەسەڵاتدارێتی،.....[4] بەم قسەی ئیبن تەیمیەشدا دەردەکەوێت کە زۆرینە دەبێتە گرێدەر بۆ یەکلاکردنەوەی جێنشینایەتی، کە بایەخدارترین و مەترسیدارترین کاروباری موسڵمانانە.

---

[1] فضائح الباطنية، ص١٩٢.

[2] الماوردى، الاحكام السلطانية، ص١٠٢.

[3] الغزالى، فضائح الباطنية، ص١٧٩.

[4] ابن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٣٧٦، اورد ابن تيمية هذا المعنى فى اكثر من موقع فى هذا المصنف، ومن عباراته الاخرى: فمن قال انه يصير اماما بموافقة واحد أو اثنين أو أربعة وليسوا ذوى القدرة والشوكة، فقد غلط ، كما ان من ظن ان تخلف الواحد او الاثنين او العشرة يضر، فقد غلط.

زانایانی ئوسولٚ له گەڕان بەدوای بنەمای کۆدەنگیدا دەڵێن: (زۆرینە بەڵگەیە) واتە: ئەو لەدوای کۆدەنگیەوە دێت، لە مەشدا پشت بە چەند فەرموودەیەك دەبەستن كە بەم مانایە دێن وەك فەرموودەی: "ئوممەتی من لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە، دەستی پەروەردگاریش لەگەڵ کۆمەڵبووندایە، ئەوەی لایدا بەرەو ئاگر لادەدات".[1]

وەك هەندێك لە زانایان مانای (کۆمەڵ)یان كە لە فەرموودەکەدا هاتووە کاتێك حوزەیفە لێیپرسی كە گەیشتە ئاژاوە چی بکات، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) وەڵامی دایەوە: بە کۆمەڵی موسڵمان و پێشەواکەیانەوە پابەندبە.[2]

زانایان دەڵێن: کۆمەڵ لێرەدا زۆرینەیە، بەڵگەش بەم فەرموودەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەهێننەوە: خودا ئوممەتی محەمەد لەسەر گومڕایی کۆناکاتەوە، جا ئەگەر جیاوازیتان بینی دەستبگرن بە خەڵکە زۆرەکەوە.[3]

بێژەی خەڵکە زۆرەکە (السواد الأعظم) مانای زۆرینەی میللەتە، ئەمەش مانای پەسەنددانانی زۆرینەیە کاتێك لەسەر بیروڕایەك کۆبوون.

دەشبینین ئوسولیەکان راهاتوون لەسەر ڕاساندنی ئەو هەواڵەی كە گێڕەوەکانی زۆرن و دەڵێن: گێڕاندنەوەی دوو کەس لە دروستیەوە نزیکترە و لە هەڵە و لەبیرچوونەوەی دورترە، شتێك لای کۆمەڵێك پارێزراوترە تا لای یەك کەس بێت، لێرەوەیە كە خودای پەروەردگار دەفەرموێت: (ان نضل احداهما فتذكر احداهما الاخر).[4]

---

[1] ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣،٢ (كتاب الفتن). الترمذى ، الصحيح، ج٩، ص١١، (ابواب الفتن).

[2] ابن ماجة، السنن، ج٣، ص١٣١٧.

[3] ابن ماجة، السنن، ج٢، ص٢، ١٣، (كتاب الفتن).

[4] البقرة: ٢٨٤.

پێغەمبــەر دەفــەرموێت: "شــەیتان لەگــەڵ یــەك كەســدایە، ئــەو لــەدووەوە دووترە". [1]

كەواتــە پێویســتە ئــەو پەســەندكردنە بێــت كــە گێڕەرەوەكـانی زۆرن، ئــەوی گێڕەوەكانی زۆرتر بێت لە تەواتورەوە نـزیكترە، بـۆ پێویسـتە لـەوانیتر لـە پێشـتر بێت. [2]

پــاش لێكۆڵینــەوە لــە هــەر ســێ ڕاوبۆچـوونەكە و بـەراوردكردنیان بەیەكـدی و سەرنجدانی بەڵگەكانیان، دەبینین كۆمەڵێك هۆكاری پەسەندكردن هەن، كە بۆ ئەوە دەبن بنەمای زۆرینە زیاتر و دروست تر بێت دەكرێت بنەمای زۆرینە پەسەند بدرێت لـەو بابەتانـەی كـە دەق تیانـدا نـەهاتووە، پێویستیشـە پێشـەوا بـەڕای زۆرینــەوە پابەندبێت لە چەند ڕوویەكەوە:

١ـ بەدرێژایی ڕۆژگار میللەتان لایەنگری زۆرینە بوون، ڕەچاوكردنی زۆرینەش لـە زۆرترین دۆخەكاندا بەڵگەی ڕاستێتیە، خەڵكی كۆن و نوێ لە موسڵمان و ناموسڵمان لەسەر داننان بە بنەمای ڕازیبوونی كەمینـە بـەڕای زۆرینـە ڕاهـاتوون، كەواتـە ئـەم ئەزموونە جیهانیە كە داندەنێت بەم بنەمایەدا دەشێت بڵێین لە ڕەهەندی ئاراستەی ئاوەزی گشتی مرۆڤایەتیەوە هاتبێت.

٢ـ لۆژیك و ئاوەز پێویست دەكەن كە ڕاوبۆچوونی كۆمەڵێك راسترو نـزیكتر بێـت لە ڕاستیەوە تاوەكو تاكە ڕایەك، هەرچەندە ئاوەزو پێگەی ئەو كەسـە و ئـەزمون و شارەزایی زیاتر بێت.

٣ــ پێشــەوا یــان جێنشــین تــاكێكی نــاو گەلەكەیــەتی، تــەنها شــتێك لــەوانی جیادەكاتەوە بارقورسی و بەرپرسیاریتی زیاتریـەتی، وەك عومـەری كـوری خـەتاب دەڵێت: ئەمەش پێویست دەكات راوبۆچوونی وەك ئەوەی ئەوان ئەژمار بكرێت، جا

[1] الترمذي، الصحیح، ج٩، ص٩، (ابواب الفتن).

[2] الشیرازي، التبصرة، تحقیق محمد حسن هبتو، ص٣٤٨.

ئەگەر دروسبێت ئەوە بە عومەری کوڕی خەتاب بوترێت. دەی کەسیتر لەپێشتره پێی بوترێت.

٤- پابەندکردنی پێشەوا بە ڕای زۆرینەوە بەگرنتی خۆنەسەپاندن و تاکڕەوی ئەژمار دەکرێت، کە میللەت سەردەمانیکە گیری پێوە خواردوە.

٥- پابەندبوون بەڕای زۆرینەوە، سەلمێنەری زیاتری دەسەلاتداربوونی گەلە، کە جێگای کۆدەنگیە و مشتومڕی تێدا نییە، تاکڕەویکردن بەرپرسان بەڕای خۆیانەوە و نەهاتنە سەر ڕای ڕاوێژکاران، ئەمە پێچەوانەی دەسەلاتداربوونی میللەتە و دەستدرێژییە لەسەر مافێك کە شەریعەت پێی بەخشیوە.

٦- پابەندبوون بەڕای زۆرینەوە لەگەڵ گیانی شەریعەتدا ڕێکتر و گونجاوتره مەبەستە شەرعیەکانیش کە داوای ڕاوێژکردن دەکەن و هاندەرینی، باشتر جێبەجێ دەکرێن.

٧- بارودۆخی سەردەم دەخوازێت، کە نابێت ڕاوێژ بەگشتی و لێڵی بهێڵرێتەوە، بەڵکو دەبێت ببێت بە بنەمایەکی دەستوری و بناغەیەکی یاسایی، بۆ چەسپاندنی ڕوون و دیاریکراو لە کاتی ڕاجیایدا بەس بێت.

# بەشی پێنجەم

# ئازادی ڕا

# باسی یەکەم: مانای ئازادی ڕا

## بەندی یەکەم: ڕای ئازاد لە زماندا

(ڕا) لەزمانی عەرەبیدا لە (رؤية) هاتووە، واتە بینین.

ئیبن سیدە دەڵێت: ببین، بە چاو و بەدڵە.

کە دەوترێت فڵانە کەس خاوەن ڕایە، واتە لەو کەسانەیەکە ڕایان وەردەگیرێت، لە بوون یان نەبوونی گرفتێکدا.

کە دەشوترێت فڵان ڕای فڵانی هەیە لە کاتێکدا بە ڕای ئەو بەلای ئەو دابوو یان چاوی لێکرد.[1]

## بەندی دووهەم: ئازادی ڕا لە زاراوەدا

بیریار و زانایان زۆر باسیان لە پێناسەی ڕای ئازاد نەکردوە، چونکە لەوە بەناوبانگترە کە پێناسە بکرێت و دایکی هەموو ئازادییەکانە، بەڵام زۆریان باس لە گرنگیەکەی کردووە، هەروەها باسیان لە بنەما و سنورەکانی کردووە، دەشێت لە بیرو بۆچوونی جیا جیاوە لە چەمکی ئازادی ڕا بڕوانین.

### یەکەم: تێڕوانینی فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودی)

بە جیا لە بوونەوەرەکانی دیکە لە مرۆڤەکان دەڕوانێت، لای ئەو مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە دەتوانێت، بە ویستی ئازادی خۆی ئایندەی خۆی پێکبهێنێت، راستەقینەی بوونی مرۆیی مۆرکێکی تایبەتی هەیە کە هەموو بوونێکی سەربەخۆی دەدات بەهەر تاکێك، بەڵام توانایەکی پێدراوە کە بتوانێت لە بەدیهێنانی مەبەستەکانیدا بەشداری ئەوانی دیکە بێت، بوونی کەسێك تەنها توانای خۆیەتی لە

---

[1] لسان العرب، ج١، ص١٠٩٦، الطبعة المعدلة الحديثة. مادة راى.

دۆزینەوەی تواناكانی و سەلماندنی خودی خۆی و دەربڕینی ئازادی، بۆیە ئازادی ڕا هۆكاری پەیوەندیكردنە بەوانی دیكەوە پرۆسەی دەربڕینی توانا و نمایشكردنی ویستیەتی.[1]

**دووهەم: تێڕوانینی كۆمەڵایەتی**

وادەبینێت ڕێگای گەڵاڵەكردنی رایەكی بە كۆمەڵی ئازادانە نییە و ناتوانرێت ویستی بە كۆمەڵ دەربڕێت لە ڕێگای گفتوگۆ و وتوێژەوە نەبێت لە نێوان تاكەكاندا، ئەمەش پەیدا نابێت مەگەر بەبواردان بە ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن نەبێت، بەڵام ڕێكخستنی ئەمەش بەئازادی بەكۆمەڵی و ڕای زۆرینە دەبێت، ئەم ڕای كۆمەڵیە ڕەنگە جیاواز بێت لە ڕای كۆمەڵە تاكێكی هەركەس جیا كە كۆمەڵێك پێكدەهێنێ، رای كۆمەڵی فەرزكردن و پابەندكردنی تاكەكانی كۆمەڵە، بەڵام ڕەگەزی پێكهێنانی، پاش گفتوگۆ و پوختەكردنی دێت لەلایەن تاكەكانیەوە.[2]

**سێهەم: ڕێبازی سرووشتی**

ئەم ڕێبازە لەسەر ئەوە بنیاتنراوە كە مرۆڤ بەسرووشتی خۆی وەها دروستكراوە خاوەنی ئاوەزە كە كۆئەندامی بیركردنەوە و مشورخواردنە، هەروەها خاوەنی زمانە كە ئامڕازی گەیاندنی ئەو بیرۆكانەیە دێن بە مێشكیدا، كە بەم دوو مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەكان جیاكراوەتەوە.

وەك چۆن حەقیقەت پێویستی كردووە كە ڕاست و هەڵە قۆرخ نەكراوە بۆ كەسێكی دیاریكراو بەتایبەتی و هەموو مرۆڤێك ئەگەر هەڵەكردنی هەیە، ئەمەش پێویست دەكات ڕای دیكەی هەبێت هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست بدات، لەسەر بنەمای ئەم بیردۆزە فەیلەسوفە ئەوروپیەكان ئەم ئاڕاستەیە دەدەنە پاڵ سرووشت، لێرەشەوە هەموو ئەو مافانەی پەیوەستن بەفیترەت و خیلقەتی مرۆڤەوە

---

[1] احمد جلال حماد حرية الراى فى الميدان السياسى، ص٩٨، رسالة دكتوراه.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٠.

بـه مافگـەلێکی سرووشـتی ناودەبـەن لەسـەر بنەمایـە، کەواتـە ئـازادی ڕا مـافێکی سرووشتیە کە هەر لەدایکبوونیـەوە پێـوەی لکـاوە، سازشـکردنی مـرۆڤ لـە ئـازادی خۆی سازشکردنیەتی لە مافی خۆی وەك سازشکردن لە هەواو خۆراك.(١)

**چوارەم: تێڕوانینی ئیسلامی**

ئـەم تێڕوانینـە لەسەرچـاوەی گشـت مـاف وئازادییـەکانی مـرۆڤ بنیـاتنراوە کـە شەریعەتی خودایە، چونکە دادگەریەکی ڕەهایـە و هەڵـە هـەڵناگرێت و کـەموکورتی نایشـێوێنێت، خـودا دەفـەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾.(٢) واتـە: "بەڕاسـتی ئێمـە پێغەمبـەرانی خۆمانمـان ناردووە بە بەڵگە و موعجیزەی ڕوونەوە و کتێب و تەرازووی دادمان لەگەڵ ناردن بۆ ئەوەی خەڵکی بە دادگەری ڕەفتار بکەن".

خودا مرۆڤی لە پێناوی بەجێهێنانی بەندایەتییەکەی هێناوەتـە بـوون، بۆیـە بـە ئاوەزوو و ویستەوە دروستی کردووە و ئازادی هەر لە دایکبوونیەوە پێ بەخشـیوە، تا ڕێگای خۆی هەڵبژێرێت، خـودا دەفـەرموێت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾.(٣) واتـە: "بـە هیچ جۆریك زۆرلێکردن لە دیندا نییە (بۆ هاتنە ناو ئیسلام)"؟

ئازادی ڕادەربرینیش زەرورەتێکی تـاکی و زەروورەتێکـی کۆمەڵایەتییـە، ڕێـك و گونجاوە لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ و فەلسەفەی بوونیـدا، هەمیشـە پێویسـتییەتی بـۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی ژین و دینی، جگە لەوەش ڕیشـەیەکی قـووڵی عەقیدەیی دەستدەخات بەقەدەری خودای مەزن.

---

١ احمد جلال حماد، حرية الراى فى الميدان السياسى، ص١٠٥.

٢ الحديد: ٢٥.

٣ البقرة: ٢٥٦.

# باسی دووهەم: بنەما شەرعیەکانی ئازادیی ڕا لەئیسلامدا

ئـــازادیی ڕادەربـــڕین لەشـــەریعەتی ئیســـلامدا خۆمـــاڵی و ڕیشـــەدارە، زادەی پەرەسەندنی بیری مرۆڤایەتی نییە، بەهەمان شێوەی ئەنجامی خەباتی تاکو گەلان نییە دژی ملهوڕو ستەمکارانە، بەڵکو نیشانەیەکی دیاری بـیری ئیسـلامیە، مـافێکی بنەڕەتی شەرعیە، دەقەکانی قورئان و سوننەت جەختی لێدەکەنەوە، بنەماو بناغە شەرعیە گشتییە یەکلاکەرەوەکان چەسپاندویانە.

دەتوانین ڕاساندنی ئازادیی رادەربرین لە شەریعەتی ئیسلامیدا لەسـەر کۆمـەڵێك پایە و بناغەی بەرچاوی یەکلاکەرەوە بکەین، کە گرنگترینیان:

## بەندی یەکەم: بنەمای "لە ئایندا زۆرکاریی نیە"

نەبوونی زۆرکاریی لە ئاینـدا و بـواردانی ئـازادیی تـەواو بەتاکـەکان کـە چـۆنیان ویست دەتوانن بیروباوەڕیان وەهابێـت، ئەمـە بنەمایـەکی گەورەیـە لـە ئیسـلامدا و ڕەســەن و دڵنیاکـارە، گـرنگترین دەق پشـتوانی ئـەم بنەمایـە دەکـات فـەرموودەی خودای مەزنە: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾.[1] واتە: "بە هیچ جۆریـك زۆرلێکردن لە دیندا نییە (بۆ هاتنە ناو ئیسلام)، چونکە بەڕاستی لە یەك جیابۆتەوە ڕێنموونی و شارەزایی لە گومڕایی و سەرلێشیواویی".

بەیزاوی دەڵێت: "زۆرکاریی ڕاستەقینە ئەوەیە کەسـێك پابەندکـەیت بـە ئیشـێك ئەو باشی نەزانێت بیکات، لەڕاستیدا باوەڕ لە بێبـاوەڕی جودابوەتـەوە، بەنیشـانەو بەڵگەی ڕوون، کە باوەڕ ڕێنمایی کارە بەرەو بەختـەوەری هەمیشـەیی، بێبـاوەڕیش سەرلێشێواندنە بـەرەو بەدبـەختی یـەکجارەکی، مرۆڤـی ژێـر هـەرکاتێك ئەمـەی بـۆ

---

[1] البقرة: ٢٥٦.

ڕونبوەوە بەپەلە باوەڕدەهێنێت بە ئومێدی دەستخستنی بەختەوەری و ڕزگاریی، پێویستی بە زۆرکاریی و ناچارکردنی نیە". [1]

ئەم قسەیەش دەڵێت ئەم ئایەتە بەئایەتی جەنگاندن (القتال) سڕاوەتەوە وەك راڤەکاران دەڵێن قسەیەکی لاوازە. [2]

ئەم بنەما دەکرێتە بەڵگە لەسەر مەبدەئی ئازادیی تەواو لەشەریعەتی ئیسلامیدا، بەشێوەیەك خودای بەدیهێنەری بوونەوەرەکان و دروستکراوەکانە تا پەرستشی بکرێت، بەڵام کەسی ناچار نەکردووە بۆ پەرستشی و رێگری لە باوەڕدارانیش کردووە کە بەزۆرکاری خەڵك موسڵمانکەن، ئەمانەش پشتیوانی ڕای ئازاد دەکات، چونکە شەریعەت مۆڵەتی داوە ناموسڵمان بەهەمیشەیی نیشتەجێی کۆمەڵگەی موسڵمان بن و هەموو مافەکانی هاوولاتیان هەبێت لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا.

ئەم ئایەتە و ئایەتەکانی دیکە پشتیوانی بنەمایەکی جێگیردەکەن لە شەریعەتی ئیسلامیدا، ئەویش ئەوەیە: خودا مرۆڤی بۆ تاقیکردنەوە درووستکرد، تاقیکردنەوەش بەزۆرکاری ناکرێت دادگەریی خودایش لە ڕۆژی قیامەتدا پێویستی دەکات لە دونیادا ئازادیی تەواو بدا بە خەڵك تا هەڵگری ئەو بیروباوەڕە بن کە خۆیان دەیانەوێت، خوداش فەزڵی ناردنی پێغەمبەرانی کردوە بەسەر خەڵکدا، لەپێناو ڕوونکردنەوەی ڕێگای هیدایەت و ئەنجامەکەی و ڕێگای سەرگەردانی ئەنجامەکەی خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾. [3] واتە: "بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان درووست کرد لە دلۆپێك ئاوی تێکەڵ لە گەڵێ توخم تا تاقی بکەینەوە".

---

[1] البيضاوى، التفسير، ج١، ص١٣٥.

[2] ابن العربى، احكام القران، ج١، ص٢٣٣.

[3] الانسان: ٢.

**هـەروەها دەفـەرموێت:** ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾.[1] **واتە: "ئەو زاتەی کە مردن و ژیانی داهێناوە تـا تاقیتـان بکاتـەوە کە کردەوەی کامتان چاکترە".**

**تاقیکردنەوە لێرەدا بە ئەرکبارکردنیەتی، تالە سۆنگەی کارەکانیەوە دەرکەوێت کێ گوێڕپەڵی پەروەردگاریەتی.[2]**

**هەروەها پەروەردگار ژیری و چاو و گوێی بە: مرۆڤـداوە، بـۆ تێـر و تـەواوبوونی درووستی تاقیکردنەوەکە، تا بتوانێت لە بەڵگەکان تێفکرێت، نیشـانەکان ببینێـت و گوێبیستی گوتار بێت، بۆیە خـودا پـاش ڕوونکردنـەوەی ڕێگـای ڕزگـاربوون ئـەوجا بەرپرسیارێتی تاقیکردنەوەی دەخاتی ئەستۆ.**

**خودا دەفەرموێت:** ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾.[3] **واتـە: "بێگومـان ئێمە ڕێنموونیمان کرد بۆ ڕاستەڕێ، سا یا سوپاسگوزارە، یا نا سوپاس و سپڵە".**

**یان دەفەرموێت:** ﴿وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ﴾[4] **واتە: ڕێگای چاکە و خراپە.[5]**

**دادگەریی خوداییش پێویستی دەکات زۆرکاریی لەسەر ئەرکباران هەڵگیرێت، تـا بە پێی سوننەتی خودایی لە دونیادا تاقیـان بکاتـەوە، تاقیکردنـەوە بـەزۆرکردن و ناچـارکردنی لەسـەر ڕێگایـەکی دیـاریکراو نابێـت، جیهـادیش لـە ئیسـلامدا هـەربۆ دەرفەتدانی ئازادیی تەواو بە خەڵك لە هەڵبژاردنی ئەوەی دەیەوێت دانـراوە، هێـزی شمشێری جیهاد بۆ ڕامالّینی هۆکارەکانی زۆرەملێ و خۆسەپاندنە، کە دەبنە ڕێگـر لە هەڵبژاردنی ئازادانـەی مرۆڤەکانـدا، لـە دوای فتوحـاتیش موسـڵمانان زۆریـان لـە**

---

[1] الملك: ٢.

[2] البيضاوي، التفسير، ج٢، ٥٠٩.

[3] الانسان: ٣.

[4] البلد: ١٠.

[5] البيضاوى، التفسير، ج٣، ص١٠٧.

کەس نەدەی کرد تـا بـاوەڕ بهێـنن، ئـالێرەوە لـە قسـەی جـەنگاوەرە موسـڵمانەکە ڕەبعی کوڕی عامر تێدەگەین کە بە ڕۆستەمی سەرۆك سـوپای فارسـی وت: هـاتوین تا ئـەوەی دەیـەوێت لـە پـەرسـتنی بەنـدەکان ڕزگارکـەین بـۆ پـەرسـتنی خـودا، لـە ستەمی ئاینەکانەوە بـۆ دادگـەریی ئیسـلام، لـە تەسـکی دنیـاوە بـۆ فراوانـی دنیـاو دواڕۆژ).[1]

## بەندی دووهەم: فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە

خـودا دەفـەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾.[2] واتە: " ئێوە (موسڵمانان) باشترین گەلێك بوون بـۆ خـەڵکی هێنرابێتـە دی فەرمان دەدەن بە چـاکە و جڵـەوگیری دەکـەن لـە خراپـە وە بـڕوا دەهێـنن بـە خودا".

خودای پەروەردگار هۆی چاکێتی ئەم گەلەی بەستووە بـەجێهێنانی فـەرمان بـە چاکە و ڕێگـری لـە خراپـە، دەگێڕنـەوە پێغەمبـەری خـودا پرسـیاری لـێ کـرا: کـێ باشترینی خەڵکە؟ فـەرمووی: فـەرمانکاریان بـە چـاکە و ڕێگریکاریـان لـە خراپـە و ترساوترینیان لە خودا گەیەنەرترینتانە بە مافی خزمایەتی.[3]

ئیبن تەیمیە دەڵێت: خودای پەروەردگار رونیکردوەتەوە ئەم ئوممەتە باشترینی ئوممەتانە بۆ خەڵك و بەکەڵکترینیشیانە، چونکە تەواوی سیفەتی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەیان بـەجێهێناوە، واتـە فـەرمانیان بـە هـەموو چـاکە و ڕێگریـان لـە

---

[1] الطبري، التاريخ، ج٤،ص١٠٧.

[2] ال عمران: ١١٠.

[3] البيضاوي، التفسير، ج١، ص١٧٥. ابن العربي، احكام القران، ج١، ص٢٩٢.

هەموو خراپەیەك كردوە، ئەمەشیان بە جیهاد كردن لە پێناوی خودا بە ماڵ وگیـان بەجێهێناوە،ئەمەش تەواوی چاكەیە بۆ خەڵك.[1]

هەر ئیبن تەیمیە دەڵێت: دەبێت بزانین فەریزەتی فەرمان بە چاكە و رێگـری لـە خراپە بەرپا نابن بە دەرفەتـدان نـەبێت بـە ئـازادیی ڕا دەربـڕین لەلایـەن تاكـەكانی میللەتەوە، چـونكە ئـەوان ئـامرازی گـۆڕینی خراپـەكانن بـە فـەرمانكردن و ڕێگـری كـردن، كـە بەگەیانـدنی قسـەی حـەق و بەڵگەهێنانـەوە و ئاگاداركردنـەوەی خـەڵك ڕێنمایكردنیـان و وتوێـژ و بەڵگـە گۆڕینـەوە بـە گفتوگـۆی جـوان و فێركـردن ئـاین دەبێت.

فـەرمان بەچـاكەو ڕێگـری لـە خراپـە واجبێكـی داواكـراوە وەك نوێـژو ڕۆژو بـە هاوشانی باوەڕەوە هاتووە كـە نیشـانەی مـەزن و ترسـناكیەتی، ئـەم فـەرزەش بـە تێروتـەواوی بـێ كـەموكوڕی جێبـەجێناكرێت، هـەتا بـیرورا ئـازاد نـەكرێت و ئـەو هۆكارانەش ئازاد نـەبن كـە ئـازادی پێـدەردەبڕێت، ئـەوی واجبـا بـەو نـەبێت تـەواو نەدەكرا،كەواتە ئەویش هەر واجب دەبێت. لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین دەرفەتدان بە ئازادیی ڕادەربڕین واجبی شەرعیە لەسـەر دەسـەڵاتداران، چـونكە رێگایەكـە بـۆ جێبەجێكردنی واجبە شەرعیەكان.

فەرموودەگەلێكی پێغەمبەری خودا هاتون، جەخت لە پێویستبوونی فەرمان بـە چـاكە و ڕێگـری لـە خراپـە دەكـەن، هەڕەشـەی سـزاش لـە كەمتەرخـەمیكردن لـە جێبەجێكردنیدا كەواتە:

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە، یان فەرمان بە چاكە و رێگری لە خراپە دەكەن، یاخود نزیكە خودا سزایەكتان بۆ بنێرێت، پاشان لێی بپاڕێنەوە وەڵامتان نەداتەوە.[2]

---

[1] ابن تیمیة، الحسبة، ص٥٩.

[2] ابن تیمیة، الحسبة، ص٥٩.

ئەو فەرمودانەش جەخت لە فـەرمان بـە چـاکە و ڕێگـری لـە خراپـە دەکـەن بـە جەختکردنەوە دادەنرێت لە بوونی رای ئازاد و پارێزگاری لێکردنی، چـونکە ڕێگـای تەواوکاریی فەرزە خوداییـەکان و تێروتەسـەلی بانگەوازەکەیـەتی. لـەو فەرمودانـەی لەم بارە هاتوون، ئەبوسەعیدی خودری دەڵێت پێغەمبەری خودا هەستا وتاریدا لەو قسانەی کردی فەرمووی: با کەس سام و هەیبەتی خەڵك رێگەی لێنـەگرێت، ئەگـەر قسەیەکی حەقی زانی بیکات.[1]

هەر ئەو دەڵێت پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: باکەس لە ئێوە خۆی سوك نەکات، وتیان: ئەی پێغەمبـەری خـودا چـۆن ئێمـە خۆمـان سـوك دەکەین؟ فەرمووی : فەرمانێکی خودایی دەبینێت پێویستی بە قسە لەسەر کردنە، کەچی قسەی تێدا ناکات، جا لە رۆژی قیامەتدا خـودای پـەروەردگار پێـی دەڵێـت: چی ڕێگەی لێگرتی ئاوهاو ئاوها بلێیـت، دەڵێـت: ترسـی خـەڵك، دەفـەومویت: مـن لەپێشتربووم کە لێم بترسیت".[2]

## بەندی سێهەم: دڵسۆزی ( النصیحة )

دڵسۆزی بە واتای پـەرۆشبوون دێت و هـاودژی غەشـکردنە، خـودا دەفـەرموێت: ﴿وَأَنْصَحُ لَكُمْ﴾.[3] واتە: "ئامۆژگاریتان دەکەم".

ئیبن ئەسیر دەڵێت: دڵسۆزی، وشـەیەکە بـۆ کۆمـەڵێك ویسـتی چـاکە دەربـڕین، وتراویشە: پوختەکردنی کارێکە لـە خلێتـەوخاڵ، دڵسـۆزی بانگکردنـە بـۆ هەرشـتێك چاکە بێت رێگرتنە لە خراپە.[1]

---

[1] الترمذی، الصحیح، ج٩، ص١٧. ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٢٧.

[2] ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٢، فی الزوائد: اسنادة صحیح، ورجاله ثقات، وابو الـبحتری هـو سـیعد بـن فیروز الطائی، انظر الهامش، تحقیق محمد فؤاد عبدالباقی.

[3] الأعراف: ٦٢.

تەرتوشی دەڵێت: "دڵسۆزی کۆی ئەو ئیشانەیە کە چاکەیان تێدایە".[٢]

دڵسۆزی بنەمایەکی ئیسلامی گشتییە لە ویستنی چەکە بۆ خەڵك و هاندانیان لە سەری و ڕێگریان لە خراپە. دڵسۆزیش بنەمایەکی سیاسی ئیسلامیە بۆ دەربڕینی پرس و ڕا بۆ حوکمڕان و ڕاستکردنەوەی لەو هەڵانەی تێیدەکەوێت. هەروەها بانگکردنی خەڵکە گشتییەکەیە بۆ هەرشتێك چاکەی دنیاو دواڕۆژیانی تێدا بێت.

لەم بارەوە ئایەتی زۆر هاتوون جەخت لە بنەمای دڵسۆزی دەکەنەوە، دەیکەنە بنەمایەکی شەرعی و بەشێك لە پەیامی پێغەمبەرایەتی.

خودای پەروەردگار لەسەر زمانی نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: ﴿قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلَالَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٦١) أُبَلِّغُكُمْ رِسَالَاتِ رَبِّي وَأَنْصَحُ لَكُمْ﴾.[٣] واتە: "فەرمووی: ئەی گەلەکەم هیچ گومڕاییەك لە مندا نییە، بەڵکو من نێرراوم لە لایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە. پەیامەکانی پەروەردگارم ڕادەگەیەنم پێتان و ئامۆژگاریتان دەکەم".

لەسەر زمانی هودیش دەفەرموێت: ﴿قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٦٧) أُبَلِّغُكُمْ رِسَالَاتِ رَبِّي وَأَنَا لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ﴾.[٤] واتە: "فەرمووی ئەی گەلەکەم هیچ گێلی و نەفامییەك لە مندا نییە، بەڵکو من نێرراوێکم لە لایەن پەروەردگاری هەموو جیهانیانەوە".

لەسەر زمانی ساڵحیش دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِنْ لَا تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ﴾.[٥] واتە: "جا ساڵح ڕووی لێ وەرگێڕان،

---

[١] الجرجاني، التعريفات، ص٢٩٦.

[٢] الطرطوشي، سراج الملوك، ص٢٤٦

[٣] الأعراف: ٦١ ـ٦٢.

[٤] الأعراف: ٦٧ـ٦٨.

[٥] الأعراف: ٧٩.

فەرمووی ئەی گەلەکەم بەڕاستی پەیامی پەروەردگارم پێ ڕاگەیاندن و ئامۆژگاریم کردن و دڵسۆز بووم بۆتان، بەڵام ئێوە ئامۆژگار و دڵسۆزانتان خۆش ناوێ".

لەو بارەشەوە فەرموودەگەلێکی پێغەمبەرمان هاتوون جەخت لە بنەمای دڵسۆزی دەکەنەوە و دەیکەن بە بەشێکی پەیوەندی سیاسی نێوان خەڵك و حوکمڕان، دەبینین لە دەقی پەیمانبەستندا هاتووە جەریری کوڕی عەبدوڵلا دەڵێت: پەیمانمدا بە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لەسەر بەقسەکردن وگوێڕایەڵی، فێریشی کردم: ئەوەندەی دەتوانم دڵسۆزبم بۆ هەموو موسڵمانێك).[1]

تەمیمی داری دەڵێت: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) فەرمووی: ئاین دڵسۆزیە، وتمان بۆ کێ؟ فەرمووی: بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایانی موسڵمان و موسڵمانان بە گشتی.[2]

ئەو دەڵێت: ئەم فەرموودە زۆر بە شکۆیە، ئیسلامی لەسەر بەندە.

خەتابیش لە ڕاڤەکردنی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: دڵسۆزی دەستەواژەیەکی کۆکەرەوەیە، لە زمانی عەرەبیدا دەبڕینێك نییە بەتەواوی مانای ئەم دەستەواژەیە بگرێتەوە.[3]

مانای فەرموودەکەش ئەوەیە: پایەو راگری ئاین دڵسۆزبە، وەك چۆن دەفەرموێت: حەج عەرەفەیە، دەشفەرموێت: ئاین دڵسۆزیە، خەتابی ڕاڤەی دڵسۆزی بەم شێوە دەکات کە نەوەوی پوختی کردوەتەوە:

ـ دڵسۆزی، بۆ خودا واتە: باوەڕپێهێنانی و هاوبەشی بۆ دانەنانی بێباوەڕ نەبوون بە سیفەتەکانی، بێگەرد گرتنی لە هەموو کەموکورتیەك، گوێڕایەڵی و خۆلادان

---

[1] البخاری، الصحیح، ج١٣، ص١٩٣. مسلم، الصحیح، ج٢، ص٣٩. وقد وردت عدة روایات تشترك جمیعها بنص: والنصح لكل مسلم. وبعض الروایات ذكرت السبعة على اقام الصلاة وایتاء الزكاة.

[2] مسلم، الصحیح، ج٣، ص٣٦، ٣٧.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص٣٧ ،٣٨.

لەسەرپێچی، خۆشەویستی و کینە لەبەر خودا بێت و دۆستایەتی دۆستانی خودا و دوژمنایەتی بۆ سەرپێچیکارانی و جیهادکردن لەگەڵ ئەوانەی پێی بێ باوەڕن.

ـ دڵسۆزی بۆ کتێبەکەی ئەوەیە: باوەڕت هەبێت کە قسەی خودایە بەحەقی خۆی بیخوێنیتەوە ملکەچ بیت، بەرگری لێ بکەیت، بیڕاستێنێت، لەسەر حوکمەکانی ڕاوەستیت و زانستەکانی تێبگەیت ئامۆژگاریەکانی ڕەچاوبکەیت و بیر لە شتە گرنگەکانی بکەیتەوە و بەئایەتە مەحکەمەکان ئیش بکەیت و باوەڕ بە موتەشابیهەکان بهێنیت.

ـ دڵسۆزی بۆ پێغەمبەری خودا: باوەڕبوونە بە پەیامەکەی و هەرچی تیایەتی، گوێڕایەڵکردنیەتی لە فەرمان و ڕێگریەکانیدا، پشتیوانیکردنیەتی بە زیندوویی و بەمردوویی، مافەکانی بپارێزێت و ڕێبازەکەی زیندوو بکرێتەوە و بانگەواز و شەریعەتەکەی بڵاوبکرێتەوە، خۆشویستی کەس وکارو هاوەڵانی، دووری لەوەی داهێنراوە لە ڕێبازەکەیدا دەکات.

ـ دڵسۆزی بۆ پێشەوای موسڵمانان: هاوکاریکردنیانە لە حەقدا، گوێڕایەڵیانە و ئاگادارکردنەوەیان بە لەباری لەو شتانەی فەرامۆشی دەکەن، لێیان هەڵنەگەڕێینەوە، دەروونی خەڵك لەسەر گوێڕایەڵیان ڕابهێنرێت، نوێژیان لەدواوە بکرێت و جیهادیان لەگەڵ بکرێت و دوعای خێریان بۆ یکرێت، مەبەست بە پێشەوای موسڵمانان جێنشینان و ئەو کاربەدەستانەشە لە کاروباریان بەدەستە.

ـ دڵسۆزی بۆ موسڵمانان بە گشتی: ڕێنمونیکردنیانە بۆ ڕێگایەك خێری دنیاو دوارۆژیانبێت، یان پێگەیاندنیان و عەیب داپۆشین و کەلێن پڕکردنەوەیانە، چاکەیانت بوێت و ڕێگر بیت لە خراپە بۆیان، بەسۆزبێت لەگەڵیان، ڕێزی گەورەیان بگرێت و بەزییت بە بچوکەکانیاندا بێتەوە ئامۆژگاریان بکەیت، غەش وحەسودیان

پێنەبەین، ئەوەی بۆ خۆت پێتخۆشە بۆ ئەوانیش پێتخۆش بێت ئـەوەش بـۆ خـوت پێتناخۆشە بۆ ئەوانیش پێت ناخۆش بێت.[1]

ـ دڵسۆزی بۆ هەموو گەلان: حەز بکات موسڵمانبن و بانگیانکات بۆ باوەڕهێنان و لە کوفر بیناترسێنێت.[2]

ئیبن بەتاڵ دەڵێت: دڵسۆزیی پێی دەوترێت ئاین، ئـاینیش هـەم کـردارە و هـەم گوفتار. دەشڵێت: "دڵسۆزی بەپێی توانا واجبە".[3]

ئەبو دەردا دەڵێت: زانیاری هەموو چاك و خراپێك دەیگاتێ، بەڵام دڵسـۆزیی بـۆ خودا تەنها لە دڵی بژاردەکاندا جێگر دەبێت، ئەوانەی ژیر و نیازپاکن.[4]

مەیمونی کوڕی میهران دەڵێت: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پێـی وتم: لـە رومـدا قسەیەك بکە پێی نیگەرانبم، چونکە کـابرا دڵسـۆزی براکـەی نییـە، هـەتا قسـەیەك لەروویدا نەکات کە پێی نیگەران بێت.[5]

دەشڵێت: ئەگەر دەتانەوێت دڵسۆزیتان بـۆ دەکەم:خۆشەویسـترینی بەنـدەکانی خودا لای خودا ئەوانەن خودا لای بەندەکانی خۆشەویست دەکەن، لەسەر زەویشـدا دڵسۆزانە کاردەکەن.[6]

ئەم گێڕانەوانە بەڵگـەی ئاشـکران کـە ئـازادیی ڕادەربـڕین پەیوەسـتە بـە نیـازی چاکسازی و حەزکردن بە خێر و ئەدەبی گفتۆگۆ.

---

[1] النووي، شرح صحيح مسلم، ج٢، ص٤٠.

[2] الطرطوشي، سراج اللوك، ص٢٤٧.

[3] الطرطوشی، سراج الململوك ، ج٣، ص٤٠.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٨، ٢٤٩.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٨، ٣٤٩.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٨، ٣٤٩

## بەندی چوارەم: ڕاوێژ

لـە لاپـەڕەکانی پێشـوودا لـە ڕاوێـژ کۆڵینـەوە و زانیمـان مـافی خـەڵك و ئـەرکی حوکمڕانە ، لەو بارەشـەوە بەڵگـەمان لـە قورئـان و سـوننەت و کـرداری جێنشـینان هێنایەوە. لەسەر ئەوەش پێویستبوونی دەرفەتدان بـە ئـازادیی ڕادەربڕینـی بنیـات دەنرێـت، هــەتاکو ڕاوێــژکاران دەرفــەتیان ببێــت ڕای خۆیــان دەربــڕن، ڕاوێــژی ڕاستەقینەش نایەتەدی و بەرهەمدارنابێت لە دۆخێکدا مۆڵەتی دەربڕینـی ڕای ئـازاد نەبێت، یان لە دۆخێکدا دەنگـەکان خەفـە بکـرێن و دژایـەتی و ڕاوەدونـانی خـاوەن ڕاوبۆچوونەکان بکرێت.

## بەندی پێنجەم: بەرژەوەندی گشتی

دڵنیایی کە شەریعەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی خەڵك هاتووە، هەرچی حـوکم و ئەرکی شەرعی هەیە بەستراوە بە بەرژەوەندیەکی ڕاستەقینەی دنیا و دواڕۆژەوە، بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشـتی بـە هـەموو موسـڵمانان هاوبەشـن لـە خواسـتنیدا و هەمووشیان ئەرکبارن بۆ کۆشش بەرەو بەرژەوەندی ، پێویستە ژیری و ئاوەزەکان هۆشیاربنەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی کە خێر بـڵاوەی پێدەکـەن و دەروازەی شـەڕ دادەخـەن، ئەمـەش بـەوە دەبێـت ئـازادیی ڕادەربـڕین بەهـەموو هاووڵاتیـەك بدرێت، تا بتوانێت ئەوەی بە تێفکرین پێگەیشتووە دەرببڕێت.

جـا ئەگــەر پاراســتنی ژیــری یەکەمــەینی پێــنج مەبەســتە شــەرعیەکە بێــت پاراستنەکەی بەوە دەبێت ڕێزی ئـازادبوونی بگیرێـت تـا کـون و قـوژبنی بوونـەوەر ببشکێنێت و بە پەیژەی حەقیقەت و پلەکان بێ زانستدا هەڵزنێ و داهێنان بکات.

بەرهەمی ئەم ئاوەزە بە کۆمەڵییـەش بـە وتووێـژی بەکۆمـەڵ دەبێـت، کـە بـیرو ڕاجیاوازو پێچەوانەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن، تادەگەنە بیروڕایەکی درووست کـە زۆرتـرین بەرژەوەندی تێدا بێت، ئەمانەش بەتەنها بە ئازادبوونی ڕادەربڕین دێنەدی.

بەرژەوەنـدی گشـتی بنەمەیـەکی یاسـادانانی شـەرعی ئـازاد و ڕادەربڕینـە لـە ئیسـلامدا، کـە لـەم فـەرموودەی پێغەمبـەری خـوداوە (دروودی خـودای لەسـەر) دەناسرێتەوە: نمونەی ئەوەی سنوری خودایی دەپارێزێت و ئـەوەی سازشـی تێدا دەکات، وەك ئەو خەڵکە وایە لـە دەریایەکدا سـواری کەشـتیەك دەبـن، بەشـێکیان لەسەرەوە و بەشێکیان لەخوارەوە، ئەوانەی لەژێرەوەن سەردەکەونە سەرەوەو ئاو دەخۆنەوە و ئەوانەی سەرەوە تەڕدەکەن، ئەوانەی سەرەوە پێیان دەڵـێن نـاهێڵین ئەوانـەی سـەرەوە سـەرکەون و تەڕمانکـەن و ئەزیـەتمان بـدەن، جـا ئەوانـەی لـە خـوارەوەن دەڵـێن کەواتـە لـەژێرەوە کەشـتیەکە کوندەکـەین و ئـاو لـەم کونـەوە دەخۆینەوە، جا ئەگەر دەستیان بگرن و نەهێڵن هـەموویان قوتاریـان دەبێـت، خـۆ ئەگەر دەستبەرداریان بن هەموان دەخنکێن.[1]

**ڕووەکانی بەرژەوەندی کە بەهۆی ئازادیی رادەربڕینەوە بەدیدێت:**

**ڕووی یەکەم: ئازادبوونی ڕادەربڕین هۆکاری پێشکەوتنە**

خــودا مرۆڤـــی کردوەتـــە جێنشـــینی ســـەرزەوی بـــۆ ئاوەدانکردنـــەوەی، ئاوەدانکردنەوەش بە کەڵەکەبوونی ئەزموونی عەقڵی مرۆیی دەبێت بەدرێـژایی ڕۆژگـار، لەبواری دۆزینەوەی یاساو ڕێسـاکانی ئـەو بوونـەوەرەی کـە بـۆ خزمـەتی مـرۆڤ فراهـەم هـاتووە، تاهاوکـاری بێـت بـۆ بڵاوکردنـەوەی پـەیامی چـێژو چـاکە و ڕیشەکێشـکردنی خراپە. ئەم کەڵەکەبوونەی دەسکەوتی مرۆیـی کـە مرۆڤـی گەیانـدە بـەکارهێنانی وزەی داشاراوی وردیلەکانی بوونەوەر لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیـدا، ئەمـە بەرهـەمی داهێنـانی ئاوەزەو دۆزینەوەی زانستیە کە ئازادیی ڕادەربڕین چاندویەتی.

لــە ســوننەتی خــودایی لەبوونــەوەردا کــە بەچــاوی ســەر دەیبیــنین ئەوەیــە، لەهــەرکوێ ئــازادیی ڕادەربــڕین هــەبوو دەبێتــە هــۆی گەشەســەندنی مرۆیــی و دەســکەوتی نایــابی شارســتانی لــە هــەموو ڕویەکــەوە، کــە خێروبێــرو خۆشــی و

---

[1] الترمذی، الصحیح بشرح ابن العربي، ج٩ص١٩، وقال الترمذی هذا حدیث حسن صحیح.

خۆشگوزەرانیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ، لەهەرکوێیش خەفەکردن و سەرکوتکردن و بیروڕا زەوتکردن بوو داواکەوتوویی و شکستی شارستانی و وەستانی ڕەوڕەوەی پەرەسەندن پەیدا دەبێت، مرۆڤەکانی توشی تەنگەلانی و خۆخواردنەوەو ڕاڕای و هەژاری و ئاژاوە دەبن.

**ڕووی دووەم: ئازادیی ڕادەربڕین ئامرازی چاکسازی حوکمڕانیە.**

چونکە ئازادیی ڕادەربڕین هۆکاری دەسەڵاتە بۆ ناسینی بیرۆکەی هاووڵاتیان.[1]

ڕای هاووڵاتیانیش ئاراستەکاری حوکمڕانە بۆ پاراستنی و بەدیهێنان بەرژەوەندی گشتی. لەم سۆنگەیەوە دەبینین جێنشینی یەکەم **(ئەبوبەکر)** لە یەکەم وتاری سیاسیدا لە پاش وەرگرتنی دەسەڵات، بڕیار لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین دەدات کە هۆکاری چاکسازیە لە حوکمڕانیدا: خەڵکینە من کراومەتە بەرپرستان، بەڵام ئەگەر خراپمکرد ڕاستمکەنەوە، گوێڕایەڵی هیچ درووستکراوێك لەسەرپێچیکردنی پەروەردگاردا ناکرێت.[2] دووەم خەلیفەش **عومەری کوڕی خەتابیش** هەمان بنەما بڕیار دەدات: (ئەگەر خواریەکتان تێدا دیم ڕاستمکەنەوە) سیوتی هەر لە عومەرەوە دەگێڕێتەوە: (خۆشەویسترین کەس لەلام، ئەوەیە خەوشەکانم پێ بگەیەنێت) **عەلی کوڕی ئەبوتالبیش** کاتێك ئەژدەر دەکاتە کاربەدەست پێ دەڵێت: با چاکترین هاوکار لەلات ئەوە بنێت قسەی تاڵی حەقت پێ دەڵێن.[3]

ژیانی جێنشینان پڕن لە ڕووداو و بەسەرهات کە ئاماژەن بۆ ئازادیی ڕادەبڕین، کە خۆی بنەمایەکی شەرعی جێگیرە و مافێکی میللەت وتاکەکانیەتی، کتێبەکانی مێژوو لەم بارەوە بەسەرهات و چیرۆکی دوورو درێژ دەگێڕنەوە.

---

[1] احمد جلال حماد، حرية الرأي في الميدان السياسي، ص١٢٦.

[2] الطبري، التاريخ، ج٣، ص٢٠٣. ابن قتيبة، الامامة واسياسية، ص٢٧.

[3] نهج البلاغة، ج٢، ص٢٤٥.

دەگێڕنـەوە سـەودەی کچـی عـەمارەی کـوڕی ئەسـەد مۆڵـەتی چـونە سـەردانی معاویەی وەرگرت و مۆڵەتدرا، معاویە پێی وت: ها کچی ئەسەد، مەگەر تـۆ نـەبویت لە ڕۆژی سەفیندا وتی: بەڵێ ئەی گـەورەی موسـڵمانان ئـەوەم وتـوە، نمونـەی مـن لەوانە نییە لەحەق لادات و بەدرۆ مـەعزەرەت بهێنێتـەوە، وتـی: بـۆ وەهـات گـوت، وتی: لە خۆشەویستی عەلی و شوێنکەوتنی حەقدا ئەوەم وتـووە، وتـی: سـوێند بـە خودا شوێنەواری عەلیتان پێوە نابینم، وتی گـەورەی بـاوەڕداران توخـوا بـاڕابردوو دووبارە نەکەینەوە و ئەوەی ڕابورد بیری نەهێنینەوە، وتی: هەیهو ئـەوەی براکـەت کـردی بیرناچـێتەوە، هـیچ کەسـی ئەوەنـدەی براکـەت و هۆزەکـەت ناڕەحـەتیان نەکردووم، وتی ڕاست دەکەیت گەورەی باوەڕداران، سوێند بەخوا براکەم کەسێکی بێئاگاو کەسێك نەبوو جێگەی نادیار بێت، سوێند بەخوا وەك خەنسا دەڵێت:

**"وان صخرا لتاتم لهواه به کانه علم فی راسه نار"**

من داوا لە گەورەی باوەڕداران دەکەم چۆن ئەوت بەخشـی منـیش ببەخشـەن وتـی: وادەکەم، پێویستییەکەت بڵێ، وتی: گـەورەی بـاوەڕداران ئـەمڕۆ تـۆ بویـت بەگـەورەی ئـەو خەڵکـە و کاروباریانـت بەدەسـتە، خـودای پـەروەردگار لێپرسـینەوەت لەسـەر کاروباری ئێمە لێدەکات و ئەو مافانەش کە لەسەرت پێویستە بۆمان، تا ئێسـتا کەسـێك بەرپرسمانـە پـەلامارمان دەدات بـەناوی دەسـەڵاتی تـۆوە لێمـان دەدات و دەماندوروێتەوە و پێشێلمان دەکات، ئەویش (ئیبن ئەریتە)یـە کـە بوەتـە بـەرپرسمان، پیـاوان دەکوژێـت، مـاڵان تـاڵان دەکـات، ئەگـەر لەبـەر گوێڕایـەڵی تـۆ نـەبێت هێشـتا ئەوەندە غیرەتمان ماوە بەرگری لە خۆمـان بکـەین، جـا ئەگـەر لایبـدەدەیت سوپاسـت دەکەین، ئەگەرنا تۆش دەناسین، معاویـە وتـی: بەهۆزەکـەت هەڕەشـەم لـێ دەکـەیت؟ نیازم بوو بتاندەمە دەست قـوتبی ئەشـرەس تۆیشـی بـۆ بگێڕمـەوە و ئـەویش بڕیـاری خۆیت لەسەر بدات، سەودەی سەری داخست و گریا و پاشـان ئـەم شـیعرەی وت: وتـی ئەو کەسە کێیە؟ وتـی: گـەورەی بـاوەڕداران عـەلی کـوڕی ئـەبو تالیـب خـودا لێـی رازی

بێت، معاویە وتی: بۆی بنووسن با ماڵەکەی بۆ بگێڕنەوەو لەگەڵی دادپەروەر بن، وتی: تەنها بۆ من یان بۆ هۆزەکەم بەگشتی، وتی، تۆ حەقت چییە بەهۆزەکەتەوە؟ وتی: سوێند بەخوا ئەمە خراپە و بێ ئەمەکیە، ئەگەر دەکرێت با دادپەوەریەکی گشتی بێت، ئەگەرنا، منیش وەك تاکێکی هۆزەکەم دەبم، وتی: هەیهو بۆ خەڵکی عێراق، عەلی کوڕی ئەبوتالب ڕایهێناون کە نەترسین بەرامبەر دەسەڵاتدار، بۆی بنووسن بۆ هەموو پێویستییەکانی خۆی و هۆزەکەشی.[1]

**ڕووی سێیەم: ئازادیی ڕادەربڕین هۆکاری دژایەتی ستەم و ملهوڕیە**

میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و بەرپرسە لەدانانی و چاودێری و لێپرسینەوەی حوکمڕان، هەرئەویش خاوەنی مافی گرتنەبەری ڕێوشوێنی سنوردانانە بۆ ستەم و دەستدرێژی حوکمڕانی تاکڕەو، دەبێت میللەت دەسەڵاتدار بکرێت تا بەئەرکی چاودێری و لێپرسینەوەی حوکمڕانان و سنوردانان بۆ ستەم هەستن، یەکەم هۆکاری دەسەڵاتداربوونیش ئازادیی ڕادەربڕینە، کە لەم فەرموودەوە لێی تێدەگەین: سەروەری شەهیدان حەمزەیە و کەسێکە بەرەو ڕووی پێشەوا (دەسەڵاتدار) هەستاو ڕێگری لێکردو فەرمانی پێکرد، ئەویش کوشتی).[2]

ئەبو سعیدی خودریش دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری (دروودی خودای لەسەر) فەرمویەتی: "گەورەترین جیهاد قسەیەکی ڕاستیە لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکاردا".[3]

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا: "وشەیەکی حەقە لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار".[1]

---

[1] الطبري، التاريخ، ج٣، ص٢، ٣. ابن قتيبة، الامامة والسياسية، ص٢٧.

[2] حديث خير الشهداء حمزة بن عبد المطلب، ثم رجل قام الى امام جائر فامرة ونهاة فى ذات اللة فقتلة على ذلك، اخرجة الحاكم من حديث جابر فى الستدرك، ج٢، ص١٢٠، وقال صحيح الاسناد. (انظر المغنى عن حمل الاسفار فى الاسفار فى تخريج ما فى الاحياء من الاخبار للعلامة ابن زين العابدين ابو الفضل العراقى، مطبوع فى ذيل الاحياء، ج٢، ص١١٣).

[3] ابن ماجة ، السنن، ج٢، ص١٣٢٩. الترمذى، الصحيح، ج٩، ص١٩.

له ئەبوبەرکری سدیقەوە دەگێڕنەوە لـە تەفسـیری ئایـەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ﴾، واتە: "ئەی ئەوانەی بڕواتان هێنـاوە هۆشتان بە خۆتانەوە بێت، زیانتان پێ ناگەیەنێ ئەوەی گومڕا بووە، ئەگـەر ئێـوە لەسەر ڕێی ڕاسـت بـن". دەڵێـت: لـە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) بیستووە فەرمویەتی: ئەگـەر خـەڵك سـتەمکاریان دیـت ودەسـتیان نـەگرت، نزیکـە خودای گەورە سزایان بەسەردا بگشتێنێت.[2]

ئـازادیی ڕادەربـڕین لـە کـاتی ئاسـاییدا بـۆ هـەموو کەسـێکە، بـەڵام لـەکاتی چەوسـاندنەوەی هاوولاتیانـدا واجـب دەبێـت و قسـەی حـەق لـەڕووی سـتەمکاردا بەرزترین پلەی جیهادی دەبێت، بەدرێـژایی مێـژوو هەڵوێسـتی زانایـانی راسـتەقینە بەرامبەر جێنشینەکان ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و قسەی حەق کردن بووە.

دەگێڕنەوە سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك کـە ڕۆیشـتە مەدینـە سـێ ڕۆژ تییـدا مایـەوە و وتـی: کـێ لێـرە مـاوە کـە گەشـتبێتە هـاوەڵان؟ وتیـان: لێـرە پیـاوێکی خواپەرست هەیە ناوی ئەبوو حازمە، گەشتوەتە کۆمەڵێك لە هاوەڵان و فەرموودەی لێگێڕاونەتـەوە، جـا نـاردی بەشـوێنیدا ئـەویش هـاتوو لـە مەجلیسـدا دانیشـت، سولەیمان پێی وت: ئەبوحازم بۆچی حەز لە مردن ناکەن؟ وتی: چـونکە ئـاخیرەتی خۆتان کاولکردووە و دنیای خۆتان ئاوەدانکردووەتەوە، بۆیـە ئێـوە حەزناکـەن لـە ئاوەدانیەوە بڕۆن بۆ کاولان وتـی: راسـتدەکەیت ئـەبو حـازم، ئـەی رۆشـتن بـۆ لای خودا چۆن ئەبێت؟ وتـی: چاکەکار وەك کەسـێکە بگەڕێتـەوە بـۆ نـاو کەسـوکاری، بـەڵام خراپـەکار وەك بەندەیـەکی هـەڵهاتووە بگەڕێتـەوە لای ئاغاکـەی, دەڵێـت: سولەیمان گریا و وتـی: ئـەبوحازم خۆزگـە لای خـودا چـۆنین، وتـی: خـۆت بکێشـە بەکتێبەکەی خودا جا دەزانیت چیت هەیەو چیت لەسەرە، وتـی: بـەکوێی قورئانـدا

---

[1] ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٣٠.

[2] الترمذي، الصحيح، ج٩، ص١٤.

خۆم بکێشم؟ وتی: ئەم ئایەتە: ﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ . وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ﴾. واتە: "بەڕاستی چاکان لەناو نازو نیعمەت دان. بێگومان بەدکاران لە دۆزەخان". ئینجا وتی: ئەبو حازم ئەی بەزەیی خودا لە کوێیە وتی: (قریب من المحسنین) دەڵێت: سولەیمان گریا و ماوەیەك سەری داخست و پاش سەری بەرزکردەوە و وتی: ئەبوحازم ژیرترین کەس کێیە؟ وتی: ئەوەی حیکمەت فێربێت و خەڵکیش فێر بکات وتی: ئەی بێ عەقڵترین کەس کێیە؟ وتی: کەسێکە بەحەزی ستەمکارێك بکات، کە ئاخیرەتی خۆی بە دنیای جگە لەخۆی فرۆشتوە، وتی: ئەی چی دەڵێت بەم حاڵەی ئێمەی تیایداین؟ وتی: لە وەڵامی ئەم پرسیارە بمبورە، وتی: ئامۆژگاری و دڵسۆزیەکەت دەگەیەنێت، وتی: خەڵکێك ئەم دەسەڵاتەیان گرتە دەست بەبێ پرس و کۆبوونەتەوە لەسەر ڕای موسڵمانان، جا لەبەر گەیشتنە دنیا خوێنیان ڕشت و دواییش بەجێیانهێشت، خۆزگە دەمزانی چیان وت و چیان پێ وترا؟ کەسێك لە مەجلیسەکەدا وتی: خراپترین قسەت کرد؟ ئەبوحازم وتی: سوێند بەخوا درۆدەکەیت ئەی هاونیشی خراپ، خودا پەیمانی لە زانایان وەرگرتووە (لیبینه للناس و لا یکتمونه) سولەیمان وتی: ئەبو حازم چۆن چۆنی چاك بین، وتی: واز لە زۆرلەخۆکردن بهێنە و دادگەربە، وتی: ئەی ڕێگای گەیشتن بەوە چۆنە؟ وتی: ماڵ و سەروەت بە حەڵاڵی کۆکەرەوە و بیدە بەوانەی شایستەن، وتی: جا کێ ئەوە دەتوانێت، وتی: کەسێك خودا ئەو بارەی بخاتە سەر کە خستویەتیە سەر تۆ؟ سولەیمان وتی: ئەبو حازم پێویستی خۆت بڵێ وتی: هەیهو، من پێویستی خۆمم لە زاتێك داواکردوە هیچ پێویستییەکی لا ڕاناگیرێت، جا ئەوەی پێی دام، قەناعەتم پێیەتی و ئەوەشی نەدا پێی ڕازیم.[1]

---

[1] عبد الرحمن الشیرازی، المنهج المسلوك فی سیاسة الملوك، ص٧١٦. الغزالی، احیاء علوم الدین، ج٢، ص١٤٧.

## باسی سێهەم: ناموسڵمان و ئازادیی ڕادەربڕین لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا

ئازاد بوونی ڕا لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا بۆ هەموو هاووڵاتیانە بە یەکسانی، هەموو تاکێك داوا کراوە دڵسۆزی و ڕای خۆی کە بەڕاستی دەزانێت دەربڕێت، لەبواری تایبەتمەندیەکەی خۆی و زانست و توانایی، مافی خۆیەتی ڕای خۆی دەربڕێت.

مافی هاووڵاتی بوونیش لەدەوڵەتی ئیسلامیدا تەنها لە موسڵمانان کورت هەڵنایەت، بەڵکو چین و توێژە ناموسڵمانەکانیشی مافی هاووڵاتیبوونیان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا هەیە وەك کە پێشەکی ئەم توێژینەوەدا باسمانکرد، شەرعیەتی ئەم مافەش بۆ بنەمای شەرعیبوونی گرێبەستی ئەستۆبەندی دەگەڕێتەوە، کە بە بنەمایەك ئەژمارمانکرد لە پێدانی ڕەگەزنامەدا لە دەوڵەتی ئیسلامی، ئا لێرەوەیە کە ناموسڵمان مافی بەکارهێنانی هەموو مافێکی سیاسیان هەیە، ئەمەش بنەڕەتی مامەڵەکردنە لەگەڵیاندا بەپێی بنەمای: ئەوەی بۆ ئێمەیە بۆ ئەوانیشە، ئەوەشی لەسەر ئێمە لەسەر ئەوانیشە.

لێرەدا پرسیارێك دەوروژێنرێت کە پێویستی بە وەڵامە ئایا ناموسڵمان ئازادن بۆ دەربڕینی بیروباوەڕیان و مژدەدان بەقەناعەتە نائیسلامیەکانیان، یان ئەو قەناعەتانەیان کە پێچەوانەی ئیسلامن لە ناوکۆمەڵگەی ئیسلامیدا؟

سەرەتا ئێمە داندەنێین بەوەی ئەوەی پەیوەستە بەبابەتی گشتییەوە کە هەموو میللەت دەگرێتەوە ئەوا مافی ڕاەربڕینی خۆیان هەیە لەسەریان، مافیشیانە پرۆژەو پێشنیاریان ببێت بۆ چارەسەری هەر گرفتێك، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە پسپۆڕی خۆیانەوە لە هەموو بوارە زانستی و کردەییەکاندا، نەخاسمە لە بوارەکانی سیاسی و بەرژەوەندیە گشتییەکان.

کەواتە مافە سیاسییەکانیان لە بەشدارکردن ئالوگۆرکردنی ڕاوبۆچوون و گفتۆگۆی بابەتە سیاسییەکان پارێزراوە، ئەمە نزیکە لە ڕای زۆرینەوە بەڵام بۆ

پرسـیاری دەربڕینـی ئـەو بیروباوەڕانـەیان کـە پێچـەوانەی ئیسـلامن و مـژدەدان و بڵاوکردنەوەیان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا!

وابزانم ئەم بابەتە کەمێك لە بابەتە سیاسیەکە دور دەکەوێتەوە، دەچێتە خانەی بابەتی مافە ئاینیەکانەوە، کە زانایان بەتێروتەسەلی لێیان کۆڵیوەتـەوە کەئێمـە بـە کورتی لەچەند خاڵێکدا پوختی دەکەینەوە:

١ـ بنەڕەتی یاسای گشتی لەم بابەتـەدا بنـەمای ئـازادیی ئـاینی دەسـتەبەرە بـۆ هەموو هاوولاتیەکی دەولەت، ئەم بنەمایەش لەم ئایەتـەوە وەرگـیراوە ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾.[1] واتە: "بە هیچ جۆریك زۆرلێکردن لە دیندا نییە (بۆ هاتنە ناو ئیسلام)، چونکە بەڕاستی لە یـەك جیابۆتـەوە ڕێنمـوونی و شـارەزایی لـە گومڕایی و سەرلێشیواویی".

لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەشدا لەم بابەتە کۆڵینەوە ئەم ئایەتـە مانـای ئـازاد بوونی تاکـە لـە دەستنیشـان کردنـی بیروبـاوەڕی خـۆی بـەبێ زۆر لێکـردن، بـەڵکو لەسـەر دەسـەڵاتە ئـەم ئازادییـە مسـۆگەر بکـات و بیپارێزێـت و بـەرگری لێبکـات و نەهێڵێت چەوساندنەوەی ئاینی و بیروباوەڕ پەیدا بێت.

جـا ئەگـەر ئـەم بنەمایـەمان سـەلماند دەشـبێت وابەستەکانیشـی بسـەلمێنین، کەواتە: ئەگەر مۆڵەتی خەڵك درا باوەڕیان بە چی هەیە بیان بێت کەواتـە پێویسـتە مۆڵەتیان بدرێت دروشم و نوێـژ و ڕێوشـوێنە ئاینیەکـەی خۆیـان جێبـەجێ بکـەن و بەرگری بکەن لە سوکایەتی پێکردنی ڕێگەشیان بدرێت بچنە پەرستگەکانیان و تێدا کۆببنەوە ئەم حەقیقەتە ڕاستەقینەی ئازادبوونی ڕایە لەوەی پەیوەستە بەئاینەوە.

٢ـ لەسۆنگەی گرێبەستە ئەستۆبەندەکان کە موسڵمانان لەگـەڵ ئـەو شـوێنانەی دەیانبەست، کە بەپێی ئەو گرێبەستانە دانیان دەنـا بـەبوونیان لەسـەر بیروبـاوەڕو

---

[1] البقرة: ٢٥٦.

ئاینی خۆیان، لە یەکەم پـەیمانی سیاسـی کـە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسەر) لە مەدینە بەستی هاتووە:

ـ ئـەوەی لـە جوولەکـە لەگـەڵمان بێـت ئـەوا پشـتیوانی دەکرێـت و ناهێڵرێـت بچەوسێنرێتەوە و ستەمی لێ بکرێت.[1]

ـ جوولەکەی بەنبی عەوف گەلێکن لەگەڵ بـڕواداران، جوولەکـە ئـاینی خۆیـان و موسڵمانانیش ئاینی خۆیان هاوپەیمان و ئازادن مەگـەر لـە سـتەمێکدا یـان تاوانێـك ئەوکات تەنها خۆی و کەس و کاریان دەگرێتەوە.[2]

هەر لە نووسینەکەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ گاورەکانی نەجراندا هاتووە:

نەجران و ئەوانەی لەگەڵیدان لە پـەنای خـوداو ئەسـتۆی محەمـەد دان، ماڵیـان، گیانیان، گەلیان، نادیاریان، حازریان، هۆزیان، مامەڵەیان،هەرچی لەبەردەستیاندایە زۆرو کەم، هیچ قەشە و راهیب و کاهینێکیـان ناگۆڕێـت، هـیچ خـوێنێکی جاهیلیـان لێناسەنرێتەوە و کۆناکرێتەوە سوپا ناچێتە ناویان.[3]

جا ئەگەر مۆڵەتماندا کە ناموسڵمانان دروشمەکانی خۆیان پیادەبکەن،کە ئێمەی موسڵمانان دەزانین هەڵەن وڕەنگـە لـە هەنـدێك حاڵەتیشـدا نەشـیاو بێـت بەرامبـەر خوداو پێغەمبەران، بەڵام لەگەڵئەوەشدا هەر مۆڵەت دەدرێـن، کەواتـە ئازادبوونیـان لەدەربڕینی ئەوەی باوەڕیان پێیەتی لەپێشترە با پێچەوانەی ئیسلامیش بێت.

٣ـ بنەمایەکی دیکەی مامەڵەکردن لەگەڵ ناموسڵماناندا ئەزیەت نەدان ونەکردنی ئـەو شـتانەیە کەسـوکایەتیە پێیـان، بـەڵام ئەمـە نابێتـە ڕێگرلـەوەی بـە لـەباری بـانگبکرێن و وتووێـژو گفتـو گۆیـان بـە نـەرمی ولەسـەر خـۆیی و شـێوازی جـوان لەگەڵبکرێت.

---

[1] الوثائق السياسية للعهد النبوی، ص٦٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٦١.

[3] الوثائق السياسية للعهد النبوی، ص١٧٦.

**خـودا دەفـەرموێت:** ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾.[1]

**واتە: "دەمەقاڵێ و موجادەلە مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانییەکانـدا مەگـەر بە جوانترین شێوە جگە لە وانەیان کە ستەمیان کرد، بڵێن باوەڕمان هێناوە بەوەی نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێمە و نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێوە، خوای ئێمـە و خـوای ئێوە یەکێکە و ئێمە بۆ ئەو (خوا) گەردنکەچین".**

**گفتوگۆی باشیش پێویست دەکات گـوێ بـۆ قسـە و بەڵگـەکانیان بگیرێـت، کـە ئازادانـە دەربـڕن و بـەبێ زۆرلێکـردن و بێـدەنگکردن، یـان گاڵتـەپێکردن و سـووك سەیرکردن، تـا دۆخـی گفتوگـۆ و مشـتومڕەکە هاووێنـە و یەکسـان بـن، قەناعـەتی ڕاستەقینەی پشـت ئەسـتوور بـە شـێوازی شـیرین و ڕێبـازی زانسـتی پەیـدا ببێـت، بەیزاوی دەڵێت: (إلا بالتی هی أحسن) واتە: بە ئاکارە جوانانەی کە باشترینن وەك: گۆڕینی زەبری بە نەرمی، توڕەبوون بە خۆگری، شێواندن بە ئامۆژگاری.**[2]

**خودا دەفەرموێت:** ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾[3]. **واتە: "خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێگەی پەروەردگارت بە لێزانـی و دانـایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین و لەگەڵیان بدوێ". لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا وتـراوە: بـە وتەی بەهێز و بەڵگەی ڕۆشن ..........**[4]

**ئـەم ئایەتانـە داوا دەکـەن گفتوگـۆ لەگـەڵ موسـڵمانانـدا بـەو شـێوازانە ئـەنجام بدەین، ئەمەش دەمانبات بۆ ئەوەی بـاش گوێیـان لـێ بگـرین و دەرفـەتیان بـدەین بیروبۆچوونی خۆیان دەربخەن بە هێمنی و ئەرخەیانی و لەباری.**

---

[1] العنکبوت: ٤٦.

[2] البیضاوي، التفسیر، ج٢، ص٢١١ .

[3] النحل: ١٢٥.

[4] البیضاوي، التفسیر، ج١، ص٥٦١.

٤ـ ئیسلام مۆڵـەتی داوە بـە ناموسـڵمانان مامەڵـەیان لەگـەڵ بکرێت لـە هـەموو جۆرەکانی کڕین و فرۆشتن، وەك: گرێبەستەکان و وەکالەت و خواستن و ڕاسـپاردن و ... ئەمانـەش پێویسـتی دەکـەن لـە نزیکـەوە تێکـەڵیان بکرێـت و بەریەککـەوتن ڕووبدات، ئەمەش بە ناچاری وادەکات گوێیان بۆ بگیرێت و گوێت بۆ بگرن، تێبگەی لەو بیروباوەڕ و ڕاوبۆچوون و قسانەی کە پێیانە.

بەڵکو ئیسلام هاوسەرگیری لە خاوەن کتێبەکانی مۆڵەت پێداوە، ئەمەش مانـای وایە خزمایەتی زۆر نزیك لـە نێوانـدا پەیـدا دەبێـت، هـەر ئەمـەش مانـای دەرفـەتی زیاتری گفتوگۆ و مشتومڕە.

خـــودا دەفـــەرموێت: ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾.(١) واتـە: "خۆراکی ئەوانەی نامەیان پێ دراوە حەڵاڵە بۆتـان و خـۆراکی ئێـوەش حەڵاڵـە بـۆ ئـەوان، ئافرەتـانی داوێنپـاك لـە ئیمانـداران (حەڵاڵـە بۆتـان)، هـەروەها ئافرەتـانی داوێنپاك لە نامەدارانی پێش ئێوە ئەگەر ئێوە مارەییەکانیان بدەنێ".

کـە ئیسـلام خـواردنی سـەربڕاویانی حـەڵاڵکردووە، مانـای وایـە: درووسـتە بانگهێشتی دەعوەت بکرێن و وەڵامـی دەعوەتیشـیان بدرێتـەوە، ئـەمیش دووبـارە دەرفەتی زیاتری گفتوگۆ و قسە گۆڕینەوەی لێ دەکەوێتەوە.

لە پاش گشت ئەمانە لە کاتی قسەکردنیاندا ماقوڵ نییـە لـە ئـازادیی ڕادەربـڕین لەسەر بیروباوەڕیان بێبەش بکـرێن، خـۆ دەبێـت هـەموو خـەڵکی سـەرزەوی بـزانن موسڵمانان بانگخوازی حەقن و حەز بە ڕێنمایی هەموو خـەڵك دەکـەن، چـاکەیانیان دەوێت، بەبێ زۆرلەخۆ کردن و فرت و فێڵ و ..

---

(١) المائدة : ٥.

سەبارەت بە ئازادیی ناموسڵمان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بۆ دەبڕینی ئازادیی بیروڕا بە هەموو جۆرەکانیەوە، بیریار و نووسەرانی ئیسلامی هاوچەرخ دەڵێن: مافی دەربڕینی ڕاو بۆچوونیان هەیە وەك موسڵمانان.

ئەبو ئەعلای مەودودی دەڵێت: ناموسڵمان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ئازادیی گوتار و نووسین و بیروڕا و کۆبوونەوە و ئاهەنگگێڕانی خۆیان هەیە، ئەو کۆت و بەندەی لەسەر موسڵمانان لەم بارەیەوە هەیە هەر ئەوەش لەسەر ئەوانە، بۆیان درووستە ڕەخنە لە حکومەت و لە کارەکانیشی بە ئازادی و لە سنووری یاسادا بگرن، مافی ڕەخنەگرتنیان هەیە لە ئاینی ئیسلام وەك چۆن موسڵمانان بۆیان هەیە ڕەخنە لە دین و مەزهەبی ئەوان بگرێت، پێویستە لەسەر موسڵمانان پابەندی سنووری یاسا بن کاتێك ڕەخنەیان لێدەگرێت، هەمان شتیش لەسەر ناموسڵمان پێویستە، ئازادیی تەواویشیان هەیە کە ستایشی ئاینی خۆیان بکەن.(1)

سەید قوتب لەم بارەیەوە قسەیەکی جوان دەکات لە ڕاڤەی ئایەتی: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾دا، دەڵێت: لەم بنەمایەدا، بنەمای ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ واتە: "بە هیچ جۆریك زۆرلێکردن لە دیندا نییە (بۆ هاتنە ناو ئیسلام)"، ڕێزگرتنی خود بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت و ڕێزگرتنی ویست و بیرو هەستی، ئیشی خۆی داوەتە دەست خۆی، لەوەی کە پەیوەندی بە ڕێنمونیی و گومڕاییەوە هەیە لە بیروباوەڕدا، ئەمەش لە تایبەترین تایبەتمەندی ئازادیی مرۆڤە.

ئازادری بیروباوەڕ یەکەم مافی مرۆڤە، کە وەسفی مرۆڤ بیگرێتەوە، خۆ ئەگەر ئازادیی بیروباوەڕ لە مرۆڤ وەرگیرێتەوە، ئەوە هەر لە سەرەتاوە مرۆڤایەتییەکەی لێ وەردەگیرێتەوە، دیارە لەگەڵ ئازادیی بیروباوەڕدا ئازادیی بانگەواز بۆ بیروباوەڕ،

---

(1) أبو الأعلى المودودي، نظرية الإسلام وهديه في السياسة والقانون الدستوري، ص٢٩٩.

دڵنیایی له ئازارنەدانیشی هەن، ئەگەرنا ئازادی تەنها نـاوی بێناوەڕۆکـە لـە واقیعـی ژیاندا.(1)

له کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین: ئێمە کاتێك داندەنێین بە مافی موسڵماندا کە بانگی خەڵك بکات و قەناعەتیان پێ بکات، له هەمان کاتدا مافی ناموسڵمانیشـە ڕای خـۆی دەربخـات و بـەرگری لـێ بکـات، چـونك هیدایـەتی ڕاسـتەقینە تـەنها لـە کەشێکی ئازادانەدا دەبێت کە هەر لایەك ڕای خۆی دەرببڕێت، دوور له ناچارکردن و خەفـە و ترسـاندن، دەشـبێت هەردوولایـەتی گفتوگـۆ لـە ڕووی دڵنیـابوون و پارێزراویەوە یەکسان بن، ئـەوکات سـەرکەوتن بـۆ بەڵگـەی بـەهێز و بـیری قـووڵ و بیروباوەڕی درووستە، ئەو کەسەش لێزانانە بیروڕاکەی خۆی دەردەخات.

---

(1) سيد قطب، في ظلال القرآن، ج١، ص٢٩١.

# باسی چوارەم: هەڵگەڕاوە و ئازادیی ڕادەربڕین

## بەندی یەکەم: پێناسەی هەڵگەڕاوە

لە زماندا: بە مانای وەرگێڕان دێت.[1]

لە شەریعەتدا: ئەوە کەسەیە لە ئیسلامەوە بۆ کوفر بگەڕێتەوە، بە وتن یان بە بیروباوەڕ یاخود گومان، ڕەنگە بە کرداریش ڕوو بدات.[2] وتراویشە: هەڵگەڕاوە ئەو کەسەیە لە ئیسلام ببڕێت، بە نیاز یان بە قسە یان کرداری کوفر بێ.[3]

## بەندی دووەم: سزای هەڵگەڕاوە

ناشیرینکردن و ئابڕووبردنی ئەم کردارە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[4]. واتە: **"هەرکەسێك لە ئێوە لە دینی خۆی هەڵبگەڕێتەوە و بەبێ بڕوایی بمرێ ئا ئەوانە هەموو کردەوەیەکیان پوچ ئەبێتەوە لە هەردوو جیهاندا و ئەوانە یارو هاودەمی ئاگرن، تێیدا دەمێننەوە بە ئێجگاری."**. زانایان کۆدەنگن کە واجبە هەڵگەڕاوە بکوژرێت، بە پشتبەستن بەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) کە دەفەرموێت: **"هەرکەس ئاینەکەی گۆڕی بیکوژن"**.[5]

---

[1] ابن منظور، لسان العرب، ج١، ص١١٥، الطبعة المعدلة.

[2] ابن مفلح الحنبلي، المبدع شرح المقنع، ج٩، ص١٧٠. كشاف القناع، ٦: ١٦٧.

[3] انظر مغني المحتاج، ٤: ١٣٣، وهي عبارة المنهاج للنووي.

[4] البقرة: ٢١٧.

[5] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٣، ص٢٠١.

هەروەها دەفەرموێت: "ڕشتنی خوێنی موسڵمان درووست نییە بە یەكێك لەم سێ تاوانە نەبێت: زیناكاری هاوسەردار (الثیب) گیان بەرامبەر بە گیان، دەستبەرداربوو لە ئاینەكەی كە لە كۆمەڵ پەرت دەبێت".[1]

ئەم كۆدەنگیە زۆر لە زانایان هێناویانە.[2] بەڵام جیاوازییەكە لە بابەتی كوشتنی هەڵگەڕاوە درووست بووە، كە ئایا كوشتنەكە وەكو حەدی شەرعی دەكوژرێت یاخود بۆ پێشەوایە بیكوژێت نەك وەك حەد، كە ئەو كاتە دەبێتە تاوان؟

هەموو ئەوانەی كە دەڵێت هەڵگەڕاوە دەكوژرێت ناڵێن وەك (حەد)ی شەرعی دەكوژرێت، بەڵكو لە قسەی ئیبن قودامەدا دەفامرێتەوە: كە دەكوژرێت بەڵام كوشتنی حەدی نییە، ئەویش كاتێك ڕای حەنبەلیەكان لەسەر بەندەی هەڵگەڕاوە ڕووندەكاتەوە، ئایا درووستە ئاغاكەی بیكوژێت؟ دەڵێت: "لای ئێمە ئەو لەسەر مافێكی خودا كوژراوە، بۆیە دەدرێتە پێشەوا وەك بەردەبارانكردنی زیناكار و كوشتنی كەسێكی ئازاد، بەڵام ئایەتی ﴿وأقيموا الحدود﴾ بۆ پاشگەزبوونەوەكەی ناكوژرێتەوە، بەڵكو بۆ كافربوونەكەی دەكوژرێتەوە، نەك بە حەدی شەرعی".[3]

**كۆمەڵێك تێبینی لە سزادانی هەڵگەڕاوەدا هەیە:**

تێبینی یەكەم: لە قورئانی پیرۆزدا سزای هەڵگەڕاوە وەك سزای حدودە شەرعیەكانی دیكە باس نەكراوە، لەكاتێكدا كە سزای هەڵگەڕاوە كوشتنە و سەختترین سزایە، بەڵگەی كوشتنەكەی پشت بە فەرموودەی ئاحاد دەبەستێت.

---

[1] البخاري، الصحيح، ج١٢، ص٢٠١.

[2] ابن قدامة، المغني، ج٨، ص١٢٣. المهذب، ج٣، ص٤٧٩. بدائع الصنائع، ج٧، ص١٣٧. ابن عبد البر، الكافي، ج٣، ص٤٨٥. القوانين الفقهية، ص٢٣٩. المبدع، ج٩، ص١٧١. منتهي الارادات، ج٣، ص٥٠٠. سبل السلام، ج٣، ص٢٦٣. ابن نجيم، الأشباه والنظائر، ١٨٩.

[3] ابن قدمة، المغني، ج٨، ص١٢٨.

تێبینی دووەم: زانایان ڕاجیان لە چۆنیەتی سزادانی هەڵگەڕاوەدا، ئایا وەك حەدێکی شەرعی دەکوژرێت یان سزایەکە و دەدرێتە دەست حوکمڕان. لە نێوان ئەوانەش کە دەڵێن دەکوژرێت دووبارە ڕاجیایی هەیە.

تێبینی سێهەم: ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (درووودی خودای لەسەر) کە بە دەق دەڵێت هەڵگەڕاوە دەکوژرێت، بەم دەقە دەفەرموێت: "دەستبەرداربووی ئاینەکەی پەرتکەری کۆمەڵ"،[1] واتە: دەرچوون لە سیستەمی دەوڵەت.

تێبینی چوارەم: ڕووداوی هەڵگەڕاوەکان لە سەردەمی ئەبوبەکری سدیقدا، کە دەکرێتە بەڵگە بۆ کوشتنی هەڵگەڕاوەکان، ئەو بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە هاوکاتبوو لەگەڵ یاخیبوون لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی و هەڵگەڕانەوە بوو لە سیستەمی سیاسی.

تێبینی پێنجەم: دیسانەوە زانایان لەسەر سزادانی هەڵگەڕانەوەی ئافرەت ڕاجیان، بەو حسابەی کە ئافرەتان جەنگاوەر نین، دەشوترێت لەبەر بە بەندەکردنی، وەك: ئەبوبەکر کردی بە ژنەکانی بەنی حەنیفە لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا و دانەیەکیانی دا بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب، کە محەمەدی حەنیفەی لێ بوو، ئەمەش بە ئامادەبوونی هاوەڵان کرا.[2]

تێبینی شەشەم: بەشێك لە زانایان بە جیا باسیان لە حوکمی هەڵگەڕاوە کردووە و نەیانخستووەتە ڕیزی حدودەوە.

تێبینی حەوتەم: هەڵگەڕاوە موسڵمان نییە بۆ پاکردنەوە و پاداشتی قیامەتی نایگرێتەوە، ئەمەیش جیاوازە لەوانەی سزای حدودی شەرعیان دەدرێت.

---

[1] البخاري، الصحیح بشرح فتح الباري، ج١٣، ص٢٠١.

[2] ابن قدامة، المغني، ج٨، ص١٢٣. ئەمە ڕای حەنەفیەکانە: کە بە لێدانی حەبس قەرەبوو دەکرێتەوە و ناکوژرێت، بۆیە پێغەمبەری خودا (درووودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "ئافرەت مەکوژن، چونکە بە کوفری ئەسڵی ناکوژرێت، چ جای کوفری لەناکاو". (بدائع الصنائع، ج٧، ص١٣٥).

لێرەوە بەشێك لە فەرموودەناسان بۆ ئەوە دەچن كە هەڵگەڕانەوە تاوانێكی سیاسیە، پێشەوا وەك سزاكانی دیكەی (تەعزیری) سزای ئەمانیش دەدات، بەڵگەش بە كۆمەڵێك ڕووداو دەهێننەوە:

ـ پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) لە عەبدوڵڵای كوڕی سەرح خۆشبوو، پاش ئەوەی نووسەری وەحیش بوو كەچی هەڵگەڕاوە، بەلام تكای عوسمانی لەبارەیەوە قبووڵ كرد.[1]

- ڕوودانی كوشتنی هەڵگەڕاوەكان كە لە سەردەمی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر)، یان سەردەمی جێنشینەكاندا ڕوویاندا، لە ڕووی دەسەڵاتدارێتی سیاسییەوە بووە، لەو زانا نوێیانەی كە ئەم بۆچوونەیان هەیە: شێخ محەمەد عەبدە، شێخ عەبدولعەزیز شاوەیش، فەتحی عوسمان، عەبدولحەمید متەولی، حەسەن تورابی، ڕاشید غەنوشی.[2]

**ناقۆڵایی تاوانی هەڵگەڕانەوە:**

ڕاجیایی لەسەر سزای هەڵگەڕانەوە، لە ناقۆڵایی و قێزەونی و ترسناكی ئەم تاوانە كەمناكاتەوە لەسەر كۆمەڵگە، مەترسی تاوانی هەڵگەڕانەوە لەم خاڵانەدا دەردەكەوێت:

یەكەم: جوولەكە لە سەرەتای ئیسلامدا ئەم ڕەفتارە فریودەریانەیان گرتەبەر، هەندێكیان بە دەستئەنقەست بەیانی موسڵمان دەبوون و ئێوارە پاشگەز دەبوونەوە، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿وَقَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا بِالَّذِي أُنْزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾[3] . واتە: "دەستەیەك

---

[1] ابن هشام، السيرة، ج٣، ص٤٠٠.

[2] راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٥٠.

[3] آل عمران: ٧٢.

لەخاوەن نامەکان وتیان (بە هەندێکیان) بڕوابێنن بەو قورئانە کە نێراوەتە خوارەوە بۆ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە سەرلەبەیانیان و بیٚ بڕوا ببنەوە دەمەوئێوارە، بەڵکو ئەوانیش پەشیمان ببنەوە".

ئەم هەڵسوکەوتەش لە بارییایەتی ئاژاوە و ژاوەژاو لە ڕیزی موسڵمانانداندا بنێتەوە، گومان درووست بکات، بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە هەڵگەڕانەوەیە بە خیانەتی مەزن ئەژمار دەکرێت و لە سیستەمی سیاسی ئیسلامیدا شایستەی سزای سەختە.[1]

دووهەم: ئیسلام بڕیاری بنەمای نەبوونی زۆر کاری داوە لەسەر ئاین، کەس بۆی نییە کەسێك ناچاری موسڵمان بوون بکات، بەڵکو بنەمای گفتوگۆی لۆژیکی و بانگەوازی بە ڕاشکاوی گرتووەتەبەر، بە هێنانەوەی بەڵگە لە ڕووی نەیاراندا، بۆیە هیچ بیانوویەك نامێنێتەوە بۆ کەسێك بە ویستی خۆی باوەڕ بهێنێت دوای ئەم بەڵگە و سەلماندنانە ئەوجا لێی دەرچێت، چونکە هاتنە ناو ئیسلام پێویستە لەسەر بۆچوونێکی درووست و قەناعەتێکی ناوەکی بێت پەیوەست بە ئاوەز و دڵ و ناخی مرۆڤەوە هەیە.

سێیەم: ئیسلام حیساب بۆ قسە دەکات و شوێنەواری گەورەی لەسەر بنیات دەنێت، بڕیاری چەسپاوی گرێبەستی داوە پاش مۆرکردنی و قبوولکردنی هەردوو لایەن، ئیتر پاش ڕازیبوونی هەردوولا گرێبەستەکە پابەندکارە و درووست نییە هەڵوەشێنرێتەوە، چونکە ئەو پابەندیە سەقامگیری ژیان و مامەڵەکردنی تێدایە. خۆئەگەر ئەم ڕەگەزی پابەندییە نەمێنێت ژیان دەشێوێت و مامەڵە ناسەقامگیرە، هاتنە ناو ئیسلامیش بە هەمان شێوەیە دەبێت هەڵوێست و پەیمان و بەڵێنی پابەندکار بێت، نابێت بکرێتە گەمە و گاڵتە، چونکە بایەخدارترین پەیمان و پتەوترین گرێبەستە و شوێنەواری بایەخداری لەسەر بنیات دەنرێت، چونکە

---

[1] محمد سلام مدكور، معالم الدولة الاسلامية، ص١٤٨.

پەیماندانە بە خودا: ﴿وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ﴾.[1] واتە: "کێ بە بەڵێن و پەیمانی خۆی وەفادارترە لە خوا؟".

هاتنە ناو ئیسلام شوێنەواری لێدەکەوێتەوە، هەندێکیان لە بواری خێزان و باری کەسایەتیان، وەك: هاوسەرگیری و میرات و جگە لەوانەش، بەشێکیشیان لە بواری پەیوەندی یاسایی و سیاسیدایە لەگەڵ دەوڵەت، هەموو ئەمانە بە چوونەدەر لە ئیسلام شوێنەواری ترسناکیان لێدەکەوێتەوە.

ئاین بناغە و فەلسەفەی ژیانە، بناغەی دنیابینی تێروتەسەلی مرۆڤە بۆ دنیابینی مرۆڤ و پەیوەندی لەگەڵ خودا و بوونەوەر و ژیاندا، کەواتە مەسەلەکە شتێکی لاوەکی نییە و پەیوەستیەکی بیروباوەڕی گشت باوەڕدارانە.

ئەمە دەمانگەیەنێتە تێگەیشتن لەو سزا سەختەی بۆ تاوانی مەترسیداری هەڵگەڕانەوە دانراوە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، ئەم مەسەلەیە چوارچێوەی ئازادیی ڕادەربڕین تێدەپەڕێنێت لە شەریعەتی ئیسلامیدا.

---

[1] التوبة : ١١١.

# باسی پێنجەم: ئامرازەکانی دەربڕینی ڕای ئازاد

## بەندی یەکەم: کۆبوونەوە گشتییەکان

مافی هاوولاتیان بۆ کۆبوونەوە بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون لە بابەتە جیاجیاکاندا لە هەموو بوارێکدا پێویستە مافێکی پارێزراو بێت، بەو مەرجەی ئەو کۆبوونەوانە لە سنووری سیستەمی گشتیدا بێت، جا لەبەر گرنگی ئەم مافە و شوێنەوارە گەورەکانی زۆر دەوڵەت بایەخی بە ڕێکخستنی و مۆڵەتی ئەو کۆبوونەوانە داناوە.

بەشێك لە نووسەرانی دەستوورە یاساییەکان جیاوازییان خستووەتە نێوان کۆبوونەوە و گردبوونەوە، بەم شێوەیە:

ــ کۆبوونەوە: بانگهێشتکردنی خەڵکە بۆ موناقەشەی بابەتێکی دیاریکراو بەشێوازێکی ڕێکخراو لە هۆڵ یان جێگایەکی سنووردار، ئەم کۆبوونەوانەش خشتەی کاری خۆیان هەیە.

ـ گردبوونەوە: سیفەتی قەرەباڵغی و جەماوەریبوونی عەفەوی پێوە دیارە، لە شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکانە، زۆربەی جار شێوازی قبووڵنەکردن و یاخی بوونی پێوە دیارە.[1]

زۆربەی دەوڵەتان هەوڵی قەدەغەکردنی ئەم گردبوونەوە ناڕێکخراو و بێ دیسپلینانە دەدەن، تا نەبێتە هۆی کەلێن خستنە ناو ئاسایش و سیستەمی گشتی، هەروەها نەبێتە لەمپەر درووستکردن لە جوڵەی هاتوچۆدا.

شێوازی دیکەی گردبوونەوە هەن، کە شێوازی خۆپیشاندان و ڕێپێوانی پێوە دیارە لە پێناو دەربڕینی ویستی جەماوەری هاوبەش بۆ پەسەندکردن یان نەکردنی

---

[1] أدمون رباط، الوسيط في القانون الدستوري العام، ص٢٣٧. عبدالمنعم محفوظ، علاقة الفرد بالسلطة، ص١٥٠. ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٣٧٧.

بابەتێکی گشتی بایەخدار لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی. ئەمانە بە شێوازەکانی ئازادیی ڕادەربڕین دەبێت، چونکە بوار دەدرێت ڕاوبۆچوونەکان بە دەنگی بیستراو دەربیبڕێت.

**هەڵوێستی یاسا لە جێبەجێکردنی ئازادیی کۆمەڵگادا:**

هەڵوێستی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە لە مەسەلەی ڕێکخستنی ئەم ئازادییە:

لە ئەمریکا بڕیاری دادگای باڵا ساڵی ١٩٣٩ بڕیاری نا دەستووری ئەو کارنامەیەیدا، کە مۆڵەتی دەستنووسی کردووە بە مەرج لە سەرۆکی پۆلیسی شارەکەوە پێش هەر کۆبوونەوە و گردبوونەوەیەك لە شەقام و پارکە گشتییەکاندا، دەشڵێت ئیدارە بۆی هەیە بەخشینی ئەم مافە ڕەت بکاتەوە، ئەگەر پێی وابوو ڕەنگە ئەم قەدەغەکردنە نەهێڵێت کەلێن بە ئاسایش و ڕوودانی کوتوپڕ بدات.(١)

بەڵام دادگای فەرەنسی داندەنێت کە دەسەڵاتی ئیداری بۆی هەیە پیادەکردنی ئەم ئازادییە قەدەغە بکات، بۆ پەیدا نەبوونی کەلێنی ئاسایش.(٢)

هەڵوێستی دادگای ئینگلیز لە هەڵوێستی دادگای فەرەنسی دەچێت، لە دانپیادانانی قەدەغەکردنی بەستنی کۆنگرە پێش بەستنی، بە بیانووی کەلێنی ئاسایش و گرتنەبەری هەندێك ئامرازی ڕێوشوێن لەم بارەوە. وەك: وەرگرتنی بڕێك پارە لە ئەستۆبەری ئەوانەی سەرپەرشتی کاروباری کۆبوونەوەکە دەکەن، هەروەها دەبێت ئامادەیی پۆلیس لەم کۆبوونەوانەدا هەبێت تا پشێوی و تێکچوونی ئاسایش ڕوو نەدات.(٣)

---

[١] کریم یوسف کشاکش، الحریات العامة، ص٧٦.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، ص٧٧.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ص٧٦.

له ئوردن: له دەستووری ئەردەن و لە مادەی (١٦)دا هاتووە: ئەردەنیەکان مافی کۆبوونەوەیان له چوارچێوەی یاسادا هەیە، دەڵێت: کۆبوونەوەی گشتی، پێویستە ٤٨ کاتژمێر پێش کۆبوونەوەکە داوایەك پێشکەشی دادوەری ئیداری بکرێت، بەو مەرجەی پێنج کەسی ناسراو ئیمزایان لەسەر کردبێت جێگە و کات و مەبەست له کۆبوونەوەکە دیاری بکەن.[١]

## بەندی دووەم: ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و نووسین و دانان و چاپکردن

نووسین لە ڕۆژنامەدا ئەمڕۆ لە بایەخدارترین ئامرازی ئازادیی ڕادەربڕینە و توانای دواندنی فراوانترین چین و توێژەکانی جەماوەر هەیە، ڕۆژنامەکان گەورەترین هۆکاری درووستکردنی ڕای گشتی و ئاڕاستەکردنیشین، بۆیە پێی دەوترێت دەسەڵاتی چوارەم.

ئازادیی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و ئازادیی نووسین لەسەر بنەمای ئازادیی ڕادەربڕین داڕێژراوە، چونکە ڕای ئازاد وەختێك فەراهەم دەبێت کە ئامرازی گەیاندنەکەشی ئازاد بێت، هەندێك بەم شێوە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیان پێناسە کردووە: "مافی تاکە لە گەیاندنی بۆچوون و بیروباوەڕی له ڕێگای چاپکراوەکانەوە بە هەموو شێوازەکانیەوە، وەك: کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، ئاگاداری، بەبێ ئەوەی ئەم چاپکراوانە پێویستیان بە مۆڵەت یان چاودێری پێشینە هەبێت، بەڵام بەرپرسیارێتی مەدەنی و جینائی لە ئەستۆی نووسەرە".[٢]

دەتوانین بایەخ و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی له چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

١ـ ڕۆژنامەنووسی ئامرازێکی کاریگەر و هۆکارێکی بەهێزە بۆ ئازادیی ڕادەربڕین.

---

[١] محمد سليم الغزوي، التنظيم السياسي والدستوري للملكة الأردنية الهاشمية، ص٨٠.

[٢] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٧٨.

٢ـ ڕۆژنامەنووسی هۆکارێکی کاریگەرە لە پەرەسەندنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، چونکە دوانگەیەکی جەماوەرییە بۆ ڕادەربڕین و ئاڵوگۆڕی بیروڕا تیایدا، کە ئەمە زەمینەسازییەکە بۆ گەشەسەندن و هەنگاوی ڕاستر و باشتر هەڵنان.

٣ـ ڕۆژنامەنووسی بەشدار دەبێت لە چاودێری ئیشو کارەکانی دەسەڵاتە جیاوازەکان، بە هۆکارێکی فشاریش ئەژمار دەکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی لادان لە پەیڕەوی گشتی یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.(١)

٤ـ ڕۆژنامەنووسی لە داڕشتن و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتییدا ڕۆڵی هەیە، گرنتیەکی بایەخدارە بۆ پاراستنی مافی گشتی، هۆکارێکی بەهێزە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕای گشتی و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ خەڵك.

بێگومان ئەو ڕۆژنامەنووسییە دەتوانێت ئەم ڕۆڵە گرنگە ببینێت، ئەوانەن کە ئازاد و سەربەخۆن و نین لە ژێر ڕکێفی حکومەت و دەسەڵاتدا، ئەوانەشن کە نەکڕاون.

ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و چاپکراوەکان بە گشتی دوو خاڵ دەگرێتەوە:

١ـ ئازادیی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، کە دەرفەتی ئازادی بە هاووڵاتیان بدرێت بە دەرکردنیان، مەرجی سەختیش دادەنەنرێت بۆ درووستکردنی لەمپەر لە دەرکردنی ڕۆژنامە و کتێب و چاپەمەنییە سیاسی و هزری و ئەدەبیەکاندا.

٢ـ ئازادی بە ڕۆژنامە بدرێت کە چالاکی خۆی بکات بەبێ دەستوەردان و لەمپەری سیاسی و ئیداری، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن ڕا و بیروبۆچوون و قەناعەتی خۆیان لە بابەتە جیاوازەکاندا بگەیەنن، کە لە بەرژەوەندی گشتین و

---

(١) كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٧٨. عبدالمنعم محفوظ، علاقة الفرد بالسلطة، ص١٢٢. ثروت بدوي، النظم السياسية، ص٣٧٦. جيهان مكاوي، حرية الفرد وحرية الصحافة، ص١٦.

سـنووری ئـەوانی دی نابـەزێنن.(١) دەبیـنین لـە زۆر وڵاتـدا تەنانـەت ئەوانـەش بـە دیموکراتی دادەنرێن، ئازادیی ڕۆژنامەنووسی کۆت و بەندی توندی بۆ دانراوە.

لە جیهانی عـەرەبی و ئیسلامیشـدا دەسـەڵاتدارانی حـوکمڕان بوونەتـە خـاوەنی زۆری ڕۆژنامەکان و ئـەو شـتانە بڵاودەکەنـەوە کـە خۆیـان دەیانـەوێت، بـۆ ئـەوەی خۆیان ڕای گشتی بجوڵێنن و کاریگەرییان لەسەری هەبێت. ڕۆژنامەنووسی بووەتـە هۆکاری گەیاندنی بیروبۆچوونی دەسەڵات و بووەتە زوڕنایەك بۆ شەرعیەت پێدانی، دەسەڵاتەکان بەم هۆکارانە ئیش بۆ دەستبەسەراگرتنی ڕۆژنامەنووسی دەدات:

١ــ مۆڵـەت پێـدان: ڕۆژنامـە و بڵاوکراوەکـان دەبێـت بـۆ دەرچـوونیان لەلایـەن حکومەتـەوە مۆڵـەت بـدرێن، ئـەویش لـەم بـوارە یاسـاییەوە دەتوانێـت ڕای خـۆی بسەپێنێت.

٢ـ چاودێری: کە پێش چاپ و بڵاوبوونەوە چاودێری دەسەپێنن بەسەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا.

٣ـ دادگاکان: نووسەری وتار و خاوەن ڕۆژنامەکان دەدرێنە دادگا.

٤ـ یارمـەتی نهێنـی: بەشـێوەی بـەرتیل پـارە بـە خـاوەن ڕۆژنامـە و نووسـەران دەرێت.

٥ـ باج: هەندێك حکومەت باری سەرشانی ئیـدارەی ڕۆژنامـە و بڵاوکراوەکـان بـە سەپاندنی باج بە سەریدا قورس دەکات لە پێناو تاپولکردنی.

٦ـ ڕیکلامە حکومیەکان: کاریگەرترین هۆی فشاری ئابووری بابەتی دابەشکردنی ڕیکلامـە بەسـەر بڵاوکراوەکانـدا، کـە دەدرێـت بـە هەنـدێکیان و بەشێکیشـیانی لـێ بێبەش دەکرێت.(٢)

---

١ أحمد جلال حماد، حرية الرأي في الميدان السياسي، ص٣٠٠.

٢ جيهان مكاوي، حرية الفرد وحرية الصحف، ص١٠٥.

**گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستی ڕۆژنامەنووسی:**

یەکەم: پێشکەوتنی ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری، بۆ ئەوەی خاوەنی وشەکان لە برسێتی و نەبوونی ئازاد بن، وەك وتراوە: "دەبێت نان ئازاد بکرێت و بردنەوەی هەڵبژاردن بیر بخرێتەوە"[1]، هەر ئەمەش حاڵی ڕۆژنامەنووسییە.

دووهەم: فرە حزبی و توانایییان بۆ فرەیی سیاسەتکردن، ئەمیش پەیوەندی پتەوی بە ئازادی و پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسیەوە هەیە.

سێهەم: دەسەڵاتی سیاسی و جۆری سیستەمی حوکمڕان، لە نێوان خۆسەپاندن و دادگەریدا، چونکە حکومەتە خۆسەپێنەکان ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی بەرتەسك دەکەنەوە و کۆتوبەندی توندیان دەخەنە سەر.

چوارهەم: بڵاوبوونەوەی میانڕەوی گیانی لێبوردەیی و کەمبوونەوەی پەرگیری، هۆکارێکی باشی ئازادیی ڕۆژنامەنووسییە.[2]

## بەندی سێهەم: ئازادیی گوتاردان و ئیزگە و شانۆ و تەلەفزیۆن و کاسێت و سینەما

هۆکارێکی دیکەی ڕادەربڕینی ئازادانە: گوتار و ئامۆژگاری و وانەوتنەوەیە لە کۆڕە گشتییەکاندا، بەهەمانشێوە هۆکارە هاوچەرخەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، وەك: نواندن و شانۆ، کە زیاتر سەرنجی جەماوەر ڕادەکێشن، ئەمانە تەنها ئەو کاتانە کاریگەرن لە کەشێکی ئازادانەی ڕاستەقینەی سیاسیدا پێشکەش بکرێن کە ئازادانە تێکەڵ بە جەماوەر بن و لە هەموو جێگایەکی تایبەت و گشتی بیاندوێنن، بۆیە شۆڕشە سیاسییەکان کە دەیانەوێت دەسەڵات بگرنەدەست، سەرەتا هەوڵ دەدەن دەست بەسەر ئیزگە و تەلەفزیۆنەکاندا بگرن، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە بنکە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩.

جەماوەرییەکەیانەوە بکەن و ئاراستەیان بکەن، لەبەرئەوەیە تائێستاش لە زۆربـەی وڵاتاندا ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە قۆرخ کراون.

کاسـێتی ڤیـدیۆیی و دەنگیـیش کاریگـەریی خۆیـان هەیـە لـە ئاڕاسـتەکردنی حەماسـەتی جـەماوەر، چـاودێرانی سیاسـی شۆڕشـەکەی ئێـران کـە خومـەینی ڕابەرایەتی دەکرد لە دژی شا، ناونابوو: "شۆڕشی کاسێت".

هەموو ئەوانەی سەبارەت بە ڕاساندنی شەرعی وتراوە لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین، هەر ئەوانەش دەبنە بەڵگـە بـۆ ڕاسـاندنی هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن و سـەرجەم ئـەو هۆکارانـە و ئەوانـەش لـە ئاینـدە دادێـن دەگرێتـەوە، دەبێـت هـەموویان مۆڵـەتی بەکارهێنانیان بدرێت.

خۆئەگەر دەسەڵاتی حوکمڕان بیەوێت ئەم مافە بە یاسا ڕێکبخات، پێویست ئەو یاسایە نەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئازادیی هاووڵاتیان و کۆمەڵێك کۆتوبەند نەسەپێنرێت کە نەتوانرێت جێبەجێ بکرێن.

# باسی شەشەم: مەرج و دیسپلینی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئیسلامدا

پاش ئەوەی کە بینیمان کە ئازادیی ڕادەربڕینی لە بواری سیاسیدا پشت بە بنەمای شەرعی دەبەستێت لە ئیسلامدا، دەقە شەرعیەکان و بنەما گشتییەکان پاڵپشتی دەکەن، هەروەها لە بایەخی بوونی مرۆڤەوە لەسەر زەویدا شەرعیەت وەردەگرێت.

بەڵام ئەم ئازادییە دەبێت ئەو ئامانجە شەرعیە بپێکێت کە پێیدراوە، واتە پێویستە بەپێی مەرج و دیسپلینە شەرعیەکان جێبەجێ بکرێت، وەك:

دیسپلینی یەکەم: دیسپلینی ئیمانی، کە ئەو هێزە لە ناخی ئەرکباردا دەبزوێت، بە پوختی و نیازپاکی و ئاراستەکاری درووست دەردەچێت لە کاتی پیادەکردنی ئازادیی ڕادەربڕیندا، نیازپاکیش ئەوەیە مەبەست لە ڕادەربڕینەکە بەدیهاتنی بەرژەوەندی و چاکەیەك بێت یان ڕێگریکردن بێت لە خراپە و زیانێك کە پەیوەست بن بە جەماوەرەوە.

دیسپلینی دووەم: پابەندبوون بە ڕاستگۆیی کە مرۆڤ ئەوەی بەڕاستی دەزانێت ئەوە دەربڕێت، خودا دەفەرموێت: ﴿وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾.[1] واتە: "بڵێ بە بەندەکانم قسەیەك بکەن کە جوانتر و باشترینی قسە بێت".

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾[2]. واتە: "بڵێ حەق لەلایەن پەروەردگارتانەوە هاتووە، جا هەرکەسێ دەیەوێت با باوەڕبێنێ و هەرکەسیش دەیەوێت با کافر بێت". دەشفەرموێت: ﴿وَلَا تَقُولُوا عَلَى

[1] الإسراء : ٥٣.

[2] الكهف : ٢٩.

اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ﴾[1]. واتـه: "مـەڵێن لـه بـارەی خـواوە بێجگـه لـه ڕاسـتی". هـەروەها دەفەرموێت: ﴿وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣)﴾[2]. واتـه: "سـوێند بـه کـات. بێگومـان هـەموو خەڵکی له زیاندایه. مەگەر ئەوانەی که بڕوایان هێنابێ و کردەوە چاکەکانیان کردبێ و ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بـه ئـایینی ڕاسـت و ئامۆژگـاری یـەکتریان کردبـێ بـه ئارامگرتن".

خۆئەگـەر کەسـێك قسـەیەکی نـاڕەوای کـرد و دەشـیزانی ناڕەوایـه و بەدەستئەنقەست ڕاستەقینەکەی دەشاردەوە، ئەوە ڕێگری لێکراوە و بـه گونـاه و تاوان ئەژمار دەکرێت، چـونکه دەربڕینـی پێچـەوانەی قەناعـەت جۆرێکـه لـه دووڕوویی، که کوشندەترین نەخۆشییه تووشی کۆمەڵگه دەبێت.

خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَلْبِسُوا الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُوا الْحَقَّ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾[3]. واته: " ڕاست و ڕەوا تێکەڵ مەکەن به ناڕەوا و درۆ، حەق و ڕاستی مەشارنەوە لەکاتێکدا کـه خۆتـان ئەمـه دەزانـن". دەشـفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ﴾[4]. واته: "بەڕاستی دووڕووەکان له خانه و تەبەقی هەره ژێرەوەی ئاگردان".

ناڕەوایی وتن به شایەتیدانی درۆ دەژمێردرێت که خـودا دەفـەرموێت: ﴿وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ﴾[5]، واتـه: " خۆتـان بپـارێزن لـه قسـەی درۆ و نـاڕەوا". دەشـزانین کـه شایەتیدانی درۆ له گوناهه گەورەکانه و هاوشانی هاوەڵدانان و سەرپێچیکردنی باوك و دایك و خەڵك کوشتنه.

---

[1] النساء : ١٧١.

[2] العصر: ١ـ ٣.

[3] البقرة : ٤٢.

[4] النساء : ١٤٥.

[5] الحج : ٣٠.

مرۆڤ که له ڕاستهقینه لایدا، له ترسی خهڵك یان بۆ ڕازیکردنیان، یاخود بۆ نزیکبوونهوه له دهسهڵاتداران، دهستدهکات به ناڕهوایی وتن، که ئهمهش جۆرێکه له ڕووپامایی که خودا و پێغهمبهرهکهی ڕێگرییان لێکردووه.

خودا دهربارهی مونافیقهکان دهفهرموێت: ﴿يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا﴾[1]، واته: " ڕووپامایی بۆ خهڵکی ئهکهن و یادی خودا ناکهن کهمێك نهبێت". دهشفهرموێت: ﴿الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ (٦) وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ (٧)﴾[2]. واته: "ئهوانهی که ڕووپامایی دهکهن. یارمهتی خهڵك نادهن واته ههموو چاکهیهك دهگرنهوه له مهردووم".

دهبینین ههڕهشهی وهیلیان لێدهکات له ڕۆژی قیامهتدا.

عائیشه دهڵێت: "هیچ ئاکارێك هێندهی درۆ لای پێغهمبهری خودا (دروودی خودای لهسهر) بێزراو نهبوو".[3] درۆ تاوانێکی گهورهیه که شهرع و عهقڵ دژینی.

دیسپلینی سێههم: دهستگرتن به هۆکارهکانی دڵنیابوون و ڕوونبوونهوه له ڕاستی و درووستی ههواڵهکه، پێش باسکردن و ڕهخنهلێگرتنی یان راساندنی، بۆ گهیشتن به ڕاستهقینهش دهبێت ڕێبازی زانستی بگیرێته بهر و شوێنی وتی وتی و ژاوه ژاوه و نهکهوین، چونکه ڕهنگه سهرمان له بوختان و حهرامهوه دهرچێت و تووشی سزا و گوناه ببین.

خودا دهفهرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾.[4] واته: "ئهی ئهوانهی باوهڕتان هێناوه ئهگهر

---

[1] النساء : ١٤٢.

[2] الماعون: ٦ ـ ٧.

[3] الترمذي، الصحيح بشرح ابن العربي، ج٨، ص١٤٨.

[4] الحجرات : ٦.

گوناهكاریَ هەواڵێكی گرنگی هێنا بۆتان ئەوە لێی بكۆڵنەوە، نەوەك زیان بگەیەنن بە خەڵكێك بە نەزانین ئەوسا پەشیمان بن لەو كارەی كە كردووتانە".

دەشـفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ﴾.(١) واتە: " ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان لە زۆریك لە گومانەكان بپارێزن، چونكە بەڕاستی هەندێك لە گومانەكان تاوانن". هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾.(٢) واتە: "شوێن شتی مەكەوە كە زانیاریت دەربارەی نییە بەڕاستی گویَ و چاو و دڵ هەموو ئەوانە پرسیار لێكراوە".

دیسان دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾(٣). واتە: "كەسانیَ كە ئازاری پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار ئەدەن بیَ ئەوەی هیچ تاوانێكیان كردبیَ، ئەوە بەڕاستی ئەوانە بوختان و تاوانێكی ئاشكرایان گرتۆتە ئەستۆ". دەشفەرموێت: ﴿إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُمْ مَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمٌ﴾.(٤) واتە: " كاتیَ ئەم بوهتانەتان بە دەماودەم لە یەكترەوە وەردەگرت و بە زمانتان شتێك دەڵێن كە زانیاریتان دەربارەی نەبوو، واتان دەزانی شتیكی سووك و ئاسانە لە كاتێكدا لای خودا زۆر گەورەیە".

لە شەریعەتی ئیسلامیدا ئەم مانایە جێگەی بایەخ پێدانن و چەندین فەرموودەش پشتیوانیان دەكەن، كە شایستەی ئاگاداربوون بن لێیان، بەتایبەت بۆ ئەوانەی ئازادیی ڕادەربڕین پیادە دەكەن بە گوتار و نووسین لە بڵاوكراوەكاندا.

---

(١) الحجرات : ١٢.

(٢) الإسراء : ٣٦.

(٣) الأحزاب : ٥٨.

(٤) النور : ١٥.

دەشـزانین ئیسـلام سـزای بـۆ بوختانکـار لـە قورئـانی پـیرۆزدا بڕیوەتـەوە، کـە ناوزڕاندنی موسڵمانێکە بەبێ بەڵگەی ڕاستەقینە.

دیسپلینی چوارەم: کە هاوتەریبی دیسپلینی پێشووە، ئەویش پێویستە ڕێگـەی ناڕەوا نەگیرێتەبەر بۆ دەستخستنی یـان دڵنیابوونـەوە لـە هـەواڵ و زانیـاری. وەك: جاسوسیکردن، گەڕان بە دوای عەیب و عار و نامووسی خەڵکدا، شـکاندنی پـیرۆزی تایبەتمەنـدی، قسـەهێنان و بـردن، قسـەی پاشملـە، ئەمانـە نەخۆشـی کوشـندەی کۆمەڵایەتین.

لەم بارەیەوە ئایەت و فەرمووده زۆرن، لەوانە:

خـودا دەفــەرموێت: ﴿وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ﴾.[1] واتە: "سیخوڕی مەکەن و لە پاشملـە بـە خراپـە باسـی یـەکتری مەکـەن، ئایـا کـام لـە ئێـوە پێـی خۆشـە کـە گۆشـتی براکـەی بخـوات بـە مردوویی، بێگومان قیزتان لێی دەبێتەوەو پێتان ناخۆشە".

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسـەر) دەفـەرموێت: "جاسووسـی مەکـەن، یەکتر مەشکێنن، ئیرەیی مەبەن، بشکنین مەکەن، بەندەی خودا و برا بن".[2]

هەروەها دەفەرموێت: "ئەوەی بە دوای نامووسی خەڵکەوە بێت، خودا ئابڕووی دەبات".[3]

دەشفەرموێت: "ئەوەی بە پـەنهانی گـوێ لـە قسـەی خـەڵکێك بگرێـت و ئـەوان پێیان ناخۆش بێت، قوڕقوشمی تواوە دەکرێت بە گوێیدا".[4]

هەروەها دەفەرموێت: "خەڵکی دوو زمان ناچێتە بەهەشتەوە".[1]

---

[1] الحجرات: ١٢.

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٠، ص٢٨١، (كتاب الأدب).

[3] الحديث رواه ابن ماجة برواية اخرى، ج٢٠، ص٨٥٠.

[4] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج١٠، ص٤٥٢.

خـوای گـەورە دەربـارەی خراپـی دووزمـانی دەفـەرموێت: ﴿وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَهِينٍ (١٠) هَمَّازٍ مَشَّاءٍ بِنَمِيمٍ (١١) مَنَّاعٍ لِلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ﴾.[٢] واتـە: "فەرمانبـەریی مەکە بۆ هیچ سوێندخۆرێکی پەست و ڕیسوای درۆزن. پیتك گری ئامشۆکەر بۆ قسە هێنان و بردن. زۆر بەرگری کەر لە چاکە ستەمکاری گوناهکار".

دیسپلینی پێنجەم: زیاننەگەیاندن بە بەرژوەندی گشتی و ئەزیەتنـەدانی ئـەوانی دیکە چ تاك بن یان کۆمەڵە و دەستە، هـەروەها خۆپاراسـتن لـە جنێـو و بوختـان و خراپگۆیی و خەڵك ناشیرینکردن، ئـەم دیسـپلینە بەڵگـەی شـەرعی زۆری لەسـەرە، لەوانە:

ـ فەرموودەی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر): "نە زیانگەیاندن و نـە زیان لەخۆدان".[٣] ئەمە بنەمایـەکی گشـتییە بـۆ هـەموو کاروبـار و خاڵێـك دەسـت دەدات.

ـ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "خودا ڕقیەتی لـە زمانپیسـی بەدگۆ".[٤]

ـــ خـودای گـەورەش دەفــەرموێت: ﴿لَا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَنْ ظُلِمَ﴾.[٥] واتە: "خوا پێی خۆش نییە ئاشکراکردنی قسەی نابەجێ و خراپ، مەگـەر کەسیك ستەمی لێکرابێ".

---

[١] الترمذي، الصحيح، ج٨، ١٨٢. والقتات هو النمام. والقتات الذي يبلغ الأمراء الحديث عن الناس.

[٢] القلم : ١٠ — ١٢.

[٣] سبل السلام، ج٣، ص١٨٣. رواه أحمد وابن ماجة والبيهقي والدارقطني والحاكم ومالك في الموطأ. جـامع العلوم والحكم، ص٢٨٥.

[٤] المرجع السابق، ج٤، ص١٩٥.

[٥] النساء : ١٤٨.

ـ **هەروەها دەفەرموێت:** ﴿وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ﴾.[1] **واتە: " ئەو ڕێنموونی کراون بۆ ئەو وتەی کە ڕاست و جوانە، هەروەها ڕێنموونی کراون بۆ ڕێگای سوپاس کراو".**

**دیسپلینی شەشەم: گرتنەبەری ڕێگەی ئاسان و نەرم و نیان و گفتوگۆی شیرین، خۆلادان لە زبربێژی و ڕەقی و توندگۆیی، لەمبارەشەوە دەقی شەرعی زۆرن، لەوانە:**

ـ **خودا دەفەرموێت:** ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾.[2] **واتە: " دەمەقاڵێ و موجادەلە مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانییەکاندا مەگەر بە جوانترین شێوە".**

ـ **خودا دەفەرموێت:** ﴿وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾.[3] ﴾.[4] **واتە: "بڵێ بە بەندەکانم قسەیەك بکەن کە جوانتر و باشترینی قسە بێت".**

ـ **خودا دەفەرموێت:** ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ﴾.[5] **واتە: "خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێگەی پەروەردگارت بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین و لەگەڵیان بدوێ".**

ـ **هەروەها دەفەرموێت:** ﴿وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ﴾.[6] **واتە: "ئەگەر تۆ بەدخوو و قسە ڕەق و دڵ ڕەق بوویتایە ئەوە هەموو بڵاوەیان دەکرد لە دەورت".**

---

[1] الحج : ٢٤.

[2] العنكبوت : ٤٦.

[3] الإسراء : ٥٣.

[4] الإسراء : ٥٣.

[5] النحل : ١٢٥.

[6] آل عمران : ١٥٩.

ـ پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "نەرمونیانی لە هەر شتێکدا بێت کێشی قورس دەکات، لە هەر شتێکیشدا دەرکرێت سووکی دەکات". [1]

ـ هەروەها دەفەرموێت: "خودا نەرمونیانی لە هەموو کاروبارێکدا پێخۆشە". [2]

ـ هەروەها دەفەرموێت: "خودا نەرمونیانە و نەرمونیانی پێخۆشە، ئەوەی لە نەرمونیانیدا دەیدات لە زبریدا نایدات". [3]

ـ هەروەها دەفەرموێت: "ئەوەی لە نەرمونیانی بێبەش بێت، لە هەموو خێرێك بێبەش دەبێت". [4]

ئەم گشت دەقانە نەخشەیەکی ڕوونی پیادەکردنی ئازادیی ڕاگەیاندن دەکێشن، کە پێویستە پابەندی نەرمونیانی، ئاسانکاریی، شێوازجوانی، بێت، تا بگونجێت لەگەڵ نیازپاکیدا و گەیشتن بە هەق و بەدەستهێنانی چاکە و بەرژەوەندی گشتی ئاسان بێت.

دیسپلینی حەوتەم: "بەراوردکردن لە نێوان چاکە و خراپە" کە ئەمە دیسپلینی فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردنە لە خراپە، واتە: ئەگەر ڕێگریکردن لە خراپەیەك خراپەیەکی گەورەتری لێپەیدا دەبوو دەبێت واز لەو ڕێگریکردنە بهێنرێت.

ئەمەش بەسەر ئازادیی ڕادەربڕیندا دەچەسپێت، چونکە ئازادیی ڕادەربڕین پێویستە بۆ بەرژەوەندی و چاکەی جەماوەر بێت، تاك و کۆمەڵ کاتێك ڕایەك دەردەبڕن و وادەزانن ئەوە درووستە پێویستە بتوانن کاروبارەکان هەڵسەنگێنن و لە ئایندەیان بڕوانن، هەروەها دەبێت توانای بەراوردکردنی قازانج و زیانیان هەبێت.

---

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح البارين ج١٠، ص٥٤٩.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ج١٠، ص٥٤٩.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج١٠، ص٥٤٩.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ج١٠، ص٥٤٩.

ئـەم دیسـپلینە گرنگـە لـە پیـادەکردنی ئـازادیی ڕادەربڕینـی هاووڵاتیـدا، تـا پیادەکردنەکە پیادەکردنێکی بەرپرسانە و پێگەیشـتووانە بێـت، بنیـات بنێـت نـەك بڕوخێنێت، یەکڕیزیی درووست بکات نەك پەرت بوون، دوور بکەوێتەوە لە بێهودەیی و هەڵسوکەوتی نابەرپرسانە.

هەڵسەنگاندنی چاکە و خراپەش پێویستە بـە تـەرازووی شـەریعەت بێـت، واتـە: بەپێی دەقە درووست و بنەما و مەبەستە شەرعییە گشتییەکان بێت، پاشـان شـتی دیکە بەوانە بپێورێن بۆ زانینی نموونە و وێنە لەیەکچووەکان.

ئیبن تەیمیە لەم بارەیەوە قسەیەکی جوان دەکات: "فەرمان بە چـاکە و ڕێگـری لە خراپـە و بـە چـاك جێبـەجێکردنیان، مـەزنترین چـاکەن کـە فـەرمانمان پێکـراوە لەسەری، بۆیە وتراوە با فەرمان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە بە خراپە نەبێت". کەواتـە ئەگـەر ئەمـە مـەزنترین ئـەرکمان بێـت، دەی لـەم ئـەرك جێبەجێکردنـەدا پێویسـتە بەرژەوەنـدی بەسـەر زیانـدا زاڵ بێـت، پێغەمبـەران بـۆ ئەمـە نێـردراون و کتێبەکانیش لەم پێناوەدا دابەزیون و خوداش خراپەی خۆش ناوێت، بەڵکو هـەموو فەرمانەکانی خودا بۆ چاکەکاریە، خودا ستایشی چاکە و چاکەکاران دەکات و زەمی خراپەکان لە چەندین شوێندا دەکات.(1)

عیزی کوڕی عەبدولسەلام دەڵێت: "لای هیچ کەسێکی عاقڵ شاراوە نییە بەر لـە هەبوونی شەریعەت، کە دەستخسـتنی بەرژەوەنـدی و لادانـی خراپـەکاری لـە مـرۆڤ کارێکی باشە".

بشزانە باشترەکە پێشی باشەکە دەخرێت و لادانی خراپترەکە پێش لە خراپەکە دەکەوێت، ئەمە سرووشتی مرۆڤی ئاساییە و خودا کردە تیایانـدا، ئەگـەر سـاوایەك

(1) ابن تیمیة، الحسبة، ص٦٢.

سەرپشك بكەيت لە نێوان شیرین و شیرنتردا بێگومان شیرینترەكە هەڵدەبژێرێت، لە چاكتر و چاكەكەدا چاكترەكەی دەوێت.[1]

بۆیە پیادەكردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی گەیاندنی ئەوەی باوەڕت پێیەتی، پێویستی بە تێگەیشتنێكی باش و سەرنج و ڕامان و وردبینیـە، هـەتاوەكو قسـە لـە جێگای خۆیدا بكرێت و بیروڕا لە شوێنی خۆیدا دەربڕدرێت.[2]

لەو جێگایانەشدا بەرژەوەندییەكان زۆر دەبن و پێچەوانەی یەكدی دەبنـەوە بـۆ هەڵەنەكردن و تـوانینی هەڵسـەنگاندنیان شـارەزایی زیـاتر پێویسـت دەكـات، ئـیبن تەیمیە دەڵێت: "هەموو ئەمانە لەوەدا كۆدەبنەوە ئەگەر قازانج و زیان یان چـاكە و خراپــە بەریەككــەوتن یــان هــەردووكیان هــەبوون، پێویســتە پەســەندكراوەكەیان هەڵبژێردرێت...، فەرمان و ڕێگریكردن ئەگەر دەستخستنی چاكە و لادانی خراپەیان لەخۆگرتبوو، سەرنجی پێچەوانەكەی دەدرێت، ئەگەر لە چاكەكەی زیـاتر بـوو، یـان خراپەی زیاتری لێدەكەوتەوە، نابێت ئەنجام بـدرێت، بـەڵكو ئەگـەر خراپەكـەی لـە چاكەكەی زیاتر بوو، كردنی حەرامە".[3]

ئەمە ئەگەر خراپەی لە چاكەی زیاتر بوو، كەواتە پەسـەندكردن ئاسـانە، ئـەدی ئەگەر خراپە و چاكە وەك یەك بوون؟ ئەوكات پەسەندكردن چۆن دەبێت؟

ئیبن تەیمیە بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: "ئەگەر چاكە و خراپە وەك یەكبوون و پێكەوەش گرێدرابوون، فەرمانی جێبەجێكردنیان نییە، كەڕەتێك فەرمانكردنەكـە شیاوە، كەڕەتێك ڕێگریكردنەكە شیاوە، كەڕەتێكیشی هیچكامیان شیاو نین بكرێن،

---

[1] عزالدین بن عبدالسلام، قواعد الأحكام، ص٤، ٥.

[2] ابن تیمیة، الحسبة، ص٦٢.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص٤٦.

خۆئەگەر کارەکە ئاڵۆز بوو، باوەڕدار هەوڵی ڕوونبوونەوەی دەدات تـا ڕاسـتەقینەی بۆ دەرکەوێت بە بێ زانیاری و مەبەست نابێت هەنگاو هەڵنێت".[1]

پێشەوا شاتبیش جەخت لە هـەمان بنـەما دەکاتـەوە: "ئەگـەر هـەردوو ڕووەکـە یەکسان بوون، یان یەکێکیان لەوی دیان پەسەندتر بـوو، جـا ئەگـەر یەکسـانبوون، مرۆڤـی ئـەرکبار جێبـەجێکردنی هـیچ حـوکمێکی لەسـەر نییـە، ڕەنگـە ئەمـە لـە شەریعەتدا ڕوو نەدات، خۆ ئەگەر ڕوویدا نابێت بە حەزلێبوون و بێ بەڵگە یەکێکیان پەسەند بکرێت، چونکە ئەو پەسەندکردنە بە کۆدەنگی بەتاڵە".[2]

جا چەسپاندنی ئەو تـەرازووە لـە پیـادەکردنی ئـازادیی ڕادەربڕینـدا ڕوونـە، کـە قسـەکردنە لـە بابەتێکـدا ئەگـەر زیـانی کردنەکـەی یەکسـانبوو لەگـەڵ قـازانجی پێشبینیکراوی وەك هاتنی هێزێکی بێگانە یان زاڵبوونێکی دەرەکی، هەروەها کاتێك سـەرۆکی وڵات بـەدیل دەگیرێـت، یـان دەڕفێنرێـت، یـان دەستبەسـەر دەکرێـت، لەوکاتانەدا بێدەسەڵات دەبێت.[3]

---

[1] ابن تيمية، الحسبة، ص٦٦.

[2] الشاطبي، الموافقات، ج٢، ص٣٠ – ٣١.

[3] الماوردي، الاحكام السلطانية، ص١٩. أبو يعلي، الأحكام، ص٢٢. مآثر الاناقة، ص٩٣. السنهوري، انظر فقه الخلافة، ص٢٥. حسن صبحي، الدولة الإسلامية وسلطتها التشريعية، ص٢١٢. الخلافة بين التنظير والتطبيق، ص٣١٤.

# بەشی شەشەم:

# مافی گەل لە چاودێریکردن و ڕاستکردنەوە و لادانی دەسەڵاتداردا

لـه بەشـەكانی ڕابـردوودا مـافی میللـەتمان سـەلماند لـە دیـاریكردن و هەڵبژاردنی حوكمڕانیدا، بنەما گشتییەكەشمان لە سیاسەتدا ڕوونكردەوە كە دەڵێـت: خـودای پـەروەردگار میللـەتی ئـەركبار كـردووە، هەرئـەویش ڕاسپێردراوە بۆ جێبەجێكردنی حـوكمی خـودا و چەسـپاندن و پاراسـتنی شەریعەت. لەدوای ئەوە مافی میللەت دێت لە چاودێكردن و لێپرسینەوە و ڕاستكردنەوەی حوكمڕاندا بە شێوازی ڕێگەپێدراو.

تـا دەگاتـە مـافی لادانـی دەسـەڵاتدار، ئەگـەر هەڵەیـەكی وەهـایكرد شایستەی لادانیبوو. لە دوو باسدا لەم بابەتە دەكۆڵینەوە:

باسـی یەكـەم: مـافی میللـەت لـە چـاودێریكردن و لێپرسـینەوە و ڕاستكردنەوەی دەسـەڵاتداردا. باسـی دووهـەم: مـافی میللـەت لـە لادانـی دەسەڵاتداردا.

# باسی یەکەم: مافی میللەت لە چاودێریکردن و لێپرسینەوە و ڕاستکردنەوەی دەسەڵاتداردا

مـافی چـاودێریکردن و لێپرسـینەوەی میللـەت لـە چـاودێریکردنی دەسـەڵاتدار لەلایەن میللەتەوە، سەرچاوەکەی شەرعیەت پێدانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوداو ئاکاری هاوەڵان و جێنشینانە.

## بەندی یەکەم: ڕەوایەتی مافی میللەت لە چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی حوکمڕاندا

### لقی یەکەم: لە قورئانی پیرۆز

ئایەتی زۆر لە قورئانی پـیرۆزدا هـاتووە بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان ئـەم بابەتـە ڕووندەکاتەوە، لەوانە:

أ- ئەو ئایەتانەی کە لەسەر فـەرمان بەچـاکە ڕێگریکـردن لـە خراپـەوە هـاتوون، زانراویشــە فــەرمان بــە چــاکە و ڕێگــری لــە خراپــە گشــتییە و هــەموو چــاکە و خراپەیەکەت دەگرێتەوە، بەوانەشەوە کـە پەیوەسـتن بـە کاربەدەسـتانەوە، خـودا دەفەرمویێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾.[1] واتە: "ئێوە (موسڵمانان) باشترین گەلێك بـوون بـۆ خـەڵکی هێنرابێتـە دی فـەرمان دەدەن بە چاکە و جڵەوگیری دەکەن لە خراپە وە بڕوا دەهێنن بە خودا ".

دەشـفەرمویێت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾.[2] واتە: "ئەبێ لە ناو ئێوەدا کۆمەڵێك ببێت، بانگەواز

---

[1] ال عمران: ١١٠.

[2] ال عمران: ١٠٤.

بکەن بۆ چاکە فەرمان بدەن بە هەموو چاکەیەك و بەرگری بکەن لە هەموو خراپەیەك ئەوانە خۆیانن سەرکەوتوو".

**هەروەها دەفەرمویت:** ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾.[1] **واتە: "پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار هەندێکیان یارمەتیدەر و خۆشەویستی هەندێکی تریانن، فەرمان دەدەن بە چاکە و جڵەوگیری دەکەن لە خراپە".**

**هەروەها خودا دەفەرمویت:** ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ﴾.[2] **واتە: "ئەوانەی ئەگەر دەسەڵاتمان پێدان لە زەویدا بەچاکی نوێژ بەجێ دێنن و زەکات دەدەن و فەرمان دەدەن بە چاکە و بەرگری دەکەن لە خراپە".**

**ئەمە چەن ئایەتێك بوون لەو ئایەتە زۆرانە، کە جەخت لەم واجبە دەکەنەوە و دەیکەنە هاوشانی پەرستشەکانی نوێژ و زەکات، بەڵکو دەیکە هاوشانی باوەڕ و نیشانەیەکی دیاری ئوممەتی ئیسلامی و ئامانجی دەسەڵاتداریتی و خولگەی دۆستایەتی و پێکەوەبوونی باوەڕداران.**

**جا ئەگەر فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە وەك واجب و ئەرکباریی هاتبن، کەواتە مافی موسڵمانی خودا پەرستە کە ئەم پەرستشە بەجێبهێنێت و ئەم ئەرکە عەقیدەییە ئازادانە پیادە بکات.**

**ب ـ لە قورئاندا چپەدوویی قەدەغەکراوە، مەگەر بۆ شتێك کە خێر یان فەرمان بە چاکە و یان بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت، خودا دەفەرمویت:** ﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ

---

[1] التوبة: ٨٧.

[2] الحج ٤١.

مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾.[1] واتە: "هیچ چاکەیەك نییە لە زۆربەی چپە و سرتە کردنەکانیاندا مەگەر یەکێك فەرمان بکات بە ماڵ بەخشین یان چاکە یان چاککردنی نێوان خەڵکی، جا هەر کەسێك ئەوە بکات بە نیازی ڕەزامەندی خوا، ئەوە لە داهاتوودا پێی دەبەخشین پاداشتی زۆر گەورە".

خاوەنی (احکام القران) لە تەفسیری ئەم تایەتەدا دەڵێت: خودا دوو فەرمانی کردووە بە بەندەکانی:

یەکەم: ئیخلاس، کە یەکسانبوونی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤە.

دووهەم: دڵسۆزی بۆ قورئان و پێغەمبەری خودا و گەورەی موسڵمانان و باوەڕداران بەگشتی.[2]

بەیزاوی دەڵێت: چاکە سەرجەم ئەو شتانەیە کە شەریعەت پێی چاکە و لای عەقڵیش ناپەسەند نییە.[3]

ج ـ قورئان فەرمان دەکات لەسەر چاکە و لە خودا ترسی هەرەوەزیی بکەین ڕێگریشی کردووە لە هەرەوەزیکردن یان داننان بە خراپە و دوژمنکاریدا دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾.[4] واتە: "کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر چاکە و پارێزگاری، کۆمەکی یەکتر مەکەن لەسەر تاوان و دەستدرێژی".

ئەمەش بە قسەو کرداریش بەجێدەهێنرێت، یەکخستنی دڵەکان و هاندانیان بۆ چاکە کردن و دورخستنەوەیان لە خراپە و هەرچی خودا پێی ناخۆشە لەوانەش گوفتار و ڕەفتاری خراپی حوکمڕان کە نابێت بسەلمێنرێت و ئەو خراپە و ستەمانەی

---

[1] النساء: ١١٤.

[2] ابوبکر المعروف بابن العربی، احکام القران، ج١، ص٤٩٨.

[3] البیضاوی، التفسیر، ج١، ص٢٣٦.

[4] المائدة: ٢.

دەیکـات لێـی بێـدەنگ بیـت، پێویستیشـە هاوکـاری بکرێـت لەسـەر چـاکەکاری و دادگەری.

د- پەروەردگار بێدەنگبوونی لەسەر ستەم بـە تـاوان دانـاوە، ڕێگرینـەکردنی لـە خراپـە بـە خراپەیـەك نـاوزەد کـردووە و کـە شایسـتەی سـزا و تۆڵەلێسـەندنەوە و نەفرین لێکردنە.

دەفـەرموێت: ﴿فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ أَنْجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾.[1] واتـە: " کـاتێ ئـەوەی پێـی ئامۆژگـاری کرابوون لە بیریان چوو ئەوانەی بەرگرییان دەکرد لەخراپە و تاوان ڕزگارمـان کـردن ئەوانەش کە ستەمیان کرد سزامان دان بە سزایەکی زۆر خراپ بەهۆی دەرچـوونیان لە فەرمانی خوا".

دەشفەرموێت: ﴿لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ (٧٨) كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾.[2] واتە: "نەفرین کرا لەوانەی بـێ بڕوابـوون لـە بـەرەو نـەوەی ئیسـرائیل لەسـەر زمـانی داوود و عیسـای کـوڕی مەریـەم، ئـەو نەفرینـەش لەبـەر ئـەوە بـوو سەرپێچیان کرد و هەمیشـە دەسـتدرێژییان دەکـرد. ئەوانـە جڵـەوگیری یـەکترییان نەدەکرد لە هەر کاریکی بێزراوی بێ شەرعی کـە دەیـانکرد، بێگومـان زۆر بـەد بـوو ئەوەی کە ئەیانکرد".

بێـدەنگبوون لـە خراپـە تاوانێکـە شایسـتە بـە نـەفرینکردن و سـزای سـەختە، قوتاربوونیش لێی تەنها بەڕماڵینی ئەو خراپە و دەستگرتنی ستەمکار دەبێت.

---

[1] الأعراف: ١٦٥

[2] المائدة: ٧٨ ـ ٧٩.

**لقی دووهەم: سوننەت**

فـــەرموودەی زۆر هـــاتوون مـــافی میللـــەت دەگەیـــەنن، بـــۆ ئاڕاســـتەکردن و ڕاستکردنەوەی حوکمڕان و بێدەنگنەبوون لە ستەمکردنی، لەو فەرموودانە:

ا- کۆمەڵێکیان جەخت لە بنەمای فەرمان بە چاکە و ڕێگری لـە خراپـە دەکـەن وەك:

- فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن، یـان نزیکـە خـودا سـزایەکتان بـۆ بنێرێت، کە داوای لێ بکەن وەڵامتان نەداتەوە.(١)

- ئەوی خراپەیەکی دێت، با بەدەست بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی بە زمان، ئەگەر هەر نەیتوانی بە دڵ، کە ئەمەیان لاوازترینی باوەڕە.(٢)

- ئاگادارین باترسـی خـەڵك نەبێتـە ڕێگـر لێتـان، لـەوەی ئەگـەر حـەقێك هـەبوو ڕایگەیەنێت.(٣)

ب - کۆمـەڵێك فـەرمووده هـاتوون فـەرمان دەکـەن دڵسـۆزبین بـۆ حـوکمڕان، دڵسۆزیش بۆ حوکمڕان بە فەرمانکردنی دەبێت بە چاکە و ڕێگریکردنی لە خراپە:

- پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: ئاین دڵسۆزیە وتمـان بـۆ کـێ ئـەی پێغەمبـەری خـودا؟ فـەرموی: بـۆ خـودا، بـۆ کتێبەکـەی، بـۆ پێغەمبەرەکـەی، بـۆ پێشـەوایانی موسڵمانان و هەموو خەڵکە باوەڕدارەکە.(٤)

- بوخاری و موسلیم لـە جـەریری کـوڕی عەبـدوڵڵاوە دەگێڕنـەوە: پەیمانمـدا بـە پێغەمبەری خودا لەسەر گوێگرتن و گوێڕاڵیکردن، فێریشی کردم، لەوەی دەتوانم و دڵسۆزبم بۆ هەموو موسڵمانێك.(١)

---

١ الترمذي، الصحيح، ج٩، ص١٧. ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٢٧.

٢ مسلم، الصحيح، ج١، ص٦٩، (كتاب الايمان) . الترمذی، ج٩، ص١٧.

٣ ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٢.

٤ مسلم، الصحيح، ج٢، ص ٣٦، لقد سبق تخريج هذا الحديث وشرحة.

ج ـ كۆمـەڵێك فـەرموودە هـاتوون، كـە بەرامبـەر حـوكمڕان راشـكاوبین ئەگـەر هەڵەیكرد، بە ئاگاداركردنەوە و ئامۆژگاریكردنی و ڕێگـری لێكردنـی ئەگـەر سـتەمی كرد، با یاخی و ملهوڕیش بێت.

ــ باشـترین جیهـاد لای خـودا، وتـی: وشـەیەكی حەقـە لای دەسـەڵاتدارێكی ستەمكاردا.[2]

ــ چـاكترینی شـەهیدەكان حـەمزەی كـوڕی عەبدولموتەلیبـە و كەسـێك بڕواتـە بەردەم ستەمكارێك فەرمانی پێبكات و ڕێگری لێبكات، ئەویش بیكوژێت.[3]

ـ پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: لە دوای من كۆمـەڵێك دەسـەڵاتدار پەیـدا دەبـن، درۆ دەڵـێن و سـتەم دەكـەن، ئـەوی درۆكانیـان پشتڕاستكاتەوە و پشتیوانی ستەمكردنەكەیان بێت، ئەوە لە من نییە و منیش لـەو نیم و نایەتە سەر حەوزەكەش.[4]

ـ نەخێر سوێند بە خودا یان فەرمان بە چاكە دەكەن و ڕێگری لە خراپە دەكـەن و دەستی ستەمكار دەگرنن لەسەر حەق دایدەمەزرێنن، یاخود خودا دڵتان بەیەكدا دەدات، وەك چۆن ئەوانی بەنەفرین كرد ئێوەش بەنەفرین دەكات.[5]

دـ فەرموودە كەشتیەكەش بەناوبانگە و لەم بابەتەدا بە بنەما دادەنرێت.

---

[1] البخاری، الصحیح، بشرح فتح الباری ج١٣، ص١٩٣، مسلم، الصحیح، ج٣، ص٣٩.

[2] الترمذی، الصحیح، ج٢، ص٢٦. ابن ماجة، السنن، ص١٣٢٩.

[3] الحاكم، المستدرك، ج٣، ص١٩٥. زین العابدین ابو الفضل العراقی، المغنی عن حمل الأسفارفی الأسـفار فی تخریج مافی الاحیاء من الأخبار، مطبوع فی ذیل الاحیاء، ج٢، ص٢٤٣.

[4] الحدیث اخرجة النسائی والترمذی وصححة الحاكم من حدیث كعب، هذا ما اورده زین العابدین العراقی فی تخریجـة لأحادیـث طویـل، النـووي، ریـاض الصـالحین، ص ١٢٩ (بـاب الامربـالمعرووف..) وراه ابـو داود والترمذی.

[5] جزء من حدیث طویل، النووی، ریاض الصالحین، ص١٢٩ (باب الأمر بالمعروف..) رواه ابو داود

نوعمـانی کـوڕی بەشـیر لـە پێغەمبـەری خـوداوە (دروودی خـودای لەسـەر) دەگێڕێتـەوە: نمونـەی ئەوانـەی دەسـتبە شـەریعەتی خـوداوە دەگـرن و ئەوانـەی نایگرن، وەك ئەو خەڵکە وەهـان دەچـنە، کەشـتیەکەوە کـە تیایـدا شـەریکن، جـا بەشێکیان لەسەرەوە دەبن و بەشێکیشیان لە خوارەوە، ئەوانەی لە خوارەوەن کـە ئـاو دەبـەن بەسـەر ئەوانـەی لەسـەرەوەدا دەچـن، بۆیـە دەڵـێن: جـا ئەگـەر ئێمـە لەبەشـەکەی خۆمـان کونکـەین نابینـە ئەزیـەت بـۆ ئەوانـەی سـەرەوە، جـا ئەگـەر ئەوانەی سەرەوە لێیانگەڕێن خۆیان و هـەموو خەڵکەکـەش تیـا دەچـن، ئەگـەریش دەستیانبگرن وە نەهێڵن ئەوا خۆیان و خەڵکەکەش ڕزگاریان دەبێت.[1]

ئەم فەرموودەیە وێنەیەکی وردی بابەتەکە دەگرێت، کە ڕوایـەتی مـافی میللـەت دەردەخات لە چاودێریکردن و لێپرسینەوەی حوکمڕان وڕێگریکردنی لە ستەمکردن، چونکە مەسەلەی حوکم پەیوەستە بە هـەموو میللەتـەوە، بێدەنگیش لـە سـتەم و هـەڵکردن ئەنجامەکـەی ترسـناکە و کۆتاییەکـەی بـۆ سـتەمکار و ئەوانەشـی لێـی بێدەنگدەبن خراپە و زیانەکەی لە دونیا و قیامەتدا بەر هەموان دەکەوێت.

هـ ـ کۆمەڵێك فەرموودە هاتوون، ڕێگری دەکەن لە گوێڕایەڵیکردنی حوکمڕان لـە سەرپێچیکردنی پەروەردگاردا و گوێڕایەڵیکردنی بە حەرام دادەنێت:

ـ موسڵمان لەسەریەتی گوێڕاڵبێت لەوەی پێی خۆشە و ئـەوەش پێـی ناخۆشـە، جگە لە فەرمانێك کە سەرپێچی بێـت، ئەگـەر فـەرمانی سەرپێچـیکردنی پێکـرا نـە گوێگرتن هەیە و نە گوێڕایەڵی.[2]

---

[1] البخاری، الصحیح، ج١٣، ص١٢١ (کتاب الأحکام).

المراد بالقائم فی حدود الله: الذی یقیم اوامر الله ویذب عن محارمـة، والواقـع فیهـا الـذی یرتکـب المعاصـی والفواحش والظلم، (النووی، ریاض الصالحین، ص١٢٥).

[2] البخاری، الصحیح، ج١٣، ص١٢١ (کتاب الأحکام).

ـ پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) بەو هاوەڵانەی وت، کە ئەمیرەکەیان فــەرمانی پێکردبــوون دار کۆبکەنــەوە و ئــاگری تێبــەردەن و پاشــان فــەرمانی پێکردبوون بچنە ناوئاگرەکەوە، (ئەگەر بچونایەتە ناو ئاگرەکـەوە، نەدەهاتنـەدەر، چونکە گوێڕایەڵیکردن لە کاری چاکەدایە).[1]

**لقی سێهەم: کۆدەنگی**

زانایــانی ئیســلام فەرمانبــە چــاکەو ڕێگــری لــە خراپــە لەبــەرخاتری خــودا و ڕەزامەندی ئەو بەواجب دادەنـێن، بـە هەمووشـێوازێك کـە بتوانرێـت، زانایانێـك کـە حساب ناکرێن لەم کۆدەنگیە پەرتبوون، وەك: ئەسەم.[2]

**لقی چوارەم: گوفتار و ڕەفتاری هاوەڵان و جێنشینان**

چاودێریکردنی جێنشـینان و لێپرسـینەوەیان لەلایـەن ئوممەتـەوە واقیعێـك بـوو تیایدا دەژیان و جێنشینان بە مـافێکی پـارێزراوی ئوممـەتیان دادەنـا، ئەمـەش لـە هەڵسوکەوتی جێنشینەکاندا دەبینین:

**اـ لە سەردەمی جێنشینایەتی ئەبوبەکردا**

ـ لە یەکەم وتاریدا کە ئەبوبەکر کرا بەجێنشـین وتـی: خەڵکینـە، مـن کـراوم بـە کاربەدەسـتتان، بـەڵام چـاکترینتان نـیم، جائەگـەر بـاشمکرد هاوکـارمبن، ئەگـەر خراپیشمکرد گوێڕایەڵیم لەسەرتان نییە.[3]

---

[1] البخاری، الصحیح، ج١٣، ص١٢٢ (کتاب أحکام). مسام، الصحیح، ج٤، ص٥٠٤ (باب الامارة).
ئەم فەرموودەیە بە بنەما دادەنرێت لەم بابەتەدا و دەبێتە پێوەر و تەرازوو بۆ گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار کە دەبێت لەسەر بەرچاوڕۆشنی و هۆشیاری بێت.

[2] الغزالی، احیاء علوم الدین،ج٢،ص٣٠٦.ابن حزم، الفصل فی الملل والأهواء والنحل، ج٥، ص١٩.

[3] ابن قتیبة، الامامة والسیاسة، ض٢٧. الطبری، التاریخ، ج٣، ص٢١١. السیوطی، تاریخ الخلفاء، ص٦٨.

ئەم گوتارە بە دەستپێشخەریەکی گرنگی دەستوریی ئەژمار دەکرێت، سەبارەت بە مافی میللەت لە چاودێرکردن و لێپرسینەوە و ڕاستکردنەوەی حوکمڕاندا ئەگەر هەڵەیکرد، نابێت لە سەرپێچکردنی خودا و پێغەمبەرەکەیدا گوێڕایەڵی بکرێت.

ئەم مافە بە بەخششی ئەبوبەکر دانانرێت، بەڵکو مافێکی سەلمێنراوی چەسپیوی میللەتە و قورئان و سوننەت سەلماندویانە، ئەبوبەکر ویستی بۆ خەڵکەکەی دەرخات تا بەئەرکی بەرگریلێکردنی هەستن.

**ب ـ پێشەوا عومەریش ئەم مافەی بە ڕوون و ڕاشکاوی خستووەتە ڕوو**

ـــ لێی دەگێڕنەوە ئەو وتوویەتی: ئەگەر خواریەکتان تێدا بەدیکردم ڕاستمکەنەوە.[1]

ـ دەگێڕنەوە ویستویەتی مارەیی سنوردارکات و نەهێڵێت لە چوارسەد درهەم تێپەڕێت، چونکە خەڵك مارەییان زیادکردبوو، جا ئافرەتێك لە مزگەوتدا ڕەخنەی لێگرت وتی: ئەوە مافی تۆنیە، چونکە خودا دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾.[2] واتە: "ئەگەر ویستتان گۆڕینی ژنێك لە شوێن ژنێك و دابێتتان بە یەکێکیانماڵێکی زۆر (بە مارەیی) ئەوە مەیسەننەوە لێی هیچ شتیك، ئایا ئەو (مارەییە)یان لێ ئەسەننەوە بە بوختان کردن و تاوانێکی ئاشکرا (بەرامبەری ئافرەت)ەکە".

عومەر وتی: عومەری نەپێکا، ئافرەتێك پێکای.[3]

ـ دەگێڕنەوە کابرایەك بە پێشەوا عومەری وت: لە خودا بترسە، بەشێك لە ئامادەبوان ڕەخنەیان لێگرت و وتیان: بە گەورەی باوەڕداران دەڵێیت لە خودا

---

[1] انظر المعنى نفسة فى خطبة عمر. الطبرى، التاريخ، ج٥، ص٢٦.

[2] النساء: ٢٠.

[3] الباقلانى، التمهيد، ص١٠٩، وروى قول: (امراة اصابت ورجل اخطا، وامير ناضل فنضل).

بترسە؟ عومەر وتی: لێیگەڕێن با بیڵێت ئەگەر ئێوە نەیڵێن خێرتان تێدانیە، ئەگەر منیش گوێنەگرم خێرم تێدانیە.[1]

ـ تەبەری لە مێژووەکەیدا قسەیەکی پێشەوا عومەری بۆ کۆمەڵێك موسڵمان دەگێڕێتەوە: سوێند بەخوا حەزم دەکرد من وئێوە لە دوو کەشتیدابایین لە قولایی دەریا بە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا بمانهێنن و بمانبەن، ئەوەش نەدەبوە ڕێگر لەوەی کەسێك لە خۆیان بکەن بەکاربەدەستیان، جا ئەگەر ڕاست ڕۆشت شوێنیکەون، خۆ ئەگەر لایدا بیکوژن، تەلحە وتی: چ دەبوو ئەگەر بڵێی: ئەگەر خوار بوو لە کاری بخەن، وتی: نا، کوشتن پەند دەبێت بۆ ئەو کەسەی لەدوای ئەوەوە دێت.[2]

ـ قسەیەکی دیکەی بەناوبانگی عومەری هەیە: ڕەحمەتی خودا لە کەسێك عەیبەکانمان بەدیاری بۆ دەهێنێتەوە.[3]

## ج ـ پێشەوا عوسمانی کوڕی عەفان

ـ تەبەری دەڵێت: عوسمانی کوڕی عەفان کاتی ئاژاوەکە چووە سەر مینبەر وتی: ...من یەکەم کەسم پەندم وەرگرت، داوای لێخۆشبوون لە خودا دەکەم لەوەی کردومە منیش هەڵە دەکەم و پەشیمان دەبمەوە، کە لەم مینبەرە دابەزیم باپیاوە ژیرەکانتان بێن و رای خۆیانم پێ بڵێن، سوێند بە خودا ئەگەر کۆیلەیەك بمگێڕێتەوە بەرەو حەق وەك کۆیلە شوێنی دەکەوم وەك کۆیلەش ملکەچی دەبم...[4]

هەر پێشەوا عوسمان داوای لە خەڵکە گشتییەکە دەکرد کە لە مەوسیمی حەجدا بێن و هەموو خاوەن مافێك مافی خۆی وەرگرێتەوە.[5]

---

[1] رواه ابو يوسف عن بكر الهذلى عن الحسن البصرى (ابن يوسف، الخراج، ص١٢).

[2] محمد حميد الله، الوثائق السياسية للعهد النبوى الخلافة الراشدة، ص٤٠٦.

[3] الماوردى، نصيحة الملوك، ص٤٤. الباقلانى، التمهيد، ص١٨٥.

[4] الطبرى، التاريخ، ج٥، ص١١١.

[5] محمد حميد الله، الوثائق السياسية للعهد النبوى والخلافة الراشدة، ص٥٢٩.

- **پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالیب**

کاتێك جێنشینایەتی درا بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب، لەسەر ڕێبازی پێشوانی بەردەوام بوو، کە کاروبار بدرێتەوە دەست میللەت و مافی موسڵمانان کە چاودێریکردنی دەسەڵاتدارە بپارێزێت، لێی دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: وەك دەسەڵاتدارە زلەکان مەمدوێنن لێممەسڵەمێنەوە وەك لەوان دەسڵەمێنەوە، بەروپامایی تێکەڵیم مەکەن، واگومانم پێ مەبەن ئەگەر پێشتر حەقێکم پێ وترابێت ئێستا لام قورس بێت حەقەکەم پێ بوترێت یان دادگەریەکم پیشانبدرێت، بێگومان ئیشکردن بەو حەق و دادگەریەم لا سوکترە، بۆیە لە قسەی حەق وتن پرس و ڕای دادگەری وازمەهێنن، چونکە من لەسەروی ئەوە نیم هەڵە نەکەم و لە کرداری خۆیشم دڵنیا نیم مەگەر خودای پەروەردگار ئەمەم لەدەست بسێنێت بۆ کەسێکی لە من شایستەتر، چونکە منیش و ئێوەش بەندەین.[1]

هەر لە پێشەوا عەلیەوە دەگێڕنەوە کاتێك کاربەدەستیکی نارد بۆ میسر، رایسپارد وتی: دڵت هەستیارکە بە سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی بەرامبەر ئەو خەڵکەی دەبیتە کاربەدەستیان، مەبە بەدڕندەیەکی زیانبەخش فرسەت بهێنیت بۆ خواردنیان. دوای ئەوانیش جێنشینەکانی ئەمەوی و عەباسی دەبینین دەرفەتیاندەدا بە زانایان کە ڕای خۆیان دەربڕن و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکەن، بەرەو ڕووی جێنشینەکان قسەی حەق بەبێ ترس بکەن.

کتێبە مێژوییەکانیش پڕن لە ڕووداوی لەوشێوە، کە زانایان بەئەرکی ئامۆژگاریکردنی جێنشینان و کاربەدەستان هەستاون، ئەم کارەشیان جیگای ڕەزامەندی میللەت وزانایان بووە

---

[1] نهج البلاغة، ج١، ص٢٤.

**لقی پێنجەم: قسەی ڕاشکاوی زانایان لەسەر مافی میللەت لە چاودێریکردن و ڕاستکردنەوەی حوکمڕاندا.**

زانایـانی ئـەهلی سـوننەت لـە بابـەتی (پـارێزراوی پێشـەوا) کۆڵیونەتـەوە و وەڵامیانداوەتەوە و ڕۆڵی ئومەتیان ڕوونکردوەتەوە لـە چـاودێری و ڕاسـتکردنەوەی حوکمڕاندا، ئەمەش لە گوفتار و ڕەفتاری بەشێکی زانایان دەردەکەوێت:

ـ ئەبوبەکری باقلانی لە (التمهید) دەڵێـت: ئـەوەی دەبێتـە بەڵگـە کـە پێویسـت ناکات پێشەوا پارێزراو بێت و نادیار بزانێت و ئاگاداری هەموو ئـاین بێـت تـا هیچـی لەدەست دەرنەچێت، ئەو دانراوە بۆ جێبەجێکردنی حوکم وحدودە شەرعیەکان کـە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) هێناویـەتی پێشـتریش ئومـەتی لـیَ شارەزابووە، ئەویش لە هەموو ئەو کارانەی کە دەیگرێتە دەست وەکیلی میللەتـە و نوێنەرایەتیان دەکات، میللەتبش چاوی لێیەتی بۆ ڕاسـتکردنەوە و یادخسـتنەوە و ئاگادارکردنەوە و ماف لێوەرگرتنەوەی ئەگەر لەسەری بوو.[1]

دەشڵێت: ئەگەر لە شتێکدا هەڵەی کرد یان بە لاڕێیدا برد، میللەت لە دواوەیەتی بۆ ڕاستکردنەوە و دەستگرتنی بۆ بەجێهێنانی ئەرکی.[2]

بەغدادی لە کتێبـی (أصـول الـدین) دەڵێـت: زۆرینـەی ئوممـەت لەسـەر ئـەوەن پارێزراوی مەرجی پێغەمبەرێتیە نەك مەرجی پێشەوا، بەڵکو مەرجی ئەو دادگەریـە، جـا ئەگـەر لـە ڕواڵەتـدا بـەپێی شـەریعەت دادگـەریی کـرد ئـەوا کـاری پێشـەوایەتی ڕێکوپێکـە، خـۆ ئەگـەر لایـدا ئـەوا میللـەت دادەبارێنـە سـەری بـۆ ڕاسـتکردنەوەی هەڵکەی.[3]

---

[1] الباقلانی، التمهید ، ص١٨٤. ذکر ذلك فی باب الرد علی الشیعة فی وجوب عصمة الامام.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٦.

[3] البغدادی، اصول الدین، ص٢٧٨.

ئیبن حەزم دەڵێت: واجب ئەوەیە ئەگەر شتێك ستەمكرا یا كەم و كورتییەك پەیدا بوو، قسە لەگەڵ پێشەوا دەكرێت و ڕێگەی لێدەگیرێت، جا ئەگەر قبووڵی كرد و بۆ حەق گەڕایەوە و ملكەچی بوو ڕێگا نادرێت لابدرێت بەپێشەوایەتی وەك خۆی دەمێنێتەوە درووست نییە لابدرێت.[1]

غەزالی بەشێكی تایبەتكردووە بە دانانی دەسەڵاتداران و فەرمانكردن پێیان بە چاكە و ڕێگرلێكردنیان لە خراپە[2]، دەڵێت: ئەركی زانایە كە ئامۆژگاری دەسەڵاتدار بكات كە دەچێتە لای و لە خودای بترسێنێت، لەستەمكردن ئاگاداری بكاتەوە و ڕێنمونی ڕێگای بەرژەوەندی بكات.

## بەندی دووەم: میللەت چۆن ڕۆڵی چاودێری و لێپرسینەوە بگێرێت

### یەكەم: لە ڕێگای نوێنەرانی گەلەوە

ئەركی لێپرسنەوە و ڕاستكردنەوەی حوكمڕانی لەسەر كۆی میللەتە، وەك لە دەقەكاندا بینیمان كە ڕوویان لە میللەت دەكرد بەگشتی جێبەجێكردنی ئەمەش بەوە دەبێت نوێنەرانی میللەت كە زانایان و خاوەن بیروڕا و براگەورە و خەڵكی دیارن یان ئەنجومەنی راوێژن، كە پێشتر باسمانكردو بەهەڵبژاردن دەستنیشان دەكرێن پێی هەستن.[3]

ئەم شێوازەش لەگەڵی ئەو بیروڕایەدا دەگونجێت، كە دەڵێت: فەرمانبە چاكە و ڕێگریكردن لە خراپە فەرزی كیفایەیە نەك فەرزی عەین، واتە ئەگەر كۆمەڵێك پێی

---

[1] ابن حزمن الملل ولأهواء والنحل، ج٥، ص٢٨.

[2] الغزالی، احیاء علوم الدین، ج٢، ص٣٤٣.

[3] لقد تم بحث موضوع ممثلی الأمة اهل الحل والعقد فی الفصول السابقة.

هەستان لەسەر ئەوانی دیکەش دەکەوێت،[1] وەك ئایەتەکە دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾.[2] واتە: "ئەبێ لە ناو ئێوەدا کۆمەڵێك ببێت، بانگەواز بکەن بۆ چاکە فەرمان بدەن بە هەموو چاکەیەك و بەرگری بکەن لە هەموو خراپەیەك". جا ئەگەر میللەت ئەمەی دایە دەست کۆمەڵێك، ئیتر لەسەریان پێویستە و ناچێتە سەر کەسی دیکە، لە دونیا و قیامەتیشدا لای خەڵك و لای خودا ئەوانە بەرپرسیارن.

ئەنجومەنی ڕاوێژ لە دەوڵەتی ئیسلامدا دەسەڵاتی لێپرسینەوە و چاودێری و ڕاستکردنەوەی هەیە، بەپێی دەستور و یاسا، بۆیە ئەو لایەنی دیاریکراوە بۆ هەستان بەم ئەرکە، ئەم بابەتەش پێویستی بە ڕێکخستنێکی ورد هەیە کە دەبێت یاسای و کارنامە و سیستەم و ڕێنمایی بۆ دەرچێت تا پرۆسەی چاودێری ڕوون بێت لای حوکمڕان و ئەنجومەنی ڕاوێژ و هەموو میللەتیش.

**دووهەم: چاودێری تاکیی و جەماوەریی.[3]**

هەموو تاکێکی میللەت کەلێنێکی پڕکردوەتەوە و لەبەردەم پەروەدگاردا بەپێی توانای لە بابەتی فەرمان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپەدا بەرپرسیارە، چونکە ئەم ئەرکە ئەگەر کەموکورتی تێدا کرا لە بەڕێوەبردنی مافی خودایی یان میللەتدا ئیتر ئەرکەکە دەکەوێتە سەر هەموان.

پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ئەوەی لە ئێوە خراپەیەکی دی بابەدەست بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی بەزمانی، خۆ ئەگەر هەرنەیتوانی بەدڵ، کە ئەمەیان لاوازترینی باوەڕە.[1]

---

[1] الغزالی، احیاء، علوم الدین، ج٢، ص٣٠٧.ابن تیمیة، الحسبة، ص٦١. الماوردی. الأحکام السلطانیة، ص٢٤٠، الفراء الأحکام السطانیة، ص٢٨٤

[2] ال عمران: ١٠٤.

[3] لە دەروازەی دووهەمدا بەشێکیان تەرخان کردووە بۆ ئەم بابەتە لەبەر گرنگییەکەی .

ئـەم فەرموودەیـە بەڵگەیەکـە هـەموو ئادەمیزادێك بـەپێی توانـا لێپرسـراوە لـە گۆڕینی و نەهێشتنی خراپـەدا. کـە پێناخۆشـبوونی دەروونیـیش بـەولاوە پلەیـەکی دیکە نییە.

بە ئیبن مسعود وترا: لەناو زیندواندا مردوان کێن؟

وتی: ئەوەی بە چاکە چاکە نەڵێت و خراپەش بە خراپە نەڵێت.(٢)

پەیوەست بە خراپەکاری کاربەدەست و دەسەڵاتداران، غەزالی دەڵێت: بەپوختی ئەو دووپلەیە کە باسکردن و ئامۆژگاریکردنە، بەڵام لادانی بەزۆرکاری بۆ تـاك تـاکی خەڵکی بەرامبەر دەسەڵاتداران نییە، چونکە ئەوە ئاژاوە و پشـێوی بـەرپا دەکـات، ئەوی لێی دەکەوێتەوە لەم خراپترە.(٣)

ڕۆڵـی تاکـەکانی کۆمەڵگـە لـە بابـەتی چـاودێکردنی حوکمڕانـان ئامۆژگـاری و قسەکردن و زاتکردنی وتنی حەق و سازش نەکردن و بێدەنگنەبوونە لە ناحەق.

پێغەمبـەری خـودا دەفـەرموێت: "باشـترین جیهـاد قسـەی حەقـە لەبـەردەم دەسەڵاتداری ستەمکاردا".(٤)

دەشـفەرموێت: "سـەروەری شـەهیدان حـەمزەی کـوڕی عەبدولموتەلیبـە و کەسێکیشە لـە دەسـەڵاتداری سـتەمکار هەسـتێتەوە و فـەرمان و ڕێگـری لێبکـات، ئەویش بیکوژێت".(٥)

---

[١] مسلم، الصحیح، ج٢، ص٢٢. الترمذی، الصحیح، ج٢، ص١٩.

[٢] ابن تیمیةن الحسیة، ص٦٣.

[٣] الغزالی، احیاء علوم الدین، ج٢، ص٢٤٢.

[٤] الترمذی، الصحیح، ج٢، ص١٩. ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٢٩.

[٥] اخرجة الحاکم من الحدیث جابر، وقال صحیح الاسناد زین العابدین ابر الفضل العراقي، انظر المغنـی عـن حمل الأسفار فی الأسفار، ج٣، ص٣٢٣، مطبوع بذیل الاحیاء.

ئەم فەرموودانە جەخت لە مافی میللەت دەکەنەوە لە چاودێریکردنی تاکیدا، ناش بێت کەمتەرخەمی بکرێت و بەتەنها بدرێتە دەست دەسەڵاتی یاسادانان، ئەمەش لە بابەتی ئازادیی ڕادەربڕینە کە بۆ هەموان پارێزراوە وەك لە بەشی پێشودا باسمانکرد، ئەم چاودێریە جەماوەریە چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:

- چاودێریکردن لە ڕێگەی حزبی سیاسی و ڕێکخراو و دەستەی نوێنەرایەتیە جیاوازەکان.[1]

بەسودترینی شتی حزب ڕۆڵگێڕانیەتی لە چاودێریکردنی دەسەڵات و ڕەخنەگرتنیەتی لە کارەکانی و خستنیانەبەر یاسایە لە پێناو دڵنیابوون لە ڕەوایتیان. خۆ ئەگەر حزبەکان بەفەرمی دەسەڵاتی لێپرسینەوەو راستکردنەوەی دەسەڵاتی ڕاپەڕندنیان نییە، بەڵام ئازادیی قسەکردن و رادەربڕینیان هەیە، دەشتواتن هاووڵاتیان ئاگادار و هۆشیارکەنەوە لەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر ئازادییە سیاسییەکان ڕوو دەدەن.[2]

بەتەنیشت حزبە سیاسییەکانەوە رێکخراوی تایبەتمەند بە پاراستنی ماف و ئازادیی هاووڵاتیان هەن، کە خۆبەخشانە رۆڵی گرنگ دەبینن لە خزمەتکردنی بابەتی ئازادییەکان و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان سەبارەت بە ئازادی و مافەکانیان، هەروەها ڕۆڵی چاودێریش دەبینن بەسەر هەر پێشێلکاریەك کە دەسەڵات ئەنجامی بدات.

جگە لە حزب و رێکخراوەکان کۆمەڵە و سەندیکاش هەن بۆ چین و توێژەکانی هاووڵاتیان، کە بەپلەی یەکەم ئامانجی پاراستنی ماف و ئازادیی ئەندامەکانیانە،

---

[1] لقد تم بحث الأزاب السياسية فى فصل مستقل.

[2] منيب محمد ربيع، ضمانات الحرية فى مواجهة سلطات الضبط الادارى، ص٢٩٩.

لەبـەرگریلێکرنیان لـە هـەر دەسـتدرێژی و پێشـێلکاریەکی یاسـایی کـە دەسـەڵات بەرامبەریان دەیکات لە دەستورو یاسادا بڕیاریان بۆ دراوە.

وەك: سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، سەندیکای پـارێزەران، سـەندیکای کرێکـاران، سەندیکای ئەندازیاران و پزیشکان و.......

## چاودێری تاکی

ڕۆڵی تاکیش لەم بوارەدا گاڵتـەی پێناکرێـت، کـە بەتـەنها چـاودێری دەسـەڵاتی حـوکمڕان دەکـات و لـەو بابەتانـە دەپرسـێتەوە کـە پەیوەسـتن بـە خـۆی و کۆمەڵگاکەیەوە. لەڕاستیدا دەبێت بوار بدرێت تاك مومارەسەی مافی خۆی بکات لە ڕادەربڕینی ئازادانە کـە دەسـتور پاراسـتویەتی، بـەو مـەرج و شـێوازانەی کـە بـۆی ڕێکخراوە.[1]

جا ئەگەر تاك پاسەوانی مافەکانی خۆی بکات، پارێزگاری لە ئازادییەکانی بکات و بتوانێت بەرگریان لێبکات، بیگومان ماف و ئازادییەکان پارێزراو دەبن، دەسـەڵات ناتوانێت دەستدرێژیان بکاتە سەر، ئەمە گەورەترین و بەهێزترین گرەنتی پاراسـتن ماف و ئازادییەکانی میللەت دەبێت، چونکە سازشکردن و کەمتەرخەمی تاکەکان بۆ پاراسـتنی مـاف و ئـازادی دەبێتـە هـۆی بێسـەرەوبەریەکی گشـتی و دەسـەڵات هاندەدات کـە پێشـێلیان بکـات، پـەروەردگار جـوان وەسـفی فیرعـەون قەومەکـەی لـەوبارەوە کـردوە ﴿فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُ فَأَطَاعُوهُ﴾[2] واتـە: "گەلەکـەی هەڵخەلـەتان و ئەوانیش گوێڕایەڵیان کرد". ئەم ئایەتە نەخشە ڕێبـازێکی گشـتی دا دەڕێـژێت، لـە مامەڵەکردنی جەماوەر و گـەلان بەرامبـەر مـاف و ئازادییـەکانیان، کـە هـەر گـەلێك

---

[1] انظر فصل الرى من هذة الرسالة، ص٣٢٢ وما بعدها.

[2] الزخرف: ٥٤.

کەمتەرخەمبوو لە بەدەستخستنی مافەکانیـدا و ئامادەنـەبوو بیپارێزێـت و بـەرگری لێبکات، ئەوا دەسەڵاتدار و ملهوڕان هاندەدات سوکیان کەن و بیانکەن بـە کۆیلـەی خۆیان، هەرچەندە خۆشیان تاکێکن وەك ئەوان و هیچیان لێیان زیاد نییە.

پێغەمبـــەری خـــودا (دروودی خـــودای لەســـەر) دەفـــەرموێت: هـــەمووتان سەرپەرشتیارن و هەمووشتان بەرپرسیارن لەوانەی سەرپەرشتیان دەکەن.[1]

ئەم فەرموودەیەش نەخشە و ڕێبازێکی گشتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دادەڕێژێت، کە دەبێت بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن ئەرکی خۆیان لەپڕکردنەوەی کەلێنەکان و پاسەوانێتی مافەکانیان بەجێبهێنن، هیچ تـاکێکی کۆمەڵگـە نابێـت پێگەیـەکی لـەم لەئەستۆگرتنەی بەرپرسیارێتیەدا نەبێت، بەپێی توانا و لیهاتوویی خۆی.

[1] ابن حجر، فتح الباری شرح صحیح البخاری، ج١٣، ص١١١ (كتاب الأحكام).

# باسی دووهەم: مافی میللەت لە لادانی سەرۆکی دەوڵەت

**پێشدەستی**

**بەرئەنجامێك کە لە بەشەکانی رابردوودا پێیگەیشتین و لێی دڵنیابوینەوە**

ئەوەیە: کە میللەت خاوەنی دەسەڵاتی کرداریی ئیداری و حوکمڕانی و پاراستنی مافەکانە، چونکە گوتاری شەریعەت بەشێوەیەکی گشتی روو لە ئەو دەکات، کە فەرمانەکانی شەریعەت جێبەجێبکات و مەبەستەکانی بپارێزێت، بۆیە ئەو ڕاسپێرراوەکەیە، خودای مەزن پارێزراوێتی بەئەو بەخشیوە، پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "ئوممەتی من پێکەوە لەسەر گومڕای کۆنابنەوە". [1]

هەروەها شەریعەت ئەو بابەتانەی کە دەقی قورئان و سوننەتیان لەسەر نەهاتوون و ئوممەت تیایاندا یەکدەنگە بە سەرچاوەی سێهەمی خۆی دادەنێت بەڵگەی یەکلاکەرەوەن ئەگەر مەرجەکانی تێدا بوو. [2]

هەموو ئەهلی سوننەت یەکدەنگن کە پاش پێغەمبەری خودا پارێزراوی بەکەس نەبەخشراوە، چەند پێگەو پلەی بەرزبێت ئەگەری هەڵە و لەبیرچوونەوەی هەیە، بۆیە قسەکانی وەردەگیرێن و رەتدەکرێنەوە با لە هاوەڵە بەڕێزەکانی وەك ئەبوبەکر و عومەریشن. [3]

---

[1] الترمذی، الصحیح، ج٩، ص١١.

[2] یعرف الاجماع بانة اتفاق مجتهدی امة محمدن صلی الله علیه وسلم، فی عصر من العصور علی حکم شرعی الأمر عملی لم یرد به نص فی التاب والسنة انظر شرح التلویح علی التوضیح لمتن التنقیح، ج٢، ص٤١.

[3] بهذا الأمر محل اتفاق عند اهل السنة والجماعة وخالف ذلك الشیعة المامیة الذین قالوا بعصمة الأئمة.

شـەریعەت مـافی داوە بەمیللـەت، جێنشـین دابنـێن، چـاودێریی بکـات، لێـی بپرسێتەوە و ڕاستی بکاتەوە، مافی پێداوە ڕاوێژی پێبکرێت، لەسەری فـەرزکردووە فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە بکات و لە چاکەدا گوێڕایەڵی کاربەدەستان بێت، لە هەموو ئەمانەوە دەگەینە ئەوەی کە شەریعەت مـافی بەمیللـەتیش داوە کۆتـایی بە گرێبەستی جێنشینایەتی بهێنێت و جێنشین بەرکـەنار بکـات، بـەپێی بەرنامـەی شەریعەت و دوور لە زۆرەملێ ئەگەر پێویستی کرد.

## بەندی یەکەم: ئەو بنەمایانەی پشـتی پێدەبەسـترێت لەسـەر مـافی میللـەت لەبەرکەنار خستنی سەرۆکی دەوڵەتدا

### بنەمای یەکەم:

بەرپرسـیارێتی چەسـپاندنی سیسـتەمی حـوکمی ئیسـلامی لـە ئەسـتۆی کـۆی میللەتدایـە، پـەروەردگار هـەموو بـاوەڕداران دەدوێنێـت، میللـەتیش کەسـێك دەکاتـە وەکیلی خۆی بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەم واجبـە، کەواتـە جێنشـین وەکیلـی میللەتـە و لـە هـەموو هەڵسـوکەوتوو دەسـەڵاتەکانیدا لـە چوارچـێوەی جێنشـینایەتی نوێنەرایـەتی نوێنەرایەتیان دەکات. هەندێك لە زانایان بەم شێوە ئەم جۆرە ئەرکە فیقهیە سـەبارەت بـە مەسـەلەی جێنشـینایەتی دەردەبـڕن: هەڵسـوکەوتی جێنشـین لەگـەڵ خەڵکـدا بەوەکالەتە، ئەو وەکیلی موسڵمانانە، بۆی هەیـە خـۆی بەرکـەنارکات وئـەوانیش بۆیـان هەیە بەرکەناری بکەن، ئەمە بۆچوونی ئیبن ڕەجەب و قازی ئەبویەعلا و ئامێدیە.[1]

زانایـانی موسـڵمانیش یەکـدەنگن کـە شـێوەی دامەزرانـدنی جێنشـینایەتی بـە هەڵبـژاردنی ئوممـەت دەبێـت،[2] کەواتــە لەســەر ئــەم بنەمایــە میللــەت مــافی

---

[1] ابن رجب الحنبلی، القواعد، ص١١٣.

[2] بۆ ئەم باسە بە درێژی سەیری بەشەکانی پێشوو بکە (ل١٣٩)، کە ئیمامی حەرەمین لـە کتـێبی (غیـاپ الٌمم) ل٤٢، کۆدەنگیی دەگێڕنەوە، زۆر لە نووسـەرانی هاوچـەرخیش باسـیان لـە لادانـی خەلیفـەکردووە لەوانە: عبد الرزاق السنهوری، فقة الخلافـة وتطورهـا، ص٢٥٥ ومـا بعـدها. صـلاح الـدین دبـوس، الخلیفـة

بەرکەنارخستنی جێنشینی هەیە ئەگەر پێویستی کرد، چونکە ئەوەی مافی دانانی هەبێت مافی لادانیشی هەیە. ئێمە بینیمان شەریعەت مافی دا بەمیللەت، جێنشین دا نێت، مافی چاودێریکردن و لێپرسینەوە و ڕاستکردنەوەشی پێدا، کەوایە مافی، بەرکەنارخستنیشی هەیە ئەگەر پێویستی کرد، زانایانیش یەکدەنگن کە ئەم مافە تایبەت نییە بە کەسێکی دیاریکراو یان بنەماڵەیەك، هیچ دەقێك و ڕاسپاردەیەك لەو بارەوە نەهاتووە، ئەمە پوختەی بۆچوونی ئەهلی سوننەتە، کە شیعە لەمەدا پێچەوانەیانن.

**بنەمای دووهەم:**

جێنشینایەتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا گرێبەستێکە لە نێوان میللەت و حوکمڕاندا کە لە ڕێگەی پەیمانبەستنەوە دادەمەزرێت[1]

بەپێی ئەم گرێبەستە هەر لایەنێك کۆمەڵێك ئەرك و مافی بۆ فەراهەم دەکرێت، جا ئەرکی پێشەوایە ئاین پارێزبێت و حوکمەکەی جێبەجێکات و پارێزگاری

---

تولیته وعزله ص٣٦٨، وما بعدها محمود المرداوی، الخلافة بین التنظیر والتطبیق ص٣١١، ومابعدها. علی جریشة ، المشروعیة الاسلامیة العلیا، ص٢٦٩، ومابعدها. منیر البیاتی، الدولة القانونیة والنظام السیاسي الاسلامی، ص٣٧٩ ، وما بعدها. یحیی اسماعیل، سعدی ابو جیب، دراسة فی منهاج الاسلام السیاسی ص ٣٨٣ وما بعدها منهج السنة فی العلاقة بین الحاکم والمحکوم، ص٢١٦.مصطفی حلمی، نظام الخلافة بین اهل السنة والشیعة، ص٩٩. حسن صبحی عبد اللطیف، الدولة الاسلامیة وسلطتها التشریعیة، ص٢١٠ وما بعدها. ظافر القاسمی، نظام الحکم فی الشریعة والتاریخ الاسلامی، ص٣٧٧. سلیمان الطماوی، السلطات الثلاث، ص٤٥٢.

[1] ئیبن خەلدوون لە مانای پەیماندان‌دا دەڵێت: بزانە پەیماندان بەڵێندانە لەسەر گوێڕایەڵی، پەیماندەر بەڵێن دەدا بە ئەمیرەکەی کە لە کاروباری خۆی و موسڵمانان‌دا تەسلیمی بێت و شانەخڕێی لەگەڵ نەکات، هەرچی پێدەڵێت بە قسەی بکات لە خۆشی و ناخۆشیدا، جا کە ئەو پەیمانەیان دەدا بە ئەمیر دەستیان دەخستە ناو دەستی، وەك جەختکردنەوە لە پەیماندانەکە، ئەوە وەك کڕیار و فرۆشیار، بۆیە ناونراوە (البیعە) واتە مامەڵەکردن. المقدمة، ص٢٠٩. السنهوری، انظر فقه الخلافة، ص١٤٣.

لەسەروەری موسڵمانان و سنورەکانیان بکات، لە بەرامبەریدا ئەرکی میللەتیشە گوێڕایەڵی و پشتیوانی پێشەوا بن.[1]

لە پێشەوا عومەرەوە دەگێڕنەوە هەرکاتێك هەستی بە قورسایی بەرپرسیارێتیەکە دەکرد، بە موسڵمانی دەووت: پەیمانەکەم لێسێننەوە، ئەوانیش دەیانووت: نە لێتوەردەگرینەوە نە ڕەتتدەکەینەوە.

ئیبن ئیسحاق لە ئەبو بەکرەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: "لامبدەن من باشترینتان نیم".[2] ئەمە مانای وایە میللەت دەستلەکارکێشانەوە وەردەگرێت وەك چۆن گرێبەستی جێنشینایەتی دامەزراند.

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: هەرکەسێك دەستی لە گوێڕایەڵی دەرهێنا، لە ڕۆژی قیامەتدا دەگاتە پەروەردگار و هیچ بەڵگەیەکی پێنیە، هەرکەسێکیش مرد پەیمانێك لە گەردنیدا نەبوو بە مردنێکی نەفامانە دەمرێت.[3]

جا ئەگەر پێشەوا مەرجەکانی گرێبەستەکەی بەجێنەهێنا، پێویستە گرێبەستەکە هەڵوەشێنرێتەوە، بە تەنها میللەتیش لەڕێگەی ئەنجومەنی راوێژوە مافی هەڵوەشاندنەوەکەی لە ئەستۆ دەگرێت، جوینی ڕاشکاوانە ئەمە ڕووندەکاتەوە: ئەگەر بوترێت کێ لایبدات؟ دەڵێین: بەرکەنارکردن بەدەست کەسێکە گرێبەستەکەی ئەنجامداوە، پێشتریش باسمان لەم دوو گرێبەستانەکرد.[4]

---

[1] واجبات الامام وحقوقه، الماوردی، الأحكام السلطانية، ص١٥ـ ١٦. ابو يعلى، الأحكام السلطانية، ص٢٧ـ٢٨. غياث الامم، ص٢٣٦.

[2] ابن هيشام، السيرة النبوية، ج١ ، ص٦٦٠. الطبری، التاريخ، ج٣، ص٢٠٣. الباقلانی، التمهيد، ص١٩٥.

[3] مسلم، الصحيح، ج٤، ص٥١٧ (كتاب الامارة).

[4] الجوينی، غياث الأمم، ص٩٦. الباقلانی، التمهيد، ص١٨٤. صلاح الدين دبوس، الخليفة توليته وعزله، ص٣٩٦ وص٢٠٦. منير البيانی، الدولة القانونية، ص٣٨١. محمود المرداوی، الخلافة بين التنظير والتطبيق، ص٣١٧. مصطفى حلمی، نظام الخلافة بين اهل السنة والشيعة، ص ٢٤. عبد الرزاق السنهوری، فقة الخلافة، ص٢٤٧ ومابعدها. على جريشة المشروعية الاسلامية العليا، ص ٤٣.

**بنەمای سێهەم:**

بنەمای گوێڕایەڵی لە باشەکردندایە، پەروەردگار گوێڕایەڵی کاربەدەستانی لەسەر موسڵمانان واجبکردووە ﴿أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾.[1] واتە: "ئەی کەسانیك کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، پاشانیش گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانی خۆتان بن".

پێغەمبەری خوداش (دروودی خودای لەسەر) لە ژمارەیەك فەرموودەدا جەختی لێکردوەتەوە، ئیبن کەسیر دەڵێت: فەرموودە و دەق لەسەر گوێڕایەڵیکردنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین و پێشەوایان کە فەرمان بەگوێڕیەڵی خودا دەکەن زۆرترن لەوەی لێرەدا کۆبکرێنەوە.[2]

**بەشێك لەو فەرموودانە:**

ئیبن عومەر لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خودای لەسەر) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: گوێگرتن و گوێڕایەڵی واجبە ئەگەر فەرمان بەگوناهی تێدانەبێت، ئەگەر فەرمان بەگوناهکردنی تێدابوو نەگوێگرتن و نەگوێڕایەڵی هەیە.[3]

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "ئەوەی گوێڕایەڵی من بوو وەك ئەوە وایە گوێڕایەڵی خودابوبێت، ئەوەشی سەرپێچی من بکات کەواتە سەرپێچی خودای کردوە، هەرکەسیش گوێڕیەڵی کاربەدەستێکم بوو ئەوە گوێڕایەڵی من بووە، هەرکەسیش سەرپێچی کاربەدەستێکمی کرد ئەوە سەرپێچی منی کردووە".[4]

---

[1] النساء: ٥٩.

[2] ابن كثير، التفسير، ج٣، ص٢٩٩.

[3] البخاری، الصحيح، بشرح فتح الباری، ج٦، ص١١٥ (كتاب الجهاد) باب السمع والطاعة للامامز

[4] البخاری، الصحيح، ج٦، ص١١٦. مسام، الصحيح بشرح النووی، ج١٢، ص٢٢٣, كتاب الامارة (قباب وجوب طاعة الأمراء فی غير معصية). الشوكانی، نيل الأوطار، ج٧، ص٣٥٧.

نەوەوی کۆدەنگی لەسەر واجبوونی گوێڕایەڵیکردنی کاربەدەستان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: زانایان کۆدەنگی واجبێتی گوێڕایەڵی بەومەرجەی لە گوناهدا نەبێت، کۆدەنگیشن کە حەرامە لە سەرپێچیکردندا بەقسەیان بکرێت، ئەم کۆدەنگیە لە قازی عەیاز و ئەوانی دیکەشەوە گوازراوەتەوە.[1]

مەبەست لە (وەلی ئەمر) ئەو کاربەدەستانەن کە خودا گوێڕایەڵیانی واجب کردووە. ئەمە قسەی زۆرینەی سەلەف و خەلەفی موفەسیرین و زانایان و ئەوانی دیکەشە. وتراویشە وەلی ئەمر زانایانن یان کاربەدەست و زانایانایانن، بەڵام ئەوەی وتوویەتی هاوەڵانن هەڵەی کرد.[2]

بنەمای گوێڕایەڵی کاربەدەستان لە شەریعەتی ئیسلامیدا بنەمایەکی سەرەکیە، بەڵام پێویستە ئەم بنەمایە لە سۆنگەی ئەو دەقانەوە بێت لەم بابەتەدا هاتوون لە فەرموودەی پێغەمبەری خودا و (درودی خودای لەسەر) گوێڕایەڵی کاربەدەستان مەرجدارە بە کۆمەڵە مەرجێك ئەمانە گرنگەکانیان:

یەکەم: گویڕایەڵی بۆ ئەو کاربەدەستە موسڵمانانەیە کە بەشەریعەتی خودا حوکم دەکەن و دادگەرن و مافی خەڵك دەدەنەوە ئەمەش لەو ئایەتەوە وەردەگیرێت کە دەفەرموێت: ﴿وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾،[3] واتە: موسڵمانان لە خۆتانە، نەك لە کەسیتر، دەشفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا﴾،[4] واتە: "ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە بەلای ئەوانەی وا خۆ نیشان دەدەن کە بەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناوە بەوەی دابەزیوە بۆتۆ و بەوەش

---

[1] النووی، شرح علی مسلم، ج١٢، ص٢٢٢.

[2] هذا ما نقلة الامام النووی فی شرحه علی مسلم، ج١٢، ص٢٢٣. الطبری، التقسیر، ج٥، ص٩٥.

[3] النساء: ٥٩.

[4] النساء: ٦٠.

که پێش تۆ دابەزیوە، دەیانەوێت کە داد بەرن بۆ لای یەکێك کە حوکم بە بەرنامەی خودا ناکات، لەکاتێکدا بەڕاستی فەرمانیان پێ کراوە کە بڕوایان پێی نەبێت، وە شەیتان دەیەوێت کە گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی دوور لە ڕاستی". باوەڕبوون پێویست دەکات لەسەر موسڵمانان کە لە حوکم کردندا بگەڕێنەوە سەر قورئان و گوێڕایەڵی ئەوانە بن کە بە شەریعەت حوکم دەکەن، لەسەر موسڵمانیشە گەڕانەوە بۆ حوکمی جگە لە شەریعەت ڕەتکاتەوە.[1]

خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ﴾،[2] واتە: "بەڕاستی خودا فەرمانتان پێ دەکات بە دانەوەی گشت سپاردەکان بۆ خاوەنەکانیان، کاتێك دادوەریتان کرد لە نێوان خەڵکیدا بە داد حوکم بکەن". ئەمانە حوکمڕان و کاربەدەست و دەسەڵاتدارانن و ئەمەش ئەرکیانە بۆ ئەوەش دانراون، جا ئەگەر ڕاسپاردەکەیان بەجێنەهێنا و دادگەرنەبوون و ستەمیان ڕەتنەکردەوە و دین و دنیای خەڵکیان نەپاراست، ئەوا شەرعیەتیان نامێنێت و دەبێت بگۆڕێن.[3]

دووهەم: گوێڕایەڵی لە باشە و کاری خێر و بەجێهێنانی بەرژەوەندی دین و دنیای میللەت و تاکەکانیدایە، گوێڕایەڵی لەسەرپێچی و خراپەدا درووست نییە.

لە فەرموودەدا هاتووە، کە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) کابرایەکی پشتیوانانی کرد بە بەرپرسی کۆمەڵێك موسڵمان، ئەویش لێیان توڕەبوو، فەرمانی پێکردن دارکۆبکەنەوە ئەوانیش کۆیانکردەوە، پاشان فەرمانی پێکردن ئاگری پێوە

---

[1] الزمخشری، الكشاغ، ج١، ص٥٣٠. التفسير الكبير، ج٥، ص٨٩.

[2] النساء: ٥٨، قال ابن العربی: هذه الاية عامة فی اداء الأمانة والحكم لكل ولاية ولكل الخلق، فاذا فعلوا ذلك وجبت لهم الطاعة والنصره، ابن العربی، احكام القران (ج١، ص٤٥٠).

[3] محمد ضياء الدين الريس، النظريات السياسية الاسلامية، ص٢٨٩. سعدي ابو جيب، دراسة فی مناهج الاسلام والسياسی، ص٢٩٧ وما بعدها.

بنێن، ئاگریان پێوەنا، پاشان فەرمانی پێکردن خۆیان بخەنە ناوی بەقسەیان نەکرد، کە هاتنەوە ئەمەیان بۆ پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: ئەگەر بچونایەتە ناوی تا ڕۆژی قیامەت نەدەهاتنەدەر لێی، گوێڕایەڵیکردن تەنها لە چاکەدایە.(١)

ئەم فەرمموودە ڕێبازێکی گشتی دادەڕێژێت لە گوێڕایەڵیکردنی کاربەدەستاندا،کە گوێڕایەڵیەکی بەرچاو ڕونانەیە و کوێرانە نییە، واتە: دەبێت کاروبار بەپێی شەریعەت بپێورێت و عەقڵ بخرێتە کار بۆ تێگەیشتن لە ماناو مەبەستەکان، بۆ ئەوەی مەبەستی شەریعەت لە هەموو گەورەو گچکەیەکدا بەدی بێت.

ئیبن قەیم دەڵێت: ئەم فەتوایە گشتییە بۆ هەرکەسێك فەرمانی سەرپێچیەکی کرد، جا هەرکەسێك بێت، تایبەت ناکرێت.(٢)

ئەم گوێڕایەڵی نەکردنە کۆدەنگی لەسەرە و بەڵگەی یەکلاکەرەوە بڕیویەتیەوە، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: گوێڕایەڵی لەسەرپێچیکردندا نییە، گوێڕایەڵی لە گوێڕایەڵیدایە، گوێڕایەڵی لەسەرتان پێویستە بەومەرجەی فەرمانتان بەسەرپێچیەك پێنەکرێت، ئەگەر فەرمانێکی وەهاتان پێکرا گوێگرتن و گوێرایەڵی مەبن.(٣)

ژمارەیەکی زۆری زانایان لەم بارەوە کۆدەنگی دەگێڕنەوە.(٤)

---

[١] البخاری، الصحیح،ج١٣، ص١٢٢ (کتاب الأحکام). مسلم، الصحیح، ج٤، ص٥٠٤ (کتاب الامارة). النسائی، السنن، ج٧، ١٤٢ (کتاب البیعة).

[٢] اعلام الموقعین، ج٤، ص٤٠٠، وقد شرح الشوکانی هذا المعنی فی نیل الأوطار، ج٧، ص٣٦٠.

[٣] البخاری، الصحیح (باب الاحکام)، ج١٣، ص١٢١، مسلم، الصحیح، ج١٢، ص٢٢٢.

[٤] ابن حزم، الفصل فی الملل والاهواء والنحل، ج٥، ص٢٥. یحیی اسماعیل، منهج السنة فی العلاقة بین الحاکم والمحکوم، ص٢٩٥.

## بەندی دووهەم: وتەی پێشەوا و زانایان لە مەسەلەی بەرکەنارکردنی جێنشیندا

زانایانی ئوممەتی بابەتی بەرکەنارخستنی خەلیفەیان کۆڵیوەتەوە، بەتایبەت لە کتێبەکانی عەقیدەو زانستی کەلامدا، کە زۆرینەی هەرەزۆری زانایانی ئەهلی سوننەتی دەڵێن: پێشەوا پارێزراو و بێ هەڵە نییە، دەبێت ملکەچی لێپرسینەوە و چاودێری و ڕاستکردنەوە بێت، خۆ ئەگەر کارێکی ئەنجامدا شایستەی بەرکەنارخستنبوو پیویستە بەرکەناربخرێت، لێرەدا کۆمەڵێك لە قسەکانیان لەوبارەوە دەهێنین:

ئەبوبەکری باقلانی لەبابەتی ئەوەی بەرکەنارخستنی پێشەواو گوێڕایەڵی نەکردنی پێویست دەکات دەڵێت: ئەگەر کەسێك وتی: لای ئێوە چی بەرکەنارخستنی پێشەوا پێویست دەکات؟ پێی دەوترێت چەن شتێك پێویستی دەکات، لەوانە: بێباوەڕبوون، وازهێنان لەنوێژ کردن و بانگ بۆ کردنی، لای زۆر خەڵکیش سنوری شەرع بەزاندن (الفسق) و ستەمکردنی، زەوتکردنی ماڵو سامانی خەڵك، خەڵك بەناحقکوشتن، ماف زەوتکردن و جێبەجێنەکردنی حدودی شەرعی ... هەروەها ئەوەی پێشەوا بەرکار دەخات سەلماندنی شێت بوونیەتی و بێهۆشی وجیانەکردنەوەی شتەکان، کە بگاتە ئەوەندەی زیان بە موسڵمانان بگەیەنێت، یان نەخۆشکەوتنێك لە چارەسەرکردنی ئومێدێك نەبێت.(1)

عیزەدین ئیجی دەڵێت: میللەت بۆی هەیە لەبەر هۆکارێکی پێویست پێشەوا بەرکەنارخات، خۆ ئەگەر ئەوە بووە مایەی ئاژاوە کامیان کەمترین زیانی هەبوو ئەوەیان هەڵدەبژێرێت.(2)

---

[1] ابوبكر الباقلانی، التمهيد، ص١٨٦.

[2] الايجی، المواقف، ص٤٠٠.

قورتوبی دەڵێت: ئەگەر پێشەوا دانراو دوای گرێبەستەکە فاسق بوو، جەماوەری زانایان دەڵێن: پێشەوایەتیەکەی هەڵدەوەشێتەوە، ئەو سنوربەزاندنەی ڕەوا نییە بەرکەنار دەخرێت، چونکە پێشەوا بۆ جێبەجێکردنی حەدی شەرعی و ماف گەڕاندنەوەی خەڵك و پاراستن ماڵیان دانراوە... جا کە ئەو سنوربەزاندنە لە خۆیدا هەبوو ئەمانەی پێناکرێت.[1]

بەغدادی دەڵێت: مەرجێکی دادگەریە، هەرکاتێك بەئاشکرا لەسەر شەریعەت ئیشی دەکرد کاروباری پێشەوایەتی ڕێکوپێکە، هەرکاتێکیش لەوە لابدا، میللەت دەتوانن ئەو هەڵەیەی ڕاستکەنەوە یان بیگۆڕن بەکەسێکیتر.[2]

جوینی مەسەلەی لاچوون و لادانی پێشەوای ڕاڤەکردووە و چەند هۆکارێکی باسکردووە، ئێمە ئەو بەشەی دەهێنینن کە باس لە بەرکەنارخستنی دەکات (بەلاّم ڕۆچوون لە سنوربەزاندن و بەردەوامبونی لە تێکەڵوپێکەڵکردنی خراپە، وەك پێشتر وێناکرا، ئەمە بەهەمان شێوە بەرکەنارخستنی پێویست دەکات، هەروەها دابڕانی پێشەوا بەهۆی دیلبوونی یان نەخۆشینێکی هەمیشەیی کە کاریگەریی لەسەر بیروبۆچوونی هەبێت لەکارخستنی پێویست دەکات.[3]

ماوەردیش لە ( الأحكام السلطانية)دا، هەمان بۆچوونی هەیە (ئەگەر پێشەوا ئەوانەی وتمان مافی خەڵکن جێبەجێیکردن کەواتە مافەکانی خودای کە لەسەریەتی جێبەجێکردووە، ئەوکاتە دوومافی لەسەر خەڵکە: گوێڕایەڵی وپشتوانی، بەمەرجێك حاڵی نەگۆڕێت، ئەوەی کە حاڵی دەگۆڕێت و پێشەوایەتی دەریدەکات دوو شتن یەکەمیان دادگەریە کە تێکبچێت، دووهەم: نوقسانی بکەوێتە جەستەیەوە.[4]

---

[1] القرطبی، التفسیر، ج١، ص٢٧١.

[2] عبد القاهر البغدادی، اصول الدین، ص٢٧٨.

[3] الجوینی، غیاث الأمم، ص٩٢.

[4] الماوردی، الاحكام السلطانية، ص١٧، ابو یعلی، انظر الأحكام السلطانية، ص٢٨.

ئـیبن حـەزم ڕاشـکاوانە لـەم بـارەوە ئـەدوێت و دەڵێـت: واجـب ئەوەیـە ئەگـەر ستەمێك ڕوویدا باکەمیش بێت لەو بارەوە قسـە لەگـەڵ پێشـەوادا بکرێـت و ڕێگـری لێدەکرێت، جا ئەگەر وازیهێناو گەڕاوە بۆ ڕاستی، ملکەچ بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەوا ڕێگـا بـەلادانی نادرێـت و پێشـەوایە و درووسـتنیە بەرکـەناربخرێت، بـەڵام ئەگـەر ڕێگریکـرد لـە جێبـەجێکردنی ئەمـەدا و نەگـەڕاوە، ئـەو کاتـە پێویسـتە لابـدرێت و کەسێك بخرێتە جێگای کە مافەکانی خودا جێبەجێدەکات وەك خـودا دەفـەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾.(1) واتە: "کۆمەکی یەکتری بکـەن لەسـەر چـاکە و پارێزگـاری، کۆمـەکی یـەکتر مەکـەن لەسـەر تـاوان و دەستدرێژی". درووست نییە هیچ لەو ئەرکانە چاوپۆشی لێبکرێت.(2)

## بەندی سێهەم: ئەو هۆکارانەی پێویستی دەکەن جێنشین بەرکەنار بخرێت:

زانایـان دان بـە بنـەمای بەرکەنارخسـتنی جێنشـیدا دەنـێن هـەر کاتێـك ئـەو هۆکارانەی پەیدابوون کە پێویست بە بەرکەنارخستن دەکەن، هەمووشیان کۆدەنگن کە بەبێ هۆی شەرعی ڕەچاو کراو، درووست نییە خەلیفە بەرکەنار بخرێت، چـونکە پشـێوی و ئـاژاوە بـەرپا دەبێـت بـۆ ئەوەشـە ئیـدارەدانی دەوڵـەت لەوپـەڕی سەقامگیریی سیاسی و ئیداریدا بێت.(3)

---

[1] المائدة : ٢.

[2] ابن حزم، الفصل فی الملل والأهواء والنحل٥:٢٨.

[3] ابـوبکر البـاقلانی، التمهیـد، ص١٧٩، دەڵێـت: ئەگـەر کەسـێك بڵێـت ئایـا ئوممـەت هەڵوەشـاندنەوەی پێشەوای بەدەستە بە ڕوودانی شتێك پێویست بـە هەڵوەشـاندنەوە بکـات، پێـی دەوترێـت: نـەخێر، جـا ئەگەر نەتوانێت هەڵیوەشێنێتەوە، چۆن توانی گرێبەست بکات؟ پێی دەوترێت: ئەم جۆرە لە شەریعەتدا زۆرترە بژمێررێت بـۆ نموونـە نابێـت ئـەوەی لـە مارەکردنـدا دەکرێـت بـەوەکیل کەچـی دوایـی ناتوانێـت نیکاحەکە هەڵوەشێنێتەوە، کەچی توانی گرێبەستەکە بکات". انظر ایضا الارشاد، ص٤٢٥. غیاث الآمـم، ص٩٧. الایجی، المواقف، ص٤٠٠.

بەڵام سەبارەت بە هۆکارەکانی بەرکەنارخستنی زانایان ڕایان جیاوازە، کە زۆرینەیان لە دیاریکردنی هۆکارەکاندا توندن و بۆ چەسپاندنیشی هەر توندن، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پەرۆشن بۆ سەقامگیری وڵات و ڕێگەگرتن لە ئاژاوە و پشێوی، حەزیان لەپاراستنی بەرژەوەندی گشتییە لەم بوارەدا.[1]

جوینی دەڵێت: ئەوی پەیوەستە بەتەواوکردنی مەبەستەکەوە ئەوی پێشەوایەتی دەکات، ئەگەر خراپیەکانی زۆر بوون، دەستدرێژی زیادیکرد، لادان و بێشەرمی و ناشیرینیەکانی ئاشکرابوون، هەڵەکانی بەردەوام بوون، بەوهۆیانەوە ترسی لەناوچوونی دەسەڵات و ڕوخانی پایەکانی ئیسلام هەبوو، بەڵام کەس نەبوو بۆ پێشەوایەتی دیاری بکرێت و بتوانێت لایبدات و یاخیبوان لەناوبات، لەوکاتەشدا نابێت تاکو تەرا لەم پەڕوئەوپەڕی وڵاتەوە ڕاپەڕن، چونکە ئەگەر ڕاپەڕن تیادەچن و لەناودەبرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی بشێوی و بەڵاو ئاژاوەی زیاتر.[2]

هۆکارەکانی بەرکەنارخستن لەم چەند خاڵەدا کورت دەکرێتەوە:

**یەکەم: پاشگەزبوونەوە:**

دەرچوونی جێنشین لە ئیسلام، جا بە دەربڕینی قسەیەکی کوفری بێت، یان کردەوەیەك ئەنجام بدات جگە لە کوفر هیچ تەئویلێك هەڵنەگرێت، ئەمە جێگای ڕاجیایی زانایان نییە و هەموان کۆندەنگن تیایدا، چونکە موسڵمانێتی مەرجی

---

[1] نووسەرە هاوچەرخەکان بە تێروتەسەلی لەو بارەوە دوواون و بەشیشیان بۆ داناوە. صلاح الدين دبوس، الخليفة توليتة وعزله، ص٣٦٩، ومابعدها. عبدالرزاق السنهوری، فقة الخلافة وتطورها، ص٢٣٧ وما بعدها. محمود المرداوی، الخلافة بين التنظير والتطبيق، ص٣١١ وما بعدها . منير الساتی الدولة القانونية والنظام السياسی الاسلامی، ص٤٨٤. يحيی اسماعيل، منهج السنة بين الحاكم والمحكوم، ص٢١٤. سعدی ابو جيب، دراسة فی منهاج الاسلام السياسی، ص٣٨٣ وما بعدها.

[2] الجويني، غياث الأمم، ص٨٨.

یەکدەنگیانبوو بۆ بوون بە جێنشین، جا کە مەرجەکە هەڵوەشایەوە گرێبەستەکەش هەڵدەوەشێتەوە.[1]

قازی عیاز دەڵێت: زانایان کۆدەنگن کە پێشەوایەتی بۆ کافر دانامەزرێت و کەسێکیش کوفری لێدەرکەوت بەرکەنار دەخرێت.

**دووهەم: سنووربەزاندن و ستەمکاریی**

مەبەستی زانایان لە فاسقبوون سەرپێچیکردن و بەزاندنی شەریعەتە، کە دەستبەرداربوونی فەرمانی خودایی و لادانە لە ڕێگای ڕاست،[2] بابەتی بەرکەنارخستنی جێنشین بە هۆی سنووربەزاندنیەوە جیاوازی ڕای زانایانی لەسەرە، لەکاتێکدا قورتوبی دەڵێت ڕای زۆرینەی زانایان لەسەر بەرکەنارکردنیەتی،[3] دەبینین ئەوەوی کۆدەنگی زانایان دەهێنێتەوە کە دەسەڵاتدار بە سنووربەزاندن بەرکەنارناخرێت و دەڵێت: ئەهلی سوننەت کۆدەنگن کە دەسەڵاتدار بە سنووربەزاندن بەرکەنارناخرێت، ئەو هاوەڵانەشمان کە دەڵێن بەرکەناردەخرێت ئەو قسەیەش کە لە موعتەزیلە دەگێڕنەوە بێگومان هەڵەی بۆێژەکانیانن و پێچەوانەی کۆڕان.[4]

---

[1] الجويني، غياث الأمم، ص٧٥. جوینی دەڵێت: "ئیسلام بنەما و پارێزراوەکەیە، خۆئەگەر پێشەوا لە ئایین لایدا، لە لابردنی سڵ ناکرێتەوە، بەلام ئەگەر موسڵمان بوونەوەی نوێکردەوە، تازە نابێتەوە بە پێشەوا بە هەڵبژاردنەوەی نەبێت". الباقلاني، انظر التمهيد، ص١٨٦. (وأضاف الباقلاني: إلى الكفر ترك الصلاة).

[2] سعدى أبو جيب، منهاج الإسلام السياسي، ص٣٨٦.

[3] قورتوبی دەڵێت: "ئەگەر ئیمام دانرا، پاشان دوای گرێبەستەکە سنووری بەزاند، زۆربەی زانایان ئەڵێن ئیمامەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە، بە سنووربەزاندنی ئاشکرا لە ئیمامەت لادەدرێت". (تفسير القرطبي، ص١، ص٢٧١).

[4] النووي، شرح على مسلم، ج١٢، ص٢٩٩ . وهذا مذهب الحنابلة. ابن قدامة، المغني. الفراء، الأحكام السلطانية، ص٢٠.

وادیاره ئەم كۆڕایە جێگەی تێبینی بێت، چونكە زۆر لە زانایان پێچەوانەی ئەم ڕایەن، وەك قورتوبی و جگە لەویش، تەنانەت لە زانایانی شافیعیش هەن پێچەوانەن وەك: بەغدادی لە (أصول الدین)[1]دا، ئیبن حەزمیش ڕای پێچەوانەیە.[2] بەڵكو پوختكاری شەرحی (جوهرة التوحید)ی نەسەفی دەڵێت: شافیعی وادەبینێت كە پێشەوا بە سنووربەزاندن و ستەمكاری بەركەنار دەخرێت.[3]

زانایانی حەنەفی وادەبینن كە پێشەوا بە سنووربەزاندن بەركەرناخرێت، بەڵام شایستەی بەركەنارخستنە و درووستە بەركەنار بخرێت ئەگەر ترسی ئاژاوە لە ئارادا نەبوو، لە شەرحی (المسایرة)دا هاتووە: "ئەگەر كەسێك بە دادگەری بوو بە پێشەوا، پاشان لە حوكمكردندا ستەمی كرد و سنووری بەزاند، بەركەنار ناخرێت، بەڵام شایستەی بەركەنارخستنە ئەگەر لە بەرپابوونی ئاژاوە نەترسرێت".[4]

وادەزانم لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا پێویستە (الجور والفسق) ستەم و سنووربەزاندن دەستنیشان بكرێن، وەك زاراوەیەكی لاستیكی فرە مانا هەڵگر نەمێنێتەوە و ببێتە هۆی بشێوی و ئاژاوە، ئەویش بە دەقێكی یاسایی و دەستووری ڕوون دەبێت. ڕەنگە پەسەند ئەوە بێت گوناهكردنی گەورە و بە ئاشكرا ستەمكردنی بێپێچ و پەنا و زەوتكردن و دەستدرێژیی كردنە سەر مافی میللەت، پێویستە هۆكاری ڕاستەوخۆی شایستەبوونی بەركەنارخستنی بن، چونكە پێشەوا بۆ ئەوە دانراوە ستەم نەهێڵێت و مافی خەڵك بگێڕێتەوە و ڕێگری لە خراپە و سەرپێچی بكات، جا ئەگەر خۆی بەمانە هەستا، كەواتە پاساوی بوونی نامێنێت.

---

[1] البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٨. الماوردي، الأحكام السلطانية، ص١٧.

[2] الفصل في الملل والنحل، ج٥، ص٢٨.

[3] النسفي، شرح جوهرة التوحيد في الحاشية، ص٤٦٧.

[4] شرح المسايرة، ص٣٢٣.

**سێهەم: لەدەستدانی هەستەکان**

ئەمــە دەربڕینـــی ماوەردییــە مەبەســتی ئــەو گۆڕانکارییانەیــە کــە بەســەر هەســتەوەرەکانی پێشــەوادا دێـت وەك: شـێتبوون، بـێ هەسـتی، کـوێری، کـەڕی، هۆشــنەمان، ئەگــەر بــەردەوامی هــەبوو یــان کــاتی بێهۆشــییەکەی لــە کــاتی هۆشیارییەکەی زیاتر بوو، ئەمە کۆدەنگی لەسەرە.[1] هەروەها لەدەستدانی بینـایی ڕێگــر لــە دامەزرانــدنی پێشــەوایەتی و بەردەوامبوونیشــی، چــونکە دادگــایی پێهەڵدەوەشێتەوە و شایەتی پێنادرێت، کەواتە بۆ پێشەوا لەپێشترە.[2]

**چوارهەم:**

لەدەستدانی پارچەیەك کە ڕێگر بێت لەئەنجامدانی کارەکانیدا وەك لەدەستدانی هەردوو دەست یان هــەردوو قـاچ، ئەگــەر ئەمانــەی بەســەردا هــات لــە پێشــەوایەتی بەرکــەنار دەخرێــت، چــونکە ناتوانێــت مــافی میللــەت ئــەنجام بــدات.[3] بــەڵام لەدەستدانی دەستێك یان قاچێك، ئەوا بە بوونیان پێشەوایەتی دانامەزرێت، چونکە هەڵسوکەوتی تەواو ناتوانێت، بەڵام لە پێشەوایەتیش دەرناکرێت، چونکە لـە کـاتی دامەزراندنیدا سەلامەتی تەواوی بووە.[4]

**پێنجەم: لەدەستدانی ئازادیی هەڵسوکەوت**

مەبەست پێی ملکەچبوونی پێشەوایە بۆ ویستێکی دیکە جگە لە ویسـتی خـۆی، کە وەهای لێ بکات لە هەڵسوکەوتدا سـەربەخۆ نـەبێت و لـە ویسـتدا ئـازاد نـەبێت،

---

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص١٧. الجويني، غياث الأمم، ص٩٣.

[2] أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢١. القلقشندي، مآثر الأناقة، ص٨٩. السنهوري، فقه الخلافة، ص٢٥٠.

[3] القلقشندي، مآثر الأناقة، ص٩٢. الماوردي، الأحكام السلطانية، ص١٩.

[4] أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢١. المرداوي، الخلافة بين التنظير والتطبيق، ص٣١٤.

ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتداریێتی، ئەمەش دەچەسپێت بەسەر ئەو حوکمڕانانەی ملکەچی بێگانەن، یان دەسەڵاتێکی دەرەکین، هەروەها ئەگەر پێشەوا دیل کرا، یا فڕێندرا، یان کەوتە ژێر دەستی یەکێك لە هاوکارانی حوکمڕانیەکەی و بێدەسەڵات دەبێت.[1]

## بەندی چوارەم: چۆنیەتی جێبەجێکردنی بەرکەرناخستن

بۆمان ڕوون بووەوە کە میللەت خاوەنی مافی دیاریکردنی جێنشین و چاودێریکردنی و لێپرسینەوە و ڕاستکردنەوەیەتی، هەروەها مافی کۆتاییهێنان بە گرێبەستی جێنشینایەتی و بەرکەنارخستنی جێنشینی هەیە ئەگەر پێویستی کرد.

ئەم مافانەی باسکران دەبێت لە دەستووری دەوڵەتی ئیسلامیدا بە ڕوون هەبن و بە بەڵگەی شەرعی پشتئەستوور بکرێن، مەرجەکانی جێنشین، مەرجەکانی هەڵبژاردن، ڕێژەی یاسایی دیاری بکرێن.

ئەوەی لێرەدا پەسەندی دەکەین ئەوەیە کە ئەنجومەنی ڕاوێژ یان ئەنجومەنی نوێنەران کە نوێنەرایەتی هەموو میللەت دەکات بۆ سازدانی گرێبەستی جێنشینایەتی، ئەو دەبێتە وەکیلی میللەت لە دیاریکردنی جێنشیندا، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە جێشنین بە دوو قۆناغ هەڵبژێردرێت: لە پێشدا خەڵك ئەنجومەنی ڕاوێژ هەڵبژێرن ئەوجا ئەنجومەنی ڕاوێژ جێنشین هەڵبژێرێت، ئەو کاتە ئەنجومەنی ڕاوێژ بەرپرسە لە لێپرسینەوە و ڕاستکردنەوەی حوکمڕاندا هەروەها لە کۆتاییهێنان بە گرێبەستەکەدا ئەگەر مەرجی کۆتاییهێنانەکە هاتەدی، کۆتاییهێنانەکەش بە

---

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص١٩. أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٢٢. القلقشندي، مآثر الأناقة، ص٩٣. السنهوري، فقه الخلافة، ص٢٥٠. حسن صبحي، الدولة الاسلامية وسلطتها التشريعية، ص٢١٢. محمود المرداوي، الخلافة بين التنظير والتطبيق، ص٣١٤.

دەنگدانی ئەنجومەنی ڕاوێژ دەبێت، جا ئەگەر زۆرینەی ئامادەبوان کۆتاییهێنانی گرێبەستەکەیان پەسەند کرد، ئیتر جێنشین بە بەرکەنارخراو دادەنرێت و شەرعیەتی بەردەوامبوونی نامێنێت.

ئا ئەمە بنەمای دیاریکردن و لێپێچینەوە و بەرکەنارخستنی جێنشینە، هیچ پێویست بە شمشێر و شۆڕش و خوێنڕشتن ناکات، ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە کاتێک شەریعەت بچەسپێنرێت و ڕێز لە دەستوور بگیرێت و دەسەڵاتدار بە ڕێگەی شەرعی و دەستووریی دەسەڵاتی وەرگرتبێت.

بەڵام ئەو حاڵەتەی کە زانایان لێی کۆڵیونەتەوە لە کۆن و نوێدا سەبارەت بە بەرکەنارخستنی جێنشین، بوون بە دوو قوتابخانە: قوتابخانەی شمشێر و قوتابخانەی ئارامگری، ئەمە حاڵەتێکی هەڵاوێردە و ناچاریە، پێویستی بە چارەسەرێکی فیقهی هەڵاوێردی هەیە، لەسەر چۆنیەتی نەهێشتنی خراپە و بەراوردکردنی زیان و قازانجەکانی، خولگەی جیاوازییەکە لەسەر یەکلاکردنەوەی نەهێشتنی ڕوودانی ئاژاوە.

لەو کاتەشدا حوکمەکە بەپێی بارودۆخەکە دەگۆڕێت، هەروەها بەپێی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکان، حاڵەتێکی دیکەی لەناکاو پەیدا دەبێت، ئەویش ملکەچ نەبوونی جێنشینە بە بەرکەنارخستنی، کە ئەم حاڵەتە لە دۆخی نائاسایی و ناشەرعیدا زۆر ڕوو دەدات، ئەو کاتە دەسەڵات بە زۆرەملێ و خۆسەپاندن یان بە ڕێگەی نادەستووری دەگیرێتە دەست، جا لەو حاڵەتەشدا هەموو دۆخەکە پێویستی بە چاکسازییەکی ڕیشەیی سەرتاپاگیر هەیە، کە پشت ببەستێت بە دۆزینەوەی دەستوورێکی شەرعی مەحکەم کە هەموو چین و توێژەکانی هاوڵاتیان ڕێزی بگرن.

# دەروازەی دووەم

## گرەنتی ماف و ئازادییە سیاسییەکان

## لە سیستەمی سیاسی ئیسلامی و

## سیستەمە هاوچەرخەکاندا

# بەشی یەکەم

# چاودێری خودی، ڕێگری ئایینی و بیروباوەڕی

ڕێگری ئایینی و ڕەگەزی بیروباوەڕ کە لە دڵی تاکی ئەرکباردایە و لە ناخیەوە هەڵدەقوڵێت لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بە یەکێك لە گرنگترین گرەنتی بنەڕەتی هەژمار دەکرێت بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان. دەکرێت کاریگەری چاودێری خودی بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە چەند خاڵێکدا ڕوون بکەینەوە:

یەکەم: کۆی سیستەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە ڕێکخەری ژیانی مرۆڤن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، هەموویان لە ئەرکباردنێکی خوداییەوە سەرچاوە دەگرن کە گوتاری تەشریعی ئەرکبارانە. کۆی ماف و ئازادییە سیاسییەکانیش کۆمەڵە حوکمێکی شەرعین لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستەکانی شەریعەت بۆ خەڵك داڕێژراون، کە پلەبەندە لە ڕووی گرنگییەوە لە باشەوە دەستپێدەکات لە پێویست و پێویستتر، ئەمەش بەپێی بەرژەوەندی لە پیادەکردنی مافەکاندا کە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.[1]

پیادەکردنی ئەم مافانەش جۆرێکە لە پەرستش، ئەگەر نیازێکی پاکی لەگەڵ بێت، واتە: بە کردنیان تووشی پاداشت دەبێت و ئومێدی سەرکەوتنی ڕاستەقینەی ڕۆژی دوایی هەیە، جا ئەم چەمك و فەلسەفەیە لە ئیسلامدا ناوەڕۆکێکی ئاینی بە سیاسەت دەبەخشێت و پەیوەستی دەکات بە بیروباوەڕ و پەرستشی مرۆڤەوە بۆ پەروەردگاری، جگە لە بەخشینی مانا شارستانی و بەرژەوەندیە مادیە دنیاییەکەی، کە شوێنەوارەکەی لە ئاسایشی سیاسی و ڕێکخستنی ئیداری و جوان سەرکردایەتیکردنی خەڵك و بەدیهێنانی دادگەریدا دەردەکەوێت.

---

[1] فتحي الدريني، خصائص التشريع، ص٤٠٤. دەڵێت: "مافە تاکیەکان و ئازادییە گشتییەکان بە چەمکە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکەی، هەندێکیان لە مەزنترین و باڵاترین مەبەستە شەرعییەکانن لە بەهێزیدا، وەك مافی ژیانکردن، هەندێکیشیان لە مەبەستە پێویستییەکانن وەك ئازادی ڕادەربڕین، کە بنەمایەکی بڕاوەیە لە شەریعەتدا و هەڵوەشاندنەوە و زەوتکردنی دروست نیە".

کەواتە ماف و ئازادییەکان هەر لە سەرەتاوە[1] بەخششی خودایین، لە ناخی ئەرکباراندا ئەندازەیەك بایەخ و ڕێزلێگیرانی هەیە، کە لە مامەڵەی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ دەداتەوە. جگە لەوانەش جێگیری و بەردەوامی پێدەبەخشێت و وابەستە ناکرێت بە حەز و میزاجەوە، کەواتە نافەوتێن و هەڵناوەشێنرێنەوە.

دووهەم: حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات وەك یەك دەگرێتەوە و لە دواندندا جیایان ناکاتەوە، شەریعەت بایەخ بە ماناکانی ترسی خودایی و ڕێگری ئاینی و نوێکردنەوەی باوەڕ دەدات بۆ بەهێزکردنی چاودێریکردنی خودی، تا کارا بێت و بتوانێت مرۆڤ ڕاپێچی پابەندی زیاتر بە فەرمانەکانی خوداوە بکات و لە حەرامەکانی دوور بکەوێتەوە، بەرپرس یان حوکمڕان زیاتر پێویستی بەم چاودێریکردنە خودیە هەیە تا سنوورە خوداییەکان نەبەزێنێت.

لە بواری مافە سیاسییەکانیشدا ئەرکی چاودێری ناوخۆیی لە دەروونی مرۆڤی ئاساییدا پابەندکردنیەتی بە سنووری مافەکان و دەستپێوەگرتنیانە بە پاراستن و پیادەکردنیان تا مەبەستەکانی شەریعەت بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەجێبێنێت و سنوور نەبەزێنێت.

پاشان ئەرکی ئەو چاودێرە ناوەکیە لە دەروونی حوکمڕاندا ئەوە دەبێت کە ئەرکی پاراستنی مافی خەڵك بە ڕێکوپێکی جێبەجێ دەکات و بۆیان دەگێڕێتەوە و مافیان پێشێل ناکات و ناشهێڵێت پێشێل بکرێن. ئەمە ئەرکێکی شەرعی و فەرمانێکی خوداییە لەسەر حوکمڕانی موسڵمان، بەڵکو مەزنترین و بایەخدارترین ئەرکی سەرشانیەتی.

---

[1] شاتبیش هەر بڕیاری ئەم مانایە دەدات کە دەڵێت: "ئەوەی مافی بەندەیە بە دانپێدانانی شەریعەت ئەوانە دەچەسپێن، نەك لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا شایستەیە". {الموافقات، ج٣، ص٣١٦}. انظر في هذا المجال: فتح الدريني، الحق ومدى سلطان الدولة في تقييده، ص٧١.

موسلیم لە میعقەلی کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتـەوە: "گـوێم لـێ بـوو پێغەمبـەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەیفەرموو: هەر کاربەدەستێك کاروباری موسڵمانانی کەوتە دەست و دڵسـۆزی نەنواند و خـۆی پێیانـەوە مانـدوو نـەکرد، ئـەوە ناچـێتە بەهەشـتەوە".[1] لـە ڕیوایـەتێکی تـردا هـاتووە: "خـودا کـە بەندەیـەکی کـرد بـە بەرپرسـی خـەڵکێك، وەختێـك مـرد غەشـی لێکردبـوون، ئـەوە خـودا لـە بەهەشـت بێبەشی دەکات".[2]

قازی عیاز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: مانای ترسـاندن و هەڕەشـەکردنە لە بەرپرسان کە غەش لە کاروبارییاندا بکەن، کە دانراوە بۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی دین و دنیای خەڵك، جا ئەگەر لـەو متمانـەی کـە پێـی دراوە ناپـاکی کـرد و دڵسـۆز نەبوو، ...

واتە غەشی لێکردن و ئەمەش لە گوناهە گەورەکانە کە خاوەنەکەی لە بەهەشت دوور دەخاتەوە، خوداش زاناترە.[3]

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾.[4] واتـە: "ئـەی داوود بێگومـان ئێمـە تۆمـان کـرد بەجێنشـین لـە زەویـدا، کـەوابوو تـۆش لـەنێوان خەڵکـدا بەڕاسـتی فەرمانڕەوایی بکە، شوێن هەوا و ئارەزووات مەکەوە با لە ڕێگای خودا لات نەدات".

تەرتووشی لە مانای ئـەم ئایەتـەدا: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ﴾،[5] واتە: " ئەگەر خودا خەڵکی لـەناو نەبردایـە هەنـدێکیان بـە هەنـدێکیان

---

[1] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج٣، ص١٦٦.

[2] مسلم، الصحيح، ج٣، ص١٦٥.

[3] النووي، شرح على صحيح مسلم، ج٣، ص١٦٦.

[4] ص: ٢٦.

[5] البقرة: ٢٥١.

هەموو سەر زەوی پڕدەبوو لە خراپە و تاوان". دەڵێت: پەروەردگار لە سەر زەویدا دەسەڵاتداری داناوە تا بەریگری بکات لە لاوازەکان و مافی سیتەملێکراوان لە ستەمکار بسەنێت، تا خەڵك پێکەوە بن و دۆخەکەیان تێکنەچێت و سەرزەوی دانیشتووانەکەی تێك نەچن.[1]

سێهەم: دارشتنی ماف و ئازادییەکان لە ئیسلامدا بە گونجاوی لەگەڵ سرووشتی مرۆڤدا دانراوە، پێویستییەکانیان جێبەجێ دەکات، حەزو خولیاکانی سەبارەت بە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا دەستەبەر دەکات.

ئەم پێکەوە گونجانەی شەریعەت و سرووشتی مرۆڤ، پەیوەندیی ئیجابی نێوان تاکو مافە ڕەواکانی بتەو دەکات، چونکە ئەو مافانە پێویستە لەپێشینەکانی خیلقەتی ئەون، کەواتە کە شەریعەت دان بە ئازادیی ڕادەربڕیندا دەنێت، ئەوە وەلامگۆی مرۆڤبوونی مرۆڤە و ڕێزگرتنی هۆش و ویستیەتی، ئەوەش جیاوازی نێوان مرۆڤ و درووستکراوەکانی دیکەیە.

ڕێزگرتنی ڕای ئادەمیزاد پێبەخشینی ئازادیی تەواو بۆ ڕادەربڕین ئەمەش ڕێزلێنانێکی خوداییە و لە پێویستیبەکانی لەئەستۆگرتنی ڕاسپاردە گەورەکەیە بۆ جێنشینایەتی سەر زەوی.

خودا دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾.[2] واتە: "بێگومان ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرت".

**هەروەها** دەفەرموێت: ﴿إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ﴾.[3] واتە: "بێگومان ئێمە سپاردەمان نیشانی

---

[1] الطرطوشي، سراج الملوك، ص١٤٥. ابن جماعة، تحرير الاحكام، ص٤٨ — ٤٩.

[2] الإسراء: ٧٠.

[3] الأحزاب: ٧٢.

ئاسمانـەكان و زەوی و چـیاكان دا، بـەڵام هیچـیان ڕازی نـەبوون كـە هـەڵیگرن و ترسان، كەچی ئادەمی هەڵیگرت".

پێغەمبەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) دەفـەرموێت: "حیكمـەت ونبـووی موسڵمانە، لە هەر كوێ دۆزییەوە لەپێشترینە بۆی".[1]

پەروەردگار بە تەنها ماف و ئازادییەكانی ڕێگەپێنـەداوە و نەپاراسـتووە، بـەڵكو پاداشتی داناوە بۆ ئەوانەی بەشێوەیەكی درووست پیادەیان دەكەن، بۆ بەدیهێنانی مەبەستە جوانەكانی شەریعەت.

هـەموو ئەمانـە دەبنـە گرەنتیـەكی خـۆیی بـۆ پاراسـتنی مـاف و ئازادییـەكان بەشێوەیەكی سادە و ئاسان، كە لە ناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت كاتێـك زانـی بەرژەوەندییەكی تاكی یا كۆمەڵی دنیایی و قیامەتی تیایدا بەدی دێت.

چـوارەم: پـەروەردگار لەسـەر مرۆڤـی پێویسـت كـردووە كـە پارێزگـاری لـە مافەكاغنی خۆی بكات وز ئەگەر دەستدرێژیشی كرایە سەر بەرگرییان لێ بكات.

شەریعەت كۆمەڵە مافێكی بۆ تاك داناوە، دەستكراوەشی كـردووە لـە چـۆنیەتی هەڵسوكەوت پێكەوكردنیان و بەكارهێنانیان، دەسەڵاتی تەواویشی پێبەخشیوە كـە ئەم مافـە بەشـێوەیەكی ڕێگەپێـدراو بـەكاربهێنێت، جگـە لـەوەش تایبەتمەندیـەكی دیكەی پێدواە، كە پێویستە لەسەری ئەو مافانە بپارێزێت و تا دەتوانێت بەرگرییان لێ بكات، دایشیناوە ئەم بەرگرییكردنە پاداشتی لەسەرە، خودا دەفەرموێت: ﴿فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ﴾.[2] واتـــە: " هـــەر كەســـێك دەســـتدرێژی كـــردە ســـەرتان ئێـــوەش دەســـتدرێژی بكەنـــە ســـەری بـــە وێنـــەی دەستدریژیكردنەكەی ئەو بۆ ئێوە". هـەروەك فەرموودەكـەی پێغەمبـەری خـوداش (دروودی خودای لەسەر) ئاماژەیەكی ڕوونـە بـۆ كەسـێك بـە بـەرگریكردن لـە مـافی

---

[1] ابن ماجة ، السنن، ج٣، ١٣٩٥.

[2] البقرة: ١٩٤.

خۆیدا بکوژرێت بە شەهید دادەنرێت، دەفەرموێت: "ئەوەی لەبەر بەرگر لە سەروەتەکەی دەکوژرێت شەهیدە".(١)

فەرموودەی دیکەش جەخت لەم مانایە دەکاتەوە کە دەفەرموێت: "هەرکەس ویستیان ماڵەکەی بە ناحەق لێ بسێنن ئەویش کردی بە جەنگ و کوژرا، ئەوا شەهیدە".(٢)

لە گێڕانەوەکەی سەعیدی کوڕی زەیدیشدا هاتووە، لە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر)م بیست فەرمووی: "ئەوەی لەسەر ماڵ و سەروەتی بکوژرێت شەهیدە، ئەوەی لەسەر ئایینەکەی بکوژرێت شەهیدە، ئەوەی لەسەر گیانی بکوژرێت شەهیدە، ئەوەی لەسەر کەس و کاری بکوژرێت شەهیدە".(٣)

ئەم تێگەیشتنە گرنتیەکی بەهێزی مافە، چونکە لە هێزێکی ناوەکی خاوەن مافەوە دەردەچێت بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی بەهەرچی دەتوانێت، با بەو هۆیەوە خۆیشی بکوژرێت، خۆ ئەو لەناو شەهیداندا دەبێت.

بەشێکی زانایان بەرگریکردنیان لە ماف بە ئەرکێکی شەرعی داناوە و دەڵێت: ئەگەر دەستدرێژیکارەکەی کوشت خوێن و تۆڵەسەندنەوەی لەسەر نییە.(٤)

موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: "کابرایەك هات بۆ لای پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئەگەر پیاوێك هات و ویستی ماڵەکەم ببات، چی بکەم؟ فەرمووی: ماڵەکەتی مەدەیە،

---

[١] الترمذي، الصحيح، ج٦، ص١٨٨. (الديات)، وقال هذا الحديث حسن صحيح. البخاري، الصحيح، ج٥، ي١٢٣. (كتاب المظالم). ابن ماجة، السنن، ج٣، ص٨٦١ (الحدود). مسلم، الصحيح، ج٢، ص١٦٤ (الإيمان).

[٢] التنرمذي، الصحيح، ج٦، ص١٨٨. أبو داود، صحيح سنن المصطفى، ج٢، ص٢٨٥ (كتاب السنة)، ابن ماجة، السنن، ج٢، ص٨٦١.

[٣٣] الترمذي، الصحيح، ج٦، ص١٨٨. أبو داود، الصحيح، ج٢، ص٢٨٥.

[٤] ابن حجر، فتح الباري، ج٥، ص١٢٤.

وتی: ئەی ئەگەر کردی بەشەڕ لەگەڵمدا؟ فەرمووی: تۆش لەگەڵی بجەنگە، وتی: ئەی ئەگەر کوشتمی؟ فەرمووی: تۆ شەهیدیت، وتی: ئەی ئەگەر من ئەوم کوشت؟ فەرمووی: ئەو لە ئاگردایە".[1]

نەوەوی لە ڕاڤەی فەرموودەکەدا دەڵێت: ئەمە بەڵگەیە لەسەر درووستی کوشتنی کەسێك ویستی بەناحەق ماڵێك ببات، جا ماڵەکە کەم بێت یان زۆر، لەبەر گشتیبوونی فەرموودەکە، ئەمە قسەی زۆرینەی زانایانە، بەشێکی مالیکیەکان دەڵێن: بۆ خواردن و خواردنەوەیەکی کەم درووست نییە، ڕاستیش لای جەماوەری زانایانە، بەڵام بۆ بەرگریکردن لە شەرەف و نامووس ڕاجیایی لەسەر نییە.[2]

پێنجەم: خودا لەسەر موسڵمانی پێویست کردووە کە بەرگری لە مافی ئەوانی دی و مافی گشتی بکات، ئەمەش بە تەکلیفێکی شەرعی و پایەیەکی ئیمانی داناوە.

شاتبی ئەمەی کردووە بە بنەمایەك و دەڵێت: مافی ئەوی دی لە ڕووی شەرعیەوە دەبێت پارێزگاری لێبکرێت.[3]

زانایانی ئوسوڵیش مافی ئەوی دیان بە مافی خودا داناوە، ئەمەش لەپێناوی بە گەورەگرتنی مافی ئەوی دی و سووك سەیرنەکردنی و دەستدرێژینەکردنە سەری، شاتبی دەڵێت: "هەروەها لە دابونەریتدا، مافی خودایە لە بەدەستهێنان و سوودلێبینیندا، چونکە مافی ئەوی دی لە ڕووی شەرعیەوە پارێزگاری لێ دەکرێت و ئارەزوومەندانە نییە، چونکە ئەوە مافی خودایە و دراوە بە مافی ئەوی دی".[4]

جا کە مافی ئەوی دی بە مافی خودا دانرا، ئەو مافە بۆ پلەی مافی خودایی بەرز دەبێتەوە لە پاراستن و بەرگری لێکردنیدا، ئەمەیە کە شاتبی دەڵێت: "بزانە ئەوەی

---

[1] مسلم، الصحيح بشرح النووي، ج٢، ص١٦٣ (كتاب الإيمان).

[2] النووي، الشرح على صحيح مسلم، ج٢، ص١٦٣.

[3] الشاطبي، الموافقات، ج٢، ص٣٢٢.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص٣٢٢.

لەسەر دواخستنی مافی بەندەکان باسکرا، دەگەڕێتەوە بۆ خودی مرۆڤی ئەرکبار نەك کەسیتر، بەڵام ئەگەر مافی کەسیدی بوو ئەوە بۆ ئەو وەك مافی خودای پەروەردگارە".[1] ئەم ڕستەیە کۆمەڵێك دەقی شەرعی و بنەمای گشتی پشتیوانی دەکات. پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "باوەڕدار بۆ باوەڕدار وەك بیانەیەك وەهایە بەشێکی بەشەکەی دیکەی پتەو دەکات".[2]

پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) دەشفەرموێت: "نموونەی باوەڕداران لە سۆز و خۆشەویستیاندا بۆ یەك، وەك یەك جەستەیە کە ئەندامێکی ئازاری هەبوو، هەموو جەستەکە تووشی ئازار و تا دەبن".[3] هەروەها پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "پێتان بڵێم باوەڕدار کێیە؟ ئەوەیە خەڵك لە گیان وماڵیاندا لێی دڵنیا بن، موسڵمانیش ئەوەیە موسڵمان لە دەست و زمانی پارێزراو بێت".[4] پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "پشتیوانی براکەت بە، ستەمکار بێت یان ستەملێکراو، وترا: چۆن ئەگەر ستەمکار بوو پشتیوانی بکەم؟ فەرمووی: ڕێگری لێ بکات لە ستەمکردن".[5]

غەزالی دەربارەی مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان دەڵێت: "لەوانە ئەوەندەی دەتوانێت ناموس و گیان و ماڵی براکەی لە ستەمی خەڵکیتر بپارێزێت، بەرگری لێبکات و پشتیوانی بکات، مەرجی برایەتی ئیسلام ئەمە دەخوازێت".[6]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ص٢٥٧.

[2] البخاري، الصحيح، ج١٠، ص٤٤٩، وزاد البخاري: "ثم شبك بين أصابعه".

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج١٠، ص٤٣٨، كتاب الأدب.

[4] أخرجه الطبراني والحاكم وصححه من حديث فضالة بن عبيد، زين العابدين أبو الفضل العراقي. المغني عن حمل الاسفار في تخريج ما في الإحياء من الاخبار، بذيل الإحياء، ج٣، ص١٩٤. رواية للبخاري في الصحيح، ج١، ص٥١ (كتاب الأيمان).

[5] سەرچاوەی پێشوو، ج٥، ص٩٨ (كتاب المظالم).

[6] إحياء علوم الدين، ج٢، ص٢٠٦.

# بەشی دووهەم

# گرەنتی دەستووری

# باسی یەکەم: چاودێری دەستووری

## بەندی یەکەم: مانا و پێگە و ناوەڕۆکی دەستوور

لای یاساناسان دەستوور بە گرنگترین گرەنتیەکان دادەنرێت لـە بابـەتی مـاف و ئازادییەکاندا، چونکە دارشتنی ماف و ئازادییەکانی تاکی لەئەستۆدایە، حوکمڕان و دەسەڵاتداران ناچار دەکات کە پاسەوانییان لێ بکەن و بیانپارێزن.

دەسـتوور بـەوە پێناسـەکراوە: "کۆمەڵـە بنەمایـەکی بنـەڕەتین کـە شـێوەی دەوڵەت و سیستەمی حـوکمڕانی و ئەنـدازەی دەسـەڵاتداربوونی بەرامبـەر تاکـەکان دیاری دەکات". [1]

کەسانێکی دیکـە بـەم شـێوەیە پێناسـەی دەکـەن: "بەڵگەنامەیـەکی بنەڕەتیـە شێوەی حوکمڕانی لە دەوڵەتدا دیاری دەکـات، دەسـەڵاتی یاسـادانان و دەسـەڵاتی ڕاپەڕاندن ڕێکدەخات و تایبەتمەندیی هەردووکیشیان دیاری دەکات". [2]

دەسـتوور بـە پـوختی و ڕوونـی و کـورتی دەسـتەواژەکانی دەناسـرێتەوە، تـا جیاوازی لەسەر لێکدانەوەی ناوەڕۆکی مادەکان کەم بکاتەوە.

دەسـتوور ڕێزێکـی زۆری هەیـە لـە لایـەن دەسـەڵاتی حـوکمڕان و تاکـەکانی کۆمەڵگەوە بێ جیاوازی. شارەزایانی یاسا، زاراوەی بڵندی دەستوور، یـان بـەرزی دەسـتوور بـەکاردەهێنن لەبـەر لەسـەرەوەبوونی هـەموو یاسـایەك، دەسـتوور نوێنەرایەتی یاسای باڵا دەکات کە هەموو دامەزراوە و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بۆی

---

[1] وحيد رأفت، القانون الدستوري، ص١٧٣.

[2] محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص٣٢.

ملکەچن، ئەمەش پێویستی دەکات کە هەموو یاساکان کە لە لایەن دەستەکانی دارشتنی یاساوە دەرچووە، پێویستە لە دەستوورەوە سەرچاوە بگرن و لەگەڵ گیانی دەستووردا بە گشتی بگونجێن و هاودژ و پێچەوانە نەبن.(١)

لەئێستادا بوونی دەستوور بۆ هەر دەوڵەتێك بووەتە پێویستییەکی یاسایی، بۆ دیاریکردنی ژێدەرێکی بالای شێوازی سیستەمی حوکمرانی سنووری دەسەلاتە جیاوازەکان، تا بشبێتە ژێدەرێك بۆ ئەو یاسایانەی دەردەچن، دەکرێت دەستوور نووسرابێتەوە و دەشکرێت نەنووسرابێتەوە، لەم حاڵەتانەدا پێی دەوترێت (دەستووری عورفی)(٢)، بێگومان تەنها بوونی دەستوور لە دەوڵەتدا بەس نییە تا پێی بوترێت دەوڵەتی دەستووری، بەڵکو جگە لە دەستوور مەرجی دیکەش پێویستن، وەك پابەندبوونی دەسەلات بە بە بەرژەوەندی ئازادیی تاکییەوە، ئالێرەوە شارەزایانی یاسا جیاوازی دەکەن لە نێوان دەوڵەتی خاوەن دەستوور و دەوڵەتی دەستووریدا.(٣)

دەکرێت پایەکانی دەوڵەتی دەستووری لە چەند خاڵێکدا ڕوون بکەینەوە:

یەکەم: بوونی بنەمای یاسایی بالا تیایدا کە سیستەمی سیاسی لە دەوڵەتدا ڕێکدەخات، هەروەها چۆنیەتی درووستکردنی دەسەلاتە جیاوازەکان و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیان و چۆنیەتی پیادەکردنی ئەو دەسەلاتانە ڕێکدەخات.(٤)

پێویستیشە جیاوازی بکرێت لە نێوان ویستی حوکمڕان و یاسای دەسەلاتداردا، چونکە حوکمڕانیش وەك خەڵکیتر ملکەچی یاسایە، لەمەوە بوونی دەستوور بە یەکەم گرەنتی دادەنرێت بۆ ملکەچبوونی دەوڵەت بە یاساوە، چونکە دەستوور

---

١ عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٥٨١.

٢ كمال غالي، مبادئ القانون الدستوري والنظم السياسية، ص١١٠.

٣ محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص٣٤.

٤ ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٣٤.

دەسەڵات لە دەوڵەتدا دادەنێت و بوونی یاسایی دادەمەزرێنێت لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراودا. دەستووریش بە سروشتی خۆی لە حوکمڕان بڵندترە، چونکە شێوازی دانانی دیاری دەکات و شەرعیەتی پێدەدات، هەروەها دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانی دیاری دەکات، دەستوورە لە هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریش باڵاترە، چونکە دەستوور ئەو دەسەڵاتانەی دامەزراندووە و ڕێکیخستوون و ئەرکی بۆ دیاری کردوون.[1]

دووهەم: ملکەچبوونی ئیدارە بۆ یاسا: دەوڵەت بە دەوڵەتێکی دەستووری و یاسایی ئەژمار ناکرێت هەتاوەکو بنەمای سەروەری یاسا تیایدا نەچەسپێت، کە بە واتای ملکەچبوونی ئیداریە بۆ یاسا لە هەموو بڕیارێك و ڕێوشوێن و کارێکی بەرجەستەدا، ئەمەش بە دوو خاڵ دەبێت:

خاڵی یەکەم: هەموو بڕیار و ڕێوشوێنی ئیداری و کرداری بەرجەستەیی کە دەسەڵاتەکان دەیگرنەبەر پێویستە بەپێی بنەما گشتییەکانی کە پێشتر داڕێژراون جێبەجێ بکرێن.

خاڵی دووهەم: بڕیارەکان لە دەستەیەکی تایبەتمەند و سەرپشککراوەوە دەربچن، کە ئەو دەستەیە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێررابن و نوێنەرایەتی ئەو بکەن و بەناوی ئەوەوە بدوێن.[2]

سێهەم: پلەبەندی بنەما یاساییەکان: ئەمەش لەسەر ئەو بیرۆکەیە داڕێژراوە کە دەڵێت: بنەما یاساییەکان هەموویان یەك ئاست نین لە ڕووی هێز و نرخی یاساییەوە، بەڵکو بەشێوەی زنجیرەیی بەیەکەوە پەیوەستن، لە لوتکەوە بنەما دەستوورییەکان دەبینین کە بڵندترین پلەی بنەما یاساییە، لای خۆشیەوە بەرزترە

---

[1] عبدالغني بسيوني، النظم السياسية، ص١٦٩.

[2] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٣٦. منير البياتي، الدولة القانونية، ص٤١.

لەو کارنامانەی کە دەسەڵاتی کارگێڕی دەری دەکات، پاشان پلەبەندییەکە دەست بە دابەزین دەکات تا دەگاتە بنەما تاکی کە دەسەڵاتی کارگێڕی دەریدەکات.

لەسەر ئەو بنەمای پلەبەندییەیە، پێویستبوونی ملکەچبوونی بنەما نزمەکان بۆ بنەما بەرزەکان لە شێواز و ناوەڕۆکدا، ناشبێت نزمەکان پێچەوانە و هاودژی بەرزەکان بن.(1)

چوارەم: بڕیاردان لە ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاك: مەبەستی سەرەکی دەسەڵات و ئەرکی بنەڕەتی پەیوەستە بە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاك و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان و هەوڵدان بۆ زەوتنەکردنیان لەلایەن دەسەڵات و خاوەن هێز و پێگەکانەوە.(2)

پێشێلکردنی ماف و نەمانی ئازادی بە واتای نەبوونی دەوڵەتی یاسا و پەیدابوونی دەوڵەتی پۆلیسی دێت ، کە تاکڕەوی و میزاجی کەسی تیایدا زاڵە و جێگەی یاسا دەگرێتەوە.(3)

مافە سیاسییەکانیش لە کۆی ئەو مافانەن کە پێویستە دانیان پێدا بنرێت و بپارێزرێن، بەڵکو دەبێت ڕۆڵی نەرێنی حکومەت بگۆڕێت بۆ ڕۆڵی ئەرێنی، بۆ پیادەبوونی ماف و ئازادییە تاکیەکان.

---

1 سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٧.

2 سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٨. محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص٣٧.

3 منير البياتي، الدولة القانونية، ص١٥١. عبدالغني بسيوني، النظم السياسية، ص١٧٣.

**ناوەڕۆکی دەستوور:**

لە پێناسیەکردنی دەستووردا دەبینین بابەتی سەرەکی ڕێکخستنی پیادەکردنی دەسەڵات و دیاریکردنی بنەماکانی ئەم پیادەکردنەیە، کە ئاماژەیە بۆ پێگەی حوکمڕانان و سرووشت و ئامانجی چالاکیە سیاسییەکانیان کە ڕێڕەوی سیستەم و فەلسەفەی حوکمڕانی بەڕێوەدەبات لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریدا، لەسەر ئەم بنەمایەش بیرۆکەی یاسا دیاری دەکرێت کە چالاکی دەوڵەت ئاراستە دەکات.(١)

**دەتوانین ناوەڕۆکی دەستوور لەم چەند خاڵەدا کورتبکەینەوە:**

أـ ئەو بنەمایانەی کە پەیوەستن بە سیستەمی حوکمڕانیەوە: ئەو بنەمایانەن کە ئەو دەستە و کەسانە دیاری دەکات و دەسەڵاتی گشتی پیادە دەکەن و چۆنێتی ئەو مادە و ڕێوشوێنانەی کە بەهۆیانەوە حوکمڕانان دەگەنە پێگەی دەسەڵات وەك بنەمای بنەماڵەیی یان بنەمای هەڵبژاردن، هەروەها دیاری کردنی ئەرکی حوکمڕانان و دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکان.(٢)

ب ـ ئەو بنەمایانەی پەیوەستن بە بابەتی دیکەی نیشتمانیەوە جگە لە مەسەلەی حوکمڕانی و دەسەڵات، وەك: بابەتی ئابووری و بابەتی بژێوی گشتی و قەرز و کاروباری سەربازی و ئەوانی دیکە.(٣)

ج ـ سەلماندنی مافەکانی مرۆڤ کە کۆمەڵێك دەستوور و بەڵگەنامەی تایبەت لەخۆ دەگرێت پەیوەست بە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤەوە، کە یەکەم جاڕنامە لە ئەمریکا دەرچوو لە دەستووری ساڵی ١٧٨٠ی زاینیدا، ئەوجا جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی لە فەڕەنسا دەرچوو، لە دەستووری ساڵی ١٧٩١زدا کە دەنگێکی

---

[١] كمال غالي، مبادئ القانون الدستوري والنظم السياسية، ص١١٦.

[٢] ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٣٤. محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص١١٧.

[٣] كمال غالي، مبادئ القانون الدستوري والنظم السياسية، ص١٢١.

گەورەی لە ئاستی جیهاندا دایەوە.[1] لەنێوان یاساناسانی دەستووریشدا جیاوازی هەیە سەبارەت بە بەهای یاسایی ئەو بەڵگەنامانەی مافی مرۆڤ، هەندێکیان پێیانوایە تەنها سەلماندنی کۆمەڵە حەقیقەتێکی فەلسەفی و ئایدۆلۆجیە و هیچ شوێنەوارێکی یاسایی لەسەر درووست نابێت، واتە بە یاسادانەر سوود دەگەیەنێت، بەڵام دادوەر پابەند ناکات، هەندێکیشیان دەڵێن: بەهای یاسایی بەڵکو دەستووری هەیە، تاکەکان دەتوانن لە دادگاکاندا ئەگەر پێچەوانەی ئەنجامدرا پەنای بۆ بەرن.[2]

## بنەمای بڵندی دەستوور

ئەویش هەمان مانای زاراوەی (بنەمای سەروەری دەستووری) هەیە، کە مەبەست پێی لوتکەی سیستەمی یاساییە لە دەوڵەتدا، چونکە بڵندترە لە هەموو بنەما یاساییە جیاوازەکانی دەوڵەت. بە دەربڕینێکی تر: تێکڕای سیستەمی یاسایی لەسە دەستوور داڕێژراوە، کەواتە دەستوور بنەمای هەموو چالاکییەکانی دەوڵەتە، بۆیە بە دەستوور دەوترێت یاسای بنەڕەتی.[3]

دەکرێت لە دوو ڕووەوە لە شکۆی دەستوور بڕوانین:

### ڕووی یەکەم: شکۆی بابەتی

ئەو ئەنجامەیە کە دەستوور لەخۆی دەگرێت لەو بنەمایانەی تایبەتمەندی حوکمڕان ڕێکدەخات، هەروەها لەوەی کە سەرچاوەی یاسایی هەموو دەسەڵاتەکانە، بەمەش دەبێتە بڵندترین دەسەڵات، هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت پێچەوانەی حوکمی دەستوور بکات، چونکە شەرعیەت لەدەست دەدات.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٢. محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص١١٢.

[2] محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ص١١٢.

[3] كمال غالي، مبادئ القانون الدستوري ، ص١٢٥ وما بعدها.

**ڕووی دووهەم: شكۆی ڕواڵەتی**

مەبەست پێی گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە پێویستانەن كە یارمەتیدەری بەرقەراربوون و سەقامگیری دەستوورن، كە سام و ڕێزێكی زۆری پێدەبەخشێت، ئەمەش پێویستی بە دانانی كۆمەڵە بەندێكی جەسوورانە هەیە لە مەسەلەی دەستوور و هەمواركردنیدا، بەشێوەیەك دەستبۆبردنی سەخت دەبێت.[1]

لەسەر ئەم بابەتەش زاراوەی نەگۆڕیی و مرونەتی دەستوور پەیدا بوون، جیاوازییش لە نێوان دەستووری نەرم و نەگۆڕدا دەگەڕێتەوە بۆ گرتنەبەری كۆمەڵێك ڕێوشوێن و شێوازی دیاریكراو بۆ دارشتن و هەمواركردنەوەی دەستوور، پەیوەندی نییە بە بابەت و ناوەڕۆكی دەستوورەوە.

دەستووری نەگۆڕ ئەوەیە تا ئەندازەیەكی زۆر سەقامگیری و بەقەراری هەیە بە هۆی ئەو ڕێوشوێنە تایبەتانەی كە دەگیرێنەبەر لە هەمواركردنەوەی مادەكانیدا.

دەستووری نەرمیش: بەپێچەوانەی نەگۆڕەكەوە، بەمەرج ناگیرێت ئەو ڕێوشوێنە تایبەتانە بۆ هەمواركردنەوەی بگیرێتەبەر، بەڵكو بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی ئاسایی هەموار دەكرێت.[2]

---

[1] محسن خليل، القانون الدستوري ص١٠. كمال غالي، مبادئ القانون الدستوري، ص١٢٦.

[2] محسن خليل، القانون الدستوري ص٨٢ وما بعدها. كمال غالي، مبادئ القانون الدستوري، ص١٢٧. ثروت بدوي، النظم السياسية، ص١٣٥.

## بەندی دووهەم: بوونی دەستوور لە سیستەمی سیاسی ئیسلامیدا[1]

ناوەڕۆکی بیرۆکەی دەستوور لە خولگەی بوونی کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی بالآوە دەسوڕێتەوە کە سیستەمی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدار ڕێك دەخات، هەروەها سنووری هەڵسوکەوتی حوکمڕان و ماف و ئەرکی هاوولآتیان دیاری دەکات. ئەم بنەمایانەش پێوەری هەموو یاسا و کارنامە و ڕێوشوێنە کارگێڕیەکانە، کە پەیوەستن بە کاروباری بەڕێکردنی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر لە هەموو بوارەکاندا.

جا ئەم بیرۆکەیە بەم ناوەڕۆکەوە لەگەڵ لەدایکبوونی یەکەم دەوڵەتی ئیسلامیدا لەسەر دەستی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) پەیدا بوو، کە دەکرێت لە سۆنگەی چەند خاڵێکەوە ڕوونی بکەینەوە:

یەکەم: قورئانی پیرۆز کۆمەڵێك بنەمای گشتی هێنا کە چارەسەری لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەکات، ئەم بنەمایانە گشتگیر و سەرتاپاگیر و یەکلاکەرەوە و نەگۆڕن. پاشان سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) وەك تەواوکار و ڕوونکەرەوەی بنەما قورئانیەکان هات، بۆ تەواوکردنی بینا یاساییەکە لەسەر کۆمەڵە پایەیەکی کرداریی کە پرۆسەی جێبەجێکردن و چەسپاندنیانە لە واقیعی خەڵکدا، ئەوەش لە کۆمەڵە بوارێکەوە:

- لە بواری سیاسییەوە: پایەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتی ڕوونکردەوە وەك: ڕاوێژ، دادگەری، یەکسانی، گوێڕایەڵی، ئەستۆبەندی (التکافل).

- لە بواری کۆمەڵایەتییەوە نەخشەی بنەماکانی بنیاتنانی خێزانی و پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان و هەرەوەزی گشتی کێشا.

---

[1] يمكن الرجوع لهذا الموضوع إلى منير البياتي، الدولة القانونية والنظام السياسي الإسلامي، ص٦٩. وما بعدها. رسالة دكتوراة قدمت إلى كلية الحقوق — جامعة القاهرة. ساعدت على طبعها جامعة بغداد سنة ١٩٧٨م.

ـ له بواری ئابووریدا: بنەما گشتییەکانی ڕێکخستنی موڵکیەت و کەسایەتی ڕەوا و بنەماکانی گرێبەست و مامەڵەی دانا.

ـــ هــەروەها سیســتەمی دادوەری دانــا، ســزا و مامەڵــەی ڕێکخســت، لەگــەڵ چارەسەرکردنی لایەنەکانی تری ژیاندا، کە دەشێت بۆ هـەڵێنجانی کۆمەڵە بنەمایـەکی دەستوری بتوانێت کاروباری موسڵمانان له هەموو کات و شوێنێکدا ڕێك بخات.

دووهــەم: پێغەمبــەری خــودا (دروودی خــودای لەســەر) هــەر لــە ســەرەتای دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتەوە لـە مەدینـە بەڵگەنامەیـەکی داڕشـت، کـە بـە یەکـەم هـەوڵی نووسـینەوەی دەسـتووری ڕێکوپێـك دادەنرێـت، کـە ئـەم بەڵگەنامەیـە لـە چلوحەوت مادەی دەستووری پێکهاتبوو، کە بە کۆی هەموویانەوە بابەتە کاکڵەییـە بنەڕەتییەکانی بیرۆکەی دەستووریان لەخۆ گرتبوو.(1) نووسینەوەی ئەم بەڵگەنامـە دەستوریە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر زەرورەتی بوونی دەستوورێکی نووسراو، تـا ببێتە ژێدەری دامەزراندنی سیستەمی حوکمڕانی و دیاریکردنی دەسەڵاتەکان.

سێهەم: پاش پێغەمبەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) خەلیفـە ڕاشـیدەکان هاتن و تا دەوڵەتەکەیان ببێتە بەرجەستەکارێکی کرداری پێویستییەکانی دەستوور لە دوای کۆتایی هـاتنی وەحـی و پێغەمبەرایـەتی. ئـەم ماوەیـە دەبێتـە ژێـدەرێکی دەســتووری بــۆ موســڵمانان لــەو مەســەلەی دانــانی حــوکمڕان و لێپرســینەوە و چاودێریکردنیدا، ڕوونکـەرەوەی مافـەکانی جـەماوەر و پاراسـتنی ئازادییـەکانیانن، ئەمە لە یەکەم گوتاری جێنشینی یەکەم ئەبوبەکری سدیقدا ڕەزای خـوای لـێ بێـت دەردەکەوێت و مێژووش ئەمەی سەلماندووە.(2)

---

[1] يمكن مراجعة بنود الوثيقـة الدسـتورية الأولى في السـيرة النبويـة لابـن هشـام، ج1، ص501. أبـي عبيـدة، الأحوال، ص260. محمد حميد الله، الوثائق السياسية لعهد النبوة والخلافة الراشدة، ص59.

[2] ابن هشام، السيرة النبويـة، ج3، ص661. الطـبري، التـأريخ، ج3، ص211. السـيوطي، تـأريخ الخلفـاء، ص68. ابن قتيبة، الإمامة والسياسة، ص27.

## پێویستی بوونی دەستوور لە دەوڵەتی ئیسلامیدا:

دەبێت جیاوازی بخرێت لە نێوان دەستوور و سەرچاوەی دەستووردا، قورئان و سوننەت سەرچاوەی دەستوورن، نەك دەستوور، چونکە دەستوور کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی بالایە لە سەرچاوە شەرعیەکان هەڵدەهێنجرێت بە دارشتنەوەیەکی دیاری کراو لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە جیاوازە، هەموارکردن و گۆرانکاریشی بەسەردا دێت، بە گرتنەبەری کۆمەڵە رێوشوێنێکی دەستووری دیاریکراو. ڕوونترین بەڵگەش دەسپێشخەریەکەی پێغەمبەری خودا بوو (دروودی خودای لەسەر) لە مەدینەدا کە کارنامەیەکی دەستووری دیاریکراوی دانا و تەنها بە بوونی قورئان ئیکتیفای نەکرد.

دەستەیەکی دامەزرێنەری هەڵبژێرراو لە زانا و پسپۆڕ و شارەزایانی بواری یاسای دەستووری و یاسای نێودەوڵەتی و کاروباری سیاسی و حوکمڕانی و کارگێڕی، دەستوور دادەڕێژن. ئەم دەستوورە ڕەوایەتی لە گشتپرسیەکی جەماوەری گشتی لە ڕەنگدانەوەی ویستی میللەتەوە دەگرێت، ئەڵبەتە پاش تێپەڕبوونی بە هەموو قۆناغەکانی دارشتنەوە و خستنەڕووی مشتومڕی دەستە پسپۆڕیەکان، پاش دڵنیابوونیش لە پابەندی دەستوور بە دەقە شەرعی و بنەما گشتییەکانیەوە لە هەموو بابەت و مادەکانیدا. گرنگی بوونی دەستووری نووسراوی دەوڵەتی ئیسلام کە جێگای ڕێکەوتنی زانا و شارەزایان و پسپۆڕان بێت و جەماوەریش دەنگی لەسەر بدات. لەپێناو ڕێکخستنی بابەتی سەرۆکایەتی گشتی و شێوەی پێدانی دەسەڵات و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیان، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەرك و مافەکانە.

جا دەستوورێکی نووسراو بەو شێوە کە جێگەی ڕێزی هەموان بێت، هاوکاری ڕیشەدارکردنی نەریتە دەستووریە مەزنەکانە لە دەروونی جەماوەردا، بێگومان ناکۆکی لەسەر دەسەڵات کەمدەکاتەوە، هەروەها خۆسەپاندن و زۆرکاری و

زەوتکردنـی دەسـەڵاتیش کەمدەکاتـەوە، وەك لـە قۆناغـەکانی ڕابـردووی مێـژووی ئیسـلامیدا ڕوویـداوە، کـە بووەتـە هـۆی خوێنڕێـژی و دەسـتدرێژی و پـەرتکردن و لاوازکردنـی ئوممـەت. هـەروەها ئـەو لاف و گەزافانـە دەسـڕێتەوە سـەبارەت بـە لەپێشبوونی ئەوانەی خۆیان بە شایستەتر ئەزانن، بەبیانووی ڕەچەڵەك و بنەماڵە و زۆرینەبوونیان، بەتایبەت لە ناو ئەهلی سوننەتدا کە باوەڕی بە سیستەمی میراتگری و ڕاسپاردن نییە.

کاکڵـەی دەسـتوور لەسـەر ئـەو بیرۆکـە سـەرەکیەیە کـە لـە گوتـاری ئـەرکباری شـــەرعیدا دەرکـــەوت، کـــە میللـــەت ڕاســـپاردە و خـــاوەن مـــاف و سەرچـــاوەی دەسـەڵاتەکانە، ئـەویش ڕەوایـەتی بـە دەسـەڵاتدار دەدات و لێپێچـینەوەی لەگـەڵ دەکات و لایدەدات. ئیتر دەستوور بەم شێوە دەبێتە بوونەوەرێکی زینـدوو، گەشـە دەکـات و پێـدەگات بـە گەشـەکردنی بـیری میللـەت و پێشـکەوتنی شارسـتانی و کارگێڕی ئەویش گەشە دەکات. قـابیلی باشـترکردن و دەسـتکاریکردنە تـا دەگاتـە جـوانترین شـێوە کـە بتوانێـت مەبەسـتەکانی شـەریعەت کـە ڕێکخسـتنی کاروبـاری خەڵکە بەدی بهێنێت.

## سەرچاوەکانی دەستوور لە شەریعەتی ئیسلامیدا

سەرچاوەکانی دەستوور لە شەریعەتی ئیسلامیدا هەمان سەرچاوەی شەریعەتن، کە هەیانە سەرچاوەی سەرەکین و کۆدەنگییـان لەسـەرە وەك: قورئـان، سـوننەت، کۆڕا، قیاس.[1]

سەرچاوەی دیکەش هەن جیاوازی هەیە لە بە بەڵگەبوونیدا لە مەزهەبێکەوە بـۆ مەزهـەبێکی دیکـە، ئـەوانیش: بەباشـزانین (الاستحسـان)، بەرژەوەندیـە ڕەهاکـان

[1] خالف الظاهرية في مصدرية (القياس)، وهذا الخلاف لا يطعن في مصدرية القياس عند الجمهور الاعظم مـن الفقهاء.

(المصالح المرسلة)، (الاستصحاب)، کرداری خەڵکی مەدینە، قسەی هاوەڵان، شەریعەتەکانی پێشوومان، سەدی زەرایع.[1]

جا لەبەرئەوەی دەستوور کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی گشتییە، کاروباری کارگێڕی حوکمڕانی ڕێکدەخات و ماف و ئەرکی هاووڵاتیانیش دیاری دەکات، وەك باسکرا، ئەمە وادەکات تێڕوانین بۆ دەستوور ئاڕاستەیەکی تەسك وەرگرێت سەبارەت بە سەرچاوەی دەستووری، بەشێوەیەك پشت بەو دەقە یەکلاکەرەوە و ئەو بنەمایانە ببەسترێت کە ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە، جا ئا لێرەوە ڕاجیایی درووست بووە لەسەر فەرموودەیەك گێڕەرەوەکەی یەك کەس بێت (خبر الآحاد) و کۆدەنگی ئایا دەبنە سەرچاوەی دەستووری؟

## سەرچاوەی یەکەم: قورئانی پیرۆز

یەکێك لە نیعمەتەکانی خودا بۆ سەر خەڵك ناردنی قورئانی پیرۆزە، کە ڕێنموندیکاری دنیا و قیامەتی مرۆڤەکانە، قورئانیش بە پارێزراوی ماوەتەوە تا سەرچاوەیەکی هەمیشەیی یاسایی بێت لە هەموو سەردەمێکدا.

تایبەتمەندییەکی قورئانیش ئەوەیە کۆمەڵە بنەمای گشتی و سەرتاپاگیر لەخۆدەگرێت بۆ یاساداڕشتنی هەموو بوارەکانی ژیان دەشێت، خودا دەفەرموێت: ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ﴾.[2] واتە: " ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە بۆت کە ڕوونکەرەوەیە بۆ هەموو شتێ". قورئانی پیرۆز کۆمەڵە بنەمایەکی دەستووری گشتی بۆ داڕشتوین لە بواری ڕێکخستنی دەسەڵات و کارگێڕی حوکمڕانیدا، وەك:

- ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾.[3] واتە: "کاروباری نێوانیان بە پرس و مەشورەتە".

---

[1] يمكن الرجوع إلى كتب الأصول للوقوف على مدلول هذه المصطلحات.

[2] النحل: ٨٩.

[3] الشورى: ٣٨.

- ﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ﴾.[1] واتە: "حوکم بکە لە نێوانیاندا بەوەی کە خودا ناردوویەتیە خوارەوە".

- ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾.[2] واتە: "ئەی کەسانیك کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، پاشانیش گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانی خۆتان بن".

- ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ﴾.[3] واتە: "ئەی بڕواداران بەڵێنەکانتان ببەنە سەر". کۆمەڵە ئایەتێکیش هەن کاروباری جەنگ و ئاشتی، بنەمای کڕین و فرۆشتن، سزاکان ڕێکدەخەن.

ئایەتی دیکەی زۆر هەن هاتوون تا ببنە بنەما و بناغەی گشتی لە بواری ماف و ئازادییەکانی تاکدا، لەوانە:

- ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ﴾.[4] واتە: " لە کوشتنەوەدا ژیان بۆ ئێوە هەیە ئەی هۆشمەندان".

- ﴿وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ (٨) بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ﴾.[5] واتە: "کاتێك پرسیارکرا لە کچانی زیندە بە چاڵ. کە بە چ گوناهێك کوژران".

- ﴿فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ﴾.[6] واتە: " تەنها سەرمایەکانتان هی ئێوەیە نە ستەم بکەن و نە ستەمتان لێ دەکرێ".

---

[1] المائدة: ٤٩.

[2] النساء: ٥٩.

[3] المائدة: ١.

[4] البقرة: ١٧٩.

[5] التكوير: ٨ ، ٩.

[6] البقرة : ٢٧٩.

ـ ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ﴾.[1] واته: "به هیچ جۆریك زۆرلێكردن له دیندا نییه (بۆ هاتنه ناو ئیسلام)، چونكه بەراستی له یەك جیابۆتەوه ڕێنموونی و شارەزایی له گومڕایی و سەرلێشیواویی".

ـ ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾.[2] واته: "بێگومان ڕێزمان له نەوەی ئادەم گرت".

لەو نموونانەی ڕابورد دەبینین ئەو ئایەتانه هاتوون تا كۆمەڵه بنەمایەكی گشتی بۆ ماده دەستوورییەكان كه كاروباری ژیان ڕێكدەخەن داڕێژن، درووستیش نییه لێیان لابدرێت، مەگەر له بوارێكدا كه باسی نەهاتبێت تیایاندا.

**سەرچاوەی دووهەم: سوننەتی پێغەمبەر**

سوننەتی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) هاوشانی قورئانی پیرۆزه، سوننەت ڕاڤەكار و لێكدەرەوەی قورئانه، هەروەها سوننەت بۆ قورئان ڕوونكەرەوەی حوكمەكانیەتی.

خودا دەفەرموێت: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾،[3] واته: "ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) پێی دان وەری بگرن، ئەوەی لێتانی قەدەغەكرد وازی لێ بێنن". پێغەمبەری خوداش (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "دوای خۆم دوو شتم بۆ بەجێهێشتوون ئەگەر دەستیان پێوەبگرن هەرگیز سەرتان لێناشێوێت: كەلامی خودا و سوننەتی من".[4] كەواته سوننەت له دەستووری ئیسلامیدا سەرچاوەی دووهەمه، لەو ڕووەوه كه كۆمەڵێك بنەمای گشتی تێدان شایستەی برگەو مادەی دەستوورییان لێهەڵبهێنجرێن له زۆر ڕووەوه، هەروەها هۆی تێگەیشتنی زۆر كاروباره كه له قورئانی پیرۆزدا هاتوون.

---

[1] البقرة: ٢٥٦.

[2] الإسراء: ٧٠.

[3] الحشر: ٧.

[4] أبو داود، السنن، ج١، ص٣٠٠.

زانراویشه كه سوننەت چەند پلەیەكە، هەیانە (تەواتور)ە، هەیانە (مەشهوور)ە، هەشیانە (ئاحاد)ن، ڕاجیایی لەسەر بە بەڵگەبوونی (تەواتور) و (مەشهورە)ەكە نییە، بەڵام جیاوازی لەسەر فەرموودەی (ئاحاد) هەیە، تا چەند دەكرێتە بەڵگە. هەندێك لە شارەزایانی یاسای دەستووری پشتیان بەم ڕاجیاییە بەستووە، لەوانەش لەوانەش دكتۆر عەبدولحەمید متەوەلی كە دەڵێت: سوننەتی ئاحاد بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەكانی یاسای دەستووری دانانرێت، لەبەر گرنگی یاسای دەستووری و باڵادەستی بەسەر یاسای تەشریعیدا، جگە لەوەش سوننەتی ئاحاد سەرچاوەیەكی جێگومانیە (مصدر ظني).[1]

ئێمە تەسلیمی ئەم ڕایە نابین، بەڵكو ئەم بۆچوونە پێویستی بە هەڵوێستە و گفتوگۆكردن هەیە، چونكە زۆرینەی زانایانی شافیعی، حەنبەلی، زاهیری، جەعفەری لەسەر ئەوەن كە خەبەری ئاحاد بە بەڵگە ئەژمار دەكرێت، ئەگەر درووستی گەیشتنی بە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) سەلمێنراو عەیبێكی زەقی تێدا نەبوو.[2] بەڵام مالیكییەكان ئەوەیان كردووەتە مەرج كە نابێت، فەرموودەی ئاحاد پێچەوانەی كرداری خەڵكی مەدینە بێت، چونكە كرداری مەدینەییەكان لە ئاستی سونەنی موتەواتیردایە، لەبەرئەوەی پشت بەپشت كرداریان لە یەك وەرگرتووە تا دەگاتە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر).[3]

حەنەفییەكانیش مەرجی پێچەوانەنەبوونیان بۆ داناوە لەگەڵ قیاسی درووست و بنەما جێگیر و گشتییەكانی شەریعەت.[4]

---

[1] عبدالحميد متولي، نظام الحكم في الإسلام، ص١٨٩.

[2] الشيخ محمد أبو زهرة، أصول الفقه، ص١٠٦، عبدالكريم زيدان، الوجيز في أصول الفقه، ص١٦٨. عبدالوهاب خلاف، أصول الفقه، ص٤٢. الشوكاني، إرشاد الفحول، ص٤٩.

[3] الشيخ أبو زهرة، الإمام مالك، ص٢٤٤.

[4] شرح التلويح على التوضيح لمتن التنقيح، ج٥، ص٢. ويشترط ذلك الشاطبي، الموافقات، ج٣، ص٩٩.

ئەم ڕاجیاییە نابێتە تانە لەسەر بە بەڵگەبوونی سوننەتی ئاحاد، بەڵکو دەتوانین بڵێین لای هەموو زانایان خەبەری ئاحاد بە بەڵگە دادەنرێت بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام هەندێك هەڵاوێردەکردنی سنووردار هەن لای حەنەفیەکان و مالیکیەکان. ئەمەش نابێتە بەڵگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بە سەرچاوەبوونی خەبەری ئاحادی درووست لە یاسای دەستووریدا، چونکە یاسای دەستووری جاری وا هەیە نەریت (عورف) و قسەی خەڵکیش وەردەگرێت لەو بابەتانەی کە دەقیان لەسەر نییە.

## سەرچاوەی سێهەم: کۆدەنگی:

پێناسەی کۆدەنگی بەوە دەکرێت: ڕێکەوتنی موجتەهیدەکانی ئومەتی محەمەدە (دروودی خودای لەسەر) لە پاشی کۆچی دوایی ئەو، لەسەردەمێك لە سەردەمەکان، لەسەر کارێك لە کارەکان،[1] ئامیدیش دەڵێت: کۆدەنگی بریتییە لە ڕێکەوتنی کۆی ئەنجومەنی ڕاوێژ (أهل الحل والعقد) لە ئومەتی محەمەد (دروودی خودای لەسەر) لە سەردەمێك لە سەردەمەکان لەسەر حوکمی ڕووداوێك لە ڕووداوەکان.[2]

لە سۆنگەی ئەو پێناسانەوە دەبینین کە زانایان مەبەستیان لە کۆدەنگی دەبێت لە خەڵکی شایستەی خۆیەوە بێت کە ڕاوبۆچوونیان ئیعتیبارداره کە بریتین لە: زانایان و موجتەهید و خاوەن ڕا و بۆچوونەکان کە هەندێکی بە ئەهلی حەل و عەقد ناویان دەبات، کەواتە کۆدەنگی خەڵکە گشتییەکە ئەژمار ناکرێت.

کۆدەنگی لە پلەبەندیدا سێهەم سەرچاوەیە لە دوای قورئان سوننەت، لای زانایان کۆدەنگی پلەیەکی تایبەتی هەبووە، دەوترێت ئەبو حەنیفە زۆر شوێنی ئەو بابەتانە دەکەوت کە کۆدەنگی زانایانی پێشووی کوفەی لەسەر بووە، مالیك

[1] الشوكاني، إرشاد الفحول، ص٧١. التلويح على التوضيح، ج٢، ص٤١. تيسير التحرير، ج٣، ص٢٢٤.

[2] الآمدي، الاحكام في أصول الأحكام، ج١، ص٢٨١. الرازي، المحصول، ج٢، ق١، ص٢٠.

کۆدەنگی خەڵکی مەدینەی بە بەڵگە ئەژمار دەکرد. سیفەتێکی گشتی زانایان ئەوەبووە پەرۆشبوون بۆ مەخالەفەنەکردنی کۆدەنگی هاوەڵان و هەروەها پەرگیرنەبوونی کەسێکیان لە زانایانی هاوچەرخی.[1] لای زۆرینەی زانایان کۆدەنگی بە بەڵگە ئەژمار دەکرێت و دەگاتە پلەی یەکلاکەرەوە و لە بەڵگەگومانی (ظنی) دەردەچێت و واجبە شوێن کەوتن، بەم بەڵگانە:

یەکەم: ئەو فەرموودانەی کە لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خودای لەسەر) هاتوون کە ئەوە دەگەیەنن ئوممەتی ئیسلام لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە، دەفەرموێت: "ئوممەتەکەم لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە".[2] دەشفەرموێت: "ئەوەی لای موسڵمانان باش بێت لای خوداش هەر باشە".[3]

دووهەم: خودا دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾.[4] واتە: "هەر کەسێك دژایەتی پیغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بکات پاش ئەوەی کە ڕێبازی ڕاستی بۆ ڕوون بوویەوە و شوێنی ڕێگایەکی تر بکەوێ بێجگە لە ڕێگەی بڕواداران ڕووی وەردەگێرین بۆ ئەو ڕێبازەی کە هەڵیبژاردووە و دەیخەینە دۆزەخ، ئای چ پاشەڕۆژێکی خراپە".

شێوەی بە بەڵگەدانانی ئەم ئایەتە ئەوەیە، خوای پەروەردگار هەڕەشە لەوانە دەکات کە پێچەوانەی ڕێبازی کۆمەڵی باوەڕدارانن و بە هاوشانی دژایەتیکردنی پێغەمبەری خودای دادەنێن.

---

[1] الشيخ محمد أبو زهرة، أصول الفقه، ص١٩٨.

[2] ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٠٣. الترمذي، الصحيح، ج٩، ص١١.

[3] الإمام أحمد، السنن، ج٤، ص٢٧٨.

[4] النساء: ١١٥.

**كۆدەنگی سەرچاوەی بە یاسادانانی دەستوورییە:**

لە زانست و کرداریشـدا کـۆدەنگی بـە بەڵگـە دادەنرێت و لای زۆرینـەی زانایـان سەرچاوەیەکی یەکلاکـەرەوەی حوکمـە شـەرعییەکانە، کۆمـەڵێك حـوکمی شـەرعی جـێگیر هـەن سەرچـاوەکەیان کۆدەنگییـە: میراتـی شەشـیەکی نـەنك، نادرووسـتی هاوسـەرگیری پێکـەوەیی نێـوان ئـافرەت و خوشـکی بـاوکی یـان دایکـی، هـەروەها خوشك و برای باوکی وەك خوشك و برای باوکو دایکبن ئەگەر خوشك و بـرای بـاوکو دایکی نەبوو، بەهەمانشێوە حەرامبوونی هاوسەرگیری ئافرەتی موسڵمان لە پیـاوی ناموسڵمان.[1]

جگـە لەوانــەش کـۆدەنگی لــە ســەردەمە پێشـینەکانی دەوڵــەتی ئیســلامیدا سەرچاوەیەکی دەستووری بووە، وەك:

١ـ کۆدەنگی لەسەر واجبێتی پێشەوایەتی: هاوەڵان کۆدەنگبوون لەسـەر دانـانی پێشەوا پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر)، کاتێـك لـە کەپرەکـەی بـەنی سـاعیدەدا کۆبوونـەوە و ئەبوبـەکریان هەڵبـژارد، کـە وتـی: بـە دڵنیاییەوە محەمەد مردووە و ئەم ئایینەش پێویستی بـە کەسـێکە پێـی هەسـتێت، دەستبەجێ خەڵکەکە ئەویان هەڵبژارد، وازیان لـە گـرنگترین شـت هێنـا کـە کفـن و دفنــی پێغەمبــەری خــودا بــوو (دروودی خــودای لەســەر)، پــاش ئــەوە لــە هــەموو سەردەمەکاندا تا ئەمڕۆش خەڵکی لەسەر ئەوە دەڕۆن، ئەم کۆدەنگییە ژمارەیـەکی زۆر لە گەورە زانایان دەیگێڕنەوە.[2]

---

[1] الشيخ محمد أبو زهرة، أصول الفقه، ص٢٠١.

[2] الإيجـي، المواقــف، ص٣٩٥. الغزالــي، الاقتصــاد في الاعتقــاد، ص١١٨. النســفي، التمهيـد، ص٣٩٥. المقدسـي، المسـامرة شـرح المسـايرة، ص٢٩٩. الجـويني، الإرشـاد، ٣٥١. البـاجوري، جـوهرة التوحيـد، ص٤٥٨. البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٢.

٢ـ كۆدەنگی لەسەر ئەوەی پەیماندان و دەستبژێریکردن ڕێگەی دەسەلاتپێدانی پێشەوایە لەلایەن میللەتەوە، ئەمە كۆدەنگی زانایانی ئەهلی سوننەتە و زۆر لە زانایان و شەرعزانان ئەم كۆدەنگییەیان گێڕاوەتەوە.[1]

٣ـ كۆدەنگی لەسەر كۆمەڵە مەرجێكی پێشەوایەتی، وەك: موسڵمانێتی، نێری، شایستەیی، دادگەریی و هیدیكەش.[2]

ڕێگرییەكیش نییە لەم سەردەمەدا كۆدەنگی ببێت بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەكانی دەستوور لە دەوڵەتی ئیسلامی نوێدا، بەڵكو لەم سەردەمەدا كۆدەنگی ئاسانترە لەبەر ئاسانی سەفەر و كۆبوونەوە و ڕاگەیاندن و بوونی هۆكارەكانی تەكنەلۆجیا، كە زانایان زووتر دەتوانن لە ڕاوبۆچوونی یەكتر شارەزا ببن و گفتوگۆیان بكەن.

هەندێك نووسەری یاسای دەستووری هاوچەرخ وادەبینن وەك عەبدولحەمید متەوەلی كە لە سەردەمی نوێدا كۆدەنگی جێگای نابێتەوە لە سەرچاوەكانی شەریعەتی ئیسلامیدا، بەتایبەت لە بارەی حوكمە شەرعیە دەستووریەكانەوە.[3] دكتۆر متەوەلی پشتی بەوە بەستووە كە زانایانی ئوسولْ بەمەرجیان داناوە ئەو بابەتەی كۆدەنگی لەسەر بێت لە بابەتە ئاینیەكان بێت.[4] پاشان دەڵێت بابەتی دەستوور بابەتی ئایینی نییە. بێگومان مەبەستی زانایان كە بابەتی كۆدەنگی لەسەر دەبێت بابەتی ئایینی بێت بەمانای حوكمی شەرعی بیگرێتەوە، واتە: كۆدەنگی دەبێتە بەڵگەی یەقینی لەو بابەتەدا و نكوڵی لێكردنی زیان بە ئیمان

---

[1] الجويني، غياث الأمم، ص٣٤. محمد منير البياتي، الدولة القانونية والنظام السياسي الإسلامي، ص١٠٠.

[2] الإيجي، المواقف، ص٣٩٥. النسفي، التمهيد، ص٣٩٥. المقدسي، المسامرة شرح المسايرة، ص٣٩٩. الجويني، الإرشاد، ٣٥١. البغدادي، أصول الدين، ص٢٧٢.

[3] عبدالحميد متولي، مبادئ نظام الحكم في الإسلام، ص٢١٠.

[4] شرح التلويح على التوضيح، ج٢، ص٤٦.

دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بابەتەکە پەیوەست نەبوو بە حوکمێکی شەرعیەوە، ئەوکات بابەتێکی زانستی دەردەچێت وەك: بابەتی پزیشکی، لێرەشدا مەبەستی زانایان لە کۆدەنگی و بە بەڵگەدانانی پەیوەست نییە بەم کاروبارانەوە کە زانایان بە کاروباری دنیایی ناوزەدیان کردووە.[1] ئەوەش کە دکتۆر عەبدولحەمید متەوەلی دەڵێت: بابەتی دەستووری لە بابەتە ئاینیەکان نییە، پێچەوانەی تێگەیشتن و مەبەستی زانایانە، بابەتی دەستووری بە دڵنیاییەوە لە حوکمە شەرعیەکانە، بۆیە کۆدەنگی سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی دەستوور و قسەکەی دکتۆر هیچ بەڵگە نییە، خوداش زاناترە.

## بەندی سێهەم: مەبەست بە چادێری دەستووری لە شەریعەتی ئیسلامیدا

### لقی یەکەم: لای یاسانان

بینا لەسەر ئەو بنەمایە کە بڕیاری باڵادەستبوونی دەستوور و پێویستی موافیق بوونی یاساکانە بە بنەماکانی دەستوور، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە دەسەڵاتی تایبەتمەند بڕیار بدات لەسەر ئەوەی یاسا ئاساییەکان چەند گونجاون لەگەڵ مادە دەستوورییەکان و چەندە پێچەوانەیانن. چاودێری دەستووری پەیوەستە بە کاروباری دەسەڵاتی یاسادانانەوە، بەڵام کاروباری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە ملکەچی چاودێری دادوەریە، ئیتر دادوەری ئاسایی بێت یان دادوەری کارگێڕی.[2] چاودێری یاسایی لە دوو ڕووەوەیە:

١ـ لە ڕووی ڕواڵەتەوە: مەرجێکی یاسادانان ئەوەیە بەپێی مەرج و ڕێوشوێن بڕیار لەسەردراوەکانی دەسەڵاتی تایبەتمەند دەرچێت، بە قۆناغە دەستوورییە زانراوەکانیشدا تێپەڕێت، ئەگەر ئەم ڕێگایانە نەگەرێتەبەر دەبێتە یاسادانانێکی

[1] شرح التلويح على التوضيح، ج٢، ص٤١. الآمدي، الاحكام، ج١، ص٢٨١. تيسير التحرير، ج٣، ص٢٢٤.

[2] كمال غالي، مبادئ القانون الدستورين ص١٤٨. عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٥٨١.

ناکامڵ لە ڕووی ڕواڵەتی یاسایی درووستەوە، ئەمەش بە تانە لە درووستیشدا ئەژمار دەکرێت.[1]

٢ـ لە ڕووی بابەتیەوە: کە پێویستە بڕیارە یاساییەکان گونجاو بن لەگەڵ مادە دەستووریەکان، بەو مانایە دەبێت پابەندی چوارچێوەی دەستوور بێت، نابێت پێچەوانە و هاودژی بێت، چونکە دەرچوون لە بازنەی دەستوور یان پێچەوانەبوونی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسادانانەکە و لە زاراوەدا پێی دەوترێت یاسادانانی نادەستووری.[2]

**چاودێری دەستووری بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە دوو بەش:**

**یەکەم: چاودێری پارێزگاری**

ئەم جۆرە چاودێریە پێش دەرچوونی یاسا و بڕیاردان لەسەری و بڵاوکردنەوەیەتی، ئەویش بە دەستاودەستکردنی دەبێت لە نێوان ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانانندا لەپێش بڕیاردان لە یاساکە، کە ڕێکەوتنی لەگەڵ دەستوور پایەیەکی گفتوگۆی هەر پرۆژە یاسایەکە بەمەش دەوترێت چاودێری پێشوەخت.[3]

بشکنینی دەستوور بۆ یاساکە لە پاش دەرچوون لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە دەکەوێتە چوارچێوەی چاودێری پارێزگاریەوە، کە پێش دوابڕیار دەبێت. ئەویش لە ڕێگەی دەستەیەکی پسپۆڕەوە دەبێت کە بزانن ئەو یاسایە چەندە لەگەڵ یاسای دەستووریدا پێکدێتەوە، کە زۆربەی جار بڕیاری ئەم دەستەیە یەکلاکەرەوە دەبێت، هەندێك دەوڵەت بەم دەستەیە دەڵێن: ئەنجومەنی دەستووری باڵا،[4] ئەم جۆرە چاودێرییەش پێی دەوترێت: دوا چاودێری .[1]

[1] محسن خليل، القانون الدستورين ص١٢٢. ماجد الحلو، القانون الدستوري، ص١٧.

[2] محسن خليل، القانون الدستورين ص١٢٣. ماجد الحلو، القانون الدستوري، ص١٧.

[3] محسن خليل، القانون الدستورين ص١٢٣. عبد الكريم حسن، الحريات العامة، ص٥٨٠.

[4] (الدستور الأردني مادة ٥٧، مادة ١٢٢).

**دووەم:چاودێری دادوەری**

لـە زۆر لـە دەوڵـەتانی جیهانـدا دادگـا ڕۆڵ دەگێڕێـت لـە چـاودێری دەسـتووری یاساکاندا، دەستووری وڵاتان لەسەر کاری ئەم چـاودێری دادوەرییـە کـۆکن، ئەگـەر یاسـاکان پێچـەوانەی دەسـتوور بـوون و ڕێوشـوێنە یاسـاییە ڕواڵەتییـەکانیان نەگرتبووە بەر کە دەستوور بۆ دەرکردن و بڕیاردان لە یاسا دیاری کردووە. لێرەدا دادوەر بـۆی هەیـە جێبـەجێکردنی ئـەو یاسـایە ڕەتبکاتـەوە. بـەڵام سـەبارەت بـە چـاودێری دادوەری لەسـەر دەسـتووری بـوونی یاسـا لـە ڕووی بابەتـەوە و پێچەوانەبوونی لەگەڵ دەستوور، شارەزایانی یاسا جیاوازییـان لەسـەری هەیـە، کـە ئەمەش بووەتە هۆی جیاوازی دەستوورەکان لەم بابەتەدا.[٢]

دادگا بە دوو ڕێگا چاودێری دەستووری بوونی یاسا دەکات:

**ڕێگای یەکەم: ڕێگای سکاڵای بنەڕەتی بە داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی یاساکە:**

ئەم ڕێگایە بەوە دەچەسپێت کە سکاڵا بەرز دەکرێتەوە بۆ تانەدان لە یاسایەکی دیاریکراو لە بەردەم دەدگایەکی تایبەت کە پێی دەوترێت دادگای دەستووری بـاڵا، لەوێدا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە دەکرێت کە پێچەوانەی دەسـتوورە، جـا ئەگـەر لای دادگـا سـەلمێنرا ئـەو یاسـا تانەلێـدراوە دەسـتووری نییـە، بڕیـاری هەڵوەشاندنەوەی دەردەکرێت.[٣]

---

[١] عبد الكريم حسن، الحريات العامة، ص٥٨٣.

[٢] محسن خليل، القانون الدستورين ص١٣٤. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٢٧٩. موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ترجمة جورج سعد، ص١٥٥.

[٣] محسن خليل، القانون الدستورين ص١٣٨. عبد الكريم حسن، الحريات العامة، ص٥٨٥.

**ڕێگای دووهەم: چاودێری لە ڕێگای پاڵنانی لاوەکیەوە**

لەم حاڵەتەدا تانە لە یاساکە نادرێت، بەڵکو بابەتی نادەستووری بوونی یاسا دەوروژێنرێت، لە بۆنەی بابەتێکدا کە خراوەتە بەردەم دادگا و پێویست دەکات ئەو یاسایە بەسەر کەسێکدا جێبەجێ بکرێت. لێرەدا پاڵ دەنرێت بەو کەسەوە کە یاساکە دەستووری نییە، ئیتر دادوەر دەکەوێتە لێکۆڵینەوەی بابەتەکە، جا ئەگەر نادەستووری یاساکە سەلمێنرا، دادوەر ڕێگری دەکات لە جێبەجێکردنی یاساکە لەو بابەتەی خراوەتە بەردەستی. جا ڕۆڵی دادگا جێبەجێکردنی ئەو یاسایە دەبێت کە پێچەوانەی دەستوورە، نەك بڕیاردان لەسەر نادەستووری بوونی، بەو شێوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدرێت.(١)

**لقی دووهەم: چاودێری دەستووری لە شەریعەتی ئیسلامیدا**

سەرەتای ئەم بەشە لە بابەتی بوونی دەستوور لە دەوڵەتی ئیسلامیدا کۆڵینەوە، گەشتینە ئەم ئەنجامەی کە بوونی دەستوور پێویستە بۆی، کە بابەتی پەیوەست بە سیستەمی حوکمڕانی لە دەوڵەتدا ڕێکدەخات، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پێویستی بوونی چاودێری دەستووری لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، بۆ تێڕوانین لەو یاسا و بڕیارانەی کە دەسەڵاتی یاسادانان دەریاندەکات، تا لەگەڵ دەستوور و بنەما گشتییەکاندا پێکبێتەوە و لەگەڵیدا پێچەوانە و هاودژ نەبن. پابەندبوون بە گیان و دەقی دەستوورەوە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا پابەندبوونە بە بنەما و گیانی شەریعەتەوە، چونکە دەستوور لە شەریعەت وەرگیراوە بە هەر چوار سەرچاوەکەیەوە، سەرەڕای عورف و ئەوەی زانایان لەسەر شێوەی بەڵگەپێهێنانەوەی لەسەر ڕێکدەکەون.

---

١ محسن خليل، القانون الدستوري، ص١٣٩.

دەستوور هێزی خۆی لەوەوە وەردەگرێت هەڵێنجراوی سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامیە، پاشان پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی ڕاوێژەوە، کە نوێنەرایەتی میللەت دەکەن، هەروەها دەستوور هێزی لەو ڕاپرسیە گشتییەوە وەردەگرێت کە لەسەری دەکرێت. چاودێری دەستووری لە شەریعەتی ئیسلامیدا کۆمەڵێك ئەرك لەئەستۆ دەگرێت لەوانە:

١ـ دڵنیابوون لەوەی ئەو یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە دەردەچن پابەندی دەستوورن، هاودژ و پێچەوانە نین، لە بابەت و ناوەڕۆکیشدا پابەندن بە دەقەکانیەوە و لێی لانادەن.

٢ـ دڵنیابوون لەوەی ئەو یاسایانە دەردەچن شێوەیەکی یاساییان وەرگرتووە و بەو ڕێوشوێنانەی کە دەستوور دیاری کردوون، لێرەدا پێویستە بزانین هەر فەتوا و ئیجتیهادێك لە زانایەکەوە دەردەچێت واجب نییە موسڵمانان شوێنیان کەون، واتە: دەبێت جیاوازی لە نێوان و یاسا و فەتوادا بکرێت، خۆئەگەر پسپۆڕانی دەوڵەت فەتواکەیان دانپیادانا و ڕازیبوون لەسەر دەرکردنی بەشێوەیەکی فەرمی یاسایی ئەو کاتە پێویستە پێوەی پابەندبین، پسپۆڕانیش دەستووری دەوڵەت دیاریان دەکات، کە پێیان دەوترێت ئەنجومەنی ڕاوێژ.

دەکرێت بە دوو شێوە چاودێری لەسەر دەستووری بوونی یاساکان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا بکرێت:

أـ چاودێری پارێزگاری: لە دەستەیەکی سیاسی دیاریکراو پێکدێت کە دەستوور دیاری دەکات، ئەم دەستەیە دەبێت لەلایەن شارەزا و پسپۆڕانی بواری دەستوور و یاسا و دادگاوە دابنرێت. دەشبێت توانای ڕامان و ئیجتیهادیان لە فیقهی ئیسلامی و

شارەزاییان لە زانستەکانی سەردەمدا هەبێت، دەشکرێت سەرۆکی دادگا باڵاکانی دەوڵەت و گەورە دادوەرەکان بخرێتە ناو ئەم دەستەوەیە.

ب ـ دوا چاودێری: وەك پێشتر وتمان لە دادگا پێکدێن، ئەم چاودێریە بە دوو ڕێگا دەبێت:

ـ ڕێگای تانەدان لە دەستووری بوونی یاسا دەرکراوەکە لەبەردەم دادگایەکی تایبەتمەند، کە لە هەندێك دەوڵەتدا پێی دەوترێت دادگای باڵای دەستووری .

ـ ڕێگای ڕێگری لە جێبەجێکردنی یاساکە، ئەگەر بۆ دادوەر سەلما ئەو یاسایە دەستووری نییە، ئەم مافەش لە ئیسلامدا پارێزراوە بۆ دادوەر.

# باسی دووهەم: چاودێری ڕەوایەتی (المشروعية)

## بەندی یەکەم: مەبەست لە چاودێری ڕەوایەتی و ناوەڕۆکە یاساییەکەی

بنەمای ڕەوایەتی گرەنتیەکی بنەڕەتیە کە تاکەکان لە زەبری کارگێڕی و زاڵبوون و قۆستنەوەی بۆ دەسەڵات دەپارێزێت.

مەبەست لە بنەمای ڕەوایەتی (مبدأ الشرعية) بەشێوەیەکی گشتی ملکەچبوونە بۆ یاسا، کە پێویست دەکات هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە هەموو بوارەکانیدا ملکەچی یاسا بن، ئەویش بە جێبەجێکردنی یاسا و پابەندبوون پێوەی و دەستهەڵگرتن لەو کردارانەی دژی یاسا یان لەگەڵی ناگونجێن.[1]

بۆ بنەمای ڕەوایەتی زاراوەی (سەروەری یاسا) یان (بنەمای حکومەتی پابەند) یان (بنەمای دەسەڵاتداربوونی یاسا) بەکاردەهێنرێت، کە مەبەستی سەرەکی سنووردانانە بۆ دەسەڵات و تاکڕەوی ئیدارە و ڕێگریلێکردنی بۆ دەستنەبردن بۆ ماف و ئازادییەکانی تاک.[2] بنەمای ڕەوایەتی هەر لە سەرەتاوە پێویست دەکات یاسا داڕێژرێت بۆ ڕێکخستنی مامەڵەی دەستە و تاک، هەموو لایەنەکانیش پێوەی پابەند بن. دەشێت ئەم یاسایانە لای پەیوەندیداران زانراوبێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە درووستی جێبەجێکردن و تا تاکەکان بتوانن چاودێری کار و بڕیاری دەسەڵاتە کارگێڕییەکان بکەن و داوای مافی خۆیان و پاراستنی ئازادییەکانیان بەپێی یاسا بکەن.

---

[1] سعيد الحكيم، الرقابة على أعمال الإدارة، ص٩. عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٥٩١. طعمية الجرف، رقابة القضاء، ص٥.

[2] عبدالحميد متولي، الحريات العامة، ص٨٨. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٣٧٨.

بەڵام کاروباری چاودێری دەوڵەت زیاتر لە زۆربەی دەوڵەتەکاندا دەگەڕێنرێتەوە بۆ دادگا، ئەو خاوەن بڕیاردانە لە ڕەوایەتی هەڵسوکەوت و کارگێڕیدا بەرامبەر تاکەکان و ئەندازەی پابەندیان بە یاساوە.

دادگاش چاودێری هەڵسوکەوتی کارگێڕی لە دوو ڕووەوە دەکات:

أ- کردارە بەرجەستەییەکان کە شوێنەوارەکانیان بۆ تاك دەگەڕێتەوە وەك: دەستگرتن بە سەر زەویدا، کردنەوەی جادە بۆیان، دەستبەسەراگرتنی موڵك.

ب - کردارە یاساییەکان کە ئیدارە پێیان هەڵدەستێت و پەیوەستن بە بڕیاری ڕێکخراوەکان و گرێبەستەکان و جگە لەوانەش، بەشێوەیەك ئەم بڕیارانە پشت بە بنەمایەکی یاسایی درووست دەبەستن، یان گونجاو بن لەگەڵ یاسای درووستدا کە کۆمەڵە مەسەلەیەکی دیاریکراو ڕێکبخەن.[(١)]

ئەگەر کارگێڕی پێچەوانەی بنەمای ڕەوایەتی کرد، ئەوا ئەو هەڵسوکەوتەی پێچەوانەی یاسای تایبەتە هەڵدەوەشێتەوە، ئەو هەڵوەشاندنەوەش شوێنەواری یاسایی دەبێت کە ئەمانەن:

١- نەمان و سڕینەوەی بڕیارە کارگێڕیە پێچەوانەکە و نەمانی شوێنەوارەکانیشی.

٢- قەرەبووی دارایی ئەو زیانانەی بەهۆی هەڵسوکەوتە کارگێڕیەکەوە گەیشتووە بە تاکەکان.[(٢)]

---

[١] عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٥٩٢. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٤٨١.

[٢] موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص١٥٦. عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٥٩٤.

## بەندی دووهەم: چاودێری ڕەوایەتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا

### لقی یەکەم: بنەمای ڕەوایەتی لە ئیسلامدا

ئیسلام شەریعەتێکی تێرو تەسەلی هێناوە، ژیانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکاندا ڕێکدەخات، ڕێگایەکی ڕوونیشی کێشاوە بۆ گەیشتن بە حوکمی شەرعی لە هەموو بوارە نویێ و داهاتووەکاندا، کە دەقی قورئان و سوننەتیان لەسەر نەهاتبێت.

بنەمای ڕەوایەتی کە پێویست دەکات کارگێڕی ملکەچی یاسا بێت زۆر ڕوونە لە شەریعەتی ئیسلامیدا، دەقی ئاشکرا هەیە بۆ پێویستی ملکەچبوونی حوکمڕان و خەڵك بۆ یاسای شەرعی درووست کە لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە وەرگیرا بن، دەتوانین لە قورئان و سوننەت و قسەی هاوەڵان و کرداری جێنشینان بەڵگە بهێنینەوە لەسەر بنەمای ڕەوایەتی:

**لە قورئاندا:**

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾.(١) واتە: "ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خودا و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن، پاشانیش گوێڕایەڵی کاربەدەستەکانی خۆتان بن، جا ئەگەر دووبەرەکیتان هەبوو لە شتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خودا و پێغەمبەر (درووەی خودای لەسەر) ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بە خودا و بە ڕۆژی دوایی، ئەوە باشترە و ئاکام و ئەنجامی چاکترە". ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾(٢)، واتە: "فەرمانڕەوایی تەنها بۆ خوایە". ﴿فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا

---

١ النساء: ٥٩.

٢ الأنعام: ٥٧.

جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ﴾[1]، واته: "كەوابوو تۆش لەنێوان خەڵكدا بەڕاستی فەرمانڕەوایی بكە، شوێن هەوا و ئارەزووات مەكەوە با لە ڕێگای خودا لات نەدات". ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾[2]، واتە: "هەر كەس حوكم نەكات بەو بڕیارانەی كە خودا ناردوویەتیە خوارەوە ئا ئەوانە بێ باوەڕن و موسڵمان نین". ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾.[3] واته: " لە پاشان تۆمان خستە سەر شەریعەتێك لە بارەی ئایینەوە تۆش شوێنی بكەوە و شوێن هەوا و ئارەزووی ئەوانە مەكەوە كە نازانن".

ئەو ئایەتانە و زۆر ئایەتی دی جەخت لە بڕیارێكی یەكلاكەرەوە دەكەن كە جێگەی مشتومڕ و دوودڵی نییە، ئەویش پێویستی ملكەچبوونی كارگێڕیە لە هەموو چالاكی و هەڵسوكەوت و بڕیارەكانیدا بە شەریعەتی خوداوە و لانەدانە لێی، چونكە لادان لێی لە هەر دۆخێكدا ڕەوایەتی لەدەست دەدات.

**لە سوننەتدا:**

سوننەتیش دووبارە جەخت لە پێویستی ملكەچبوون دەكاتەوە بۆ ئەو یاسانەی لەگەڵ شەریعەت دەگونجێن و پێویستی بە قسەنەكردنی هەر بڕیارێك پێچەوانەی شەریعەت بێت، ئەمەش لەم فەرموودانەدا ڕوون دەبێتەوە:

پێغەمبەری خوداش (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "كەسی موسڵمان لەسەریەتی گوێڕایەڵ بێت لەوەی پێیخۆشە یان پێی ناخۆشە، مەگەر فەرمانی بە سەرپێچی پێبكرێت، ئەوكات نە گوێگرتن هەیە و نە گوێڕایەڵی".[4] دەشفەرموێت:

---

[1] المائدة: ٤٨.

[2] المائدة: ٤٤.

[3] الجاثية: ١٨.

[4] البخاري، الصحيح، بشرح فتح الباري، ج١٣، ص١٢١. مسلم، الصحيح، ج٤، ص٥٠٤.

"گوێڕایەڵی لە سەرپێچیکردنی خودادا نییە، بەڵکو گوێڕایەڵی لە چاکەدا هەیە".[1]
هەروەها دەفەرموێت: "لە سەرپێچیکردنی درووستکاردا گوێڕایەڵی درووستکراو ناکرێت".[2] ئەم فەرموودانە و زۆر فەرموودەی دیکەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کارگێڕی لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا پێویستە پابەندی شەریعەت بێت، بەبێ ئەوە ڕەوایەتی نییە، ئەمەش لە هەڵوێستی پێغەمبەری خودادا (درووودی خودای لەسەر) دەردەکەوێت لە ڕووداوی ئەو کاربەدەستە ئەنسارییە کە فەرمانیکرد بە هاوەڵانی ئاگر بکەنەوە و بچنە ناوی، ئەویش فەرمووی: "گوێڕایەڵی لە سەرپێچیکردنی خودادا نییە، بەڵکو گوێڕایەڵی لە چاکەدایە".[3]

لەسەر ئەم بنەمایانە هەموو هەڵسوکەوتێکی کارگێڕی کە پێچەوانەی شەریعەت بێت هەڵدەوەشێتەوە، پێویستە بڕواداران جێبەجێی نەکەن و پێی ڕازی نەبن.

### کرداری جێنشینان:

- وتەکەی ئەبوبەکر کە لە یەکەم وتاری دوای هەڵبژاردنیدا وتی: "گوێڕایەڵم بن هەتا گوێڕایەڵی خودا دەبم، ئەگەر سەرپێچیم کرد گوێڕایەڵیتان لەسەر نییە".[4]

- عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت: "سوێند بە خودا پێم خۆش بوو من و ئێوە لە کەشتیەکباین لە قووڵایی دەریاوە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بیبردباین، لەوێشدا خەڵك دانەمابان لەوەی کەسێکیان بکردایەتە بەرپرسیان، جا ئەگەر ڕاستبایە شوێنی بکەون، ئەگەر لایدابا بیانکوشتبایە، تەڵحە بفەرموو لایاندابایە، وتی: نا، کوشتن پەندە بۆ ئەوەی لە دوایەوە دێت".[5]

---

[1] البخاري، الصحيح، ج١٣، ص١٢٢. مسلم، الصحيح، ج٤، ص٥٠٤.

[2] الترمذي، الصحيح، ج١، ص٣١٩. ابن ماجة، السنن، ج٤، ص٩٥٦.

[3] البخاري، الصحيح، ج٨، ص٥٨ (كتاب المغازي).

[4] الطبري، التأريخ، ج٣، ص٢١١. السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص٦٨.

[5] الطبري، التأريخ، ج٥، ص٢٥.

لەوانەی تێپەڕی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە گرەنتی مافە سیاسییەکان بنەمایەکی ڕەوای پێدراوە، دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە:

یەکەم: دانانی کۆمەڵە یاسایەك کە پیادەکردنی مافە سیاسییەکان بە شێوەیەکی شەرعی و دەستووری ڕێکبخات، بەپێی ڕێوشوێنی فەرمی لەلایەنە تایبەتمەندەکانەوە، بە دڵنیابوون لە دەستووری بوونی ئەو یاسایانە.

دووهەم: پابەندی دەسەڵاتی کارگێڕی و هاووڵاتیان بەو یاسایانەوەن ڕێگەنەدرێت بۆ هیچ لایەك پێچەوانەی یاسا بکەن.

سێهەم: دادگا چاودێری ڕەوایەتیەکە بکات، هەروەها هاووڵاتیانیش، ئەویش بە شارەزابوون لەو یاسایانە و بڵاوکردنەوەیان، دەشبێت بوار بە هاووڵاتیان بدرێت سکاڵا بکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر هەڵسوکەوتێکی یاسایی و وەرگرتنەوەی مافەکانیان.

## لقی دووهەم: ئەو دەستانەی پیادەی چاودێری ڕەوایەتی دەکەن لە دەوڵەتی ئیسلامیدا

### یەکەم: چاودێری ئەنجومەنی ڕاوێژ یان ئەنجومەنی یاسادانان(١)

ئەنجومەنی ڕاوێژ ئەو ئەنجومەنەیە لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێررێت، تا نوێنەرایەتی بکات لە هەڵگرتنی واجبە کیفاییەکاندا، بەتایبەت کاروبارە سیاسییەکان، ئەنجومەنی ڕاوێژ ئەو ئەرك و مافانەی دەسەڵاتی یاسادانان پێیدەدات پیادەی دەکات، لەو ئەرکانەش: چاودێری یاسادانانە، کە خۆی لە ڕێکخستنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دەزگا کارگێڕییەکانیدا دەبینێتەوە لە چوارچێوەی یاسادا، ئەم چاودێرییەش دوو جۆرە:

---

[1] انظر فصل "الشورى" في الباب الأول، والذي تم فيه تفصيل خصائص هذا المجلس وواجباته.

**یەکەم: چاودێری دارایی:**

کە سیستەمی باج دەگرێتەوە، چونکە درووست نییە دانانی باجی گشتی یان هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوە مەگەر بە یاسایەك کە دەسەڵاتی یاسادانان دایانڕشتبێت، هەروەها یاسای هاوکێشەیی گشتی دەگرێتەوە کە بریتیە لە بەیانێکی خەمڵێنراو لەوەی بۆ حکومەت هەیە خەرجی بکات و ئەوەی لە ماوەیەکی کاتیی دیاریکراودا بەدەستی دەهێنێت.(١)

**دووهەم: چاودێری سیاسی:**

کە چەند شێوەیەکی هەیە، لەوانە:

أـ مافی پرسیارکردن: مەبەست پێی مافی دەستەی یاسادانانە لە پرسیار ئاراستەکردنی حکومەت یان ئەندامێکی، لەو بابەتانەی دەچێتە پسپۆڕی ئەوەوە، بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی دیاریکراوی لەسەر بدات.(٢)

ب ـ خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆ: مافی ئەندامانی دەستەی یاسادانانە داوای خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بکەن بۆ گفتوگۆ، بۆ ئەوەی لە سیاسەتی حکومەت تێبگەن لەو بارەوە، مافی هەموو ئەندامانیشە بەشداری بکەن لە گفتوگۆکردن لەسەری.(٣)

ج ـ مافی لێکۆڵینەوەکردن: دەستەی یاسادانان مافی لێکۆڵینەوەکردنی هەیە بۆ گەیشتنە ڕاستی مەسەلەکان، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنیش لەسەریەتی ئاسانکاری بۆ ئەرکی لیژنەی دیاریکراو بکات و زانیاری پێ بدات و فایلەکانی بخاتە بەردەست.(٤)

---

١ سعيد الحكيم، الرقابة على أعمال الإدارة، ص١٤٣ ـ ١٤٤.

٢ سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٥٤٥. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٦٩.

٣ سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٥٤٩. سعيد الحكيم، الرقابة على أعمال الإدارة، ص١٤٨.

٤ سعيد الحكيم، الرقابة على أعمال الإدارة، ص١٤٨. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٦٩.

د- لێپرسینەوە: مەبەست پێی ئەوەیە دەستەی یاسادانان دەتوانێت لێپرسینەوە لە حکومەت یان ئەندامێکی بکات لە کاروبارێك لە کاروبارە گشتییەکاندا کە پەیوەستە بە پسپۆڕی ئەوانەوە.(1)

## سێهەم: چاودێری ڕای گشتی:

چاودێرییەکی گشتییە بە هەموو میللەت بەخشراوە، لەسەر بنەمایەکی شەرعی مەزن بنیاتنراوە، کە بنەمای فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەیە، هەروەها ئەرکی دڵسۆزی دەربڕینە، کە پەیوەستە بە بابەتی گوێڕایەڵی کاربەدەستانەوە لە چاکەدا و گوێڕایەڵی نەکردنیانە لە خراپەدا.(2)

## چوارەم: چاودێری دادگا(٣)

کە لە ڕێگەی لقی دادگا جیاوازەکانەوە دەکرێت، وەك: ولایەتی دادگا، ولایەتی ستەمتێداکراو، ولایەتی حیسبە، ولایەتی پۆلیس، ولایەتی شار، ولایەتی ستەمتێدا کراو (المظالم) زۆرترین جۆری دادگایە لە چاودێری ڕەوایەتیدا، چونکە تایبەتە بەو بابەتانەی پەیوەستن بە خاوەن دەسەڵاتەکان، ئەو ولایەتە وەك ولایەتی کارگێڕییە کە تایبەتە بەو بابەتانەی کارگێڕی لایەنێکن تیایدا.(4)

---

[1] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٥٤٩. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٦٩. سعيد الحكيم، الرقابة على أعمال الإدارة، ص١٤٨.

[2] لقد تم إفراد فصل خاص لرقابة الرأي العام في هذه المسألة.

[3] لقد تم إفراد فصل خاص عن الضمانة القضائية في الباب الثاني.

[4] سعيد الحكيم، الرقابة على أعمال الإدارة، ص٤٨٢. أحمد المؤمني، قضاء المظالم، ص٥٩.

دادگا هـەر لـە سـەردەمی پێغەمبـەری خـوداوە (دروودی خـودای لەسـەر) ڕۆڵـی هەبووە لە چاودێری کاروباری کارگێڕیدا، پاشان لەدوای ئەویش واتە لـە سـەردەمی جێنشینەکاندا.

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) مافی کردەوە بۆ تیرەی جوزەیمە لەو زیانانەی کە بە دەستی خالیدی کوڕی وەلیـد لێیـان درا کاتێـك کـە جـەنگی لەگـەڵ کردن لەگەڵ ئەوەی ئەوان موسڵمان بوون بەبێ لێکۆڵینـەوە، جـا کاتێـك سـکاڵایان گەیشتە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و فەرمووی: خودایە من بەریم لەوەی خالید کردوویەتی، پاشان فەرمانیکرد بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب کە خوێنی کوژراوەکانیان بـدات، وا دانـرا کوشـتنی هەڵـە بووە، ئەمەش بـە قەرەبووکردنـەوەی هەڵـە دادەنرێـت، کـە کارمەنـدێکی کـارگێڕی کردوویـەتی و لـە مـاڵی گشـتی دەوڵـەت قەرەبووکرانـەوە بـۆ ئـەو زیانانـەی پێیـان گەیشتبوو.[1]

هەروەك دەگێڕنەوە کە عومەری کوڕی خەتاب مافی بۆ ئەو قیبتیە سەندەوە کە کوڕی عەمری کوڕی عاص پێشبڕکێی لەگەڵ کردبوو کاتێك والیی میسر بوو، جا کە قیبتیەکە پێشی دایەوە، لێی داو و تـی: چـۆن پێشـی بـەڕێزەکان دەدەیتـەوە، جـا کاتێك سکاڵاکەی گەیشتە عومەر فەرمانیکرد لە مەوسیمی حەجدا لەبەرچاوی خەڵك تۆڵەی لێ بسەنرێت، کابرای قیبتی بەدەستی خۆی مافی خۆی سەند.[2]

---

[1] البخارین الصحیح بسرح فتح البارین ج٨، ص٤٦.

[2] المستطرف، ج١، ص٢٣٨.

# بەشی سێهەم

# گرەنتی دادوەری و پەیوەستەکانی

## پێشەکی

بێگومان دادگا بە بایەخترین گرەنتیەکاراکان ئەژمار دەکرێت، لـە پاراسـتنی مـاف و ئازادییەکاندا، جێگای کۆدەنگی سەرجەم دەوڵەت و گەلان بووە لە کۆن و نوێدا، بـەڵکو هـەر لـە سـەرەتادا دادگـا لـە پێنـاوی وتنـی قسـەی حـەق و گـەڕان بـە دوای مـاف و پاراسـتنیدا دامـەزراوە. دادگـا لـە دێرزەمانـەوە هەیـە، هـیچ دەوڵـەتێك ناتوانێـت دەستبەرداری ببێت، چونکە ئەو گێرمە و کێشمەی کـە لـە هـەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیـە دەبێت چارەسەر بکرێت. دادگا لە ناو هەموو گەلاندا بـە جیـاوازی ئـاین و جوگرافیایـان جێگای ڕێز و شکۆ بووە. دادگـا بـە پاسـەوانی یاسـا و گرەنتـی جێبـەجێکردنی ئـەژمار دەکرێت، دەتوانێت سنوور بۆ دەستدرێژی و تێپەڕاندنی بکات، کە دەکرێنە سـەر یاسـا و سیستەمی گشتی دەوڵەت.

ئیبن قودامە دەڵێـت: "دادگـا لـە فـەرزە کیفاییەکانـە، چـونکە کاروبـاری خـەڵك بـێ ئـەوە ڕاسـت نابێتـەوە، بۆیـە وەك جیهـاد و پێشـەوایەتی واجبـە". ئەحمـەد دەڵێـت: "خەڵك هەر دەبێـت دادوەریـی هـەبێت،... چـونکە ئـەو فـەرمان بـە چـاکە و پشـتیوانی زۆرلێکراوان دەکـات، مـاف دەگێڕێتـەوە بـۆ مـافخوراوان، دەسـتی ستەمکار لـە سـتەم هەڵدەگرێت، نێوان خەڵکی ڕێکدەخات، لە یەکدی قوتاریان دەکات".[1]

چـاودێریی دادگـایی سـەرکەوتووترین هۆکـاری پاراسـتنی ئازادییـە کەسـیەکانە لـە بواری سیاسیدا، ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسـییەکانیش لـە ڕێکخـراوی گشـتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان سـاڵی ١٩٦٩ لـە مـادەی (١٤)یـدا ڕەزامەنـدی لەسـەر دەربڕیوە دەڵێت: "هەر کەسێك ئازادیی زەوتکـرا، بـە بەنـدکردن یـان بـە گـرتن، مـافی پـەنابردنی هەیـە بـۆ دادگـا، بـۆ ئـەوەی خێـرا ڕەوایـەتی دەسـتگیرکردنەکەی بـۆ یەکلابکاتەوە و ئەگەر بەندکردنەکەی نایاسایی بوو ئازاد بکرێت".[2]

---

[1] ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٣٤.

[2] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٤٦٢.

# باسی یەکەم: سەربەخۆیی دادوەری و گرنتییەکانی

ئەگەر دادگا سەربەخۆیی تەواوی نەبێت لە پیادەکردنی ڕۆڵە بایەخدارەکەیدا بە فشاری دەرەکی و کاریگەری ناڕەوا، ئەوا ناتوانێت بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی هەستێت و ماف و ئازادییەکان بپارێزێت و چاودێری جێبەجێکردنی هەنگاوەکان بنێت، سەربەخۆیی دادگاش لە سۆنگەی چەند گرەنتیەکەوە دەردەکەوێت:

## بەندی یەکەم: گرنتییەکانی سەربەخۆیی دادگا

### یەکەم: گرەنتیە دەستوورییەکان

مەبەست پێی ئەوەیە دەستوور بنەمای سەربەخۆیی دادگا لەخۆ بگرێت وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆی ئیداری و دارایی، لە دوو دەسەڵاتەکەی دیکەی یاسادانان و ڕاپەڕاندن بیناسێنێت، هیچ یەکەیان بۆیان نەبێت دەستوەردەنە کاروباری دادگا، ئەمەش دەبێتە دەسپێکی یاسایی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دادگا.

ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت بنەمای سەربەخۆیی دادگا، لە هەموو دەستوورەکانی وڵاتانی دنیای هاوچەرخدا کۆدەنگی لەسەرە، چونکە گرەنتی ڕاستەقینەی پاراستنی دادگایە لە دەستوەردانی لایەنەکان.

بۆ نموونە: مادەی (١٦٥) دەستووری میسر دەڵێت: "دەسەڵاتی دادگایی سەربەخۆیە، دادگاکان بە شێوازە جیاوازەکانیانەوە سەرپەرشتی دەکەن، حوکمەکانی بەپێی یاسا دەردەچێت".[١]

---

[١] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣١٨.

مـادەی (٩٧) دەسـتووری ئـەردەنی دەڵێـت: "دادوەران سـەربەخۆن و هـیچ دەسەڵاتێکیان لەسەرەوە نییە لە دادوەرییەکانیاندا جگە لە یاسا".[١]

شـەریعەتی ئیسـلامیش بنـەما گشـتی و مەبەسـتە شـەرعیەکانی پشـتگیری سەربەخۆیی دادگا دەکات، بۆیە دەستووری ئیسلامی کـە لـە قورئـان و سـوننەت و کۆدەنگییەوە وەرگیراوە، پێچەوانەی ئەم بنەمایە نییە، بەڵکو بە توندی پشـتیوانی جێبەجێکردنیشی دەکات. یەکەم جێنشین کە دەستپێشخەری دامەزراندنی دادگـای سەربەخۆی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا کرد عومەری کوڕی خەتاب بوو، کاتێـك دادگـای مەدینەی دا بە ئەبو دەردا، دادگای بەسرەی تەسلیم بە شورەیح کرد و کوفەشی دا بە ئەبو موسای ئەشعەری، پاشان نامە بەناوبانگەکەی بـۆ نـاردن کـە لـە دادوەریـی ئیسلامیدا بە دەستوور ئەژمار دەکرێت،[٢] دوای ئەویش جێنشینەکانی دیکە لەسەر هەمان ڕێباز دەڕۆیشتن.

## دووەم: گرەنتیەکانی کارگێڕی دادگا

مەبەست بەم گرەنتیە ئەوەیە سەرپەرشتیکردنی کـارگێڕی دەسـەڵاتی دادگـایی بدرێتە ئەنجومەنی باڵای دادوەری، کـە دانـانی ئەندامـەکانی بـە یاسـایەکی تایبـەت لەلایەن گـەورە دادوەرەکانـەوە دەبێـت، جـا ئـەم ئەنجومەنـە بابـەتی دامەزرانـدنی دادوەران و جێگیرکـــردن و پلەبەرزکردنـــەوە و گواســـتنەوە سەرزەنشـــتکردن و وەرگرتنی دەستلەکارکێشانەوەیان لەئەستۆ دەگرێت، نەك ئەم کاروبارانـە بکەوێتـە دەسـت دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن، ئـەویش لـەم سـۆنگەوە چارەنووسـی دادوەرانـی لەبەردەستدا بێت، ئەمە کاریگەری لە سەربەخۆیی و بێلایەنی و بێگەردی دەکات.[٣]

---

[١] الدستور الأردني، الفصل السادس، مادة (٩٧)، ص٤٩، ط١٩٨٩م.

[٢] ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٣٨. الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٧١. ابن خلدون، المقدمة، ص٢٢٠.

[٣] فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١١٥ وما بعدها.

لـه دەوڵەتێکـەوە بـۆ دەوڵـەتێکی دیکـە ئـەم ئەنجومەنـە دەگۆڕێـت، بەنموونـە ئەنجومـەنی دادوەریـی لـە ئـوردون پێکهـاتووە لـە حـەوت ئەنـدام بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆکی دادگـای پێداچـوونەوە و ئەنـدامێتی سـەرۆکی دووهـەم پێداچـوونەوەو سـەرۆکی نوێنەرایـەتی گشـتی وەکیـل وەزیـری داد و هـەر سـەرۆکی مەحکەمـەی تێهەڵچوونەوە و پشکنینە، کە وەزیری داد دەستنیشان دەکات.(١)

بـەڵام لـە سـوریا لـە ئەنجومـەنی دادوەری بـاڵا و حـەوت ئەنـدام و سـەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێکدێت، وەزیری داد نوێنەرایەتی دەکات، بـە ئەنـدامێتی سەرۆکی دادگای هەڵوەشـاندنەوەن جێگـری وەزیـری داد، نوێنـەری گشـتی لەگـەڵ سەرۆکی کارگێڕی پشکنینی دادگایی.(٢)

لـە میسـر بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆك کۆمـار و جێگـری وەزیـری داد، ئەنـدامێتی هەریـەك لـە سـەرۆکی دادگـای بـاڵا، سـەرۆکی دادگـای تێهەڵچـوونەوەی قـاهیرە، دێرینترین نوێنەرانی سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت.(٣)

نووسـەرانی یاسـا هەنـدێ ڕەخنـەیان لـەم پێکهاتانـە هەیـە، چـونکە ڕەچـاوی سەربەخۆیی دادگای لە پێکهێنـانی ئەنجومـەنی بـاڵای دادگـادا نـەکردووە، مۆڵـەتی داوە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن کە وەزیری داد نوێنەرایـەتی دەکـات دەسـتوەرداتە ئـەم ئەنجومەنـە لـە ڕێگـەی سـەرۆکایەتیکردنی ئەنجومـەن لـە هەنـدێك وەختـدا یـان دەسەڵاتپێدانی کە هەندێك ئەندام دامـەزرێنێت، ئەمـەش سـەربەخۆبوونی کـارگێڕی دەزگای دادوەری کەم دەکاتەوە.(٤)

---

[١] قانون استقلال القضاء الأردني لسنة ١٩٧٢م، رقم: ٢٤٩١. فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١١٦.

[٢] قانون السلطة القضائية لسنة (١٩٦٩) رقم (٩٨٩) مادة (٦٥). فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١١٧.

[٣] قانون القضاء المصري رقم (٨٢) لسنة ١٩٦٩م. فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١١٨.

[٤] فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١١٦.

**ئەرکەکانی ئەنجومەنی دادوەری:**

١ــ پاراسـتنی سـەربەخۆیی دامـەزراوەی دادوەری، چـونکە ئەنجومـەن لوتکـەی دەسەڵاتی دادوەرییە، کەواتە گرنگترین ئەرکی ئیشکردنە بۆ سـەربەخۆبوونی دادوەری، ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ڕێوشوێن و هەڵسوکەوتێك کـە ئەگـەری کاریگـەری نـەرێنی لەسـەر ئەرکی دادوەریدا هەبێت، هەروەها هەر تێپەڕاندنێك کـە دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن بەرامبـەر دادگا پیادەی دەکات.[1]

٢- بەڕێوەبردنی دەزگای دادوەری: ئەنجومـەن سەرپەرشـتی کاروبـاری دامەزرانـدنی دادوەران، گواسـتنەوەیان، پلـە بەرزکردنـەوەیان، خانەنشـینکردنیان، جێگـۆڕکێ پێکردنیان دەکات، بۆیە دەبێت پـەرۆش بێـت باشـترین توانـا زانسـتی و پسـپۆڕییەکان بدات بە دەزگا، چونکە چاودێریکردنی کار و هەڵسوکەوتی دادوەران دەکات.

٣ــ پەرەپێـدانی دەزگـای دادوەریـی: ئـەویش بــە هاوشـانبوونی پەرەسـەندنی بیردۆزەییە یاساییەکان، بەدواداچوونی بزاوتە زانستییەکانی تایبەت بـە دادگـا، ئـەویش بۆ هاندانی جموجوڵی ئیجتیهاد و گەشەسەندنی زانستی دادوەران لەم سۆنگانەوە:

أــ هانـدانی دادوەران لـە ڕێگـای پلەبەرزکردنـەوە بـە پشتبەسـتن بـە شایسـتەیی و گەشەسەندنی توانا زانستی و توێژینەوەییەکان.

ب - پابەنـدکردنی دادوەران پـاش خزمـەتکردنیان بـە ماوەیـەکی دیـاریکراوەوە کـە پسپۆڕی لە لقێکی یاسادا بەدەست بهێنن.

٤ــ پێشـنیازی پـڕۆژە یاسـاییەکانی پەیوەسـت بـە دادگـاوە، لـەپێناو مانـەوەی کاروبـاری دادوەری لـە دەرەوەی بازنـەی کاریگـەری دەسـەڵاتەکانی دیکـەوە، دەکرێـت بەمـە دەسـتی بـە دەسـەڵاتی ڕاپەڕانـدن ببڕێـت لـە پیـادەکردنی پێشـنیازی پـڕۆژە یاسایەکانی پەیوەست بە ئیدارەی دادوەری و پلە بەرزکردنەوەی دادوەرانەوە.

---

[1] فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١٢٠.

**ئیدارەدانی دادگا لە ئیسلامدا:**

بینیمـان دادگـای ئیسـلامی هـەر لـە سـەرەتاوە لەسـەر ئاراسـتەی دامـەزراوەیی سـەربەخۆ دەڕۆیشـت، ئـەم دامەزراوەیـە لـە سـەردەمی عەباسـیەکاندا پـەرەی سـەند، بەوەی خەلیفە تـەنها کەسـی یەکـەمی دادگـا کـە سـەرۆکی دامـەزراوەی دادوەریـی بـوو دادەنا، کە پێی دەوتـرا (قاضـي القضـاة) دادوەری دادوەران، یـان سـەرۆکی دادوەران، ئـیتر ئـەو دانـانی دادوەری هەرێمـەکان و سەرپەرشـتیکردنی لەئەسـتۆ دەگـرت. لـە ئەندەلوسیش ئەم پلەیەی تێدا بوو پێی دەوترا دادوەری کۆمەڵ (قاضـي الجماعـة)، کـە ئەویش دادوەری هەرێمەکانی دادەمەزراند. قازی قازیـەکان واتـە سـەرۆکی دادوەران لـە بەغــدا بارەگایــەکی هــەبوو بــە دیــوانی ســەرۆکی دادوەران دەناســرا، دیــارترین کاربەدەسـتانی ئـەم دیوانـەك نووسـەر، پرسـگە، خەزێنـە، دارایـی دیـوان و هاوکـاران، نووسەری سکاڵاکان.(1)

لە سەردەمی دەوڵەتی فاتمیەکاندا لە میسر، ئەنجومـەنی دادوەریـان دامەزرانـد کـە لـە چوار دادوەر پێکهاتبوو، دەوترێت بـەدر جـەمالی وەزیـری خەلیفـە حـافز (٥٢٤ ـ ٥٤٤) کـە شیعە مەزهەب بووە، ئەو چوار دادوەرەی لە مەزهەبـە جیاوازەکـان دانـا بـوو، کـە دوویـان شیعەی دوازدە ئیمامی و ئیسماعیلی و دوویـان سـونی بـوون، لەسـەر مەزهـەبی مـالیکی و شافیعی. هەتاوەکو سەلاحەدینی ئەیوبی هات و جێنشینایەتی فـاتمی ڕوخانـد و مەزهـەبی سـونی گەڕانـدەوە میسـر، ئـەوجا هـەموو دادوەرەکـانی گـۆڕی بـۆ مەزهـەبی شـافیعی.(2) لـەم سـەردەمەدا ئیجتیهـاد سـەبارەت بـە ئیـدارەی دادوەری ئیسـلامی بکرێـت بێگومـان دامەزراندنی ئەنجومەنێکی دادوەری سەربەخۆ پەسەندە کـە تایبـەت بێـت بـە هـەموو ئـەو ئــەرك و ڕۆڵانــەی پەیوەســتن بــە دادوەرییــەوە لــە ڕووی کــارگێڕی و گەشەســەندن و پاراستنەوە، ئەمەش بە مەبەستی سەربەخۆیی دادگا لە هەموو دەسەڵاتێك تا بتوانێـت بـە ئەرکی خۆی هەستێت.

---

[1] حسن إبراهيم حسن، تأريخ الإسلام، ج٤، ص٣٧٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ص٣٧٩.

## بەندی دووهەم: گرەنتی دامەزراندن

سەربەخۆیی دادگا پێویست دەکات لە دامەزراندنی دادوەراندا ڕێگا کراوە بێت دوور لە گەردنگیر بوون و بۆ دەسەڵاتە جیاوازەکان لە هەر لایەنێکی سیاسیەوە بێت، لێرەوە دەوڵەتان ڕێگەی جیاوازیان گرتووەتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

### یەکەم: هەڵبژاردن

ئەم شێوازە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند دەوڵەتێکی دیکەدا پیادە دەکرێت، کە سەر بە بلۆکی سۆشیالیزمی بوون، وەك: یەکێتی سۆڤیەتی جاران، پۆڵەندا، چیکۆسلۆڤاکیای جاران،[1] دەستووری ئەمریکی جەخت لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی دادوەران لەلایەن گەلەوە دەکات، لە پێناو گەردنگیر نەبوونی دادوەران بە هەژموونی دەسەڵاتە جیاوازەکانەوە. دیارە ئەم شێوازە بۆ سەربەخۆیی دادوەری لە خاڵی ئەرێنی و نەرێنی خاڵی نییە، لەو خاڵە نەرێنییانە: گەردنگیر بوونی دادوەران بە هەژموون و کاریگەری دەسەڵاتی حزبە سیاسییەکانەوە، هەروەها ڕەچاونەکردنی شایستەیی ڕاستەقینەی دادوەران وەك شایستەیی یاسایی، لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەوە.[2]

### دووهەم: دەستنیشانکردنی دادوەران لە ڕێگای دەسەڵاتی یاسادانانەوە

ئەمەش لەبەرئەوەی دەسەڵاتی یاسادانان لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراون، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی یاسادانان باڵاترین دەسەڵاتی وڵاتە، چونکە دەتوانێت نوێنەرایەتی هەموو میللەت بکات.

---

[1] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٢٩، والدستور .......

[2] موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص١٤٨.

ئەم شێوازەش لە خاڵی نەرێنی خاڵی نییە، چونکە دادوەران دەکەونە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی یاسادانان و سەربەخۆیی تێرو تەواو بەدەستناهێنن، هەروەها دەکەونە ژێر کاریگەری حزبە سیاسییەکان، کە کاریگەری ئەوان بە سەر دەسەڵاتی یاسادانانەوە ئاشکرایە.[1] ئەم شێوازە لە سوریا لە دەستووری ساڵی ١٩٥٠ز مادەی (١١٦) جێگیر کراوە.[2]

**سێهەم: دەستنیشانکردنی دادوەران لە ڕێگای دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوە**

ئەمەیان بەربڵاوترین شێوازە بەتایبەتی لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، دەستنیشانکردنیش بەپێی یاسایەکی تایبەت لەوبارەوە دەبێت، کە مەرج و شایستەیی پاڵێوراوانی پلەی دادوەر لەخۆدەگرێت، ڕەنگە ئەم شێوازە لە هەموویان زیاتر جێگەی ڕەخنە لێگرتن بێت، چونکە بوار بۆ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەڕەخسێنێت کە زاڵ بێت بەسەر دادگادا و بەوشێوەی دەیەوێت ئاڕاستەی بکات، وەهاشی لێدەکات خۆی بخڵافێنێت، لەو هەڵسوکەوتانەی ئازادییەکان کۆت دەکات و مافەکان پێشێل دەکات.[3]

**چوارەم: شێوازی کۆکردنەوەی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردن**

هەندێك وڵاتان ئەم شێوازە دەگرنەبەر، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی سیستەمی سوێندخواردن دەگرنەبەر، بەنمونە لە فەڕەنسادا لیژنەیەك لە دادوەران و کەسایەتیە ناوچەییەکان (ڕاوێژکارە گشتییەکان، سەرۆك شارەوانیەکان) لە دەستەی سوێندخواردن مسۆگەر دەکەن، لە ڕێگای دانانی سنووردارەوە بە تیروپشك.[4]

---

[1] فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١٢٩.

[2] فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١٢٨.

[3] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٣٠.

[4] موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص١٤٧.

**پێنجەم: دەستنیشانکردنی بە ڕێگای خودی دەزگای دادوەرییەوە دەبێت:**

ئەمـەش بـەپێی ڕێکخسـتنێکی کـارگێڕی سـنووردار دەبێـت، کـە زۆربـەی جـار ئەنجومەنی باڵای دادوەری کە لە کۆمەڵێك دادوەری پسپۆڕ و دێـرین و پلـە بـاڵا بـە توانستەکان، ئەم ئەنجومەنە دادوەری شایستە دیاری دەکات و دایاندەمـەزرێنێت و جێگیریان دەکات و پلەیان بەرز دەکاتەوە.[1]

**شەشەم: دەستنیشانکردن و دانان بە تاقیکردنەوە:**

ئەمەش بە تاقیکردنەوەی پـاڵێوراوان دەبێـت، لـە تاقیکردنـەوەدا شایسـتەیی و توانسـتی یاسـایی دیـاری دەکرێـت، حکومـەتیش پابەنـد دەبێـت بـە ئـەنجامی تاقیکردنەوەکـەوە، بـەپێی ڕیزبەنـدی کارنامـە، لیژنەیـەکی بـەتوانای سـەربەخۆ و پسپۆڕ و یاسایی و مامۆستایانی زانکۆ و دادوەران سەرپەرشتی دەکەن، کە گرەنتی دەستنیشـانکردنی ڕێژەیـەکی زۆر لـە پـاکێتی و دادگـەری و سـەربەخۆیی مسـۆگەر بکات.[2]

**دامەزراندنی دادوەران لە شەریعەتی ئیسلامدا:**

پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەر) وەك دادوەری باڵای دەوڵەتی ئیسلامی خـۆی دادوەری دەستنیشـان دەکـرد، لـە ژیاننامەیـدا هـاتووە کـە: مـەعازی کـوڕی جەبەلی بۆ یەمـەن دەستنشـان کـردووە، عوتـابی کـوڕی ئەسـید بـۆ مەکـە، پاشـان جێنشینە ڕاشیدەکان لەسەر ڕێبازی ئەو بەردەوام بوون، ئەبوبـەکر والی دەنـارد بـۆ هەرێمەکان، کە لە تەنیشت ئەرکی کارگێڕی هەرێمەکە ئەرکی دادوەریشـیان بـەجێ دەهێنا. کە عومـەری کـوڕی خـەتاب هـات ئـەرکی والێتـی و دادوەری جیـاکردەوە،

---

[1] فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١٣٠.

[2] موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص١٥٠.

ئەرکی دادوەرانی سەربەخۆ کرد، بە نموونە: ئەبو دەردای کرد بە دادوەری مەدینە، شورەیح بۆ بەسرە، ئەبو موسای ئەشعەری بۆ کوفە.[1]

لـە دەوڵـەتی ئیسـلامیدا دامـەزراوەی دادگـا بایـەخێکی گـەورەی پێـدەدرا، جێنشـینان هـەوڵی پەرەپێـدانیان دەدا و هەیبـەت و سـەربەخۆییان پێدەبەخشـی، دەبینین لە سەردەمی عەباسیەکاندا پلەی سەرۆکی دادوەران داهێنراو سـەرۆکایەتی دامەزراوەی دادوەری دەکرد، دادوەرانی دادەمەزراند، لایدەدان، چاودێری دەکردن، یەکەم کەسیش ئـەم پلەیـەی وەرگـرت زانـای بـەناوبانگی مەزهـەبی حەنـەف (ئـەبو یوسف) بوو.[2]

بە سەرنجدان لـە واقیعـی دامـەزراوەیی دادوەری لـە وڵاتـە جیاوازەکـانی دنیـا و شێوازی دەستنیشـانکردنی دادوەر لایـان، دەبیـنین باشـترین شـێوازی گونجـاو کـە ئامانجی شەرعی بپێکێت ئەوەیە دەستنیشـانکردن لـە ڕێگـای دەسـەڵاتی دادوەری خۆیەوە بەشێوازێکی سـەربەخۆیانە بێـت، ئـەویش بـە پرۆسـەی تاقیکردنـەوە، کـە دەبێتـە هـۆی دەرکـەوتنی شایسـتەتر و باشـترین لـە بـوارە پسـپۆڕییەکەیدا، دوای ئەوەی مەرجە شەرعیەکانی تێدا بوو کە لە کتێبە فیقهیەکاندا بە ڕوونی باسکراون.

---

[1] ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٣٩. الماوردي، الأحكام السـلطانية، ص٧١. ابـن علـيش، مـنح الجليـل، ج٥، ص١٣٨. ابن خلدون، المقدمة، ص٢٢٠.

[2] حسن ابراهيم حسن، وعلي ابراهيم حسن، النظم الإسلامية، ص٢٨٠، ج١، ص٢١٨. محمد سـلام مـدكور، معالم الدولة الاسلامية، ص٣٤.

## بەندی سێهەم: گرەنتی بەرکەنارنەخستن

گرەنتیەکی گرنگە بۆ سەربەخۆیی و بێگەردی دادگا، ئەویش لەبەرئەوەی دادوەران لە کابوسی لە بەرکەنارخستنی دەسەڵاتەکانی ڕاپەڕاندن و یاسادانان قوتاریان ببێت، بەدڵنیاییەوە کار و ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت.[1]

ـ زۆربەی دەستوورەکان جەخت لەم گرەنتیە دەکەنەوە، مادەی (١٦٨) دەستووری میسری دەڵێت: دادوەران نابێت لابدرێن، یاسا لێپرسینەوەیان ڕێکدەخات.[2]

ـ مادەی (٧٩) دەستووری مەغریب دەڵێت: دادوەران لانادرێن و ناگوازرێنەوە بەپێی یاسا نەبێت.[3]

ـ دەستووری ئەردەنیش لادانی دادوەرانی بە ویستی پاشایەتیەوە گرێداوە، مادەی (٩٨) دەڵێت: "دادوەران و حاکمی و شەرعی بە ویستی پاشایەتی و بەپێی یاسا دەستنیشان دەکرێن و لا دەدرێن".[4]

ـ مادەی (٢٥) ساڵی ١٩٧٢ دەڵێت: "درووست نییە دادوەر لابردێت یان ئەرکەکەی لێبسێنرێتەوە یان پلەی دابەزێنرێت، مەگەر بە بڕیاری ئەنجومەن و ویستی پاشایەتی نەبێت".[5]

لەگەڵ گرەنتی لانەدانی دەبێت گرەنتی پلە دانەبەزاندن و گواستنەوەی بۆ مەڵبەندێکی یەکسان یان بەرزتر لەوەی خۆی هەبێت مەگەر بە ڕەزامەندی خۆی یان

---

[1] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٣١. موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص١٥٠. فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١٣٣.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣١٩.

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ص٣١٩.

[4] الدستور الأردني، الفصل السادس/ السلطة والقضائية مادة (٩٨).

[5] فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١٣٥.

دەزگـای دادوەری، مـافی خۆشـیەتی بمێنێتـەوە لـە پێگـەی دادوەریـدا ئەوەنـدەی دەیـەوێت جگـە لــە کـاتی پیـادەکردنی هەنـدێك هەڵـەی پیشــەیی نـاقۆلا، کـە مەزندەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری نەك حکومەت.[1]

**لادانی دادوەر لە شەریعەتی ئیسلامدا:**

بنەمای بەرکەنارخستنی دادوەر بۆ ئەوەیە بەبێ هۆ و زۆرەملێ لانەدرێ لەلایـەن دەســەڵاتی ڕاپەڕاندنــەوە، بۆیــە دەســتووره جیاوازەکــان لادانــی دادوەریــان بەستوەتەوە بە یاساوە. ئەمەش لە شەریعەتدا ڕەوایـەتی پێدراوە، چـونکە لادانـی دادوەر بـەبێ هـۆ سـتەمە و شـەریعەت قبـووڵی ناکـات، دادوەریـش دەبێـت سـتەم بپارێزرێت هەتا ئەویش خەڵك لە ستەم بپارێزێت، فیقهی ئیسلامی سێ شـێوازی بـۆ لادانی داوەر داناوە:

**یەکەم: دادوەر خۆی خۆی لادەدات:**

وتراوە: بۆی هەیە بـە ویسـتی خـۆی هـەر کاتێـك ویسـتی، خـۆی بەرکـەنارکات، باشتریش وەهایە مەگەر بیانویەکی هەبێت ئەگەرنا خۆی بەرکەنار نەخات.[2]

**دووهەم: سەرۆك (پێشەوا) لایبدات:**

زانایان دەڵێن پێشەوا بـۆی هەیـە هـەر کاتێـك ویسـتیان گومـانی هـەبوو دادوەر بەرکەنارخات.[3] هەندێك لە زانایانیش مەرجیان داناوە لە لادانی دادگادا، ڕەخنەیان گرتووە لەو قسەیەی دەڵێت پێشەوا بەبێ هۆ دەتوانێـت دادوەر لادات، ئـیبن ئـەبی دەم دەڵێت: "گۆڕینی بـۆ لـەخۆی باشـتر جێبـەجێ دەکرێـت، بـۆ لـە خـۆی نـزمتر

---

[1] موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص١٥٠. فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١٤٢.

[2] ابن أبي الدم، أدب القضاء، ص٣١٠. تحقيق محيي هلال السرحان.

[3] انظر بدائع الصنائع، ج٧، ص١٦. الماوردي، الاحكام السلطانية، ص٧٠. مغني المحتـاج، ج٤، ص٣٨١. كشاف القناع، ج٦، ص٢٩٣. الفراء، الأحكام السلطانية، ص٦٥. منح الجليل، ج٤، ص١٣٦.

جێبەجێ ناکرێت لە مەزهەبدا".[1] ڕەخنەش لەو ڕەهایی و بەرکەنارخستنە دەگرێت و دەڵێت: بە ڕەهـایی کردنـی قسـە لـەو بارەیـەوە بێئاگاییـە، مـن دەڵـێم: "ئـەرکی پێشـەوا بـە کاروبـارێکی موسـڵمانان یەکلانەکاتـەوە، مەگـەر بـە تێڕوانینێکـی ورد نەبێت".[2]

**سێهەم: ئەگەر مەرجەکانی دادوەری لەدەستدا:**

وەك ئەوەی حەرامێك ئەنجام بدات کە بە سنووربەزێنەر (فاسق) ئەژمار بکرێـت، ئـەم بابەتـەش لـە نـاو زانایانـدا ڕاجیـایی لەسـەرە، شـافیعی وای بـۆ دەچـێت بـە سنووربەزاندن (فسق) دادوەر بەرکەنار دەخرێت.[3] مالیکی و حەنەفیەکان ئەوە بـە پەسەند دەزانن بەرکەنار ناخرێت.[4]

لەوانـەی تێپـەڕین دەبیـنین زانایـان کـە مـافی لادانـی دادوەر دەدەن بـە پێشـەوا، چـونکە هەڵسـوکەوتی پێشـەوا دەبێـت پەیوەسـت بێـت بـە بەرژەوەنـدی گشـتی موسڵمانانەوە، نەك بەرکەنارخستنی بکاتە شمشێری دەستی، بیخاتـە گـەردنی دادوەر تـا نـەهێڵێت قسـەی حـەق بڵێـت، بۆیـە زۆرینـەی زانایـان دەڵـێن : باشـترە بـەبێ هـۆ لاینـەدات، هەندێکیشـیان جەخدەکەنـەوە: دادوەر بـەبێ هـۆ لانادرێـت. بۆیـە بـە پشتبەسـتن بـە قسـەی زانایـان و مەبەسـتەکانی شـەریعەت بـۆ ئـەم سـەردەمە ئـەوە پەسەند دەکـەین کـە: لادانـی دادوەر دەبێت بـە یاسـای تایبـەتی دیـاریکراو کـە کـاری دەسەڵاتی دادوەری ڕێکدەخات لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، بکرێت، ئەم بەرکەنارخسـتنەش بە سەرپەرشتی دەسەڵاتی دادوەری بێت نەك ڕاپەڕاندن و یاسادانان.

---

[1] ابن أبي الدم، أدب القضاء، ص٣٠٢.

[2] المرجع السـابق، ص٣٠٢. وهـذا رأي عنـد الحنابلـة نقلـة الفـراء بقولـه: وقيـل: "..... (الفـراء، الأحكـام السلطانية، ص٦٥).

[3] ابن أبي الدم، أدب القضاء، ص١٧٥.

[4] ابن فرحون، التبصرة، ج١، ص٧٨. بدائع الصنائع، ج٧، ص١٧.

**بەندی چوارەم: گرەنتی هەیبەتی دادگا:**

یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەی دادگا بە سەربەخۆیی و توانای بینینی ڕۆڵی خۆی ئەوەیە دادوەر لە لێپرسینەوە پارێزراو بێت با هەندێك هەڵەش یکات.

چارەسەری ئەو هەڵانەش لە دادگا دەکرێن، دەبێت بە شێوازێکی تایبەت کە بە یاسا داڕێژراو بێت چارسەر بکرێت، ئەویش بە تانەدان لەو بڕیارە هەڵەیە لەبەردەم دادگای باڵاتردا، چونکە دادگاکان پلە پلەن و پلە باڵاکانیان دەتوانن هەڵەی پلە نزمەکان ڕاست بکەنەوە. لێرەوە لە بنەماکانی حوکمی دەستووری نوێدا هاتووە، کە ئەو دادوەرانەی لە کاتی دادوەریدا هەڵە دەکەن دەبەخشرێن ئەمەش لەپێناو پاراستنیان لە سکاڵا و داوای مەدەنی پیلانگێڕی کە دەسەڵاتە ڕاپەڕێنەرەکان دژی دادوەران ئەنجامی دەدەن.

بەرپرسیارێتی دادوەران لە هەندێك حاڵەتی قەبەدا سنووردار دەکرێت، بە لەدەستدانی ئەندامێکی یان لادانێکی ناقۆڵای دەسەڵاتەکان، یاخود ناشایستەیی لە ڕاپەڕاندنی پیشەکەیدا، بە ڕوونی دەرکەوێت لەو کاتانەدا ڕێکاری لێپرسینەوە بەپێی یاسای دادوەری ئەنجام دەدرێن.[1]

**هەیبەتی دادگا لە شەریعەتی ئیسلامدا:**

زانایانی شەریعەتی ئیسلامی بڕیاری بنەمای بەرپرسیارنەبوونی دادوەریانداوە لە هەڵەکردنیدا لە کاتی دادگایی کردندا. قازی ئەبو حەسەنی ئەندەلووسی دەڵێت:

"هەرکەسێك دادوەری موسڵمانانی گرتەدەست ئەمیر بێت یان دادوەر یا پۆلیس، لە سزادانەکانیدا مردن ڕوویدا لە کاتی بەجێهێنانی حدودێکی شەرعیدا، ئەو بە مردنە بە ڕژاو حسێبە و خوێنبایی ناکەوێت".[2]

---

[1] فاروق الكيلاني، استقلال القضاء، ص١٥٤. محمد سلام مدكور، معالم الدولة الاسلامية، ص٣٦٤.

[2] الشيخ أبو الحسن النباهي المالقني الأندلسي، تأريخ قضاء الأندلس، ص٦.

پاشای زانایـانیش پشـتیوانی ئـەم بۆچـوونە دەکـەن و دەڵـێن: "بنـەما ئەوەیـە دادوەر ئەگەر لە دادوەریەکەیدا هەڵەی کرد، بۆ نموونە: دەرکەوت شایەتەکان بەندە بوون یان حەدیان بەسەردا جێبەجێ کرابوو، ئەم مافی لێناسەنرێت چونکە دادگا بۆ لای خۆی کاری نەکردووە، بەڵکو بۆ ئـەوانیتری کـردووە بۆیـە پێـی نابـژێررێت".[1] بەڵکو لە دارایی گشتی موسڵمانانەوە بۆی دەبژێردرێت.

بـەڵام ئەگـەر دەرکـەوت دادوەر بـە دەستئەنقەسـت سـتەمی کـردووە، ئـەوکات پێویستە قەرەبووی ستەمەکە بکاتەوە، هەر ئەمەش دەبێتە هـۆی بەرکـەنارکردنی، نەباهی دەڵێت: "ئەگەر دادوەر بە دەستئەنقەسـت سـتەمێکی ئاشـکرای کـرد ئـەوە قەرەبوو کردنەوەی دەکەوێتە سەر، هەروەها ئەگـەر بەدەستئەنقەسـت سـەروەت و سـامانێکی لـەناودا بێـت، ئـەوە لـە سـەروەت و سـامانەکەی خـۆی قـەرەبووی ستەملێکراوەکەی دەکرێتەوە ئەگەر بیەوێت.[2]

---

[1] الكاساني، بدائع الصنائع، ج٧، ص١٦. ابن رجب الحنبلي، القواعد، ص٢١٨.

[2] النباهي، تأريخ قضاة الأندلس، ص٦. محمد سلام مدكور، معالم الدولة الاسلامية، ص٣٦٤.

# باسی دووهەم: سیستەمی دادوەری
# لە شەریعەتدا و ڕۆڵی لە پاراستنی مافەکاندا

سیستەمی دادوەری لە ئیسلامدا پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە، لەبەرئەو بایەخدانە گەورەیەی جێنشینان دەیاندا بە دادوەر، ئەمەش ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پاراستنی مافی هاووڵاتیان و ئازادیاندا. سیستەمی دادوەری لە ئەندەلوسدا شەش پلانی کارگێڕی دانابوو کە پەیوەستبوون بە دادگا و حوکمی شەرعیەوە کە ئەمانەن: دادگا، زەوتکراوان، گێڕانەوە، شار، حیسبە و پۆلیس.

**یەکەم: دەسەڵاتی دادوەری:**

ئیبن خەلدوون دەڵێت: دادوەری پلەی جیاکردنەوەی کێشەی ناو خەڵکە بۆ بڕینەوەی بانگ کردن و بڕینی کێشمەکێش.[1]

زانایانی شەریعەت بە گرنگترین و باڵاترین فەرزە کیفاییەکانیان داناوە، پێشەوا غەزالی و ئیمامی حەرەمەین لە جیهاد لە پێشتری دا دەست، بۆیە باشترین خوداپەرستی و پلەبەرزتر پەرستن، چونکە پاراستنی خوێن و ناموسی بپارێزی و جێگیر بوونی سەروەت و سامان مامەڵەیە.

مەرجەکانی دادوەری لای زانایان دەڵێن: دادوەر دەبێت باڵغ بێت، نێر بێت، خاوەنی عەقڵ و ئیسلام و دادوەری پێش بیستن و بینین و زانیاریش مەرجن.[2]

کارەکانی دادگا لەمانەدا کورت دەکرێنەوە:

---

[1] ابن أبي الدم، أدب القضاء، ص١٣٦. ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٣٤.

[2] النباهي، تأريخ قضاء الأندلس، ص٤. ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٣٩. الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٦٥. أبو يعلي، الأحكام السلطانية، ص٦٠. قال أبو حنيفة: ....

- یەکلاکردنەوەی کێشمەکێش و گرفت و ناکۆکییەکان.

- سەندنەوەی ماف لەوانەی زەوتیانکردووە و گەیاندنەوەی بە خاوەنەکانیان پاش سەلماندنیان.

- سەلماندنی خاوەندارێتی بۆ ئەوانەی مامەڵەکردنیان لێ قەدەغەکراوە.

- ئاگاداربوون لە ماڵە وەقفکراوەکان بە پاراستنیان و گەشەپێدانیان.

- ڕاپەڕاندنی وەسیەت و ڕاسپاردەکان و بەشوودانی بێسەرپەرشتان.

- جێبەجێکردنی حدودە شەرعیەکان بەسەر خەڵکانی شایستەدا، وەرگرتنەوەی مافە خوداییەکان.

- ئاگابوون لە بەرژەوەندییە گشتییەکان.[1]

**دووهەم: دەسەڵاتدارێتی زەوتکراوەکان (ولاية المظالم)**

پاش تیرۆرکردنی پێشەوا عەلی و هەوڵدان بۆ تیرۆکردنی معاویە، ئیتر جێنشینەکانی کەمتر پەیوەندییان بە خەڵکە گشتییەکەوە مایەوە، سیستەمی پرسگە (الحجابە) دامەزرێنرا و چوونە لای جێنشین کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو دەرگای داخراو و پاسەوان و پرسگە بوون بە ڕێگر.

پاشان سەرزەمینی دەوڵەتی ئیسلامی پەلی هاوێشت و فراوان بوو، گەلانێکی زۆر هاتنە ناو ئیسلام، پابەندیی ئاینی لاواز بوو، ململانێ و ناکۆکی زیادی کرد، کاربەدەست و دەسەڵاتداران پێگەی خۆیان بەکاردەهێنا بۆ دەستدرێژیکردنە سەر خەڵك. کەمتر بەدەم دادگاوە دەهاتن، ئەمەش وایکرد لە خەلیفەکان

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٧٠. ابن أبي الدم، أدب القضاء، ص١٤١٢. النباهي، تأريخ قضاة الاندلس، ص٥.

دەســـەڵاتدارێتیەکی دیکـــە دابهێـــنن (دەســـەڵاتدارێتی زەوتکـــراوان)، کـــە هێـــزی حوکمڕانان و دادگەری دادوەرانی تێکەڵ دەکرد.[1]

زانایـان بـەم شـێوەیە دەسـەڵاتی زەوتکـراوان پێناسـە دەکـەن: سـەیرکردنی زەوتکـراوان، مـافی وەرگرتنەوەیـە لـە چەوسـێنەران هـەتا لـە ترسـا دادگـەر بـن، نەهێشتن لە ناکۆکیکاران کە لە ترسا نکوڵی بکەن".[2]

دەسـەڵاتی زەوتکـراوان ئـەوەی دادوەران دەستەوسـانن لـە گێڕانـەوەی، ئـەوان دەیگێڕنەوە، جا بۆ پێکانی ئەو ئامانجە بەرپرسی دەسەڵاتی زەوتکراوان پێویستە چەند سیفەتێکی تێدا بێت، لەوانە: زۆر ڕێزلێگیراو بێت، فەرمانـەکانی جێبـەجێکراو بێت، بەسام و هەیبـەت بێـت، بێلەکـەو هەڵـەو پەڵـە بێـت، چاوچـنۆك نـەبێت و زۆر خۆپارێز بێت، چونکە لـەو ئەرکەیـدا پێویسـتی بـە هێـزی پارێزگـاری و سـەلماندنی دادگەران هەیە.[3]

هەندێك نووسەری هاوچەرخ دەسەڵاتی زەوتکراوان بە دادگـای کـارگێڕی ئـەژمار دەکـەن، چـونکە ئەرکەکـەی ڕامـاڵینی ئـەو سـتەمانەیە کـە لەلایـەن کاربەدەسـت و حوکمڕان و بەرپرسان و خاوەن دەسەڵات و هێزەکانەوە ڕوو دەدەن، بۆیـە زۆرجـار خەلیفە خۆی ئەرکی گەڕاندنەوەی ئەو زەوتکراوانە لەئەستۆ دەگرێت.[4]

---

[1] ابن خلدون، المقدمة، ص٢٢٢.

[2] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٧٧. الفراء، الأحكام السلطانية، ص٧٣.

[3] المـاوردي، الأحكـام السـلطانية، ص٧٧. الفـراء، الأحكـام السـلطانية، ص٧٣. ابـن خلـدون، المقدمـة، ص٢٢٢.

[4] عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٦٢٩. منيـر ربيـع، ضـمانات الحريـة في مواجهـة سـلطات الضـبط الاداري، ص٤٦٢. الطمـاوي، السـلطات الـثلاث، ص٥٠١. محمـد سـلام مـدكور، معـالم الدولـة الإسـلامية، ص٣٦٦. محمـد الـريس، النظريـات السياسـية الاسـلامية، ص٢٤٣. سـعيد الحكـيم، الرقابـة علـى الاعمـال الادارية في الشريعة الاسلامية، ص٤٨١.

دادگای زەوتکراوان بە بەهێزترین گرەنتی دادەنرا کە دەوڵەتی ئیسلامی بەکاری دەهێنا بۆ پاراستنی ئازادی و مافەکان، بەتایبەت لە دەستی کاربەدەست و حوکمڕانان.

دەوترێت عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان یەکەم کەس بووە ڕۆژێکی بۆ ئەو ستەمانە داناوە و سەیری بابەتی زەوتکراوەکانی دەکرد، عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش یەکەم کەس بووە خۆی بۆ گێڕانەوەی ئەو زەوتکراوانە تەرخانکردووە و چەند ساڵێکی پڕ لە دادگەری بەسەربرد، زەوتکراوەکانی بەنی ئومەییەی گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان.(1)

دوای ئەمانە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەسەڵاتدارێتی زەوتکراوان کاریگەرییەکی ئاشکرای هەبووە لەسەر پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان، بەهۆی تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتدارێتی زەوتکراوان کە زانایان بڕیاریان لەسەر داوە و دەیکەن بە دە بەشەوە، ئێمە تەنها بەشێکی وەك نموونە باس دەکەین.

بەشی یەکەم: سەیرکردنی دەستدرێژی کاربەدەستان لە خەڵك و زۆرلێکردنیان، ئەمە لە پێویستییەکانی سەیرکردنی زەوتکراوەکانە کە زۆرلێکراو توانای سەندنەوەی نییە، بۆیە سەرنجی ژیان و گوزەرانی کاربەدەست دەدرێت بۆ دەرخستنی، جا ئەگەر دادگەر بووە بەهێز بکرێن، ئەگەر ستەمیشیان کردبوو دەستیان بگیرێت یان لابدرێن.(2)

ئەگەر زانیمان دەستدرێژیکردنە سەر مافە سیاسییەکان زیاتر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەکرێت، چونکە مافی سیاسی پەیوەندی نێوان خەڵك و حوکمڕان ئەو مافانەی خەڵك دەبێت دەسەڵاتدار بیپارێزێت، بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتداران

---

1 الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٧٨.

2 ماوەردی و فەڕا باسی دە جۆریان لە

(الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٨٠. الفراء، الأحكام السلطانية، ص٧٦).

هەر دەسەڵاتداران پێشێلکاری سیاسیانکردووە. بۆ ئەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن و پێگەی خۆیان بەهێز بکەن، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: دەسەڵاتداریێتی زەوتکراوان هۆکارێکی گونجاو بووە بۆ پاراستنی ئەو مافانەی خەڵك کە پەیوەستن بە دەستی کاربەدەست و حوکمڕانانەوەن، ئەمەش بوار دەکاتەوە بۆ بیرکردنەوە لە داهێنانی یاسای تایبەت بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکانی هاوولاتیان، وەك خۆپالاوتن، هەڵبژاردن، ئازادیی ڕادەربڕین، ئۆپۆزسیۆن بوون، مافی پێکهێنانی حیزب، یەکێك لە لقەکانی دادگا تەرخان دەبێت بۆ چاودێری و پاراستنی.

## سێهەم: دەسەڵاتی حیسبە (خۆبەخشی)

عومەری کوڕی خەتاب دەسەڵاتێکی داهێنا تایبەت بە چاودێری سیستەمی گشتی و باش بەڕێکردنی فەرمانی شەریعەت، ئەرکی ئەم دەسەڵاتە وەك زانایان دەیلێن کورت دەکرێتەوە لە: فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەدا، ماوەردی دەڵێت: "خۆبەخشی بریتیە لە فەرمان بە چاکەیەك لە وازلێهێنانی دەرکەوت، ڕێگریکردن لە خراپەیەك کردنی دەرکەوت".[1]

ئەگەر فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بە فەرزی کیفایە واجب بێت لەسەر هەموو موسڵمانێك، کەسی خۆبەخش دەسەڵاتێکی فەرمی بەدەستە لەلایەن دەوڵەتەوە کە بتوانێت بیانگۆڕێت، چونکە بۆی هەیە خەڵك لەسەر کردنی خراپە لۆمە بکات، بۆیشی هەیە بە دوای خراپەدا بەبێ کاری حەرامکردن بگەڕێت، کە خەڵکیتر ئەم دەسەڵاتەی نییە.[2]

---

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٢٤٠. ابن خدلون، المقدمة، ص٢٢٥.

[2] لقد فرق الماوردي بين المتطوع والمحتسب من تسعة اوجه. الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٢٤٠. ابن خدلون، المقدمة، ص٢٢٥.

زانایان دەڵێن کاری خۆبەخشی نێوەندێکە لە بەینی حوکمی دادگا و حوکمی زەوتکردندا، لە دوو ڕووەوە لە دادگا دەچێت:

أـ درووستە بۆی خەڵك بانگکات و گوێبیستی سکاڵای بانگکراو لە هەندێك مەسەلەدا بێت کە پەیوەستە بە خراپەی ئاشکرای پەیوەند بە مافی خەڵکەوە.

ب ـ بۆی هەیە سکاڵا لەسەرکراو پابەندکات بە دەرچوون لەو مافەی لەسەریەتی، ئەگەر بە دانپیادانان سەلمێنرا.(١)

ئەمە ناوەڕۆکی خۆبەخشیە کە لەسەر فەلسەفەی پارێزگاری دامەزراوە تا بەر لە ڕوودانی تاوان هەوڵی ڕوونەدانی بدات، هەوڵێکیشە بۆ هەبوونی چاودێریەکی هەمیشەیی جوان، تا دەستدرێژیکار بزانێت چاوی خۆبەخش لەسەریەتی و دەستدرێژی نەکات، بۆیە کەسی خۆبەخش پێویستە بە سام و بەهێز بێت و هاوکارانی هەبێت هەواڵی دەر و بازاڕی پێبگەیەنن، دەشبێت هەمیشە ئاگاداری ڕێگاوبان و بازاڕ بێت، هێز و زۆر نیشان بدات.(٢)

ڕۆڵی سەرەکی خۆبەخش ڕێگریکردنە لە دەستدرێژی ئاشکرا و ئاشتەوایی نێوان خەڵك و نەهێشتنی ستەملێکردنیان لە کاروباری مامەڵەی ئاسایی ڕۆژانەیاندا کە پەیوەستە بە بازاڕ و مامەڵە و کێشانە و پێوانە و ئاگاداری ڕێگاکان، چاودێری نرخ و جگە لەوانەش.(٣) بەڵام خۆبەخش کاریگەری روونی هەیە لە پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکاندا، چونکە ئەوانە بەشێکن لە مافی گشتی کە لە قورئاندا باس کراون، بۆیە جاری وا هەبووە کەسی خۆبەخش بەرامبەر دادوەر و سەرۆکی وڵاتیش

---

(١) الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٢٤١. الفراء، الاحكتام السلطانية، ص٢٨٥.

(٢) عبدالرحمن الشيزري، نهاية الرتبة في طلب الحسبة، ص١٠. ابن تيمية، الحسبة، ص٦. وما بعدها. ابن خلدون، المقدمة، ص٢٢٥.

(٣) شیرازی بەدرێژی باسی باسەکانی حیسبەی کردووە و کردونی بە چل باسەوە و گرنگترینیانی باس کردووە.لە کتیبی: نهاية الرتبة في طلب الحسبة.

وەستاوەتەوە، ئەگەر شتێکی دیبا بە شایستەیی ئەوەی بزانیبایە قسەی لەسەر بکات.

دەگێڕنەوە (ئەتابەك تەغتەکین)[1] دەسەلاتداری دیمەشق، داوایکرد کەسێکی پێبلێن بۆ خۆبەخشی بشێت، کابرایەك ناوی زانایەکی پێوت، ئەویش فەرمانی کرد و هێنایان، پێی وت: من خۆبەخشیم پێداویت، فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە لە ناو خەڵکدا بکە، ئەویش وتی: ئەگەر وەها بێت، کەواتە: لەسەر ئەو فەرشەی ژێرت هەستە، ئەو پشتیەش لابە ئەوانە ئاوریشمن، موستیلەکەی دەستیشت داکەنە چونکە ئاڵتونە، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: ئەم دووە بۆ نێرینەکانی ئوممەتەکەم حەرامە و بۆ مێنیینەکانیان حەڵاڵە، سوڵتانیش دەستبەجێ هەستا لەسەر فەرشەکە و فەرمانی کرد پشتییەکەیان لابردو مستیلەکەی لە پەنجەی دەرهێنا و وتی: جگە لە خۆبەخشی کاروباری پۆلیسیشم تەسلیم کردی، ئەوەی خەڵك بە خۆبەخشی دەزانێت من سامی لێدەکەم.[2]

هەندێك لە زانایان دەڵێن خۆبەخش بۆی هەیە بچێتە کۆبوونەوەی ئەمیرو کاربەدەستەکان، فەرمانیان بە چاکە پێ بکات و ڕێگرییان لێ بکات لە خراپە، خودایان بیربخاتەوە و ئامۆژگارییان بکات و فەرمانیان پێ بکات بە نەرمونیانی و بەزەیی هاتنەوە بە خەڵکدا و چاکەکردن لەگەڵیاندا، ئەو خۆبەخشانە پێویستە ڕووخۆش و قسە نەرم بن و زبر و ڕووگرژ نەبن.[3]

**چوارەم: دەسەڵاتی گەڕاندنەوە (الرد):** ئەمیش لقێکی دادگا بووە لە ئەندەلوس، ئیبن سەهل دەڵێت: "پلانی گەڕاندنەوە یەکێك بوو لەو پلانانەی کە بڕیاری لەسەر

---

[1] تەغتەکین

[2] الشیزري، نهایة الرتبة في طلب الحسبة، ص٧، ٨.

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ص١١٤، ١١٥.

جێبەجێ دەکرا، پلانـەکان شـەش بـوون: دادگـا، لـیس، زەوتکـراوان، گەڕاندنـەوە، شار، بازاڕ".[1]

بەرپرسی گەڕاندنەوە کاری بڕیاردان بووە لەو کاروبارانەی کە حوکمڕانان لێی بە گومان بوون و لـەخۆیانیان دوور خسـتووەتەوە، ئـا لێـرەوە بەرپـرسـی گەڕاندنـەوە مافی لێکۆڵینەوەی حاڵ و باری خەڵکی هـەبووە، هـەروەها مـافی وردبوونـەوە لـەو سکالآیانەی هەبوو کـە بـۆی دەنێـررا، عەبدولمـەلیکی کـوڕی مـونزیر کـە بەرپـرسـی گەڕاندنـەوە بـووە لـە سـەردەمی موستەنسـەردا ڕۆشـتووە بـۆ شـاری فـەرەج بـۆ لێکۆڵینەوە لەو سکالآیانەی خەڵکی شـار کردوویانـە لـە فەرمانـدەی شـار ڕەشـیقی کوڕی عەبدوڕەحمان تا مافیان بۆ وەربگرێتەوە.[2]

لەمــەوە دەردەکــەوێت کــە دادوەران لــە دەرکردنــی هەنــدێك بڕیــار خۆیــان دەپاراسـت، کـە لێڵـی ناڕوونییـەکی تێـدا بوایـە، یـان هێشـتا بەڵگـەی تـەواویان دەستنەکەوتبا و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و پشکنین و وردەکـاری زیـاتر هەبووایـە، جا ئـەو جـۆرە بابەتانـە دەنێـردرا بـۆ بەرپـرسـی گەڕاندنـەوە، بـۆ ئـەوەی یـەکلایی بکاتەوە، لەبەرئەوەش بەو کەسـە دەوتـرا بەرپـرسـی گەڕاندنـەوە، چـونکە لەلایـەن دادوەرانەوە هەندێك بابەتی بۆ دەگێڕرایەوە.

## پێنجەم: بەشی پۆلیس

عەبـدوڕەحمانی دووهــەم کــە ئــەمیری ئەنــدەلووس بــوو بەشــی پۆلیســی لــە چوارچـێوەی سیسـتەمی دادوەریـدا داهێنـا، وەك بەشـێکی سـەربەخۆ و خـاوەن دەسەڵاتی تایبەت،[3] کە جار جار بە بەرپرسی ئەم بەشەیان دەوت بەرپـرسـی شـار یان بەرپرسی شەو، هەندێك لەم بەرپرسی پۆلیسانە ڕێزێکی تایبەتیان لای سـوڵتان

[1] النباهي، تأريخ قضاء الاندلس، ص٥.

[2] هشام أبو ارميلة، نظم الحكم في الاندلس، ص٥، نظم الحكم في عصر الخلافة الأموية في الأندلس، ص١٩٤.

[3] هشام أبو ارميلة، نظم الحكم في الاندلس، ص٢٠١.

هەبوو، دەسەڵاتی گەورەی پێ دەدا، تەنانەت کەسێك شایانی کوشتن بوایە بەبێ پرسی سوڵتان بۆی هەبوو بیکوژێت، حەدی زینا و مەی خواردنەوە ئەو جێبەجێی دەکرد، زۆر کاروباری دیکەی شەرعی دەهاتەوە لای ئەم، بەڵام پێویستی بە بڕیار و ڕەزامەندی دادوەر هەبوو لەسەری.[1]

ئەم بەشەی پۆلیس کاریگەریی ئاشکرای لە پاراستنی مافەکاندا هەبوو، ئیبن خەلدوون لەوبارەیەوە دەڵێت: "هەروەها بڕیاردان لە تاوانەکان و جێبەجێکردنی حەدی شەرعی لە دەوڵەتەکانی عەباسی و ئەمەوی لە ئەندەلوس و نێوان میسر و مەغریب دەگەڕایەوە بۆ بەرپرسی پۆلیس، ئەمەش ئەرکێکی دیکەی ئایینی بوو لەو دەوڵەتەدا، لێکۆڵینەوەی کەمێك فراوانتر لە بڕیارەکانی دادگای تێدا دەکرا، لە بڕیاردان لەسەر تۆمەت، دەرفەتێکی دەدا، پێش لە سەلماندنی تاوان سزای گێڕەرەوەی دادەنا، ئەو حەدە شەرعییانەی دەسەلماند و لە کاتی خۆیدا جێبەجێی دەکردن، بڕیاری لە خوێن و تۆڵەسەندنەوە دەدا، ئەوەی تاوانی وازلێنەدەهێنا سەرزەنشت و ئەدەبدادانی دەکردن....".[2]

ئەم ئەرکە دەکرا بە دوو بەشەوە، بەشی گەورە و بەشی بچووك، بەشی گەورەی بۆ خاوەن پلەوپایە و دەسەڵاتدارەکان بوو، کە دەستی دەگرتن لە ستەمکاری، هەروەها بۆ خانەدان و خزمەکانیشیان بوو. بەشی بچووك تایبەت کرابوو بۆ خەڵکە گشتییەکە.[3]

شەشەم: دەسەڵاتی شار

ئەم دەسەڵاتە لە ئەرك و تایبەتمەندیدا وەك دەسەڵاتی پۆلیس وەها بوو.[4]

---

[1] المقري، نفح الطيب، ج١، ص٢٠٨.

[2] ابن خلدون، المقدمة، ص٢٢٢.

[3] ابن خلدون، المقدمة، ص٢٢٢.

[4] هشام أبو ارميلة، نظم الحكم في الاندلس، ص٢٠١.

# باسی سێهەم: ڕۆڵی دادوەریی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان لە یاسادا

ئەگەر ڕۆڵی دادوەریی لە پاسەوانیکردنی مافەکاندا بەشێوەیەکی گشتی ڕوون و ئاشکرا بێت، ئایا لە پاسەوانیکردن و پاراستنی مافە سیاسییەکانیشدا هەمان ڕۆڵی دەبێت؟ دادوەریی بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو ستەمێك کە دەکەوێتە سەر تاکەکان دەکۆڵێتەوە بەپێی یاسای کارپێکراوی دەوڵەت، هەموو دادگاکانیش بە جیاوازیەکانیانەوە ئەو ئەرکەیان لەسەرە، بەڵام مافە سیاسییەکان کە زیاتر پەیوەستن بە دەسەڵاتی حوکمڕانیەوە بەتایبەت دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوە، ئەمەش پێویست دەکات پەنا بۆ لایەنێکی دیکەی دەرەوەی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ببەن، هیچ لایەنێکیش ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت جگە لە دەسەڵاتی دادوەری، کە لەم ڕێگایانەوە ڕۆڵی دەردەکەوێت:

## بەندی یەکەم: بڕیاری هەڵوەشاندنەوە:

بەوە دەبێت دەسەڵات بە دادوەری بدرێت ئەو بڕیارانەی پێچەوانەی یاسان هەڵیانوەشێنێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی دەگونجێت زیان بە ئازادیی تاك بدەن، ئەویش بەوە دەبێت دادوەر لە چەند ڕوویەکەوە سەرنجی بڕیارەکان بدات:

أـ هۆکاری بڕیارەکە و ڕێکارە کارگێڕیەکان لە ڕووی یاساییەوە ببشکنێت.

ب ـ هۆکاری بڕیارەکە لە ڕووی واقیعەوە، ئەوش بە بەراوردکردنی یاساکە لەسەر واقیع و دۆخەکە.

ج ـ ئەگەر بڕیارەکە زۆر کاری و بەکارهێنانی دەسەڵاتی لەخۆگرتبوو.[1] دوای ئەوانە دادوەر لە بێگەردی ڕێوشوێن یان بڕیار و گونجاوی لەگەڵ یاسای تایبەتدا دڵنیا دەبێتەوە، هەروەها دادگا بۆی هەیە دڵنیا بێتەوە لە ڕێکەوتنی ئەو واقیعە بە یاساوە و دووربوونی لە ستەم و زۆرکاری و بەکارهێنانی دەسەڵات.

## بەندی دووەم: بڕیاری قەرەبووکردنەوە

چاودێری دادوەری ڕوو لە خولگەیەکی فراوانتر دەکات، بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیار، ئەویش قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەیە بەهۆی بڕیار یان ڕێکاری کارگێڕ ناڕەوا کرابێت، لە بەرپرسیارێتی دەوڵەت لە کاری کارمەندەکانی پێویستە لەسەر دەوڵەت ئەو زیانانەی بە هۆی بڕیاری هەڵەی کارمەندانیەوە دراوە ببژێرێت.

دەگونجێت زیانەکان مادی بن، یان جەستە یان سەروەت و سامانی تاکەکان درا بن، وەك:

ـ ئەو زیانانەی لە چەندێتی بەکارهێنانی هەڵە لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە ڕوو دەدەن، قوربانی و بریندارbوونی لێدەکەوێتەوە.

ـ ئەو زیانانەی کە دەسەڵات تیایدا مافی خۆی بەکاردەهێنێت لە پاراستنی تەندرووستی گشتی و سیستەمی گشتی دا، کە ڕەنگە خانوو ڕووخان و زەوی داگیرکردن و خانووبەرە کاولکردنی تێبکەوێت.

ـ ئەو زیانانەی بە هۆی ڕێگریکردن لە سەفەری کەسێك یان کۆتکردنی ئازادی بە گرتن یان زیندانیکردن پەیدا دەبن.

دەشگونجێت ئەو زیانەی لە تاك دەکەوێت مەعنەوی بێت و زیان بێت بە ناوبانگ و ناموسی، ئەمەش لە ڕێزی کەمدەکاتەوە، یان سووکایەتی پێکردنیەتی، هەموو

---

[1] منيب محمد ربيع، ضمانات الحرية، ص٣٤٧. سعيد الحكيم، الرقابة على أعمال الإدارة في الشريعة الإسلامية، ص٤٠٦.

ئەمانەش دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە، دادوەر ئەندازەکە دەخەملێنێت، بەپێی یاسا و کارنامەی کارپێکراوی ئەو بوارە.

دەکرێت دەستنیشانی ئەو مەرجانە بکرێن، کە بە هۆی جێبەجێکردنی بڕیار یان ڕێکارێکەوە قەرەبووکردنەوە پێویست دەکەن:

١ـ ئەو بڕیارانە ناڕەوا بووبن و عەیبێکی یاساییان تێدا بێت، وەك: ناپەیوەستی بەو کەسەوە، یان پێچەوانەبوونی یاسا و کارنامە، یان لە جێبەجێکردن و لێکدانەوەیدا هەڵە کرا بێت، یان خراپ دەسەڵات بەکارهاتبێت.

٢ـ ئەو هەڵەیە زیانی گەیاندبێت.

٣ـ بوونی پەیوەستیەکی هۆکاری لە نێوان هەڵە و زیانی ڕووداوەکەدا.[1]

[1] هذا ما نص عليه قضاء مجلس الدولة المصري. منيب محمد ربيع، ضمانات الحرية، ص٣٦٣. سعيد الحكيم، الرقابة على أعمال الإدارة ، ص٤١٢.

# باسی چوارەم: ڕۆڵی دادوەری لە پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکان لە ئیسلامدا

لە ئیسلامدا دادوەری پلەیەکی سەرەکی پێکدەهێنێت بۆ پاراستن و بەرگری لە ماف و ئازادییەکان، چونکە ئەرکی سەرەکی وەستاندنی ستەم و ڕامالینی خراپەکاری و نەهێشتنی دووبەرەکی و یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانە.

مافە سیاسییەکانیش بەشێکن لە مافی گشتی میللەت، کە دەبێت دادوەریی بایەخی پێبدات، چونکە گەل دەپارێزێت و هێزی زیادەکات و یەکڕیزی پتەو دەکات، دەکرێت ڕۆڵی دادوەری ئیسلامی لەم بوارەدا بەم شێوە وێنا بکەین:

**یەکەم:** پشکنینی ڕەوایەتی ئەو بڕیارانەی دەسەڵاتی کارگێڕی تایبەتمەند لەو بوارەدا داویەتی، دڵنیابوون لە بەڵگە شەرعییەکانی و گونجاوی لەگەڵ مەبەست و بنەماکانی شەریعەت، چونکە هەر بڕیارێك پێچەوانە و هاودژی شەریعەت بوو بەتاڵە.[1]

لێرەوە بە مەرج گیراوە دادوەر دەبێت شارەزای ئەو حوکمە شەرعیانە بێت کە لە قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان وەردەگیرێن، دەشبێت شارەزای قیاس و شێوازی و بنەما و لق و مەرجەکانی بێت، شارەزا بێت لە شێوەی بەڵگەهێنانەوە،

---

[1] دژ وەستانەوە لەگەڵ شە ریعەتدا بەڕوکەش بێت یان لەژێرەوە کردارەکان بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە موکەلەف ئەگەر مەبەستەکەی دژ وەستا لەگەڵ مەبەستی شاریع لە کردەوەکانیدا ئەوە ئەو کردەوانەی بەتاڵ دەبنەوە با کردەوەکانیشی موافیقی شەریعەت بێت، شاتیبی دەفەرمێت: "هەرکەس لە تەکلیفە شەرعییەکاندا بەدوا شتێکەوە بێت کە جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی خودا بۆی تەشریع کردووەئەوە ئەو کەسە دژ وەستاوەتەوە لەگەڵ شەریعەتدا و هەرکەسیش کارەکەی دژ بوەستێت لەگەڵ شەریعەت ئەوە کردەوەکانی لەو دژوەستانەدا بەتاڵ دەبنەوە". الموافقات: ٢/٣٣٣.

باش زمانی عەرەبی بزانێت کە زمانی قورئانە.[1] ئەم ئەرکە لەسەر بنەمایەکی مەزن لـە بنـەماکانی ئیسـلام دامـەزرا کـە ئـەم فـەرموودە پـیرۆزە بڕیـاری لەسـەر داوە: "ئەوەی لەم کاروبارەی ئێمەدا شتێکی داهێنا کە تیایدا نەبوو ڕەتدەکرێتەوە"، لـە گێڕانەوەکەی موسلیمدا هاتووە: "ئەوەی کارێکی ئەنجامدا لەسەر ئەم کارەی ئێمە نەبوو ڕەتدەکرێتەوە".[2]

ئیبن ڕەجەب دەڵێت: ئەم فەرموودەیە بنەمایەکی مەزنە لە بنـەماکانی ئیسـلام، وەك چۆن فەرموودەی: "إنّما الأعمال بالنيات"، تەرازووی ناوەڕۆکی کارەکانە، ئەم فەرموودەیەش تەرازووی ڕواڵەتیانە...

ئەمە ئاماژەیـە کـە هـەموو کارەکـان لـە چوارچـێوەی شـەریعەتدا بـن، حـوکمی شـەریعەت لـە فـەرمان و ڕێگرییەکەیـدا حـاکم بێـت، هـەر ئیشـێك لـە ژێـر حـوکمی شەریعەتدا درا ئەوە وەرگیراوە، ئەمە ئیشی دەسەڵات و بڕیارەکانیشی دەگرێتەوە، دادوەریش خاوەن دەسەڵاتە لە بەیانکردنی ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی هەر کارێکدا.

**دووهەم: هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە ناڕوونەکان و نەهێشتنی جێبەجێکردنی**

ئەگـەر دادوەر زانـی بڕیـار و هەڵسـوکەوتەکانی کـارگێڕی هـاودژی شـەریعەتە، بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی دەردەکـات، لـە هەڵوەشـاندنەوەی بڕیـارە ناڕەواکـەوە کۆمەڵێك دەرئەنجامیش پەیدا دەبن، لەسەریەتی ئەو یاسا ناڕەوایە جێبەجێ نەکات بەپێی فەرموودەکەی: "ئەوەی لـەم کاروبـارەی ئێمـەدا شـتێکی داهێنـا کـە تیایـدا نەبوو ڕەت دەکرێتەوە".

زانایـان لـە ناویشـیاندا (أبـو ثـور) و (داود) دەڵـێن: دادوەر بـۆی هەیـە هـەموو ئەوانەی بۆی دەردەکەون هەڵەن هەڵیانوەشێنێتەوە، هەندێك لە زانایـانیش دەڵـێن:

---

[1] ابن أبي الدم، أدب القضاء، ص٢٧٧، ٢٧٨.

[2] رواه البخاري ومسلم، ابن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ص٥٦.

هەرچـــی پێچـــەوانەی دەقێـــك لـــە قورئـــان و ســـوننەت و كـــۆدەنگی بـــوو هەڵدەوەشێتەوە.[1]

بەلازەری دەگێڕێتەوە كە عومەری كوڕی عەبدولعەزیز بوو بە جێشنین وەفدێكی سەمەرقەند هاتنە لای سكالایان لەسەر (قوتەیبە) تۆمار كرد، كە بە غەدر چووەتە شارەكەیان و موسڵمانانی تێدا نیشتەجێ كردووە، عومەریش نامەیەكی بۆ والی ئەوێ نارد، كە دادوەرێك دیاری بكات، لەو بابەتەی باسی دەكەن بكۆڵێتەوە، جا ئەگەر حوكمیدا موسڵمانان دەركرێن با دەرچن، ئەویش (جەمیعی كوڕی حازری باجی) كردە دادوەر، كە بڕیاریدا موسڵمانان لە شار دەرچن و هیچ پەیمانێك لە نێوانیاندا نەمێنێت. خەڵكی سەمەرقەند ئەم جەنگ هەڵگیرسانەیان لا نەپەسەند بوو، بۆیە نەیانهێشت موسڵمانان دەرچن و لەناویاندا نیشتەجێبوون.[2] ئەم ڕووداوە دەسەڵاتداربوونی دادوەر لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەدا دەسەلمێنێت كە پێچەوانەی شەریعەتن.

ئەبو عوبەیدە دەگێڕێتەوە: معاویە نامەی نارد بۆ (ویردان) كە قیراتێك باج لەسەر قیبتییەكان زیاد بكە، ویردانیش بۆی نووسی: چۆن لەسەریان زیادی بكەم، كە لە پەیمانبەستنەكەیاندا هەیە كە هیچیان لەسەر زیاد نەكرێت.[3]

ئەم ڕووداوەش دەسەڵاتداربوونی دادوەر دەسەلمێنێت لە جێبەجێنەكردنی ئەو بڕیارانەی كە پێچەوانەی شەریعەتن.

سێهەم: بڕیاری قەرەبووكردنەوەی زیانە مادی و مەعنەوییەكان: كە بە هۆی جێبەجێكردنی بڕیارە ناڕەواكانەوە دراون، یان لە دەرئەنجامی هەڵەی كارمەندانی دەسەڵاتی كارگێڕی لە كاتی كاری فەرمیدا ڕوویدا بێت، فەرموودەی پێغەمبەری

---

[1] ابن قدامة، المغني، ج٩، ص٥٦.

[2] البلاذري، فتوح البلدان، ص٤١١.

[3] أبو عبيد، الأموال، ص١٩.

خودا (دروودی خـودای لەسـەر) و شـوێنەواری دیکـەش هـەن جـەخت لـەم بنەمایـە دەکەنەوە.

بوخاری دەگێڕێتەوە لە سالمەوە لە باوکیـەوە: کـە پێغەمبـەری خـودا (دروودی خودای لەسەر) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بـۆ نـاو بـەنی خوزەیمـە بـانگیکردن بـۆ ئیسلام، ئەوانیش نەیانزانی جوان تێیبگەیەنن و بڵێن: موسڵمان بووین، لەبری ئەوە وتیـان: صـبئنا، صـبئنا، پەشـیمانبوینەوە، خالیـد دەسـتیکرد بـە کوشـتن و دیلکردنیان، هەر جەنگاوەرێکی دیلێکی تەسلیمکردن و فەرمانیکرد هەریەکـە دیلـی خۆی بکوژێت، وتم: سوێند بە خودا دیلی خۆم ناکوژم، هیچ هاوەڵێکیشـم دیلەکـەی خـۆی ناکوژێـت، تـا هاتینـەوە لای پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) و باسـەکەمان لا کـرد، جـا پێغەمبـەری خـودا (دروودی خـودای لەسـەر) دەسـتەکانی بەرزکردەوە و فەرمووی: خودایە من بەریم لەوەی خالید کردی، دوو جار.[1]

ئەمـە فەرموودەیـەکی درووسـت و ڕوونـە کـە دادگـا فـەرمان دەکـات بـە قەرەبووکردنەوەی هەڵەی کارگێڕی و هەموو ئەو زیانانـەی لـە خـەڵك دەدرێـت بـەو بۆنەیەوە.

لە فەرموودەیەکی دیکەی هاوشـێوەی ئەمـەدا هـاتووە: ئوسـامەی کـوڕی زەیـد دەڵێت: پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) ناردینی بۆ (حەرقـە)، بەرامبـەر خەڵکەکە وەستاین و تێکمانشکاندن، من و کابرایەکی ئەنساری گەشتینە کەسێکیان و وەختێـك چـواردەورمانگرت، وتـی: لا الـه الا الله، ئـیتر کـابرای ئەنسـاری دەسـتی لێهـەڵگرت، بـەڵام مـن تیرێکـم لێـداو کوشـتم، کـە گەڕاینـەوە هەواڵەکـە گەیشـتە

[1] البخاري، الصحيح، بشرح فتح الباري، ج٨، ص٥٦ ـ ٥٧. (كتاب المغازي، رقم (٤٣٣٩)). ئیبن حەجەر لەشەرحی ئەم حەدیسەدا دەفەرمێت:" باقر لە ڕیوایەتەکەیدا ئەوەی زیاد کردووە کە: پێغەمبەری خودا(دروودی خودای لەسەر) فەرمانی کرد بە عەلی کە بڕوات خوێن بدات بەو قەومە، ئەویش چوو بۆلایان خوێنی هەموو کوژراوەکانی پێدان".

پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر)، ئەویش فەرمووی: ئوسامە دوای ئەوەی وتی: لا اله الا الله کوشتت؟ وتم: ئەوەی بۆ پـەنادان وت، ئەوەنـدە ئەمـەی دووبـارە کردەوە هەتا ئاواتمخواست پێش ئەو ڕۆژە موسڵمان نەبووبێتم.[1]

چوارەم: بڕیاری هەقسەندنەوە لە هەڵەکار کە بابەتەکە بەتەواوی ڕوون بووەوە، یەکەم کەسیش ئەم بڕیارەی داوە پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) بووە، چونکە دەسەڵاتی دادوەری و ئیداریشی بەدەست بووە.

[1] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٧، ص٥٢٧ (كتاب المغازي رقم ٤٢٦٩). ابن هشام، السيرة، ج٢، ص٦٢٣. ئـیبن حەجەرلەشـرحی ئـەم حەدیپـەدا لـە قورتوبیـەوە نـەقڵ دەکـات و دەڵێـت: "لـە دووبـارە کردنەوەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر) بۆ ئەم قسەیە نەهیەکی بەهێز وەردەگیرێت لـە هـەنگاونان بۆ ئەم جۆرە کارانە".

# بەشی چوارەم

# جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

## باسی یەکەم: پەیدابوونی دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانیان

بوونی دەسەڵاتەکان کۆنن، هەر لەگەڵ پێویستبوونی خەڵکدا پێویستبوون بە بوونی دەسەڵات پەیدا بووە، دەبوو لایەنێك کاروباریان بەڕێوە ببات و مافەکانیان بپارێزێت و ناکۆکییەکانیان یەکلابکاتەوە.

مەسەلەی دابەشکردنی ئەرك و ڕۆڵ، بووە هۆی پەیدابوونی هەر سێ دەسەڵاتەکە (ڕاپەڕاندن، یاسادانان، دادوەری) ئەمیش هەر کۆنە و ئەنجامی پەرەسەندنی توانای بە کۆمەڵی مرۆییە لەم بوارەدا.

یۆنانیە کۆنەکان ئەرکی دەوڵەتیان دیاری کردووە لە سێ بواردا:

ـ یاسادانان: دەستەیەك پێی هەڵدەستن ئەرکی دانانی ئەو بنەمایانەیە کە دەوڵەت لەسەری دادەمەزرێت.

ـ ڕاپەڕاندن: دەستەیەك پێی هەڵدەستن ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو بنەما بنەڕەتییانەیە کە دەستەی پێشوو دایانناوە.

ـ دادوەری: دەستەیەکی تایبەتمەند پێی هەڵدەستن ناکۆکییەکان یەکلادەکاتەوە و سزا دیاری دەکات.[1]

شێوازی دەوڵەت و ڕێکخستنی دەستوور و دەسەڵاتە گشتییەکان بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گەشەیان کردووە و پەرەیانسەندووە، لە هەموو شوێنێك، دەتوانین بڵێین هەموو گەلێك پشکی لەم دابەشکردنە کلاسیکیەدا هەیە.

دەوڵەتی ئیسلامیش ئەم دابەشکردن و ئەرکانەی بەخۆوە دیوە، یاساداڕاشتن و بنەمای یاسایی هەبوون بڕیاریان لە ڕێڕەو و هەڵسوکەوتی دەوڵەت دەدا، زانا و

---

[1] محمد سلام مدكور، معالم الدولة الاسلامية، ص٣٠٥.

شارەزایان ئەرکی هەڵێنجان و دەرکردنی حوکمیان لە بوارە جیاوازەکاندا لەئەستۆ دەگرت، بەپشتبەستن بە دەقەکانی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی، پاشان دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەبوو کە جێبەجێکردنی حوکمەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی لەئەستۆ دەگرت، دادگاش ئەرکی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و گەڕاندنەوەی ماقی خەڵکی لەئەستۆ دەگرت.

دەکرێت گرنگترین ئەرکی ئەم سێ دەسەڵاتە لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

**یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان**

لە عورفی یاساییدا دەستەیەکی هەڵبژێرراوی تاکەکانی کۆمەڵگە و شارەزان لە دانانی یاسا و چاودێریکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن.

**گرنگترین ئەرکەکانی:**

١ـ دارشتنی ئەو یاسایانەی کە دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێویستی پێیەتی، لەپێناو ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و پەیوەندییە جیاوازەکان.

٢ـ چاودێری سامانی دەوڵەت، لە داهات و شێوەی دەستخستن و باج وەرگرتن، هەروەها خەرجی و سەفەرکردن لە بوارە جیاوازەکاندا، کە ئەمڕۆ بە گفتوگۆی بودجەی گشتی دەوڵەت ناودەبرێت.

٣ـ سەرپەرشتیکردنی دانانی حکومەت و وەزیرەکانی، واتە متمانەپێدان، کە بە مانای بە شەرعیەتپێدانی حکومەت دێت بۆ پیادەکردنی کارەکانی.

٤ـ چاودێری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و ئەندازەی جێبەجێکردن و ڕێزگرتنی لە یاسا و بڕیارەکان.[1]

---

[1] محمد سلام مدكور، معالم الدولة الاسلامية، ص٣٠٧. موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص١١٦، ١١٧.

**دەسەڵاتی یاسادانان لە ئیسلامدا:**

لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ئەرکی یاسادانان لە دوو خاڵدا کورت دەبێتەوە:

یەکەم: ئەو کاروبارانەی دەقیان لەسەر هاتووە، یاسادانەران ڕۆڵیان تێگەیشتنی دەقەکە و بەیانکردنی ئەو حوکمەیە کە دەقەکە دەبێتە بەڵگە بۆی.

دووەم: ئەو کاروبارانەی دەقیان لەسەر نییە، حوکم هەڵهێنجانە بەهۆی ئیجتیهادکردن و وردبوونەوە و دۆزینەوەی هۆکارەکان.(١)

لە دارشتنی یاسادا ئەمە ئەرکەکەیەتی، بەڵام لە دەوڵەتی هاوچەرخدا ئەرکی دیکە سپێرراون بە دەسەڵاتی یاسادانان وەك: ئەرکی دارایی و ئەرکی سیاسی.

زۆر لە زانا هاوچەرخەکان وادەبینن کە دەسەڵاتی یاسادانان فەقیهو زانا و موجتەهیدەکانی میللەت بەڕێوەی دەبەن، کە توانای فیقهی و شارەزایی تەواوی دەقە شەرعیەکانیان هەبێت، بە پێچەوانەی ئەوەی لە سیستەمەکانی دیکەدا ڕوودەدات کە دەسەڵاتی یاسادانان دەستەیەکی هەڵبژێردراوی دەنگی میللەتی بەڕێوەیان دەبەن.(٢) بەڵام ئەم مەسەلەیە پێویستی بە دووبارە لێکۆڵینەوە هەیە لەبەر تیشکی پێشکەوتنەکانی ژیانی هاوچەرخ و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیادا، بە سەرنجدانی ئەم خاڵانە:

ـ یەکەم: ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا کورتهەڵنایەت تەنها لە فەتوا دەرکردن و دەرهێنانی حوکمی شەرعیدا، دەسەڵاتی یاسادانان ئەرکی دارایی و سیاسی دیکەی هەیە.

ــ دووهەم: ئەرکی فەتوادان و قسە لەسەر ڕووداوە نوێیەکان، پێویستە دەستەیەکی تایبەتی موجتەهید و زانان خەریکبن، دەوڵەتیش لەسەریەتی کۆڕبەندی فیقهی و کۆنگرە و دامەزراوە پێکبهێنێت، کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و

---

(١) عبدالوهاب خلاف، السياسة الشرعية، ص٤٤.

(٢) محمد سلام مدكور، معالم الدولة الاسلامية، ص٣٢٢. عبدالوهاب خلاف، السياسة الشرعية، ص٤٤.

توێژینەوە و هەڵێنجان و دەرکردنی فەتوا بن، ئەمەش لە توانای دەسەڵاتی یاسادانانددا نییە.

ـ سێهەم: کاری ئەنجومەنی ڕاوێژ یان دەسەڵاتی یاسادانان، لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دەستەبژێریکردنە لە نێوان ئەو فەتوا شەرعیانە و ئەوانەی خۆیان بە باشتر و گونجاوتری دەزانن بۆ ئەو کات و شوێنەی تیایدان.

ـ چوارەم: ئەنجومەنی فەتوا و زانایان و خەڵکە موسڵمانەکەش مافی چاودێریکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی هەیە کە دەسەڵاتەکان دەریاندەکەن، چەندە ڕەوا و شەرعین، مافیشیان هەیە لە بەردەم دادگادا تانەیان لێبدەن و بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی پێچەوانەی شەریعەتن.

**دووهەم: دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن**

مەبەست لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ئەو کۆمەڵە کارمەندەیە کە ویستی دەوڵەتی جێبەجێ دەکەن، وەك: سەرۆکی حکومەت، وەزیرەکانی و بازنە و دەزگا جێبەجێکارەکانی دیکە.[1]

دەستوورەکان لەم بابەتەدا سێ زاراوە بەکاردەهێنن: حکومەت، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، ئەنجومەنی وەزیران، فراوانترینیان لە مانادا زاراوەی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە، چونکە هەموو کارمەندانی بواری ڕاپەڕاندنی دەگرێتەوە، لە بچووکترین کارمەندەوە تا سەرۆکی دەوڵەت.[2]

دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن سەرۆکی دەوڵەتی هەیە کە بەپێی دەستوور کارەکان بەڕێدەکات بەپێی سیستەمی حوکمڕانی هەر وڵاتێك پێکهاتەی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەگۆڕێت. بەنموونە سیستەمی سەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار خۆی ئەرکی ڕاپەڕاندن بە تەوای لەئەستۆ دەگرێت، جا بە ڕاستەوخۆ یان بە هاوکاری ئەندامانی حکومەت،

---

[1] محمد سلام مدكور، معالم الدولة الاسلامية، ص٣٧١.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٢٧٨.

بـەڵام سیســتەمی پەرلــەمانی کۆمەڵــە بنەمایــەکی دیــاریکراو ڕۆڵــی ڕاســتەقینە دەگوازرێتەوە بۆ سەرۆکی حکومەت و تیمە وزرایەکەی.[1]

ئەرکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن سەروەرکردنی یاسا و بەڕێکردنی کاروباری گشتییە، بۆیە زۆربەی دەستوورەکان بە کورتی ئاماژە دەکەن بۆ ئەرکـەکان، بـەڵام هەنـدێك دەستوور چووەتە ناو وردەکارییەوە وەك: دەستووری عێراقی، میسری، ئـەردەنی، بەنموونە گـەر سـەیری یـەکێکیان بکـەین دەبیـنین دەسـتووری عێراقـی لـە مـادەی (٦٢)ی ساڵی ١٩٧٣ دەڵێت: ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتانە پیادە دەکات:

أ ـ ئامادەکردنی پرۆژە یاسا و ناردنی بۆ دەسەڵاتی یاسادانانی تایبەتمەند.

ب ـ دەرکردنی سیستەم و بڕیاری کارگێڕی بەپێی یاسا.

ج ـ دامەزرانـدنی کارمەنـدانی شارسـتانی دەوڵـەت و پلەبەرزکردنـەوە و کۆتـایی هێنان بە خزمەتیان و خانەنشینکردنیان بەپێی یاسا.

د ـ دانانی پلانی گشتی دەوڵەت.

هـ ـ ئامادەکردنی بودجەی گشتی و بودجەکانی دیکە.

و ـ گرێبەستی قەرزوەرگرتن و پێدانی و سەرپەشتیکردنی ڕێکخستن و کارگێڕی.

ز ـ ڕاگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی و کۆتایی پێهێنانی بەپێی یاسا.

ح ـ سەرپەشتیکردنی شوێنە گشتییەکان و دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان.[2]

**دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە سیستەمی سیاسی ئیسلامیدا**

دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە سیستەمی حوکمی ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بـۆ جێنشـین یان پێشەوا یـان گـەورەی بـاوەڕداران، ئـەو بەرپرسـی بـاڵای بـەڕێکردنی کاروبـاری دەوڵەتە بەپێی حوکم و شەریعەتی ئیسلامی.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨٨.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٠٤.

مێژووی ئیسلامی کۆمەڵە دامەزراوەیەکی بەخۆیەوە بینیوە کە هاوکاری خەلیفە بوون لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا، وەك:

وەزارەت: پاش جێنشینایەتی ئەم پلەی دووهەمە، لە سەردەمی جێنشینایەتی عەباسیەکاندا کراوە بە دامەزراوەیەکی فەرمی، ماوەردی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (الأحكام السلطانية) نەخشە و ئەرکی وەزارەتی دارشتووە و کردوویەتی بە دوو بەشەوە: وەزارەتی ئەرك پێدان (التفويض) و وەزارەتی ڕاپەڕاندن.[1]

حوکمڕانانی هەرێمەکان: ئەوانەن پێیان دەوترا والی و ئەمیر، خەلیفە دەستنیشانی دەکردن، هەر خۆیشی لێیدەپرسینەوە و چاودێری دەکردن و لایدەدان، ئەمانە لە سنووری هەرێمەکەی خۆشیاندا ئەرکی خەلیفەیان جێبەجێ دەکرد، لە جێبەجێکردنی حوکمی شەرعی و بەڕێکردنی کاروباری خەڵك، لە مێژووی دەوڵەتی ئیسلامیدا دوو جۆر ئیمارەت هەبوو، ئیمارەتی (استكفاء) و ئیمارەتی (استيلاء).[2] ئەرکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە سیستەمی ئیسلامیدا، زۆری جیاواز نییە لە ئەرکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی سیستەمە هاوچەرخەکاندا.

**سێهەم: دەسەڵاتی دادوەریی**

پێناسەی دەسەڵاتی دادوەری: هێز و توانینی ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی خودایە لەناو خەڵك،[3] ئەمە لە زاراوەی ئیسلامیدا، بەڵام لە زاراوەی یاسایی

دەسەڵاتی دادوەری: دەستەیەکی تایبەتمەندە بۆ لێکدانەوە و جێبەجێکردنی یاسا، لەو ناکۆکییانەی دەخرێتە بەردەمیان.[4]

---

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٢٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٣٠. ابن جماعة، تحرير الأحكام، ص٧٩.

[3] تاج العروس، ج٥، ص١٦٠.

[4] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣١٧.

دەشوترێت: ئەو دەزگایە حوکمڕان دایناوە کە گرەنتی جێبەجێکردنی بنەمای مافەکانی هەیە.[1] دادوەریی کۆمەڵە دەسەڵاتێکی هەیە لەوانە:

**یەکەم: دەسەڵاتی لێکدانەوە**

ـ مەبەست پێی ڕوونکردنەوەی مانای بنەما یاساییە کارپێکراوەکان و مانای دەقی یاسایی و دیاریکردنی مەبەستەکانیەتی.

ـ ڕاڤەکردنی ڕێکەوتنە گرێبەستیەکانی نێوان لایەنەکان.[2]

**دووهەم: دەسەڵاتی بڕیاری ڕاپەڕاندن**

ڕۆڵی دادوەران تەنها قسەکردن نییە لەسەر یاسا، بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ دەرئەنجامەکانی یاسا و چۆنیەتی جێبەجێکردنی، پاشان فەرمان دەردەکەن بۆ ئەو کەسەی ڕاپەڕاندنەکەی دەکەوێتە سەر.

مشتومڕی زۆر لەسەر دەسەڵاتی دادوەریی هەیە لە نێوان شارەزایانی دەستووردا، کە ئایا دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە یان بەشێکە لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، زۆربەیان لەسەر ئەوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و خاوەنی ئەرك و کاری خۆیەتی، زۆربەی هەرە زۆری دەستوورەکانیش جەخت لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەکەنەوە.[3] ئەرکی دادگا بەپێی جۆرەکانی دەگۆڕێت، دادگای ئاسایی هەیە کە ناکۆکییەکان یەکلا دەکاتەوە لە هەموو بوارە مەدەنی و کارگێڕی و تاوانیەکان، دادگای سەربازی هەیە کە دادگایەکی نائاساییە لە دۆخە نائاساییەکاندا دادەنرێت، دادگای سرووشت سیاسی هەیە کە سەرپەرشتی چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیستەمی سیاسی دەکات لە دەوڵەتدا.[4]

---

[1] موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ص١٤٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٤.

[3] الدستور المصري مادة (١٦٥). الدستوري المغربي فصل (٧٦).

[4] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٣٣.

**دەسەڵاتی دادوەریی سیاسی لە ئیسلامدا:**

دەوڵەتی ئیسلامی هەر لـە دامەزراندنیـەوە دادگـای هـەبووە، پێغەمبـەری خـودا خۆی پێی هەڵدەستا، کە خەلیفە ڕاشیدینەکانیش دوای ئەو هاتن لەسەر ڕێبازەکەی ڕۆشـتن، بـەڵام عومـەر کۆمەڵـە خـەڵکێکی شـارەزای ڕاسـپارد کاروبـاری دادوەری بەجێهێنێ لەوانـە: شـورەیحی قـازی، هـەروەها بـۆ هەرێمـە گرنگـەکانیش دادوەری تایبەتمەندی دادەنا.[1]

ئەم دادوەرانە بەشێکی زۆر ئازادیان هەبوو ئیجتیهادیان دەکرد، تەواو سەربەخۆ بوون، تا وردە وردە دادگا شێوازێکی دامەزراوەیی وەرگـرت، لـە هـەبوونی تۆمـار و فایل لە سەردەمی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان.[2]

پاشان عەباسیەکان سیستەمی دادوەری مەرکەزیان پێك هێنـا، خەلیفـە مەهـدی سەرۆکی دادوەرانی دانا، کە سەرۆکایەتی دەزگای دادوەری دەکـرد و سەرپـەرشـتی ڕێکخسـتنی دەکـردن، هـەر خۆیشـی دادوەرانـی دەستیشـان دەکـرد بـۆ ولایـەت و هەرێمەکەیان، کە بەناوبانگترینیان قازی ئەبو یوسف بوو کە یەکێکە لە قوتابیەکان ئەبو حەنیفە.[3]

زانای گەورە ماوەردی، ڕێکخسـتنی دەسـەڵاتی دادوەری لـە دەوڵـەتی ئیسـلامی نووسیوەتەوە و گرنگترین مەرج و سیفەت و ئەرکەکانی داناوە، کە گرنگترین ئەرکی ئەمانەن:

یەکەم: یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان.

دووەم: وەرگرتنەوەی ماف و گەڕاندنەوەی بۆ خاوەنەکانیان.

---

[1] محمد سلام مدكور، معالم الدولة الإسلامية، ص٣٣٤.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٨٨.

[3] محمد سلام مدكور، معالم الدولة الإسلامية، ص٣٤٠.

سێهەم: سەلماندنی ولایەت لەسەر ئەو کەسانەی مامەڵەیان ڕاگیراوە، وەك: شێت، منداڵ، کاڵفام، لە پێناوی پاراستنی ماف و ساماندا.

چوارەم: بڕیاردان لەسەر وەقفەکان بە پاراستن و گەشەپێدانیان.

پێنجەم: ڕاپەڕاندنی ڕاسپاردە و بەشوودانی بێ سەرپەشتان.

شەشەم: جێبەجێکردنی حەدی شەرعی.

حەوتەم: پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و مافەکانی میللەت.

هەشتەم: وردبوونەوە لە شایەت و دیاریکردنی متمانەپێکراوەکان و دەستنیشانکردنی نوێنەران.[1]

دەبینین دەسەڵاتی دادوەری لە ئیسلامدا هەبووە و گرنگی تایبەتی پێدراوە و گەشە و سەربەخۆیی خۆی هەیە.

[1] الماوردي، الأحكام السلطانية، ص٧٠.

## باسی دووهەم: پەیدابوونی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاساو و نەرێنیەکانی

هەندێك لە نووسەرانی شارەزای دەستوور وادادەنێن جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە چەرخی حەوتەمی زاینیەوە دەستی پێکردووە و لە چەرخی هەشتەمدا لەسەر دەستی کۆمەڵێك فەیلەسوفی ئەوروپی لە نموونەی لوك (Lock)، مونتیسکۆ (Montesquieu) گەشەی سەندووە.[1]

ناوەڕۆکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دوو بیرۆکەدا کورت دەکرێتەوە:

یەکەم: دابەشکردنی ئەرکی دەوڵەت بۆ سێ بەش: یاسادانان، ڕاپەڕاندن، دادوەریی.

دووهەم: کۆکردنەوەی ئەم ئەرکانە لەیەك دەستەدا.[2]

ئەم بنەمایە لە بیری سیاسی ڕۆژئاوادا بە گرنگترین گرەنتی ئازادی و ڕێگەنەدان بە خۆسەپاندن دادەنرێت، چەکێکی بەهێزیشە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاکڕەوی بە دەسەڵات و حکومەتی ڕەهایی.[3]

یەکەم دەستوورێکی نوێ ئەم بنەمایەی لەخۆگرتبێت دەستووری فەرەنسیە لە ساڵی ١٧٩١ز، پاشان لە دەستووری وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا بڵاوەی کرد، دوایی لەوانیشەوە گوێزرایەوە بۆ دەستووری وڵاتە عەرەبیەکان، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤیش جەختی لێکردەوە، لە جاڕنامەی ساڵی ١٧٨٩دا هاتووە هەموو کۆمەڵێکی سیاسی مافی تاکەکان نەپارێزێت و دەسەڵاتەکان لە یەك جیانەکاتەوە،

---

[1] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٣٩٨.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٣٤.

[3] راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٢٦. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٥٣.

دەستووری نییە.[1] جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئەنجامی گەشەسەندنی دۆخی سیاسی و کاریگەری لەسەر بەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی تاك پەیدا بوو، واتە ئەنجامی زنجیرەیەك ئەزموون و هەوڵی مرۆیی بوو، بۆ سنووردانانێك بۆ دەسەڵاتداران تا ئەوەندە مافی هاووڵاتیان پێشێل نەکەن.

لێرەوە دەڵێین جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنەمایەکە لە بنەماکانی هونەری سیاسی نەك بیروباوەڕی و بناغەی یاسایی کە بیروباوەڕی دادگەری پێویستی کردبێت، پلەبەندی بنەما یاساییەکان دایاننابێت، مەبەستی سەرەکیش ئەوەیە دەسەڵاتەکان یەکسان و هاوتەریب و سەربەخۆ بن، هیچ یەکەیان بە تەنها نەتوانێت کاروبارەکان قۆرخ بکات، بەڵام لەنێوان خۆیاندا هاوکار بن و لەسەریەك چاودێر بن، بۆ بەجێهێنانی ئەو دروشمەی دەڵێت: "دەسەڵات دەسەڵات ڕادەگرێت".[2]

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە کە سیستەمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ژینگەی ڕۆژئاوادا پەیدا بو و پێگەیشت، کاتێك کە لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا سیستەمی پاشایەتی و هەموو دەسەڵاتەکانی لای خۆی کۆکردبوویەوە. جگە لەوەش فەلسەفەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە فەلسەفەیەکی گەورەوە سەرهەڵدەدات، کە بیرۆکەی لە شێوازی دیموکراسی ڕۆژئاوایی لێ هەڵجنراوە، کە لەسەر بنەمای فرەیی و جیاوازی و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان بنیاتنراوە، کە لە ناوەڕۆکدا لە فەلسەفە مادیەکەدا چڕ دەبێتەوە کە باوەڕی بە مرۆڤێکی یاخی بێمنەت لە بەدیهێنەر و خولقێنەری هەیە، لە مەیدانی ململانێدا سەرکەوتن و بوونی خۆی سەلماندوە، بۆیە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان مانای هاوسەنگی گرتنی خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازە هاودژەکانە، تا هەموو لایەك لایەکی دیکە لە سنوورێکی

---

[1] محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٥٤.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٣٤. راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٢٦.

دیاریکراودا ڕاگرێت.[1] جا ئەگەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نیشتمانی پەیدابوونی ڕۆژئاوا بووبێت، مانای بڕیاردانی پێشوەختە نییە بۆ بەهەڵەدانان و نەشیاوێتی، بەڵکو ئەزموونێکی واقیعی مرۆییە لە شێوەی مامەڵەکردنی دەسەڵاتداران و پەیوەندییان بە خاوەن ماف و ئازادییەکانەوە.

**بەڵگەکانی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:**

یەکەم: ڕێگری لە خۆسەپاندن و پاراستنی ماف و ئازادییەکان

کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان لە یەك دەست دا سەر بۆ سەپاندن و قۆرخکردنی دەسەڵات دەکێشێت، چونکە ئەوە خاوەن دەسەڵاتەکان لە چاودێری و لێپرسینەوە دەبوێرێت، کەسێك نابینیت لە سنوورێکدا بیوەستێنێت، مەگەر دەسەڵاتدارێکی هاوشێوە و یەکسانی وەك خۆی، چونکە تەنها دەسەڵاتداران دەسەڵاتدار ڕادەگرن.[2] بەدرێژایی مێژوو ئەمە ڕێکەوتنی خەڵکە ژیرەکە بووە، چونکە دەسەڵاتی ڕەها خاوەنەکەی سەرکێش و یاخی دەکات، شوێن ئارەزووی خۆی دەکەوێت، مەگەر کەسانی زۆر دەگمەن هەبن دەسەڵات نەیانگۆڕێت، ئەگەر وردبینەوە لە مێژوو سرووشتی مرۆڤ دەسەڵاتدار گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

هەروەها کۆکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن لەیەك دەستدا، گومانی خراپ بەکارهێنانی یاسا دارشتن زیاد دەکات، چونکە خاوەن دەسەڵات والێدەکات پینەی یاسایی بۆ هەڵسوکەوتەکان بکات و یاسا بەو شێوەیە دەرکرێت لەگەڵ حەزو ئارەزووی ئەودا بساچێت. خۆئەگەر دەسەڵاتی دادوەریشی لەگەڵیان کۆکردەوە ئیتر بکوژ و ببڕ هەر خۆی دەبێت و ئازادییەکان کۆتاییان پێ بێت.[3]

---

[1] راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٣٥.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٣٤. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٤٠٣. عبدالغني بسيوني، النظم السياسية، ص١٧٠.

[3] منير البياتي، الدولة القانونية، ص٢٣٠.

**دووهەم: گرەنتیی بنەمای ڕەوایەتی**

ئەمە پێویست دەکات بنەما شەرعیەکان، بابەتی و گشتایەتی دابەش بکرێت، دۆخی گشتی هاوولاتیان ڕەچاو بکرێت، نەك حاڵەتە تاکیەکان، چەسپاندنیشی بەپێی مەرجی بابەتی و بە دادگەریی و یەکسانی بچەسپێنرێت، ئەم مەرجەش تەنها بە جیاکردنەوەی یاسادانەر و ڕاپەڕێنەر جێبەجێ دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی دۆخی کەسی و حەزی تاك کاریگەریان نەبێت لەسەر یاسادانان.[1]

**سێهەم: سیستەمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان**

ئەمە سەردەکێشێت بۆ دابەشکردنی ڕۆڵ و کارەکان، ئەمانەش بۆ ئاسانکاری و وردبوونەوەیە، لە ڕێگەی سەربەخۆبوونی دەزگا تایبەتمەندەکان لە بواری ئەرکەکانیاندا. هەروەها ئەرکی دەوڵەت لە ناوەڕۆکدا جیاوازە، تەنها بە جیاواز بوون لە یەکتر و بەپێی بنەمای پسپۆڕی پیادە دەکرێت.[2]

**ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکرێت:**

بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ڕەخنەلێگیران و نەرێنی خاڵی نییە، لەو ڕەخنانە:

**یەکەم:** سێ دەسەڵاتەکە ئەرکیان تەواوکاریە، لەئەنجامدا یەك مەبەست بەدی دەهێنن، کە دەوڵەت و سەرجەم دەزگا جیاوازیەکانی بۆی هەوڵدەدەن، بۆیە ناتوانرێت جیاکردنەوەی ئەم دەسەڵاتانە بکرێت، کە وەك پارچەکانی جەستەی دەوڵەت وەهان.

---

[1] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٣٥. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٥٥.

[2] موريس دورفرجية، المؤسسات السياسية، ص١١٠. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٥٥.

**دووهەم**: دابەشکردنی بەرپرسیارێتیەك کە لە ئەنجامی دابەشبوونی دەسەڵاتەوە هەڵقوڵا بێت، دەبێتە هۆی بزربوونی ئەو بەرپرسیارێتییە و ناکاملبوونی، بەڵام مەرکەزیەتی دەسەڵاتەکان بەرپرسیارێتی دەردەخات و کامڵشی دەکات.

**سێهەم**: ئامانجێکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئەوەیە هەموو دەسەڵاتێك لەگەڵ دوو دەسەڵاتەکەی دی یەکسان بن، تا هیچ یەکێکیان پێشێلی دەسەڵاتی ئەویدی نەکات و سنووری نەبەزێنێت، بەڵام لە کاتی بەرجەستەکردندا دەردەکەوێت، ئەم بنەمایە تەنها تیۆریە، چونکە هەردەبێت یەك لەو دەسەڵاتانە بەسەر ئەویدیکەدا زاڵ بێت، جا یان دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن زاڵ دەبێت وەك لە بەریتانیا هەیە، یان پەرلەمان (دەسەڵاتی یاسادانان) باڵادەستە وەك: فەرەنسای پێش کۆماری کاتێك سەرۆك کۆمار گەڕایەوە، باڵادەستی بەدەستهێناوە، وەك دیگۆل کردی.

**چوارەم**: چەسپاندنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و زۆرجار بووەتە هۆی ڕووخانی سیستەمی سیاسی و ناسەقامگیری، هەروەها بووەتە هۆی پەیدابوونی جۆرێکی دیکەی گرفتاری و پێویستی بە هەموارکردنەوە دەبێت لە کاتی جێبەجێکردنیدا.(١)

---

١ سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٣٥ – ٣٣٦. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٥٧. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٤٠٥.

## باسی سێهەم: بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی حوکمڕانیدا لە رووی جێبەجێکردنەوە

جێبەجێکردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان چەند جۆر و شێوەی بەخۆیەوە بینیوە، هەیانە جیاکارییەکی یەکلاکەرەوە بووە، وەك سیستەمە سەرۆکایەتیەکان، هەشیانە شێوازی هەرەوەزی و هاوکاری بەخۆوە بینیوە وەك سیستەمە پەرلەمانیەکان، هەشیانە هەوڵی کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لەیەك دەستەدا داوە وەك سیستەمی سویسرا، بەڵام سیستەمە مارکسییەکان دژایەتی ئەم بنەمایەی کردووە و بە بەرهەمێکی سەرمایەداریی ئەژمار دەکات، کە دژی سەروەریی گەلە و تەنها مافی چینی بۆرجوازی دەپارێزێت و ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ڕۆژئاواییە. ئێمەش بە کورتی باس لەم نموونانە دەکەین.

### بەندی یەکەم: سیستەمی سەرۆکایەتی

سیستەمی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دابەش نەکراوە بەسەر دوو ڕەگەزی لێکجیادا: سەرۆکی دەوڵەت و وەزارەت، بەڵکو سەرۆك لە یەك کاتدا سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەتیشە، دەسەڵاتەکانی خۆی پیادە دەکات، وەزیرەکانیش فەرماندە ئیداریەکانی وەزارەتەکانیان و یاریدەدەر و ڕاوێژکاری سەرۆکن لە کاروباری حکومەتدا، کەواتە ئەو تەنها سەرۆکی دەوڵەتە، میللەت لە هەڵبژاردنێکی گشتی ڕاستەوخۆی سەرتاپاگیردا هەڵیدەبژێرێت، ئەمەش دەسەڵاتێکی گەورە و فراوانی پێدەبەخشێت، کە یەکسانی دەکات بە پەرلەمان.

سیستەمی سەرۆکایەتی دەسەڵاتەکان بە زەقی جیادەکاتەوە کە شارەزایانی یاسا پێی دەڵێن "جیاکردنەوەی یەکلاکەرەوە"، یان حیاکردنەوەیەکی وشك.(1)

نموونەی ئەمریکی نموونەی ئەم سیستەمەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە کە بەم شێوەیەیە:

أ- پەرلەمان ناتوانێت حکومەتی سەرۆکایەتی بگۆڕێت، لە ڕێگای متمانە لێسەندنەوە، وەك سیستەمی پەرلەمانی.

ب - سەرۆکیش ناتوانێت پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە. کەواتە هەردووکیان دەبێت پێکەوە هەڵکەن.(2)

لە ڕواڵەتەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمی ئەمریکیدا، ئەوەیە وەزیرەکان نە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانن و نە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانن، مۆڵەت نادرێت بچنە پەرلەمانەوە مەگەر بچنە هۆڵی میوانانەوە، ناشتوانن لە پەرلەماندا قسە بکەن، بەڵام بۆیان هەیە پەیوەندی بە لیژنەی هەردوو ئەنجومەنەکەوە بکەن.

لە بەرامبەر ئەوەدا سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیار نین، بۆیە پەرلەمان ناتوانێت پرسیار، یان بانگکردنی سەرۆك کۆمار، یان وەزیرەکانی بکات، ناشتوانێت متمانە لە کەسیان بسێنێتەوە، بەڵام حکومەتی ئەمریکی لە ڕووی جینایییەوە لە بەردەم پەرلەماندا بەرپرسە، دادگاییش لەبەردەم ئەنجومەنی پیران دەکرێت، کە بڕیاری خۆی بە دوو لەسەر سێ و یەك سزاش دەردەکات، ئەویش لادانیەتی لە پێگەکەی.(3)

---

[1] موريس دورفرجية، المؤسسات السياسية، ص١٣٥.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٤٢. راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٢٨. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٤٠٦. محمد طه بدوي و محمد طلعت غنيمي، النظم السياسية والاجتماعية، ص٣٨١.

[3] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٤٢.

پێویستیشـە ئامـاژە بـەوە بکرێـت سیسـتەمی ئـەمریکی بنـەمای هاوسـەنگی و چاودێری دوو لایەنەی لە نێوان دەسەڵاتەکاندا داهێنا، تا هیچکامیان بەسـەر ئـەوی دیکەدا زاڵ نەبن. بۆ ئەوەش دەسەڵات نەکەوێتە دەست یـەکێکیان لەسـەر حسـابی ئەوی دیکە، ئەمەش تەواوکاری سیستەمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە.[1]

**ڕواڵەتەکانی هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکان لە سیستەمی ئەمەریکیدا:**

سیستەمی ئەمـەریکی نـەیتوانیوە جیاکردنـەوەی تـەواوی نێـوان دەسـەڵاتەکان بکات، دەستوور کۆمەڵە پەیوەستیەکی نێوانیانی داناوە، لەوانە:

١ـ مافی سەرۆك کۆمارە، ڕەخنە لەو یاسایانە بگرێت کە لـە لایـەن پەرلەمانـەوە دەرچوون، لە ماوەی دە ڕۆژدا.

٢ـ بەشداریکردنی ئەنجومەنی پـیران لەگـەڵ سـەرۆکدا لـە پیـادەکردنی هەنـدێك تایبەتمەندی، گرنگترینیان سیاسەتی دەرەوە، دامەزراندنی کارمەنـدانی حکومـەتی فیدراڵی، ڕازیبوون بە ڕێککەوتنامەکان.

٣ــ جێگـری سـەرۆك کۆمـار سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی پـیران دەکـات لـە کـاتی جیابوونەوەی زەقدا.[2]

---

[1] کریم کشاکش، الحريات العامة، ص٤٠٨.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٤٤. محمد طه بدوي النظم السياسية، ص٣٨٣.

**بەندی دووهەم: سیستەمی پەرلەمانی**

سیستەمی پەرلەمانی ئەو سیستەمەیە کە لەسەر بناغەی هاوسەنگی و هاوکاری نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بنیاتنراوە.[(١)]

سیستەمی پەرلـەمانی تـەنها بـوونی پەرلـەمانێکی هەڵبـژێرراو نییـە، یـان تـەنها حکومەتێکی هەڵێنجراو لە پەرلەمان نییە، بەڵکو سیستەمی پەرلـەمان لەسـەر ئـەم یاسایانە ڕادەوەستێت:

**یەکەم: دوانەیی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن**

لە سیستەمی پەڕلەمانیدا دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە دوو لایەن پێکدێت:

یەکەم: سـەرۆکی دەوڵـەت، کـە سـەرۆك وەزیـران نییـە، هـەردوکیان پێگەیـەکی سیاسی جیاواز لە یەکدی هەیە، سەرۆکی دەوڵەت لە سیستەمی پاشایەتیدا خـودی پادشـایە، لـە سیسـتەمی کۆماریشـدا سـەرۆك کۆمـارە، لـە سیسـتەمی پەرلەمانیـدا سەرۆکی دەوڵەت لە کاروباری حوکمڕانیدا بەرپرسیارێتی سیاسی هەڵناگرێت، ڕۆڵـی ئەو بە پێی دەستور تەنها ئاڕاستەکردنی سێ دەسەڵاتەکەیە.

نمونەی بەریتانی لەم ڕووەوە نمونەیـەکی ڕوونـە، کـە پاشـا لـە پێگـەی سـەرۆك دەوڵتدایـە کـە دەسـەڵاتدارەو حـوکمڕان نییـە، بـەڵام سـەرۆکی دەوڵـەت هەنـدێك تایبەتمەندی خۆی هەیە وەك :

أـ مافی دەستنیشان کردن و لادانی سەرۆك وەزیران ومافی لادانی وەزیرەکانی.

ب ـ مافی ڕەخنەگرتن لەیاساو مافی دەرکردنیشی.

ج ـ مـافی بانگهێشـتی پەرلـەمان بـۆ کۆبوونـەوەو مـافی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران، جگە لەوانەش ئەو ڕێبەری باڵاو ناوبژیوانی دەسـەڵاتەکانە لـە دەوڵەتدا.[(١)]

---

[١] محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٥٩. موريس دورفرجيـة، المؤسسـات السياسـية، ص١٣٥. راشـد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٢٨.

دووەم: وەزارەت لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندندا لایەنی دووەمە، لەم بوارەشدا جەمسەری سەرۆکی کاریگەرە، بەرپرسیارێتی ڕاپەڕاندنی ڕاستەقینەو لە ئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییەی لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا دەکەوێتە ئەستۆ.[٢] سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی وەزارەتەکان دەکات، هەر ئەویش وەزیرەکان هەڵدەبژێرێت و سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان دەکات. لە سیستەمی پەرلەمانیدا ئەنجومەنی وەزیران کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی سەرەکی هەیە گرنگترینیان:

أ‌- پێکەوە گونجاوی وەزارەتەکان، چونکە سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی پرۆسەی دیاریکردنی تیمە وەزاریەکەی دەکات و پێشکەشی سەرۆکی دەوڵەتی دەکات تا ڕەزامەندی ڕواڵەتی لەسەر دەربڕێت، حکومەتیش زۆر جار لە حزبی زۆرینەی پەرلەمان پێکدێت، یان لە چەند حزبێکی پێکەوە بوو نزیك لەیەك.

ب - وەزارەتیش لەسەر بناغەی هاوکاربوونی ئەندامانی پێکەوە دەکات، ئەنجومەنی وەزیران سیاسەتی گشتی دەوڵەت دادەڕێژێت، کە بڕیارەکانی بە زۆرینە دەردەچن، وەزیر ناتوانێت بەرهەڵستی بەردەوامی بڕیارە دەرچووەکان بکات، ئەگەر بیەوێت لە وەزارەتەکەیدا بمێنێتەوە.

ج - بەرپرسیارێتی وەزارەت لەبەردەم پەرلەماندا لە هەموو هەڵسوکەوتەکانیدا بەرپرسیارێتیەکی تاکیە، پەیوەستە بە هەڵسوکەوتی هەر وەزیرێك لە ناو وەزارەتەکەی خۆیدا، بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵ پەیوەستە بە سیاسەتی گشتی حکومەتەوە.[٣]

---

[١] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٤٧. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٦٠. عبد الحميد متزلي، الوسيط في القانون الدستوري، ص٢٥٨.

[٢] موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية، ص١٤٦. محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٦٤. سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٤٨. محمد طه بدوي النظم السياسية، ص٣٨٥.

[٣] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٤٨.

**دووهەم: هاوکاری و چاودێری ئاڵوگۆڕی نێوان دەسەڵاتەکان تایبەتمەندییەکی سیستەمی پەڕلەمانییە، پشتبەستنە بە بنەمای هاوکاری نێوان دەسەڵاتەکان و ئاڵوگۆڕی چاودێری نێوانیان، بەم خاڵانە:**

**١ـ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن داوای هەڵبژاردنی پەڕلەمانی دەکات، سەرپەرشتی پرۆسەکەش دەکات.**

**٢ـ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن داوای کۆبوونەوەی پەرلەمان لە خولی ئاسایی و نائاساییدا دەکات.**

**٣ـ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دەسەڵاتی یاسادانان هاوبەشن لە کۆمەڵە ئەرکێکدا، وەك: مافی پێشنیازی یاسا دەرکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە بە پەرلەمان.[(١)]**

**٤ـ کۆکردنەوەی ئەندامێتی پەرلەمان و وەزیری، سیستەمی پەرلەمانی مۆڵەت دەدات بە وەرگرتنی پێگەی وەزیری و ئەندامێتی پەرلەمان، ئەم کۆکردنەوەیەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ هاوکاری نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن لە بوارە جیاوازەکاندا.**

**٥ـ مافی هەڵوەشاندنەوە، مەبەست پێی: کۆتایی هێنانە بە تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەران پێش کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی بڕیار لەسەر دراو، مافی هەڵوەشاندنەوە مەترسیدارترین شێوازی چاودێری دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان، مەبەستیش پێی ئەوەیە بکرێتە چەکێك هاوسەنگی چەکی مافی ئەنجومەنی نوێنەران بێت کە متمانەوەرگرتنەوەیە لە حکومەت.[(٢)]**

---

[١] محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٦٦. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٤١٤. محمد طه بدوي النظم السياسية، ص٣٨٧.

[٢] محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٦٧.

ئەمانە هی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بوون بەرامبەر یاسادانان، بەڵام شێوازی هاوکاری و چاودێری لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە بەرامبەر ڕاپەڕاندن لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبێت:

١ـ پرسیار، مەبەست پێی ئەوەیە هەموو ئەندامێکی پەرلەمان مافی هەیە داوای ڕوونکردنەوە یان وردەکاری لە بابەتێکی دیاریکراو کە پەیوەستە بە وەزارەتێکەوە لە وەزارەتەکان بکات.

٢ـ بانگهێشتکردن، لە پرسیار مەترسیدارترە، کە بریتیە لە لێپرسینەوەی وەزیرێك لە هەڵسوکەوتێکی کارگێڕی لایەنێکی حکومیدا، ئەمەش لە ڕێگای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو کاروبارە.

٣ـ مافی لێکۆڵینەوەکردن: بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتێکی دیاریکراو لە کاروباری هەڵسوکەوتێکی کارگێڕی لایەنێکی حکومیدا، ئەمەش لە ڕێگای پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو کاروبارە.

٤ـ سەرۆکی دەوڵەت پلەکەی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە وەردەگرێت، هەندێك دەستوور جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەرلەمان سەرۆکی دەوڵەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ناو پەرلەمانەوە دیاری دەکات.

٥ـ بەرپرسیارێتی سیاسی وەزارەت لەبەردەم پەرلەمان، حکومەت بە گشت ئەندامەکانیەوە لە هەموو هەڵسوکەوتەکانیان لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیارن، جا ئیتر بەرپرسیاری تاکی یان بەرپرسیاری کۆمەڵ بوونی پێکەوەیی گشتی بێت.

٦ـ داوای متمانەپێدان: داوا لە حکومەت دەکرێت متمانە بدات بە پلانی سیاسی پەرلەمان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی، جا ئەگەر حکومەت متمانەی نەدا، دەستلەکارکێشانەوە پێشکەش دەکات.[(١)]

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، ص٥٦٩ بەدواوە.

## بەندی سێهەم: نموونەی حکومەتی پێکەوەیی
## (سیستەمی تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکان)

یەکێتی سویسری کەساڵی ١٨٤٧ زاینی پێکهێنرا ئەم نموونەیەی پیادە کرد، ئەویش یەکخستنی هەموو دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندنە لە بەردەستی پەرلەمان، کە حەوت ئەندام بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ دەستبەکاربوونی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەڵدەبژێررێن، ئەمانە کە دەبنە وەزیر کارەکانیان بەپێی ئاڕاستەی پەرلەمان ڕادەپەڕێنن، پەڕلەمانیش مافی لادان و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانیانی هەیە، هەروەها پەڕلەمان دەستەی دادوەری دادەنێت و فەرمانەدەی گشتی هێزە چەکدارەکان دیاری دەکات و جاڕی جەنگکردن دەدات.[1]

حەوت ئەندامەکەی ئەم ئەنجومەنەش لە یەك ئاستی یەکساندان، یەك دەسەڵاتیشیان هەیە، ساڵانە پەرلەمان یەکێکیان بۆ سەرۆکایەتی هەڵدەبژێرێت، ئەو سەرۆکەش هیچ تایبەتمەندییەکی جیاوازی لە ئەندامەکانی دیکە نییە لە هیچ ڕوویەکەوە، دەنگیشی لە کاتی یەکسانیدا نابێتە پەسەندبوونی ئەو ڕایەی ئەو لایەنەی ئەم دەنگی لەگەڵیان بووە.

ئەم ئەنجومەنە مافی پێشنیازی یاسادانانی هەیە، هیچ ئەندامێکیان ئەم پێشنیازە پێشکەشی پەرلەمان ناکات بە ڕەزامەندی ئەنجومەنەکە نەبێت، ئەندامانیش مافی ڕەخنەگرتنیان لەبەردەم پەرلەماندا هەیە، ئەنجومەن لەم سیستەمەدا ئەندازەیەکی زۆر بەرقەراربوونی هەیە، هەرچەندە ماوەکەی بۆ چوار ساڵ دیاری کراوە، بەڵام نەریت وەهایە ئەندامە دێرینەکان بەردەوامی هەڵبژێررێتەوە، تا جاری وەها بووە تەمەنی ئەنجومەنی گەیشتووەتە (٢٠) ساڵ یان زیاتر، خۆئەگەر ناکۆکییەك کەوتە نێوان ئەنجومەن و پەرلەمانەوە، ئەوا ئەنجومەن

---

[1] راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٢٩.

ملکەچی پەرلەمان دەبێت بەبێ ناچاربوون بە دەستلەکارکێشانەوە. ئەم ئەنجومەنە وەك شوێنکەوتوو دەبینرێت، بەڵام دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، چونکە ئەو لیژنە پەرلەمانیەکان لە ڕووی یاسادانانەوە ئاراستە دەکات، ڕۆڵی سەرەکیش دەبینێت لە دیاریکردنی سیاسەتی حکومەتدا.[1]

سەرنج دەدەین بیرۆکەی حکومەتی پێکەوەیی لەسەر ئەوە دامەزراوە کە تەنها دەستەی نوێنەرایەتی ڕەنگدانەوەی ویستی میللەتە لە گشت بوارەکاندا، بۆیە هەر ئەویش مافی دەستپێکردنی کار و دەسەڵاتی یاسادانان و دەستەی ڕاپەڕاندنی هەیە.[2]

## بەندی چوارەم: ئەو سیستەمە سیاسیانەی لەسەر یەك دەسەڵات دامەزراون

بیرۆکەی ئەم سیستەمانە کە گەردنگیری یەك دەسەڵاتین و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان ڕەتدەکەنەوە، وادادەنێن ئەم جیاکاریە بەرهەمی سیستەمی سەرمایەداریی ڕۆژئاوایە کە لەسەر فەلسەفەی فرەیی و ململانێی هێز و جیاوازی بەرژەوەندییەکان دامەزراوە.

کرۆکی بیرۆکەی یەك دەسەڵاتی ئەوەیە: تەنها گەل خاوەنی سەروەریە و هەر ئەویش دەسەڵات ڕادەستی دەستەیەکی باڵا دەکات، ئەو دەسەڵاتە یەکگرتووەش لەسەر بنەمای پلەبەندی بەسەر دەستەکاندا دابەش دەبێت، ئەم دەستانەش دەسەڵاتە یەکگرتووەکانیان پیادە دەکەن بەبێ جیاکردنەوە.[3]

سیستەی سۆڤیەتی پێشوو نموونەیەکی ڕوونی ئەم جۆرە سیستەمانەیە، کە لەسەر بیری مارکسیەت دامەزراوە کە دەڵێت: ئازادی بە چەسپاندنی سیستەمی

---

[1] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٤٦.

[2] محسن خليل، القانون الدستوري، ص٥٦٧.

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ص٥٦٩ بە دواوە.

ئــابووری سۆشیالیســتی دەپارێزرێــت و بــە جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکان کــە ڕەنگدانەوەی ئامرازی چینە باڵاکانە بۆ خواردنی مافی کرێکاران ناپارێزرێن.[1] بۆیە ئەنجومــەنی بــاڵای ســۆڤیەت دەســەڵاتی بــاڵای بەدەســتەو خــاوەنی دەســەڵاتی یاسادانانە کە پێکدێت لە ئەنجومەنی یەکێتی سۆڤیەت و ئەنجومـەنی نەتـەوەکان، ئەنجومــەنی یــەکێتی پێگەیــەکی بــاڵای هەیــە و گــەورە بــەرپرس و کارمەنــدان لەخۆدەگرێت.

ئــەم دوو ئەنجومەنــە دوای هەڵبــژاردنیان کۆبوونەوەیــەکی هاوبــەش دەکــەن، ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن هەڵدەبژێرن کە پێی دەوترێت سـەرۆکایەتی بـاڵای سـۆڤیەت، ئەم ئەنجومەنە باڵایە لە ڕووی دەستوورییەوە دەسەڵاتە سیاسییەکانی بەدەستە، ئەو خاوەنی سەروەریە، لەلایـەنی کرداریشـەوە دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینە لـە دەسـتی سـەرۆکایەتی بــاڵای ســۆڤیەتدایە، کــە دەســەڵاتەکانی یاســادانان و ڕاپەڕانــدن و دادوەری پیــادە دەکــات وەك چەســپاندنی یــەکێتی دەســەڵات کــە ڕەنگدانــەوەی یەکێتی گەل و چین و بیر و کارە.[2]

سیســتمی چــینی هاوشــێوەی سیســتەمی ســۆڤیاتیە لــە ڕووی بــوونی لیژنــەی هەڵبژێرراودا کە هــەموو دەســەڵاتەکانی بەدەســتە، بــە چــاودێریکردنی ئەنجومــەنی وەزیران و دامەزراندنی گەورە کارمەندان و لادانیان و بەستنی گرێبەستەکانیشەوە.

لەڕاستییدا حوکمڕانی ڕاستەقینە و کـرداری خـودی حزبـی شـیوعی حـوکمڕان و سەرکردایەتی و سکرتێرەکەیەتی.[3]

---

[1] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٣٤٥.

[2] راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٣١.

[3] راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٣٢. محمد طه بدوي النظم السياسية، ص٣٩٥.

## باسی چوارەم: بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە بیری ئیسلامیدا

ڕوونە کە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لە ئەنجامی ژمارەیەك ئەزموون و هەوڵدانی گەلان و بیریار و فەیلەسوفەکانەوە بووە بۆ سنووردانانێك بۆ ئەو دەسترۆیشتووانەی کە حوکمڕانییان بەدەست بووە، لەپێناو گرەنتی پابەندبوون بە یاساوە و جوان ڕاپەڕاندنی لەو بوارانەی پەیوەستە بە ئازادی و مافی تاکەکانەوە.

وەختە بڵێین هەموو دەوڵەتانی دونیا ئەمڕۆ ئەم بنەمایەیان وەرگرتووە و لە دەستووریاندا بە ڕاشکاوی ئاماژەیان پێداوە، جگە لە هەندێك دەوڵەت کە لەسەر شێوازی فەلسەفەی مارکسیەت دەڕۆن کە لەسەر بیرۆکەی یەك دەسەڵاتی دامەزراوە، خەریکیشە کەمەکەمە لەم هەڵوێستە پەشیمان دەبنەوە، زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیش جەخت لەم جیاکاریە دەکەنەوە، بەڵام ئەمە وەك چاولێکەریەکی ڕۆژئاوا دەکەن. پێشتر وتمان ئەم بیرۆکەیە کۆرپە و پەروەردەکراوێکی ڕۆژئاواییە، کۆمەڵە هۆکارێکی واقیعی بەوە گەیاند، بێگومان لە خولگەی بیرۆکەی پیرۆزکردنی ئازادیی تاکدا دەسوڕێتەوە. بەڵام دەشبێت بزانین تێڕوانینی شەریعەتی ئیسلامی بۆ ئەم بنەمایە چییە؟ نووسەرە ئیسلامیەکان لەم بارەوە بە سەر دوو بیروبۆچووندا دابەشبوون:

بەشی یەکەم: ئەوانەن پشتگیری بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەن، چونکە لە ڕۆژئاوا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، سنووری بۆ خۆسەپاندنی حوکمڕان و قۆستنەوەی دەسەڵات داناوە، جگە لەوەش لە شەریعەتدا ڕێگرییەك نییە لە جێبەجێکردنیدا.

بەشـی دووهـەم: دژایـەتی دەکـەن و ڕەتیدەکەنـەوە، چـونکە بـە بیرۆکەیـەکی هێنراوی ڕۆژئاوایی دادەنـێن، دەڵـێن ئەمـە نـەوزادێکی بـارودۆخ و واقیـع و ژینگـە و فەلسەفەی هزری ڕۆژئاوایە و پێچەوانەی ئیسلامە.

لەسەر ئەم دوو بۆچوونەش ڕادەوەستین.

**بەشی یەکەم:**

پشـتیوانانی بیرۆکـەی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لـە سیسـتەمی سیاسـی ئیسـلامیدا، دەڵـێن: پـێش ئـەوەی ئـەم بیرۆکەیـە ڕۆژئـاوایی بێـت بیرۆکەیـەکی ئیسلامیە، نموونەی زۆریش هەن ئاماژە بـۆ دروسـتی ئـەم ئاڕاسـتەیە دەکـەن (بـە بۆچوونی ئەوان) کەو لەم خاڵانەدا کورت دەکرێنەوە:

**یەکەم**: یاسادانان لە سیسـتەمی سیاسـی ئیسـلامیدا تـەنها مـافی خودایـە نـەك مرۆڤ، کەواتە دەسەڵاتی یاسادانان نیگا (وەحی)یە، واتـە: قورئـان یـان سـوننەت و وابەستەکانیان، بەڵام تێگەیشتنی دەقەکان و چۆنیەتی دابەزاندنیان بۆ سەر واقیع، ئەمە دراوەتە دەست زانـا و موجتەهیـدەکان، کـە دەوڵـەت دەسـەڵاتی بەسـەریاندا نییە. کەواتە ئەرکی دەوڵەت لە جێبـەجێکردنی فـەرمانی خودایـدا کـورت هەڵدێت، ئەوە ناوەڕۆکی بیرۆکـەی دەسـەڵاتی ڕاپەڕاندنـە. لەسـەر ئـەم بنەمایـە، کەواتـە لـە ئیسلامدا جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ئاساییە.(١)

**دووهـەم**: بەشـێك لـە پشـتیوانانی ئـەم بیرۆکەیـە، وای بـۆ دەچـن کـە بنـەمای ڕەوایەتی (الإباحة) ڕیشەدارە و لە شەریعەتدا کارپێکراوە، بە پشتبەستن بەوەی لـە دەقە شەرعییەکاندا نییە، کە ڕێگر بێت لەم جیاکردنەوەیە.

هەروەها ئەم جیاکردنەوە پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەت نییە.(٢)

---

١ أبو الأعلى المودودي نظرية الإسلام وهديه، ص٢٢٤. وما بعدها. محمد سلام مدكور، معالم الدولة الإسلامية، ص٤٤٢. محمد ضياء الدين الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ص٣٠٤.

٢ محمد سلام مدكور، معالم الدولة الإسلامية، ص٤٤٢. عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٥٨٠.

**سـێهەم**: جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان بەرژەوەنـدی ڕاسـتەقینەی موسـڵمانان بەدەست دەهێنێت، چونکە ماف و ئازادییان دەپارێزێت، خۆسـەپاندن و دەسـەڵات قۆسـتنەوە ناهێڵێـت، هــەروەها دەسـتی حـوکمڕان دەگرێـت لـە سـتەمکاری و دەستدرێژیکردن، ئەمەش بەدیهێنانی مەبەستەکانی شەریعەتە.[1]

**چوارەم** : کۆمەڵە ڕووداوێك چ لە سەردەمی پێغەمبەری خودادا (دروودی خودای لەسـەر) و چ لـە سـەردەمی خەلیفـە ڕاشـیدەکان و دوای ئەوانیشـدا هـەن، لەسـەر سەربەخۆیی بنەمای دادوەری، تەنانـەت خـودی خەلیفـەش تەسـلیم بـە دەسـەڵاتی قازی دەبوو، بڕیارەکانی جێبەجیٚ دەکرد.[2]

**پێنجەم**: ئەگەر بشـوترێت بیرۆکـەی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان بیرۆکەیـەکی ڕۆژئاواییـە و لـەویٚ سـەریهەڵداوە، هـیچ ڕێگرییـەکی شـەرعی نییـە لـە وەرگـرتن و سوودلێوەرگرتنی ئەم ئەزموونە، چونکە حیکمەت ونبـووی بـڕواداره لـە هـەر کـویٚ دۆزیەوە، ئەو لەپێشترە بۆی،[3] لەو کەسانەی ئەم بیرۆکەیان هەڵگرتووە: زیائەدین ڕەیـس،[4] محەمـەد سـەلیم عـەوا،[5] عەبدولحـەکیم حەسـەن عەبـدوڵڵا،[6] پێشـەوا حەسەن بەنا،[7] سولەیمان تەماوی.[8]

---

[1] عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٥٨٠. منير البياتي، الدولة القانونية، ص٣٨٨.

[2] محمد سلام مدكور، معالم الدولة الإسلامية، ص٤٤٣. أبو الأعلى المودودي نظرية الإسلام وهديه، ص٢٢٥. منير البياتي، الدولة القانونية، ص٢٣٦.

[3] ئەم دەقە فەرموودەی پێغەمبەرە، ئیبن ماجە لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، ج٣، ص٣٩٥ (كتاب الزهد باب الحكمة). الترمذي، الصحيح، ج١٠، ص١٥٩. ابن العربي، شرح صحيح الترمذي، ج١، ص١٥٩.

[4] محمد ضياء الدين الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ص٣٠٤.

[5] محمد سليم العوا، النظام السياسي للدولة الإسلامية، ص٢٩٩.

[6] عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٥٨٠.

[7] الإمام حسن البنا، الرسائل، رسالة المؤتمر الخامس، ص٢٧٤.

[8] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٦٨١.

**بەشی دووهەم: ئەوانەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەتدەکەنەوە**

بە بنەمایەکی نائیسلامی دادەنێن، چونکە لە دۆخێکی تەواو جیا لە دۆخی جیهانی ئیسلامی پەیدا بووە، چارەسەری کۆمەڵە گرفتێك دەکات کە لە سایەی پیادەکردنی سیستەمی ئیسلامیدا بوونیان نییە، کۆمەڵێك بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونەیان دەهێننەوە، لەوانە:

**یەکەم**: هەموو ئەرکەکانی دەوڵەت بە یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەرییەوە لە دەستی پێغەمبەری خودادا (دروودی خودای لەسەر) کۆبوونەوە، کە دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەت بووە، جێگەی بە سەرمەشق دانان و چاولێکردنە. پاشان خەلیفە ڕاشیدەکانیش لەسەر هەمان ڕێڕەو ڕۆیشتوون، جێنشین هەموو دەسەڵاتەکانی لە دەستی خۆیدا کۆدەکردەوە، هەموو بەرپرسیارێتییەکانیشی لەئەستۆ دەگرت، بە دوای ئەوانیش دەوڵەتی ئیسلامی هەروا بەڕێوەبراوە.(1)

**دووهەم**: بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ خزمەتکردنی سیستەمی ڕۆژئاوایی گونجاوە، کە لەسەر سەروەری گەل دامەزراوە، هەروەها لەسەر بنەمای پێکدادانی بەرژەوەندی و هاوسەنگی هێزە دژ بەیەکەکان دامەزراوە، بەڵام ئەمە بەسەر سیستەمی سیاسی ئیسلامیدا ناچەسپێت، کە لە بناغە و فەلسەفە و هزر و تێڕوانینەوە لە سیستەمە ڕۆژئاواییەکان جیاوازە.(2)

**سێهەم**: سیستەمی ئیسلامی لەسەر بنەمای یەك ئوممەتی، یەك دەسەڵاتی، یەك ئاڕاستەیی، یەك ئامانجی، یەك بەرژەوەندی و هزری دامەزراوە، دابەشکردن و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیش لەگەڵ ئەم یەکێتییانەدا ناگونجێن، بەڵکو زیانیان

---

1 سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٦٨٠.

2 محمد أسد، منهاج الإسلام في الحكم، ص١٠٠. راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٣٨.

پـێ دەگەیـەنن، دەشـبەنە ڕێگـر لەبـەردەم فەرمانـەکانی شـەریعەت کـە بیسـتن و گوێڕایەڵیکردنی ئەمیر بە واجـب دادەنـێن، هـەروەها پەیمانپێـدان و تەسـلیمبوون و شوێنکەوتنیشـی بـۆ جـەنگ و جیهـاد بـە فـەرز دانـراوە، جـا ئەگـەر دەسـەڵاتەکان جۆراوجـۆر بـوون، گوێڕایەڵیـەکان زۆر و جۆراوجـۆر دەبـن و خـەڵك سـەری لێدەشێوێت.[1]

[1] محمد أسد، منهاج الإسلام في الحكم، ص١١٠. راشد الغنوشي، الحريات العامة، ص٢٣٩.

## پاشبەندی و تێبینی

لــە ســۆنگەی ســەیرکردنی مێــژوو دەســەڵاتە سیاســییەکان و ســەرهەڵدان و ئەرکەکانیانــەوە، پاشــان وەســتان لەســەر بنــەمای جیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکان و هۆکارەکانی، ئەو ڕەخنەناش کۆمەڵە بیریایێکی ئیسلامی لێیدەگرن، لەسەر کۆمەڵێك حەقیقەت کە پەیوەستن بەم بنەمایەوە ڕادەوەستین:

**یەکەم**: ئیسلام مافی یاسادانانی نەداوەتە دەست دەسەڵاتی باڵا کە جێنشینە لە دەوڵەتدا، ئەم مافەش لـە دوای پێغەمبـەری خـودا بـە کەسـی دیکـەی نەبەخشـیوە چەندە پلەی بەرز بووبێت، بەڵکو یاسادانان مافی خودایە بە وەحی ناردوویـەتی بـۆ پێغەمبەرەکەی، بەڵام ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی حوکمەکان کە لە وەحیدا نـەهاتوون دەگەڕێتەوە بۆ زانا و موجتەهیدەکان کە خەلیفەش یەکێکە لەو موجتەهیدانە.

کەواتــە ئــەو بەشــەی دەڵــێن جیاکردنــەوەی دەســەڵاتی یاســادانان و دەســەڵاتی ڕاپەڕاندن ئەسڵە ئەوە ڕایەکی درووستە و ڕیشەدارە لە شەریعەتی ئیسلامیدا.

**دووهەم**: سەلمێنراوە کە پێغەمبەری خودا (درروودی خـودای لەسـەر) هـەر سـێ دەسەڵاتەکەی لەدەستدا بووە، ئەمەش بەڵگە نەویستە، بـەڵام ئـەم وێسـتگەیە بـۆ چاولێکردن ناشێت، چونکە پێغەمبەری خودا (درروودی خـودای لەسـەر) ڕاسـتەوخۆ وەحی بۆ دادەبەزی، ئەمەش بۆ کەسـێکی دیکـە دووبـارە نابێتـەوە، سـەبارەت بـە هەڵوێســتی جێنشــینانی دوای ئــەویش، جیاکردنــەوەی یاســادانان و ڕاپەڕانــدن ڕوونەبووەتەوە لێیانەوە، بەڵام پێشکەوتن و زۆربـوونی گۆڕانکارییـەکان، پێویسـتی کرد ئەرکەکان و دەسەڵاتەکان دابـەش بکـرێن، بۆیـە ڕێگریـەك نییـە لـە وەرگرتنـی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

**سێهەم**: سەربەخۆیی دادوەری لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لـە دەوڵـەتی ئیسـلامیدا زوو سـەریهەڵداوە، خەلیفـە عومـەر و دوای ئـەویش هەنـدێك لـە هاوەڵانیـان دیـاری دەکرد بۆ کاروباری دادوەری، هەروەها خەلیفەش ملکەچی بڕیاری قازی دەبوو.

**چوارەم**: بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەبەرئەوەی هاوچەرخە بنەمایەکی نوێیە، دەقی شەرعی لەسەر نییە، نە بـە فـەرمانپێکردنی نـە بـە ڕێگـەلێگرتنی، لـە بابەتی بەرژەوەندییە ڕەهاکانەوە (المصلحة المرسلة)، جا ئەگەر پاش لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لێی دەرکەوت بەرژەوەندییەکی بەئامانجگیراو بەدی دەهێنێت و ماف و ئـازادیی خـەڵك دەپارێزێـت، ئـەوا دەبێتـە بنەمایـەکی ڕێگەپێـدراو و داواکـراو بـا هاونیشتمانی و پەروەردەکراوی ڕۆژئاواش بێت.

## لە کۆتاییدا

دەکرێـت بـەپێی ئەزموونـە جیاوازەکـان لەشـێوەی مامەڵـەکردن لەگەڵیـدا و ڕەچـاوکردنی بـارودۆخ و ئامانجـە شـەرعییەکان لـە بنـەمای جیاکردنـەوەی دەسەڵاتەکان بڕوانین، لـەپێناوی داڕشـتنی سیسـتەمێکی ڕێکخـراو کـە پەیوەنـدی نێوان دەسەڵاتەکان دیاری بکات، بەشێوەیەك نەرێنیەکانی جیاکردنەوە بەپێی توانا دوور دەخاتەوە و ئەرێنییەکانی بـەدی دەهێنێـت. لەوکاتـەدا کـارکردن بـە بنـەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هاوکاری نێوانیان، نابێتـە چـاولێکەری سیسـتەمێکی دیاری کراو، چونکە سیستەم هەیە بنـەمای یـەکگرتن و کۆکردنـەوەی وەرگرتـووە، سیسـتەمیش هەیـە جیاکردنـەوەی نێوانیـانی وەرگرتـووە، هەمیشـە یـەکبوونی دەسەڵاتەکان، هەرچەندە تۆمەتی چـاولێکەری هـەر دەمێنێـت، کەواتـە هەڵوێسـتی ڕاستەقینە ئەوەیە: بنەمایـەك بگیرێتەبـەر کـە بەرژەوەنـدی موسـڵمانان بەگشـتی و پاراسـتنی مافـەکانیانی تێـدا بێـت لـە چوارچـێوەی شـەریعەت و مەبەسـتە گشتییەکانیدا.

# بەشی پێنجەم
# ڕای گشتی

## پێشدەستی:

ڕای گشتی بە یەکێك لە گرەنتیە کاریگەرەکان دادەنرێت بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان، هۆکارێکی بەهێزی پابەندکردنی دەوڵەتیشە بە بڕگەکانی دەستوور و یاساوە، کاریگەری ئەم هۆکارە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، بەپێی ئەو سیستەمە سیاسییەی کە هەڵسەنگاندن بۆ ڕای میللەت دەکات و چەندێتی کاریگەری لە بوون و چاودێری دەسەڵاتەکاندا.

بایەخ و کاریگەری ڕای گشتی لە سایەی سیستەمە هاوچەرخەکان زیاتر دەردەکەوێت، کە مەودایەکی بەرینی بۆ میللەت کردووەتەوە، کە دەستوورە نوێیە شارستانیەکان جەختیان لێ کردووەتەوە و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری جەماوەریش پشتیوانی دەکەن، هەروەها هێزی ڕای گشتی لەم چەرخەی خۆماندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاریگەری زیاد دەکات، لەبەر پێشکەوتنی هۆکارەکانی ڕادەربڕین و بڵاوبوونەوەیان بەو فراوانیە، کە دەتوانێت پەیوەندی بە هەموو هاووڵاتییەك و چین و توێژەکانیەوە بکرێت لە ڕێگەی: گۆڤار، ڕۆژنامە، چاپکراوەکانی دیکە، ئێزگە و تەلەفزیۆن، جگە لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئینتەرنێت کە هەموو بوارەکانی بە خێراییەکی خەیاڵی گرتووەتەوە. پەیوەندی نێوان ڕای گشتی و مافە سیاسییەکان ئاشکرایە، پیادەکردنی مافە سیاسییە گشتییەکان بریتیە لە ڕەنگدانەوەی ڕای گشتی، وەك مافی هەڵبژاردن، مافی ئۆپۆزسیۆن بوون، مافی لێپێچینەوە و چاودێری حوکمڕان، لێرەوە پشتگوێخستنی ڕای گشتی و کاریگەرییەکانی کارێکی سەختە و ناکرێت پەراوێز بخرێت، چونکە جێگەی بایەخپێدانێکی زۆری وڵاتان و سیستەمە سیاسییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە.

بۆیە لەم بەشەدا پێناسەی ڕای گشتی و ڕۆڵی و گرنگی و هۆکارەکانی چاودێری ڕای گشتی دەکەین، هەروەها باس لە کاریگەری ڕای گشتی دەکەین لە سیستەمی سیاسی ئیسلامیدا.

# باسی یەکەم: پێناسەی ڕای گشتی

## بەندی یەکەم: لە زماندا

(ڕا) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای باوەڕبوون دێت.[1] وا دیارە بێژەی (ڕا) ئەو کاروبارانە دەگرێتەوە کە مشتومڕ و گفتوگۆ هەڵدەگرن، بواری جیاوازی و فرە تێڕوانین هەڵدەگرێت. ئەم بێژەیە بۆ حەقیقەتە جێگیر و کاروبارە یەکلاکەرەوەکان ناچەسپێت، کە جیاوازیان لەسەر نییە و جێگای مشتومڕ نین، بێژەی (عام)یش لە (العموم والعامە)وە هاتووە.

کە بە مانای سەرتاپاگیری و گشتی دێت و ئیسمی جەمعە.[2]

جورجانی دەڵێت: گشتی بێژەیەکە بۆ زۆرێکی دیارینەکراو داڕێژراوە.[3]

## بەندی دووەم: لە زاراوەدا

ڕای گشتی لە زاراوەی یاساناساندا

توێژەران لە پێناسەکردنیدا ڕاجیان، گرنگترین پێناسەکان ئەوەیە:

دەرەنجامی کۆمەڵێك هزر و بیروباوەڕی تاك و کۆمەڵەکانە کە پەیوەستە بە کاروبارێکی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان.[4]

وتراویشە: ئاڕاستەیەکی باوی نێوان کۆمەڵە خەڵکێکە، کە بەرژەوەندی هاوبەش بەرامبەر کێشەیەك کە جێگەی بایەخی تاکەکانی ئەو خەڵکەیە لەکاتێکی دیاریکراودا کۆیاندەکاتەوە.[1]

---

[1] لسان العرب، ج١، ص١٠٩٦، الطبعة المعدلة.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ص٨٩٠.

[3] التعريفات، ص١٨٩.

[4] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٤٩٩. عبد الجليل، مبدأ المشروعية، ص٢٦١.

خەڵکێکی تر بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن: ڕادەربڕینە لەسەر هەڵوێستێك بەرامبەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی".[2]

زانراویشە کە ڕای گشتی لە دۆخێکی دیاریکراودا شین دەبێت، بەپێی کۆمەڵە کاریگەرییەکی تایبەت، دەشگونجێت نەوە لە دوای نەوە درێژە بکێشێت و تووشی دەستکاری و گۆڕانکاری ببێت.

دیارە بەپێی ئەو بنەما و پایانە کە لەسەری دامەزراوە، بۆیە دەبینین ڕایەکی گشتی جێگیر هەیە، لەولاشەوە ڕای گشتی کاتی و کوتوپڕی هەیە.[3]

---

[1] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٠٠. عادل الألوسي، الرأي العام في القرن الثالث الهجري، ص١٣.

[2] هذا تعريف الأستاذ ماريان (Marian) كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٠١.

[3] عادل الألوسي، الرأي العام في القرن الثالث الهجري، ص١٩. شاهيناز طلعت، الرأي العام، ص٦.

# باسی دووهەم: جۆرەکانی چاودێری ڕای گشتی

## بەندی یەکەم: چاودێری تاکەکان

مەبەست لە چاودێری تاکەکان: ئەو چاودێریەیە کە میللەت لە ڕێگای تاکەکانیەوە بە پرش و بڵاوی دەیکات، نەك ئەو چاودێرییەی لە ڕێگەی دامەزراوە شەرعییە زانراوەکانەوە دەکرێت.

ئەم جۆرە چاودێرییە لەو مافەوە سەرهەڵدەدات کە هەموو تاکێکی ئەندام لە کۆمەڵەیەکی سیاسیدا هەیەتی، بە حوکمی بەدەستهێنانی سیفەتی هاووڵاتیبوون و بە حوکمی ئەو پەیوەستە یاسایی و سیاسییەی کە تاك و دەوڵەت پێکەوە دەبەستێتەوە و بە زاراوەی ڕەگەزنامە دەردەبڕدرێت.

هەموو هاووڵاتییەك مافی ڕادەبڕینی هەیە لەسەر هەر بابەت و ڕووداوێکی وڵاتەکەی، هەقیشیەتی ڕای خۆی لە مەسەلە سیاسییەکان دەربڕێت، کە چارەنووسسازە و کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی ژیانی خۆی و دەوروبەری هەیە، بەمەرجێك ئەم ڕادەربڕینە لە چوارچێوەی هۆکارە ڕێگەپێدراوەکاندا بێت.

لەبەر گرنگی چاودێری تاك بەشێك لە دەوڵەتان هەوڵی ڕێکخستنی ئەو بابەتەیانداوە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا، کە قورسایی یاسایی کاریگەری لە هەندێك بابەتی کەورەدا هەبێت، لە جۆرەکانی ئەو پیادەکردنانە:

### یەکەم: ڕاپرسی میللی (ڕیفراندۆم)

مەبەست پێی زانینی ڕای گەلە لە کاروبارێکی گرنگدا، هەندێکیش وەها پێناسەی دەکەن: بابەتێکی گشتییە دەخرێتە بەردەم گەل، بۆ ڕاوەرگرتنیان بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەی،[1] ئەمەش چەند بەشێکی هەیە:

---

[1] ماجد الحلو، الاستفتاء الشعبي، ص١.

- ڕاپرسی دەستووری: ئەو ڕاپرسیەیە لەسەر پرۆژە یاسایەکی دەستووری دەکرێت، بۆ زیادکردن یان هەموارکردنەوەی مادەیەکی دەستووری.

- ڕاپرسی یاسایی: ئەوەیە تایبەت بە پرۆژەیەکی یاسایی ئاسایی دەکرێت، پێیشی دەوترێت: ڕاپرسی یاسادانان.

- ڕاپرسی سیاسی: ئەگەر ڕاپرسی پەیوەستبوو بە مەسەلەیەکی سیاسی دیاریکراو وەك: یەکگرتن لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە، یان جیابوونەتەوە، یان پەیمانبەستنی جەنگ و ئاشتی و جگە لەوانەش.[١]

هێزی پابەندی ڕاپرسی گشتی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەویش بە پێی دەقی دەستووری وڵاتەکە.

شێوازی ڕاپرسی بەپێی کارنامە و سیستەم و یاسا دیاری دەکرێت، کە بۆی دانراوە، دەگونجێت لە ڕێگەی داواکاری کۆمەڵە پەرلەمانتارێکەوە ئەنجام بدرێت، یان لەسەر داواکاری حکومەت، لە دەوڵەتی وەهادا هەیە لەسەر داوای کۆمەڵێك دەنگدەر ئەندجام دەدرێت، بۆ زانینی ڕای میللەت لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا.[٢]

**دووهەم: بەرهەڵستکاری میللی**

مەبەست پێی: ئەو مافەیە کە دەدرێت بە کۆمەڵە دەنگدەرێك، داوایەك پێشکەش دەکەن، بەرهەڵستکاری دەرچوونی یاسایەکی دیاریکراو دەکەن لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، ئەوەش پاش ماوەیەکی دیاریکراو لە مێژووی دەرچوونی ئەو یاسایەوە، ئەوکات ڕاپەڕاندنی ئەو یاسایە دەوەستێنرێت و پێویست دەکات بیخەنە بەردەم گەلەوە.[٣]

---

[١] عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٢١٦. كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥١٣. ماجد الحلو، الاستفتاء الشعبي والشريعة الإسلامية، ص١٧٩.

[٢] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥١٨.

[٣] عبدالحكيم حسن، الحريات العامة، ص٦١٧.

دەستووری ئێستای ئیتالیا لەسەر ئەم سیستەمەیە، کە ساڵی ١٩٤٨ دانراوە و جەخت لە شیاوی هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا دەکات کە پەرلەمان بە تەواوی یان بەشەکی هەڵیوەشاندووەتەوە، ئەگەر نیو ملیۆن دەنگدەر داواکەیانکرد، یان بەلای کەمەوە پێنج ئەنجومەنی ناوخۆیی و زۆر لە دەنگدەرانیش ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی.[1]

## سێهەم: مافی پێشنیازی میللی

ئەو مافەیە دەستوور بە دەنگدەرانی دەدات کە بەشداربن لە پرۆسەی یاسادانانداا، ئەویش بەوەی کۆمەڵە هاوولاتیەك پێشنیازی پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکەن، کە مەسەلەیەکی پێویست ئەنجومەنی یاسادانان فەرامۆشی کردووە چارەسەر بکات، بۆ سەرنجدان و گفتوگۆ.

ئەنجومەنی یاسادانان لە هەندێك دەستووردا مافی ڕەوامەندی یان ڕەدکردنەوەی هەیە،[2] بەلام ئەو دەوڵەتەی دیموکراسی ناڕاستەوخۆ پیادە دەکات، دەستوورەکەی بڕیاری دەرخستنی ڕاستەوخۆی دەدات بە ڕاپرسی میللی بەبێ ناردنی بۆ پەرلەمان، جا ئەگەر میللەت لەسەری ڕازیبوو دەبێتە یاسای درووستکراوی دەستی میللەت، بەبێ دەستوەردانی لەلایەن پەرلەمانەوە.[3]

## چوارەم: مافی دەنگدەران لەلادانی نوێنەرەکانیاندا

هەندێك دەستوور ماف بە دەنگدەران دەدات، داوای لادانی ئەندام پەرلەمانێك پێشکەش بکەن، بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی، ئەمەش پێویست دەکات هەڵبژاردنی دووبارە بکرێتەوە لە پێش وادەی هەڵبژاردندا، ئەندامە لادراوەکەش بۆی هەیە خۆی بپاڵێوێت، ئەگەر جارێکی دیکە هەڵبژێررایەوە بۆی هەیە داوای

---

[1] ماجد الحلو، الاستفتاء الشعبي، ص٥٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٦١٧.

[3] ماجد راغب الحلو، الاستفتاء الشعبي، ص٥٢.

خـــەرجی هەڵمـــەتی هەڵبژاردنەکـــەی لەوانـــە بکـــات کـــە داوای لادانیـــانکردووە،(1) مەبەستیش لەم مافە میللیە، مانەوەی چاودێری میللیی و بەردەوامبوونیەتی لەسەر ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان، ڕێگەگرتنیش دەبێت بۆ نەگەشتنی ئەوانەی خـەڵك دەخەڵـەتێنن تـەنها مەبەسـتیان دەرچـوونە بـۆ پەرلـەمان، بـەڵام دوای دەرچـوونی هەموو ئەو وادانەی داونی بە خەڵك بیریان دەکات. ڕەنگە ئەم ڕێگایە هەندێك زیـانی هـــەبێت و نوێنـــەر دەبێتـــە دیلـــی حـــەزی دەنگـــدەران، هەرچـــەندە پێچـــەوانەی بیروبۆچوونی خۆیشی بێت.

## پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی میللی

ئـــەویش بـــە مافپێـــدانی دەســـتوور بـــە دەنگـــدەران کـــە هـــەموو پەرلـــەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەمەرجێك ژمارەیەك دەنگدەر ئەم داوایە پێشکەش بکـات، پاشـان بخرێتـە ڕاپرسـییەکی گشـتییەوە، جـا ئەگـەر ئەنجامەکـەی ڕەزامەنـدی زۆرینـە بـوو، ئەوکات ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێتەوە و هەڵبژاردنی تازە دەکرێتەوە.(2)

## شەشەم: لادانی سەرۆکی دەوڵەت

دەسـتووری هەنـدێك وڵات مـاف دەدات بـە گـەل کـە سـەرۆك کۆمـار لادات، بـە کۆمەڵە مەرجێکی دیاریکراو، ئەویش بـە پێشـنیاز کردنـی ڕێژەیـەکی دیـاریکراو لـە ئەندامانی پەرلەمان، بەمەش کارەکانی دەوەستێت هەتا بابەتەکە دەخرێتە بەردەم گەلـــەوە بـــۆ ڕاپرســـی، خۆئەگـــەر گـــەل هەڵیانبـــژاردەوە ئـــەوا دەبێـــت پەرلـــەمان هەڵبوەشێتەوە.(3)

---

[1] دەستووری ئەمریکی ڕێگا دەدات بە دەنگدەران کـە دادوەر و فەرمانبـەران کـە هەڵبـژێرراون لایانـدەن. محمد کامل لیلة، النظم السیاسیة، ص٧٤٢. عبدالحکیم حسن، الحریات العامة، ص٦١٧.

[2] چەند ولایەتێکی سویسری و یەکێتی ئەم ئەڵمانی ئەم شێوازەی وەرگرتووە. عبدالحکیم حسن، الحریات العامة، ص٦١٧.

[3] دەستووری ئەڵمانی لە ساڵی ١٩١٩. کریم کشاکش، الحریات العامة، ص٥٢٠.

## بەندی دووهەم: چاودێری کۆمەڵی

چـاودێرییەکی ڕێکخـراوە کۆمەڵـە کەسـێکی یـەکگرتوو پێـی هەڵدەسـتن، کـە ئامانجێکی هاوبەش کۆیکردوونەتەوە، ئەم جۆرە چاودێرییە کاراتر و کاریگەر ترە، بایەخێکی گەورەی لەم سەردەمەدا هەیە، لەبەر ئەو ڕێکخستن و ڕۆڵە سیاسییەی لە ژیاندا هەیەتی، بۆیە گرنگی زیادی پێدەدرێت و گەشەی پێدەکرێت، بەوشێوە ئێستا بووەتە پایەیەکی سیستەمی سیاسی سەردەم.

### ئەم چاودێرییە بە کۆمەڵیە ڕێکخراوە وەك:

### یەکەم: حزبە سیاییەکان[1]

هەندێك توێـژەر بـەم شـێوەیە پێناسـەی حزبـی سیاسـی دەکـەن: ڕێکخراوێکـی هەمیشەییە، هەوڵی بەدەستخستنی پشتگیری میللی دەدات، بەمەبەستی گەیشتن و پیادەکردنی دەسەڵات، لە پێناو ڕاپەڕاندنی سیاسەتێکی دیاریکراو.[2]

حزبە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات پشت بە ڕای گشتی دەبەسـتن، کـە خۆی لە پشتیوانی میللییدا دەبینێتەوە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی کورسـی ئەنجومەنی یاسادانان. حزبە بـەهێزەکان دەتـوانن ڕەزامەنـدی جـەماوەر بەدەسـت بهێنن، هەر ئەوانیش دەتوانن ڕەنگدانەوەی بیر و ئاڕاسـتەی خۆیـان بکـەن، بـەرەو زۆر بابەتی گەورە و گرنگ.

---

١ ئەم بابەتە لە ددەروازەی یەکەمدا بەدوورو درێژی باس کرا.

[2] ئەمە پێناسەی مامۆستا سوعاد شەرقاویە. کریم کشاکش، الحريـات العامـة، ص٣٥٣. کـە لـە بنەڕەتـدا پێناسەی (أندرية هوربر)، ڕۆژئاواییە، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ص٢٤١. رمـزي الشـاعر، النظرية العامة للقانون الدستوري، ص٦٠٥.

ئەنجام ئەوەیە: حزبەکان لەو کۆتاییدا هۆکارێکی ڕەنگدانەوەی ڕای گشتییە و کەناڵێکی ڕێکخراوە بۆ گەیاندنی ویستی جەماوەرێکی فراوان بە شوێنی کاریگەر و جێبەجێبوون.

حزبەکان وەك دامەزراوەی جەماوەریی هەمیشەیی دەمێننەوە، هەوڵی پەرەپێدان و نوێکردنەوەی گوتاری جەماوەر دەدەن، بەپێی کۆمەڵە بنەمایەکی زانستی و بابەتی، بۆیە بوونەتە قوتابخانەیەك بۆ ڕوونکردنەوە و پوختکردنی بیروبۆچوونەکان و خستنەڕووی جێگرەوە بۆ هەموو ئاڕاستە جێبەجێکارەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك، بەڵام ڕۆڵی گرنگی حزب لە بابەتی چاودێری و کاریگەریی بۆ پاراستنی ماف و سیاسییەکان، لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ ـ چاودێری کارەکانی حکومەت و ئاگابوون لە هەڵەکانی، بەتایبەت لەو بابەتانەی پەیوەستن بە پێشێلکاری ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانەوە. هەروەها بڵاوکردەنەوەیان بۆ جەماوەر بە ڕێگا ڕێگەپێدراوەکان. لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، وەك: گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕێکخراوەکان و کۆڕ و سیمیناری گشتییەوە. ئەمە پاڵ دەنێت بە حکومەتەوە کە پاشەکشە لەو هەڵانەی بکات و ڕاستیان بکاتەوە و دووبارەیان نەکاتەوە.[1]

ب ـ حزبەکان پارێزگاری لە جێبەجێکردنی دەستوور و یاسا دەکەن، فشاریش دەخەنە سەر حزبی حوکمڕان کە پابەندیان بێت، دوور لە زۆرکاری و خۆسەپاندن، حزبەکانی هۆشیاری دەستووری و یاسایی لەناو تاکەکانی جەماوەر بڵاودەکەنەوە و لە ماف و ئەرکی خۆیان ئاگاداریان دەکەنەوە.[2]

---

[1] نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٢٣.

[2] أندرية هوربر، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ص٢٤٢.

ج ـ حزبەکان هاووڵاتیان هۆشیار دەکەنەوە و بەشدارییان دەکەن بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینەی شتەکان، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، ئەویش بە گواستنەوەی ئەو مشتومڕانەی لە ناو پەرلەماندا ڕوو دەدەن.[1]

د ـ بڵاوکردنەوەی گفتوگۆی پەرلەمان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، تا جەماوەر ئاگاداریان بێت و هەڵوێستە جیاوازەکان بزانن سەرەڕای هۆشیارکردنەوەیان.[2]

هـ ـ کاتێك تاك ناتوانێت ڕای کەسی خۆی بگەیەنێتە جەماوەر بەگشتی، ئەوا حزب دەبێتە پرد لە نێوان خەڵك و حکومەتدا، ئەو ڕاوبۆچوونی تاکەکان دەگوازێتەوە و هەڵوێستیان لەسەر مەسەلەکان دەگەیەنێت،[3] ئەو بۆچوونانەش کۆدەکاتەوە تا دەیانکاتە ڕایەکی یەکگرتووی بەهێزی کاریگەری بە کۆمەڵ، ئەو کاتە حکومەت قورسایی زیاتری پێدەدات و حسابی زۆرتریشی بۆ دەکات.

دووهەم: کۆمەڵە و دەستە پسپۆڕەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ

ئەم سەردەمە تایبەتمەندە بە پەیدابوونی کۆمەڵە و دەستەکان، کە ئامانجیان پاراستنی ماف و ئازادییەکانە بە شێوەیەکی دامەزراوەیی ڕێکخراو، لە ڕێگای مۆڵەتی یاساییەوە سیفەتی شەرعیەت وەردەگرن و بواری ڕۆڵی کاریگەریان بۆ دەڕەخسێت.

ئامانجی ئەو کۆمەڵە[4] و دەستانە لەم خاڵانەدا کورت دەبێتەوە:

١ـ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە ماف و ئازادییەکانیان لە ڕێگای بڵاوکراوە و توێژینەوەی پسپۆڕی و سازدانی کۆڕ و سیمینارەوە.

---

[1] كريم كشاكش، الحريات العامة، ص٥٤٣. نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٩٣.

[2] سليمان الطماوي، السلطات الثلاث، ص٤٢٦.

[3] نعمان الخطيب، الأحزاب السياسية، ص٩٣.

[4] النظام الأساسي للمنظمة الإسلامية العالمية لحقوق الإنسان، الخرطوم، الذي أقر عام ١٩٩٣م.

٢ـ بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و پاراستنی بەپێی بڕیارەکانی یاسا و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان.

٣ـ بەگژ ئەو پێشێلکاری و دەستدرێژییانە دەچێتەوە کە تاك و کۆمەڵ دووچاری دەبن، بەهۆی بۆچوون و بیروباوەڕ و هزریانەوە، هاوکاری یاسایی و مرۆییان پێشکەش دەکات لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتی پەیوەندیدار و لایەنی بەرپرسیارەوە.

٤ـ کار لەسەر ئازادکردنی دەستبەسەر و گیراوەکان دەکەن، کە ئازادییەکانیان زەوتکراون، بەهۆی بیروباوەڕی ئاینی و سیاسیانەوە.[1]

**گرنگترین ئامڕازیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان:**

ـ ناڕەزایەتی و ڕەخنە و بەرهەڵستکاریی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەیە بەهۆی بۆچوون و بیروباوەڕەوە گیراون.

ـ دەرخستنی دۆخی زیندانیە سیاسییەکان، زانینی شێوەی مامەڵەکردن بەرامبەریان.

ـ ناردنی نوێنەر بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو سکاڵایانەی پەیوەستن بە پێشێلکاری ئازادییەکان، پەیوەندیکردن بە لایەنی پەیوەندیدار بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتە.

ـ پێشکەشکردنی ئەو ڕاپۆرتانەی پەیوەستن بە حاڵەتەکانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بە لایەنە پەیوەندیدارەکان.

ـ ئامادەکردنی توێژینەوە و ڕێکخستنی کۆنگرە و زنجیرە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، بە ئامانجی بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و بەهێزکردنی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو.

# باسی سێیەم: ڕای گشتی لە شەریعەتی ئیسلامیدا و ڕۆڵی لە چاودێریکردندا [1]

شـەریعەتی ئیسـلامی ڕۆڵێکـی بنـەڕەتی ئاشـکرای هەیـە لـە درووسـتکردنی ڕای گشتییدا، بە پشتبەستن بە وەحی و ئاوەز و لۆژیك، هەتاکو ڕای گشتی بە قـازانجی گشتی و بەرژەوەندی گشتی بێت، ئەم ڕۆڵە لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە:

یەکەم: پارێزگاری سرووشتی خۆمـاڵی بێگـەرد و نەشـێواندنی بـە بیروبۆچـوونی خــوار و تێکــدەر، تــا ئــەم سرووشــتە بــە یاریــدەدەرێکی کــارا بمێنێتــەوە لــە ئاڕاستەکردنی تاکەکاندا بەرەو خێر و دوورخستنەوەیان لە خراپە، پاڵنـەریش بێـت بەرەو پێگەیشتن و پێشکەوتنی شارستانی گونجاو لەگەڵ مرۆڤبوون و ڕێز و قەدری مرۆڤدا، پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لەسەر) دەفەرموێت: "هـەموو نـەوزادێك بە سرووشتی لەدایك دەبێت ئەوە باوك و دایکیەتی دوایی دەیکەن بە جوولەکە یـان گاور یان ئاگرپەرست". [2]

دووهەم: ئیسلام کۆمەڵە پایـە و بناغەیـەکی بتـەوو بـەهێزی دانـاوە، لـە ڕێگـەی وەحی و ئەو فـەرمان و ڕێگریانـەی لـەخۆیگرتووە، کـە ئامانجـەکانی شـەریعەت لـە درووستکراوەکان دەپارێزن.

بنـەماکان و هێڵـە گشـتییەکانی شـەریعەت بـە پێـوەری جـێگیری ڕای گشـتی دادەنرێن، جێگەی مشتومڕ و ئیجتیهادی تێدا نابێتەوە، هـەر ئـەو بنـەما گشـتییانە دەبنە ژێدەری بابەتە داهێنراو و نوێیەکانی کە لە ئایندەدا ڕوو دەدەن.

---

[1] دکتـۆر ماجـد الحلـو لـەم بابەتـەی کۆڵیوەتـەوە لـە کتـێبی "الاسـتفتاء الشـعبي والشـريعة الإسـلامية"، ڕاپرسیش بایەخدارترین ڕواڵەتی ڕای گشتییە.

[2] البخاري، الصحيح بشرح فتح الباري، ج٣، ص٢٤٦ (باب الجنائز).

سێهەم: شەریعەتی ئیسلامی بوارێکی فراوانی بۆ عەقڵی مرۆیی هێشتووەتەوە بۆ ئیجتیهاد و داهێنان و گەشەکردن لە چوارچێوەی شەریعەتدا، بۆ گەیشتن بە چڵەپۆپەی جوانیەکان کە چاکەی مرۆییان تێدا بەدی دێت و زیانیان لێ دوورده‌خاته‌وه.

ڕێزگرتنی ڕای گشتی لە بیرۆکەی حیسابکردن بۆ ڕای میللەت سەرهەڵدەدات، کە بە پایەیەکی سیستەمی سیاسی ئەژمار کراوە، هەروەها ڕەنگدانەوەی پێگەی میللەتە لە یاسادانان و چاودێری و پاراستنی ڕۆڵیەتی لە پارێزگاریکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندا.

کە دەکرێت بەم شێوەیە ڕوونی بکەینەوە:

**١- ڕاوێژ[1]**

ڕاوێژ بەشێوەیەك لە شێوەکانی ڕێزگرتنی شەریعەتی ئیسلامی ئەژمار دەکرێت لە ڕای گشتی، کە لە هەر ڕووداوێکی گەورەی پەیوەست بە میللەتەوە دەبێت ئەنجام بدرێت، ڕاوێژیش لە ئیسلامدا مافێکی جێگیر و نەگۆڕە، بە فەرمانی خودایی جێگیر کراوە ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾[2]، واتە: " ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروباردا". ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾.[3] واتە: "کاروباری نێوانیان بە پرس و مەشورەتە"، بۆیە ئەمە مافێکە و خودا پارێزەریەتی، ڕاوێژ بەخششێکی حوکمڕانییەکەی ویستی بیبەخشێت و کەی ویستی بیگرێتەوە. ڕاوێژ ڕەوایەتی یاسایی بە ڕای گشتی دەدات لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بەشێوەیەك کە کاربەدەست و دەسەڵاتدار ناچار دەکات یاسایەکی تایبەت داڕێژێت کە بایەخی سیاسی ڕای گشتی بپارێزێت لە هەموو کردەیەکی ڕێگری بەپێی ئەو سەردەم و بارودۆخەی تیایدایە.

---

[1] بابەتی ڕاوێژ بەشێکی تایبەتی بۆ دانرا لە بابەتی مافە سیاسییەکانی میللەتدا لە دەروازەی یەکەم.

[2] آل عمران: ١٥٩.

[3] الشورى: ٣٨.

بۆیە پێویستە کۆمەڵە مادەیەکی یاسایی داڕێژرێت کە ڕای گشتی و ڕۆڵی لە چاودێریکردنی دەسەڵات لە بواری مافە سیاسییەکان بپارێزێت، وەك: هەڵبژاردن، خۆپالاوتن، ئۆپۆزسیۆن بوون، پێکهێنانی حیزب، ئازادیی ڕەخنەگرتن و مافی ڕادەربڕین.

**٢ـ کۆدەنگیی**[1]

کۆدەنگیی لە پاش قورئان و سوننەت سێهەم پێگەی هەیە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانانندا، بەڵگەیەکی گرنگە بۆ گەیشتن بە حوکمێکی شەرعی لەو بابەتانەی کە دەقیان لەسەر نییە، لە شەریعەتی ئیسلامیدا کۆدەنگی مانای ڕێزگرتنی مرۆڤ و بە هەند سەیرکردنی ئاوەزو پێگەیشتوویی و ژیرییەتی، پشتیوانیکردنیشیەتی بۆ هەڵگرتنی ڕاسپاردەی جێنشینایەتی لەسەر زەوی.

کۆندەنگی بانگهێشتێکی ڕاشکاوی داننانە بە ڕای گشتییدا، هەروەها حیساب بۆ کردنیەتی لە یاسادانان و چاودێریکردندا، جگە لەوانەش لاکردنەوەیە بە لایدا تا لە ئاڕاستە و ویستی تێبگات بۆ گەیشتن بە ئامانج.[2] بۆیە ئەژمارکردنی ڕای گشتی تەنها ملکەچیوون نییە بۆ بەرژەوەندییەکی کاتیی جەماوەریی، بەڵکو لە شەریعەتی ئیسلامیدا ئەوانە تێدەپەڕێنێت و دەبێتە بەشێك لە خودی شەریعەت.

**٣ـ شەریعەتی ئیسلامی ڕای گشتی بەهەند وەرگرتووە، بەم بەڵگانە:**

ـ پابەندی خەڵکە زۆرەکەین.[3]

ـ ئەوی لای موسڵمانان چاکە لای پەروەردگاریش چاکە.[1]

---

[1] لە بەشی رابردوودا باسمان لە کۆدەنگی کرد، کە بە مانای: ڕێککەوتنی زانایانی سەردەمێکن لەسەر حوکمێك کە دەقی لە قورئان و لە سوننەت لەسەر نەهاتبێت، هەشیانە دەڵێت: ڕێککەوتنی ئەهلی حەلوعەقدە. الآمدي، ج١، ص٢٨١.

[2] عبد الكريم الخطيب، الخلافة والإمامة، ص٢٩٧.

[3] ابن ماجة، السنن، ج٢، ص١٣٠٢ (كتاب الفتن).

ـ دەستی خودا لەگەڵ کۆمەڵدایە، ئەوەی پەڕیگرت، بۆ ئاگرپەڕ دەگرێت.[2]

ـ ئومەتی من لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە.[3]

پوختەی ئەم دەقانە جەخت لە مانای دەسەڵاتی گەل و مافی چاودێریکردنی لەسەر حوکمڕانان دەکەنەوە، بۆ پارێزگاریی لە مافە سیاسییەکانی میللەت و ئازادییە گشتییەکان.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا جەخت لە ڕۆڵی ڕای گشتی دەکاتەوە، کە ڕای زۆرینەی گەلە وەك گرەنتیەکی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی یاسا و شەریعەت.

**٤ـ بەهەندوەرگرتنی دابونەریت لە شەریعەتدا**

دابونەریتی گشتی بەربڵاوی ناو کۆمەڵگە ڕێز و قەدرێکی تایبەتی بۆ دانراوە لە شەریعەتدا، بە سەرچاوەیەکی شەریعەت دانراوە، ئەگەر ئەم مەرجانە لەخۆبگرێت:

١ـ پێچەوانە دەقێکی شەرعی نەبێت و لەگەڵ بنەما گشتییەکانی شەریعەت بەریەککەوتنیان نەبێت.

٢ـ ئەو دابونەریتە بوونی هەبێت و ئیشی پێ بکرێت، واتە دابونەریتێکی ڕابردوو نەبێت کە لە سەردەمێکدا بوونی بووبێت.

٣ـ دابونەریتەکە جێگەی خۆی کردبێتەوە و بەربڵاو بێت.[4]

---

[1] ئیبن نەجیم لەسەر ئەم فەرموودە دەڵێت: عەلائی دەڵێت لە هیچ کتێبێکی فەرموودەدا نەمدیوە گەیەنرابێتە پێغەمبەر، تەنانەت بە سەنەدی لاوازیش، ئەمە پاش گەڕان و پرسیارێکی زۆرم. بەڵکو ئەمە قسەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودە بەرزکراوەتەوە و لەودا وەستاوە. الأشباه والنظائر، ص٩٢.

[2] الترمذي، الصحيح، ج٨، ص١١.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج٩، ص١١.

[4] مسەفا زەرقا پێناسەی عورف دەکات: کە دابونەریتی زۆرینەی خەڵکە جا بە قسە یان کردار، المدخل الفقهی العام، ج٢، ص١٤٠. هەروەها دکتۆر ئەحمەد فەهمیش هەروا دەڵێت. سەیری: فتحي الدريني، المناهج الاصولية، ص٥٧٩ بکە.

دابونەریت هێزی خۆی لەوەوە وەردەگرێت لە ناخی زۆرینـەی خەڵکدا ڕیشـەدار بێت، بێگومان ئەمەش کاتێك ڕوو دەدات کە هۆش و سرووشـتی خـەڵك وەربگریـت، لەبەرئەوە پێویستییەکی کۆمەڵگەیـە و بەرژەوەندییـەکی گشـتی بـەدی دەهێنێـت، دابونـەریت لـە ناوەڕۆکـدا ڕەنگدانـەوە تێڕوانینێکـی گشـتی بـاوی نـاو کۆمەڵگەیـە بەرامبەر کاروبارێك، کەواتە جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕای گشتی.

زانایان کۆدەنگن کە حوکمە شەرعیەکان کاریگەریی دابونەریتی بـە سـەرەوەیە، بەتایبەت لە بوارەکانی بێژە و گرێبەست و مامەڵەکردندا، بۆیـە لـەوبارەوە کۆمـەڵێ بنەمایان داڕشتووە و دەڵێن: (دابونـەریت جـێگیرە)، یـان (ئـەوەی بـە دابونـەریت زانرابێت، وەك دانانی مەرج وەهایە).[1] ئەوەی لـەم بابەتـەدا بۆمـان گرنگـە کـە لـە بـواری یاسـادانانەدا وەرگرتنـی دابونـەریتی گشـتی، جۆرێکـە لـە ڕەچـاوکردنی ڕای گشتی.

### ٥- پێویستی فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە

خودا تایبەتمەندییەکی ڕوونی بە ئوممەتی ئیسـلامی بەخشـیوە، لـە ئوممـەتانی دیکەی جیا دەکاتەوە، ئەوەیش تایبەتمەندی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەیە، خـودا دەفـەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾.[2] واتە: "ئێوە (موسڵمانان) باشترین گەلێك بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی فەرمان دەدەن بە چاکە و جڵەوگیری دەکەن لە خراپە".

ناوەڕۆکی ئەمەش لەسەر بنەمای دروستکردنی ڕای گشـتییە لـە نـاو میللەتانـدا کـە بـەرەو چـاکەیان ببـات و لـە گونـاه و خراپـە بیانپارێزێـت، تـا بتوانێـت ڕۆڵـە سەرکردەییەکەی خۆی لەنێوان میللەتاندا ببینێت لە ڕاپەڕانـدنی ڕۆڵـە مرۆییەکەیـدا

---

[1] ابن نجيم، الأشباه والنظائر، ص٩٣.

[2] آل عمران: ١١٠.

لەسەر زەویدا، کە ئاوەدانکردنەوەی بوونەوەر و بڵاوکردنەوەی دادگەریی و ڕامالینی ستەم و ڕزگارکردنی مرۆڤە لە پەرستنی ناخوداکان.

فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە ئەرکێکی تاکیە و لە هەموو کەسێکی ئەرکبار داواکراوە، هەروەها ئەرکێکی بە کۆمەڵیشە لە چین و توێژ و کۆمەڵەکان داواکراوە، کە هێزێکی بە کۆمەڵ بتەو پێکبهێنن، بۆ بەرەو ڕووە وەستانەوەی خراپەکاریە خودا دەفەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾.[1] واتە: "ئێوە (موسڵمانان) باشترین گەلێك بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی فەرمان دەدەن بە چاکە و جڵەوگیری دەکەن لە خراپە".

ئەمە فەرمانێکی خودایيە بۆ ئوممەتی ئیسلامی کە دەبێت کەسانێك پەیدا بن پاسەوانێتی چاکە و بەرەنگاربوونەوەی خراپە لەئەستۆ بگرن، تا ئەم فەرزە کیفاییە مەترسیدارە لەئەستۆی میللەت داگرن، ئەم پرۆسەیەش ڕۆڵی ئەرێنی لە پاراستنی مافدا دەگێڕێت، گرنگترینی ئەو مافانەش مافی گشتی و کۆمەڵگەیە، کە بە مافی خودایی ناوزەد دەکرێت، کە مافە سیاسییەکانیش لەخۆ دەگرێت. لە ڕێگری خراپەشدا ڕۆڵی خرپارێزی هەیە، واتە پاراستنی میللەت تا لەناو نەچێت بە هۆی فەوتان و لەناوچوونی مافەکانیانەوە، هەروەها ڕۆڵی چارەسەریشی لەخۆگرتووە، کە دەستگرتنی ستەمکارە تا واز لە ستەمکردنەکە بهێنێت.

---

[1] آل عمران: ١١٠.

# کۆتایی

ئـەم توێژینەوەیـە لـە بابـەتی مـاف و ئازادییـە سیاسـییەکانی لـە شـەریعەتی ئیسلامدا کۆڵیوەتەوە، بە بەراوردکردنیان بۆ یاسا دانراوەکان، لەپێناو دانانی خاڵـە گشتییە دیارەکان بۆ دارشتنی تیۆرێکی ئیسلامی هاوچەرخ کە ئەم بابەتە چارەسەر بکـات، کـە دەکرێـت گـرنگترین دەرئەنجامـەکانی توێژینـەوە لـەم خاڵانـەدا پوخـت بکەینەوە:

١ـ لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا، ئەندامان مافی خۆپاڵاوتنیان هەیـە بـۆ ئەندامێتی لایەنێکی سیاسی کە کۆمەڵگای دەوڵەت پێکدەهێنێت، ئـەم مافـەش بـە کۆمەڵە بنەما و مەرجی دیاریکراو ڕێکخراوە، کـە زانایـان بـە تێـرو تەسـەلی باسـیان کردوون، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەسـتن بـە بابـەتی پـاڵاوتن بـۆ جێنشـینایەتی یـان سـەرۆکی دەوڵـەت، کـە زانایـانی ئـەهلی سـوننەت کـۆدەنگن لـە پێویسـتی بـوونی مەرجەکانی: موسڵمانێتی، ژیریی، باڵغبوون، دادگەریی، شایستەیی، نێـری ڕەگـەز، زانست، تیایدا، بـەڵام بـۆ مـەرجی قورەیشـی بـوون و موجتەهیـدی بـۆ پـاڵێوراوانی جێنشینایەتی ڕاجیان.

بـەڵام سـەبارەت بـە بابـەتی خۆپـاڵاوتن بـۆ ئەنـدامێتی ئەنجومـەنی ڕاوێـژ لـە دەوڵەتدا، ئەوە مافێکی سیاسییە بۆ هەموو هاووڵاتیەکی دەوڵەت پارێزراوە، ئەگەر مەرجەکانی تێدا بوو.

٢ـ ئافرەتی هاونیشتمانی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و ڕاوێژپێکران و ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە، هەروەها مافی چاودێریکردنی دەسەڵاتی حوکمڕان و ڕاستکردنەوەیان هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش، بۆی درووستە کە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژ، جگە لە پلەی جێنشینایەتی یان سەرۆك کۆمار، لەبەر ئەوەی لەو بارەوە فەرمووده هەیە و کۆدەنگیی زانایانی لەسەر.

٣ـ هاووڵاتی ناموسڵمان لە دەوڵەتانی ئیسلامی، کە ڕازی بێت لەو دەوڵەتەدا بێت و پەیمانێکی سیاسی و یاسایی هەبێت لە ماف و ئازادییە سیاسییەکان وەك هاووڵاتییەکی موسڵمان وەهان، کەواتە مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و ئەندامێتی ڕاوێژ و چاودێری دەسەڵاتی سیاسی هەیە، ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە لە هەر بابەتێکدا، بۆشی هەیە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژ بێت.

جگە لە سەرۆکی دەوڵەت، کە لە ڕووی ئاینیەوە بابەتێکی عەقیدەییە لە کاروباری ئاینی جگە لە ڕووە دنیایەکەی.

٤ـ قوڕەیشیبوون بۆ خۆپاڵاوتن بۆ پێگەی جێنشینایەتی مەرج نییە، هەر مافێك کە هاووڵاتیان نایەکسان بکات لە ماف و ئازادیی سیاسیدا نامێنێت.

ئەو فەرموودانەش لەو بارەوە هاتوون ناگەنە ئاستی یەکلاکەرەوە، بۆیە دەبێت لێکدانەوەی یەکسانی بۆ بکرێت، بگونجێت لەگەڵ ئەو بنەما یەکلاکەرەوەدا کە پێوەری لە خواترس و بەهێزی و شایستەیی دەکاتە مەرج، هەموو پێوەرێکی ڕەچەڵەکی ڕەتدەکاتەوە.

ئەوەش کە بەشێك لە زانایان دەڵێن ئەم مەرجە کۆدەنگی لەسەرە، ئەم قسەیە جێگەی تێڕامانە، چونکە هەندێك زانای متمانەپێکراو ڕایان جیاوازە، وەك: جوینی و ئیبن خەلدوون، ئەو کۆندەنگییەش کە گوازراوەتەوە بۆ بەرژەوەندییەکی کاتی لە دۆخێکی دیاریکراودا بووە، ئەویش کۆدەنگییە بۆ جێنشینایەتی ئەبو بەکرە، دەکرێت ئەو کۆدەنگیە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەك بووبێت، کە زانایان و

شارەزایان لە کاتی توێژینەوەی شێوازی دەستنیشانکردنی جێنشین خۆیان لێپاراستووە.

٥- سەبارەت بە پاڵاوتن و خۆپاڵاوتن بۆ پلە سیاسیە جیاوازەکان لە شەریعەتی ئیسلامیدا درووستە تاك خۆی بپاڵێوێت لە چوارچێوەی کۆمەڵە مەرجێکی دیاریکراودا کە ئەمانەن:

- مەرجەکانی ئەو پلەیەی تێدا بێت لە ڕووی شەرعیەوە.

- نیازی باشبێت و مەبەستی لەگەڵ مەبەستی شەریعەتدا یەکبگرێتەوە، کە ئەو پلە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە شەرعییەکان بێت، نیازی زیانگەیاندن بە کەسێك یان لایەنێك نەبێت و نیازیشی بەدیهێنانی بەرژەوەندی نادرووست نەبێت.

- لە خۆیدا شایستەیی و توانا و گەنجاویەك بەدی بکات، کە بۆ موسڵمانان بە کەڵکترە لە خەڵکی دیکە، بشترسێت ئەگەر کەسی دی ئەو پلەی وەرگرت خراپە و ئاژاوە و پێشلکاری مافی موسڵمانان ڕوو بدات.

- هاوکات لە خۆپاڵاوتنەکەیدا ناشەرعی ڕوونەدات، پاکانە بۆ خۆی نەکات، لە شێوازی زیادەڕەوی و تۆمەتبارکردنی ئەوانی دی خۆی بپارێزێت.

٦- هەڵبژاردن مافێکی بنەڕەتی هەموو هاووڵاتییەکی دەوڵەتە لە شەریعەتی ئیسلامیدا، زانایانی ئەهلی سوننەت و گرووپەکانی خەواریج و نەجاڕی و موعتەزیلەکان کۆدەنگن، کە دەستنیشانکردن تەنها ڕێگەی پەسەندکراوە لە پێدانی دەسەڵاتی سیاسی و دانانی حوکمڕاندا، ئەمە کۆی کتێبە فیقهی و فەرموودەکان و زانستی کەلام باسیانکردووە و گەیاندوویانەتە ئاستی یەکلابوونەوە.

مەرجەکانی هەڵبژێرراو بە کورتی بوونی ئەو مەرجانەن کە بەستنی گرێبەست و کڕین و فرۆشتندا ڕەچاوکراون بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ هەندێك مەرجی شایەت بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە دادگەریی پێویست لە وەرگرتنی گێڕانەوەی فەرموودەدا.

سەبارەت بە جێشنیکردن و پەیمان وەرگرتن بۆ کاربەدەستی، زانایان ڕێگەیان پێداوە، بەڵام تەنها وەك شێوازێکی پاڵاوتن لێی دەڕوانن، چونکە ئەو کەسەی پەیمانی کاربەدەستبوونی بۆ دەبەسترێت، پێویستی بە بەیعەتپێدانە، ئەو بەیعەتەش دەبێتە دامەزراندنی دەسەڵاتەکەی، بەپێی ڕای پەسەندکراوی فیقهی، وەك زانا و یاساناس عەبدولڕەزاق سەنهوری ڕوونیکردووەتەوە.

بەڵام شێوازی خۆسەپاندن و زۆرداری و خۆزاڵکردن لە وەرگرتنی دەسەڵاتدا کە لای هەندێك زانا درووستبووە، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی زانایانەوە بووە بۆ بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان و بەراوردکردنی زیان و قازانجیان، وەك غەزالی ئەم جۆرە حوکمڕانییەی لە بابەتی زەرورەتدا ئەژمار کردووە، زەرورەتیش حەرام حەڵاڵ دەکات، ئەوەش ئەوە دووپات دەکاتەوە داننانی زانایان بەشێوازی زاڵبوون و خۆسەپاندندا بابەتێکی ناچاریە، دەستنیشانکردن بنەڕەتیە.

٧- پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ڕێگەپێدراوە، شێوازێکی کاریگەری بوونی هاوکاری و هەرەوەزییە لەسەر خێر و چاکە، جۆرێکیشە لە بەرهەڵستکاریکردنی خراپە، بەتایبەت لەو کاروبارانەی تەنها بە هەوڵی بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن.

ئەرێنییەکانی دامەزراندنی حزبی سیاسی زیاترە لە نەرێنییەکانی، ئەمەش پێویستی دەکات یاسا دابڕێژرێت کە کار و چالاکی حزبی ڕێکبخات، بەشێوەیەك زۆرترین چاکەی لێ بکەوێتەوە و لە زۆرترین خراپەش خۆلادات، بە پشتبەستن بە بنەما گشتییەکانی شەریعەت مەرجی حزبی سیاسییش بەشێوەیەکی گشتی پابەندبوونیەتی بە دەستوور و ئەو یاسانەش ڕێکیان دەخات، لەگەڵ دڵنیابوون کە ئیش لە بەرژەوەندی وڵات دەکەن و مامەڵە لەگەڵ دوژمنێك ناکەن هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاسایشی وڵات، دڵنیاشبین لە ڕەوایەتی ئامانج و ئامڕازەکانی.

٨ــ شــەریعەتی ئیســلامی کــە ژیــانی سیاســی ڕێکــدەخات، ڕێگــە بــە بــوونی ئۆپۆزســـیۆنی سیاســـی دەدات ئۆپۆزســـیۆنی سیاســـی لـــە سیســـتەمی سیاســـی ئیســلامیدا، ئۆپۆزســیۆنبوونێکی دڵســۆزی فــەرمان بــە چــاکەکردن و ڕێگــری لــە خراپەکردن و هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی، خۆی بەدوور دەگرێت لە هەر زیانگەیاندنێك بە کۆمەڵگە و دەوڵەت مەرجیشە ئۆپۆزسیۆن پابەندی دەستوور و یاسا بێت و لە سیستەمی گشتی دەرنەچێت، دوورکەوێتەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی و زۆر و خۆسەپاندن، پابەندبێت بە شێوازەکانی گفتوگۆ و موناقەشەوە.

٩ــ ڕاوێــژ مــافی میللەتــە و ئــەرکی حــوکمڕانی موســڵمانە، دەبێــت زانــا و موجتەهیدەکان یاسا داڕێژن بۆ شێوازی ڕاوێژکردن و ڕاوێژکاران و تایبەتمەندییان.

ئەمانــە نوێنــەری گــەلن و ئــەرکی میللــەت لــە بــەڕێوەبردنی کاروبارەکانیانــدا جێبەجێ دەکەن، ئێمە شێوازی هەڵبژاردنمان لاپەسەندە بۆ دیاریکردنی ئەنجومەنی ڕاوێژ، لە پاڵ هەبوونی خەڵکی تایبەتمەندو پسپۆڕ لە بوارە گرنگەکاندا.

ســەرۆکی وڵاتــیش پێویســتە پابەنــدی ڕای زۆرینــە بێــت و بۆچــوونی خــۆی نەسەپێنێت و لە کاروبار بەڕێوەبردندا تاکڕەوی نەکات.

دەکرێت تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی ڕاوێژ لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

- پاڵاوتن بۆ پلەی جێنشینایەتی یان سەرۆکی وڵات.
- چاودێریکردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و لێپێچینەوە و ڕاستکردنەوەی.
- دانانی یاسا بۆ هەموو بوارەکان بە پشتبەستن بە ئیجتیهاد و ڕای زانایانەوە.
- چاودێریکردنی داهات و خەرجی وڵات.
- پەسەندکردنی پەیماننامە و ئاشتی و بڕیاری جەنگ.
- لادانی حوکمڕان ئەگەر مەرجەکانی حوکمڕانی لەدەستدا.

١٠ـ ئازادیی ڕادەربڕین لە شەریعەتدا سەرتۆپی گشت ئازادییەکانە لەسەر کۆمەڵە بنەمایەك بنیات دەنرێت، وەك فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە، ئامۆژگاری، ڕەوایەتی بوونی ڕای جیاواز لە بابەتە ئیجتیهادییەکاندا.

ئازادیی ڕادەربڕین پابەندە بە مەرجە شەرعییەکانەوە بەشێوەیەك مەبەستە شەرعییەکان بپێکێت، ڕێگاش بە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەدرێت کە ئازادیی ڕادەربڕین دەگەیەنن لەم سەردەمەدا وەك ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، ئازادیی بانگەواز، ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە، ئازادیی شانۆ و دراما و ئەوانی دیکە.

لە دەوڵەتی ئیسلامیدا ناموسڵمان ئازادە لە ڕادەربڕیندا کە گفتوگۆ بکات و بەرگری لە ڕاو بۆچوونی خۆی بکات بە مەرجی پابەندبوون بە یاسا و دەستوورەوە.

١١ـ هاووڵاتیان مافی چاودێریکردن و لێچینەوەی حوکمڕانیان هەیە بە شێوازە ڕێگەپێدراوەکان، بۆشیان هەیە حوکمڕان لەسەر تەخت لادەن ئەگەر پێویستی بە لادان کرد، بەو شێوازەی دەستوور دیاریکردووە.

١٢ــ ئەو هێزە ئاینییەی لە ناخی ئەرکباردا گینگڵ دەخوات، گرەنتیەکی بایەخداری پاراستنی ماف و ئازادییە سیاسییەکانە بە پشتبەستن بەوەی سەرچاوەی ماف و ئازادییەکان لە ئیسلامدا شەریعەتە، ئەو ڕێگایەش کە مەبەستی شەریعەت بەدی دەهێنێت و ئەگەر نیازپاکی لەگەڵدا بێت پاداشتی لەسەر وەردەگرێت.

١٣ــ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گرەنتیەکی ڕەوایە لە سیستەمی سیاسی ئیسلامی و بنەما گشتییەکانی شەریعەت، ئەم جیاکردنەوەیە ئەگەر لە بەرژەوەندی موسڵمانان بوو ڕێگەی پێدەدرێت ئەم جیاکردنەوەیە شێوازێکی کاریگەری چاودێری یەکتریە و دەسەڵات دەوەستێنێت، شێوازێك بۆ بنەمای سنووردانان بۆ تاکڕەوی دەسەڵات دادەنێت و خۆسەپاندن و زۆرکاری کەم دەکاتەوە.

١٤ـ گرەنتی دادوەری بەهێزترین و کاریگەرترین گرەنتیە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان، فیقهی ئیسلامی پلانی دادوەریی تایبەتمەندیی لەم بوارەدا داهێناوە، دەسەڵاتی پۆلیس و ئاسایش و شار هەریەکەیان بەشدارن لە گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکانیان، لەمپەرن لەبەردەم خۆسەپاندن و زۆرداری دەسەڵاتداران.

١٥ـ شەریعەتی ئیسلامی بایەخی بە ڕای گشتی داوە و ئاگادار بوون و ڕەچاوکردنی پێبەخشیوە، تا بتوانێت بە ڕۆڵی خۆی هەستێت وەك گرەنتییەك بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، لە نیشانەکانی ئەو گرنگیپێدانە دانانی کۆدەنگییە بە سەرچاوەیەکی شەریعەت و حسابکردنە بۆ ڕای زۆرینە و دابونەریت لە یاسای دارشتنی ئیسلامیدا، هەروەها بوونی مافی ڕاوێژپێکردن.

لە پەروەردگار دەپاڕێمەوە ئەم توێژینەوەیە بکاتە خشتێکی بەکەڵك لە بینای دەستووری ئیسلامی نوێدا، بۆ دارشتنی بیردۆزەیەکی دەستووری تێرو تەواو کە چارەسەری کاروباری میللەت و گرفتە هاوچەرخەکانی بکات لەبەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری ئازیزدا.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: قورئانی پیرۆز**

**دووەم: کتێبەکانی ڕاڤەکردن**

ـ ابن العربي، أبوبكر محمد بن عبدالله، أحكام القرآن، بيروت: دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع.

ـ ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن كثير القرشي الدمشقي، تفسير القرآن العظيم، بيروت: دار المعرفة، ١٩٨٠م.

ـ الأشقر، محمد سليمان، زبدة التفسير من فتح القدير، الكويت، وزارة الأوقاف والشؤون الاسلامية.

ـ الألوسي، شهاب الدين أبو الثناء محمود البغدادي (١٢٧٠م)، روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، بيروت، دار إحياء التراث العربي، ١٩٨٠م.

ـ حجازي، محمد محمود، التفسير الواضح، ط٥، القاهرة: مطبعة الاسبقلال الكبرى، ١٩٦٤م.

ـ الباقلاني، أبو بكر محمد بن الطيب (٤٠٣هـ)، إعجاز القرآن، شرح وتعليق د. محمد عبد المنعم خفاجة، ط١، بيروت: دار الجيل، ١٩٩١م.

ـ الأصفهاني، أبو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الأصفهاني (٥٠٢هـ)، المفردات في غرائب القرآن، تحقيق محمد سيد الكيلاني، بيروت: دار المعرفة.

ـ البيضاوي، أبو سعيد عبدالله بن عمر بن محمد الشيرازي (٧٩١هـ)، أنوار التنزيل وأسرار التأويل، (تفسير البيضاوي)، ط١، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٨م.

ـ الجصاص، أبو بكر أحمد بن علي الرازي (٣٧٠هـ)، أحكام القرآن، القاهرة: المطبعة البهية، ١٩٢٠م.

ـ الرازي، أبو عبدالله محمد بن عمر بن حسين القرشي (٦٠٦هـ)، التفسير الكبير (تفسير الرازي)، بيروت: دار إحياء التراث العربي.

ـ رضا، محمد رشيد رضا، تفسير القرآن الحكيم (تفسير المنار)، ط٢، بيروت: دار المعرفة.

ـ الصابوني، محمد علي، مختصر تفسير ابن كثير، ط٧، دار القرآن الكريم، بيروت ١٩٨١ : هـ.

ـ الطباطبائي، الميزان في تفسير القرآن، ط٣، بيروت: مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، ١٩٧٣م.

ـ الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير، جامع البيان في علوم القرآن (تفسير الطبري)، بيروت: دار الفكر، ١٩٧٨م.

ـ القرطبي، أبو عبدالله محمد بن احمد الأنصاري (٦٧١هـ)، الجامع لأحكام القرآن، بيروت: دار إحياء التراث العربي.

ـ قطب، سيد، في ظلال القرآن، بيروت، القاهرة: دار الشرق، ١٩٨٢م.

ـ النيسابوري، نظام الدين الحسن بن محمد حسين القمي، تفسير الراغب القرآن ورغائب الفرقان (على هامش تفسير الطبري)، بيروت: دار الفكر، ١٩٧٨م.

## ثالثا: كتب الحديث

ـ ابن رجب، زين الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن أحمد (٧٣٦ – ٧٩٥هـ)، جامع العلوم والحكم، تحقيق شعيب الأرناؤوط، ط٢، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٩١م.

ـ ابن العربي، أبو بكر محمد بن عبدالله الإشبيلي، عارضة الأحوذي.

ـ ابن ماجة، أبو عبدالله محمد بن يزيد القزويني (٢٧٥ ٠ ٢٠٧هـ)، سنن ابن ماجة، تحقيق محمد فؤاد عبدالباقي، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٩٧٥م.

ـ أبو داود، سليمان بن الأشعث السجستاني الأزدي (٢٠٢ – ٢٧٥ هـ)، صحيح سنن أبي داود، مراجعة وضبط محب الدين عبدالحميد، القاهرة: مطبعة مصطفى محمد ومكتبته.

ـ البخاري، أبو عبدالله محمد بن إسماعيل بن المغيرة، الجامع الصحيح، شرح ابن حجر العسقلاني، اخراج محيى الدين الخطيب، تبويب محمد فؤاد عبد الباقي، بيروت: دار المعرفة.

ـ الترمذي، أبو عيسى، صحيح الترمذي، بشرح الإمام ابن العربي المالكي، بيروت: دار الكتاب العربي.

ـ الحاكم، أبو عبدالله الحاكم النيسابوري، المستدرك، طبعة فريدة بفهرس الأحاديث، بإشراف د. يوسف عبدالرحمن المرعشلي، بيورت: دار المعرفة.

ـ السندي، محمد بن عبدالهادي الثنوي (١١٣٨هـ)، حاشية السندي على سنن النسائي، بيروت: دار الكتاب العربي.

ـ السيوطي، جلال الدين، شرح الحافظ جلال الدين السيوطي على سنن النسائي، المسمى (زهر الربى على المجتبى)، بيروت: دار الكتاب العربي.

ـ الشوكاني، محمد بن علي بن محمد (١٢٥٥هـ)، نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار من أحاديث سيد الأخبار، بيروت: دار الجيل.

ـ الصنعاني، محمد بن إسماعيل الكحلاني المعروف بالأمير سبل السلام شرح بلوغ المرام من أدلة الأحكام، بيروت: دار الفكر.

ـ العسقلاني، أحمد بن علي بن حجر (٧٥٣ – ٨٥٢هـ)، فتح الباري شرح صحيح البخاري، تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي، إخراج وإشراف محب الدين الخطيب، بيروت: دار المعرفة.

ـ العسقلاني، شهاب الدين أبو الفضل أحمد بن حجر، بلوغ المرام من أدلة الأحكام، بيروت: دار الفكر.

ـ العراقي، زين العابدين أبو الفضل عبد الرحيم بن الحسين (٨٠٦هـ) المغني عن حمل الأسفار في تخريج ما في الإحياء من الأخبار، مطبوع بهامش إحياء علوم الدين للغزالي، بيروت: دار المعرفة.

ـ مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري، النيسابوري (٢٦١هـ)، صحيح مسلم، القاهرة، بيروت: المطبعة المعرفية، ودار الفكر، ١٩٨١م.

ـ النسائي، أبو عبدالرحمن أحمد بن شعيب بن علي بن بحر، سنن النسائي، بيروت: دار الكتب العربي.

ـ النووي، محيى الدين أبو زكريا يحيى بن شرف، رياض الصالحين من كلام سيد المرسلين صلى الله عليه وسلم، مراجعة السيد علوي مالكي وآخرون، ط٣، مكة المكرمة: مكبة ومطبعة النهضة الحديثة، ١٩٧٨م.

ـ النووي، شرح صحيح مسلم، بيروت دار الفكر، ١٩٨١م.

## رابعاً: كتب الفقه

### أـ الفقه الحنفي:

ـ ابن الهمام، كمال الدين بن عبد الواحد السيواسي (٨٦١هـ)، فتح القدير، القاهرة: المطبعة الأميرية الكبرى.

ـ ابن عابدين، محمد بن أمير بن عمر، حاشية رد المحتار على الدر المختار شرح تنوير الأبصار، (حاشية ابن عابدين)، بيروت: دار الفكر، ١٩٧٩م.

ـ ابن نجيم، زين العابدين بن إبراهيم بن نجيم (٩٧٠هـ)، الأشباه والنظائر، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٠م.

ـ أبو يوسف، يعقوب بن إبراهيم (١٨٣هـ)، الخراج، بيروت: دار المعرفة للطباعة والنشر.

ـ الحصكفي، علاء الدين، الدر المختار بشرح تنوير الأبصار، مع حاشية رد المختار، القاهرة: مطبعة الواعظ.

ـ السرخسي، شمس الدين، المبسوط، ويحتوي على كتاب ظاهر الرواية للإمام محمد بن حسن الشيباني، ط٢، بيروت: دار المعرفة.

ـ شيخ زادة، عبدالله بن محمد الشيخ محمد بن سليمان، مجمع الانهر في شرح ملتقى الأبحر، بيروت: دار إحياء التراث العربي.

ـ الكاساني، علاء الدين أبو بكر بن مسعود، (٥٨٧هـ)، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨٢م.

ـ الموصلي، عبد الله بن محمود بن مودود، الاختيار لتعليل المختار، تعليق الشيخ محمود أبو دقيقة، ط٣، بيروت: دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٥م.

**ب ـ الفقه المالكي:**

ـ ابن آدم، يحيى (٢٠٣هـ)، الخراج، صححه وشرحه ووضع فهارسه أحمد محمد شاكر، بيروت: دار المعرفة للطباعة والنشر.

ـ ابن جزي، أبو القاسم محمد بن أحمد الكلبي (٧٤١هـ)، القوانين الفقهية، بيروت: دار القلم.

ـ ابن رشد، أبو الوليد محمد بن أحمد بن محمد بن احمد بن رشد القرطبي الاندلسي، المعروف بابن رشد (٥٩٥هـ)، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، بيروت: دار الفكر.

ـ ابن عبد البر، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد القرطبي، الكافي، في فقه أهل المدينة المالكيب الكافي، ط٢، الرياض: مكتبة الرياض الحديثة، ١٩٨٠م.

ـ ابن عليش، محمد، منح الجليل على مختصر خليل، بيروت: دار صادر.

ـ ابن فرحون، برهان الدين إبراهيم بن علي بن أبي القاسم، تبصرة الحكام في أصول الأقضية ومناهج الأحكام، القاهرة: مصطفى البابي الحلبي، ١٩٥٨م.

ـ الحطاب، أبو عبدالله محمد بن عبد الرحمن المغربي، (٥٤هـ)، مواهب الجليل، ط٢، بيروت: دار الفكر، ١٩٨٠م.

ـ الطرطوشي، أبو بكر محمد بن الوليد بن خلف الاندلسي (٥٢٠هـ)، سراج الملوك، ٥٢٠ — ٤٥١هـ، القاهرة: المكتبة المحمدية، ١٩٣٥م.

ـ مالك، الإمام مالك بن أنس، المدونة الكبرى، بغداد: مكتبة المثنى.

ـ المواق، أبو عبد الله محمد بن يوسف بن أبي القاسم، التاج والإكليل لمختصر خليل، بيروت: دار الفكر، ١٩٧٨م.

**ج. الفقه الشافعي**


ـ ابن أبـي الـدم، شـهاب الـدين أبـو اسـحق إبـراهيم بـن عبـدالله الحمـوي (٦٤٢هــ)، أدب القضـاء، ابـن أبـي الـدم، تحقيـق ودراسـة محيـى سـرحان، بغـداد، وزارة الاوقـاف والشـؤون الدينية، ١٩٨٤م، جزء٢.

ـ ابن جماعة، أبـو عبـدالله محمـد بـن إبـراهيم (٧٣٣هــ)، تحريـر الأحكـام في تـدبير أهـل الإسلام، تحقيق فؤاد عبد المنعم أحمد، الدوحة: مطابع الدوحة الحديثة، ١٩٨٤م.

ـ أبو عبيد، أبو عبدالله القاسم بن سلام (٢٢٤هـ)، الأموال، تحقيـق محمـد خليـل هـراس، دمشق: دار الفكر، ١٩٧٥م.

ـ الجويني، عبد الملك بن عبد بن يوسف الجـويني المعـروف بـأبي المعـالي ويلقـب بإمـام الحرمين (٤٧٨هـ)، غياث الأمم في التباث الظلـم، تحقيـق الـدكتور مصـطفى حلمـي والـدكتور فؤاد عبد المنعم أحمد، الإسكندرية: دار الدعوة.

ـ الحصني، تقي الدين أبو بكر بن محمـد الحسـيني الحصـني الدمشـقي الشـافعي، كفايـة الأخيار، ط٢، بيروت: دار المعرفة.

ــ الرحيبـاني، مصـطفى السـيوطي، مطالـب أولـي النهـى في شـرح غايـة المنتهـى، ط١، دمشق: الكتب الإسلامي، ١٩٦١م.

ـ الرملي، محمد أبي العباس أحمد بن الحمزة، نهايـة المحتـاج إلى شـرح المنهـاج في الفقـه الشافعي، بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٨٤م.

ـ الزهري، محمد، الشراج الوهاج على متن المنهاج.

ـ الشافعي، أبو عبدالله محمد بن أبي ادريس (٢٠٤هـ)، الأم، ط٣، بيروت: دالر الفكر، ١٩٨٣م.

ـ الشربيني، محمد، مغني المحتـاج إلى معرفـة معـاني ألفـاظ المنهـاج، بـيروت: دار إحيـاء التراث العربي.

ـ الشربينى، الإقناع في حل ألفاظ أبي شجاع، بيروت: دار المعرفة.

ـ الشرواني، عبد الحميد أحمد بن القاسم العبادي، حاشيتا الشـرواني وابـن القاسـم علـى تحفة المحتاج بشرح المنهاج لابن حجر الهيتمي.

ـ الشيرازي، أبو اسحق إبراهيم بن علي بن يوسف الفيروزآبادي (٤٧٦هـ)، المهذب في فقه الإمام الشافعي، ط٢، بيروت: دار المعرفة، ١٩٥٩م.

ـ الشيزري، عبد الرحمن بن عبد الله بن نصر بن عبد الرحمن، (٥٨٩هـ)، المنهج المسلوك في سياسة الملوك، تحقيق علي عبد الله الموسى، ط١، الزرقاء: مكتبة المنار، ١٩٨٧م.

ـ الشيزوري، عبد الرحمن، نهاية الرتبة في طلب الحسبة، القاهرة: السيد الباز العريني، ١٩٤٦م.

ـ الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد (٥٠٥هـ)، إحياء علوم الدين، الغزالين بيروت: دار المعرفة.

ـ القلعي، أبو عبدالله محمد بن علي (٦٣٠هـ) تهذيب الرياسة وترتيب السياسة، تحقيق إبراهيم يوسف مصطفى عجو، ط١، الزرقاء، مكتبة المنار، ١٩٨٥م.

ـ القلقشندي، أحمد بن عبد الله، (٨٢٠هـ)، مآثر الاناقة في معالم الخلافة، دمشق وزارة الثقافة السورية، ١٩٨٥م.

ـ المزني، أبو إبراهيم إسماعيل بن يحيى، مختصر المزني، ط٣، بيروت: دار الفكر، ١٩٨٣م.

ـ الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد حبيب (٤٥٠هـ)، نصيحة الملوك، تحقيق خضر محمد خضر، الكويت: مكتبة الفلاح، ١٩٨٣م.

ـ الماوردي، تسهيل النظر وتعجيل الظفر، تحقيق يحيى هلال السرحان، الجكتور حسن الساعاتي، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٨١م.

ـ الماوردي، الأحكام السلطانية، تصحيح محمد بدر النفاسي، القاهرة، مطبعة السعادة، ١٩٠٩م.

ـ الماوردي، أدب القاضي، تحقيق محيى هلال السرحان، بغداد: رئاسة ديوان الأوقاف، ١٩٧١ — ١٩٧٢م.

ـ النووي، أبو زكريا يحيى بن شرف، المجموع شرح المهندي، الناشر: زكريا علي يوسف، مطبعة الإمام.

ـ الهثمي، أحمد بن حجر، تحفة المحتاج بشرح المنهاج، بيروت: دار صادر (نسخة عن طبعة أحمد اليابي الحلبي القاهرة) ١٣١٥هـ.

د. فقه الحنبلي:

ـ ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الله بن عبد الحليم الحراني، السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، بيروت: دار الكتاب العربي.

ـ ابن تيمية، الحسبة في الإسلام، أو وظيفة الحكومة الإسلامية، ٦٦١ — ٧٢٧هـ، بيروت: دار الكتب العربية، ١٩٦٧م.

ـ ابن رجب، عبد الرحمن بن احمد بن رجب الحنبلي (٧٩٥هـ)، الاستخراج لأحكام الخراج، تصحيح وتعليق عبد الله الصديق، بيروت: دار المعرفة للطباعة والنشر.

ـ ابن رجب (٧٩٥هـ)، القواعد في الفقه الإسلامي، بيروت: دار المعرفة.

ـ ابن قدامة، أبو محمد عبد الله بن احمد بن محمد ابن قدامة المقدسي (٦٢٠هـ). المغني على مختصر الخرقي، الرياض: مطبوعات رئاسة إدارات للبحوث العلمية ١٩٨١م، مكتبة الرياض الحديثة.

ـ ابن القيم، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر الزرعي الدمشقي، المشهور بابن قيم الجوزية (٧٥١هـ)، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، تحقيق محمد حامد الفقى، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٥٣م.

ـ ابن القيم، أحكام أهل الذمة، تحقيق د. صبحي الثالح، ط٣، بيروت: دار العلم للملائيين، ١٩٨٣.

ـ ابن القيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، تحقيق وضبط عبد الرحمن الوكيل، القاهرة: دار الكتاب الحديثة، ١٩٦٩.

ـ ابن مفلح، أبو إسحق برهان الدين بن عبد الله بن محمد بن مفلح، (٨٨٤هـ)، المبدع شرح المقنع، بيروت: المكتب الإسلامي، ١٩٨٠م.

ـ ابن النجار، تقي الدين محمد بن أحمد الفتوحي الحنبلي، منتهى الإرادات في جمع المقنغ مع التنقيح وزيادات، القاهرة: مكتبة دار العروبة.

ـ البهوتي، منصور بن يونس بن إدريس، كشاف القناع عن متن الإقناع، بيروت: عالم الكتب، ١٩٨٣م.

ـ الفراء، أبو يعلى محمد بن الحسين الحنبلي، الاحكام السلطانية، تحقيق محمد حامج الفقى، بيروت: دار الكتب العلمية.

ـ المراوي، علاء الدين أبو الحسن علي بن سليمان، (٨٨٥هـ)، الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف على مذهب الإمام أحمد بن حنبل، تحقيق محمد حامد الفقى، ط١، ١٩٩٥م.

ـ الشيباني، محمد بن الحسن المتوفى (١٨٩هـ)، السير الكبير بشرح الإمام محمد بن سهل السرخسي، (٤٩٠هـ)، كتب التمهيد والتعليقات محمد أبو زهرة، حقق النصوص ووضع الفهارس مصطفى زيد، القاهرة: مطبعة جامعة القاهرة، ١٩٥٨م.

**هـ ـ مذاهب أخرى**

ـ ابن حزم، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد (٤٥٦هـ)، المحلى، تحقيق أحمد محمد شاكر، بيروت: دار الفكر — ابن سينا، أبو علي الحسين بن عبد الله، الإشارات والتنبيهات، مع شرح نصير الدين الطوسي وبتحقيق سليمان دنيا، القاهرة: دار المعارف، ١٩٥٧ — ١٩٦٠ (ج ١٩٦٠ ، ١م)، ٤ج في ٣ مجلدات.

ـ الفارابي، أبو النصر محمد بن محمد طرخان (٩٥٠ هـ)، آراء أهل المدينة الفاضلة، تقديم وتحقيق البير نصر، بيروت: دار المشرق، ١٩٥٩م.

ـ أبو الفضل محمد بن الأعرج، تحرير السلوك في تدبير الملوك، تحقيق د. فؤاد عبد المنعم، الإسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة، ١٩٨٢م.

خامساً: كتب الأصول

ـ ابن قدامة، أبو عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة المقدسي (٦٢٠هـ)، روضة الناظر وجنة المناظر، في أصول الفقه على مذهب الإمام أحمد بن مقبل، راجعه وصنفه سيف الدين الكتاب، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨١م.

ـ الآمدي، أبو الحسين علي بن أبي محمد سالم التغلبي (٦٣١هـ)، الإحكام في أصول الأحكام، تعليق عبد الرزاق عفيفي، الرياض: المستودع العام للكتب والمطبوعات، ١٩٥٦م.

ـ ابن القاسم، أحمد بن قاسم العبادي، شرح الشيخ أحمد بن قاسم العبادي على شرح جلال الدين محمد بن أحمد المحلى على الورقات في الاصول للجويني (عبد الملك بن عبد الله الجويني)، بيروت: دار الفكر.

ـ أمير بادشاه، محمد أمين بن محمد بن محمود البخاري (٩٧٢هـ)، تيسير التحرير، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣م.

ـ البصري، أبو الحسين محمد بن علي الطيب المعتزلي، المعتمد في أصول الفقه، تحقيق محمد حميد الله وآخرون، المعهد العلمي الفرنسي للدراسات العربية، ١٩٦٤م.

ـ التفتازاني، سعد الدين مسعود بن عمر التفتازاني الشافعي (٧٩٢هـ)، شرح التلويح على التوضيح، بيروت: دار الكتب العلمية.

ـ الرازي: فخر الدين محمد بن عمر بن الحسين (٦٠٦هـ)، المحصول في علم أصول الفقه، تحقيق د. طه جابر فياض العلواني، ط١، الرياض: جامعة الإمام محمد بن سعود العربية، المملكة العربية السعودية، ١٩٧٩م.

ـ الشاطبي، إبراهيم بن موسى اللخمي الغرناطي المالكي (٧٩٠هـ)، الموافقات في أصول الشريعة، بيروت: دار المعرفة.

ـ الشافعي: أبو عبدالله محمد بن إدريس (٢٠٤هـ)، الرسالة، تحقيق أحمد محمد شاكر.

ـ الشوكاني، محمد بن علي محمد (١٢٥٥هـ)، إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق، بيروت: دار الفكر.

ـ الشيرازي: أبو إسحق إبراهيم بن علي بن يوسف الفيروزآبادي (٤٧٦هـ)، التبصرة في أصول الفقه، دمشق: دار الفكر، ١٩٨٠م.

ـ صدر الشريعة، عبيد الله بن مسعود المحبوبي البخاري الحنفي (٧٤٧هـ)، تنقيح الأوصل، بيروت: دار الكتب العلمية.

ـ الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد (٥٠٥هـ)، المستصفى، في علم الاصول، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٣م.

## سادساً: كتب العقيده وعلم الكلام

- ابن حزم، أبو محمد علي بن أحمد الظاهري، الفصل في الملل والأهواء والنحل، تحقيق: د. محمد إبراهيم نصر، د. عبد الرحمن عمرة، بيروت: دار الجيل، ١٩٨٥م.

- ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم الحراني (٦٦٧ ٠ ٧٢٨ هـ)، منهاج السنة، تحقيق محمد رشاد سالم، ط٢، القاهرة: مكتبة ابن تيمية ١٩٨٩.

- ابن قطلبغاء، شرح الشيخ قاسم بن قطلبغاء (٨٧٩هـ)، كتاب المسايرة لابن الهمام، القاهرة: المكتبة التجارية الكبرى.

- ابن الهمام، كمال الدين محمد بن عبد الواحد، المسايرة، القاهرة: المكتبة التجارية الكبرى.

- ابن العز الحنفي، شرح العقيدة الطحاوية، تحقيق جماعة من العلماء، خرّج أحاديثه محمد ناصر الدين الألباني، ط٨، بيروت: المكتب الإسلامي، ١٩٨٤م.

- الأشعري، أبو الحسن علي بن إسماعيل (٣٣٠هـ)، مقالات الاسلاميين، تحقيق محمد محيى الدين عبد الحميد، الطبعة الثانية، ١٩٨٥م.

- الإيجي، عضد الدين عبد الرحمن بن احمد، المواقف في علم الكلام، القاهرة: مكتبو المتنبي.

- الباجوري، إبراهيم بن محمد بن أحمد (١٢٧٧هـ)، شرح جوهرة التوحيد، نقحة وخرج أحاديثه محمد الكيلاني، دمشق (د. ن)، ١٩٧١م.

- الباقلاني، أبو بكر محمد بن الطيب (٤٠٣هـ)، التمهيد في الرد على الملحدة المعطلة والرافضة والخوارج والمعتزلة، تحقيق وتقديم محمود محمد الخضيري، وآخرون، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٧٤م.

- البغدادي، عبد القاهر بن طاهر بن محمد الأسفراييني التميمي (٤٢٩هـ)، الفرق بين الفرق، محمد محيى الدين عبد الحميد، بيروت: دار المعرفة.

- الجويني، أبو المعالي عبد الملك بن عبد الله (٤٧٨هـ)، الإرشاد إلى قواطع الأدلةفي أصول الاعتقاد، تحقيق وتعليق محمد يوسف موسى وآخرون، القاهرة: مكتبة الخانجي، ١٩٥٠م.

ـ الشهرستاني، أبو الفتح محمد بن عبد الكريم، الملل والنحل، ط٢، بيروت: دار المعرفة، ١٩٧٥م.

ـ عبد الحميد، محمد محيى الدين، نتائج المذاكرة بتحقيق مباحث كتاب المسايرة، القاهرة: المكتبة التجارية الكبرى.

ـ الغزالي، أبو حامد محمد بن محمد (٤٥٠ – ٥٠٥هـ)، فضائح الباطنية، حققه عبد الرحمن بدوي، القاهرة، الدار القومية للطباعة والنشر، ١٩٦٤م.

ـ الغزالي، حجة الاسلام أبو حامد محمد بن محمد، الاقتصاد في الاعتقاد، القاهرة: مكتبة ومطبعة محمد علي صحيح وأولاده، ١٩٦٢م.

ـ الطوسي، أبو جعفر محمد بن الحسن (٣٨٥ – ٤٦٠هـ)، الاقتصاد فيما يتعلق بالاعتقاد، النجف الأشرف: جمعية منتدى النشر، ١٩٧٩م.

ـ المقدسي، كمال الدين محمد بن محمد المعروف بابن شريف المقدسي، المسامرة بشرح المسايرة، القاهرة: المكتبة التجارية الكبرى.

ـ النسفي، أبو المعين، ميمون بن محمد (٥٠٨هـ)، التمهيد لقواعد التوحيد، دراسة وتحقيق حبيب الله حسن أحمد، القاهرة، دار الطباعة، ١٩٨٦م.

## سابعاً: كتب التأريخ والسير والتراجم

ـ الأبشيهي، بهاء الدين أبو الفتح محمد بن أحمد المحلى، المستطرف في كل فن مستطرف، بيروت: دار القلم، ١٩٨١م.

ـ ابن حزم، أبو محمد علي بن أحمد الأندلسي (٤٥٦هـ)، جوامع السيرة النبوية، ط١، دمشق: مؤسسة علوم القرآن، ١٩٨٤م.

ـ ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد، مقدمة ابن خلدون، لكتاب العبر وديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر، بيروت: دار إحياء التراث العربي.

ـ ابن سعد، محمد بن سعد بن منيع الهاشمي، الطبقات الكبرى، بيروت: دار صادر، ١٩٨٥م.

ـ ابن قتيبة، أبو محمد عبد الله بن مسلم (٢٧٦هـ)، الإمامة والسياسة، بيروت: مؤسسة ناصر للثقافة، ١٩٨٠م.

ـ ابن عبد ربه، أحمد بن محمد بن عبد الله بن عبد ربه الاندلسي، العقد الفريد، تحقيق مفيد محمد قميحة، ط١، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣م.

ـ ابن العربي، محمد بن عبد الله بن محمد بن العربي (٥٤٣هـ)، العواصم من القواصم، تحقيق محب الدين الخطيب، ١٩٥١م.

ـ ابن كثير، أبو الفداء الحافظ إسماعيل بن كثير الدمشقي (٧٧٤هـ)، البداية والنهاية، تحقيق أحمد أبو ملحم وآخرون، ط١، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٥م.

ـ ابن القيم، محمد بن أبي بكر الزرعي الدمشقي (٧٥١هـ)، زاد المعاد في هدي خير العباد، بيروت: المكتبة العلمية.

ـ ابن هشام، محمد عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري (٢١٨هـ)، السيرة النبوية، تحقيق مصطفى السقا، وآخرون، القاهرة: دار الكنوز الإدارية.

ـ البلاذري، أبو الحسن أحمد بن يحيى بن جابر البغدادي (٢٧٩هـ)، فتوح البلدان، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣م.

ـ الزركلي، خير الدين، الأعلام، ط٦، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٨٤م.

ـ السهيلي، أبو القاسم بن عبد الله الخثعمي، الروض الأنف، في تفسير السيرة النبوية لابن هشام، تحقيق عبد الرؤوف سعد، دمشق: دار الفكر.

ـ السيوطي، جلال الدين عد الرحمن بن أبي بكر (٩١١هـ)، تأريخ الخلفاء، تحقيق محمد محيى الدين عبدالحميد، القاهرة: المكتبة التجارية الكبرى، ١٩٥٢م.

ـ الشريف الرضا، نهج البلاغة، من كلام أمير المؤمنين علي بن أبي طالب، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم، ط١، القاهرة: دار إحياء التراث العربي، القاهرة، ١٩٦٣م.

ـ العسقلاني، أحمد بن علي بن حجر (٨٥٢هـ)، تقريب التهذيب، ط١، الباكستان: دار نشر الكتب الإسلامية، ١٩٧٣م.

ـ الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (٣٣٠هـ) تأريخ الأمم والملوك (تأريخ الطبري)، دمشق: دار الفكر، ١٩٧٩م.

ـ المقري، أحمد بن محمد التلمساني (١٠٤١هـ)، نفح الطيب، تحقيق د. إحسان عباس، بيروت: دار صادر، ١٩٨٨م.

ـ المقريزي، تقي الدين أحمد بن علي، إمتاع الأسماع، شرح وتصحيح محمود محمد شاكر، ط٢، قطر: الشؤون الدينية.

ـ النباهي، أبو الحسن الأندلسي، تأريخ قضاة الاندلسي (المرتبة العليا فيمن يستخدم القضاء والفتيا)، بيروت: المكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع.

ـ الواقدي، أبو عبد الله محمد بن عمر الواقدي، المغازي، كلكتة: مكبعة كلكتة، ١٨٥٥م.

ـ اليعقوبي، أحمد بن أبي يعقوب بن جعفر بن وهب، تأريخ اليعقوبي، بيروت: دار صادر، ١٩٦٠م.

ثامناً: كتب اللغة والمعاجم:

ـ ابن منظور، محمد بن مكرم بن علي الانصاري (٧١١هـ)، لسان العرب، إعداد وتصنيف يوسف خياط، بيروت: دار لسان العرب.

ـ الجرجاني، السيد الشريف علي بن محمد بن الحسين، التعريفات، تحقيق وتعليق د. عبد الرحمن عميرة، ط١، بيروت، عالم الكتب، ١٩٨٧م.

ـ الرازي، محمد بن أبي بكر بن عبد القادر، مختار الصحاح، طبعة حديثة ومنظمة، بيروت، دمشق: دار الفكر، ١٩٧٨م.

ـ عبدالباقي، محمد فؤاد، المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، ط٢، بيروت: دار الفكر، ١٩٨١م.

ـ المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي، ترتيب وتنظيم مجموعة من المستشرقين، ليدن: مكتبة بريل، ١٩٣٦م.

ـ ابن الطيب، أبو عبدالله محمد بن الطيب الفاسي (١١٧٠هـ)، القاموس المحيط، اسمه "إضاءة الراموس وإضافة الناموس على إضاءة القاموس"، تحقيق عبد السلام الفاسي التهامي الراجي الهاشمي، الرباط: مطبعة فضالة، ١٩٨٣م.

تاسعاً: المصادر الحديثة: الفقه والأصول والتأريخ والأجتماع والقانون

ـ إبراهيم، د. زكريا، مشكلة الحرية، ط٣، القاهرة: مكتبة مصر، ١٩٦٣م.

ـ أبو جيب، سعدي، دراسة في منهاج الاسلام السياسي، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٥م.

ـ أبو ارميلة، هشام، نظم الحكم في عصر الخلافة الأموية في الأندلس، ١٩٨٠م.

ـ أبو طالب، د. صوفي، الوجيز في القانون الدولي الخاص، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٧٧م.

ـ أبو شقة، عبد الحليم، تحرير المرأة في عصر الرسالة، دراسة عن المرأة جامعة لنصوص القرآن الكريم، وصحيح البخاري ومسلم، الكويت: دار القلم، ١٩٩٠م.

ـ أبو زهرة، محمد، أصول الفقه، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٥٧م.

ـ أسد، محمد، منهاج الإسلام في الحكم، نقله إلى العربية منصور محمد، ط٥، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٧٨م.

ـ إسماعيل، يحيى، منهج السنة في العلاقة بين الحاكم والمحكوم، ط١، المنصورة، دار الوفاء، ١٩٨٦م.

ـ الأنصاري، عبد الحميد، الشورى وأثرها في الديمقراطية، دراسة مقارنة، ط٣.

ـ الأنصاري، د. عبد الحميد، "الحقوق السياسية للمرأة في الإسلام"، حولية كلية الشريعة والدراسات الإنسانية، جامعة قطر، عدد٢، سنة ١٩٨٢م.

ـ الألوسي، عادل، الرأي العام في القرن الثالث الهجري، بغداد: دار الشؤون الثقافة العامة، ١٩٨٧م.

ـ أبو فارس، محمد، النظام السياسي في الإسلام، عمان: مكتبة الرسالة الحديثة، ١٩٨٠م.

ـ البدراوي، د. عبدالمنعم، المدخل للعلوم القانونية: النظرية العامة للقانون والنظرية العامة للحق، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٦٦م.

ـ بدوي، عبد المجيد، التأريخ السياسي والفكري للمذهب السني، جدة: عالم المعرفة، ١٩٨٣م.

ـ بسيوني، د. عبد الغني، النظم السياسية، الإسكندرية: منشأ المعارف، ط٢، بيروت: المؤسسة الاسلامية، ١٩٨٨م.

ـ البنا، حسن عبد الرحمن، مجموعة رسائل الإمام الشهيد حسن البنا، ط٢، بيروت: المؤسسة الاسلامية، ١٩٨٨م.

ـ البنا، محمود عاطف، النظم السياسية، ط١، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٨٠م.

ـ البياتي، منير، الدولة القانونية والنظام السياسي الإسلامي، بغداد: نشر بمساعدة من جامعة بغداد.

ـ بدوي، ثروت، النظم السياسية، القاهرة: دار النهضة العربي، ١٩٦٢م.

ـ حسن، حسن إبراهيم، تأريخ الاسلام، الديني والثقافي والاجتماعي، ط٢، ١٩٦٤م.

ـ الجرف، طعيمة، رقابة القضاء لأعمال الإدارة العامة، القاهرة: مكتبة، ١٩٧٠م.

ـ الجرف، د. طعيمة، نظرية الدولة والأسس العامة لتنظيم السياسي، القاهرة: مكتبة القاهرة الحديثة، ١٩٦٤م.

ــ جريشة، علي، المشروعية الإسلامية العليا، ط٢، المنصورة: دار الوفاء للطباعة والنشر، ١٩٨٦م.

ـ حافظ، د. ممدوح، القانون الدولي الخاص، بغداد: دار الحرية، ١٩٧٧م.

ـ حرب، د. أسامة الغزالين الأحزاب السياسية في العالم الثالث، الكويت: المجلس الوطني الثقافي والفنون والآداب، ١٩٨٧م، سلسلة عالم المعرفة.

ـ حسن، حسن إبراهيم حسن وعلي إبراهيم حسن، النظم الإسلامية، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.

ـ الحكيم، د. سعيد، الرقابة على أعمال الإدارة في الشـريعة الإسـلامية والـنظم المعاصـرة، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٧٦م.

ـ الحلو، ماجد راغب، الاستفتاء الشعبي والشريعة الاسلامية، الكويت: مكتبة المنار الإسلامية، ١٩٨٠م.

ـ الحلو، ماجد، القانون الدستوري، الإسكندرية، مؤسسة شباب الجامعة، ١٩٧٦م.

ـ حماد، أحمد جلالن حرية الرأي في الميدان السياسي في ظل مبدأ المشروعية: بحث مقارن في الديمقراطية الغربية والإسلام، المنصورة: دار الوفاء، ١٩٨٧م.

ـ الجداوي، أحمد، الوجيز في القانون الدولي الخاص، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٧٧م.

ـ خليل، د. محسن، القانون الدستوري والنظم السياسية، القاهرة: جامعة الإسكندرية، ١٩٨٧م.

ـ حجازي، د. عبد الحي، المدخل لدراسة العلوم القانونية، الكويت: جامعة الكويت، ١٩٧٢م.

ـ خلاف، عبد الوهاب، علم أصول الفقه، ط٨، الكويت: دار القلم، ١٩٨٠م.

ـ خلاف، عبد الوهاب، السياسة الشرعية أو نظام الدولة الإسلامية في الشؤون الدستورية والخارجية والمالية، القاهرة: المطبعة السلفية، ١٩٣١م.

ـ حميد الله، محمد، مجموعة الوثائق السياسية لعهد النبوة والخلافة الراشدة، ط٤، بيروت: دار النفائس، ١٩٨٣م.

ـ الخربوطلي، علي حسني، الإسلام والخلافة، بيروت: دار بيروت للطباعة والنشر، ١٩٦٩م.

ـ الخطيب، د. نعمان، الاحزاب السياسية ودورها في انظمة الحكم المعاصرة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ١٩٨٣م.

ـ الخطيب، عبد الكريم، الخلافة والإمامة دراسة مقارنة، ط٢، بيروت: دار المعرفة للطباعة والنشر، ١٩٧٥م.

- الخطيب، زكريا، نظام الشورى في الإسلام ونظم الديمقراطية المعاصرة، القاهرة: مطبعة السعادة، ١٩٨٥م.

- خلاف، عبد الوهاب، السلطات الثلاث في الإسلام، ط١، القاهرة: دار آفاق الغد، ١٩٨٠م.

- دبوس، صلاح الدين، الخليفة توليته وعزله، الإسكندرية، مؤسسة الثقافة الجامعية.

- الدريني، د. فتحي، نظرية التعسف في استعمال الحق في الفقه الإسلامي، ط٤، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٨م.

- الدريني، محمد فتحي، خصائص التشريع الإسلامي في السياسة والحكم، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٢م.

- الدريني، محمد فتحي، الحق ومدى سلطان الدولة في تقييده، دمشق: مطبعة جامعة دمشق، ١٩٧٦م.

- الدريني، محمد فتحي، المناهج الأصولية في الاجتهاد بالرأي في التشريع الإسلامي، دمشق: دار الكتب العربي، ١٩٧٥م.

- الدوري، قحطان، الشورى بين النظرية والتطبيق، بغداد: مطبعة الأمة، ١٩٧٤م.

- دوفرجية، موريسن المؤسسات السياسية والقانون الدستوري، ترجمة د. جورج سعد، ط١، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ١٩٩٢م.

- رباط، د. أدمون، الوسيط في القانون الدستوري العام، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٦٥م.

- رضا، محمد رشيد، الخلافة، القاهرة: الزهراء للإعلام العربي، ١٩٨٨م.

- الريس، د. محمد ضياء الدين، النظريات السياسية الإسلامية، ط٣، القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٦٠م.

- رزاز، محمد سعيد، "البعد الأخلاقي في الإسلام"، مجلة الأمة، ١٤٠٣هـ.

- رياض، د. محمد عبد المنعم، مبادئ القانون الدولي الخاص، ط٢، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية، ١٩٤٣م.

ـ الزحيلي، محمد، اشتراك غير المسلمين في مؤسسات الشورى، الشورى في الإسلام، عمان: المجمع الملكي لبحوث الحضارة الإسلامية، ١٩٨٩م.

ـ الزحيلي، د. وهبة، آثار الحرب في الفقه الاسلامي، بيروت: دار الفكر — بيروت، ١٩٨٣م.

ـ الزرقاء، مصطفى أحمد، المدخل الفقهي العام، ط٩، دمشق: مطابع ألف باء، ١٩٦٨م.

ـ زكي، محمود جمال الدين، مقدمة الدراسات القانونية، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، ط٢، القاهرة، ١٩٦٩م.

ـ زيدان، عبدالكريم، أصول الدعوة، بغداد: دار النذير، ١٩٦٨م.

ـ زيدان، عبدالكريم، أحكام الذميين والمستأمنين، ط٢، بغداد، ١٩٧٦م.

ـ زيدان، عبدالكريم، الوجيز في أصول الفقه، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٨٥م.

ـ السباعي، مصطفى، المرأة بين الفقه والقانونن ط٦، دمشق، المكتب الإسلامي، ١٩٨٤م.

ـ سرور، د. محمد شكري، النظرية العامة للحق، ط١، بيروت: دار الفكر العربي، ١٩٧٩م.

ـ السنهوري، عبد الرزاق، مصادر الحق في الفقه الإسلامي، دراسة مقارنة بالفقه الغربي، القاهرة: معهد البحوث والدراسات العربي، ١٩٨٦م.

ـ سيوفي، د. نعوم، الحقوق الدولية الخاصة، حلب: مديرية الكتب المطبوعات الجامعية، ١٩٦٦ — ١٩٦٧م.

ـ السيد، رضوان، الامة والجماعة والسلطة، بيروت: دار اقرأ، ١٩٨٤م.

ـ الشعر، د. رمزي، النظرية العامة للقانون الدستوري، الكويت: جامعة الكويت، ١٩٧٦م.

ـ الشاوي، د. توفيق، فقه الشورى والاستشارة، ط٢، المنصورة، دار الوفاء للطباعة والنشر، ١٩٩٢م.

ـ شلتوت، محمود، من توجيهات الإسلام، القاهرة: دار القلم، الإسلام عقيدة وشريعة، بيروت: دار الشروق.

ـ شلبي، أحمد، السياسة في الفكر الاسلامي، ط٥، القاهرة، مكتبة النهضة، ١٩٨٣م.

ـ الشواربي، د. عبد الحميد، الحقوق السياسية للمرأة في الإسلام مع المقارنة بالأنظمة الدستورية الحديثة، الإسكندرية: منشأة المعارف، ١٩٨٧م.

ـ الشناوي، فهمي، نحو إسلام سياسي، القاهرة: المختار الإسلامي، ١٩٨٥م.

ـ شيحا، د. إبراهيم عبد العزيز، مبادئ الانظمة السياسية، ط٢، بيروت: الدار الجامعية، ١٩٨٢م.

ـ الشيشاني، د. عبد الوهاب، حقوق الإنسان وحرياته الأساسية في النظام الإسلامي والنظم المعاصرة، ط١، عمان: مطابع الجمعية العلمية الملكية، ١٩٨٠م.

ـ صعب، د. حسن، علم السياسة، الطبعة الأولى، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٦٦م.

ـ الصعيدي، د. حازم عبد المنعال، النظرية الإسلامية في الدولة، ط١، القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧٧م.

ـ طبلية، القطب محمد قطب، النظم الإسلامية، ط١، دار الاتحاد العربي، ١٩٨٢م.

ـ الطماوي، د. سليمان، السلطات الثلاث في الدساتير العربية وفي الفكر السياسي الإسلامي، ط٥، فريدة ومنقمة، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٨٦م.

ـ طلعت، د. شاهيناز، الرأي العام، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٨٦م.

ـ فهمي، د. محمد كمال، أصول القانون الدولي الخاص، الإسكندرية: مؤسسة الثقافة الجامعية، ١٠٨٢م.

ـ كيرة، د. حسن، المدخل إلى القانون، بيروت: مكتبة مكاوي، ١٩٧٧م.

ـ الكيلاني، فاروق، استقلال القضاء، القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧٧م.

ـ القاسم، هشام، المدخل إلى علم القانون، دمشق: المطبعة الجديدة، ١٩٧٥م.

ـ عامر، د. عبد العزيز، المدخل لدراسة القانون المقارن بالفقه الإسلامي، ط٢، ليبيا، ١٩٧٧م.

ـ العبادي، عبد السلام، الملكية في الشريعة الإسلامية: طبيعتها ووظيفتها، دراسة مقارنة بالقوانين والنظم الوضعية، عمان: مكتبة الأقصى، ١٩٧٤م.

ـ عبد الخالق، عبد الغني، حجية السنة، ط١، واشنطن: المعهد العالمي للفكر الإسلامي.

ـ عبد اللطيف، د. حسن صبحي، الدولة الاسلامية وسلطتها التشريعية، الإسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة.

ـ عبد الله، عبد الحكيم حسن، الحريات العامة في الفكر والنظام السياسي في الإسلام: دراسة مقارنة، القاهرة: دار الإتحاد العربي للطباعة، ١٩٧٤م، رسالة دكتوراه، جامعة عين شمس.

ـ عثمان، محمد رأفت، رياسة الدولة في الفقه الاسلامي، القاهرة: دار الكتاب العربي، ١٩٧٥م.

ـ عثمان، محمد فتحي، من أصول الفكر السياسي الإسلامي، ط٢، بيروت: مؤرسسة الرسالة، ١٩٨٤م.

ـ عجيلة، د. عاصم، د. محمد رفعت عبد الوهاب، النظم السياسية، ط٥، القاهرة: دار الطباعة الحديثة، ١٩٩٢م.

ـ عجيلة، د. عاصم، د. محمد رفعت عبد الوهاب، النظم السياسية، ط٥، القاهرة: دار الطباعة الحديثة، ١٩٩٢م.

ـ العطار، د. عبد الناصر توفيق، مدخل لدراسة القانون، القاهرة: مطبعة السعادة.

ـ عطية، جمال الدين، "الواجبات في الإسلام"، مجلة جولية كلية الشريعة – جامعة قطر، عدد: ٦، ١٩٨٨م، ص (١٣١ – ١٧٢).

ـ عطية، جمال الدين، "حقوق الانسان في الاسلام"، مجلة حولية كلية الشريعة – جامعة قطر، عدد: ٥، ص١١٢، ١٩٨٧م.

ـ عطية، د. نعيم، النظريات العامة للحقوق الفردية، القاهرة: الدار القومية، ١٩٦٥م.

ـ العلواني، طه جابر، أدب الاختلاف في الاسلام (قضايا الفكر الإسلامي)، ط٣، الرياض: الدار العالمي للكتاب الإسلامي، ١٩٩١م.

ـ علي، عبد الجليل محمد، مبدأ المشروعية في النظام الإسلامي والانظمة القانونية المعاصرة، ط٤، القاهرة: عالم الكتب، ١٩٨٤م.

ـ ربيع، د. منيب، ضمانات الحرية في مواجهات سلطات الضبط الإداري، رسالة دكتوراه، جامعة عين شمس، إشراف سليمان الطماوي، (د. م، د. ن)، ١٩٨١م.

ـ صادق، د. هشام، الجنسية والموطن ومراكز الأجانب، الإسكندرية: منشأة المعارف.

ـ العوا، محمد سليم، النظام السياسي للدولة الإسلامية، ط٧، القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٩م.

ـ عودة، عبد القادر، الإسلام وأوضاعنا القانونية، القاهرة: دار الكتاب العربي، ١٩٥١م.

ـ عودة، عبد القادر، الإسلام وأوضاعنا السياسية، بيروت، مطبعة معتوق وإخوانه، ١٩٦٧م.

ــ عودة، عبد القادر، التشريع الجنائي الإسلامي مقارنا بالقانون الوصفي، بيروت: مؤسسة الرسالة.

ــ غازي، د. محمد أحمد، مؤسسة أهل الحل والعقد في الفكر السياسي والدستور الاسلامي، عمان: المجمع الملكي لبحوث الحضارة الإسلامية، ١٩٨٩م، ٣ أجزاء.

ـ غالي، د. كمال، مبادئ القانون الدستوري والنظم السياسية، ط٤، دمشق: المطبعة الجديدة، ١٩٧٥م.

ــ غزال، د. إسماعيل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ط١، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ١٩٨٢م.

ـ الغزوي، د. محمد سليم، التنظيم السياسي والدستوري للمملكة الأردنية الهاشمية، عمان: الجامعة الأردنية، ١٩٨٥م.

ـ الغنوشي، راشد، الحريات العامة في الدولة الاسلامية، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٣م.

ـ الفار، د. عبدالواحد، حقوق الإنسان، ط٥، القاهرة: مكتبة نهضة مصر، ١٩٧٩م.

ـ فهمي، د. مصطفى، أبو زيد، مبادئ الأنظمة السياسية، ط١، الإسكندرية: منشأة المعارف، ١٩٨٤م.

ـ قادري، عبد الله أحمد، الشورى، بيروت: دار المجتمع، ١٩٨٦م.

ـ القاسمي، ظافر، الجهاد والحقوق الدولية في الإسلام، ط١، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٨٢م.

ـ قانون الانتخابيات لمجلس النواب الأردني، رقم ٢٢، لسنة ١٩٨٦م.

ـ قلعة جى، محمد رواسي، موسوعة فقه عمر بن الخطاب، ٢، الكويت: مكتبة الفلاح، ١٩٨٤م.

ـ كمال، أحمد عادل، الطريق إلى المدائن ط٣، بيروت: دار النفائس، ١٩٧٧م.

ـ كمال، د. نبيلة عبدالحليم، الأحزاب السياسية في العالم المعاصر، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٧٧م.

ـ كشاكش، كريم أحمد، الحريات العامة في الأنظمة السياسية المعاصرة، الإسكندرية: منشاة المعارف، ١٩٨٧م.

ـ ليلة، د. محمد كامل، النظم السياسية: الدولة والحكومة، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٥٤م.

ـ محفوظ، عبد المنعم، علاقة الفرد بالسلطة، ط١، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٨٤م.

ـ محمصاني، صبحي، أركان حقوق الإنسان، ط١، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٧٩م.

ـ متولي، عبد الحميد، مبادئ نظام الحكم في الإسلام، ط١، الإسكندرية: منشأة المعارف، ١٩٧٤م.

ـ متولي، د. عبدالحميد، الحرية العامة، الإسكندرية: منشأة المعارف.

ـ متولي، د. عبد الحميد، الأنظمة السياسية، القاهرة: دار المعارف، ١٩٥٧م.

ـ مكاوي، د. جيهان، حرية الفرد وحرية الصحافة، دراسة مقارنة، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١م.

ـ مدكور، محمد سلام، معالم الدولة الاسلامية، ط١، الكويت: مكتبة الفلاح، ١٩٨٣م.

ـ مدكور، محمد سلام، معالم الدولة الاسلامية، الكويت: مكتبة الفلاح، ١٩٨٣م.

ـ مصطفى حلمي، نظام الخلافة بين أهل السنة وأهل الشيعة، الإسكندرية: دار الدعوة، ١٩٨٨م.

ـ المودودي، أبو الأعلى، نظرية الاسلام وهديه في السياسة والقانون، جدة: الدار السعودية للنشر والتوزيع، ١٩٨٧٥م.

ـ المودودي، أبو الأعلى، نظرية الاسلام السياسية، الهند: دار العروبة للدعوة الإسلامية.

ـ المودودي، أبو الأعلى، نحو الدستور الإسلامي، معرب عن الأوروبية، القاهرة: المطبعة السلفية، ١٩٥٣م.

ـ موسى، محمد يوسف، نظام الحكم في الإسلام، ط٢، القاهرة: دار المعرفة، ١٩٦٤م.

ـ المومني، أحمد سعيد، قضاء المظالم (القضاء الإداري الإسلامي)، ط١، عمان، جمعية عمال المطابع التعاونية، ١٩٩١م.

ـ مسلم، أحمد، القانون الدولي الخاص، ط٢، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية، ١٩٥٥م.

ـ النظام الأساسي للمنظمة العالمية لحقوق الإنسان، الخرطوم، ١٩٩٣م.

ـ هيكل، السيد هيكل، الأحزاب السياسية، أسيوط: مكتبة الطليعة.

ـ هوريو، د. أندرية هوريو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، بيروت: الأهلية للنشر والتوزيع، ١٩٧٤م.

ـ وجدي، محمد فريد، دائرة المعارف، ط١، القاهرة: مطبعة دائرة المعارف، ١٩٢٣م.

ـ الوكيل، د. شمس الدين، دروس في القانون، الإسكندرية: منشاة المعارف، ١٩٦٦م.

ـ وصفي، مصطفى كمال، النظم الإسلامية الأساسية، القاهرة: عالم الكتب.

ـ وصفي، مصطفى كمال، النظام الدستوري في الإسلام، مصنفة النظم الإسلامية، ط١، القاهرة، مكتبة وهبة، ١٩٧٧م.

# پە یمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک ـ ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

ـ فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

ـ گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

ـ چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

ـ بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

ـ هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

ـ ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.